# دەفتەرەکەی رۆمل



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دەفتەرەکەی رۆمل

کۆکردنەوە و دارِشتنی:

**لیدلّ هارت**

وەرگێڕان و پێشکەشکردنی:

**محەمەد مەسعود محەمەد**



خەندە گەشەکەی کاک سەردار میران رێگای رۆشنبیرانی گەش دەکرد. گومانم نییە کە ئێستا هەمان خەندە بەهەشتی گەشاندووەتەوە. گیانت شاد کاک سەردار ئەم کتێبە پێشکەش بێت بە گیانی پاکت.

ناوی کتێب: دەفتەرەکەی رۆمل
نووسینی: ئەروین رۆمل، فریتز بایەرلاین، مانفرێد ئەروین رۆمل
کۆکردنەوە و دارِشتنی: لیدلّ هارت
وەرگێڕان و پێشکەشکردنی: محەمەد مەسعود محەمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦١٥
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٨٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

بەقەڵەمی لیدڵ هارت

شاکارە سەربازییەکانی ڕۆمل لە کاتی خۆیاندا جیهانیان هەژاند، بەڵام ئەمڕۆ قەڵەمی ڕۆمل جێ دەستەکەی قوولتر دەکەن چونکە وا زۆربەی نووسینەکانی دۆزرانەوە و لە پەناگەکان هاتنە دەر.

هیچ فەرماندەیەکی سەربازی لە جیهاندا وەکو ڕۆمل دەستی نووسینی نەبووە و هەندە بە وردی جموجۆڵی پانزەرەکانی تۆمار نەکردووە. کە چاو بە دەفتەرەکانیدا دەخشێنین، پیاو تەزووی کارەبای پێدا دێت کە دەبینێ چ هەست و توانایەکی هەبووە بۆ بڕیاری کتوپڕ. هەروەها هیچیان هەندە وێنەی زیندووی کۆنەکردۆتەوە و هەندە نەخشەی نەکێشاوە بۆ مەیدانەکانی شەڕ.

فەرماندە مەزنەکانی جەنگ لە نووسیندا کەڵکێکی ئەوتۆیان نەبووە، شێوازیان تەڵخ بووە و لە خوێنەریان نەگەیاندووە لەبەر چی فلان بڕیارانەیان داوە. ڕەنگە ناپۆلیۆن هەندێک جودا بێت چونکە توانای نووسینی هەبووە بەڵام ناپۆلیۆن، بە چەشنی یۆلیۆس قەیسەر، مەیلی نێو دڵی خۆی بەسەر ڕاستییەکاندا زاڵ دەکرد و هەندێک ڕاستییەکانی دەشێواندن. کەچی نووسینەکانی ڕۆمل، بەچەشنی وێنەکانی خۆی، ئەوها پوخت و ڕاست بوون.

ڕۆملی نووسەر وەکو هەر مرۆڤێک کە کاری لە مێژوو کردبێت حەزی کردووە جێ دەستی خۆی دیار بخات. جا پاساوێکی زۆر بۆ بڕیار و هەڵوێستەکانی خۆی دەدۆزێتەوە بەڵام مەراقی سەرەکی، مەراقە ئاگرینەکەی نێو دڵی ڕۆمل، خۆ وەدەرخستن نەبووە بەڵکو بریتی بووە لە دیارخستنی ئەزموونەکانی ئەو جەنگە بۆ ئەوەی بکرێن بە وانەیەک بۆ تێگەیاندنی هونەری جەنگ.. ڕۆمل لێرە و لەوێ وردە هەڵەی کردووە. هەروەها هەندێک بۆچوونی سیاسی و مەیلی نەتەوایەتیی هەیە کە گومانی نییە پیاوی سوپاپەروەری وەکو خۆی هەیانە. بەڵام بە بەراوردی لەگەڵ



فەرماندەکانی دیکە و بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانەی کە لە دوای جەنگ ئاشکرا بوون، نووسینەکانی ڕۆمل زۆر لە ڕاستی نزیک بوون.

ڕۆمل ڕەوشتێکی هەبووە لە پێشڕەویی کردنی زۆر خێرا و زۆر دوورهاوێژ. بەڵام لە هەمان کاتدا توانایەکی سەیری دیار خستووە کە لەمیانی ئەو هەموو شەڕانەی تانک و زرێپۆشدا سەرژمێر بۆ هێز و بۆ زیانەکانی لەشکری خۆی و لەشکری دوژمن بکات.

مەیلی ڕۆمل بۆ شیتەڵکردنی ڕاستییەکان و بۆ گرتنی وێنە بە ڕەوشتی لۆرەنس[١] دەچێت کە لە جەنگی یەکەمدا لە عەرەبستان ناوی دەرکرد. ئەگەرچی هەر یەک لەمانە لە مەیدانێکی جودا و لە سەردەمێکی جودا کاریان کردووە بەڵام هەردووک ناویان بە مامۆستای جەنگی بیابان ڕۆیشتووە و هەردووک زۆر وردبین بوون. هەستێکی زگماکییان هەبووە بۆ تێگەیشتنی کات و شوێنی هەموو بەسەرهاتێک و بۆ توانای پڕدان (مفاجئة، Surprise) و بۆ نواندنی باشترین شێوازی ڕابەرایەتی و بۆ وەبەرهێنانی بچووکترین دەرفەت لە ڕووی دوژمنەکانی خۆیاندا.. پێکچوونێکی تر هەیە لەنێوان لۆرەنس و ڕۆملدا، ئەوەیە کە هەردووک نرخی جەنگی مۆبایل و مەکینەدارییان زانیوە. لۆرەنس ناوی بەوە دەرکرد کە لەگەڵ هێزێکی عەرەب بە سواری حوشتر بیابانی زۆر گەورەی بڕیوە و مەیدانی جەنگی گوێستۆتەوە ناوچەی زۆر دوور و بە فەریکە لەشکرێکی زۆر بچووک توانیویەتی زەبری قورس لە دوژمنەکانی بوەشێنێت. بەڵام ئەگەر لۆرەنس ئاگای لە جموجۆڵی ڕۆمل دەبوو، وابزانم شاگەشکەی ئەو تاکتیکە شۆڕشگێڕانە دەبوو کە ڕۆمل لە بیاباندا پێڕەوی کردن.

ڕۆمل پێش ئەوەی لە مەیدانی شەڕدا ناوبانگ دەر بکات، پێشتر لە مەیدانی نووسیندا خۆی سەلماندبوو کەوا وەکو ئەفسەرێکی گەنج ئەزموونەکانی خۆی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە کتێبێک تۆمار کرد دەربارەی شەڕی پیادە. ئێمە وەک دەزانین زۆربەی ئەو کتێبانەی کە باسی تاکتیکی شەڕ دەکەن کتێبی ئێسکگران و

(١) لۆرەنسی عەرەب ئەفسەرێکی بەریتانی بوو لە حیجاز بوو بە هاوڕێی میر فەیسەڵ ئەوەی کە دواتر بوو بە شا فەیصەڵی عێراق. یارمەتی عەرەبەکانی دا کە شۆڕش بکەن دژی عوسمانییەکان. م. م. م.

قورسن بەڵام ڕۆمل چێژێکی تایبەتی پێ بەخشی. ئینجا لە جەنگی دووەمدا کە شەڕەکان مۆبایڵتر بوون، ڕۆمل خۆی وەکو نووسەرێکی بەتوانا دیار خست.

وەک چۆن کە بە زگماکی جەنگاوەر بووە، ڕۆمل بە زگماکی نووسەریش بووە. وەک چۆن لە مەیدانی شەڕدا پلانی دادەڕشت، ئەوهاش بۆچوون و بەسەرهاتەکانی لەسەر کاغەز دادەڕشت. بەدرێژایی جەنگ بیری لەوە کردۆتەوە کتێبێک بنووسێت و هەمیشە تێبینی و تێگەیشتەکانی خۆی گەڵاڵە کردووە. ئیتر مەرگی ڕۆمل، کە بە فەرمانی هیتلەر بوو، ئەگەرچی دەرفەتی پێ نەدا کتێبەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە. بەڵام گەنجینەیەکی گەورەی بەجێهێشت کەوا لە زۆر کتێبی هەمەجۆر بەنرخترە.. بەڵێ ڕاستە کە لە نووسیندا توانای ڕازاندنەوە و ترش و خوێی نییە بەڵام زانیاری و تێبینییە ڕۆنەکانی ڕۆمل خوێنەران دەهەژێنێت. بۆنموونە بەشێکی نووسیوە بە ناوی (یاساکانی جەنگ لە بیاباندا) ئەمە لە بواری سەربازیدا شاکارێکی سەربەخۆیە.

نووسینەکانی ڕۆمل پڕن لە دیار خستنی گرینگی پەلە کردن لە جووڵە و لە زەبر وەشاندندا، دەربارەی خۆگونجاندن، دەربارەی بایەخدان بە پڕدان و بە دەستپێشخەری، کەی ئازا بین و کەی وریا بین؟ هێزەکان چۆن و لە کوێ کۆبکەینەوە؟ دەربارەی ئەوەی کە پابەندی یەک ڕێباز نەبین و چۆن ڕێبازی نەوژەن پێڕەو بکەین، دەربارەی بەرەنگارییەکی نا ڕاستەوخۆ بۆ هێرشی دوژمن، باڵادەستیی دوژمن لە ئاسماندا چۆن ناچارت دەکا شێواز و ڕێبازەکانت بگۆڕی؟ هتد.

من لە کاتی خۆیدا تەنیا ئەوەم دەزانی کە ڕۆمل جەنگاوەرێکی ناودار و فەرماندەیەکی بلیمەت بووە و بەس، تا چاوم بە نووسینەکانیدا خشاند، ئەوجار تێگەیشتم چ زانیارییەکی بەرفراوانی هەبووە دەربارەی ڕێبازە ستراتیجییەکانی نێودەوڵەتی؟ مایەی سەرسوڕمان بوو کە ببینم (هێرشبەرێکی تیژڕۆ) ی وەکو ڕۆمل سیاسەتی نێو دەوڵەتیی ڕەچاو کردبێت.

ڕەخنە لە ڕۆمل گیراوە کەوا زۆر جار سنووری زۆر دووری بەزاندووە و خۆی لە شەڕی زۆر ئاڵۆز داوە، بەڵام کەس ناتوانێ بڵێ هێرشەکانی بە سەرگەرمی و بە بەرەڵڵایی دەکران وەکو قومارێکی هات و نەهات. نەخێر، هەندێک جار هێرشی کردووە کە خۆوبەخت بەباشی پێڕو نەکراون و ئەنجامی خراپیان لەسەر لەشکرەکەی داوەتەوە. بەڵام کە لە ڕوانگەی ڕاستەوە سەیریان بکەین، دەبینین ئەگەر پلانەکان



وەکو پێویست جێبەجێ کرابان ڕەنگبوو بکێشنەوە بۆ سەرکەوتنی یەکجار گەورە، ئەگەر نەڵێم وێرانکردنێکی یەکجارەکی بۆ هێزی دوژمن. سەرباری ئەمەش، کە هێرشێک لە هێرشەکان نشوستی هێناوە، هەرنەبێ توانیویەتی ورەی دوژمن دابەزێنێت و ئینجا بە ساغی کشاوەتەوە.

پێوەر بۆ نرخاندنی هەر فەرماندەیەک ئەوەیە کە بزانین دوژمنەکانی چۆن ئەویان هەڵسەنگاندووە. ڕۆمل لەم بوارەدا پلەی هەرە بەرزی وەدەست هێناوە، مەگەر تەنیا ناپۆلیۆن توانیبێتی سەرنجی دوژمنی خۆی بەو جۆرە ڕابکێشێت. بەڵام ئەو وەکو ڕۆمل نەبوو کە تەنیا لە مەیدانی شەڕدا بیکات، بەڵکو لە مەیدانی دیکەدا کردوویەتی. دەنا سەبارەت بە ڕۆمل، لەوە تێپەڕی کە ببێتە دێوێک دوژمنەکانی لێی بترسن و بەس، بەڵکو وای لێ هات کە دوژمنەکانی ڕێزی لێ بگرن و تەنانەت هۆگری بن. هەروەها ئەگەرچی شەڕکەرێکی دڕ و ترسناک بووە بەڵام سەربازێکی ڕەسەنیش بووە و ڕەفتاری مرۆڤانەی لەگەڵ هەزاران ئەسیری خۆی دەکرد.

ناوی ڕۆمل لەنێو دوژمنە بەریتانییەکانیدا وەکو پاڵەوانێکی ئەفسانەیی خۆشەویستی لێ هات، بۆنموونە کە بەریتانییەکان باسی چاکە و پیاوەتییان دەکرد بەکتریان دەگوت "کارێکی ڕۆملانە بکە". ئەم سام و تەلەسمە فەرماندە بەرزەکانی بەریتانیای ناچار کرد کارێک بکەن بۆ وەستاندنی تینی "ئەفسانەی ڕۆمل" لەسەر ورەی لەشکری خۆیان. ئەوان هەوڵیان نەدا ناوی ڕۆمل بە چەواشەیی سووک بکەن بەڵکو بڕیاریان دا کە دەبێ بیبەزێنن. جا ئەو کاتەی کە لەشکرە بچووکەکەی ڕۆمل بەزی، دوژمنەکانی هەناسەیان هاتەوە و ئەوپەڕی سوودی واتاییان لێ وەرگرت و کەم کەس بەراوردی لەنێوان لەشکرە دەستبەستراوەکەی ڕۆمل و لەشکری دوژمنەکانی کرد. بەڵام مێژوو ڕەوشتێکی هەیە کە سەرکەوتوویەکی فشۆڵ ناتوانێ زۆر بە خۆیەوە بنازێت چونکە بەرە بەرە ڕاستی ڕۆن دەبنەوە و بەراوردیی و هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە دێنە ئارا. مێژوو دەڵێ هانیباڵ و ناپۆلیۆن و لی(*) ئەمانە لە جەنگدا دۆڕان، واش هەر لەچاو دوژمنە سەرکەوتووەکانی خۆیاندا پایەیەکی زۆر

(*) م. م .م.: جەنەراڵ ڕۆبەرت لی سەرلەشکرێکی ئەمریکی بوو لە جەنگی ناوەخۆی ئەمریکادا ناوبانگی دەرکرد.

گەورەتریان داگیر کرد.

که حوکمی مێژوویی لەسەر کەسێک بدرێت پێویستە تێکڕای پانایەکان ڕەچاو بکرێن. ڕۆمل بە هێزێکی بچووکەوە و بە جبەخانەیەکی کەمەوە و بەبێ پشتیوانی ئاسمانی سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کردووە کە هیچ کام لە فەرماندەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەوهایان پێ نەکراوە.

ڕۆمل فەرماندەیەکی بێ عەیب نەبووە و کۆمەڵێک بڕیاری داوە کە دەیتوانی تووشیان نەبێت. واش هەر، لە کاتێکدا کە بەرانبەر دوژمنێکی لە خۆت گەورەتر دەجەنگی کە ڕەنگە یەک هەڵە کۆتایی بە تۆ بێنێت، پەلەی ڕۆمل و خێرایی بڕیارەکانی مایەی ڕزگارکردنی دەبوون، ئەم شتە قسەکەی ناپۆلیۆن بە ڕاست دەردەچوێنێ کە گوتوویەتی "جەنەراڵی مەزن ئەو کەسەیە کە کەمترین هەڵەی هەبێت" بەڵام ئەگەر بێتو قسەکەی ناپۆلیۆن بگۆڕین و بڵێین "جەنەراڵی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دوژمنی خۆی تووشی بڕیاری چەوت دەکات" ئەوسا ناوی ڕۆمل درەوشاوەتریش دەبێت.

باشترین ڕێگا بۆ هەڵسەنگاندنی فەرماندە ناودارەکان ئەوەیە کە بزانین چۆن تەکنیکی خۆیان، بەگوێرەی پێویست، گۆڕیوە و چۆن ئەو بڕە هێزانەی بەر دەستیان بە مڕوونەت بزواندووە و پڕیان داوەتە دوژمن بۆ ئەوەی سەریان بشێوێنن و تەرازووی هێزەکان سەراوژێر بکەن. لەم بوارەدا نرخی نووسینەکانیی ڕۆمل دیار دەکەوێ کەوا بەبێ دەسکاری ئەوها ماونەوە و دیاری دەخەن کە لە گەرمەی شەڕدا ڕۆمل چۆن بیری کردۆتەوە. ئێمە نابێ تەنیا سەیری ئەوە بکەین کە ڕۆمل چی دەکرد بەڵکو چۆن بیری دەکردەوە و چ نیازێکی هەبووە؟ ئەوسا نرخاندنێکی گەورەتریشی بۆ دادەنێین. ڕۆمل نەیدەزانی ڕۆژێک دادێت لە دەرەوەی ئەڵمانیا مشتومڕی لەسەر دەکرێ کە ئایا چی کرد و بۆچی وابوو؟. نووسینەکانی و بەتایبەتیش نامەکانی بۆ خێزانەکەی یەکجار ڕاستگۆ و بێ پێچ و پەنان.

ڕەنگە خوێنەر تووشی هەندێک لێڵی بێت بەرانبەر کەسایەتیی خودی ڕۆمل کە ئایا پیاوێکی چۆن بووە؟ ڕۆمل، بێ لەو هێز و توانایە سەربازییانە، پیاوێکی نەرم و مرۆڤانە بووە. تەنانەت وەکو فەرمانده‌یەکی پێگەیشتوو هەست بە جۆرێک گەنجایەتی



لێ دەکەین بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی جەنگەکەدا نامەکانی بۆ ژنەکەی وا دیار دەخەن کە ڕۆمل بەجۆرێک سەیری جەنگی کردووە وەکو گەمەیەکی زۆر گەورە. ڕۆمل خولیای گەمەکە بووە و لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتی خۆیدا هەموو تواناکانی خۆی بەگەڕ هێناوە. ئەم ڕەوشتەی ڕۆملیش تا قۆناغە هەرە درەنگەکانی ژیانی لەگەڵی مایەوە کە باوەڕی وابوو دەبێ سەرباز هەموو تواناکانی بۆ سوپا تەرخان بکات.

وەکو هەر جەنگاوەرێک، ڕۆمل ڕای لە کەسانێک نەبوو کە بۆچوونێکی جودایان هەبووبێت، هەر وەکو ڕەخنە لە هالدەر و کێسەلرینگ دەگرێت، کە بەڕاستیش ئەوانە هەڵوێستی نابەجێیان هەبووە. بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە لە قۆناغە درەنگەکانی جەنگی ئەفریقیادا ڕۆمل نەخۆش ببوو، ئیتر نەخۆشی ڕەنگدانەوەیەکی تاڵ لەسەر دەروونی هەر نووسەرێک دەداتەوە. واش هەر تەوس و کینەی نەبوو و هەمیشە توانای خۆ هێمن کردنەوەی هەبووە و، ئینجا لە شێنەییدا حوکمی ڕاستڕەوانەی داوە. ئەم ڕاستییە لە بەشی کۆتاییدا دیار دەبێت کە چۆن کیسلرینگ بە چاکە باس دەکاتەوە. هەر کێسلرینگ نییە بەڵکو لایەنە باشەکانی فەرەنسی و بەریتانی و ئەمەریکییەکانیش دیار دەخات کە دوژمنی بوون، کەواتە خۆی لە ڕقهەڵگرتن و ئەم جۆرە شتانە بەرزتر ڕاگرتووە.

ئەو لایەنگرتنە دووروودرێژەی ڕۆمل بۆ " فووڕەر"[(*)] شتێکە بە ئاسانی تێی ناگەین بەتایبەتی کەسانێکی کە شارەزاییان لە ڕەوشتی سەربازی نەبێت، بەتایبەتیش عەقڵ و پەروەردەی سوپای ئەڵمانی کە ئەفسەر و سەرباز لەوێدا فێری پابەندییەکی یەکجار توند دەکرێن.. شتێکی ئاشکرایە چۆن چالاکی و ڕەوشتە گورجەکەی ڕۆمل سەرنجی هیتلەریان ڕاکێشا و وایان کرد نزیکی بخاتەوە. دواتریش کە هیتلەر وەکو کوتەکێک لەسەر سەری دەوەستا و ڕێگەی بڕیار و جووڵەی لێ دەگرت، ئەمانە مەیلێکی جودایان لە ڕۆمل بووژاندەوە.

هەڵوێستی ڕۆمل تا ماوەیەکی درێژ لە شێوازی سەربازی ڕەسەن مایەوە بەڵام ئەو

(*) م. م. م: "فووڕەر" ناوی فەرمی هیتلەر بووە. شایانی گوتنە کە نووسەرە عەرەبەکان نووسیویانە فوهرەر بەڵام لە ڕاسیتدا بە فووڕەر یان فیووڕەر دەخوێندرێتەرە.

گرفتە گەورانەی جەنگی ئەفریقیا و ئەو باڵادەستییە گەورەی چەک و لەشکری هاوپەیمانەکان کاری خۆیان لێ کرد. ئینجا کە گەڕایەوە بۆ ئەورووپا و لە نزیکەوە هیتلەری ناسی، ئەوسا بەیەکجاری گۆڕا.. لە نووسینەکانیدا نەوێراوە باسی گۆڕانکاریی سیاسی بکات. بەڵام مانفرێد، کوڕەکەی ڕۆمل کە لە هەموو کەسێک لێی نزیکتر بووە، لە میانی کتێبەکەدا هەندێک تیشک دەخاتە سەر بۆچوونەکانی دواڕۆژەکانی ڕۆمل، ئەو بیر و ڕایانەی کە ژیانی خۆی لەسەر دانان.

بە هەر حاڵ، ڕایەکانی ڕۆمل بەرانبەر لەشکری بەریتانی، کە دوژمنی بوون، هەڵوێستی ڕاست و چەوتی فەرماندە بەریتانییەکانیش دیار دەخات و دەیسەلمێنن کە ئەو ترسەی بەریتانییەکان بەرانبەر ڕۆمل لە هیچەوە نەبووە و کەوا "ئەفسانەکەی ڕۆمل" ڕاستە نەک درۆ. بەڵێ جارەهای جار لە کوشتن و گرتن ڕزگار بووە، بەڵام ڕۆمل لەچاو فەرماندەکانی دیکەی هەندە پشتی بە بەخت نەبەستووە. بەڵکو سەرکەوتن و شاکارە جەنگییەکانی وی هەموو بەهۆی ڕەنج و بلیمەتیی خۆیەوە بوونە.

ئێمە لێرەدا ژیاننامەی ڕۆمل ناگێڕینەوە چونکە لە کتێبەکەی (دایمۆند یەنگز ) دا بە پوختی باس کراوە. بەڵام لێرەدا دەشێ تیشک بخرێتە سەر چۆنێتی ڕابەرایەتی و هەڵسووڕاندنی ڕۆمل بۆ مەیدانەکانی جەنگ.. زۆربەی ئەو فەرماندە مەزنانەی مەیدانی جەنگ بە شێوازێکی زیرەکانە، بەڵام ئاسایی، تاکتیکی سەردەمی خۆیان بەکار هێناوە و کەمیان خەریک بوونە ڕێبازی نۆژەن پێڕەو بکەن. لەمێژووی جەنگدا بیر و بۆچوون زۆرن بەڵام فەرماندەی بلیمەت کەمن. واتە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان بلیمەتی نەزەری و بلیمەتی عەمەلی، تەنیا لە حاڵەتی ڕۆمل نەبێت کەوا هەردووک لایەن تێکەڵ دەبنەوە.

بەریتانییەکان پێش ڕۆمل بیردۆزی نوێیان لەسەر کاغەز دانابوو بۆ جەنگی مۆبایڵ. کەچی کە ڕۆمل هات و فەرماندەیی تیپێکی زرێپۆشی گرتە دەست، ئەو ماوەی کە پێویستی بوو تا فێری ئەو بیردۆزانە بێت ماوەیەکی یەکجار کورت بوو. ڕۆمل، وەکو گودەریان، لە شوباتی ١٩٤٠ فەرماندەیی تیپی ٧ی پانزەری پێ سپێردرا، واتە ماوەی سێ هەیڤ کەمتری هەبوو تا بیردۆزەکانی شەڕە تانک و



جەنگی مۆبایڵ فێر بێت پێش ئەوەی تووشی هەڵمەتە مەزنەکەی فەرەنسا بێت. واش هەر بلیمەتی ڕۆمل کێشایەوە سەر وێرانکردنی لەشکرە فەرەنسییەکان و هەرەسهێنانی تێکڕای فەرەنسا بەماوەی چەند هەفتەیەک. ئەو ئەزموونە ڕێگەی بۆ خۆش کرد کە بیردۆزەکانی خۆی لە ئەفریقیا بخاتە کار. لەوێدا خاڵێکی زێدەش بەلای ڕۆملدا بوو، ئەم خاڵە بریتی بوو لە ئازادی بڕیاردان بەبێ ئەوەی کەس خۆی تێ هەڵقورتێنێت. بۆ نموونە جەنەراڵ گودەریان لە ئەورووپا مایەوە و هەرگیز نەیتوانی کە بەئارەزووی خۆی دەست بوەشێنێت. ئیتر ڕۆمل لە ئەفریقیا توانی سەرتاسەری بنەماکانی شەڕی مۆبایڵ پێشان بدات، هەر لە هێرشە برووسکەییەکان تا جۆرەها فێڵ و تاکتیک و چەواشە کردنی دوژمن، تا پێشخەری و پاشخەری و هێرش و بەرگری و تا هەموو تەکنیکێک.

جاران مەیدانی شەڕ، تەنانەت مەیدانەکانی جەنگێکی سەرلەبەر، بچووک بوون بای ئەوەی کە هەر جەنەراڵێک و چاوێکی پێدا بخشێنێت و بەگوێرەی هەستی زگماکیی خۆی زوو تێی بگات. بەڵام ئێستا سکێڵی مەیدانەکانی جەنگ زۆر گەورەتر بوونە و مەودای چەکەکانیش زۆر درێژتریان لێ هاتووە ئیتر پێویست بە هەست و تێگەیشتنێکی یەکجار بەرفراوانتر دەکەن. جا ئەم هەستە زگماکییەی کە ڕۆمل هەیبوو زۆر لە ڕاددەی ئاسایی گەورەتر بوو بەتایبەتیش لە ئەفریقیا کە شەڕ لە مەیدانی زۆر بەرفراواندا ڕووی دەدا.. هەروەها، ئەو خاڵەی کە ویلینگتۆن (ئەو سەرلەشکرە ئینگلیزەی کە لە ١٨١٥ ناپۆلیۆنی بەزاند. م م م) باسی دەکات سەبارەت بە توانای قەدبڕینی دوژمن و (دیتنی ئەودیوی گردەکان) واتە چۆن بتوانی لە حاڵەتی دەروونی دوژمنی خۆت بگەی؟، سەبارەت بە ڕۆمل، کە نووسینەکانی دەخوێنینەوە ئەوسا دەزانین چۆن دەروونی دوژمنی خۆی شیتەڵ کردۆتەوە.

شارەزایی ڕۆمل لە بواری دەروونزانیدا لەوەدا دیارە کە چۆن زەبری کتوپڕی دەوەشاند و لە کات و شوێنێکی ئەوهادا پڕی دەدایە دوژمن کەس بە خەیاڵیدا نەدەهات، ئیتر توانای بیرکردنەوەی لێیان دەبڕی. گومانیش نییە کە ئەم جۆرە جموجۆڵانە پێویست بە هەستیارییەکی باش دەکەن بەرانبەر بە کاتاندن و ماوە دانانێکی زۆر ورد و پوخت بۆ چالاکییەکانی لەشکری خۆی. هاوتا لەگەڵ ئەمە، ڕۆمل

هەمیشە ویستوویەتی کە هەموو کارێک بەوپەڕی خێرایییەوە ئەنجام بدرێت. خێرایی و پڕدان (مفاجئە)، ئەم دوو خاڵە لەلای ڕۆمل ئەگەر پێکەوە دابین کرابان ئەوسا، وەکو ڕۆمل دەڵێ، توانی ئەنگاوتنی زەبر (Hit) پەیدا دەکەن.

لەم بوارەدا مەگەر گودەریان ئەو توانایەی ڕۆملی هەبووبێت. هەروەها دواتر لە قۆناغە درەنگەکانی جەنگی جیهانیدا پاتۆن و ماتۆفیلڵ هەندێک جموجۆڵی هەمەجۆریان پێڕەو کرد بەڵام نەگەیشتنەوە ڕاددەی ڕۆمل. لە مێژووی کۆنتردا سایدلیتز و ناپۆلیۆن و بێدفۆرد فۆستەر ناوبانگیان بەوە دەرکردەوە کە هەڵمەتی زۆر خێرا و بێ چەشنیان کردووە. هەروەها سەرکردە مەزنەکانی مەغۆل وەکو جەنگیزخان و سابووتای ئەوانیش لە هەڵمەتی خێرا و دوورهاوێژدا بێ چەشن بوونە. بەڵام ڕاز و نهێنییەکانی گرینگی تێکەڵکردنی ئەم دوو خاڵە (پڕدانی خێرا و چاوەڕوان نەکراو) ئەگەر لە نووسینێکدا دیار خرابن ئەوا لە دەفتەری ڕۆملدا دیار خراون.

فەرماندەیەک ئەگەر بیەوێ ترازووی دوژمن تێک بدا، پێش هەموو شتێک دەبێ تەرازوو و هۆشی خۆی تێک نەدات. ڤۆلتێر باسی سەرکەوتنی مارلبرۆ دەکا دەڵێ "ئەو ئازایەتییەی کاتی تەنگانە، ئەو دەروونە هێمنەی کاتی مەترسی کە ئینگلیز پێی دەڵێن سەرساردی" بەڵام دەبێ قسەیەکی فەرەنسییەکانیش بخەینە پاڵ گوتەکەی ڤۆلتێر ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن "Le sense de praticable" واتە "چ شتێک ڕێی دەچێتێ و چ شتێک ڕێی ناچێتێ".. تێکەڵکردنی هەردوو قسەکانی پێشوو شتێکیان لێ دەردەچێت بریتییە لە "توانا بۆ شیتەڵکردنێکی ڕاستبینانە" ئیتر بیابانەکانی مێژوو پڕن لە پاشماوە شەکەتەکانی ئەو هەموو پلانە نابەجێیانەی کە لە دواترین کاتدا بەسەر خاوەنەکانیاندا سەراوژێر بوونەتەوە.

ڕۆمل ڕەخنەی لێ گیراوە، بەگوێرەی نامەکانیشی دیارە، کە لە دڵگەشی بایەدایەوە سەر خەم و ڕەشبینی. هەروەها ئەو ڕەخنەی کە فەرماندە ئەڵمانەکان لێیان دەگرت، تەنانەت ستافی خۆی لێیان دەگرت، وای ڕادەگەیاند کە هەندە بایەخی بە ئاڵۆزییەکانی بەشی میرە نەدەدا کە چۆن بتوانن جبەخانە و پێداویستییەکانی لەشکر بە شوێنەکانی مەبەست بگەیێنن. دەیانگوت پتر بیری لە مەسەلەی



ستراتیجی دەکردەوە نەک لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژانە. قسەکەشیان ڕاستە چونکە زۆر جار دیار دەبێ کە کەمتەرخەمیی کردووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دیار دەبێ کە بەبێ ئەوەی ئەفسەرەکانی هەست بکەن، ڕۆمل تێکە و لێکەیەکی جودای بۆ لەشکری خۆی کردووە. بەڵێ بەشی میرە لە سایەیدا باریان گران دەبوو و دەبایە فریای جموجۆڵە خێراکانی بکەون. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو حیسابی خۆی بۆ زۆربەی ئەگەرەکان کردبوو.

لە کۆتاییدا خاڵی هەرە گرینگ دێت، توانای ڕابەرایەتی، کە لە بناوانی هەموو ئەو شاکارانەی ڕۆملدا بوون. ئەم خاڵە وەکو دینەمۆیە بۆ مەکینەی شەڕ، بەبێ وی ئیش ناکات. جۆری ڕابەرایەتی شتێکە لەشکر هان دەدا بەڕاددەیەک کە لە سنووری توانای خۆیان تێپەڕێنن و تەنگ بە دوژمنێکی خەمسارد هەڵ بچنن. جا گومان نییە کە تواناکانی ڕۆمل لە ڕابەرایەتیدا بە ڕاددەیەک بوو کە لەشکرەکەی بە پەرستن بیپەرستن و شتی وای بۆ بکەن لە توانای پیاوان هەورازتربێت.

ه. ب. لیدڵ هارت

١٩٥٢

# بەشی یەکەم

فەرەنسا ١٩٤٠

## چاپتەر I

### سنوور بەزاندن

لە ١٠ی مایسی ١٩٤٠ هیتلەر هێرشەکەی بەرەو خۆرئاوا دەست پێکرد کە لەمێژبوو چاوەڕوان دەکرا[١]. هێرشەکە بە چەشنی برووسکە بوو سەرکەوتنێکی تۆمارکرد کە ڕاڕەوی مێژووی گۆڕی و کاری بەرفراوانی هەبوو لەسەر چارەنووسی گەلان.

ئەم کارە درامییەی کە جیهانی هەژاند لە ١٣/مایس دەستی پێکرد کە تیپەکانی پانزەری سەر بە گودەریان Guderian سنووری رووباری میووزیان بەزاند لە نزیک شاری سیدان ئینجا کە تیپی پانزەری ڕۆمل لە نزیک شاری دینانت Dinant پەڕینەوە. ئەم قەدبڕینە تەسکە خێرا گەورە بوو تا بوو بە ناوبڕێکی زۆر بەرین. تانکە ئەڵمانییەکان بەو کەلێنەدا پەڕینەوە و بە ماوەی یەک هەفتە گەیشتنە لێواری کەناڵی ئینگلیزی و لەشکری هاوپەیمانەکان لە بەلجیکا لەت کران بۆ دوو بەش. ئەم کردارەش بووە هۆی هەرەس هێنانی فەرەنسا و دابڕانی بەریتانیا. هەروەها باجی گرانی ئەم شەڕانەی مایسی ١٩٤٠ یەکجار گەورە و بێ ژمارە کەوتنەوە.


لە ڕاستیدا ئەڵمان نەیانتوانیبوو هەندە هێز بۆ بەرەکان پاڵ بدەن ئەوەندەی کە دوژمنەکانیان هەیانبوو لەوێدا. هێرشەکە بە ١٣٦ تیپ ئەنجام درا و لە بەرانبەریدا ١٥٦ تیپی فەرەنسی و بەلجیکی و بەریتانی و هۆڵەندی هەبوون. باڵادەستی ئەڵمان تەنیا لە چەندێتی و چۆنێتی فڕۆکەکانیان بوو دەنا تانکەکانیان کەمتربوون. بە هەمووی ٢٨٠٠ بوون بەرانبەر پتر لە ٤٠٠٠ تانکی هاوپەیمان. باڵادەستی ئەڵمانەکان لە تەکنیک و لە خێرایی جێبەجێ کردنی پلانەکانیان بوو. فەرماندەکانی پانزەر بیردۆزی نوێیان پێڕەو دەکرد. بیردۆز و تاکتیکەکان ئەگەرچی لە لایەن

---

(١) م. م. م: ئەم پێشەکییە کورتە لەلایەن لیدل هارتەوە تۆمار کراوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە نووسینەکانی ڕۆمل دەست پێدەکەن بەڵام دواتر تێکڕای تێبینییەکانی لیدل هارت بە پیتی لار [Italic] تۆمار دەکرێن بۆ ئەوە کە بناسرێنەوە.







بەریتانییەکانەوە زانرابوون و پێشبینییان لێ دەکرا بەڵام فەرماندەکانی ئینگلیز و فەرەنسی بەباشی تێیان نەدەگەیشتن.

لە نێوان ١٣٦ تیپی ئەڵماندا تەنیا ١٠ تیپ زرێپۆش بوون، بەڵام ئەم بەشە بچووکە کە بە چەشنی سەرە رمب بەکارهێنرا چارەنووسی شەڕەکەی دیارخست. ئەو پاڵەپەستۆیە زیرەکانەی پانزەرەکان بەرچاوی خەڵکی لێڵ کرد و سەرکەوتنی مسۆگەر کرد. هاوپەیمانەکان دەست و ئەژنۆیان ڕەق ببوو ورەیان ڕما و ئەو مەشقەیان پێ نەکرابوو بەرگەی تەکنیکی هەمەجۆر بگرن.

پلانەکان تا پێش کاتی هێرشەکە هەر پلانەکانی شلیفن (Schlieffen) بوو کە ساڵانی ١٩١٤ دانرابوو کە دەبایە قورسایی بخرێتە سەر باڵی هێزەکانی بۆک Bock. بەڵام لە سەرەتای ١٩٤٠بە پێشنیازی مانشتاین (Manstein) پلانی بوێرتر پەسند کران کە دەبێ پاڵەپەستۆیەکی توند پێڕەو بکرێت بە نێو دارستان و کەندەڵانەکانی ناوچەی ئاردینیزدا (Ardennes) لە بەلجیکا و لوکسومبوگ. سەنتەری قورسایی هێرشەکە خرایە پاڵ لەشکرەکانی روندشتێد (Rudstedt) لە گرووپی "A"

پێشڕەوی سەرەکی لە میووز بە ڕابەرایەتی پانزەرەکانی کلایشت Kleist کرا کە سەر بە لەشکری دوازدەم بوو. دوو سەرە رمبی هەبوو، یەکیان گرووپی گودەریان (سێ تیپی پانزەر) کە هێرشە جەرگبڕەکەی ئەنجام دا لە سیدان Sedan. گرووپی دووەم گرووپی راینهارت Reinhart (دوو تیپی پانزەر بوون) لە لای دەستە ڕاست بۆیان دانرابوو کە لە مۆنتێرم بپەڕنەوە.

بە مەبەستی قەدبڕ کردنی میووز هێڵی دووەم دوو سەرە رمبی بچووکتری هەبوو، ئەمانە تیپەکانی پێنجەم و هەفتەمی پانزەر بوون.

تیپی ٧ی پانزەر لە ژێر فەرماندەیی رۆمل بوو. ئەم تیپە یەکێک بوو لە تیپە سووکەکان کە لە زستانی پێشوودا کرابوو بە تیپی پانزەر. تەنیا یەک فەوج تانکی هەبوو لەباتی دوو فەوج، کە دەبێ هەر تیپێک هەیبێت. سەرباری ئەمەش، تیپەکە لەباتی سێ بەتالیۆن تەنیا دوو بەتالیۆنی هەبوو، واتە بە هەمووی ٢١٨ تانکی هەبوو زۆربەیان لە وڵاتی چیک دروست کرابوون و دەسکاری کردنی ئەم تیپە بەهۆی ئەزموونەکانی هەڵمەتی پۆڵەندا کران. لەوێدا رۆمل ئەفسەرێکی گورج بوو لە هێزی پیادەدا بەڵام لەوێدا نرخی تانک و زرێپۆشی زانی و تەنیا لە ١٥ی شوبات



فەرماندەیی تیپی هەفتەمی پێ سپێردرا لە گۆدسبێرگ Godsberg لەسەر رووباری راین Rhine، بەڵام زوو خۆی ڕاهێناو فێری تەکنیکەکانی هێزە زرێپۆشەکان بوو. لە مەیدانەکانی شەڕی پیادەدا هەمیشە قەرەپەستەیەکی دروست دەکرد. بەجۆرێک هێزی پیادەی دەجووڵاندەوە وەک بڵێی هێزی مۆبایلن(٢)، لە ڕاستیدا لە مۆبایلەتیدا توانایەکی بێ پایانی هەبوو.

لە ڕۆژی یەکەمی هەڵمەتەکەدا بەرەوڕووی بەرگرییەکی کەم بوونەوە. سوپای بەلجیکی لە دەشتاییەکان بڵاوکرابوونەوە کە شارە گەورەکانی بەلجیکا لەوێ دان. دارستان و کەندەڵانەکانی لۆکسومبورگ و بەلجیکا بە هێزێکی تایبەت سپێردرابوون کە ئەرکەکانیان بریتی بوو لە دواخستنی هێرشەکان تاکو سوپای فەرەنسی فریایان دەکەون.

پلانی فەرەنسییەکان هەندێک هێرشکارانەتر بوو. لەشکری یەکەم و هەفتەم بەشی هەرە گەورەی هێزی زرێپۆشی فەرەنسایان پێک دەهێنا، ئەمانە لەگەڵ هێزی بەریتانی بەنێو دەشتاییەکانی بەلجیکادا پێشڕەوییان کرد. لەم کاتەشدا لەشکری نۆیەم کە جەرگەی مانۆڕەکە بوو، خۆی گەیاندە هێزەکانی بەلجیکی لە مێزیێریس و نامور Mezieres & Namur. ئەم لەشکرە بریتی بوو لە هەفت تیپی پیادە کە تەنیا یەکیان مۆبایل بوو، دوو تیپیش تیپی سوارە بوون (ئەمانە پاشماوەکانی هێزی سوارەی وڵاغ بوون لەگەڵ هەندێک سەیارە و لۆری). سوارەکان لە شەوی ١٠ی مایس دا راستەوخۆ نێردران بۆ میووز، و لە ڕۆژی دواتر بەرەو قووڵایی ئاردینیز ڕۆیشتن کە لەوێدا بەرەو ڕووی هێزەکانی پانزەر بوونەوە، پانزەرەکانیش لەو کاتەدا زۆربەی هێڵەکانی بەرگری بەلجیکایان ڕاماڵیبوو.

لە ئێوارەی پێش هێرشەکەدا رۆمل ئەمەی بۆ لووسی، ژنی خۆی، نووسیوە.

ئەزیزم لوو

وا بار دەکەین. با ئومێد بکەین کە بارکردنەکەمان بە بەلاش نییە. سبەینێ هەواڵەکان لە ڕۆژنامەکاندا دەبیسییەوە. خەمت نەبێ هەموو شتێک باش دەبێت. (نامەکە کۆتایی هات. لێرەوە قسەی رۆمل دەست پێدەکات).

(٢) م. م. م: مۆبایل Mobile واتە هەڵگیراو یاخود (سوار). مۆبایلەتی واتە توانای جووڵاندن.

رۆمل: لە بەرەی تیپەکەمدا دوژمن چەند مانگێکە خەریکی دروستکردنی تەگەرە و کۆسپن. سەنگەر لە تێکڕای دارستانەکاندا دروست کراون و پڕکراون لە کەند و چاڵ. بەڵام زۆربەی سەنگەرەکان هێزی بەرگری بەلجیکییان تێدا نییە و تەنیا لە چەند شوێنێک تیپەکەم دواخرا. زۆربەی سەنگەر و چاڵەکان دەکرا بە دەوریاندا بسووڕێینەوە. لە جێگەی دیکەدا ترووپەکان خێرا ڕێگەکانیان چاک دەکردەوە.

لە یەکەم بەرەنگاریدا دژ بە هێزی زرێپۆشی فەرەنسی، ئاگر بارانی خێرا وای لێ کردن کە زوو بکشێنەوە. ئەو کەسەی پێشدەستی نەکات یەکەم نابێت. مۆتۆرسایکلەکان دەبێ دۆشکەیان(٣) هەمیشە ساز بێت و پێش بکەون. لەگەڵ بیستنی هەر تەقەیەکی دوژمن، دەبێ ئاگر باران نەوەستێنن. تەنانەت ئەگەر شوێنی دوژمنیشیان لێ دیار نەبوو، هەر دەبێ ئاگر بارانی خۆیان پێڕەو بکەن. ئەزموونی خۆم لەم تەکتیکەدا سەلماندوویەتی کە زیانەکانمان کەم دەکاتەوە. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بوەستین و چاو بگێڕین تاکو شوێنی دوژمن ئاشکرا دەبێت، یاخود بوەستین تاکو هێزێکی پشتیوان بە هانامان دێت ئینجا دەست بوەشێنین.

ئەزموونە سەرەتاییەکانی ئەم شەڕانە دیاریان خست کە گوللە رشاندن چارەنووسی شەڕەکە بە پێچەوانەی مەبەست دیار دەخات. تەنانەت ئاگر بارانی رەشۆکی سوودی زۆرە، چونکە دوژمن سڕ دەبێت و زۆرجار چەکی فڕێ دەدات. هەروەها لە بەرەنگاریدا لەگەڵ تانکەکانی دوژمن، کە زۆربەیان زرێکانیان لە زرێی تانکەکانی مە ئەستوورترە، پێشدەستی کردن لە ئاگرباراندا سەلماندوویەتی کە باشترین شتە.

ئەزیزم لوو – ١٩٤٠/٥/١١

ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار هەناسەیەکم کێشاوەتەوە. تا ئێستا هەموو شتێک حەیاتە. من زۆر پێش کەوتوومەوە. دەنگم نووساوە هەندەی هاوار بکەم. سێ کاتژمێر نوستووم و جەمێکم خواردووە و تراشێکم کردووە. بێ لەمانە من زۆر باشم. توخوا ئەوەندە بەسە بۆ ئەمڕۆ. زۆر ماندووم...

---

(٣) دۆشکە بەرانبەر بە Machine Gun بەکارهێنراوە واتە هەموو گوللە هاوێژێکی ئۆتۆماتیکی دەگرێتەوە. م. م. م.



*ل. هـ. پاش کشانەوەی تیپە سوارە فەرەنسییەکانی یەکەم و چوارەم هێزەکانی رۆمل لە پاش نیوەڕۆی ١٩٤٠/٥/١٢ گەیشتنە میووز بۆ ئەوەی کە پشت لە هێزە فەرەنسییەکان بگرن و سەرە پردێک لەلای خۆرئاوادا دروست بکەن. بەڵام فەرەنسییەکان پردەکەیان تەقاندەوە لە دینانت و هوو Dinant & Houx. رۆمل لێرەدا ناچار بوو تانکەکان بە قەیاغ بپەڕێنێتەوە. لەم هێرشەدا هێزەکەی رۆمل زیانێکی زۆری پێ گەیشت واش هەر سەرکەوت.*

رۆمل: کاتژمێر ٤،٠٠ بەیانی لەگەڵ کاپتن شرایپلەر Schraepler کەوتمە ڕێ. هەموو تۆپخانەی تیپەکەی دامەزرابوون و چاودێرەکان کە لە خاڵەکانی پەڕینەوە بڵاوکرابوونەوە. لە دینانت تەنیا چەند پیاوێکم دۆزییەوە لە فەوجی ٧ی پیادە. تۆپباران هەبوو و هەندێک تانک لە شەقامی بەرەو رووبارەکە سووتابوون... دەنگی شەڕ لە چۆمی میووزدا دەبیسترا. سەیارەکەم نەیتوانی لەو لێژاییە تیژە شۆڕ بێتەوە، ئیتر لەگەڵ کاپتن شرایپلەر بە پێ تا خوار دۆڵەکە رۆیشتین. فەوجی شەشی پیادە خەریک بوون بە قەیاغ لە رووبارەکە بپەڕنەوە بەڵام چەند دۆشکەیەک لەوبەر بە توندی ئاگربارانی دەکردن، ناچاربوون بوەستن. قەیاغەکان یەک لەدوای یەک بە ئاگری فەرەنسییەکان وێران دەکران و پێشڕەوییەکە وەستێندرا. پیادەکانی دوژمن بەجۆرێک خۆیان مات کردبوو کە نیشانە نەدەکران. جارەهای جار شوێنی من و بەتالیۆنی ئەندازیارەکان ئاگرباران کرا. ئەگەر دیوارێک دووکەڵمان دروست کردبایە هەندە زیانمان نەدەبوو. بەڵام یەکەی دووکەڵهاوێژمان نەبوو. فەرمانم دا ئاگر لە چەند ماڵێک بەردەن بەشکەم هەندێک دووکەڵ پەیدابێت! پێ بە پێ ئاگری دوژمن زۆرتر دەبوو. قەیاغێکی شڕکراو بە ئاوی ڕووبارەکەدا هات بریندارێک خۆی پێوە گرتبوو هاواری دەکرد فریای بکەوین. بەستەزمانە خەریک بوو نقووم بێت بەڵام چارەمان نەبوو، ئاگربارانی دوژمن زۆر سەخت بوو. لەم کاتەدا لە دۆڵی گرانژ (Grange) لێواری خۆرئاوای ڕووبارەکە بە دەست بەتالیۆنی هەفتەمی مۆتۆرەکان گیرا، بەڵام دیار بوو کە بە گوێرەی پێویست پاکسازییان لە لێوارەکە نەدەکرد بۆیە فەرمانم دا کە بەرد و سەنگەرەکانی ئەوبەر لە دوژمن خاوێن بکرێنەوە.

لەگەڵ کاپتن شرایپلەر بەرەو باشوور چووین لەگەڵ پانزەرێکی IV تا بزانین

فەوجی هەفتەم چ دەکەن؟ لە ڕێدا چەندین جار کەوتینە بەر ئاگری دوژمن. دەستی شرایپلەر بە ساچمە بریندار کرا. کە دەچووینە پێش پیادەیەکی فەرەنسی خۆی تەسلیم کرد.


تا ئێمە گەیشتین بەتالیۆنی هەفتەم لە رووبارەکە پەڕیبوّوە بەڵام ئاگربارانەکە هەندە قورس بوو و ناچار بوون بوەستن. ئومێدی پێشڕەوی نەما و بەبێ تۆپخانە و تانک هیچ نەدەکرا. گەڕامەوە بۆ بارەگای تیپ، لەوێدا کۆلۆنێل- جەنەڕاڵ فۆن کلووگ و جەنەڕاڵ هۆتم دیت. پاش تاوتوێ کردن لەگەڵ مێجەر هاید کێمپەرHeid Kaemper گەڕامەوە بۆ گوندی لۆفێ (نزیک دینانت) تاکو پەڕینەوەکە ئەنجام بدرێت فەرمانم دابوو کە هەندێک لە پانزەری III و IV و هەندێک تروپی تۆپخانە لەژێر فەرماندەیی خۆم بن لە خاڵی پەڕینەوەدا. لە لۆفێ هەندێک قەیاغمان دۆزییەوە. سەیرێکی گوندەکەمان کرد، دوژمن لەوبەری پردەکە لە مەترێزی ئاسن راسابوون.

ئەمجارە فەرماندەیی بەتالیۆن و فەوجەکانی پیادەم خستە دەست خۆم. لەگەڵ لوتانت مۆست Most. بەیانی زوو لە رووباری میووز پەڕینەوە و لەگەڵ تاقمی ئینکفۆرت و لیختەر بەرەو باکوور کەوتینە ڕێ. چەکی دژە تانکیان نەبوو بۆیە فەرمانم دا کە چەکی سووک بە هەموو شێوە بەکاربێنن. ئەوسا فەرەنسیمان دیت لە پانتایەکی کە ١٠٠٠ یارد بەرین بوو لە باکووری خۆرئاوای لۆفێ بە پەلە لە پووشەڵانەکە هاتنەدەر و چەکیان دانا.

*ل. ه. هەندێک چاودێر باوەریان وایە کە جموجۆڵەکانی رۆمل لەوێدا زۆر کاریگەرتر بووە لەوەی کە خۆی باسی دەکات. هێزەکانی ئەڵمان شڕکرابوون. کە رۆمل گەیشتۆتە وێ هێرشەکەی بەگەڕ هێناوەتەوە. تیپی پیادەی فەرەنسی کە بەرگری لە دینانت دەکرد چەکی دژەتانکی نەبوو و رێگەیەکی درێژیان بە پێ کوتابۆوە. هەروەها تیپی یەکەمی سوارە هێشتا لە زەبری تانکە ئەڵمانەکانی لە شەڕی ئاردن هەڵنەستابۆوە. ئیتر هێرشە چاو قایمەکان هەر کە شوێن پێیان لە لێواری خۆرئاوای رووبارەکە کردەوە تەوژمی بەرگری لێیان بداو بەری خۆرئاوای بۆ مانۆڕ ئاواڵە کرد.*

رۆمل: لەگەڵ مۆست گەڕامەوە ئەم بەرەی میووز و بەرەو باکوور رۆیشتین بۆ خاڵی پەڕینەوەی پیادەکان، بیستبووم کە کۆلۆنێل مایکڵ فەرماندەی بەتالیۆنی دژەتانک ٢٠






تۆپی دژەتانکی هەیە. بەتالیۆنی ئەندازیاری خەریک بوون پانتۆنی ٨ تۆنی دروست بکەن. رامگرتن و گوتم با بیکەنە ١٦ تۆنی دەمویست بەشێک لە فەوجی پانزەر بپەڕێنمەوە. هەر کە پانتۆنەکە سازبوو، هەر هەشت سەیارەکانی رادیۆم لەگەڵ خۆ پەڕاندەوە بۆ بەری خۆرئاوا. دەوروبەری خاڵەکە بە توندی بۆمباردمان دەکرا.

کە گەڕامەوە بارەگای فەرماندەیی حاڵەکەم بەدڵ نەبوو. فەرماندەیەکی بەتالیۆنی ٧ی مۆتۆرسکیل بریندار کرابوو، یاوەرەکەشی کوژرابوو و دژە هێرشێکی فەرەنسی لە گرانژ پیاوەکانی ئێمەی شڕ کردبوو. مەترسیش هەبوو کە دژە هێرشێکی تانکەکانیان هێڵەکانی ئێمە هەڵبرێت تا لێواری رووبارەکە. سەرلەنوێ گەڕامەوە، فەرمانم بە فەوجی پانزەر دا کە ئەو شەو بپەڕنەوە. بەڵام پەڕاندنەوەی تانک لەسەر رووباری ١٢٠ یارد بەرین لە شەودا کارێکی ئاسان نەبوو، ئیتر تا بەیانی تەنیا ١٥ تانک کەیشتبوونە بەری خۆرئاوای رووبارەکە.

کێڵگەیەک لەنێوان ئێمە و شارەکە هەبوو. لەم کاتەدا تۆپبارانێکی توند دەستی پێکرد دوو لەم تۆپانە بە تانکەکەم کەوتن یەکیان بە رۆخی بورجەکە کەوت. ئەمەی تر

بەتەلسکۆبەکە کەوت. شوفێرەکە تانکەکەی گەیاندە نزیکترین دارستان. هەندە نەڕۆیشتبوو کەوتینە هەڵدێرێکی تیژ تانکەکە خلیسکا و وەرگەڕا بۆ سەر تەنیشت. دوژمن لە دارستانەکەی بەرانبەرمان بوون کە ٥٠٠ یارد دوور بوو، زۆر بە ڕۆنی ئێمەیان دەدیت. چەنەگەی ڕاستم بە ساچمەیەک بریندار ببوو، نەمدەزانی زامی ئەوها بچووک هەندە خوێنی لێ دێت.

باترییەکی فەرەنسی[٤] پووشەڵانەکەی ئێمەیان ئاگرباران دەکرد و دەمانزانی کە هەندەی نەماوە تانکەکەمان لێ بدرێ. یەکسەر چۆڵمان کرد. لەم کاتەدا جێگری دووەمی فەرماندەی تانکەکان رایگەیاند کە بە توندی بریندار کراوە گوتی "گەورەم جەنەڕاڵ، دەستی چەپم پەکی کەوت" خۆمان بۆ قوڵتێک گلۆر کردەوە و تۆپ لە دەورماندا دەتەقینەوە. وام دەزانی ئاگر لە تانکی یەکەم بەربووە، بەڵام دەرچوو جبەخانەی دووکەڵدار لەنێو تانکەکەدا ئاگریان گرتووە و دووکەڵ دەدەن. ئەم دووکەڵەش بە هانامان هات. لەم کاتەشدا مەکینەکەی لێدراو لەوێ وەستا بەڵام تاقمەکەی سەلامەت بوون.

بەرەبەرە تانکەکەی رۆتنبورگ رێگەی خۆی بەرەو دارستانەکە کردەوە. ئەو دووکەڵە ئەستوورەی کە لێی هەڵدەستا پارچەکانی دیکەی داپۆشت. خۆ ئەگەر هەرکەس لە جێوە تۆپ و دۆشکەکانی خۆی بە ڕەشۆکی لەو دارستانە گرتبایە، ئەوسا رەنگبوو فەرەنسییەکان یەکسەر چەک فڕێ بدەن.

ل. ه. ئەم پێشڕەوییە قەدبڕەی کە رۆمل ئەنجامی داوە کاری گەورەی لە جەنەڕاڵ کۆراپ Corap، فەرماندەی لەشکری نۆیەمی فەرەنسی، کردووە... لە ١٣/٥دا ئەلمان لە سی خاڵدا رووباری میووزیان بڕیبوو کە ئەوەی رۆمل لە هەموویان خێراتر بوو. لە نیوەڕۆدا تروپەکانی پانزەری سەر بە رانیهارد لە مۆنترم پەڕینەوە. هەروەها گودەریان لە سیدان پەڕییەوە. بەڵام رانیهارد شوێنپێیەکی بچووکی دەسکەوتبوو و بە شەڕێکی قورس پارێزگاری لێ دەکرد و تەنیا لە ١٥/٥دا توانی تانکەکانی بپەڕێنێتەوە، هەروەها ڕێگاکەی کە کردیەوە لەژێر ئاگری دوژمندا بوو.. سەبارەت بەتروپەکانی گودەریان هەندێک سەرکەوتووتر بوون بەڵام لە سێ تیپ تەنیا یەکیان


(٤) م. م. م.: مەبەست لە وشەی باتری تاقمێک تۆپ کە دادەمەزرێن بۆ تۆپبارانکردنی دوژمن.



توانی شوێنپێ لەوبەری رووبارەکە بۆ خۆی بکاتەوە و لە بەیانی ١٤/٥دا تاکە پردێکیان لەوێ دروست کردبوو کەوا خۆو بەخت بە تۆپبارانی دوژمن وێران نەکرا. چونکە هەمیشە لەژێر هێرشی فڕۆکەی هاوپەیمانەکان بوو. بەڵام تۆپی دژەفڕۆکەی هەبوو کە هەر ئەو ڕۆژە ١٥٠ فڕۆکەی بەریتانی و فەرەنسییان خست. پاش نیوەڕۆ هەرسێک تیپە پانزەرەکانی گودەریان گەیشتنە ئەوبەری رووبارەکە و بەهۆی بەرگرییەکی توند لە باشوورەوە، گودەریان بۆ لای خۆرئاوا بزووت بەرەو ئەو کەلێنەی کە لە نێوان لەشکری یەکەم و لەشکری نۆیەمی فەرەنسی هەبوو، بەوێدا رێگەی خۆی کردەوە. لەو شەوەدا فەرماندەی لەشکری نۆیەمی فەرەنسی بڕیارێکی زۆر چەوتی دا، ناوەندی بەرەکەی لە لایەن رۆملەوە قەدبڕ کرابوو. هەروەها گودەریان لە بالی راستیدا بڵاودەبۆوە و ڕیپۆرتی(*) بۆ دەهات کەوا هەزاران تانک بۆی دێن. هەستا فەرمانی کشانەوەی دا بەرەو هەندێک هێڵی دواوە بەرەو خۆرئاوا.

ل. ه: هێزی بەرگری لە رووی رۆمل نەماو لەگەڵ هێڵێکی شەمەندەفەر کشانەوە بۆ ناوچەی فیلیپڤیل Philippeville کە ١٥ میل لە لێواری رووباری میووز دوور بوو. ئیتر لەژێر پاڵەپەستۆی رۆملدا ئەم کشانەوە نارێکەی فەرەنسییەکان بوو بە شکست و هەرەس هێنانێکی بێ سەروبەر. هەروەها تەوژمی پاڵەپەستۆی رۆمل دژە هێرشێکی فەرەنسی پووچەڵ کردەوە کە بەرەو دینانت دەکرا لەلایەن تیپی یەکەمی زرێپۆش و تیپی چوارەمی باکووری ئەفریقیاوە، ئەو تیپە فەرەنسیانەش کە تازە

(*) م. م. م.: خوێنەرانی کوردی بەڕێز ئاگادار دەکەمەوە کە هەندێک وشە لەم کتێبە بەشێوازێکی تایبەت دەنووسرێت. ریپۆرت– Re port لە ئەسڵدا بەواتا ئەوەیە کە ئەفسەرێک بچێتە خزمەت فەرماندەکەی خۆی. Re واتە گەڕانەوە بەرانبەر پاشکری (وە)ی کوردییە. Port واتە دەرگا. ریپۆرت واتە (دەرگا کردنەوە). نازانم بەچ مافێک ئێمە دەیکەینە ڕاپۆرت؟ خۆ ئەگەر بەشێوازی فەرەنسیش بگوترێ دەبێتە رووپۆرت نەک راپۆرت! بەهەرحاڵ، زاراوەی (ریپۆرت کردن) {Report to} لە سیستەمی سەربازیدا واتە کەسێک بچێتە لای فەرماندەکەی خۆی، دروودی سەربازی بکات و بزانێ چ قسە و پرسیار و فەرمان هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات.. هەروەها وشەی تر هەیە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێ، هەمانە خوێندنەوەی وشەی ئەڵمانی هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە؛ Sی سەرەتایی بە (ش) دەخوێندرێتەوە، هەروەها ئەگەر پیتی t بەدوادابێت دیسان بە (ش) دەخوێندرێتەوە. ئیتر با خوێنەر سەیری بە جۆری وەرگێڕانەکە نەیەت.




گەیشتبوونە مەیدانی شەڕەکە. تیپی یەکەم پەلاماری باڵی راستی هێزەکەی رۆملی دا بەڵام لە جەرگەی شەڕدا پترۆڵێ لێ برا بۆیەش، تەنیا بەشێکی بچووکی تانکەکان شەڕی کرد. ئینجا پێشڕەوی کردنەکەی رۆمل هەندە خێرا بوو هێڵەکانی راماڵین تەنانەت زۆر لە تانکەکان گیران کە هێشتا دەستیان بە شەڕ نەکردبوو. دەنا تیپە ئەفریقییەکەی فەرەنسییەکان هەر پاڵەپەستۆی سەربازە هەڵاتووەکان و خەڵکە پەراگەندەکان پەکی کەوت.

فەرمانە چەوتەکەی جەنەراڵ کۆراپ وەک ئەوە بوو تەپەدۆری سەری بوتڵێک پێپسی بپچڕێنی، ئەوها هێزەکانی پانزەری لەخۆ پرژاند. کشانەوەی لەشکری نۆیەم بوو بە بەرەڵایی رێگەکەش بۆ راینهارت خۆش کرد باڵچەرخی بەلای راستدا بکەن، بەمە پشتیان لەو هێزانە گرت کە بەرەو رووی گودەریان وەستابوون. ئێوارێ گودەریان توانی دوا بەرگری لەپێش خۆی راماڵێت و بگاتە دەشتاییە ئاواڵەکان. وای لێ هات هێڵی بەرگری فەرەنسی بە پانایی ٦٠ میل لە پێش هێزە ئەڵمانەکاندا ئاواڵە بوو.

رۆمل: رۆژی ٥/١٥ نیازم وابوو بە فەوجی ٢٥ پانزەر، کە سەرە رمب بوو، راستەوخۆ هەڵکوتمە سەر شوێنی مەبەست، ئەگەر تۆپخانە و فڕۆک پشتیوانییان کردبام، ئەوە باشتر! هێزی پیادە دەبایە بەدوامان بکەوێت هەندێک بە پێ و هەندێکیان بەلۆری. تاکە مەراقم ئەوە بوو ئەگەر تۆپخانە توانیبای باڵەکانم بۆ بپارێزێت چونکە تیپەکانی

(٥) م م م: لووفتواف = هێزی ئاسمانی ئەلمانیا.




هاوسێم هەندێک دوا کەوتبوون. فەوجی ٢٥ی پانزەر تا رۆخی فلیپڤیل پێشڕەوی کرد بەبێ ئەوەی خۆی لە گوند و ئاوەدانییەکان بدات. نیازم وابوو قەرەپەستەیەک بە قووڵایی ناوچەکانی دوژمندا دروست بکەم تاکو هەواڵ بنێرم بۆ تۆپخانە و فڕۆک کە شوێنە گرینگەکان بکوتن. سەرەتای هێڵەکە لە کەنیسەی رۆزێ Rosee دەستی پێ دەکرد تا کەنیسەی فرۆید چاپڵ Froidchaplle هەموو ئەفسەرەکان لەسەر خەریتە نیشانیان کرد. جا هەرکاتێک ویستبام بۆ نموونە رادیۆم بەکاردەهێنا دەمگوت"دەستریێژێک تۆپ بۆ ژمارە ١١" فەرماندەی تۆپخانە بە دڵخۆشییەوە جێ بەجێی دەکرد کەوا سیستەمێکی زۆر خۆش بوو.

٩ی بەیانی چاوم بە مێجەرێکی لووفتواف کەوت[٥] رایگەیاند کە فڕۆکەکان ئەمڕۆ ئامادە دەبن. تانکەکان سازبوون، فەرمانم دا کە بە پێش هێرشەکە بکەون. خۆم گەیاندە تانکەکانی رۆتنبۆرگ، رێنماییم بە ستافەکەم دا کە بەدوا تانکەکان بکەون.

پاش کورتە شەڕێک لە فلاڤیۆن، پانزەرەکان بەنێو دارستاندا گەیشتنە فلیپڤیل، چەکی فەرەنسی لە رێگەدا بە کۆمەڵ فڕێ درابوون و چەکدارەکانیان لە دارستانەکاندا بە شەپرێوی بڵاو ببوونەوە. فڕۆکەکانمان زەبری توندیان لێ دابوون چونکە قۆڵتی گەورەمان دیت لە رێگەدا. (سێ) میل پێش فلیپڤیل سووکە شەڕێکمان لەگەڵ فەرەنسییەکان کرد لەسەر گردەکان بڵاوببوونەوە. تانکەکانمان هەر بەڕێوە ئاگربارانیان کردن بە دەوریاندا سووڕانەوە و تێیان پەڕاند. تۆپخانەش بە وردی ئاگادار دەکرایەوە دەربارەی پێشڕەوییەکەی ئێمە و دوژمن زوو مات دەکرا. ئیتر بە ئاسانی ئامانجی ئەو رۆژەمان جێبەجێ کرد.

بە تاقمێک لە تانکەکانی رۆتنبۆرگ گەڕامەوە خاڵی یەکەم تاکو سۆراغی هێزەکانی پیادە بکەم. لە بەرزاییەکدا ١٠٠٠ یاردێک لە فلیپڤیل دوور، دوو تانک گرفتی میکانیکییان تووش ببوو. ستافی تانکەکان خەریکی کۆکردنەوەی ئەسیرەکان بوون. هەر لەوێ سەدان ماتۆرسکیلی فەرەنسی لە دارستانەکان هاتنە دەر و چەکیان دانا. هەندێکیشیان خۆیان دەدزییەوە. ماوەیەک خەریکی ئەسیرەکان بووم، هەندێک ئەفسەریان تێدابوو داواکارییان هەبوو کە بهێڵین باتۆن و جانتاکانی دەستیان لی نەستێنرێت.



قۆناغی یەکەم لە پێشڕەوی کردنی تیپەکەی رۆمل

مەبەستی ئەوەی رێگە لە کشانەوەی فەرەنسییەکان ببڕین، لەگەڵ تاقمە پانزەرەکە رووەمان کردە نیووڤیل. لە باشووری ڤووسێدیێ بەرەورووی تانکی فەرەنسی بووینەوە کە ژمارەیان کەم نەبوو بەڵام هەر زوو لە شەڕەکەدا بالادەست بووین و فەرەنسییەکان لە تانکەکانیان هاتنەدەر. نزیکەی پەنجا تانکی فەرەنسیمان گرت. تانکە ساغەکانمان لەگەڵ خۆمان برد بە شوفێرە فەرەنسییەکانیانەوە.

لە رێگەدا ئەرکە نوێکانم لە ئەفسەرەکان گەیاند. جوولەمان بە رێژەیی ٤٠کم/سەعات بوو، تەپوتۆزێکی زۆر گەورەمان دروست دەکرد. لە نزیک سێنزیل تووشی هێزێکی ماتۆرسکیلی زرێپۆشی فەرەنسی بووین بەرەو رووەمان دەهاتن و هەر لەوێ دەستمان بەسەریاندا گرت. زۆربەیان بە جۆرێک تاسان کەوا لەپڕ تووشی تانکی ئەلمانی بوون، زۆربەیان کەوتنە نێو کەندەکانی تەنیشت رێگا. ئینجا گەیشتینە



سیرفۆنتێن Cerfontain، پانزەرەکان بەدەوری شارۆچکەکەدا بڵاوبوونەوە و دیمەنەکە دڵئارامی کردم کەوا دیار بوو تیپی ٧ی پانزەر باش دەڕوات. دوژمن کەوتبووە نێوان هێزەکانی پانزەر و هێزەکانی پیادە (ئەفسەری هێزی پانزەر پێویستە بزانن چۆن لە خۆڕا بڕیار بدەن. نابێ بوەستن تا فەرمانیان پێ دەدرێت. مەرج ئەوەیە بڕیارەکان لە چوارچێوەی پلانی گشتی لەشکر بێت).

رۆژی دواتر (٥/١٦) فەرمانم پێ گەیشت کە تیپەکەم بەنێو سیڤریدا هێڵی ماجینۆ ببڕێت و بگاتە گردەکانی ئاڤیسنیز Avesnes.

*ل. هـ. ئەمە هێڵی ماجینۆ نەبووە بەڵکو بەشەکانی پاشەری ماجینۆ بوون. ئەلمان فەرقیان بە ئەسڵی هێڵەکە و بەشەکانی دواوەی نەدەکرد.*

کۆلۆنێل- جەنەڕاڵ کلووگ هات. سەیری پێ هات کە تیپەکەمان هێشتا بەڕێ نەکەوتووە. باسی پلانەکەم بۆ کرد. نیازمان ئەوە بوو بەرەیەک لە نزیک سیڤری دابنێین. ئینجا بەتالیۆنی شوێنهەڵگر[٦] بەسەر ماجینودا بڵاوبکەینەوە و لە هەمان کات تۆپخانە لە دەوری سیڤری دامەزرێت. ئینجا فەوجی پانزەر سەنگەرە فەرەنسییەکان راماڵن جەنەڕاڵ فۆن کلووگ پلانەکەی پەسند کرد.

هەر خێرا بەتالیۆنی پێشڕەو گەیشتنە سیڤری. تۆپخانە و دژە فڕۆک لەوێ دامەزران و فەرمانیان پێ درا هێڵەکانی دوژمن بکوتن تا بزانن ئایا دوژمن بەرگری دەکات؟. لەم کاتەدا فەوجی ٢٥ی پانزەر گەیشتە سیڤری و فەرمان درا کە کلێرفەیتس Clairfayts داگیر بکەن (٣ میل لە دوایان بەجێ مابوو). دوژمنیش هیچ هەستی نەبوو. وەکو رۆژی پێشوو بە سواری تانک بەڕێ کەوتم و هەندەی نەبرد بەرەی دوژمنمان بڕی. تانکەکان لەسەرەخۆ بەڕیز بەرەو کلێرفەیتس رۆیشتن کە تەنیا میلێک دوور دەبوو. خەبەر هات کەوا رێگەکە مینڕێژ کراوە ئێمەش بە کەوانێک لە باشووری گوندەکەدا بڵاوبووینەوە. هەر هەندەمان زانی گەیشتینە باغاتی پڕ لە پەرژینی بەرز کە جوولەی ئێمەی هێواش کردەوە. لە پڕ چاومان بە سەنگەرکارییەکانی دوژمن کەوت، ١٠٠ یاردێک لە ئێمەوە دوور بوو. لە تەنیشتیدا ژمارەیەک زرێپۆشی فەرەنسی وەستابوون کە یەکسەر ئاماژەی تەسلیم بوونیان بۆ

(٦) م. م. م: شوێنهەڵگر = (کشافە) یان (استطلاع) Reconnaissance

ئێمە دیارخست. بەڵام تانکێکمان لە پڕ تەقەی لێ کردن هێزە فەرەنسییەکە خۆیان لە مەتەرێزە کۆنکریتییەکان شاردەوە و هەر هەندەمان زانی دۆشکە و تۆپی دژەتانک لەلای چەپەوە هات. زیانمان هەبوو و دوو تانکمان لێدران. کە دوژمن سەرکوت کرا شوێنهەڵگرەکان دەستیان بەسەر مەتەرێزێک داگرت کە هێشتا تەقەی نەکردبوو و لەوێ دامەزران و خەندەکەکانیان پاک کردەوە، تۆپخانە کارێکی باشی ئەنجام دا و بە فەرمانی من ناوچەکەیان پڕ کرد لە دووکەڵ. ئینجا تۆپخانەی فەرەنسی دەستیان بە بۆمباردمان کردنی کلیرفەیتس و سیڤری کرد. هەندەی نەبرد مۆتۆرسیکلەکان و پلاتوونی ئەندازیاری لەگەڵ بەتالیۆنی زرێپۆشی ٣٧ تایبەت گەیشتنە لامان. لەژێر چەتری ئاگربارانی ئێمەدا پێشڕەوییان بەرەو مەیدانی شەڕەکە کرد. ئەندازیارەکانیش تەگەرە ئاسنەکانیان هەڵدەکەند.

لەم کاتەدا تاقمێک پانزەری ئەندازیاری یەکێک لە سەنگەرە کۆنکریتەکانیان گرت. پیاوەکان خۆیان گەیاندە سەنگەرەکە و بۆمبێکی شەش پاوەندی هەڵتەکێنەریان هەڵدا بەنێو کونی دیوارەکەدا. دەمێک هاواریان بۆ کردن کە چەکیان دانێن واش هەر شەڕیان دەکرد. دواتر ئەفسەرێک و ٣٥ سەرباز لەوێ گیران. ئینجا خۆیان گەیاندە سەنگەرێکی تر ئەویشیان گرت.

شەو داهات، ئاگر لە زۆر جێگەی ئەو لادێیە و خۆرئاوای کلیرمەیتس بەرببوو. فەرمانم دا کە تا بکرێ قەرەپەستە بخەنە سەر دوژمن بەرەو لای ئاڤێسنیز. برووسکە بۆ تۆپخانە کرا کە دەستبەکاربن. ئێمەش بەنێو تەگەرە ئاسنەکاندا بەرەو دوژمن پێشڕەویمان کرد. لەم کاتەدا شەڕێکی قورس کرابوو لەگەڵ بەتالیۆنی ٣٧ لە دووری ١٠٠٠ یاردێک بەرەو خۆرئاوای کلێرفەیتس. دژەتانکی فەرەنسی لەوێ کۆکرابووەوە و رێژنە لەدوای رێژنە لە تانکەکانی ئێمەیان دەگرت. پانزەرەکانی Iv بە چەند رێژنە تۆپێک ئینجا بەرگری دوژمنیان بێ دەنگ کرد.

کاروانی تانکەکان بەرێ کەوت. لەبەر تیشکی مانگدا پیاوانی بەتالیۆنی مۆتۆرسیکلەکانمان دەدیت لە تەنیشتمان دەڕۆیشتن. ناو بە ناو بە دۆشکە و دژەتانکی دوژمن تەقەیان دەکرد بەڵام تینیان نەبوو. تۆپخانە هەنگاو بە هەنگاو گوند و ئاوەدانییەکانی پێشمانی دەکوتا و رێگەمان خۆش دەبوو و خێراییمان بەرە بەرە



زیادی کرد ٥٠٠، ١٠٠٠، ٢٠٠٠، ٣٠٠٠ یارد لە بەرەکانی دوژمن قووڵ بووینەوە. نەڕەی مەکینەکان و زرڕەی زنجیرەکان دەنگی تەقەی دوژمنیان داپۆشت، هێڵی شەمەندەفەریان لە باشووری خۆرئاوای سۆلەر لۆ شاتۆ بڕی. ئینجا بەرەو باکوور سوڕاینەوە و بە جاددە پانەکەدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە یەکەم خانوو. خەڵکی شارەکە لە دەنگی پێشڕەویمان ئاگادار ببوون. ڤێکڵ فرێ درابوون، شارستانی و سەربازە فەرەنسییەکان روخساریان تێک چوو بوو خۆیان لە کەند و پەناکاندا دەشاردەوە. خەڵکەکە پەراگەندە ببوون و ئێمەش کە بە تەنیشتیاندا دەڕۆیشتین یەکسەر شمەکیان بەجێ دەهێشت و خۆیان لە کێڵگەکان دەشاردەوە. ئێمە بەردەوام بووین. من لە بورجی تانکەکەوە دەمڕوانی تا بزانم ئایا هیچ جۆرێک بەرگری هەیە و ئایا هێزەکان پێکەوەن یان لێک دابڕاون؟ لادێیەکی بەرینمان لەپێش بوو و بەم مانگە شەوە سارده هێڵی ماجینۆمان دەبڕی! بەڕاستی باوەڕمان بەخۆ نەدەکرد. بیست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە هەمان جێ و لەگەڵ هەمان دوژمن سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنمان وەدەست هێنا واش هەر جەنگەکەمان دۆڕاند. کەچی ئێستا سەرباری ئەوەی کە هێڵەکە نۆژەن کرابۆوە ئێمە بەرەو قووڵایی ناوچەکانی دوژمن پێشڕەویمان دەکرد. ئەمە خەونێکی خۆش نەبوو بەڵکو راستی بوو.

لەپڕ بریسکەیەکمان دیت لەسەر گردێک. ئینجا کۆمەڵێک بریسکەی تر دیتران. گومان نەبوو ئەوە هێڵێکی ترە لە سەنگەرکارییەکانی دوژمن لێمان هاتبوونە دەست. فەرمانم بە فەوجەکە راگەیاند کە بڵاو ببنەوە.

ئەفسەرەکان بە باشی فێری بیردۆزەکەمان ببوون. خێرا ئاگربارانیان دەست پێکرد و بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبوونەوە. هەندەی نەبرد لە مەترسییەکە دەرباز بووین و بە ئاگر باراندنەوە روومان کردە گوندی سارز.Sars و پۆتەریێ Poteries و بوگنیێ Beugnies. دوژمن بە تەواوەتی شێوا. ڤێکڵی سەربازی، تانک و تۆپ لەگەڵ عەرەبانەکانی خەڵکە پەڕاگەندەکە لەسەر رێگەکان بڵاوببوونەوە. بە سیمۆسیی دا رەت بووین لەوێش هەمان دیمەن دووبارە بۆوە. هەمیشە سەرباز و شارستانییە فەرەنسییەکانمان دەدیت بە شەپرێوی دەپرژانە دەشتاییەکان. دیاریش بوو کە هێزێکی گەورەی فەرەنسی لەوێ بوون.

پێشڕەوییەکەم ڕانەگرت بەڵکو لەگەڵ بەتالیۆنی پێشەر بۆ لای بەرزاییەکانی خۆرئاوای ئاڤێسنیز سووڕاینەوە، لە دەوری ٥٠٠ یاردێک لە شارەکە لەسەر ڕێگەی لاندرێسیێ Landrecies بارەگامان دامەزراند و یەکسەر دەستمان پێکرد هێزە فەرەنسییەکان کۆبکەینەوە. لێرەش بەهەمان شێوە بێستان و ڕێگەی کێڵگەکان جام ببوون. دەبایە زوو قەفەسێک بۆ ئەسیرەکان دروست بکرێت. لەم کاتەدا گرمەیەک هات و ئاگرێکمان دیت دەسووتا. دیار بوو یەکێک لە تانکەکان یان لە لۆرییەکان لێدراون. پێوەندیمان لەگەڵ بەتالیۆنی پاش خۆمان نەمابوو. هەروەها لە بەتالیۆنی موتورسیکلەکان دابڕابووین. بەڵام هەندە گوێم نەدایێ چونکە قەرەباڵغایی و شەپڕێوییەکە لەوەدا نەبوو. تانکە قورسەکانی دوژمن ڕێگەیان لە هێزەکانی دواوەمان گرتبوو. بەتالیۆنی دووەمی فەوجەکەی پانزەر دوو تانکیان سووتا. شەڕەکە لە ئاڤیسنیز گەرمتر بوو و تا ٤ی بەیانی خایاند (٥/١٧) لە کۆتاییدا تانکەکانی هانک و پانزەری IV توانییان تانکە فەرەنسییەکان لەکۆڵ بکەنەوە و پێوەندی نێوان بەشە هێزەکانمان سازکردەوە.

گەیشتینە کاروانی پەڕاندگەندەکان و هێزە کشاوەکانی فەرەنسی. یەک پارچە هەرا و شەپڕێوی لە ئارادا بوو. بەبێ تەقەقە و شەڕ ڕێگەمان دەبڕی. هێزە فەرەنسییەکان کە ئێمەیان دەدیت لەجێی خۆیان سڕ دەبوون و هیچ بەرگری نەهاتە پێشمان بەڵکو سەدان بە سەدان چەکداری فەرەنسی تەسلیم دەبوون تەنانەت هەندێکیان لە سەیارەکانی خۆیاندا بە تەنیشتیان تێ دەپەڕین و هەر بە ڕێوە سەریارەکانمان دەگرت. لوتانەنت– کولۆنێلێکی فەرەنسی لە قەرەباڵغاییەکەدا سەیارەی چەقیبوو و گرتمان. لە پلەی سەربازیم پرسی چاوی پڕ بوو لە ڕق و تووڕەیی. دیار بوو پیاوێکی توندڕەو بوو، تەمەنی ٥٠ ساڵێک دەبوو. دامانە دەست ڕۆتنبورگ کە لە تانکەکەی سواری بکات بەڵام هەرچەندی کردمان سوار نەبوو. ناچار بووین بیکوژین.

بەنێو ماروالێ Maroilles ڕۆیشتین. قەرەباڵغاییەکە لەوە دا نەبوو هاوارمان دەکرد (لای چەپ بگرن) سوودی نەبوو. تا گەیشتینە لاندروسیێ شارۆچکەکەی ناوچەی سامبر. لەوێش هەمان، هەرا و قەرەباڵغایی هەبوو بەبێ هیچ جۆرێک بەرگری. لە پردەکەی سامبر پەڕینەوە. هێزێکی فەرەنسی لەوبەری پردەکە سەنگەریان بەستبوو. هانک راستەوخۆ بۆیان چوو فەرمانی دانێ کە چەک بن و یەکسەر کەوتینەوە سەر ڕێگەی خۆمان. لام مسۆگەر بوو کە تیپەکەمان بە دوامانەوە دێن بۆیەش هێرشەکەم بۆ لۆ کاتۆ Le Cateau برد (٨ میل لە خۆرئاوای لاندرێسێێ). بەنێو دارستانێکی درێژدا ڕۆیشتین دوژمن کردبوویە جێگەی جبەخانەی خۆی. هەتاو لە پشتمان بوو ئیتر دوژمن ئێمەی نە دەناسییەوە تا دەگەیشتینە سەر سەریان، جا یەکسەر چەکیان فڕێ دەدا. هەمان شت لە پۆمێرۆیل Pommereuille فەرەنسییەکان چەکیان فڕێ دا. ڕانەوەستام تا گەیشتمە یەکەم گرد لە خۆرهەڵاتی لۆ کاتۆ. کاتژمێر ٦،١٥ بەیانی بوو.

*ل. ھ. لە بەیانی ڕۆژی پێشترەوە تیپەکەی ڕۆمل ٥٠ میلی بڕیبوو. ئەوەی کە لەو شەوەدا ئەنجامی دابوو شتێکی بوێرانە بووە. لە باڵی چەپی ڕۆمل گودەریان و راینهارت دەیانویست پێی ڕاگەنەوە. لە سەرەتای ئەو ڕۆژەدا تیپی باڵی چەپی گودەریان گەیشتنە واس* Oise *لە ریبمۆنت* Ribmont *(٢٠ میل لە باشووری لۆ کاتۆ) ئەمە بوو پانایی ئەو بەرەی کە تەوژمی تانکەکان بەپشت هێلەکانی هاوپەیمانەکان بڕیبوویان بەرەو دەریا لە بەلجیکا. هەموو هەوڵەکانی ڕاگرتنیان بێ سوود بوو. تەنانەت سەر لەشکرە فەڕەنسییەکان هێلی دووەم بۆ بەرگری دروست بکەن بەڵام جووڵەیان قورس بوو تانکە ئەلمانییەکان پێش ئەوان گەیشتنە جێگە دیار کراوەکان.*

ڕۆمل: ناوچە تازە داگیرکراوەکان کۆنترۆڵ کران، ژمارەیەکی زۆر گەورە ئەسیر گیران، نزیکەی دوو تیپی مەکینەدار بوون. هەموو هەوڵەکان بۆ پێوەند بەستن لەگەڵ پاشماوەی تیپەکەم بێ سوود بوون. واش هەر رازی نەبووم کەسیان دوابکەوێت. نیگەران بووم کە بیستم تەنیا بەشێکی فەوجەکەی پانزەر و بەتالیۆنی مۆتۆرەکان گەیشتبوونە لام. ئەفسەرێک ناردرا بۆ گردەکانی خۆرهەڵاتی لۆ کاتۆ بەڵام پەلامار درا. ئەمجارە خۆم خەریک بووم پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی پاشەر ساز بکەم بەڵام کەوتمە بەر هێرشی دژەتانکەکانی لۆ کاتۆ و گەڕامەوە. چاوەڕوان بووم تا بەشەکانی دیکەی تیپەکەم کۆ کردەوە. ئینجا بەرەو ڕێگەی ئاڤیسنیز چووین لەوێ هەندێک مۆتۆر و سەیارە بە زەبری هەندێک دژەتانکی فەرەنسییەوە پەکیان کەوتبوو. ئێمە بە

تیژی تێپەڕین سەربازەکانمان هاواریان دەکرد کە سواریان بکەین نەدەکرا بۆیان بوەستین. خۆمان لە سنووری مەترسییەکان بە خێرایی ئاوا کرد تا گەیشتینە ڕێی ماروالێ Maroilles کەچی لەوێدا مەکینەکەی پانزەر III وەستا.

ناوەکە پڕ لە سەیارە بوو. ئەفسەری فەرەنسی بە چەکەوە ریز ببوون بەڵام دیاربوو زەبری تانکەکانمان هەژاندبوونی و هێشتا خۆیان نەگرتبۆوە. دەنگمان دان کە بە ڕیز بڕۆن و بەدەست ئاماژەمان بۆ سەیارەکانیان دەکرد بەولایەدا بڕۆن. دیسان کەوتینەوە ڕێ گەیشتینە پانزەرێکی IV کە مەکینەکەی تێک چووبوو بەڵام دۆشکەیەکی ٧٥ملم لەسەر بوو. لە دڵی خۆمدا ئۆخەیەکم هەڵکێشا. دۆشکەیەکی ٧٥ی لە باری ئەوهادا زۆر پێویست بوو.

فەرمانم بە پانزەرەکەی IV دا کە نەهێڵێ ئەسیرە فەرەنسییەکان بەرەو خۆرئاوا بجوولێن، با بەرەو خۆرهەڵات بگەڕێنەوە. ئەوجار بەڕێکەوتینەوە کەچی هەندەی نەبرد شوفێرەکە گوتی پترۆڵمان لێ بڕا. باش بوو کە هەندێک جەریکان پترۆڵمان هەبوو. لەم کاتەدا هانک هەواڵێکی راگەیاند کەوا دوژمن چەند گوندێکی داگیر کردۆتەوە. بۆیە گەڕامەوە سەر پانزەرەکەی IV .

تازە گەیشتبوومە لای پانزەرەکە کە لە دوورەوە چاوم بەپیادە و مۆتۆڕەکانی خۆمان کەوت بە خێرایی لە ڕێگەی ماربێ Marbiax شۆڕ دەبوونەوە (٥ میل خۆرئاوای لاندروسێ). ئومێد زیندوو بۆوە کە بەشی دیکەی تیپەکەم پێمان رادەگەنەوە. لە نزیک خۆرئاوای ماربێ سەیارەیەکی فەرەنسی بە تیژی بەپێش زرێپۆشەکەمدا رەت بوو. کە هاوارمان کردێ، ئەفسەرێکی فەرەنسیی لێی دابەزی و تەسلیم بوو. توومەز کاروانێکی دوور و درێژ لە لۆری فەرەنسی لەگەڵ بوو زۆریان دۆشکەی دژە فڕۆکیان لەسەر بەسترابوو. یەکسەر رووی کاروانەکەم بەرەو ئاڤێسنیز وەرسووڕاند. هانک سواری یەکەم لۆری بوو منیش لەوێ وەستام رێنمایی چەکدارە فەرەنسیەکانم دەدا کە چەک دانێن. کاروانەکە سەروبنی دیار نەبوو، ئیتر پاش رەتبوونی ١٠– ١٥ لۆری چارەم نەما، سواری یەکیان بووم و بە پێش کاروانەکە کەوتم بەرەو ئاڤێسنیز.

گەیشتینە دەروازەی خۆرئاوای باشووری ئاڤێسنیز، لەوێدا بەشێکی بەتالیۆنەکەی پاریسمان دۆزییەوە. (ل. هـ: پاریس فەرماندەیەکی ئەلمان بوو) لە گۆرستانەکە



دامەزرابوو. هانک لۆرییەکانی برد بۆ لایەک و چەکی لە فەرەنسییەکان داماڵی. سەیرمان کرد دەسکەوتەکانمان بریتین لە ٤٠ لۆری. کاتژمێر ١٦،٠٠ گەیشتنە ئاڤێسنیز. یەکەکان وردە وردە کۆدەبوونەوە. لە هەمان کاتیشدا تۆپخانەمان هەوڵێکی تانکەکانی ٤٨ی فەرەنسییان پووچەڵ کردەوە بۆ دژە هێرشێک لە ئاڤێسنیز. تانکەکانیان لەسەر رۆخی رێگاکە ریز کران هەندێکیان هێشتا مەکینەیان نەکوژابۆوە. هەندێک لە شوفێری تانکەکان بەکەڵکمان هاتن، دواتر یارمەتی فەوجی ٢٥ی پانزەریان دا کە هێرشێک بشکێنن کە لە دواوە کرایە سەریان.

*ل. هـ. زیانەکانی ئەم تیپە لە ڕۆژەکانی ١٦–١٧/ ٥ ، ٣٥ کوژراو و ٥٩ بریندار بوون. کەچی ژمارەی ئەسیرەکان گەیشتنە ١٠،٠٠٠ پیاو، ١٠٠ تانک، ٣٠ زرێپۆش و ٢٧ تۆپ. تیپەکە توانای کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئەسیر و دەسکەوتەی نەبوو.*

## چاپتەر II

ل.هـ: خۆ هەڵکوتانە تیژەکەی رۆمل بە گرتنی کامبرای راگیرا چونکە لە ١٦/٥ هێزە هاوپەیمانەکان دەستیان بە کشانەوە کرد و لە ١٨/٥ باڵی راستی لەشکری پانزەر بەرەنگاری ئەو هێزە بۆوە کە لەشکری یەکەمی فەرەنسی ناردبووی بۆ پاراستنی پاشەرەی خۆی. تەوژمی لەشکری پانزەر ئەم هێزەشی راماڵی بۆ کامبرای بەڵام زیادبوونی بەرگری فەرەنسییەکان ترسێکی لەنێو فەرماندەیی گشتی ئەڵمانیا دروست کرد. بۆیەش ، لە کاتێکدا گودەریان و راینهات لەسەر هێڵی خۆرئاوا مانەوە، هێزەکانی هۆت Hoth (کە تیپی رۆملیش دەگرێتەوە) لە باڵی راست وەستێندران تاکو پشتیوانیان پێ دەکات.

چالاکییەکانی رۆمل لەو دوو رۆژەی دواتر بریتی بوون لەمانە: پاش کۆنترۆڵ کردنی رێگەی نێوان لۆ کاتۆ و کامبرای، هەندێک وەستا بۆ ئەوەی خۆ رێک بخاتەوە و یەدەگ دابین بکات. هەروەها بۆ ئەوەی ماوەیەک بداتە هێزەکانی هەناسەیەک بدەنەوە. پلانی دانا کە لە ئێوارەی ١٩/٥ دەست بە هێرش بکاتەوە بە مەبەستی گرتنی بەرزاییەکانی ئاراس Arras.

پاش نیوەڕۆ جەنەراڵ هۆت هات بۆ بارەگای رۆمل و داوای لێ کرد هێرشەکە دوا بخات بەهۆی کە پیاوەکانی زۆر ماندوو کراون. رۆمل ئەم داواکارییەی پەسند نەکرد بەڵکو گوتی پیاوەکان لە ٢٠ کاتژمێری رابردوودا لە شوێنی خۆیان نەجووڵاون. هۆت قسەکەی پەسند کرد و رێگەی دا . هێرشی ئاراس ١,٤٠ دەستی پێکرد لە (٢٠/٥) رۆمل لەگەڵ تانکەکانی سەرە رمب دابوو. لە کاتژمێر ٦,٠٠ گەیشتە بیووریێن (٢/ ٥میل باشووری ئاراس) بەڵام فەوجەکانی مۆتۆر و پیادە بەگوێرەی پێویست پێی رانەگەیشتنەوە. ئیتر بەدوایاندا چۆوە، کەچی دیتی وا فەرەنسییەکان رێگەی گەرانەوەیان لە نێوان دوو بەشەکە گرتووە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک رۆمل لە قەیراندا بوو تاکو فەوجەکانی پیادە و هەندێک هێزی تۆپخانە فریای کەوتن. بەرەی



شەڕ کەوتە ئاراس کە لەوێدا هێزی فەرەنسی و هەندێک بەریتانی ساز ببوون. لە ٥/ ٢١ تیپەکەی پانزەر دەستی بە بالچەرخەیەک کرد بە دەوری باکووری خۆرئاوای ئاراسدا بە هاوکاری لەگەڵ تیپێکی S.S کە باڵی چەپیانی دەپاراست و لە هەمان کات تیپی ٥ی پانزەر بە خۆرهەڵاتی ئاراسدا پێشڕەوی کرد. تۆپخانە وەک جاری پێشوو باڵەکانی چەپ و راستی سەرە رمبەکانیان دەکوتا . بۆ ئەوەی دابڕان لە نێوان سەرە رمب و پیادەکان روونەدات، رۆمل فەوجی شوێنهەڵگرەکانی لە نێوان سەرە رمبی هێزەکە و پیادەکان بڵاوکردەوە. ئەم رێبازە سوودی هەبوو وەکو کە خۆی لێرەدا باسی دەکات.

رۆمل: کاتژمێر ١٥,٠٠ فەرمانم بە فەوجی پانزەر دا بۆ هێرش. ئەگەرچی ژمارەی زرێپۆشەکان کەم ببۆوە، بەڵام ئەم هێرشە نموونەیەکە بۆ ئەوەی بزانین هێرش دەبێ چۆن پێڕەو بکرێت. کە چاوم بە تەوژمی تیپی پانزەر کەوت، دڵنیا بووم کە بە هەمان شێوەی رۆژانی پێشوو سەرکەوتوو دەبێت لە دووری یەک میل لە فیشۆ Ficheux تووشی بەشێکی فەوجی ٦ بووم و لەگەڵیاندا بەرەو وێلی Wailly چووین. پێش ئەوەی بگەینە وێلی لە باکوورەوە تۆپباران کراین.

ل.هـ: ئەم هێرشە لەلایەن فەرماندەکانی هاوپەیمانەوە کرا . دەیانویست سنووری ئەو بازنە بشکێنن کە تەسک دەبۆوە. تیپی ٥ و ٥٠ی بەریتانی لەگەڵ لیوای یەکەمی تانکەکانی (تانکی پیادە) هێرشیان بۆ باشووری ئاراس کرد. فەرەنسییەکانیش بە دوو تیپی پیادە و دوو تیپی مەکینەدار هاوکارییان دەکردن. خۆ سازکردن بۆ هێرشەکە زۆری خایاند تەنانەت کە دەستیان پێکرد هێشتا بە تەواوی ساز نەبوون. ئیتر گودەریان بەیانی خۆی گەیاندە میەن Miens و شەوێ گەیشتنە لێواری دەریا ، واتە هێزی هاوپەیمانەکانی لەت کرد. ئەمە زەبرێکی جەرگبڕ بوو.

لەژێر ئەو گوشارەدا ، فەرماندە بەریتانییەکە بڕیارێکی بە پەلەی دا بۆ هێرش بەبێ ئەوەی کە لەسەر فەرەنسییەکان بوەستێت. بەڵام هێزە بەریتانییەکە تەنیا دوو بەتالیۆنی زرێپۆش و دوو بەتالیۆنی پیادە لە شەڕەکە بەشدار بوون.

رۆمل: لەژێر ئەو دۆشکە بارانەدا، پیاوەکانمان لەلای راست دامەزران. من و مۆستیش خۆمان گەیاندە باتری تۆپەکان. دیاربوو کە پیاوەکانمان بایەخ بە

تۆپبارانی دوژمن نادەن. بەئاسانی تۆپەکانیان دەهاوێشت و تانکەکانی دوژمنیان بەرپەرچ دەدایەوە. ئەوانم بەجێ هێشت و بەپشتیاندا خۆم گەیاندە وێلی و لەوێ سەیارەکانم کۆکردەوە. تروپەکانمان لەوێدایە تۆپبارانی دوژمن شێوا بوون. لەباتی ئەوەی کە لێیان بێنە دەست قەرەباڵغایی و شەپرێوییەکی نابەجێیان لە ڕێگاکانی گوندەکە خولقاندبوو. خەریک بوون هەندێک ڕێکیان بخەین و ئەفسەرەکانمان بۆ ئەم مەبەستە دەنگ دا.

ئینجا رووم کردە گردێک ١٠٠٠ یارد لە خۆرئاوای ویلی. لەوێ سووکە هێزێکی دژەفڕۆک و دژەتانک خۆیان لە دارستانەکان شاردبۆوە ١٢٠٠ یارد لەوان دوور، تانکەکانی دوژمن (تانکی قورسیان لەگەڵدا بوو) دەهاتنە پێش و ڕێگەی شەمەندەفەری ئاراسیان بڕیبوو و پەلاماری پانزەرەکانی III لە هەمان کاتیشدا هەندێک لە تانکەکانی دوژمن بە ڕێگەی [باک دوو نۆرد] بەرەو وێلی دەهاتن. شوێنەکەمان ناسک بوو چونکە چەند تانکێکی دوژمن لە باکووری وێلی نزیک دەبوونەوە و باترییەکەی ماوتزەر لەم کاتەدا شوێنی خۆیان بەجێ هێشت.. ئیتر بە یارمەتی مۆست خەریک بووین هەموو چەکەکان بخەینە کار و بەزووترین کات دژە تانک و دژە فڕۆکەکان ئاگریان کردەوە و خۆم نیشانەم بۆ هەندێکیان دادەنا.

چارە نەبوو دەبایە بەهەموو جۆرێک و بەهەموو چەکێک تەققە بکەین. سەردەستەی تۆپ و دۆشکەکان بیانگەیان ئەوە بوو کە تانکەکان هێشتا لە مەودای چەکەکانیان دوورترن، بەڵام ئەم بیانگانەم رەت کردەوە. هەموو مەبەستم ئەوە بوو کە دەبێ تانکەکانی دوژمن بوەستێندرێن. هەندەی نەبرد پەکی تانکەکانی پێشەوەمان خست، ١٥٠ یاردێک لە ئێمەوە دوور یەکێک لە تانکە قورسەکانی ئینگلیز لێ درا، ئەفسەرەکە لێی دابەزی و بە دەستبەسەرییەوە لە ئێمە هاتە پێش. شوفێری تانکەکەی کوژرابوو واتە سەرباری ئەوەی کە مەوداکان لە دەوری ١٢٠٠– ١٥٠٠ یارد بوون، ئاگری دژە فڕۆک و دژە تانک کاری خۆیان کرد و هێرشەکەیان وەستێندرا.

ئەمجارە رووی چەکەکانمان وەرسووڕاند بۆ لای باک دوو نۆرد و توانیم هێرشەکەیان هێواش بکەینەوە و دواتر زۆربەیان کشانەوە. لەم شەڕانەدا ئێمە



بەتوندی ئاگرباران دەکراین واش هەر پیاوەکانمان بە مەردانە کاری خۆیان دەکرد. پێ دەچوو کە مەترسی گەورەمان لەکۆڵ بوویبێتەوە کەچی لەپڕ مۆست لە پەنا دۆشکەیەکی ٢٠ ملم کەوت. زامێکی کوشندەی بەرکەوتبوو، خوێن لە زاری دەهاتە دەر. دوژمن لە نزیکەوە سۆراغیان نەبوو بەڵام دەستیان پێکرد پووشەڵانەکەی ئێمە بە توندی تۆپباران بکەن، مۆستی بەستەزمان، مرد. مەرگی ئەو مەردە، ئەو سەربازە بێ چەشنە، بە قووڵی کاری تێ کردم.

لەلایەکی دیکەوە شەڕێکی قورس لە تیلوا– بیورین– ئاگنی بەرپا ببوو. هێزێکی گەورە لە ئاراس هاتنە دەر و پەلاماری بەتالیۆنی I ی فەوجی پیادەکانی دا، زیانێکی گەورەیان پێگەیاندن چەکی دژە تانکەکانی ئێمە لە بەرانبەر تانکە قورسەکانی ئینگلیز کەڵکیان نەبوو. ئیتر هەموو لە شوێنی خۆیان هەڵکەندران، کۆمەڵێک ڤێکڵمان سووتان. هەروەها هێزەکانی S.S ناچار بوون لەپێش بەریتانییەکان پاشەکشە بکەن. لە کۆتاییدا تۆپخانە و تۆپی ٨٨ی دژە فڕۆک، بەس ئەوانە توانییان هێرشەکە رابگرن(١). ٢٨ تانکیان بە تەنیا بە تۆپخانە تێک شکێندران و دژە فڕۆکەکان یەک تانکی قورس و هەفتی سووکیان وێران کرد.

لە کاتی ئەو شەڕەدا هێزەکەی رۆتنبۆرگ گەیشتبوونەوە شوێنی مەبەست. چاوەڕێی پشتیوانییان دەکرد کاتژمێر ١٩,٠٠ فەرمان بە پانزەرەکان درا هێزەکەی باشووری ئاراس رامالن و باڵچەرخی بکەن. پانزەر بەرەنگاری تانکی قورس و سووک و جۆرەها چەکی دیکە بوونەوە لە باشووری ئاگنی. شەڕێکی یەکجار خوێناوی بوو. تانک بەرانبەر تانک وەستابوون یەکتریان دەکوتا. فەوجی پانزەر توانی بەنێویاندا رەت بێت، هەفت تانکی قورس و شەش چەکی دژە تانکیان وێران کرد. نرخەکەشی بریتی بوو لە سێ پانزەری Iv و شەش پانزەری III و هەندێک لە تانکە سووکەکان.

ئەم کارە بە جۆرێک دوژمنی شپرزە کرد کەوا سەرباری زۆری ژمارەیان کشانەوە بۆ نێو ئاراس. لەگەڵ داهاتنی شەو شەڕەکە وەستا، لەلایەکی دیکەوە سەنگەرەکانی

(١) م. م. م.: تۆپەکانی ٨٨ لەجەنگی دووەمدا ناوبانگیان دەرکرد. ئەڵمان دژی فڕۆک دروستیان کردبوون بەڵام دەرچوو باشترین چەکن بۆ راوکردنی تانک.

باشووری خۆرئاوای وێلی دامەزرێندرانەوە.

ل.هـ: ئەم هێرشە تاکە هێرشێک بوو کە هێزە گەمارۆدراوەکانی هاوپەیمانەکان بیکەن. ئەگەرچی بچووک بوو بەڵام ئەڵمانەکانی تاساند. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرگە ئەستوورەی کە تانکە بەریتانییەکانی ماتیلداس Matildas هەیانبوو ئینگلیز ٥٨ تانکی بچووکی مارک II یان هەبوو کە تۆپی ٢ پاوندیان لەسەرە. ئەوپەری خێرایی ئەم تانکانە دەگاتە ١٥ میل/کاتژمێر بەڵام دۆشکەی ٧٥ یان لەسەر (٣ ئینج) ئەمەش کاریگەرترە لە دۆشکە ئاساییەکانی ٣٧ ملم ... فەرەنسییەکان تانکی سوموا Somuas یان هەبوو. زرێکانیان تەنکە و خێرا دەڕۆن. ژمارەی تانکە بەریتانییەکان لەوێدا لە ژمارەی تانکە ئەڵمانییەکان زۆرتر نەبوو وەکو رۆمل نووسیویەتی. بەوەش قوڵبەست کرابوون کە پشتیوانی پیادە و تۆپخانە و ئاسمانیان لەگەڵ نەبوو. واش هەر کارێکی دەروونی گەورەیان لەسەر فەرمانــدەیی گشتی ئەڵمان کرد کە، پاش جەنگ کە شەڕەکانی ١٩٤٠ تاوتوێ کرانەوە فیلْد مارشال رووندشتێد Redstedt ئەمەی گوت: کە هێزەکانم گەیشتنە دەریا ماوەیەکی تەنگانەمان بەسەر داهات. بەهۆی دژە هێرشێکی بەریتانییەوە بوو لە باشووری ئاراس لە ٥/٢١ دا. بۆ ماوەیەک ترساین چونکە هیچ لە هێرشە فەرەنسییەکان ئەو مەترسییەیان بۆ ئێمە دروست نەکرد. کلووک و کلایشت سامیان گرتبوو. کلووگ ویستی هەموو پێشڕەوییەک بەرەو خۆرئاوا رابگرێت. هەروەها کلایست تووڕە و پەشێو ببوو. بۆیەش، کە گودەریان لە ٥/٢٢ ویستی بەرەو بوولۆنیا بچێت، کلایست رێگەی نەدا.

هەروەها لە ٥/٢٤ گودەریان و راینهارت بە فەرمانی راستەوخۆی هیتلەر وەستێندران کە تەنیا ١٠ میلیان مابوو بگەنە دەنکێرک کە تاکە بەندەرێک بوو لەدەست هێزە بەریتانییەکان مابێتەوە . ئەم فەرمانەش پاش سەردانی هیتلەر دەرچوو بۆ بەرەی جەنگ لەوێدا قسەی روندشتێد، کە هێشتا ترسی ئەم شەڕە لەسەر نیشتبوو، کاری لە هیتلەر کرد. ئیتر لەو دوو رۆژی کە ئەلمان هێرشیان وەستاند (تا ٥/٢٦) ئینگلیز دەرفەتەکەیان قۆستەوە و دەستیان بە کشانەوە کرد بۆ ئەوبەری دەریا .



نامەی رۆمل بۆ لووسی

ئەزیزم لوو: ٥/٢٣

پاش چەند کاتژمێرێک نووستن، ئێستا ماوەم هەیە چەند دێڕێک بۆ تۆ بنووسم. تیپەکەم سەرکەوتنی ئاگرینی تۆمار کردووە. دینانت، فیلیپڤیل، بڕینی هێلی ماجینۆ و پێشڕەوی کە بە یەک شەو ٤٠ میل بەنێو فەرەنسا قوول بووینەوە تا لۆ کاتۆ، ئینجا کامبرای و ئاراس هەمیشە پێش هەمووان کەوتبووینەوە. ئێستا دیسان راومان لەپێشە دژی ٦٠ تیپی بەریتانی و فەرەنسی و بەلجیکی کە گەمارۆ دراون. خەمی منت نەبێ. وا رادەبینم شەڕی فەرەنسا بە یەک– دوو هەفتە کۆتایی بێت.

**٥/٢٤:** لە بەرانبەر بێتوون Bethune وەستاوین. زۆر باشم. هەمیشە لە پێشڕەوی داین، قابیلە!؟. بەڵام شەڕەکە هەر دوو هەفتەی تر دەخایەنێت. کەشی ئێرە زۆر خۆشە. هەر نەبێ هەتاوی زۆرە.

٥/٢٦ :– یەک– دوو رۆژ بەبێ شەڕ سوودێکی باش بۆ ئێمە هەبوو تیپەکەمان تا ئێستا ١,٥٠٠ کوژراو و برینداری هەبووە واتە ١٢٪ ئەمەش بەپێی دەستکەوتەکانی شتێکی کەمە. ئیتر ئەرکە گرانەکان بەسەر چوون و شەڕی گەورەمان لەپێشدا نەماوە چونکە دوژمن شڕ کراوە. ئێستا خواردن و خەو و خواردنەوەمان وەکو جارانی لێ هاتۆتەوە. شراپیلەر هاتەوە. جێگرەکەی لە تەنیشت خۆم کوژرا .

ل.هـ: لە ٢٢ و ٥/٢٣ رۆمل بە دەوری خۆرئاوای ئاراسدا سووڕایەوە و لەژێر گوشاریدا بەریتانییەکان لە شەوی ٥/٢٣ کشانەوە بۆ دەریا (١٨ میل بەرەو باکوور) بەنێو لاباسیێ LaBassee و بیۆون تا کراڤێلانز Cravelines لەسەر دەریا کە دەکاتە باشووری خۆرئاوای دەنکێرک.

لە ٥/٢٤ فەرمانی هیتلەر دەرچوو کە دەبێ هێزەکانی پانزەر لەم سنووری کەناڵەکە بوەستن. رۆمل دوو رۆژەکەی لە رێکخستنی هێزەکانی بەسەر برد. بڕیاری هیتلەر هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری بەریتانی کە لە ٥/٢٦ درا بەوەی کە لە دەنکێرک بپەڕنەوە بۆ بەریتانیا . بەشی گەورەی ئەو هێزانەی کە کەناڵەکەیان دەپاراست بە یەکجاری رما بوو.

*کە هێرش دەستی پێکردەوە رۆمل زوو بەرەو باکوور کەوتە گەڕ. فەرماندەی هاوپەیمانەکان رێگەی جموجۆڵیان زۆر کەم بۆوە. ئەم بەرگرییەی کە شایستەی باسکردنە لە داگیرکردنی رێگەی لاباسێ، پێکچوونی هەبوو لەگەڵ شێوەی پەرینەوەی میووز. تەنیا یەک بەتالیۆنی بەریتانی لەو شوێنە بوو کە ئەو پەلاماری دا.*

**رۆمل:** ریپۆرتی فرۆکەوانەکان لە ٥/٢٦ رایگەیاند کە هێزەکانی دوژمن لە کەناڵەکە بەرەو باکووری خۆرئاوا دەکشێنەوە. یەکسەر داوام کرد کە بهێڵن لە کەناڵەکە بپەڕمەوە، رەزامەندی فەرماندەیی زوو بۆم هاتەوە.

بە درێژایی ئەو پاش نیوەڕۆیە لەگەڵ تروپەکانم مامەوە. بەتالیۆنی ٣٧ی هەواڵگری وێڕای زەبری نیشانچییەکانی دوژمن، بە یارمەتی تۆپخانە، توانییان پاترۆڵە زرێپۆشەکانی دوژمن تا کەناڵەکە راوبنێن، بەڵام بەرگری دوژمن نەیهێشت پردێک لەوێدا دروست بکەن. فەوجی٧ی پیادە بەشێکی باشیان لە کەناڵی لاباسێ پەڕینەوە کەوا کۆمەڵێک بارج (کەشتی جەنگی) لەوێدا نوقم کرابوون و ڕێگەی پەڕینەوەیان سەخت کردووە. پاش تەختکردنی دوو سەنگەری دۆشکە پیادەکانمان لە بەری باکووری کەناڵەکە دامەزران. لە پەڕینەوەدا کوژراومان کەم بوو بۆیە بڕیارم دا هەر ئەو شەوە لەوێ بپەڕینەوە.

لە ٥/٢٧ بەیانی زوو سەردانی خاڵی کوینشی Cuinchy م کرد. نیشانچییەکانی دوژمن لەلای چەپەوە بەتوندی کاریان دەکرد و هەندێک پیاومان کەوتبوون.

پێ نەدەچوو هێرشەکە سەر بگرێت. هەندێک لە تفەنگچییەکانی بەتالیۆنی ٢ و بەتالیۆنی ٧ بە بەلەمی نایلۆن پەڕینەوە و لە پووشەڵانێکی نزیک کەناڵەکە راسان. بەڵام ئەوەیان نەکرد کە بەگوێرەی پێویست خەندەک هەڵکەنن یان گوندەکەی گیڤەنشی Givenchy بگرن. هەروەها لە بیریان نەبوو کە هەندێک دوژمن دوور بخەنەوە و چەکی دژەتانک لەوێ دامەزرێنن.

فەرمانم بە ئەندازیارەکان دا بەرانبەر کوینشی پردێکی ١٦ تۆنی دروست بکەن. ئینجا پانزەرێکی Iv و چەکی ٢٠ ملم و تۆپی دژەفڕۆک بەگەڕ هێنران دژی نیشانچییەکانی دوژمن چونکە بەڕاستی پیاوەکانی ئێمەیان یەک بە یەک راو دەکرد. هەر هەموو خانووەکانی کە ٣٠٠ تا ٦٠٠ یارد لەمەوە دوور بوون بەتۆپباران تەختم کردن وێڕایی پۆشەلان و کەندەکان. پاش دوو ڕۆژ کە ناوچەکەم دیتەوە ئینجا زانیم



چ زەبرێکمان لەوێ وەشاندبوو. توومەز ئینگلیزەکان خۆیان لە خانووێک شاردبۆوە و بەگوێرەی ژمارەی قەوانی فیشەکەکانیان، دیار بوو بەبێ وەستان تەقەیان لە ئێمە کردووە. دیاریش بوو کە تۆپەکانمان کاریگەر بوون. تەرمی سەربازێکیان بەجێ مابوو هەروەها خوێن و پلاستەر لە گۆڕێ کەوتبوون.

هەرچۆنێک بێت، ئێمە خەریکی پەڕینەوە بووین کە ریپۆرت هات کەوا تانکەکانی دوژمن پەلاماری پیادەکانی ئێمە دەدەن لەوبەری کەناڵەکە. تانکە بەریتانییەکان لە تانکە هەرە قورسەکانیان بوون[٣]. ئەمانە گەیشتنە بەری باکووری کەناڵەکە و دەستیان پێکرد بەری باشوور بڕشێنن. تۆپەکان لە دەستی راستمان دەتەقینەوە و مەترسییەکی گەورە پەیدا بوو کە پیاوەکانمان راماڵن. بەڕاستی ئەگەر سوودیان لە پێشڕەوییەکەی خۆیان وەرگرتبایە دەیانتوانی بگەنە پردەکانمان.

حاڵەکەمان لەوپەڕی تەنگانە دابوو. هەر خێرا پانتوونەکانم خستە تەنیشت یەکتر تا هەر نەبێ بتوانین چەند تانکێک بپەڕێنینەوە. بارج و بەلەمە نوقمکراوەکان هەندە زۆربوون کە لێ نەدەگەڕان پردەکە راستە و راست رایەڵ بکرێت و هەر بەم هۆیەش پردەکە ئەو توانایەی نەبوو. یەکەم پانزەری III بە هەزارحاڵ پەڕییەوە. لە هەمان کاتیشدا پانزەرێکی Iv م نارد لە بەری خۆمانەوە تانکەکانی دوژمن تۆپباران بکات. باش بوو، توانی تانکەکانی دوژمن رابگرێت. ئیتر تانکە III ەکە و تۆپێکی هاوتزەر کە بەکۆڵ پەڕێندرایەوە، ئەمانە بەشدارییان لە شەڕەکە کرد و هێرشەکەیان بەرپەرچ دایەوە.

کۆمەڵێک ڤێلکلڵ ئاوا کران، هەروەها پردی ١٦ تۆنی دروست کرا. پێش هەموو شتێک دژە فڕۆک و دژە تانک پەڕینەوە، ئینجا بەشێک لە پانزەرەکانی فەوجی ٢٥ ئەوجار باتریەک لە تۆپی ٨٨ و لە هەمان کات فەوجەکەی پیادە لە دەشتی ئەوبەر بڵاو دەبوونەوە. لە کۆتاییدا تۆپخان پەڕییەوە و لە گیڤێنشی دامەزرێندران و هێرشی پیادەکان گەیشتنە کانتیلوو Canteleux. ئەم چالاکییانە تا نیوەڕۆ ئەنجامیان گرتنی ژمارەیەکی زۆر بوو لە بەریتانییەکان، پاش شەڕ و بەرگرییەکی قورس. ناوچە داگیرگراوەکانمان کۆنترۆل کرد و پاش نیوەڕۆ هەواڵم لە بارەگای فەرماندەی

(٣) ل. هـ: مەبەستی رۆمل لە تانکەکانی ماتیلداس و تانکی پیادە (مارک II) کە ٢٦ تۆن دەبێت. لە بەرانبەردا پانزەر III ٢٠ تۆنن، پانزەری Iv ٢٢ تۆن.

لەشکرەوە پێ گەیشت کە لیوای ٥ی پانزەر (جەنەڕاڵ هارد) خراوەتە بەر دەستی من بۆ ئەوەی هێرش بۆ لیل Lille بکەم. هەندەشی نەبرد جەنەڕاڵ هارد گەیشتە لام.

*ل.ه: ئەم لیوایە لە سەرەتای شەڕەکەدا ٣٢٤ تانکی هەبوو کەچی هەموو تیپەکەی ڕۆمل ٢١٨ تانکی تێدا بوو*

**ڕۆمل:** لەگەڵ جەنەڕاڵ هارد چووین بۆ لای پردەکە. تانکەکان لە پەڕینەوەدا قەرەباڵغییان دروست کردبوو. کۆمەڵێک باتری دوژمن جێگەکەیان تۆپباران دەکرد. فەرمانم بەفەوجی پانزەر دا پەلاماری لارگی بدەن (Largies ٢ میل لە باکووری کەناڵەکەیە). کاتژمێر ١٥,٠٠ لیوای پانزەر دەستیان پێکرد بپەڕنەوە بەڵام ڕۆخی کەناڵەکە لێژبوو پەڕینەوەیانی هێواش دەکردەوە و هەندێکیان چەقین. جەنەڕاڵ هارد پێشنیازی کرد هێرشەکە دوا بخەین بەڵام بەباشم نەزانی و ڕێنماییم دا کە کاتژمێر ١٨,٠٠ هێرش دەست پێ بکەن.

فەوجی پانزەر گەیشتبووە لۆرگیز. لە ڕێگەدا شەڕێکی قورسیان لەگەڵ باتری تۆپەکان کرد و هەر کە لێیان نزیک ببوونەوە، بەوپەڕی خێرایی کشانەوە. فەوجی پانزەر هێڵی دوژمنی بڕی و لیوای هارد پێیان ڕاگەیشتنەوە هەموو پێشڕەوییان کرد. پانزەر ڕێگەی خۆیان بە شەڕ دەکردەوە بەڵام پیادە پێیان ڕانەدەگیشتن. دیمەنی پێشڕەوییەکە سامناک بوو کەوا ژمارەی لیواکەی هارد زۆر لە ژمارەی تانکەکانی ئێمە زۆرتر بوو.

تاریک و ڕۆنی بەیانی بوو کە لەسەر ڕێگەی لیل ( میل و نیوێک لە خۆرئاوای فوورنێ Fournes) سەیارەکەی ڕۆتنبورگم دیتەوە. وێڕای تاریکایی شەو، فەرمانم دا کە هێرشەکە ڕانەگرن و ڕێگەی نێوان لیل و ئارمێنتێر بگرن.

بەباشم نەزانی لەگەڵ ڕۆتنبورگ بڕۆم چونکە دەبایە چاودێری جووڵەی تێکڕایی تیپەکەم بکەم، وایەرلێسەکەش پەکی کەوتبوو، هەروەها دەبایە یەدەگ و هێزەکانی پشتیوانی مسۆگەر بکەم.

لە ڕێگەی ستافەکەمەوە فەرمانم بۆ هارد نارد کە بەفەوجی٢٥ بەیانی زوو سەر لە ئینگلۆس Englos دا بدات. لیواکە لە جووڵەدا گورج نەبوو تەنانەت بە هەمووی یەک بەتالیۆنی فەوجەکە لەوێ بەشدار بوو.



**٥/٢٧ ئەزیم لوو**

زۆر باشم. وا خەریکی گەمارۆدانی ئینلیگز و فەرەنسییەکانین لە لیل. خۆم لە لای باشووری خۆرئاواوە بەشداری دەکەم. لە خۆشوشتن و ئەم جۆرە شتانەدا زۆر باشم. گوێنەر (یاوەرەکەی) ئاگایەکی باشی لەمنە. وێنەیەکی گەلێک زۆرم گرتوون.

**ئەزیزم، فراور ڕۆمل**

ڕێگەم بدە بەتۆی ڕابگەیێنم کە فوورەر لووتانیت هانکی ڕاسپاردووە لەباتی خۆی سینگی مێردەکەت بە میداڵی خاچی سوارە بڕازێنێتەوە. خۆم و هەموو پیاوەکان دەزانین کە کەس وەکو مێردەکەت شایستەی ئەو میداڵە نییە. تیپەکەی بەرەو سەرکەوتنێکی وا کە وابزانم سەرکەوتنێکی بێ چەشنە. جەنەڕاڵ وا گەڕایەوە لای تانکەکان دیسان. ئەگەر زانیبای نامە بۆ تۆ دەنووسم، خانمی بەڕێزم، مسۆگەرە سڵاوی بۆ دەناردی. لێم ببوورە کە بە ئامێری چاپ بۆت دەنووسم چونکە هێشتا زامەکەی دەستم چاک نەبۆتەوە.

با لە کۆتاییدا جوانترین درووودی تێکڕایی ستافەکەمان بە ئێوەی بەڕێز بگەیێنم.

نۆکەری دڵسۆزتان
شرایپلەر
جێگری فەرمانده تیپی ٧ی پانزەر

ڕۆمل: شەوێ ڕۆتنبورگ بەرەو قووڵایی باکوور چوو. ڕێگاکە بەوە دیار بوو کە ئەو هەموو کاولکارییەیان کردبوو. فەرمانم دا پیادەکان لە جێگە تازە گیراوەکان بڵاو ببنەوە. هەروەها بەتالیۆنی هەواڵگری پێشڕەوی بۆ فوورینز Fournes بکەن و کەند و سەنگەرێکی زۆر دروست کرابوون، زۆری ویست تا بەسەریاندا ڕەت بووین. زۆربەی جاریش لامان دەدا و بەدەشتدا دەڕۆیشتین. مەبەستم هەبوو یەدەگ و پێداویستییەکان زوو بگەنەوە فەوجی ٢٥ی پانزەر. نیوەی شەو تووشی مێجەر ئێردمان بووم، فەرمانەدەی بەتالیۆنی هەواڵگری، لەنزیک فوورنیزدا. گوتم دەبێ

بەیانی (٥/٢٨) سازبێت. خۆم و ستافەکەشم لە خانووێکی قەراغ فوورنیز دامەزراین. کاتژمێر ١٠,٤٠ برووسکەیەک لە رۆتنبۆرگەوە هات دەیگوت ئامانجەکانی خۆی لە لوومێن پێکاوە. بەم جۆرە بەری خۆرئاوای لیل بە یەکجاری دابڕاندرا و یەکسەر فەرمانم دا کاروانەکەی یەدەگ و پترۆڵ بگەنە فەوجی پانزەر.

کاتژمێر ٣,٠٠ پاش پێچێک بە خۆرئاوای ئینگلۆسدا، ئینەتیەر Ennetieres گرت. ژمارەیەکی زۆر تانک و لۆری یەدەگەکانی دوژمن لە کەندەکانی سەر رێگاکان فڕێ درابوون. لە رێگەی لیل– ئارمێنتیەر Armentiers نزیک بووینەوە بەڵام تانکەکانی رۆتنبۆرگ سۆراغیان نەبوو. نیگەران بووین چونکە ڕۆژ نزیک کەوتبۆوە و دوور نەبوو تۆپباران بکرێین. لە کۆتاییدا دۆزیماننەوە. ریپۆرتی دا کە ئەو شەوە هێرشی بۆ هێڵی فوورینز– لیل کردووە. پاش هێڵی شەمەندەفەر پێچی بەرەو باکوور کردووە. لەوێ بەرەوڕووی تانکەکانی دوژمن بۆتەوە و رایانماڵین، بەڵام پاش شەڕێکی قورس.

هێزەکانم لەنزیک لۆم Lomme کۆکردەوە و هەندەی نەبرد شەڕ لە قەراغ شاری لیل بەرپا بوو. دوژمن دەیانویست بە تانک و تۆپ رێگە بەرەو خۆرئاوا دەرکەن. بڕیارم دا هێزی پیادە تفەنگچی و هەواڵگری راکێشم بۆ شەڕەکە.

بارەگای فەوجی پانزەر لە هەمان کاتدا کرابووە بارەگای تیپ. لەم کاتەدا درایە بەر تۆپبارانێکی چڕ. هەستمان کرد ئەوانە تۆپی خۆمانن، یەکسەر گوللەی ئاگرداری سەوزمان هاوێشت. تۆپێکی قورس لە تەنیشت دەرگای خانووەکە تەقییەوە. کە دووکەڵەکەی رۆن بۆوە، مێجەر ئێردمان لەسەر روو بەمردوویی کەوتبوو، پشتی هەڵزڕا بوو و دەستی چەپەی لەنێو دەستەوانەکەیدا فڕێ درا بۆ لایەک. هەروەها کۆمەڵێک پیاوی تر بریندار بوون. هەر خەریک بووین ئاگرداری سەوز و نامەی رادیۆ بنێرین دواتر تێگەیشتین کە هەڵەیەک لە خوێندنەوەی نامەیەکدا کرابوو. تۆپبارانەکە لەلایەن باتری تۆپخانەی تیپێکی دیکەوە کرابوو.

*ل.هـ: لەم پێشڕەوییەدا رۆمل وای کرد نیوەی لەشکری یەکەمی فەرەنسی گەمارۆ بدرێت. و دواتر لە ٥/٣١ تەسلیم بوون. لەو کاتەشدا بەریتانی و پاشماوەکانی لەشکری ١ و ٧ فەرەنسی کشانەوە بۆ دەنکێرک لەوێدا هێڵێکی بەرگری بەدرێژایی جوبارێک پێک هێنرا. ئەو هێڵە ئاوییە سوودێکی گەورەی هەبوو بۆ بەرگریکردن.*



*هێڵەکە دوور لە دەریا دروست کرا بای ئەوەی کە ٣٣٨,٠٠٠ بەریتانی وێڕای ١٢٠,٠٠٠ فەرەنسی بەدەریادا بگوێزرێنەوە بۆ بەریتانیا (لە نێوان ٥/٢٦ تا ٦/٤). تەنیا چەند هەزار چەکدارێک ئەسیر کران. ئەمانەش پاسەوانەکانی پاشەری لەشکرە فەرەنسییەکان بوون کە بە مەردانە بەرگرییان کرد تا ئەوانی دیکە بە ئاسوودەیی بکشێنەوە. بەڵام لە شەڕەکانی ئەو سێ هەفتەدا ئەڵمان نزیکە ملیۆنێک ئەسیری دیکەیان گرتبوو بەرانبەر بە ٦٠,٠٠٠ لەزیانی خۆیان.*

*سوپاکانی هۆڵەندی و بەلجیکی هەموو راماڵران. فەرەنسی ٣٠ تیپیان لەدەست چوو کە دەکاتە ١/٣ تێکڕای سوپایان کە هێزە هەرە چالاکەکانیشی دەگرتەوە. هەروەها ١٢ تیپی بەریتانی، ئەگەرچی زۆربەی پیاوەکانی دەرباز بوو، بەڵام تێکڕای چەکیان بەجێ هێشت. تەنیا دوو تیپی بەریتانی گیران. لە ٥/٢٠ جەنەڕاڵ وەیگاند Weygand لە جێگەی جەنەڕاڵ گاملان Gamlin بە فەرماندەیی گشتی هاوپەیمانەکان دانرا و تووشی بارێکی زۆر گرژ بۆوە. تەنیا ٦٦ تیپی ماندووی مابوو لە بەرەیەکی زۆر بەرفراواندا. هێڵی بەرەکە لە نزیک ئابڤیل Abbeville لەسەر دەریا دەستی پێ دەکرد بەسۆم Somme و ئایزن Aisne دا دەڕۆیشت تا دەگەیشتە هێڵی ماجینۆ. پێی دەگوترا هێڵی وەیگاند بەڵام هیچ ئومێدێک نەبوو بپارێزرێت.*

*تیپەکەی رۆمل چەند ڕۆژێک حەسانەوەی هەبوو پاش ئەم شەڕانەی کە لەشکری فەرەنسی لەت کردبوو. ئینجا بەرەو باشوور گوێزرایەوە بۆ ئەرکە سەرەکییەی ئەم هەڵمەتە.*

**هەرە خۆشەویستم لوو:** ١٩٤٠/٦/١

شەری لیل کۆتایی هات و ئێمە وا لە دەروازەی خۆرئاوای بەرەی شەڕەکەدا وەستاوین. لە ٥/٢٦ لووتانەنت هانک لەباتی فوورەر، لە رێورەسمێکدا میدالی خاچی سوارەی بە من بەخشی و سڵاوی بە من راگەیاند، پاش ٣ کاتژمێر و نیو بەرەی خۆرئاوای لیلمان پەلامار دا و لە نیوە شەودا گرتمان. یەک– دوو کاتژمێر پشوومان وەرگرت ئینجا یەدەگ و پترۆل و تانکەکانم بەرەو بەرەی شەڕ جووڵاند. بەداخەوە فەرماندەی بەتالیۆنێکی خۆم بە ئاگری خۆمان کوژرا.

ئێستاش وا بزانم چەند ڕۆژێک پشوو دەدەینەوە. ڕەنگە فەرەنسا کۆڵ بدات دەنا ئەگەر نایکات، دەیدەینە بەر چەپۆکان تا دوورترین ئاقاری وڵاتەکە. من زۆر باشم. جەژنی لەدایکبوونت لێ پیرۆز بێت. کاری ترسناکم لەپێش دایە کە بیکەم. ئەم پیاوانەی من چەک و شمەکێکی زۆریان لە دەست داوە لە شەڕدا و دەبێ پڕ بکرێتەوە. وا ئێستاش ئیشی خۆمان بەچەکی فەرەنسی جێبەجێ دەکەین...

٦/٢ دوێنێ بۆ فوورەرم نارد کە ئێمە زۆر باشین و سبەینێ بۆ باشتریش دەبین.

٦/٣: سەردانی فوورەر شتێکی زۆر خۆش بوو. سڵاوی بۆ من ئەوها بوو" ڕۆمل، لە هێرشەکەدا پەرۆشی تۆمان بوو" روخساری بەشەوق هاتبوو و لەنێو فەرماندەی تیپەکاندا من تاکە کەسێک بووم کە لەگەڵی مامەوە.

٦/٤: ئەمڕۆ بەرێ دەکەوینەوە. شەش ڕۆژ حەسانەوە بۆ ئێمە زۆر باش بوو. توانیمان چەک و ئامێرەکانمان ساز بکەینەوە.

هەڵمەتی داهاتوو هەندە سەخت نابێت و چەندە زوو دەست پێ بکات بۆئێمە باشترە. لادێکەی ئێرە شەڕی نەگەیشتۆتێ و هەموو بەخێرایی بەسەرچوو. تکایە هەر شتێک لە ڕۆژنامەکاندا دەربارەی من بنووسرێت پارچەی لێ بکەوە و دایبنێ. ماوەی خوێندنەوەم نییە ئێستا بەڵام هەر خۆشە دواتر چاوێکیان پێدا بخشێنم.



## چاپتەر III

### قەدبڕینی سۆم

٣,٣٠ بەیانی ١٩٤٠/٦/٥ ئەزیزم لوو

ئەمڕۆ بەشی دووەمی هەڵمەتەکەمان دەست پێدەکات. پاش کاتژمێرێک لە کەناڵەکە دەپەڕینەوە (هێڵی سۆم لەوێدا کەناڵێکی لێبوو) ماوەی خۆمان بەباش وەرگرتووە و وا ڕادەبینم ئیش بەباشی بڕوات. من تەنیا چاودێری بۆ هێرشەکان دەکەم لە دوورەوە. ئومێد دەکەم شەڕی زەمینی لە دوو هەفتەی ئایندەدا بوەستێت. نامەی پیرۆزبایی بەکۆمەڵ بۆم دێن. هەموو جیهان بۆم دەنێرن. ماوەم نەبوو بۆیە زۆربەیان نەخوێندراونەوە.

*ل.ه: هەڵمەتەکەی بەرەی سۆم کە لەشکرەکانی بۆک کردیان لەشکرەکانی ئایزن پاش چوار ڕۆژ ئینجا بەشدار بوون. لە پێنج لەشکری پانزەر، سێیان خرانە بەردەستی ئایزن لەوانە لەشکری کلایست لە ئامیەن- پێرون دانراو لەشکری هۆت لەلای هەرە ڕاست لەنێوان ئامیەن و ئابێڤیل دانرا. دوو لەشکرەکەی دیکە درانە دەست گودەریان، پاش ئەوە لە یەک پلە بەرز کرایەوە، و کشاندرانەوە بۆ باشووری خۆرئاوای سیدان.. هەر لەشکرێک دوو تیپی پانزەری هەبوو لەگەڵ یەک تیپ پیادەی مەکینەدار.*

*هێرشەکەی باڵی هەرە ڕاست بەهۆی خۆهەڵکوتانەکانی ڕۆمل لە شەوی ٦/١٨ پاش دوو ڕۆژ شەڕی قورس گەیشتە باشووری ڕوێن* Rouen *(ل ه: واتە ٧٠میلی بڕی). بەڵام هێرشی ناوەندی باڵەکە، لەشکرەکانی کلایست، لە ڕێگەی پاریس بەرەوڕووی بەرگرییەکی توند بۆوە. کەچی بەپێچەوانەی ئەمە، گودەریان زۆر بەئاسانی پێشڕەوی دەکرد. بۆیەش، هێزەکەی کلایست بۆلای هەمان بەرەی گودەریان ڕاگوێزرا. گودەریان بوو بەسەرە ڕمب. جووڵەیان بەرەو باشووری خۆرهەڵات بەتەریبی هێڵی ماجینۆ لە سنووری سویسڕا نزیک بۆوە. لەو دەمانەشدا*

*بەرگری فەرەنسا بەشێوەیەکی گشتی دەرِما و ناچار بوون کە لە شەوی ٦/١٦دا داوای ئاگر بەست بکەن.*

*شکاندنی هێڵەکانی بەرگری لەلایەن گودەریان و پاڵەپەستۆی رۆمل سوودیان وەبەر دەهێنرا . ئەم هێرشانە ناوبانگی رِۆملیان بەرزدەکردەوە. تیپەکەی رۆمل هەمیشە سەرەرِمێک بوو هێرشی رۆمل لەنێوان لۆنیپرِ* Lonypre *و هانگست* Hangyst *بوو. ناوچەیەکی زەلکاوی چۆڵ بوو. دوو هێڵی شەمەندەفەری لێ بوو کە هەریەک پردێکی بۆ کرابوو. فەرەنسییەکان هەموو پردەکانیان تەقاندەوە تەنیا ئەم دوو پردەی شەمەندەفەر نەبێت، ئەمەش بەگران لەسەریان کەوت. رۆمل دەیخستنە بەر ئاگربارانێکی بێ هودان بەرِۆژ و بەشەو تا ٦/٥ کە هێرشەکەی کردو گرتی چونکە هێزەکەی بەئاسانی پەرِاندەوە.. بەرِاستی برِینی ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە لەلایەن رۆملەوە شتێکی زێدە سەیر بوو.*

**رۆمل:** کاتژمێر ٤,١٥ لەگەڵ لوتانەنت لوفت و ستافەکەم بەرِێکەوتین بۆلای فەرماندەیی تۆپخانە، لەوێدا سەیری دەستپێکردنی هێرشەکەمان کرد بۆ بەرەی سۆم. لە جێگەکەمانەوە دیاربوو کە تۆپبارانە سەرەتاییەکە کاری باش دەکرد و دەنگێکی ئەوتۆ لە دوژمن نەدەهات.

بەم پێیە، بەتالیۆنی ٢ی پیادە چوونە خاڵی پەرِینەوە و کاتژمێر ٥,٠٠ خەبەر هاتەوە کەوا پردەکان بەساغی گیراون. ئەندازیارەکان سکەی شەمەندەفەریان لابردو پردەکەیان بۆ پەرِینەوەی تانک ساز کرد و پیادەکان لەوبەر، بەفەرماندەیی کۆلۆنێل فۆن ئۆنگەر، بەهەسپایی پێش دەکەوتن. لەگەڵ لوفت بەپێ پەرِینەوە بەری باشووری پردەکەی سۆم بەرِێکەوتین، رِێگەکە پرِ لە کەند و لێژایی بوو. لە شوێنێکدا سەیارە نەیدەتوانی هەورازێک ببرِێت. ئێمە دابەزین و لەگەڵ ستافەکەم چەند هەنگاوێک بەرەو بێستانێکی دەرە بەپێ رِۆیشتین هەر هەندەمان زانی سەربازێکی فەرەنسی لە نێو دەرەکان هاتە دەر و یەکسەر دەستی بەرز کردەوە.. وردە وردە سەربازی تر دۆزرانەوە، هەندێکیان مردبوون و هەندێکیان بریندار. دیارە تۆپبارانەکەمان کاریگەر بووە.

هێزەکانمان لەو کاتەدا گەیشتبوونە هەورازێکی سەخت لە خۆرئاوای باشووری





پەرِینەوە لە رووباری سۆم
کامیرای رۆمل ٥-٦-١٩٤٠

سۆم. کۆلۆنێل رۆتنبورگ فەرمانی پێدرا کە رەگەڵ فەجی پیادەکان بکەوێت و پێکەوە هێرش بۆ لۆکویێسنوا Le Quesnoy بکەن (٥میل لە پشت سۆم). ناوبەناویش دەسرِێژی دۆشکە ناچاری دەکردین خۆ بشارینەوە.. پانزەرێکی IV زنجیرەکەی جام ببوو و بەری پردەکەی گرت نیو کاتژمێری بەنرخمان بەفیرِۆ دا .

کاتژمێر ٩,٠٠ پێشرِەوییەکەمان باش دەرِۆیشت. هێزێکی دوژمن لە ئەوانە بوون ئێمەیان لەسەر پردەکە تۆپباران دەکرد. یەتالیونێکر سەرلەبەری پانزەر پەلاماری ئەو گوندەی دا . بەڵام لە هەورازێک واچەقین و هیچیان نەگەیشتنە سەر بەرزاییەکان هەندێک لە تاقمەکانی تانکەکان دابەزین. کەوتنە بەر دەسترِێژی دۆشکە و زیانیان لێکەوتەوە. هەموو هێزەکان بۆ هێرشی داهاتوو سازکران.

لە کۆتاییدا بەتالیۆنی مۆتۆرەکانم نارد. بەتالیۆنەکە دابەزین و هێڵێکی پانیان پێکهێنا بۆ هێرش. کە بۆ لای ئەوان دەچووم سەیارەکەم رِێژنە دۆشکەیەکی بەرکەوت. باش بوو زرێکان خۆیان رِاگرت ئیریەلەکەمان شکا . هەروەها سەربازێک لە زرێپۆشەکەی دوامانا بەسەختی بریندار کرا .. دوژمن شەرِی نەوەستاند تاکو بەتالیۆنی موتۆرەکانی لێیان چوونە پێش و جێگاکەیان کۆنترِۆڵ کرد. لە نیوەرِۆ بەرەو شەو کەوتینە بەر تۆپبارانیکی قورس لەوبەرو ئەمبەری رِێگەی دەدا . تیپەکە

نەوەستا و. زیانمان زۆر نەبوو بەڵام هەندێک ورەمان دابەزی.

فەرمان درایە پانزەری ٢٥ و بەتالیۆنی ٥٦م بۆ لۆکوێسنوا پێشڕەوی بکەن و هەروەها تۆپخانە و دژەفڕۆکەکان دەبایە چەترێکی ئاگرین بۆ هێرشەکە دروست بکەن، ئەو ناوچانەی کە وێران دەکران دەبایە پیادە داگیری بکەن ئینجا یەکسەر دژە تانک و دژە فڕۆک لێی دامەزرێت بۆ ئەوەی کە توندترین پشتیوانی پێشکەش بەهێزەکان بکەن.

کاتژمێر ١٦,٠٠ی ڕێک هێرشەکە دەستی پێکرد. تانکەکان جووڵان و تێکڕای بەشەکان بەجۆرێک هاوکار بوون کە لە کاتی ئاشتیشدا هەر هەندە ڕێک دەبوو. هێزە کۆلۆنیالییەکانی[١] فەرەنسی بە چەکێکی قورسەوە لەنێو پووش و دارستانەکان خۆیان دانووساندبوو و تانک و هێزەکانی هەواڵگری ئاگرێکی هەندە زۆریان بەدوژمن وەنا کەوا تا ئەوان تێپەڕین دوژمن تەققەیەکی هەندە قورسی نەکرد..

ناو بەناویش تۆپەکانی دوژمن گڤڤەیان دەهات. تا گەیشتینە لۆ کوێسنوا، Le Quesney لەوێدا شەڕ گەرم بوو.


بەڕاستی ناوی (شاتۆ دۆ کوێنسوا)[٢] لەم شارۆچکە دەوەشایەوە چونکە سەربازە ڕەشەکان بەبەرد و ئاسن و چەک دەوری ئاوەدانییەکەیان تەنیبوو واش هەر کەڵکی نەبوو چونکە پانزەرەکانی IV دوژمنیان کوتا. بەتالیۆنێکی پانزەر بەدەوریاندا سووڕایەوە و ئەوەی دیکە ڕاستەوخۆ هێرشی کرد و چەتریان بۆ پیادەکانمان دروست کرد کە بەبنیدا پێشڕەوی بکەن.

ئەسیرێکی زۆر گیران کە هەندێکیان بەنائومێدی خۆیان سەرخۆش کردبوو و زۆربەشیان ئەفریقییە ڕەشەکان بوون. بەگوێرەی ڕێنماکانی کۆرپس دەبایە لەو ڕۆژەدا ناوچەکانی خۆرئاوای ئۆرنوا Hornoy· بگرین، بۆیەش بڕیارم دا کە نەوەستین و لە ١٩,٢٥ بەنێو مۆنتاین– لو– فایێل و ئامێ نوا بڕۆین. کۆمەڵێکی زۆر لە هێزەکانی دوژمنلە ڕێگای بوادۆ ریەنکورت Boi-de-Riencourt بەئاگر پانزەری وێران کران کۆڵەگە دوکەڵێکی گەورە لەلای چەپمان لە ڤێکلەکانی دوژمن هەڵدەستا،

(١) م. م. م.: کۆلۆنیال– هێزەکانی کە لە وڵاتەکانی سەر بەفەرەنساوە هاتبوون وەکو ئەفریقیا.

(٢) م. م. م.: شاتۆ واتە قەڵات.






هەروەها عەرەبانەو وڵاغەکانی دوژمن بەبێ شوفێر بەدەشتەکە وەرببوون، ئەم جار تۆپبارانێکی قورس لەلای باشووری خۆرئاواوە هات بەڵام نەیوەستاندین.

فەرمانێک لە کۆرپسەوە گەیشت ڕایدەگەیاند کە هەندە پێش نەکەوین بۆ مۆنتاین– لۆ–فایێل (٨ میل لە پشت سۆم) نەباتا بکەوینە بەر بۆمباردمانی فڕۆکەکانی خۆمان. بۆیە، فەرمانم دا بوەستن و هەرکەس لە جێی خۆیەوە سەنگەر و خەندەک ساز بکات. بەڵام ئەم وەستانە تووشی شەڕێکی قورسی کردین. تانکەکانی دوژمن لەباڵی ڕاستەوە هێرشیان کرد بەڵام هەر زوو بەتۆپەکانی ٨٨ کوتران. هەروەها ناوچەکانی ژێر دەستیان بەتوندی تۆپباران کران، وایان لێهات مەیلی شەڕ کردنیان کەم بێتەوە. ئینجا کاتژمێر ٩,١٠ نامەیەکم بەڕێ کرد "هەموو بوەستن، دوژمن شڕ بووە" ئەوجار گەڕامەوە بارەگای تیپ.

٦,٦ سەرلەبەیانی بارەگام بەجێهێشت. لەگەڵ هانک چووین بۆ بارەگای پانزەری ٢٥. شەوێ شەڕی قورس لەگەڵ تانک و ترووپە ڕەشەکان ڕووی دابوو. باترییەکی دژەفڕۆک کۆمەڵێک تۆپی ٨٨ی لە دەست چووبوو.. کاتژمێر ٩,٠٠ ئینجا توانیم ئەفسەرەکان بۆ ڕێنمایی کۆبکەمەوە.

هێرش لە کاتژمێر ١٠,٠٠ دەستی پێکرد. بەدوا فەوجی پانزەر کەوتین. پانایی

بەرەکە ٢٠٠٠یارد بوو بەقوولایی ١٢میل. بەم شێوازە دەشت و دەر و هەورازەکانمان دەبری پیادەکان بەئێمە ڕادەگەیشتن و لێک دانەدەبراین.

پاش شەڕێکی ترسناک، هێرملی Hermly کەوتە دەست پیادەکانی ئێمە. فەوجی پانزەر بەرەو باشوور بزووت تا ڕێگای کۆلیێلیز–ئیپلیزیێر (20 میل لەپشت سۆم) بەبێ شەڕ گیرا.

*ل هـ: لە ٦/٧ ڕۆمل پتر لە ٣٠میلی بڕی. ئەم پاڵەپەستۆیە لەشکری دەیەمی لەت کرد کە لەسەر دەریاوە بڵاوبۆوە تا ئامیەن Amiens. هەروەها دوو تیپی زرێپۆشی بەریتانی، لەو ناوە بوون.*

ڕۆمل: کاتژمێر ٩,٠٠ لەگەڵ شرایپلەر بە پوا Poix دا چووینە ئێپلێزیێ. چەک و عەرەبانەی وڵاغەکانی تیپی شەشەم لەو گۆڕە کەوتبوو و ناوەکە بەتوند بۆمباردمان کرابوو بەتایبەتی پوا. بەڵام شەڕێکی ڕاستەوخۆ ڕووی نەدابوو.

لە نێوان کۆلێیر – ئێپلێزیێ کورتە دیدارێکم لەگەڵ فەرماندەی لەشکر کرد. پاش سپاس و ستایش کردنی کردارەکانی تیپی هەفتەم، جەنەڕاڵ هۆت ڕازی بوو پلانەکەی ٦/٧ بەڕێوە بەرین. تەنانەت بیری کردەوە کە ڕەنگە بتوانین تا ڕوێن Rouen بڕۆین. ئینجا سەیارەمان بەرەو گردی ١٨٤ هاژووت لە باشووری تیوولوا لاڤیل Thieu loy Laville کە لەوێوە فەرمان بەباڵی چەپ درا کاتژمێر ١٠,٠٠هێرش بکەن.

*ل.هـ:دواتر لە ساڵانی ١٩٤٤–٤٥ هاوپەیمانەکان بەدەگمەن ئەم ڕێبازەیان پێ ئەنجام دەدرا لە پێشڕەوی زرێپۆش. ڕەنگە ئەمە بووبێتە هۆی دواکەوتنیان.*

**ڕۆمل:** پێشڕەوییەکە بەباشی و بەڕێکی بەڕێوە چوو بەرەوڕووی دوژمن نەدەبووینەوە بەڵام بەگوێرەی شوێنەواریان، دیاربوو تازە پێش ئێمەیان چۆڵ کردبوو. چوار سەربازی فەرەنسی گیران. یەکیان ئەگەرچی بەسەختی بریندار کرابوو بەڵام تەقەی ڕانەگرت تا گەیشتینە سەر سەری، ئەمە لە نزیک فووکوێری ڕووی دا، خەڵکەکە پەڕاگەندە ببوون. زۆرجا توشی سەرباز و خەڵکی لادێی دەهاتین لە ترسان خۆیان لە پشت لۆرییەکان درێژ دەکرد بەچەشنی مردوو. بانگمان دەکردن کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.




لە بازانکوورت Bazancourt بەولاوە ڕێگەمان بەنێو لادێدا بوو دواتر گەیشتینە گردەکانی مەنێرڤال Menerval لە کاتژمێر ١٧,٣٠دا خەڵکەکە باریان دەکردو خۆیان لە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکان هەڵدەدا دەرێ و بەقسەی مە نەدەگەڕانەوە، یەک ماڵ نەبێت ئەمەیان خاوەنەکەی لە کاتی خۆیدا لە ئەڵمانیا ئەسیر ببوو، ئەوانیش خەریکی هەڵاتن بوون بەڵام کە ئێمەیان دیت گەڕانەوە کابرا ژن و منداڵەکانی نارده ژێر زەمینی خانووەکە شەڕابی سێویان بۆ سەربازەکانمان هێنا. گوتی پێشتر ئەڵمانی ناسیوە و لێیان ناترسێت.

فەوجی پانزەر لە مەنێڤال (٤٥ میل پشت سۆم) دامەزراو بەتالیۆنی شوێنهەڵگر بۆ پشکنینەوە نێردرانە پێش. چوومە لای پانزەرەکانی کاپتن شولتز Schultz کە فەرمانی پێدرابوو پێشڕەوی بکات بەدرێژایی ڕێگای سومۆنت Soumont تا من گەشتمە لایان ٤٠ ڤێکڵی جۆراوجۆریان گرتبوو و ئیتریش بەڕێوە بوون. هەروەها ٣٠٠ ئەسیریان گرتبوو کە هەندێک لەمانە میرەی لەشکری فەرەنسی بوون وێڕای ١٠ زرێپۆش و ١٠٠ڤێکڵی تر. گەڕاینەوە بارەگای تیپ کە لە مارکۆکوێ Marcoquet دامەزرابوون. قەرەباڵغییەکە لەو ڕێگە خۆڵاوییەدا هەندێک دوای خستین و کە گەیشتینێ تاریک داهاتبوو. دیتمان مێجەر زایگلەر لە هەندێک ئەفسەری ئینگلیز و فەرەنسی دەکۆڵێتەوە. ئەسیر و دەسکەوتێکی زۆرمان هەبوو بەرانبەر زیانێکی زۆر کەم.

**ئەزیزم لوو،** ١٩٤٠/٦/٧

ڕۆژی لەدایکبوونت ڕۆژێکی سەرکەوتووانە بوو. ڕۆژ بەڕۆژ نیشانەی ڕمان و لێک و پێک بوونەوە دیار دەبن. هەر هەموومان زۆر زۆر باشین و خەوێکی باشم کرد–

*ل.هـ: هەندێک هێزی بەریتانی لە ئاندێل دامەزرابوون. بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەم پێشڕەوییە بکەن ٩ بەتالیۆنی پیادە بەدرێژایی ٦٠میل بڵاویان کردەوە لە دییەپ Dieppe تا سیەن Siene بۆ ئەوەی ڕوێن داپۆشن. تانک و دژەتانکیان زۆر کەم بوو تەنیا تیپی زرێپۆشی یەکەم نەبێت لە دوایان وەستابوو بەدرێژایی ٩٠میل ڕۆمل لەڕۆژی دووەمدا ئەم هێزانەی ڕماڵی و هەر هەندەیان پێکرا کە بارەگای خۆیان*




*دەرباز بکەن بەلای سییەن و گێۆندا .*

رۆمل: بەیانی ٦/٨ یاوەر و جێگرەکەی خۆم بانگ کرد. پێشنیازم ئەوەبوو کە دەبێ تیپی ٧ی پانزەر ٤میل لە ڕوێن ئاوا بێت و هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم شارە بکات و لەوێدا پێچێک بکاتەوە بۆ باشووری خۆرئاوا بۆ گرتنی پردەکەی سییەن. لە ١٠:٣٠ بەڕێ کەوتین. هێرشە نزمەکانی فڕۆکەی دوژمن بەرپەرچ درانەوە. بەخوار ئارگویلدا تێپەڕین بەپێ تا گەیشتینە سیگی Sigy کە لەوێدا تاقمە پانزەرەکەی پێشەوە پەلامار دراو ئەوانیش زوو لێیان هاتنە دەست. لەمیانی ئەو شەڕەدا دوژمن پردەکەی ئاندێلیان تەقاندەوە. ئێمە لە دووری چەند سەد یاردێکەوە دیتمان. هەستاین باترییەکەی هاوتزەرمان پێش خست، بوو بە شەڕێکی ئاواڵە– هێزەکان بڵاوکرانەوە و دژەتانکەکان لە وێستگەیەکی شەمەندەفەرێکدا دامەزران. گەڕام تا خاڵێکم دۆزییەوە لە ٤٠٠ یارد لە باشووری سیگلی کەڵکی هەبوو کە تانکەکان لێی بپەڕنەوە و یەکسەر بەشێکی پانزەرەکان پەڕینەوە.

ئاوەکە قووڵ نەبوو و پانزەری یەکەم یەکسەر پەڕییەوە و بەپێش پیادەکان کەوت کەچی پانزەری دووەم لە ناوەڕاستی ڕووبارەکە کوژایەوە. لەم کاتەشدا سێ سەربازی ئینگلیز بەدەستی بڵندکراوەوە لێمان هاتنە پێش، بەڕاستی سەیر بوو کە



هەر خۆیان یارمەتی پانزەرەکەیان دا کە بپەڕنەوە. پارچەکانی پردە ڕووخاوەکە لەنێو ئاوەکە بوون. هەندێک دار بی هەبوون ئەوانیشیان بڕی و خستیانە پاڵ پارچەکانی دیکە و ئەوها پەڕینەوە ئاسانتر کرا.

برووسکەیەک هات ڕایگەیاند کەوا پیاوانی هەواڵگری نەیانهێشتووە دوژمن پردەکانی نۆرمانڤیل بتەقێننەوە و هەردووکیان کۆنترۆڵ کراون. بۆیەش یەکسەر هێزەکانم بۆ لای پردەکانی باشوور برد کە خێرا لەوێ بپەڕنەوە کاتژمێر ١,٤٠ سیگی لەگەڵ ١٠٠ سەربازی بەریتانی گیرا. ئێمە خۆمان لە گوندەکان نەدەدا، بۆیەش لەم چەند ڕۆژەدا ئەنجامی باشمان هەبووە. زۆر جاریش ماوەیەک تووشی دوژمن نەدەبووین کەچی هەر هەندەمان دەزانی وا لەگەڵ ئێمە لەسەر یەک ڕێگا و بۆ هەمان لا دەڕۆن. ئیتر ناو بەناو شەڕ و تەققە ڕووی دەدا.

کاتژمێر ٢,٠٠ تۆپخانە لە نزیک دووڕیانێکی ڕوێن دامەزران و تاقمێک پانزەریشیان بەسەر ڕاگەیشت مەبەستم لەوەدابوو کە دوژمن تەفرە بدەم. لە لایەکەوە ڕوێن تۆپباران دەکرا کەچی مەبەستی ڕاستەقینە ئەوەبوو پردەکانی ڕووباری سییەن بگرین لە ئێلبیووف. بەشێکی پانزەرەکان دواکەوتن چونکە یا تووشی شەڕ بوون لە نزیک مارتنڤیل Martainville بۆیەش پلانەکەمان گرێی کەوتێ.

*ل.هـ: دیارە لێک خشانێک لەگەڵ پاشەری هێزە بەریتانییەکان ڕووی داوە کە لەپێش هێزەکانی ڕۆمل دەکشانەوە.*

**رۆمل:** بێزار بووم کەوا تا ڕۆژئاوابوون چاوەڕوان بووم تاکو فەوجی ٧ی پیادە گەیشتە جێ. دیارە باڵی ڕاستی هێزەکەش تووشی شەڕ بووە جار بەجار گرمەکان هەندە بەهێز دەبوون کەوای لە ئێمە دەکرد لادەین بۆ نێو پووشەڵانەکان. ئەسیر لە گشت لایەکەوە کۆکرانەوە و پارکێکی سەیارەکانی دوژمن دۆزرایەوە، هەموو گیران.. ئاسمان تازە تاریک ببوو کە خەبەر هات کەوا باڵی ڕاستی کاروانەکانمان گەیشتوونەتە جێ و لە ٥ میل لە خۆرهەڵاتی ڕوێن پێوەندییان لەگەڵ هێزەکانی دیکەمان کردۆتەوە. ئیتر یەکسەر خۆمان گەیاندە فەوجی پانزەر تاکو هێرش بۆ پردەکانی سییەن ببەین، ئەمەش پاش ١٥ خولەک دەستی پێکرد.

له خۆرئاوای بووس Boos تانک و دژەتانکەکانی دوژمن له مەودای ١٠٠یاردیکەوە پەلاماری پاشەری پانزەرەکانیان دا. یەک خولەکی ڕەبەق تێپەڕی بەبێ ئەوەی کەس له شوفێری تانکەکان وەرامی ئاگری دوژمن بداتەوە. دیارە دەنگی مەکینەکانیان هەندە بەرز بوو کەوا گوێیان له دەنگی تەقینەوە نەبوو. بۆیەش، دژە تانکەکەی دوژمن وابزانم ١٠–١٥ تۆپی له ئێمە گرت بەبێ ئەوەی کەسێک وەرامی بداتەوە. فەرمانم بە زرێپۆشەکەی دوای خۆم دا کە دەسرێژی ئاگردار ئاراستەی دوژمن بکات. ئینجا برادەران له دوژمن بەئاگا هاتنەوە و کپیان کرد.. هەر بەهۆی ئەو دەنگە بەرزەی تانکەکان، گوندییەکانی دەوروبەر لەخەو هەڵدەستان و بەپیرمانەوە دەهاتن– وا تێدەگەیشتن کە ئێمە ئینگلیزین.

هەروەها بەتەنیشت تۆپ و دژە فرۆکی دوژمندا ڕەت دەبووین، سەربازەکانیان دروودیان بۆ ئێمە دەکرد. تەنانەت کە ڕۆژ داهات ئینجا زانیمان کە له هەندێک شوێندا چەند یاردێک بەتەنیشت تۆپی دوژمندا تێپەڕیوین بەبێ ئەوەی پەلامارمان بدەن یان ئێمە هەستیان پێ بکەین.. له لێزۆتیو Les-authieux بەلای باشووردا سووڕاینەوەو له نیوەی شەودا گەیشتینه سۆتێڤیل Sotteville. ئێمە یەکەم هێزی ئەڵمانی بووین بگەینە سەر ڕووباری سین.

جارجار بریسکەی تۆپێکمان لەوبەری ڕووبارەکە دەدیت و هەندێک ئاگر هەبوو بەڵام بەدرێژایی هێڵەکەی شەمەندەفەر کە بەدۆڵی سیندا دەڕۆیشت، دوژمن سۆراغی نەبوو.

شەو داهات، ئامێرەکانی ڕادیۆ پەکیان کەوت. له بەشەکانی دیکەی تیپەکەمان دابڕابووین. کاروانەکەمان تا دەهات له ئێلبیووف نزیک دەبۆوە. ژنێک له ناکاو له خانووێک هاتە دەر و قۆڵی منی گرت و پرسی کە ئایا ئێمە ئینگلیزین؟ وەرامەکەم مایەی تاساندن و خەم بوو.

له ئێلبیووف جادە تەسکەکان گیران و ناچاربووم بەپێ بڕۆم، کە گەیشتمە بەتالیۆنەکە دیتم هێشتا نەگیراوە. خەڵکە پەڕاگەندەکان بەسەر پردەکەدا هەڵدەهاتن فەرمانم بەفەرماندەی بەتالیۆنەکە دا کە هێرش بۆ پردەکە بکات. بەڵام دوژمن پێشدەستی کرد و پردەکانی تەقاندەوە.



هەرە ئەزیز لوو: ١٩٤٠/٦/٩

لەڕاوناندا دوو ڕۆژی شکۆمەندمان دیت، هەندێک بەرەو باشوور و هەندێک بەرە باشووری خۆرئاوا. دوێنێ ٤٥ میلمان بڕی، ئەمە سەرکەوتنێکی دەنگدارە... بەم زووانە دەگەینە نێوان سۆم و سین. من زۆر باشم. باوەڕمان نەدەکرد کە جەنگ لە بەرەی خۆرئاوادا ئەوها دەبێت. چەند ڕۆژێکە نامەت نایەن؟

ڕۆمل: تیپەکەمان بەناوچە گیراوەکان داهاتەوە پاکسازی تێدا بکات. لەم کاتەشدا ڕوێن کەوتە دەست تیپی ٥ی پانزەر. پاش نیوەڕۆ خەریک بوون پلانێک بۆ گرتنی لۆهارڤ Le Harve دابنێین. فەرمان بەپانزەر درا بگەنە ناوچەی خوار پیسی Pissy، و دەبایە بەتالیۆنی زرێپۆش لای خۆرهەڵاتی یڤتوو Yvetot (٢٢میل لە باکووری خۆرئاوای ڕوێن) نیازم وابوو کە خۆم لەگەڵ بەتالیۆنی هەواڵگری و بەشەکانی دیکەی تیپەکە بڕۆم تا دەریا.

*ل.هـ: ئەمە وادەگەیێنێت کە ڕۆمل گەیشتۆتە ڕووباری سین. بەدەستە ڕاستدا سووڕاوەتەوە بەرەو باکووری خۆرئاوا.*

ڕۆمل: کاتژمێر ٧.٣٠ (ڕۆژی ٦/١٠) لە باکووری ڕوێنەوە بۆ لای بارنتان چووم و هەواڵم نارد کە تیپەکە بەدوام بکەون. ڕیپۆرتی هەواڵگری ڕایگەیاند کە دوژمن جادەکان تێکدەدەن. ئەسیرێکی شارستانی ڕایگەیاند کەوا بەیانی هێزێکی بەریتانی بچووکی لێ بووە لە چایخانەکان دادەنیشتن. گوتیشی هەفتەیەک بوو خۆیان بۆ تێکدانی ڕێگاکان ساز دەکرد بەڵام مینڕێژ نەکراون و دەکرێ بەزگزاگ Zig-Zag لە تەگەرەکان تێپەڕین. کابرا دەیگوت نیازی هەبوو بچێ بۆ پاریس و پێدەچوو قسەکانی ڕاست بن، ئیتر ترسم لە دوژمن نەما. قسەکانی پیاوەکە بەڕادیۆ ریپۆرت کراو پاش خۆ ساز کردن و پترۆڵ تێکردن، کاتژمێر ٩.٢٠ بەڕێکەوتین بۆ یڤتووت و برووسکەیەک لە مێجەر هایکامپەرەوە هات دەیگوت هێزێکی گەورەی دوژمن لە باکووری سانت سایێ دیتراون و ڕەنگە بگەنە یڤتوو. کاتژمێر ١٠.٠٠ گەیشمە دووڕیانەکە و کاتژمێر ١٠.٣٠ کە فەوجی پانزەر لە نزیک یڤتوو پەیدابوو، بەتاڵیۆنەکەی هەواڵگریم بەگژ دووڕیانەکەی دەریادا برد.

هەندەی پێ نەچوو کۆمەڵێک لۆری فەرەنسی و بەریتانی لە پەناکانیان هاتنە دەر و چەک بوون.. پاش لێکۆڵینەوەیەکی کورت لە گەڵیاندا، دەرچوو ئەمانە بەشی پێشەری ٣١ی فەرەنسین، دەیانویست لە فێکامپ دامەزرێن. هەندێک هێزی بەریتانیش لەگەڵیان بڵاو ببوونەوە. هێزەکان دەستبەسەر کران و ناوچەکانی بەگوێرەی پێویست تۆپباران دەکران و پێشڕەویمان کرد بۆ لێ پوتیت دال Les petites Dalles. (١٠ میل خۆرئاوای فێکام و ٦میل خۆرئاوای ڤیۆلێت).

دیمەنی قەراغەکانی دەریا دڵی هەموو پیاوەکانی گەشاندەوە. پیاسەیەکمان تا نزیک ئاوەکە کرد تا پۆستاڵەکانمان بەئاوی دەریا تەڕ بوون. ئینجا ڕۆتنبورگ گەیشتە لامان. ئەوجار کۆلونێڵ فوێرشت Fuerst، فەرماندەی بارەگای تیپ، گەیشت هەندێک ئەسیری فەرەنسی لەگەڵ خۆ هێنابوو لەوانە فەرماندەی تۆپخانەکەیان سەرسوڕمانی خۆی دیارخست لە خێرایی پێشڕەوی کردنی هێزەکانمان. بەتاڵیۆنی هەواڵگری ڕایگەیاند کەوا کەوتوونەتە بەر ئاگری دوژمن و خۆیان لە پەنا گردێک لە خۆرئاوای فێکامپ شاردۆتەوە. مەسەلەکەمان تاوتوێ کرد و بەڕێکەوتین. کە گەیشتینە لایان ئەوان لە شەڕەکەدا باڵادەست ببوون. تومەز باترییەکی سەر دەریا تۆپبارانی دەکردن و لوتانەنت سۆڤانت Sau vant گرتی. بەڵام تۆپبارانی دوور لە لای خۆرئاوا دەهات. ئێمە لە سەیارەکان دابەزین و ٢٠٠ یاردێک بە پێ ڕۆیشتین تا باترییەکە. دیمەنی شارەکە لەوێڕا بە جوانی دەدیترا، دیاریش بوو کەوا هێزێکی گەورەی دوژمنی تێدایە.

بەگەیشتنی فەوجی پانزەر و مۆتۆڕەکان بڕیارم دا ڕاستەوخۆ پێشڕەوی بۆ شارەکە بکەم تا گردەکانی باشوور نیازم هەبوو بەندەری شارەکە بەساغی بگرم. ئەم ڕێبازە تووشی کۆمەڵێک شەڕو بەرەنگاریی کردین. چەند جارێکیش ناچاربووین پلانمان بگۆڕین و لە کۆتاییدا بەتوورڤیل Torvilleدا سووڕاینەوە بۆ ڕێگای سانت لیۆنارد Leonard. خەڵکی تورڤیل پێشوازییەکی گەرمیان لە ئێمە کرد، وایاندەزانی بەریتانین. دواتر تووشی چەند مۆتۆڕ سکیلێکی ئینگلیز بووین کە ئێمەیان دیت هەندێک لە جێگەی خۆیان ڕەق وەستان ئینجا یەکسەر سووڕانەوە و هەڵاتن پیاوانمان ویستیان تەقەیان لێ بکەن بەڵام من نەمهێشت چونکە ماوەمان کەم بوو،





ئەسیرەکانی بەریتانی و فەرەنسی لە ڤالێری ١١ی حوزەیران ١٩٤٠ — کامیرای ڕۆمل

نەشمدەویست دوژمن پلانی باڵچەرخیی بەئاگا بێن. کەچی پاش هەندێک، یەکێک لە تانکەکانی ئێمە تۆپێکی هاویشت. کە چووم دیتم تۆپەکەیان بەسەنگەرێکی سەر ڕێگا ناوە ئیتر چارەم نەماو بڕیارم دا بەبێ وەستان پێشڕەوی بکەین. خۆم بەپێشیان کەوتم. هەندێک بەریتانی خۆیان دانووساندبوو بەڵام کاتی ئەوە نەبوو خەریکی ئەوانە بم. ڕاستەوخۆ بۆ سانت لیۆنارد چووم و ئەمانەم بۆ بەتالیۆنی هەواڵگری بەجێ هێشت. کاپتن هاگن فەرمانی پێدرا کە بەشەش تانک ڕێگەی نێوان سانت لیۆنارد و فێکامپ بگرێت، ئەمەش بەبێ شەڕ جێبەجێ کرا. هەندێک تانک دەسووڕانەوەو مۆتۆڕەکان دەیانویست پێشڕەوی بکەن. بەمە قەرەباڵغایی دروست بوو. تانکەکان بەفەرمانی من گەڕانەوە کەوا بەتالیۆنی مۆتۆڕەکان جێگەیان بگرنەوە چونکە وەکو فەرماندەیەکی تیپ دەبایە لە هەموو مەترسی و ئەگەرەکان وریابم.

کاتژمێر ٢٣,٠٠ دەستمان بەپێچ کردنەوەکە کرد بەڵام بەهۆی قەرەباڵغییەکە تەنیا یەک پانزەرمان پێ دەرچوو. تانکەکانمان بەپێش خۆمان دا و دەمێک بەنێو چەک و سەیارە شکاوەکانی دوژمندا ڕۆیشتین تا لەپڕ تۆپێکی بەتانکی یەکەم کەوت و پەکی خست. تانکەکانی دیکە یەکسەر بڵاو بوونەوە. ئیتر سەیارەکەم بەتەنیا لەسەر ڕێگاکەدا مایەوە بەرانبەر دژەتانکی دوژمن کە لە ١٥٠ یارد دوور بوو یەک لەدوا یەک

تۆپەکانی دەهاویشت. بەڕاستی حاڵێکی ناخۆش بوو. دوو– سێ خولەک تێپەڕی بەبێ ئەوەی هیچ کام لە تانکەکانمان دەست بکەنەوە. ناچار بووم دابەزیم و بەغار خۆم گەیاندە پانزەرێکی II. دوو قسەی ڕەقم بەفەرماندەی تانکەکە گوت و فەرمانم دا پەلاماریان بدات بەتۆپ و بەدۆشکە تاکو هەر نەبێ تانکەکانی دیکە فریابکەون خۆیان ڕێک بخەنەوە. لە کۆتاییدا کە پانزەرەکە ئاگری کردەوە. دوژمن دەنگی لێ بڕا

**ئەزیزم لوو:** ١٩٤٠/٦/١١

دوێنێ پتر لە ٤٠ میلمان بڕی تا خۆرئاوای دیێپ و چەندین تیپی فەرەنسی و بەریتانیمان پەرت کرد. دوو بەندەرمان داگیر کرد، چەندین باتریمان شکاندن، چەندین کەشتی جەنگیمان تۆپباران کرد کە هەندێکیان شڕ کران. تا ٣,٠٠ی بەیانی ئینجا گەڕامەوە. ئەمڕۆ خۆمان دەشۆین و دەنووین.

ڕۆژی دواتر (٦,١١) لە نیوەڕۆدا تیپەکە بەرەو ڤیوولێت بزووت و دەبایە لەگەڵ لێواری دەریا بڕۆن تا ڤالێری Valery (سانت ڤالێری، ٢٠میل لە خۆرئاوای دیێپ). لە گردەکانی کە میلێک لە خۆرهەڵاتی ڤیوولێت دان تووشی شەڕ بووین و بەلای باشووری خۆرهەڵاتدا سووڕاینەوە، بەڵام ئاگری دوژمن هەر زۆر دەبوو تا وای لێهات جووڵەمان نەما. هەموو کون و کەلێنەکان وەبەر هێنران تاکو هەندێک لە باتریەکانی دوژمن نزیک ببنەوە، بەڵان پیادەکان بەجووڵەو پێشڕەوی پانزەرەکان ڕانەگەیشتنەوە کەوا سەرباری ئەو ئاگر بارانە ڕێگەی خۆیان دەرکرد. بەریتانییەکان لە نزیک لۆتوو بەرگرییەکی توندیان دەکرد. لە زۆر شوێندا شەڕی دەستەو یەخە ڕووی دا. لەهەمان کاتدا پانزەری ٢٥ خۆی هەڵکوتا بۆ بەرزاییەکانی باکووری خۆرئاوای سانت ڤالێری و تێکڕای چەکەکانیان بەکاردەهێنا.

لەگەڵ یاوەرەکەم خۆمان گەیاندە فەوجەکەی پانزەر و لەوێرا بە پێ چووینە پێش تاکو چاوێک بەمەیدانەکەی دەوری سانت ڤالێریدا بخشێنین. ترووپە بەریتانییەکان لە بەندەرەکە دیار بوون دەجووڵانەوە، بەشێک لە فەوجەکەی پانزەر و هەندێک لە پیادەکان لە دووری چەند یاردێکەوە بانگی دوژمنیان کرد کە بێن چەک دانێن. لە چەند کاتژمێری داهاتوودا هەزار کەسێکمان ڕازی کرد کە خۆ بەدەستەوە بدەن کە



زۆربەیان فەڕەنسی بوون. ئەو بەشە کەمە کە ئینگلیز بوون ئەفسەرێکی نێڤیان (نێڤی Navy = هێزی دەریایی. م. م. م.) تێدابوو کە بەرگرییەکی زۆری کرد و ئەوانی دیکەی هان دەدا چەک نەبن، لە ٢٠٠ یاردەوە گوێمان لە نەعرەتەکانی دەبوو تا سەنگەرەکەمان دایە بەر ئاگر. ئینجا ماوەی نیو کاتژمێر خۆی بەمردوو نواند تا بێزار بوو و هەستایەوە. ئەڵمانی دەزانی و کە لێمان پرسی گوتی ئەگەر "لە جێی من بان، هەمان شتتان نەدەکرد؟"[٣]

هەندێک لە ئەسیرەکانم ناردەوە شارەکە هاوڕێکانیان ڕازی بکەن کە چەک بن. بەڵام بەتایبەتی ئینگلیزەکان ڕەتیان کردەوە و هەر خەریکی سەنگەر و چەک ساز کردن بوون لە لای فڕۆکەخانەکە. وابزانم نیازیان هەبوو بەشەو خۆ بدزنەوە. چارم نەبوو، هێزەکانم نزیکتر خستەوەو کاتژمێر ٢١,٠٠ تۆپبارانێکی چڕ ئاراستەی قۆڵی شارەکە کرا، ئینجا پاش چارەکێک بەشی باشووری شارەکەمان کوتا واش هەر بەریتانییەکان کۆڵیان نەدا.

زیانەکانی ئێمە زۆر نەبوو خەمم لە مردنی میجەر کەنتەل خوارد، فەرماندەی بەتالیۆنێکی پانزەر کە بەساچمە تۆپێک کوژرا.. شەوێ پیادەکان گەیشتنە سەر گردەکانی خۆرئاوای ڤالێری. پانزەرەکانمان کشاندەوە و تۆپەکانی دژەفڕۆک لە شوێنیان دانران. ئاگر بارانیش ڕانەگیرا بەدرێژایی شەو.

گەڕامەوە بارەگای خۆم و لەگەڵ هایدکامپەر حاڵەتەکەمان تاوتوێ کرد. ئەگەرێک هەبوو کە دوژمن خەریک بن لەلای خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوا گەمارۆکە بشکێنن بەڵام لامان مسۆگەر نەبوو بەکام لا هەڵدێن. کاتژمێر ٦,٣٠ی ٦/١٢ بەخێرایی خۆم گەیاندەوە هێڵە لاوازەکانی خۆمان لە بەرەی شەڕ.

کاتژمێر ٧,٠٠ بەشی گەورەی فەوجی پانزەرەکەم هێنا لای خۆم، سۆراغێکی پیاوەکانیشم کرد. برووسکەیەک هات دەیگوت دوژمن نیازی هەیە بە بەلەمی بچووک خۆیان بدزنەوە بۆ کەشتییەکانی کە لە دووری ٢٠٠٠ یارد لە دەریا وەستابوون. شەڕ لە نێوان تۆپەکانی ٨٨ دژی کەشتییەکان بەرپابوو و دوو تۆپمان لە دەست چوو،

(٣) ل. هـ: ئەم ئەفسەرەمان ناسییەوە ناوی ئار. ئێف – ئەلکنز بوو. ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتیی نێڤی بوو. چوار ڕۆژ دواتر هەڵات و لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٤٠ خۆی گەیاندەوە بەریتانیا.

هەروەها یەختێکی بوخاری لە لای باکووری خۆرهەڵاتی بەندەرەکە بوو. فەرمانم دا کە دەستبەجێ ئاگر بکەنەوە. بەڵام دیار بوو تۆپەکان زەدەکرابوون و نیشانەیان نەدەئەنگاوت، لە هەمان کاتیشدا تۆپبارانی کەشتییەکان گەیشتە سەرمان. ئێمەش یەکسەر دیوارێکی دوکەڵمان لە پێش سەنگەرەکانمان دروست کرد بەڕاستی سوودیان هەبوو بەڵام تاقمی چەکەکانمان هیچیان لەگەڵ یەختەکە پێ نەکرا. بەڕادیۆ داوای فڕۆکەی بۆمبەرمان کرد و تۆپەکانیش دووبارە بەگەڕ خران تا یەختەکە سووتا و خەڵکەکەی خۆیان لێ فڕێ دا.

یاوەرەکانم بانگ کردە لای خۆم لە دارستانەکانی خۆرئاوای باکووری ڤالێری لە نزیک خانووەکانی قەراغ شار. روتنبۆرگیش پانزەرکانی بۆ دۆڵەکە برد. بەهەسپایی بەسەر ڕێگەکەدا پێشڕەوی کرد تا گەیشتە خانووەکان ئینجا چووە نێو بەشی خۆرئاوای شارەکە. بە پێ لەگەڵ ڕۆتنبورگ و لوفت لە پەنا تانکێک چووینە پێش و بەبێ شەڕ گەیشتینە مۆڵی بچووکەکەی بەندەرەکە. ٥٠ تا ١٠٠ یاردێک دوور لە ئێمە هەندێک سەربازی فەرەنسی و بەریتانی وەستابوون چەکیشیان دانابوو. دۆشکە و تۆپەکانیان دیاربوو کە بەتۆپبارانی ئێمە شڕ ببوون، هەروەها ئاگر و لۆری سووتاو لەو ناوەدا زۆر بوون. تانکەکانمان زۆر بەوریایی لێیان چوونە پێش. لە هەمان کاتدا ویستمان تروپەکانی بەندەرەکەش رازی بکەین کە چەک بن. چەند خولەکێک بیریان کردەوە ئینجا گەیشتنە بڕیارێک. دەستیان بڵند کرد و بەڕیز هاتنە پێش. پیادەکانیشمان بڵاو بوونەوە ئەو لای شارەکە و کۆڵان بەکۆڵان، خانوو بەخانوو ماڵدار. باڵەخانەکانی شارەوانی و بازاڕەکان زۆربەیان وێران بوون.

جەنەڕاڵێکی پایەداری فەرەنسی گیرا، جەنڕاڵ ئیلەر Ihler، یاوەرەکەشی لە دوایدا دەڕۆیشت. کە پرسیارم کرد فەرماندەی چ تیپێکە بەئەڵمانییەکی شڕ وەرامی دایەوە "فەرماندەی تیپ نیم، فەرماندەی تاقمێک .I.X م" گوتی کە بەهەموو مەرجەکانمان بۆ تەسلیم بوون رازییە بەڵام گوتیشی ئەگەر یەدەگی مابایە هەرگیز چەکی بەپیاوەکانی دانەدەنا.

فەرماندەی کامپەکەیان ئەڵمانی دەزانی و بەئێمەی ڕاگەیاند کە لەم شەڕەدا پێنج تیپیان بەشدار بوونە کە بەلایەنی کەم تیپێکی بەریتانیان تێدابوو. داوام لە







لە دەستەڕاستدا جەنەراڵ فۆرچن، فەرماندە تیپی هایلاند، لەگەڵ هەندێك ئەفسەر لە ڤالێری دەستبەسەر کران
ئەم گەنجە برچ زەردە فڕۆکەوانە ئەڵمانەکەیە کە پێشتر گیرابوو — کامیرای رۆمل —

فەرماندەکە کرد کە بە شێوەی ڕەسمی فەرمان بداتە هێزەکانی خۆی کە بەشێوازێکی ڕێکوپێک چەک بن و لەسەر ڕێگاکە ڕیزبن و ئاڵای سپی هەڵدەن، ئینجا داوام کرد کە بەخۆو بەستافەکەیەوە لە مەیدانی ڤالێری بوەستن ئەویش لە بەرانبەردا داوای کرد کە هەموو تەقەقە و ئاگرباران بوەستێ تەنیا لە دژی کەشتییەکانی دەریا نەبێت. منیش ئەم داواکارییەم پەسند کرد. فەوجی پانزەر لە مانتڤیل (٢ میل دوورە) شەڕی ڕاگرت و لە کاتژمێری داهاتوودا ١٢ جەنەڕاڵ گیران کەوا پێنجیان فەرماندەی تیپ بوون. دڵمان بەتایبەتی بەوە خۆش کەوا فەرماندەی تیپە بەریتانییەکە و تێکڕای ستافەکەی گیران.

لەگەڵ جەنەراڵ کرووڤێل، فەرماندەی تیپی دوو کە لە تەنیشت تیپەکەمان دامەزرابوون، سنوورەکانمان بەش کرد. هەروەها جەنەراڵە گیراوەکان لە خانووەکانی نزیک بازاڕگای شارەکە کۆکرانەوە. فڕۆکەوانێکی ئەڵمانیان گرتبوو، ئێمە ئازادمان کرد و بووبە بەرپرسی ئەسیرەکان و دڵی بەسەراوژێر کردنی رۆڵەکان

زۆر خۆش ببوو. ئەسیرە بەریتانییەکان پێدەچوو زۆر سارد و بێ باک بووبن لەمەڕ مەسەلەی خۆبەدەستداندا. لە مەیدانەکە پۆل پۆل دەوەستان و باکیان بەهیچ نەبوو تەنیا بەو هەموو وێنەگرە بێزار بوون کەوا بەشی پرۆپاگەندە ناردبوونی..

جەنەڕاڵە ئەسیرەکانمان بۆ خوانەیەک بانگ کرد بەڵام ئەوان بەسپاسەوە داوەتی ئێمەیان ڕەت کردەوە. گوتیان خواردنی خۆیان هەیە، ئیتر ئێمەش بەبێ ئەوان خوانەی خۆمان لە بازاڕی شارەکە ڕازاندەوە.. هێشتا ئیش و کارێکی زۆرمان لە پێش بوو. دەبایە ئەسیرەکان بگوێزینەوە و لێواری دەریاکە تەخت بکەین. کاتژمێر ٢٠,٠٠ گەڕاینەوە بۆ بارەگاکەمان لە شاتۆ ئابێرڤیل Chateau Aberville ڕێگە نەبوو سەرژمێرێک بۆ ئەسیرەکان بکەین. ١٢,٠٠٠ ئەسیر کە ٨,٠٠٠ یان بەریتانی بوون، هەر ئەمانە بەلۆریەکانی خۆمان ڕاگوێزران، دەنا ژمارەی گشتی ئەسیرەکان لە سانت ڤالێری دەگەیشتە ٤٦,٠٠٠ پیاو.

هەرە خۆشەویست لوو: ١٩٤٠/٦/١٢

شەڕی ئێرە کۆتایی هات. ئەمڕۆ یەک سەرلەشکر و چوار فەرماندەی تیپ لە مەیدانی بازاڕەکەی سانت ڤالێری خۆیان وەدەست من دا کەوا بەهێزی تیپەکەم دەستگیر کران. دیمەنێکی بە سام بوو.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٠/٦/١٤

چوومە لۆهارڤ و شارەکەم پشکنی. ئێستا تەنیا کەشتییەکانی دەریا تۆپباران دەکەین و هەر ئەمڕۆ یەکمان سووتاند. بیر لە هەستی من بکەوە کە ڕۆژی ٦/١٢ دوازدە جەنەراڵی ئینگلیز و فەرەنسی لە خزمەتم وەستان لە ناوەندی سانت ڤالێری بەتایبەتی جەنەراڵە بەریتانییەکە و ستافەکەی. ئەمانە مایەی شادمانی بوون بۆ دڵم. تێکڕای ڕووداوەکە بەکامێرا گیرا و گومانم نییە کە هەمووی لە ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە، چەند ڕۆژێک دەحەسێینەوە. باوەڕ ناکەم شەڕێکی ئەوتۆ لە فەڕەنسا مابێت تەنانەت لە هەندێک شوێندا لە درێژایی ڕێگاکان گوڵباران کراین چونکە خەڵکەکە بەوەستانی شەڕ شادبوونەوە.





پردەکانی سۆم ، کامێرای رۆمل

بەیانی ٥,٣٠ پێش ئەوەی کە بەرەو باشوور ببزووین نامەکەی ١٠ی مانگەم پێ گەیشت کە تۆ ناردبووت و لە دڵەوە سپاسم کردی. ئەمڕۆ لە ڕووباری سین دەپەڕینەوە بەری باشوور. بەگرتنی پاریس و ڤێردوون و ڕامالینی هێڵی ماجینۆ، وا پێدەچێ جەنگی فەرەنسا کۆتایی بێت. خەڵکەکە بەئاشتییانە دانیشتوون، تەنانەت هەندێکیان زۆر بەبرادەرانە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن.

# چاپتەر IV

## ڕاونان بەرەو شێربورگ

*ل.ھ: پاش خۆڕێکخستنەوە و پشوو، تیپەکەی ڕۆمل دیسان گەڕایەوە لای سین و ڕوێن. پەڕینەوەکەی ئەوێ لە بەرانبەر لەشکری دەیەمی فەرەنسی لە ٦/٩ ئەنجام درا. بەجۆرێک ئەم لەشکرەیان شڕ کرد کە بەشەرێکی زۆر کورت پەڕینەوە. لەشکری دەیەم باکووری بەشەکەی کرد کەچی هاوسێکەی بەرەو باشوور کشایەوە. ئیتر پیادە ئەڵمانەکان سوودێکی گەورەیان لەو کەلێنە وەرگرت و بەرەو باشوور بۆ ڕووباری لوار Loire چوونە پێش. ئینجا لە ٩/١٦ تیپەکەی ڕۆملیان بانگ کرد کە بچێتە پاڵیان و لەوێڕا بەرەو خۆرئاوا پێشڕەوی کرد بۆ شێربورگ.*

*لە شەوەکەی ٩/١٦دا فەرەنسییەکان دەستیان بە کشانەوە کردبوو و بەترووپە بەریتانییەکانیان ڕاگەیاندبوو کە بگەنە دەریا چونکە هەرەس هێنانێکی گشتی لە ئارادابوو. فەرمانی کشانەوە بەدرەنگەوە گەیشتە بەریتانییەکان و هەر ئەوەندەیان پێ کرا کە بەساغی بگەنەوە شێربورگ پێش ئەوەی ڕۆمل ڕایانماڵێت.*

**ڕۆمل:** ٩/١٧ تیپەکە بۆ ئەوبەری ڕووباری سین پێشڕەوی کرد بەرەو ناوچەی لێگل Laigle، پلانەکە وا بوو دەبایە تیپی پانزەر بگاتە ڕێگای نۆنانت سیێ ئینجا دەبایە لیواکەی سێنیکەر ڕەگەڵی بکەوێت بۆ ئەوەی بەندەری شێربورگ بگرێت. فرۆکەکان ڕیپۆرتیان دابوو کە هەشت پارچەی دەریایی لە بەندەرەکە نیشتبوون. ئیتر دەبایە ئەم چالاکییانەیان ڕاگیرێت.

پێشڕەوییەکە بەدوو کاروانی درێژ ئەنجام درا. خۆم بەپێش کاروانەکان کەوتمەوە تا ڕێگای نۆنانت سیێ و فەرمانم دا بەدەوری سیێدا بسووڕێنەوە. ڕێگاکان بەم جۆرەی خوارێ بوون:

ڕێگای دەستە ڕاست بەخوار ئێکووشێدا دەگەیشتە مارۆک Maroques ئینجا




بەهەمان ڕێگا دەگەیشتە بریۆ Briouze و لە وێڕا بەباشووری فلێرز دەگەیشتە لاندیساک.

کاروانی دەستە چەپ دەبایە بەماس Maceدا بۆ سانت بریس St.Brece و لۆفییل تا لۆشایل دەچوو.

خۆم و یاوەرەکانم لەگەڵ کاروانی دەستە چەپ بووین. کاتژمێر ١٣.٠٠ لە مونتمیرەی Montmirei ٢٠ سەربازێکمان گرت لە وێشەوە بۆ بووس Bouce چووین. ئەگەرچی تووشی بەرگری نەدەهاتین بەڵام چونکە تەنیا زرێپۆشمان لەگەڵدا بوو بڕیارم دا پێچێک بەرەو باکوور بکەم. ئەسیری دیکەمان بەڕێوە گرت. یەکیان ئەڵمانی دەزانی کردمانە تەرجومانی خۆمان. دواتر تووشی موتۆڕچی دوژمن بووین و زوو گیران. ئینجا تووشی کاروانێک لۆری فەرەنسی بووین ئەوانیش سەریان سوڕماو پێنەدەچوو خولقی شەڕیان مابێت. کاپتن فۆن لووک گفتوگۆی لەگەڵ کردن. کاپتنە فەرەنسییەکە گوتی مارشاڵ پێتان Petain داوای ئاگر بەستی لە ئەڵمانیا کردووە و فەرمانی داوە شەڕ نەکەین. منیش پێم ڕاگەیاند کە ئێمە تەقەی لە هیچ فەرەنسییەک ناکەین چەکی دانێت بەڵام دیار بوو دوودڵ بوو. ئیتر دەمێکی پێ چوو تا باوەڕی کرد و چەکیان دانا و ڕیز کران. تووشی فەرەنسی تریش بووین کە پێدەچوو دڵیان بەئاگر بەستەکە فەرامۆش بووبێت و زۆربەیان دەستەسڕی سپییان هەڵدەواسی. سەربازی ئەفریقیش زۆر بوون چەکیان دانابوو و جوان ڕیز ببوون. هەندێک سەیارەشمان دەست کەوت کە ئەمریکیی مۆدیل بەرز بوون. گەیشتینە مۆنترۆویل (٤٠ میل لە خۆرئاوای لێگل) کاتژمێر ببووە ١٧.٣٠ لەوێدا فەرمانی پشوو و جەمە نانێکم دادا.

بەرگری نەمابوو ئیتر بڕیارم دا ١٨.٤٠ بکەوینەوە ڕێ، ١٤٠ میل مابوو بگەینە شێربورگ. هێزەکانم کردەوە یەک و هەندێک پشوومان دەدا و دیسان دەکەوتینەوە ڕێ ئیتر ئەوها.

کاتژمێر ١٨.٤٠ بەتالیۆنی زرێپۆشی هەواڵگری بەڕێ کەوتن. لە ڕێگەدا تووشی پانزەرەکانی هانک بووین ئەویش ڕەگەڵمان کەوت. پێشڕەوییەکە بوو بە پێشبڕکێ و لە ڕێگەدا تووشی هێزە فەرەنسییەکان دەبووین تەنیا دەستمان بۆ یەکتر




ڕادەوەشــاند وەکــو نیـشـانـەی ئـاشــتی و بەبێ وەســتــان تێـدەپەڕین ئەوانیش ڕەق ڕادەوەســتـان چاویان بز دەکرد. لە فلێرز Flers هەندێک دواکەوتین چونکە ڕێگەمـان بزر کرد و قەرەباڵغایی دروست دەبوو دەنا هیچ تەگەرە نەهاتە پێش.

لە گـەڕەکـێکی خـۆرئاوای فلێـرز یەکی شـارسـتـانی دەمـانـچـەی ڕاکـێـشـا و لە سەیارەکەم هاتە پێش تەققە بکات بەڵام سەربازە فەرەنسییەکان خێرا قۆڵبەستیان کرد. نەوەسـتـام و بـەشی گـەورەی هێزەکانم لە دوادا دەهات، مـەراقم بوو بەزووترین کات بگەمە شێربورگ. خۆ دەمزانی کە ناوچەکە پڕە لە تروپی فـەرەنسی بەڵام دیار بوو داواکارییەکەی مـارشال پێتان بۆ ئاگر بەست کاری خۆی کردبوو. دەشمزانی کە



هێزەکانی دواوە پێمان ڕادەگەنەوە ئیتر بەوپەڕی خێرایی ڕێگاکانمان دەبڕی.

ریپـۆرتم بـۆ هـات کـە هـەندێک ئەفـسـەریان گـرتووە. لـەو تاریکی و تـەپ و تۆزەدا نەمناسییەوە تا زانیم کە ئەمە لوتانەنت هۆزبێرگە لە بارەگای مـوفوورەرەوە هـاتووە. گوتـی فەرمانی پێدراوە کە بخـرێتە پاڵ تیپەکەمان. هـەروەهـا یاوەرەکەی ناردەوە دوا تا بـزانێ بەشــەکـانی دیکە چۆن دەڕۆن و دیســان کــەوتمەوە ڕێ، ٣ کــاتژمـێــرم بۆ شێربورگ مابوو.

بەوپەڕی خێـرایی دەڕۆیشـتین. نیوەشـەو مـۆتۆڕەکانی هـەواڵگری گـەیشـتنە لۆوای دوو پوی Le Haye de Puits. کۆمەڵێک پیاومـان دیت جلی کـارکـردنیـان لەبەردابوو و لۆری پڕ لە شـمـەکیان هـەبوو. دیار بوون فـەرمانبـەر بوون دیسـان نەوەسـتـاین و هـەر بەخـێـرایی ڕۆیشـتین. لەپڕ کـەوتینە بەر ئاگـر و تۆپبـارانێکی قـورس. سێ سـەیارەی پێشــەوەمـان ســووتان و لوتانەنت ئـایـزەرمـایەر Isermayer کە لـە هـەرە پێشــەوە بوو بەبرینداری لە پەنا سەیارە سووتاوەکەی کەوت.

زانیـم کـە هـێــزێکی گــەورەی دوژمن لەوێدان و ئەگــەرچی مــانگ هــەڵاتبــوو بەڵام بەباشم نەزانی هێزێکی ئەوها ماندوو بخەمە شەڕ بەبێ پشتیوانی تۆپ و تانک. بۆیە فەرمانم دا بەتالیۆنی هەواڵگری کە بوەستن تا ڕۆژ دادێتەوە.

*ل.هـ: تیـپـەکـەی ڕۆمل لـە بەیانی ئەو ڕۆژەوە تا ئەوکـاتە پتـر لـە ١٥٠ مـیلی بڕیبـوو. ئەمە درێژترین پێشڕەوی بوو لە مێژوودا کە بەیەک ڕۆژ ئەنجام بدرێت.*

ڕۆمل: منیش کشامەوە بۆ لۆوای دوو پوی. کرێکار و لۆرییەکان لەوێ نەمابوون.

ســەیارەیەک بـەتیـژی لە شـێـربورگـەوە هات. ڕایانگرت، ئەفـسـەرێکی ئەندازیاری فـەرەنسـیی تێـدابوو، گـوتی فـەرمـانی پێـدراوە کە سـەنگەرکـاری لە سـەرە ڕێگەی ئەڵمـانەکان دروست بکات. ناردمەوە بۆ شێربورگ و گوتم پێیان بڵـێ کە کار لەوەدا نەمـاوە. هـەروەهـا پاش مـاوەیەک هـەندێک بەریتـانی بەسـەیارەیەک چووبوو لە دەریا مەلە بکەن، لە گەڕانەوەدا دەستبەسەر کران.

بەیـانی زوو (٦/١٨) لەگــەڵ هاوســبـێــرگ و فــەوجی ٦ی پیــادە بەڕێ کــەوتین، پێـشــتریش دوژمنم دەنگ دابوو کـە چەک بن. کـە گـەیشـتـینە وێ کـۆلۆنێل ئـونگەر

خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ ئەوانەی کە خۆیان لە سەنگەرەکان و لە نێو کەنیسەی سانت سۆڤیۆر قایم کردبوو.

پیادەکانی مە لە جێگایەکی ئاواڵە بەرانبەر دوژمن وەستابوون، جا ئەگەر شەڕو پێکدادان بەرپا بایە زیانێکی گەورەتر لە ئێمە دەکەوت. بەو دیمەنە تووڕە بووم و یەکسەر فەرمانم دا خۆیان ڕێک بخەنەوە.

فۆن ئونگەر هاتەوە گوتی ئەو هێزەی دوژمن ئاگایان لە ئاگربەستەکەی مارشاڵ پێتان نییە و نەیانبیستووە و باوەڕیش ناکەن. هەستام ئەفسەرێکی فەرەنسیم نارد کە وریایان بکاتەوە ئەگەر کاتژمێر ٨،٠٠ چەک نەبن هێرش دەکەم.

خۆمان بۆ هێرش ساز کرد لەم کاتەشدا هایدکامپەر گەیشتە جێ و دەربارەی چالاکییەکانی ئەو شەوە ڕیپۆرتی خۆی دا کەوا بەشێوەیەکی گشتی ڕێپێوانەکە بێ گرێ بووە. لێرەو لەوێ هەندێک ترووپ ڕێگایان لێ شێوابوو. هەندێکیشیان تووشی سووکە شەڕ ببوون تەنانەت زیانیش هەبوو بەڵام هەر باش بوو و دەمزانی کە تێکڕای تیپەکەم دەگەنە جێ. کاتژمێر ٨،٠٠ بۆ دوژمن چووین دیتمان لە هەندێک بریندار و کوژراو بەولاوە کەسیان نەمابوو.. سەنگەرەکانیان یەکجار بەهێز بوون دەمێکی پێچوو تا خاوێن کرانەوە.

کاتژمێر ٩،٠٠ پیادەکان بەنەفەرهەڵگری زرێپۆش بەنێو بێستانی مێوەکاندا پێشڕەوییان کرد. پاش میل و چارەکێک لە باکووری خۆرهەڵاتی سانت لۆدۆ ڤریڵ پلاتونی پێشەوە، کە منیش لەگەڵیان بووم، لە پردەکەی لای دەستەڕاستەوە درایە بەر ئاگر بارانێکی چڕ و پیاوەکان خۆیان هەڵدایە خوارێ. هێزەکانی مە بەباشی دەستیان نەکردبۆوە کەچی ئاگری دوژمن زیاد دەبوو. فەرمانم دا کە دەستبەجێ، بەکوێرانە هەموو دەشت و دەر و خانووەکانی ئەو ناوە بڕشێنن.

هەندەی نەبرد دۆشکە و تۆپە قورسەکانمان کاری خۆیان لە دوژمن کرد و گردەکە گیرا.. پاش ئەم شەڕە کورتە، کورت بەڵام دڕ، بەشێوازی ڕۆژی پێشوو بەرەو شێربورگ کەوتینە ڕێ. لە نێوان بارنڤیل و لێ بیوو خێراییمان لە ٦ تا ١٠/ کاتژمێر تێنەدەپەڕی. ئەم خێراییە بۆ من زۆر کەم بوو و دەبایە بەسەر شوفێرەکاندا بگەڕێم تاکو گورجتر بن، چونکە ڕەنگ بوو دوژمن لە بەندەرەکەی شێربورگ دەرباز بن کە



بەرەو دۆڵی براندڤیل شۆڕبووینەوە، دەریا لە لای چەپمان دیار بوو هەندێک بینای گەورەش هەبوو کە بە مەتەرێز و سەنگەرکاری دەچوون بەڵام بەرگری لە ئارادا نەبوو. بەپێچەوانەوە، هەندێک خەڵکی لادێیی ڕێگاکانیان خاوێن دەکردەوە.

لە نزیک شێربورگ پاشەری کاروانەکەمان تەققەی لێ کرا. تاقمی پێشەر وەستان و پاش چەند خولەکێک لەگەڵ یاوەرەکەم خۆمان گەیاندە پێشەوە. سەنگەرێک لەسەر ڕێگاکە دروست کرابوو. گفتوگۆش دەست پێکرابوو و فۆن ئونگەر هەواڵی هێنایەوە کە وا هێزێکی فەرەنسی بەڕێوەن ئاڵای سپییان هەڵداوە. کەچی لەپڕ درایەنە بەر تۆپی ٧٥ ملم بوو بە شەڕ.

لە سەرەتادا هەموو خۆیان شاردەوە تەنیا چەند شوفێرێکی ئازا سەیارەکانیان گواستەوە. یەک لەمانە، بۆ نموونە، یاوەرەکەی خۆم بوو خێرا سەیارەکەی تاو دا تا گەیشتە پەنایەکی ئاسوودە. سەیارەکانی پێشەوە ئاگریان تێ بەربوو. بەداخەوە، هێزەکانم هەمان هەڵەیان دووبارە کردەوە. لە باتی ئەوەی دەرفەت نەدەنە دوژمن، خاوەخاویان لێ کرد.

دیسان فەرمانی ئاگر باراندنم دا بەڵام ئەمجارە تۆپبارانی دوژمن دەرفەتێکی ئەوتۆی نەدا سەربازەکانمان دەستیان بکەنەوە. ئازایەتی هایدریش و شوفێرەکەم لەم تەنگانەدا بەڕاستی شتێکی بەرچاو بوون. پیادەکانیان بەتۆبزی ڕاپەڕاند. واش هەر دەمێکی برد تاکو دۆشکەوانەکان دەستیان کردە ڕشاندن، دیارە دەستیان ڕانەهاتبوو دوژمنیشیان نەدەدیت.

فەرمانم بە فۆن ئۆنگەر دا باڵچەرخی بەلای دەستەڕاستدا بکات بەرەو شێربورگ. کاپتن کۆڵبەکیشم ناردە دواوە کە خێرا تۆپخانە بەگەڕ بێنێت. نیو کاتژمێری برد تا توانیمان بەڕێ بکەوینەوە. مۆتۆڕەکان بەپێش کەوتن و ئێمەش ڕەگەڵیان کەوتین. فەرمانم دا، گردەکانی تەنیشت شێربورگ و بەندەرەکەی سەر دەریا. تۆپباران بکرێن فەرمانیشم بۆ پیادەکان نارد کە هێرش بەرنە گردەکەی کە ١٠٠٠ یارد لە خۆرئاوای بەندەرەکەدا بوو. وردە وردە تەرازوو بەلای ئێمەدا لاسەنگ دەبوو. دەنگی تەققەی پیادەکانی دوژمن بڕا. هایدریش بەرەنگاری ٤٠ بەریتانی بۆوە کە لە دواوە پەلاماری کاروانێکی بارهەڵگریان دابوو و بەزاندنی و هاتەوە لام. دۆشکەکانیش کاری

گەورەیان  لە دوژمن دەکرد و ناچار دەبوون چەک بن.

ڕادیۆ بەئیش هاتەوە و پێوەندیم بە مێجەر هایدریش کرد. هەواڵەکان باش بوون بەڵام لە ناکاو تەرازووەکە بەلای دوژمندا شکایەوە. ئەوە بوو کە دوو قەڵات لە نێو شارەکە هەبوون، لەناکاو ئاگربارانێکیان کردین کە هەرگیز تۆپی ئەوها قورسمان تووش نەبوو بوو. نێڤی بەریتانی لەم تۆپبارانەدا بەشدار بوون. بەڵام دڵم بەدیمەنی پیادەکانمان خۆش بوو کە دیتم ئەوها بەگورجی خۆیان لە لۆرییەکان هەڵدا و لەسەر زەوی و سەنگەرەکان ڕاسان. هەشتا و هەشتەکان و تۆپخانەمان زیانیان پێگەیشت و زیانەکان هەر زیاد بوون. تەنانەت خۆم و ستافەکەم کەوتینە ژێر مەترسییەکی گەورە و ناچار بووین ٥٠٠ یاردێک بۆ لای خۆرئاوا دوور بکەوینەوە. سەیارەکانمان بەوپەڕی خێرایی لە ژێر ئاگری دوژمن دەرباز کرد بۆ شاتۆ سۆتڤیل لە دواوە. ئومێد نەبوو کە بەم زووانە تۆپخانەی قورس بتوانێ لە شەڕەکە بەشدار بێت بەڵام ئەوانی دیکە زووتر دەگەیشتن.

بڕیارمان دا بگەڕێینەوە سەر پلانی کۆن. واتە پانزەر و پیادەکان بەنێو هاینڤیل و کوێرکڤیلدا (٣ میل لە خۆرئاوای شێربورگ لەسەر دەریا) پێشڕەوی بکەن. ئینجا لیواکەی سێنگەر لە بەرەی خۆرهەڵات هێرش بکات. لیواکەش ئەوپەڕی مەگەر سبەینێ گەیشتبایە جێ. ئێمەش لە بەیانی ڕۆژەکەی پێشترەوە پشوومان نەدابوو. ئیتر کاتژمێر ١٧,٠٠ خەوتم.

کۆمەڵێک خەریتەیان بۆم هێنا، تێڕوانینێکی باشم لێ کردن. تومەز ئەو قەڵاتەی گرتبوومان بارەگای لەشکری شێربورگ بووە. خەریتەکان بەوردی مەودای تۆپی قورس و سووکی هەموو باترییەکانی تێدا دیار خرابوو. گەیشتمە باوەڕێک ئەم پلانەی ئیستامان کەڵکی نابێت بۆیەش دەستبەجێ پلانەکەم گۆڕی و فەرمانم نارد کە پیادەکان بەدەوری گردەکەی ڕێدوو دووتوو هێرش بۆ کوێکڤیل بکەن. کاتژمێر ٢١,٠٠ لەگەڵ یاوەرەکەم خۆم گەیاندە پانزەرەکانی سەرەڕمبی هێرشەکەو بەپێشە خۆم دان. گوندەکانی ڕێگەکەمان پڕ بوون لە سەرباز و پەناهەندەی شێربورگ بەڵام هیچ بەرگریمان نەدیت. ئاسمان بەرەبەرە تاریک دەبوو. لە باشووری هانیڤیل بەهێڵێکی بەرگریدا رەت بووین کە کەند و تەلبەند لە دەوریدا دروست کرابوو.



سەیارەکەم لە پەنا دارێک ڕاگرت کە لەوێوە جوولەی فەوجەکە دەدیتراو بەهەسپایی پێشڕەوییان دەکرد. تومەز ئەم دەزگایە کۆنکریتییە بەشێک بوو لە سیستەمێک تونێڵ و ژێرزەمین.

سەربازێکم نارد کە چاو بەناوچەکەدا بخشێنێت. خاڵێکی دۆزییەوە کە ٢٠٠٠یارد لە دێکی[1] سەر ئاوەکە دوور بوو. کەمێک ڕۆناکایی مابوو بایی ئەوەی دیمەنی بەندەرەکە بینین. سەنگەکارییەکی زۆر توندی تێدا بڵاو کرابۆوە بەڵام وا پێدەچوو بەریتانییەکان چۆڵیان کردبێت *(دواترین کەشتی بەریتانی کاتژمێر ١٦,٠٠ی ئەو ڕۆژە بەندەرەکەی بەجێهێشتبوو ل.ه.)*. ئێمە کە خەریکی چاودێری بووین، فەوجەکە بەدوامانا هاتن و دەوروبەری گوندەکان دامەزران. باترییەکانی قورس و سووکی دژە فڕۆک بەدوایاندا هاتن و دامەزران. سەنگەرەکانی دوژمن بەدەورماندا دەنگیان نەبوو و هەندەی نەبرد تاریک داهات

نیوە شەو گەیشتمەوە بارەگای تیپ. کۆلونێل فرۆیلیش Froehlich تێکڕای تۆپخانەی قورسی تیپەکە و بەتالیۆنێکی لیوای سێنگەری لە بەرانبەر شێربورگ دامەزراند. بەیانی پێش ٦,٠٠ لەگەڵ شرایپلەر هاوزبێرگ گەڕاینەوە بەرەی شەڕ. کۆمەڵێک لە ئەسیرە فەرەنسییەکان بەنامەیەکەوە ناردران بۆ شێربورگ کە داوای خۆبەدەستدانی تێدا نووسرابوو. لە ناوچەکەی خوار ڕێدوودووتوو سەیارە و شووفێرەکەم لە پەنا کۆمەڵە دارێک بەجێهێشت. ئینجا بەلای باکووری خۆرهەڵات چووین هەندێک چەکداریشمان لەگەڵ خۆ برد. هەر لەم پووشەڵانە دۆشکەیەک فڕێ درا بوو، گوتیان شوێنێکی باشیان نەدۆزیوەتەوە لێی دامەزرێنن. منیش بەم تاقمەم گوت کە دەبێ هەر ئێستا بچن لە خاڵی هەرە پێشەوە دامەزرێن. چاوم بۆ فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە دەگێڕا کە لەناکاو تۆپباران کراین. بەغار خۆمان شاردەوە بەڵام هەر لەوێ دوو پیاوی خۆم کوژران. دەمزانی کە ئەمانە تۆپی خۆمانن بەهەڵە بەئێمە کەوتوون. فەرمانم دا کە هیچ تەققەیەک بەبێ فەرمانی ڕاستەوخۆ لە منەوە نەکرێت.

فەرمانم دا پەڕاگەندەکان بگەڕێنەوە نێو شارەکە چونکە نیازی تۆپبارانم نەمابوو تەنیا خاڵە سەربازییەکان. سەردانێکی پیادەکانم کرد بەڵام بسمارک لەوێ نەبوو.

(١)  م م م: دێک Deck= رصیف یان شۆستەی کە کەشتی لێی دەنیشێ.

باترییەکانی دژەفڕۆک ڕێگایان گرتبوو و هێشتا دانەمەزرابوون. هەر لەم کاتەشدا هەواڵ هات کە لۆتانەنت دوورکە بەتۆپێک کوژراوە. فەرمانم دا کە قەڵاتەکە تۆپباران بکرێت و. شارەکەمان لێ دیاربوو رەسەدێکی باشمان دەدایە تۆپچییەکان تا وای لێهات لە چوار تۆپ، سێیان ڕاستەوخۆ نیشانەیان دەئەنگاوت. هەندەی پێ نەچۆ مێجەر فۆپاریس ڕایگەیاند کە ١٠ ئەفسەر و ١٥٠ سەربازی هێزی بەرگری ریدو دوو کۆپلێ تەسلیم بووبوونە. یەکسەر چووینە وێ. شوێنەکە قایم بوو و شمەکی باشی لێ دانرابوو، دیمەنی شارەکەش زۆر بەباشی دیار دەدا.

ئەوجار هەواڵ هات کەوا مێجەر بسمارک لەگەڵ بەڕێوەبەرانی شارەکە گفتوگۆ دەکات. ئیتر چوومە شوێنێک نیو میل لە باکووری ریدو دوو کۆپلێ سەیری بەندەری شارەکەم کرد. وا پێدەچوو هێزەکانی وێ نیازی ئاشتییان نەبووبێت. ئیتر هەر جووڵەیەک لەوێ دیترابایە یەکسەر تۆپباران دەکرا. فەرماندەی قەڵاتەکەش هەواڵی ناردبوو کە نیازی نییە چەک بێت بەڵام ئەگەر ئێمە تۆپبارانی نەکەین ئەویش لە بەرانبەردا دەست ناوەشێنێ. کەواتە هەر نەبێ ئەوێش بێدەنگ کرا.

کاتژمێر ١٥ . ١٢ سەیارەیەکی شارستانی لە شارەوە هات. فەرماندەی پۆلیسی و بەڕێوەبەری شارەکە بوون. بەداخەوە دەسەڵاتیان بەسەر هێزی بەندەرەکەدا نەدەشکا تاکو شەڕەکە ڕابگرن بەڵام بەڵێنیان دا گفتوگۆ بگێڕن. مەبەستی سەرەکییان ئەوە بوو کاولکاری شارەکە ڕابگیرێت. ماوەم دانێ کە بگەڕێنەوە شارەکە و تا کاتژمێر ١٥ . ١٣ وەرامم بدەنەوە. هەر چۆنێک بێت کاتژمێر ١٥ . ١٣ تێپەڕی بەبێ هیچ وەرامێک ئیتر یەکسەر فرۆکەی بۆمبەر گەیشتە سەریان و بۆمبەر قەڵاتەکەیان کوتا و ئاگر لە جبەخانەکەیان بەربوو.

وێرانکارییەکی گەورەمان ئەنجام دا و لە هەمان کات فەرمان بە پیادەکان درا شارەکە بگرن. فەرمانیشم دا کە ڕووی تۆپبارانەکە بۆ قەڵاتەکەی کوێرکڤیل بسوورێنن تا ئەوانیش زوو چەک بنێن. هەندەی نەبرد ئەفسەری فەرەنسی پەیدابوون داوای ئاگربەستیان دەکرد. بانگم کردن بۆ شوێنی چاودێری خۆم تاکو بەچاوی خۆیان دیمەنی بۆمباردمان و تۆپبارانەکە ببینن. چاویان بەو دیمەنە زەق بوو لە نێویشیاندا ئەفسەرێک ڕدێنێکی ڕەشی هەبوو، ئەمە فەرماندەی قەڵاتەکەی کوێرکڤیل



بوو. بەپەرۆشەوە گوتی "بۆچی تۆپبارانمان دەکەن کەوا شەڕیان ڕاگرتووە" گوتم "بەڵێ، بەڵام هێشتا چەک نەکراون". ئیتر یەکسەر داوایان کرد مەرجەکانم بزانن بۆ ئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن. گفتوگۆیەکە زۆر خێرا کراو ئەم ڕێککەوتن نامەم پێ نووسینەوە:

> بەگوێرەی کەوا هێزەکانی بەرگری لە شێربورگ ئارەزووی خۆیان بۆ ئاگربەست دەربڕیوە، فەرمانم دا کە دەستبەجێ شەڕ ڕابگیرێت. دەبێ هەریەک لە هێزەکان ئاڵایەکی سپی هەڵواسێت. ئینجا بەدوای یەکدا لە شەقامی شێربورگ ڕیز بن. ئەسیرەکان بۆیان هەیە جانتای دەست و شمەکی بچووک لەگەڵ خۆیان هەڵگرن.. ئەفسەرەکان لە پرێفێکتیۆر ماریتم Prefeclure Maritime کۆدەکرێنەوە، بۆیان هەیە سەرو یاوەرێک لەگەڵ خۆ بهێنن . تێکڕای چەکەکان دەبێ بەتاڵ بکرێن و لە جبەخانەکان ڕیز بکرێن.

هێشتا یەک کاتژمێری مابوو، ئیتر لەگەڵ هایدکامپەر پیاسەیەکی پشکنینمان لە نێو شارەکە کرد. سەرەتا چووینە لای بەریتانییەکانی سەر دەریا و وێستگەی شەمەندەفەر، بەریتانییەکان لە پەلەپەلدا تێکڕای شمەک و لۆرییەکانیان بەساغی بەجێهێشتبوو کە ژمارەیان زۆر گەورە بوون. هەروەها دێکی فرۆکە ئاوییەکان بەساغی مابۆوە.

گەڕاینەوە بۆ پرێفکتیوور، لە مەیدانەکەدا ئەفسەرەکانی تیپی هەفتەمی پانزەر لەلایەک وەستابوون لە بەرانبەریشیاندا ئەفسەرە فەرەنسییەکان ریز ببوون. پاش ڕێز و درووود، بەتەرجومانەکەم گوت ئەم قسانەم ئاراستەی ئەفسەرە فەرەنسییەکە کرد: من وەکو فەرماندەی تروپە ئەڵمانەکانی شێربورگ خۆشحاڵی دەردەبڕم کەوا خوێنڕێژی وەستا و خۆتان بەدەستەوە دا.. بێژەرەکەیان ئەمەی ڕاگەیاند کەوا ئەگەر یەدەگێکی باشیان مابایە هەرگیز چەک نەدەبوون.

مایەی سەرسوڕمان بوو کە ئەو هەموو تۆپبارانەی مە کارێکی ئەوتۆیان لەو قەڵاتانە نەکردبوو. لە زۆر جێگەدا تەنانەت پەنجەرەکانیش بەساغی مابوون.

*ل.ه: هێزە بەریتانییەکەی کە شەڕیان لە پاڵ لەشکری دەیەمی فەرەنسی دەکرد*

زۆر بەسەختی بریندار بوون، تەنانەت لە هەڵاتنەکەی دەنکێرک، ئەوەی کە سێ هەفتە پێشتر رووی دابوو، خراپتریان بەسەر هاتبوو.

جەنەراڵ سێر ئالان برووک لە ٦/١٣ گەیشتە شێربورگ. یەکسەر هەستی کردبوو کە هێزە فەرەنسییەکان خۆ ڕاناگرن. ڕەزامەندی لە حکوومەتی بەریتانی وەرگرت و دەستی پێکرد هێزە بەریتانییەکانی سەر خاکی فەرەنسا ڕزگار بکات کە بریتی بوون لە دوو تیپ تازە گەیشتبوونە شێربورگ ئینجا هێزەکانی کە پێشتر لە نۆرماندی دامەزرابوون، لیوای ١٥ی پیادە کە لە بەرەی لێگل دامەزرابوون، هەروەها لیوای ١ی زرێپۆش سەر بەتیپی ١ی زرێپۆش.

کە زانی لەشکری دەیەمی فەرەنسی بۆ شێربورگ پاشەکشە دەکەن فەرمانی دا کە بە ٢٤ کاتژمێر کۆببنەوە. هەندێک ترووپی بەریتانی بەکاروانی زۆر درێژ ڕێگا قەرەباڵغەکانی ناوچەکەیان بڕی بۆ ٢٠٠میل. ڕێگای سەرەکی مینرڕێژ کرابوو ئیتر ڕێگای لێواری خۆرئاوایان گرتە بەر. سەیرە کەوا رۆمل لە خۆڕا هەمان ڕێگای گرت بەدوا بەریتانییەکاندا . بەڕاستی پێشهەستیەکی سەیری هەبووە.

ریپۆرتی مارشال کۆرنوۆڵ Cornwall دەڵێ: داوام کرد بەتالیۆنێکی چالاک لە تیپی ٥٢ بنێرن بۆ شوێنێک ٢٠ میل لە باشووری شێربورگ لەگەڵ پێنج بەتالیۆنی فەرەنسی تا ڕێگاکە بگرن. بەڵام ئەو پێشڕەوییە خێرایەی دوژمن ئێمەی شێواند. کاتژمێر ٩.٠٠ی ٦/١٨ کاروانێکی دوژمن کە نزیکەی ٦٠ لۆری بوون گەیشتنە بازگەکەمان لە سانت ساڤیۆر. لەوێ کە تووشی بەرگری بوون بەلای لێواری خۆرئاوادا سووڕانەوە کە ترووپی فەرەنسی لێ بوو و هێڵەکانی ئەوانیان بڕی و گەیشتنە سەر جادە سەرەکییەکە. کاتژمێر ١١.٣٠ داوام لە تیپەکە کرد کە تا ٣.٠٠ هەر هەموویان بارکەن و بەتالیۆنەکەی بەرگری لە ١٢.٣٠ تا کاتژمێر ٣.٠٠ خۆیان بگەیێننە بەندەرەکە. ئیتر دواترین کەشتی لە کاتژمێر ٤.٠٠ بەندەرەکەی چۆڵ کرد. هەموو چەکەکان ڕاگوێزران تەنیا دژەفڕۆکێکی ٣٧ ملیم بێ کەڵک کرا ئینجا بەجێهێشترا . ئینجا دوو دژە تانکیش..

زیانەکانی تیپی رۆمل لە ماوەی شەش هەفتەی هەڵمەتەکەدا بریتی بوو لە ٦٨٢ کوژراو، ١،٦٤٦ بریندار و ٢٩٦ ون بوو، لەگەڵ تێکشکانی ٤٢ تانک. کەچی



دەستکەوتەکانی بریتی بوون لە ٩٧،٦٤٨ ئەسیر، ٢٧٧تۆپی مەیدان، ٦٤ دژە تانک، ٤٥٨ تانک و زرێپۆش، ٤٠٠٠ لۆری ١٥٠٠ سەیارە و ١٥٠٠عەرەبانەی جەنگی کە بەوڵاغ ڕادەکێشران.. ڕۆژی ٢٠.٦ پاش گرتنی شێربورگ ڕۆمل ئەمەی بۆ ژنەکەی نووسیوە:

نازانم ئەمڕۆ چەندی هەیڤە، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەستم بەکات نەماوە. تیپەکەمان ٢٢٠ میلی بڕیوە و مەڵبەندی بەهێزی دوژمنەکانی داگیر کردووە. هەندێک تەنگانەمان دیت، ژمارەی دوژمن ٢٠ تا ٤٠ هەندی ئێمە دەبوون. هەروەها لە نێوان ٣٥ تا ٤٠ قەڵات و سەنگەریان هەبوو وێڕای باترییەکانی تۆپخانە. واش هەر جووڵە و چالاکی وای کرد فەرمانە ڕاستەوخۆکانی فوورەر بەگرتنی شێربورگ بەزووترین کات بەجێ بگەیێنن.

ل.ه: بەگرتنی شێربورگ شەڕ بۆ تیپەکەی رۆمل لە بەرەی خۆرئاوا کۆتایی هات و فەرمانی پێدرا کە بەرەو باشوور ببزوون. ڕۆمل لە رونێوە Rennes ئەمەی بۆ ژنەکەی نووسیوە:

ئەزیزم لوو: ١٩٤٠/٦/٢١

جەنگەکە ئێستا بووەتە سەیرانێک. خەڵکەکەش حەساونەوە کەوا زوو کۆتایی هات.

١٩٤٠/٧/٨ شەڕی فەرەنسا دژی فلیتی بەریتانی شتێکی زۆر سەیرە. بۆ ئەوان باشتر ئەوەیە کە لە لای سەرکەوتوودا بووەستن و بەمەش مەرجەکانی ئاشتی لەسەریان سووک دەکرێت.

ل.ه: ئەم نامەی ڕۆمل لە ٧/٣٠ دیار دەخات کە ئەڵمانەکان داخداری رووس بوون.

٧/٣٠: داواکارییەکانی رووس لە رۆمانیادا زۆر زەقن. باوەڕ ناکەم ئەوها بۆیان بچێتە سەر.

مانفرید رۆمل دەڵێ: لەو شەڕاندا باوکم فێری چەند تەکنیکێکی نوێ بوو. یەکەم شت بیردۆزەکانی لە فەرماندەییدا هیچیتر بەشێکی ئۆرتۆدۆکس و لاساکەرەوەی نەمانەوە، دووەم، ڕێبازێکی نوێی پێڕەو کرد بەناوی (هێڵی قەرەپەستەکردن Line of

Thrust) کە بەپێچەوانەی ڕێبازە ئاسایییەکانی پێشوو بوو. هەروەها لەسەر ڕێگاکان نیشانەی تایبەتی بۆ بەشەکانی دواکەوتوو بەجێ دەهێشت تاکو بەلای دیکەدا نەڕۆن.

گومان نییە کەوا تووشی ڕەخنە و هەندێک گرفت بوو لەگەڵ فەرماندە بەرزەکان و لەگەڵ هەندێک ئەفسەری خۆی. تەنانەت مێجەر هایدکامپەریش ڕەخنەی لێ گرت کە بەڕاستی باوکم پێی تووڕە بوو. ٦/١٣ هاید کامپەر یاداشتنامەیەکی بۆ باوکم نووسی تێیدا بێزاری دەربڕی کەوا پێوەندی لە نێوان ستافی تیپەکە لەگەڵ فەرماندەی تیپەکە نابێ بپچڕێت و دەبێ فەرماندە خۆی لە ڕیزەکانی پاشەر بهێڵێتەوە.. باوکیشم بەتوندی بەرگری لە خۆی کرد. گلەییەکە بۆیە دەکرا چونکە ئەفسەرەکان لەگەڵ ئەو ڕێبازە نوێیەی باوکم ڕانەهاتبوون و ماوەی نەبوو تیپەکەی خۆی لەم تەکنیکە ڕابێنێت.. کە پاداشتنامەکەی پێگەیشت، باوکم ئەمەی نووسی:

ڕۆمل: کۆمەڵێک گرفتم لەگەڵ جێگرەکەم هەیە. یاداشتنامەیەکی درێژی نووسیوە دەربارەی چالاکییەکانی ١٩٤٠/٥/١٨. دەبێ بەزووترین کات بگوێزرێنەوە تیپی دیکە. ئەم گەنجە لە ترسان ٢٠ میل خۆی و ستافەکەمی لە شەڕی کامبرای دواخستووە، ئیتر چۆن لە من دانابڕێن؟ لە باتی ئەوەی کە پێشڕەوی بکات، هەستاوە خۆی گەیاندۆتە فەرماندەیی لەشکر وەک بڵێی فەرماندەی تیپەکەمان لە مەترسیدایە. بەهەموو عەقڵی وادەزانێ کارێکی ئازایانەی ئەنجام داوە.

ل.ه: دواتر وتووێژیان کردووە و گەیشتوونەتە تێکگەیشتنێک. ڕۆملیش ئەمەی نووسیوە:

گرفتەکەی هایدکامپەر دوێنێ چارە کرا. هەست دەکەم لەمەو پاش چاکتر دەبین. چووم بۆ لای هوت و قسەمان کرد. باشە ئێستا ئاشتی لە نێو ئۆردوگاکەمان بەرقەرار بۆتەوە. واش پێویستە دەسەڵاتم لە نێو تیپەکەم بسەپێنم.

ل.ه: لە دوو مانگی داهاتوودا ڕۆمل ژیانێکی ئاسایی بەسەر برد وەکو هەر ئەفسەرێکی هێزی داگیرکەری ئەڵمانی لە فەرەنسادا.

# بەشی دووەم

## جەنگی ئەفریقیا

### ساڵی یەکەم

## چاپتەر V

### شکستەکەی گرازیانی-هۆکار و ئەنجامەکانی


رۆمل: لە گوتارێکی مۆسۆلینیدا لە شوباتی ١٩٤١ گوتی کە لە نێوان ١٩٣٦تا ١٩٤٠ ئیتاڵیا سوپایەکی بۆ لیبیا نارد بریتی بوو لە ١٤٫٠٠٠ ئەفسەر و ٣٢٧٫٠٠٠ سەرباز لەگەڵ شمەک و پێداویستییەکی یەکجار زۆر.

قسەکانی مۆسۆلینی بەتین بوون بەڵام ئەو لەشکرە گەورە کەمترین ستانداردی تێدا بەدی نەکرابوو بۆ جەنگی هاوچەرخ. تەنیا بۆ شەڕی عەشایەر و پارتیزانەکانی وڵاتەکە ساز کرابوو هەروەکو ئەو جەنگانەی کە گرازیانی دژ بە بنەماڵەی سنووسی کردی. تانک و زرێپۆشەکانیان زۆر سووک بوون و مەکینەکانیان بێ کێش بوون. چەکەکانیشیان ئی جەنگی ١٩١٤-١٩١٨ بوون بەمەودایەکی کورتەوە. چەکەکانیان تەنانەت تفەنگەکانیشیان بێ کەڵک بوون.

بەڵام عەیبی گەورەیان لەوەدا بوو کە زۆربەی لەشکری ئیتاڵی پیادە بوون. لە جەنگی بیابانیشدا پیادە سوودیان تەنیا بۆ ئەوە دەبێت کە بەرگری لە خاڵێکی تایبەت بکەن کە تێدا دامەزرێن بەبێ هێرش و جووڵە. بەڵام لە جەنگی هاوچەرخدا باڵادەستی بۆ ئەو کەسە دەبێت کە بتوانێ بجووڵێتەوە و لەلای جوداوە هێرش بکات و بکشێتەوەش.

لە ئەیلولی ١٩٤٠ لەشکری ئیتاڵی لە لیبیا هەڵمەتێکی گەورەی کرد بۆ میسر. بەریتانییەکان هێزێکی ئەوتۆیان لە ئەسکەندەرییە نەبوو. هێرشەکەش لە ناوچەی بەردییەی لیبیاوە بۆ ئەسکەندەرییە کراو گەیشتە سەللوم ئینجا بەدرێژایی لێواری دەریا ڕۆیشتن تا سیدی بەڕرانی. هێزە بچووکەکەی ئینگلیز بەرگەی نەگرت بەڵام بەچالاکانە کشایەوە بۆ خۆرهەڵات. گرازیانی لە باتی ئەوەی سوود لەم پێشڕەوییە وەربگرێت هەستا سەنگەری لە سیدی بەڕرانی دروست کرد و ڕێگای بۆ ڕاکێشا بەدرێژایی دەریادا و خەریک بوو خۆراک و ئاو دابین بکات بەنیازی ئەوەی کە لەم






خاڵەوە هەڵمەتەکەی پێش بخات بەرەو خۆرهەڵات.

فەرماندەی مەڵبەندەکە و بەرپرسە شارستانییەکان لەوێ بەجێیان بۆ ڕێکخستنی کارو پێداویستییەکان و هەموو شتێک زۆر بەهەسپایی بەڕێوە دەچوو. شێوازی نۆژەنیان پەسند نەکرد و دەبایە هەموو شتێک بەگوێرەی رۆتین بڕوات. ئەم شێوازەش کەڵکی نابێت بەرانبەر دوژمنێک کە بەچالاکی کارەکانی بەڕێوە دەبات. لەباری ئەوهادا پێویستە فەرماندەکان ڕەق و یەک قسە بن بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێنن. ئەگەر کەسێک هەستی بەرپرسێتی تێدانەبێت یان بەگوێرەی پێویست ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیێنێ، دەبێ فەرماندەکە بەوپەڕی چاوقایمی بەرپەرچی بداتەوە و لای بدات. دەبێ ستافەکەی خۆی ڕابێنێت کە لە هەوای گرژ و لەژێر باری قورسدا کار بکەن. دەنا ئەگەر ڕێگا بەنەرمی و خاترانە و چاوپۆشی بدات، تووشی دوژمنێک دەبێت لە خۆی ڕەقتر.

هەفتەو هەیف بەسەر چوون کەچی گرازیانی هەر لە سیدی بەڕرانی بوو. بەریتانییەکانیش کە خاوەن عەقڵن و پێشدەستی دەنوێنن، ماوەیان بوو کە هێڵەکانی بەرگری خۆیان ساز بکەن. لە تێکڕای ئیمپراتۆریەتی بەریتانییەوە هێز کۆکرانەوە بەتایبەتی هێزی مۆبایڵ و مەکینەدار و تانک. تانکە بەریتانییەکان باڵادەستییەکی

گەورەیان بەسەر تانکە ئیتاڵییەکانەدا هەبوو. ژمارەی تووپە بەریتانییەکان لە چاو ئیتاڵییەکان کەمتر بوون بەڵام جبەخانە و پێداویستییەکی باشتریان هەبوو لەگەڵ هێزێکی ئاسمانی هاوچەرخ و تانکی نوێتر و تۆپی دوورهاوێژ و لە هەموو گرینگتر ئەوە بوو کە تێکڕای هێزەکانیان مەکینەدار کرابوون. هەروەها فلیتی[١] بەریتانی بەشی خۆرئاوای دەریای ناوەندیان کۆنترۆڵ کردبوو. ئیتاڵییەکانیش ئەگەرچی ژمارەی کەشتییەکان لە بەریتانییەکان زۆرتر بوو بەڵام وانەبێ هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی مەترسی فلیتی بەریتانی لە کۆڵ خۆ بکەنەوە. ئینجا دەگەینە خاڵی هەرە گرینگ کەوا بەریتانیا هێڵی شەمەندەفەری لەسەر لێواری دەریا هەبوو. ئەو هێڵەش بەهێڵەکانی نێو میسرەوە پەیوەست بوو. واتە توانای گەیاندنی هەموو پێداویستییەکان هەبوو کە بەئاسانی بگاتە بەرەی جەنگ لە خۆرئاوای ئەسکەندەرییەدا تا شارۆچکەی مەرسا مەترووح دەتوانین بڵێین کە سەرتاسەری میسر ببوو بەجبەخانەیەکی بەریتانی.

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٤٠دا جەنەڕاڵ وێڤڵ– Wavil لەپڕ پەلاماری دان. *(لە ١١/٩ دەستی پێکرد)*. سەرەتا هێزی ئاسمانی دەستی وەشاند. هەر هەموو فڕۆکەی کۆن و نوێی بەریتانی لەو هێرشە بەشدار بوون و بنکەی سیدی بەڕانییان کوتا. لە قۆڵێکی دیکەوە فلیتی بەریتانی لە دەریاوە تۆپبارانی کردن و ڕێگەی گەڕانەوەیان دایە بەر تۆپی قورس.

لەبەر شەوقی مانگە شەوێکی گەشدا هێزی بەریتانی و فەرەنسی و ئۆستراڵی و پۆڵەندی و هیندی باڵچەرخییەکیان بەنێو بیاباندا کرد بۆ پشت سیدی بەڕانی و، هەر هەمووش بە لۆری دەجووڵانەوە. پاش کورتە شەڕێک، خاڵەکانی ئیتاڵی لە خۆرئاوای سیدی بەڕانی گیران و نزیکەی ٢٠,٠٠٠ ئەسیریان هەبوو.

*ل.ه: بەشی گەورەی هێزەکانی ئەم هێرشە بەریتانی بوون، لە خانەی دووەم هێزە هیندییەکان بوون.. لەشکرەکە بریتی بوو لە تیپی ٧ی زرێپۆش، تیپی ٤ی هیندی (بەشێکیان ئینگلیز بوون) و لیوایەکی پیادەی بەریتانی (بەهەموویان ٣١,٠٠٠ پیاو بوون).*

(١) م م م: فلیت = اسطول– تاقمە پاپۆڕ و کەشتی کە وەکو هێزێکی یەکگرتوو کاردەکەن.



*هێزە ئیتاڵییەکەی سیدی بەڕانی نزیکەی ٨٠,٠٠٠ بوون ١٢٠ تانکیان لە دەست دابوو لە بەرانبەر ٢٧٥ تانکی بەریتانی کەوا ٣٥ لەم تانکە لە قورسەکان بوون (تانکی ماتیلداس) سەر بەفەوجی ٧ی شاهانە.*

*هێرشە سەرەتاییەکە بۆ کامپی نبەیوە کراو لەوێدا ٤٠٠٠ ئەسیر گیران (نەوەکو ڕۆمڵ دەڵێ ٢٠,٠٠٠ گیران). سەرەڕمبی هێرشەکە تیپی ٤ی هیندی بوو، پێچێکیان بەبیاباندا کرد ئینجا بەرەو باکوور هەڵگەڕانەو بۆ سیدی بەڕانی.*

ڕۆمل: لە هەمان کاتدا پیادەی بەریتانی پشت ئەستوور بەتانکی قورسی پیادەکان لە خۆرئاوای خاڵەکەوە هێرشیان کرد و هەموو قۆڵەکان بەهاوکاری یەکتر کاریان دەکرد و بەچەشنی ڕەشەبایەک مەڵبەندە ئیتاڵییەکانیان ڕاماڵی و لە کۆتایی ڕۆژەکەدا هەرسێک تیپی پیادەی ئیتاڵی لە سیدی بەڕانی تێکشکان.

وێڤڵ هێرشەکەی ڕانەگرت. پێشڕەوی کرد و تووشی تیپی کراس ڕەشەکان بوو کە بەڕاستی شەڕی باشیان کرد بەڵام زوو چەک کران. لە ١٠/١٦ ویڤڵ گەیشتە سنووری لیبیا و لە شەڕەکەی کاپووزۆ Capuzzo گرارییانی بەزاند چونکە تانکە ئیتاڵییەکان هیچ کەڵکێکیان نەبوو. مالێتنی، فەرماندە مەردەکەی زرێپۆشە ئیتاڵییەکان لەوێدا کوژراو ٣٠,٠٠٠ ئیتاڵی دەستبەسەر کران. لە ڕاستیدا لەشکری دەیەمی ئیتاڵی ریشە کێش کرا.

*ل.ه: تێکڕای دەسکەوتەکان بریتی بوون لە ٣٨,٠٠٠ ئەسیر، ٤٠٠ تۆپ و ٥٠ تانک. زیانەکانیش لە دەوری ٥٠٠ کەس بوون.*

ئیتاڵییەکان بەتەواوی تاسابوون. کشانەوە بۆ بەردییە و توبڕق چاویان دەگێڕا بزانن کەی دوژمن دێت. لە ١٢/١٩ ویڤڵ پەیدا بوو گەمارۆی خستە سەر بەردییە. لەژێر چەتری ه. ئا. ش R.A.F [٢] و هێزی شاهانەی دەریاییدا، پیادە ئۆسترالییە چالاکەکان بەنێو کەوتن و ٢٠,٠٠٠ ئیتاڵییان دەستگیر کرد. فەرماندە ئیتاڵییەکە خۆی دەرباز کرد.

*ل.ه: لەم شەڕەدا تەنیا تیپی زرێپۆشی هەفتەم بەدوا ئیتاڵییەکان کەوت بۆ بەردییە*

(١) م م م: هێزی ئاسمانیی شاهانە. Royal Air Force ناوی فەرمیی هێزی ئاسمانی بەریتانیایە.

*چونکە تیپە هیندییەکە پاش گرتنی سیدی بەڕڕانی بۆ سودان نێردرا. بۆیەش، هێرشەکەی بەردییە هەندێک دواخرا تاکو هێزێکی تازەی ئوستراِلی گەیشتە جێ (تیپی شەشەمی ئۆسترالی). هێرشەکە لە ١٩٤١/١/٣ کرا و دیسان تانکەکانی ماتیلداس بوونە سەرەڕمب. بە سێ ڕۆژ ٤٥,٠٠٠ ئەسیر گیران.*

ڕۆمل: لە ١٩٤١/١/٨ شەڕ گەیشتە توبرق. سەرباری ئەو هەموو تۆپ و جبەخانەو خۆراکە زۆرەی کە ئیتاڵییەکان هەیانبوو، سەرباری ئەو هەموو خەندەک و سەنگەرکارییەی توبرق، لە دوو هەفتە زیاتر خۆیان ڕانەگرت. بەڕاستی ئیتاڵی لە بەرانبەر تانکە قورسەکانی بەریتانی کەڵکیان نەبووە.

*ل.ه: لە ڕاستیدا شەڕەکە لە ١/٦ دەستی پێکرد و تەنیا تیپی هەفتەم تیدا بەشدار بوو چونکە پیادە ئوسترالییەکان پاش دوو هەفتە بەسەریان ڕاگەیشتن. هێرشە ڕاستەقینەکە ڕۆژی ١/٢١ کرا و لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا بەرگری نەما. ٣٠,٠٠٠ ئیتاڵی دەستبەسەر کران لەگەڵ ٢٣٦ تۆپ.*


ڕۆمل: بەریتانی گەیشتنە سیرینایکا Cyrenaica[٣]. شەڕ لە دەرنە و موخەیلە کرا. سەرباری زوورگ و سەختی زەوییەکەی ئەو ناوچە، ئۆسترالییەکان پێشڕەوییەکی باشیان کرد و لە ١٩٤١/٢/٧ بەنیغازی گیرا. ئەوجار بەریتانییەکان ٣٠ میلی تر بەلای باشووری خۆرئاوا چوونە پێش و لە لیبیا دیسان شەڕ کرا و دیسان ئیتاڵی بەزین و ١٠,٠٠٠ ئەسیریان دا.

*ل.ه: لەو شەڕەی نزیک بەدەفووم ٢٠,٠٠٠ ئەسیر و ١٢٠ لە تانکە ئیتاڵییە تازەکان گیران. هێزە بەریتانییەکە تەنیا ٣,٠٠٠ پیاو تەنیا ٣٢ تانکیان لە دەستدا بوو. بەڵام ئەوەبوو کە تانکە ئیتاڵییەکان بەتاقمی بچووک پاشەکشەیان کرد. ئیتر بەریتانییەکان بەچالاکانە تاقم لە دوای تاقم دەیانگرتن. سەبارەت بەپیادە ئیتاڵییەکانیش دەشێ بگوترێ وەک نەبووبن ئەوها بووە.*

ڕۆمل: لە ٢/٨ عگێلە گیرا. بەمەش بەریتانییەکان گەیشتنە سنووری نێوان

(٣) م م م: هەرێمی بەرەقە واتە بەشی خۆرهەلاتی لیبیا. پایتەختەکەشی شاری بەنیغازییە. ئیتاڵییەکان ناوێکی ڕۆمانی کۆنیان لێ نایەوە (سیرینایکا) جا لێرەدا هەمان ناو بەکار دێت کە ڕۆمل لە زاری ئیتالییەکانەوە وەری گرت.




زورگەکانی لیبیا – کامیرای رۆمل

هەرێمەکانی سیرینایکا و تەرابلوس (Tripolitania). دەشێ بگوترێ گرازیانی لەشکری نەما. تەنیا هەندێک لۆری و رەوە سەربازی کشاوەی رووە و خۆرئاوا کە بەیەکجاری ورەیان بەردابوو. بێ لە کوژراو و بریندارەکان ١٢٠,٠٠٠ پیاویان گیرا. هەروەها هێزی ئاسمانییان شکستێکی سەرخۆرەی بەدەست هێزی شاهانەی ئاسمانی پێگەیشتبوو.

*ل.ه: ئیتالی ١٣٠,٠٠٠ ئەسیر و ١,٣٠٠ تۆپ ٤٠٠ تانکیان لە دەست چوو، بێ لە چەک و پارچە بچووکەکانی دیکە.*

ڕۆمل: ئەگەر وێڤڵ لەسەر پێشڕەوییەکەی بەردەوام بایە هیچ بەرگریی نەدەهاتە پێش.. بۆ دواخستنی وێڤڵ، ئیتاڵییەکان ڕێگە و بانیان لە عگێلە و ئەرکۆ و فەلینی و سورت مینرێژ کرد و هەندێک پردیان ڕووخاند. بەڵام هیچ لەوان کەڵکیان نەدەبوو. هێزێکی بچووک لە تۆپخانەی ئیتالییەکان لە سورت دامەزران، دەنا بەشی گەورەی هێزەکانیان لە بازنەیەکی ١٢ میلی بەدەوری بەنیغازیدا بلاوکردەوە. خەندەک و سەنگەرکارییەکانی دەوری شارەکە لەسەر لیم دروست کرابوون، خۆیان ڕانەدەگرت. ئەو ئاسن و تەلبەندانەش هەر بێ کەڵک بوون. هێڵەکانی بەرگری لە تەرابلوس ئەگەر

لەگەڵ ئەوانی توبرق و بەردییە بەراورد کرابانەوە، هیچ کەڵکیان نەدەبوو.

بەڵام ئەوە بوو دوژمن نەهاتنە پێش. ڕەنگە چاوەڕێ بووبن کە لە خۆڕا وەکو میوەی گەییو لە دار بکەوێتە خوارێ. گومان نییە کە هەندێک ماوەی دەویست تا هێزەکانی کۆ بکاتەوە و جبەخانەی ڕێک بخات.

*ل.هـ: پێشڕەوییەکە بەفەرمانی حوکمەتی بەریتانیا وەستا چونکە هێزێکی گەورەیان نارد بۆ یۆنان بەخەیاڵی ئەوەی کە بتوانن بەبەڵکاندا هێرش بۆ باشووری ئەڵمانیا بکەن. مستەر چێرچل داوای لە جەنەراڵ مێتاکساس، سەرەک وەزیرانی یۆنان، کرد کە پێکەوە دژی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بجەنگن بەتایبەتیش کەوا یۆنان دژی ئیتاڵیا لە جەنگدا بوو. بەڵام یۆنان لەوە ترسا کە ئەڵمانیا داگیری بکات بۆیە پێشنیازەکەی چێرچلیان ڕەت کردەوە. دواتر جەنراڵ مێتاکساس مرد (١٩/١/١٩٤١) و ئەمجارە حکومەتی یۆنان ڕازی بوون. بۆیەش حوکمەتی بەریتانیا فەرمانی بەوێڤڵ دا کە پێشڕەوییەکەی ئەفریقیا ڕابگرێت، هێزێک لە لیبیا بهێڵێتەوە و ئەوانی دیکە بۆ یۆنان بەرێ بکات.*

*جەنگی بەڵکان هەندەی نەخایاند. بەریتانییەکان لە ٧/٣ لە یۆنان دابەزین، ئەڵمانەکانیش لە ٦/٤/١٩٤١ هەڵمەتی یۆنانیان دەست پێکرد.*

*لە ئەنجامدا هەیڤێکی پێ نەچوو، بەریتانییەکان لە یۆنان کشانەوە بۆ دوورگەی کریت. ئەم کارەساتە کارەساتێکی دیکەی بەدواداهات کە ئەڵمان لە دوورگەی کریت بەپەڕەشووت دابەزین و لەوێدا بەریتانی شکان.*

*جەنەڕاڵ ئۆ-کۆنەر (O Connor) کە فەرماندەی گشتی بوو لە باکووری ئەفریقیا، خۆی و کۆمەڵێک ئەفسەری دیکە بەباشیان دەزانی کە هەڵمەتەکەی لیبیا ڕانەگرن. ڕۆملیش ئەم ڕاستییەی دەزانی.*

ڕۆمل: فەرماندەیەک ئەگەر سەرکەوتنێکی باشی بەدی هێنا بەچەشنی ئەو سەرکەوتنەی وێڤڵ، نابێ بەئامانجێکی ستراتیجی کورتخایەن بوەستێت بەڵکو دەبێ ئەوپەڕی سوود لە سەرکەوتنەکانی وەربگرێت. کە دوژمن ورەی بەرداوە و بەناڕێکی دەکشێتەوە، ئەمە باشترین کاتە بۆ گرتنی زۆرترین ژمارەی ئەسیر و دەسکەوت.



چونکە ئەو سەربازانە کە لە ترسان ڕادەکەن، ئەگەر دەرفەتی هەناسە کێشانەوەیان بدرێتێ خۆ دەگرنەوە و بەگژتدا دێنەوە.

هۆی سەرەکی ڕاگرتنی پێشڕەوی دەبێ ئەوە بێت هێڵەکانی پێوەندی و ڕێگاکان زۆر دوور بووبنەوە بۆیەش فەرماندە بایەخێکی گەورە بەم خاڵە دەدەن. بەشێکی زۆری فەرماندە مەیدانییەکان بێزاری خۆیان بەهۆی نەبوونی خۆراک و یەدەگ دەردەبڕن. لە باتی ئەمە، دەبێ پێشەکی بیری لێ کردبێتەوە.

ئەوجا ئەگەر ڕاونانی دوژمنێکی شڕکراو بەفەرمانی فەرماندەکە بوەستێنرێت، مێژوو دیاری خستووە کە ئەمە بڕیارێکی چەوتە. هەندێک خەڵکی ئەکادیمی بایەخ بەوردەکاری دەدەن. بەڵام زۆرجار عەقڵ و وردەکاری دوور و درێژ بەدەست دوژمنێکی خاوەن عەقڵێکی کەمتر، بەڵام دڕتر، بەزیون.

باشترین شت ئەوەیە کە خودی فەرماندەکە پێشبینی و حیساباتی خۆی لە مەیدانەکەدا بکات. ئەوسا ئەفسەرەکانی میرە ناچار دەبن کە خۆ ڕاپەڕێنن و دوو هەندی جاران پێداویستییەکانت بۆ دابین بکەن.

شکستی ڕاستەقینەی ئیتاڵییەکان لە مەیدانی دەروونی دا رووی دا. هیچی تر باوەڕیان بەچەکەکانیان و بەخۆیان نەمابوو. ئەو هەستەش تا کۆتایی جەنگ لەگەڵیان مایەوە و، من لێیان ناگرم چونکە ڕژێمە فاشییەکەیان هەرگیز نەیتوانی چەک و پێداویستی بۆ لەشکری خۆی لە باکووری ئەفریقیا دابین بکات. هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر خەڵکی خۆت بەجۆرێک فوو بدەیت و هەندە ئومێدی درۆیان بۆ برازێنیتەوە کەچی دواتر لە یەکەمین شەڕدا بەم جۆرە بشکێن، هەرگیز باوەڕ ناکەم بتوانن ورە و باوەڕیان وەکو خۆی لێ بێتەوە.

## چاپتەر VI

### خولی یەکەم

# هەڵمەتەکەی ئەفریقیا

لە ماڵی خۆم پشووم دەدایەوە، کاتێک زانیم هەناردەیەک لە بارەگای فوورەرەوە بە منی ڕاگەیاند کە دەبێ کۆتایی بەئیجازەکەم بێنم و دیدارێک لەگەڵ فیڵد مارشاڵ فۆن براوشتیش و خودی فوورەر بکەم. ڕۆژی ١٩٤١/٢/٦ ئەرکە تازەکەم لە لایەن براوشتیشەوە پێ ڕاگەیاندرا .. کە بریتی بوو لەمەی خوارێ:

بەهۆی نالەباری حاڵی هاوپەیمانە ئیتاڵییەکانمان لە باکووری ئەفریقیادا، بڕیار درا دوو تیپی ئەڵمانی، یەکی سووک و یەکی پانزەر، بۆ یارمەتی ئەوان بنێردرێن. فەرماندەیی ئەو فەیلەقە بە من سپێردرا و دەبایە بەزووترین کات بچم بۆ لیبیا تاکو لە نزیکەوە شارەزایی پەیدا بکەم. ئەوهاش دانرا کە لە ناوەندی شوباتدا تیپە سووکەکە بگاتە جێ و لە ناوەندی حوزەیران تیپەکەی پانزەر بەدوایدا بێت. مەرجی سەرەکیمان لێرەدا ئەوەبوو کە دەبایە ئیتاڵییەکان ئۆباڵی بەرگری کردن لە ناوچەی تەرابلوس لە ئەستۆیان بگرن تاکو هێزە ئەڵمانەکان بەساغی بگەنە جێ و تا هێزە ئاسمانییەکانمان جێگەی خۆیان لەسەر زەوی دادەمەزرێنن. ئەم مەرجە ئەوەی دەگەیاند کە دەبایە ئیتاڵییەکان پلانی بەرگری بگۆڕن و ناوچەکانی سورت و سەر دەریاکان لە دوژمن خاوێن بکەنەوە. هەروەها هێزە مۆبایلەکانی ئیتاڵی دەبایە لە ژێر فەرمانی مندا بن. کەچی خۆم لە ژێر فەرمانی مارشاڵ گرازیانیدا بووم.

پاش نیوەڕۆ لە خزمەت فوورەر وەستام. بەمنی ڕاگەیاند کە ئامۆژگارییان کردووە من بۆ لیبیا بنێرێت کەوا بیستوویەتی توانای خۆ گونجاندنم زۆرە. هەروەها یاوەری یەکەمی فوورەر، کۆلۆنێل شموند Schmund دانراوە کە لە یەکەم گەشتدا لەگەڵم بێت. ئامۆژگاری کردم کە هێزەکانم لە تەرابلوس کۆبکەمەوە تاکو پێکەوە کار بکەن.



لە ئێوارەکەدا، فوورەر هەندێک بڵاوکراوەی ئەمەریکی و بەریتانی پێشانی من دا کە سەرکەوتنەکانی وێڤڵیان هەڵدەگوت بەتایبەتی ئەو هاوکارییەی کە لەنێوان هێزەکانی زەمینی و دەریاییدا کراون.

ئەزیزم لوو ١٩٤١/٤/٦

کاتژمێر ١٢.٤٥ لە (شتاگن) نیشتم. جێگری فەرماندەی گشتی ئەرکێکی تایبەتی بەمن سپارد. ئینجا چووم بۆ لای F (فوورەر) پەلەم لێ دەکرێت و ئیشەکان بەخێرایی دەڕۆن ڕەنگە فریا نەکەوم جانتام بپێچمەوە. دواتر بۆم بنێرە. پێویست ناکا پێت بڵێم کە مێشکم لە چ جۆرێک تێکە و لێکە دایە، ئەرکێکی زۆرم لە پێشە. ڕەنگە چەند مانگێک بخایێنێت تا بارە ڕاستەقینەکە بەلایەکدا ساغ بێتەوە.

بەداخەوە، دیسان ئیجازەکەم بڕا. بەڵام خەمت نەبێ هەر تووشمان دەبوو چونکە ئەرکی ئەم جارە زۆر گرینگ و زۆر گەورەیە.

١٩٤١/٢/٧: شەوی ڕابردوو هەر بەخەیاڵی ئەو ئەرکە نوێیەوە نوستم (وابزانم چارەیەک بۆ ڕۆماتیزمەکەم دەکات!) لەم چەند کاتژمێرەدا تا نەڕۆیشتووم دەبێ فریای زۆر شت بکەوم چونکە ئیشێکی گەلێک زۆرم لە پێشە.

ڕۆمل: بەیانی ٢/١١ خۆم بۆ جەنەراڵ گووزۆنی Guzzoni ریپۆرت کرد سەردەستە ستافی (ستافۆ ئیتالیانۆ!!)یە و یەکسەر ئەو پلانەی پەسند کرد کە دەبێ لە بەنیغازی هێڵی بەرگریمان پاڵ دەین تا کەنداوی سورت. فەرمانیش بەجەنەراڵ رواتا درا، سەردەستە ستافی لەشکری ئیتاڵی، کە تا لیبیا لەگەڵم بێت.

پاش نیوەڕۆ گەیشتمە کاتانیا لە سقلیە. لەوێ چاوم بەجەنەراڵ گایسلەر (Geissler) کەوت. دوا هەواڵی لیبیا زۆر تاڵ بوون. ئیتالییەکان کەڵکیان بڕابوو و ڕەنگ بوو هەواڵی گرتنی تەرابلوس لە هەرکاتێکدا بگاتە جێ. بۆیەش داوام کرد کە دەستبەجێ فڕۆکەکان پەلاماری بەنیغازی و ڕێگاکانی خۆرهەڵاتی بەنیغازی بدەن. ئەفسەرە ئیتالییەکان خانووبەرەیان لە بەنیغازی هەبوو و دەترسان زیانیان پێبگات

بۆیەش لەم پلانە دوودڵ بوون. من بەو هەڵوێستەیان یەکجار تووڕە بووم. گایسلەر پێوەندی بەبارەگای فوورەر کرد و ڕەزامەندی لێ وەرگرتن. ئیتر لە ڕۆژی دواتردا فڕۆکەکانمان کەوتنە سەر بۆمباردمانی بەنیغازی و کاروانە بەریتانییەکانی نێوان بەنیغازی و میسر.

کاتژمێر ۱۰،۰۰ی ڕۆژی ۲/۱۲ بەشەکانی هەواڵگریمان لە کەتانیاوە بەڕێ کرد بۆ تەرابلوس. لە ئاستێکی نزم فڕین و لە ڕێگادا تووشی کۆمەڵێک فڕۆکەی ئەڵمانی بووین کە لە شەڕ و بۆمباردمان دەگەڕانەوە. نیوەڕۆ لە کاستل بینیتۆ، (باشووری تەرابلوس،) نیشتین. لوتانەنت هێگنرانەر، نوێنەری فەرماندەیی گشتی ئەڵمانیا لەلای فەرماندەیی گشتی ئیتاڵیادا، بەپیرمانەوە هات و مژدەی ڕاگەیاند کەوا جەنەراڵ گاریبۆلدی، بریکاری گرازیانی، لە جێی گرازیانی دانراوە. هەندێک لە بەسەرهاتەکانی ئەم شەڕانەی دوایی بۆ ئێمە گێڕایەوە کە چۆن سەربازی ئیتاڵی چەکیان فڕێداوە و بەڕاکە ڕاکە خۆیان بە لۆرییەکان هەڵواسیوە و بەشێتانە هەڵاتوون و دیمەنی زۆر ناشیرن رووی داوە. تەنانەت هەندێکیان گوللە باران کراون. ورەیان بەیەکجاری رووخاوە و زۆربەی ئەفسەرە ئیتالییەکان شمەکیان پێچاوەتەوە تا بەزووترین کات بگەڕێنەوە بۆ ئیتاڵیا.

کاتژمێر ۱۳،۰۰ خۆم بۆ جەنەڕاڵ گاریبۆلدی ریپۆرت کرد و بۆچوونەکانم بۆ باس کرد. بەڵام پێدەچوو گومانی بەرانبەر سەرتاسەری پڕۆژەکە هەبێت. ورەی نەمابوو، ئامۆژگاری کردم کە جارێ ناوچەی سورت بەچاوی خۆم ببینم ئینجا بڕیاری کۆتایی بدەم. بەڵام من زۆر بەتوندی پێم داگرت کە ئەگەر خۆیان نیازی شەڕ و بەرگرییان نەبێت، ئێمە ئامادە نین ئەو شەڕەیان بۆ بکەین. گوتیشم پێی ناوێ هەموو ناوچەکان ببینم، لە ئاسمانەوە تەماشایەکی دەکەم و ئێوارێ ریپۆرتی خۆم دەدەم.

لە دڵی خۆمدا یەکسەر بڕیارم دا کە پشت بەئیتاڵییەکان نەبەستم و بەزووترین کات بڕیار بدرێتە دەستم پێش ئەوەی تروپەکانم بگەنە جێ و بەپێچەوانەی ئامۆژگارییەکان رەفتار بکەم.

پاش نیوەڕۆ لەگەڵ کۆلۆنێل شموند سواری فڕۆکێک بووین و بەسەر خاکی ئەفریقیادا فڕین. بەسەر بوێرات تێپەڕین، قەڵاتووکەیەکی بچووک هەندێک کووخ و



خانوو لە دەوریدا هەن. لە کۆتاییدا بەسەر سورتدا تێپەڕین کە هەندێک هێزی ئیتاڵی لە دەوریدا بڵاوبووبوونەوە. بێجگە لەو چەند زەلکاوەی نێوان سورت و بوێرات، کە چەند میلێک بەرین بەلای باشووردا، هیچ تەگەرەیەکی سروشتیی لێ نەبوو. گەیشتمە باوەڕێک کە بەهێزکردنی سورت سوودی دەبێت.. ئینجا کە گەڕاینەوە لای جەنەڕاڵ گاریبۆلدی جەنەراڵ رواتاش گەیشتبووە جێ کە فەرمانی لە لایەن دووچی (مۆسۆلۆنی) هێنابوو. بەمەش هیچ تەگەرەیەک لە پێش جێبەجێ کردنی پلانەکانم نەمان.

ڕۆژی دووەم تیپە ئیتاڵییەکانی بریسکا Bresca و پاڤیا (Pavia) بۆ هێڵی بەرگری سورت و بوێرات چوونە پێش. ئەو ٦٠ تانکە سووکانە کە تەنیا بۆ شەڕی عەشایەر کەڵکیان هەبوو دەبایە لە بوێرات دامەزرێن. بزواندنی ئەم هێزە بۆ ئەو ۲۵۰ میلەش سەرئێشەیەکی گەورە بوو بۆ ئیتالییەکان چونکە لۆریی باریان نەبوو. لەم ماوەشدا تەنیا فڕۆکە ئەڵمانییەکان مایەی بەرگریکردن بوون. بۆیە بەجەنەراڵ فرۆیلیش Froehlich راگەیێندرا، فەرماندەی لوفتواف، کە لەم چەند ڕۆژەدا وریای ئەو بەرەیە بێت.

پاش چەند ڕۆژێک سەردانی سورتم کردەوە. هێزەکەی Xی ئیتاڵی ببوون بە فەوجێک و لەژێر فەرماندەی جەنەراڵ سانتاماریا و جەنەراڵ کراتی دامەزرابوون، ئەمە تاکە هێزێک بوو کە لە رووی بەریتانییەکان وەستابێت ئەوانی دیکە ۲۰۰ میل لە دواوە بوون.

پێم داگرت کە یەکەم تیپی ئیتاڵی لە ۲/۱٤ بۆ سورت بەڕێ بکەوێت، لە هەمان ڕۆژیشدا یەکەم بەشی هێزە ئەڵمانەکان گەیشتنە جێ، ئەمانە بەتالیۆنی سێیەمی هەواڵگری بوون لەگەڵ بەتالیۆنێکی دژەتانک. فەرمانیشم دا کە دەستبەجێ بەو شەوە بەڕێکەون.. هێزەکە زۆر بەخێرایی لە پاپۆڕ دابەزی و بەیانی شمەکی هاوینی بە سەربازەکان دراو پێش نیوەڕۆ لەبەر بالاخانەی میری لە تەرابلوس ساز ببوون. دیمەنێکیان هەبوو کە ورەی خەڵکەکەی بەجۆش هێنا. پاش خۆ پێشاندانێکی کورت کەوتنە ڕێ و لە ماوەی ۲٦ کاتژمێردا گەیشتنە سورت. ئینجا لە ۲/۱٦ یەکەم جاربوو دەست بەچالاکی بکەن ئۆخەی، فەرماندەییم گرتەوە دەست!.

**ئەزیزم لوو:** ١٩٤١/٢/١٤

چۆنم ویست، ئەوها هات. من زۆر باشم، خـەمی منت نەبێت. ناوچەکـەم پشکنیوەتەوە، ئیشێکی زۆری دەوێت.

١٩٤١/٢/١٧: لەم هەتاوە خۆشـەدا هەموو شتێک لەبەر چاوم جوان بووە. لەگەڵ فەرمـاندە ئیتاڵییەکان هاوکاری دەکەین باوەڕم نەدەکرد هەندە باش بن.. کوڕەکانیشم وا لە بەرەی جەنگن، ٣٥٠میلمان بڕی بەرەو خۆرهەڵات.

ڕۆمل: شارەزاییم لە ناوچەی تەرابلوس پەیدا کرد. جێ دەستی ئیتاڵییەکان لەم وڵاتەدا دیارە و بەڕاستی ئاوەدانیان کردۆتەوە، بەتایبەتیش تەرابلوس و تەرهونە و خومس. ئیتاڵییەکان هەندێک خاوخاوی لێ دەکەن بەڵام من هەمیشە هانیان دەدەم و ئێستا ڕۆژانە هێز بەرەو خۆرهەڵات دەنێرم. مێجەر ئۆتۆ Otto، بەڕێوەبەری ئۆردوگای فەیلەقی ئەڵمانی، ڕەنجێکی بێ هودان دەدات بۆ بەڕێکردنی هێز و دابین کردنی پێداویستییەکان، پیاوێکی ژمارە یەکەمە. داخم ئەوەیە کە تا ئێستا هێڵێکی شەمەندەفەریا بەدرێژایی دەریا دروست نەکردووە.

بۆ ئەوەی بەریتانییەکان بشێوێنم، فەرمانم بە پیشەسازەکان دا هەیکەلی تانک دروست بکەن و لەسەر سەیارەکانی فۆلکس واگن ببەسترێن.. ڕۆژی ٢/١٧ جموجوڵی دوژمن زۆر بوو و ترسام کە هێرش بکەن. ڕۆژی ٢/١٨ جموجوڵیان زۆرتریش بوو کە ئێمە لە ئەجدابییە و عگێلە دامەزراین. جا بۆ ئەوەی زیاتر بشێوێن فەرمانم بە دوو بەتالیۆنەکەی خۆم و بەتالیۆنە ئیتاڵییەکە دا کە تا نۆفیلیا Nofilia بچن و خۆ لە دوژمن بدەن. ئەم خاڵەی پێشەوە بەرەی ئێمەی بەهێز کرد چونکە زەلکاوی خەبیرە تا ٢٠ میل بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە و ڕێگەی پێشڕەوی بە زرێپۆشەکانی دوژمن نادات دەستمان بەسەر راسەلعەلی داگرت. پیاو وادەزانی داخوا راسەلعەلی کوێیە! کەچی هەر پانتاییەکی بچووکە بای ئەوەی عەنبارێکی لێ دامەزرێنن.

ئەزیزم لوو ١٩٤١/٣/٥

تازە لە گەشتێکی دوو ڕۆژی دێمەوە کە زۆربەی بە فڕۆک بوو. ئێستا ٤٥٠ میل لە خۆرهەڵاتی تەرابلوسین و هەموو شتێک بەجوانی بەڕێوە دەچێت.



هەوای ئێرە بۆ من زۆر باشە تەنانەت ئەمشەو خەوێکی خۆشم کرد و تا شەشی بەیانی هەڵنەستام.. ئەمڕۆ فیلمەکەی (سەرکەوتنەکانی خۆرئاوا) لێرە پێشکەش کرا. خەڵکێکی زۆر بۆ بەخێرهاتن لێرە بوون، هەندێک ئافرەتیش هەبوون، من ئەوەندەم گوت کە ئومێد دەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان فیلمێک ببینن بەناوی (سەرکەوتن لە ئەفریقیا)

ڕۆم: چالاکییەکانی ئێمە بەریتانیەکانی بەرەو خۆرئاوا پاڵ نا. وابزانم ئێستا بەشی گەورەی تروپەکانیان لە نێوان ئەجدابییە و دەرنە بەدرێژایی دەریا دامەزراون.

*ل.ه: هێزی بەریتانییەکان لە وێدا زۆر بچووک ببۆوە، زۆر کەمتر لەوەی کە ڕۆمل تێیدەگەیشت. تیپی هەفتەم گەڕابوونەوە بۆ میسر بۆ حەسانەوە، نیوەی تیپی ٢ی زرێپۆش تازە گەیشتبووە ئەفریقیا و جێی گرتبۆوە و نیوەکەی دیکە لە یۆنان بوو. هەروەها تیپی ٦ی ئوسترالی بەتیپێکی دیکە گۆڕابۆوە، تیپی ٩ی ئۆسترالی، نیوەیان لە توبرەق مابوونەوە. ئەو هێزە نوێیانە هەم، ناشارەزا هەم چەک و یەدەگیان وەکو پێویست نەبوو. سەرباری ئەمەش، جەنەراڵ ئۆکۆنەریان بە جەنەراڵ نیم Neam گۆڕیبۆوە، ئەمەش ناشارەزابوو.*

*جەنەراڵ وێڤڵ بەزۆری خەریکی یۆنان بوو و باوەڕی نەدەکرد ئیتاڵییەکان دەست بزێون. هەروەها باوەڕی نەدەکرد ئەڵمان بتوانن هێزێکی گەورە بۆ ئەفریقیا بنێرن. بۆچوونەکەشی ڕاست بوو، تەنیا لە یەک خاڵدا شارەزایی نەبوو کەوا نەیدەزانی (ڕۆمل) چییە!*

ڕۆمل: پەلامارەکانی دەریایی و ئاسمانی بەریتانییەکان لەم قۆناغەدا کارێکی ئەوتۆیان لەسەر هێڵەکانی هاتوچۆی ئێمە نەدەکرد.. لە ١٩٤١/٣/١١دا فەوجی ٥ی پانزەر لە تەرابلوس دابەزی. ئەم هێزە بەچەک و پێداویستییە تازەکانی مایەی سەرسوڕمانی ئیتاڵییەکان بوون[1].

---

(١) ل. ه: ئەم فەوجە ١٢٠ تانک بوو لەوانە تەنیا ٦٠ لە تانکە ناوەنجییەکان بوون (پانزەر III و پانزەر IV. هەروەها ئیتالییەکان بە ٨٠ تانکەوە بەشدار بوون کە زۆربەیان چاک کرابوونەوە چونکە هەر ئەو ڕۆژە فڕۆکەیەک کەوت.

لە ٣/١٣ بارەگای خۆم بۆ سورت گوێستەوە. لە ڕێگادا تووشی ڕەشەبایەک بووین و چەندی لە فڕۆکەوانەکەم نەڕڕاند سوودی نەبوو گەڕاندنییەوە جێی خۆمان، ناچاری کردم کە گەشتەکە بەسەیارە تەواو بکەم. لەم گەشتەدا تێگەیشتین ئێمە بەرانبەر هێزەکانی سروشتی ئێرە چەندە بێ دەسەلاتین. هەوری مەیلەو سووری تەپ و تۆز بەرچاومانی دەگرت و ناچار دەبووین کە سەیارەکە زۆر بەهەسپایی بهاژووین، ڕەشەبایەکەش هەندە توند بوو وای دەکرد ڕێگامان بگۆڕین و هەناسەمان سەرباری ئەو هەموو دەمامکانە دەبڕا. گەرماکەش باس ناکرێت. ئێستا تێگەیشتم گیبلی چ دەگێێنێت(٢) و لە دڵی خۆمدا هەقی فڕۆکەوانەکەم دا.

ڕۆژی ٣/١٥ بەڕابەرایەتی کۆنت شڤێرن Schwerin کەوتنە ڕێ بەرەو مەرزووق (450 میل بەرەو باشوور) چونکە هێزە ئیتالییەکان لەوێدا هەندێک ئالۆز ببوون. یەک لەبارە خۆمانەوە دەمانویست مەکینە و سەیارەکانی خۆمان تاقی بکەینەوە. پاش ئەمە تێکڕای تیپەکەی سیرینایکا گەیشتنە هێڵی موگتاو تیپی ٥ی سووک بۆ جموجۆڵ ساز کرا.

لە ٣/١٩ بۆ بارەگای فوورەر بەڕێ کەوتم. فوورەر بۆ سەرکەوتنەکانی ڕابردووم فەرماندەیی تیپی هەفتەمم دەکرد بەمیداڵی (گەڵای بەڕوو) پاداشتی کردم.. جێگری فەرماندەی گشتی (براوشتیش) گوتی نیازمان نییە شەڕێکی گەورە لە ئەفریقیا بگێڕین و ئومێد ناکەم پشتیوانم پێبگات. گوتی کە تیپی ١٥ی پانزەر گەیشتە جێ دەتوانم شەڕ و هێرشی پێ بکەم تا بەنیغازی. گوتم ئەگەر بەنیغازی بگرم ئەوسا دەبێ سیرینایکاش بگرم. دڵم بە قسەکانی براوشتیش خۆش نەبوو. خۆی و جەنەراڵ هالدەر دەیانگوت دەبێ کەمترین هێز بۆ ئەفریقیا بنێرن بایی ئەوەی کە ئیتاڵییەکان خۆیان ڕابگرن. پێش گەڕانەوەم، ڕێنماییم بۆ تیپە سووکەکە نارد کە لە ٢٤ی هەیف ئامادەبن بۆ ئەوەی دوژمن لە عگێلە دەرپەڕێنن.

بەتالیۆنی هەواڵگری لە ٣/٢٤ سەر لە بەیانی قەلات و فڕۆکەخانە بچووکەکە و عگێلەیان گرت. ئەو هێزە بچووکەی کە لەوێ بوون بەزیرەکانە بیرەکەیان مینڕێژ کردو گەڕانەوە.

(٢) م م م: قیبلی یان گیبلی بەعەرەبی واتە ئەو ڕەشەبایەی لەلای قیبلەوە دێت.



ئەزیزم لوو ١٩٤١/٣/١٩

ڕۆژی یەکەمم لەسەر دەریا بەسەر برد، لەنێو کەرەڤانەکەمدا وەک بڵێی لە هۆتێلێکی خۆش دابەزیوم. بەیانی مەلەم کرد هەواکەش گەرم و خۆش بوو. ئالدینگەر و گوێنتەر لە ناندێنەکە دەنوون. دوێنێ جەنەڕاڵ کالڤی دی بێرگۆلۆ دیارییەکی پێشکەش کردم، بوڕنوسێک بوو (ڕۆبی خاولی). شتێکی نازدار بوو لە ئاوریشمی شین و سوور دروست کراوە. وابزانم لە قەرەقۆزەکان دەوەشێتەوە..! دەبێ پیاوەکانم ڕاگرم هەندە پێشڕەوی نەکەن. وا چەند جێیەکی تریان گرتووە ٢٠ میل بەرەو خۆرهەلات. هەندێک لە برادەرە ئیتاڵییەکانمان سووکە نیگەرانییەکیان هەیە.

## گەشتێک بە بەرەقەدا

یەکەم ئامانجی هێرشەکەی نیسان ئەوە بوو کە دوژمن لە مەرسالبرێگە دەرپەڕێنین چونکە دوژمن لەوێ و لە بیرەلسوێرە، باشووری زەلکاوەکان، دامەزرابوون. ئەگەر پاش گرتنی عگێلە دەرفەتمان دابان، ئەوسا لەوێ سەنگەر و مینیان بڵاو دەکردەوە. ناوچەی باشووری وادی فارغ تا ٢٠–٣٠ میل هەموو لیم و زیخ بوو کە زرێپۆش پێدا نەدەڕۆیشت. گرتنی مەرسالبرێگە وەکو گرتنی موگتا بەهێزێکی کەمەوە ئەنجام دەدراو لە هەمان کات دەکرا ببێتە بنکەیەکی نوێ بۆ هێزەکانمان تاکو هێرشەکەی بەنیغازی ئاسان بکات. هەروەها ئاومان بڕابوو و دەبایە مەرسالبرێگە بگرین بۆ ئاوەکەی. هەموو ڕۆژەکەم لە بەرەی شەڕ بەسەر برد. بەتالیۆنی هەشتەم بەسەر گردۆڵە لیمەکاندا پێشڕەوییان کرد و لە پاش نیوەڕۆدا دوژمنیان لە مەرسالبرێگە دەرپەڕاند و ٥٠ نەفەر و ٣٠ لۆری دەسگیرکران.

ریپۆرتێکی هەواڵگری دەریان خست کەوا دوژمن دەکشانەوە. منیش خۆم پێڕانەگیرا ئەگەرچی ڕێنماییەکان وا دانرابوون کە تا کۆتایی نیسان خۆم لە ئەجدابییە نەدەم، بەلام یەکسەر فەرمانم دا کە ئەجدابییە بگرن. بەم پێیە ڕۆژی ٤/٢ تیپە سووکەکە بەڤیابالبیادا(٣) بەرەو ئەجدابییە چوون و پاش نیوەڕۆ گیرا و لەوێڕا

(٣) م م م: ڤیابالبیا ڕێگایەکی بیابانی زۆر دوور و درێژە بەتەریبی لەگەڵ ڕێگای سەر دەریا دەڕوات بەدرێژایی لیبیادا.

بەرەو زەیتوونە چوون. ئیتاڵییەکانیش لەگەڵ ڕۆخی دەریا بەدوامـاندا دەهاتن. لەو دەمەدا فەوجی ٥ی پانزەر لەگەڵ تانکەکانی دوژمن کەوتە بەرەنگاری و هەندەی نەبرد هەفت تانکی دوژمن لەوێدا دەسـووتان. ئێـمـە سێ تانکمـان لە دەست چوو. لەم شەڕەدا دوژمن بەشێوەیەکی زیرەکانە خۆیان وەکو ڕەشماڵی عەرەبەکان لێ کرد و لە ناکاو پەلاماریان داین.


ئێوارێ گەیشتینە خاڵێک ١٢ میل لە دوای ئەجدابییەدا. بارەگای خۆم لەوێ دانا و ئیتاڵییەکانیش پێمان ڕاگەیشتنەوە. پێدەچوو کە دوژمن بیەوێ لە تێکڕای سیرینایکا بکشێتەوە، وایان دەزانی هێزێکی زۆر گەورەمان هێناوە. دیارە تانکە ساختەکانی سەر سەیارە فۆلکسڤاکنەکان کاری خۆیان لە ترساندنی دوژمندا کردبوو.

*ل.هـ: وێڤڵ زۆر نیگەران ببوو. فەرمانی بە نیمز* Neams *دابوو کە تا بەنیغازی بکشێتەوە و ئەگەر تەنگاو کرا ئەوێش چۆڵ بکات. لە ٢/٤دا فەرمانی دا کە شارەکە چۆڵ بکەن و بکشێنەوە. بەلام کشانەوەیان زۆر بەناڕێکی ئەنجام دا.*

ڕۆمل: ٨٠٠٠ ئەسیری بەریتانیمان گرت. بەریتانییەکان خۆیان تووشی شەڕ و بەرەنگاری نەدەکرد. بۆیە بڕیارم دا کە هەموو سیرینایکا بگرم. هێزەکانی ئاریەتی خرانە بەردەستی کۆلۆنێل فابریس بۆ گرتنی بنگانیا و فەرمانم دا کە تیپە سووکەکە و بەتالیۆنی هەواڵگری سێیەم ڕاستەوخۆ لە ڤیابالبیا بۆ بەنیغازی بڕۆن. جەنەراڵ شترایخ هەندێک گومانی لە توانای مەکینەکانی دەکرد بەلام بەهیچ شێوە ڕێگەم نەدا ئەو دەرفەتە زێرینە لە دەستمان بچێت. ئیتاڵییەکان منیان وریا کردەوە کە ڕێگەی ڕاستەوخۆ لە نێوان بالبیا و بەنیغازی مەرگەساتێکی مسۆگەرە و کەس ئەوەی نەکردووە. بەلام من باوەڕم بەلێکۆڵینەوەکانی خۆم دەکرد. ئیتر لەگەڵ ئالدینگەر بەڕێکەوتین و لە ڕێگادا تووشی بەتالیۆنەکەی سانتاماریا بووین، ئەوانیشمان بەپێش خۆمان دا. دەشتەکە بۆ جووڵەی مەکینەکانمان هیچ عەیبی نەبوو.

هەواڵم پێگەیشت کە تیپەکەم چوار ڕۆژیان پێویستە تاکو پترۆڵیان دەگاتێ. ئەمەش لەلای من قەبوڵ نەدەکرا. دەستبەجێ فەرمانم بە بەشی میرە دا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر کاروانەکانی پترۆڵ بگەیێننە تیپەکە. ئەمە وای دەگەیاند کە تیپەکەی پانزەر ٢٤ کاتژمێر دواکەون، واش هەر کە دوژمنم دیت ئەوها بەپەلە دەکشانەوە، بڕیارم دا





یەکەم هێرشی رۆمل – نیسانی ١٩٤١

نەوەستم و بەو هێزە بچووکەی بەر دەستم ئەو قومارە ترسناکە تەواوبکەم. لەلام مسۆگەر ببوو کە دوژمن وای دەزانی ئێمە بەهێزێکی زۆر گەورەوە هێرشەکە دەکەین. نەدەبوو خۆمان تووشی شەڕێکی قورس بکەین، بەلام دەبایە پاڵەپەستۆ و راونان ڕانەگرین. ئومێدم دەکرد کەوا لە ٢٤ کاتژمێردا باڵی ڕاستمان لە بیاباندا تا بنگانیا و تەمیمی بڕوات.

ئێوارێ سۆراغێکی بەتالیۆنەکەی هەواڵگریم کرد کە لە باکوور بەرەو بەنیغازی پێشڕەوییان دەکرد. لە ماگنوم تووشیان بووم و لەوێدا فۆن ڤیخمار Wechmar گوتی قەشەیەکی ئیتاڵی تازە لە بەنیغازی هاتۆتەوە دەڵێ وا چۆڵی دەکەن. ئیتر یەکسەر بۆ بەنیغازی تاوم دان و خۆم بەرەو ئەجدابییە چووم لە ڕێگادا سەیارەکی ئەڵمانیم دیت بەدەست هەندێک چەکداری بەریتانییەوە بوو. تومەز دەستیان بەسەردا گرتبوو تاکو خۆیان دەرباز بکەن. بەڕاستی پیاوی ئازا بوون و دەبایە ئەوها ڕەنج بەخەسار نەبن بەلام تازە چی! بەتەنیشتیاندا تێپەڕیم بەبێ ئەوەی تەقەیان لێ بکەم چونکە دەمزانی هێزەکانم بەدوامـاندا دێن و دەستگیریان دەکەن، هەر ئەمەش ڕووی داو دەستگیر کران. گەڕامەوە بارەگای خۆم، گاریبۆلدی لەوێ چاوەڕوانی من بوو. زۆر بەتوندی چالاکییە سەربازییەکانی منی سەرزەنشت کرد کەوا بەهیچ شێوە لەگەڵ

ڕێنماییەکانی ڕۆما ڕێک نەدەکەوتن. هەروەها گوتی یەدەگ و خۆراکمان بایی هەندە نابن. داواشی کرد کە جموجۆڵەکانم ڕابگرم و لەمەو پاش بەبێ فەرمانی ڕاستەوخۆی وی جووڵە نەکەم.

من بەهیچ شێوە ئامادە نەبووم دەرفەتی ئەوها لە دەست خۆم بدەم یان بهێڵم کەسێک دەستم ببەستێتەوە. ئیتر دەمەقاڵێیەکە گەرم داهات. بۆچوونەکانی خۆمم لە ڕووی دا و قسەکان بوون بە ڕوو بەڕووبوونەوەیەکی تیژ. لەم کاتەدا برووسکەیەک لە فەرماندەی گشتی ئەڵمانییەوە گەیشت دەسەڵاتێکی تەواوی دابووە من کە بەئارەزووی خۆم ڕەفتار بکەم. بەمەش قسەکان بەئارەزووی خۆم بڕانەوە..

بەتالیۆنەکەی ڤێخمار لە شەوی ٤/٣ گەیشتە بەنیغازی و دانیشتوانی شارەکە پێی گەشانەوە. بەریتانییەکانیش ئاگریان لە هەموو عەنبارەکانی خۆیان بەردا پێش ئەوەی بکشێنەوە.

هەرە خۆشەویستم لوو: ١٩٤١/٤/٣

لە ٣/٣١ وە دەستمان بەوپەڕی سەرکەوتوویییەوە وەشاندووە. سەرکردەکان لە تەرابلوس و ڕۆما، ڕەنگە لە بەرلینیش، سەریان شێواوە. بەپێچەوانەی هەموو فەرمانەکان جووڵامەوە و خۆم خستۆتە گرەوێکی گەورە چونکە بەڕاستی دەرفەتەکە ئەوها نەبوو لە دەست خۆمی بدەم. ئەو ئامانجەی کە دەبایە لە کۆتایی ئەم هەیڤە بیگەمێ، وا بە سێ ڕۆژ بەدەستم هێنا. هێشتا نازانم دەستکەوت و تالآنەکانمان چەندن. گومانم نییە کە ئێستا تۆ دەزانی چۆن لە خۆشییان خەوم لێناکەوێت.

بەیانی زوو بەشێک لە هێزەکەی بریسکیا گەیشتە بەنیغازی تاکو دەستی بەتالیۆنەکەی هەواڵگری بکرێتەوە. تیپە سووکەکە بۆی دانرا کە بەبنگانیادا پێشڕەوی بکات و هێزەکەی ئاریەتی Ariete بەدوایان بکەون تا بیرتەنگدەر ئینجا بسووڕێنەوە لای موخەیلە و گرینگترین شت لەو هەموو چالاکییانەدا ئەوەبوو خێرا بن تاکو هەر نەبێ دەستێک لە بەریتانییەکان بوەشێنن پێش ئەوەی لە هەرێمی سیرینایکا دەرباز بن.

لە ٤/٤ سەردانێکی بەنیغازیم کرد و بەتالیۆنەکەی هەواڵگریم لەگەڵ هەندێک تانک





فڕۆکەکەی ڕۆمل

بە ڕەجیمە Regima و خەڕووبە Charruba بەرەو موخەیلە بەڕێ کرد. لە ڕێگادا تۆزی کاروانەکانیان دەگەیشتە ئاسمان.

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/٤/٤

پیرۆزبایی لە فوورەوە بۆم هات لەگەڵ هەندێک ڕێنمایی کەوا لەگەڵ بۆچوونەکانی من یەکاو یەک دەگونجێن.

ڕۆژی دواتر (٤/٥) هەستام بەڕاپەڕاندنی هێزی پاراستنی بارەگای فەیلەقی ئەفریقی کە ٠٠. ٤ی بەیانی بۆ بنگانیا ببزوون. دەمویست خۆم سەرپەرشتی بکەم. ئیتر لەگەڵ مێجەر شلووزنەر Schleusner، باشترین کەس بوو بۆ دابینکردنی یەدەگ، مەسەلەکەمان تاوتوێ کرد کە ڕەنگە ڕێگای بنگانیا دەست نەدات بۆیە ڕێگای سەللوخمان هەڵبژارد.

فڕۆکەکان ریپۆرتیان دا کەوا دوژمن هەر خەریکی کشانەوەن. یەکسەر فەرمانم دا کە ئەو نیوەڕۆیە کۆلۆنێل ئۆلبریخ کە فەوجی پانزەر و ٤٠ تانکی ئیتاڵی بەمەگروون Magrun و سەللوخدا بگاتە مسووس و هێزەکانی دوژمن وێران بکات.

٥/٤/١٩٤١ ئەزیزم لوو:

ئێستا ٤,٠٠ی بەیانییە، وا بەڕێ دەکەوم. ڕووداوی گەورە لە ئەفریقیا دەقەومێن و هێرشێکی گەورەمان لە پێشە، ئومێد دەکەم سەرکەوتوو بین. ژیانی ئێرە چەند ئاسانە، ئەمەم پێ خۆشترە نەک ژیانی پڕ لە گۆشتخواردنی فەرەنسا. ئەدی ئێوە چۆنن؟

کاتژمێر ١٤,٠٠ بەفڕۆکێکی یۆنکەرز Junkers چوومە بنگانیا. گوتیان هیچ هێزێکی بەریتانی لە موخەیلە نەماوە. دەستبەجێ برووسکەم بۆ تێکڕای کاروانەکان کرد کە لە موخەیلە کۆببنەوە و خۆم لەگەڵ ئالدینگەر بەفڕۆک بەسەر هێزەکاندا دەگەڕاین. ئینجا سواری مامۆسەکەم بووم[٤] تا بزانم هێزەکان چۆن دەڕۆن. هەواڵم بۆ هات کە پانزەرەکان گەیشتوونەتە موخەیلە بەڵام بەریتانییەکان دەوریان داون. ئینجا لوتانەنت شوولز Schulz هاتەوە گوتی موخەیلە پڕ بووە لە هێزی بەریتانی. یەکێش لە ئەفسەرەکان لە بەیانییەوە بەفڕۆکە نێردرابوو بۆ موخەیلە، ئەویش سۆراغی نەمابوو. کاپتن باودیسین Baudissin یش گیرابوو.

شەو داهات و نەدەکرا بگەڕێمەوە بۆ ئەجدابییە، بارەکەم بەدڵ نەبوو و بڕیارم دا بەخۆم سەرپەرشتی شەڕەکە بکەم.

شەوەکەی بەڕێ کەوتم و لە ڕێگادا سەیارە سووتاوەکانی خۆمان مینستانەکانیان دیار دەخست و دەبایە بەلارێدا بڕۆین. فڕۆک پەلاماری داین، زیانمان نەبوو بەڵام ناچار کراین بەبێ لایت بڕۆین تا ٣,٠٠ی بەیانی کە گەیشتینە کاروانی تیپە سووکەکەم. توومەز ڕێگامان بزر کردبوو.

پاش دەمێک دوو فڕۆکی ئەڵمانی لە باکوورەوە هاتن. ئێمەیان ناسییەوە و لەسەر ئەو مەیدانە سەختە هەڵنیشتن. مێجەر هایمەر و پیاوەکانی بوون. توومەز بەفڕۆکە چووبوونە سەر ڕێگای بەریتانییەکان. هەڵنیشتبوون و فڕۆکەکانیان شاردبۆوە و تا بەیانی چاودێری جموجۆڵی دوژمنیان کردبوو. بەیانیش خەریک بوو بگیرێن بەڵام بەپەلە هەڵاتبوون. ئیتر کاتمان نەمابوو دەبایە بەدوژمن ڕابگەین. ١٢ میلمان مابوو،

(٤) م. م. م: مامۆس Mamoth. زرێپۆشێکی گەورەیە لە بەریتانییەکان گیرا و ڕۆمل کردیە سەیارەی فەرماندەی خۆی.



فەرمانم دا پازدە زرێپۆش بنێرم بۆ ئەولای موخەیلە تاکو ڕێگەی کشانەوە لە دوژمن بگرن. ئەوانی دیکەشم کۆکردەوە و ڕاستەوخۆ بەڕێ کەوتین. ڕیپۆرتی دیکە هاتن کەوا ٣٠٠ ڤێکڵێک (تانک و لۆری و زرێپۆش)ی بەریتانی وا لە موخەیلە وەستاون. بەداخەوە هێزەکەی فابریس تا ئێوارە نەگەیشتە ئەولای موخەیلە. لە هێزەکانی دیکەش دابڕابووین و ڕادیۆ کاریان نەدەکرد ئیتر ئەو ڕۆژە ٦/٤ هێرشەکە دواخرا.

کۆلۆنێل ئولبریخ هەواڵی نارد کەوا لەبەر ڕەشەبا و نەبوونی پترۆڵ تازە بەتازە مسووسی کۆنترۆڵ کردووە و ئیستا وا بەڕێوەیە بۆ لامان. بەهەمووی ٣٥ بەرمیل پترۆڵمان هەبوو بەباشی دابەش کران. ئینجا لەگەڵ هێزەکانی بارەگای خۆم چووین کاروانی تۆپخانە بهێنین تا ڕۆژ نەبۆتەوە، بەڵام بەو تاریکییە کەوا ئەستێرەش دیار نەبوون کاروانی تۆپخانەمان نەدۆزییەوە. ئینجا ڕۆژ داهاتەوە و دیسان زۆر خەریک بووین تا کاروانی لۆرییەکانمان دۆزییەوە. شایانی گوتنە کە هەر لەم کەین و بەینەدا، ئێمە سێ سەیارە بووین کە تەنیا یەکیان دۆشکەی پێوەبوو، تووشی هێزێکی بەریتانی بووین. بەڵام وا بەخێرایی بۆیان چووین و تۆزمان لە زەوی هەستاند وایانزانی ژمارەمان زۆرە یەکسەر هەڵاتن.

هەرچۆنێک بێت، پێشڕەویمان کرد و گەیشتینە قەڵاتەکەی موخەیلە هێز و ڤێکڵەکانی دوژمن لە دوورەوە دیار بوون. خۆم گەیاندە خاڵێک کە ٢ میل لە موخەیلە دوور بوو. لەوێ دامەزراین. پێشێ لوتانەنت گرۆنەم نارده لای دوژمن کە چەک دانێن. بەڵام پێشنیازەکەیان ڕەت کردەوە.

چاوم گێڕا، هێزەکەی ئۆلبریخ دەبایە بگەنە جێ. کەچی سۆراغیان نەبوو. سواری فڕۆکێک بووم و دەستم پێکرد بگەڕێم. کاروانێکی لۆریمان دیت وامزانی هەون. هەندەی نەمابوو لە پێشیان بنیشین کە چاوم بە خوودە پانەکانی ئینگلیزەکان کەوت و یەکسەر هەڵفڕینەوە، گوللە دۆشکەش بەتەنیشتماندا گڤەیان دەهات. زۆر گەڕاین تا کاروانی هێزە ئەڵمانییەکانمان دۆزییەوە، ١٥–٢٠ میلێک بەباشووری موخەیلە دوورکەوتینەوە. شارەزایی بیابان نەبووبوون و بەدوای هەندێک سەراب کەوتبوون وایانزانیبوو زەلکاوەکانی سەر خەریتەکانن. ئیتر ئاراستەی خاڵی کۆبوونەوەی هێزەکانم کردەوە. دیسان چاوەڕوان بووم، کەچی ئۆلبریخ سۆراغی هەر نەبوو و

دیسان سواری فڕۆکەکە بوومەوە. شوێنی زنجیر و تایەرەکانیان لەسەر زەلکاوەکاندا دیار بوو بەڵام لەسەر زەوی ڕەقدا شوێنیان بزر بوو. یەکجار تووڕە بووم. دیسان ڕۆژ ئاوا بوو ڕۆژێکی ترمان لە دەست چوو.. لە کۆتاییدا لە مەودایەکی دوور لەلای باکوور تۆز و دوکەڵم دیت و هێزەکەی ئۆلبریخم دۆزییەوە.

١٩٤١/٤/٨ ئەزیزم لوو

نازانم ئایا بەروارەکەم بەڕاستی نووسیوە؟ چەند ڕۆژێکە هێرش دەکەین و دەگەڕێین و لەم بیابانەدا هەستم بە کات و سات نەماوە بەڵام ئیستا زۆر باشین پاش بڕینی ٢٢٠ میل لە غارەغار، باوەڕ ناکەی دڵم چەند خۆشە. وا بزانم شەڕەکەی کانای(٥) دووبارە دەکەینەوە.. من زۆر باشم خەمی منت نەبێ.

کاتژمێر ٦,٠٠ ی بەیانی بۆ بەرەی موخەیلە فڕیم. بە بەرزی نەدەفڕین و هێزێکی ئیتاڵی لە ڕێگادا فڕۆکەی شترۆخیان نەدیتبوو، وایانزانی دوژمنن. نازانم چۆن لە دۆشکەکانیان ڕزگار بووین.. لە ئاسمانەوە لێمان دیار بوو کەوا هێرشی موخەیلە باش دەڕوات بەڵام دیسان هێزەکەی ئۆلبریخ سۆراغی نەبوو. تۆپێکی ٨٨م دیت و لەلای هەڵنیشتم. تۆپچییەکە گوتی لە دوێنێوە تۆپەکەی لێدراوە و کەس لە دەوریدا دیار نەبوو، هەستا سەربازێکی نارد تاکو برادەرانی خۆمان بدۆزێتەوە. سەیرم کرد دوژمن نزیک دەبوونەوە. لۆرییەکیان مابوو، سواری بووین و دەمێک گەڕاین تا گەیشتینەوە بارەگای تیپ.

هێزەکانم بەرەو موخەیلە جووڵاند و ناردم تروپەکانی ئۆلبریخ بدۆزنەوە و بەزووترین کات بگەنە شەڕەکەی موخەیلە. بەرە بەرەش ترووپ و پارچەی تر دەگەیشتنە جێ، ئیتر لەگەڵیان ڕۆیشتم بۆ موخەیلە تا چاودێری شەڕەکە بکەم، بەڵام ڕەشەبایەک هات توانای جووڵەمان نەما. ئەوجار بەقیبلەنامە و بەلێکدانەوەی خۆمان ڕۆیشتین هەر هەندەمان زانی لە ناوەڕاستی فڕۆکەخانەکەی موخەیلە وەستاوین.

---

(٥) م م م: کانای (Canae) شەڕێکی مێژوویی بوو ساڵی ٢١٧پ ز. لە ئیتاڵیا لە نێوان لەشکری ڕۆم (٨٦,٠٠٠ چەکدار) لەگەڵ لەشکری قەرتاجی (٤٠,٠٠٠ چەکدار) بەڕابەرایەتی هانیبال. لەو شەڕەدا ٧٠,٠٠٠ چەکداری ڕۆمانی کوژران و بوونە نموونەیەک و پەندێک لە مێژوودا.



بەدوا ئەستوونەکانی کارەبا کەوتین تا گەیشتنە موخەیلە کەوا تروپەکانمان گرتبوویان. دواتر زانیمان کە بەریتانییەکان ویستبوویان بکشێنەوە بەڵام تۆپی ئەڵمانی و ئیتاڵی کارێکی چاکیان کردبوو. گوندەکەش بەدەستی پیادەکانمانەوە و بەپشتیوانی هەندێک تانک و چەکی دژەفڕۆک گیرا. ئەوجار ئۆلبریخ گەیشتە جێ. نیوەڕۆ ڕیپۆرت لە دەرنە و بالبیا هات. کۆلۆنێل پۆنات ڕایگەیاند کەوا ئەسیر و دەستکەوتێکی زۆری هەیە و هەر زیاد دەکەن بەڵام لە هەمان کاتدا یەدەگی نەماوە. یەکسەر ئۆلبریخ و شڤیرنم نارد بۆ دەرنە و منیش لەگەڵ یاوەرەکانم پاش نیوەڕۆ بەدوایان کەوتین. سەرباری ڕەشەبایەکە، توانیمان کاتژمێر ١٨,٠٠ بگەینە دەرنە. ڕیپۆرتی پۆنانت ڕایگەیاند کەوا ٨٠٠ بەریتانی گیراون بەشی هەرە گەورەی ستافی فەرماندەیی بەریتانییەکان بوون وەکو جەنەراڵ پی. نیم، جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەریتانی لە میسر و بەری ئوردن، وێڕای جەنەراڵ ئۆکۆنەر، ئەوەی کە زەبری توندی لە ئیتاڵییەکان وەشاندبوو. موتۆڕ سایکلەکانمان دەوریان دابوون و هەموویان ئەسیر کردبوون.

*ل.هـ: ئۆکۆنەر ناردرابوو کە فەرماندەیی لە دەست جەنەراڵ نیم وەرگرێتەوە بەڵام نەیویست لە کاتی شەڕەکەدا ئاڵۆزی بۆ نیم دروست بکات. ڕاوەستابوو تا شەڕەکە کۆتایی دێت. هەردووکیان بەسەیارەیەک دەڕۆیشتن و کەوتنە نێو پاترۆڵێکی ئەڵمانی*



ڕۆمل و جەنەراڵە بەریتانیەکانی کە دەستبەسەر کران – کامیرای ڕۆمل

*و هەردووک پێکەوە دەستگیرکران.*

رۆمل: جەنەڕاڵ پریتڤیتز Prittwitz تازە گەیشتبووە ئەفریقا، یەکسەر فەرماندەی تیپی ١٥ی پانزەری درایێ و بەتالیۆنەکانی هەواڵگری و دژە تانک هەمووی لە ژێر فەرماندەی وی دانران.

هەرێمی سیرینایکا داگیرکرایەوە، واش پێم باش بوو کە واز لە دوژمن نەهێنین. خۆ دەمزانی ناتوانین بەشە گەورەکانی لەشکری بەریتانی ببەزێنین، بەلام گرتنی ناوچەی مەرمەریکا(٦) Marmarica دەشیا کە لە پاشەڕۆژدا بکرێتە بنکەیەک تاکو بەرەو ئەسکەندەرییە بچین. هەروەها بۆ لایەنی پرۆپاگەندەش سوودێکی یەکجار گەورەی هەبوو.

لەم هەڵمەتەدا بەداخەوە هەندێک لە تروپەکانمان لە بیاباندا بزر بوون. فڕۆکەمان گێرا و ئاگرێکی گەورەمان لە موخەیلە هەڵکرد تاکو تروپەکان بگەڕێنەوە لامان،

خۆشەویستم لوو ١٩٤١/٤/١٠

ئەمڕۆ ئێوارێ پاش ڕێپێوانێکی درێژ گەیشتمە دەریا. دڵم خۆشە کەوا لە ژێر دەستی بەریتانییەکانم دەرهێنا. من زۆر باشم، کەرەڤانەکەشم گەیشتە جێ و ئومێدم وایە ئەم شەو بەچاکی بنووم.

## دەرسە سەرەتاییەکانی خولی یەکەمی شەڕ

وابزانم لە مێژووی جەنگی هاوچەرخدا هێرشێکی ئەوها خێرا وەکو ئەو هێرشەی سیرینایکا تۆمار نەکراوە. چالاکییەکە ئەرکێکی گرانی خستە سەر شانی ئەفسەرەکانمان، دەبایە لەخۆڕا بڕیاری کتوپڕ بدەن و دەبایە پێداویستییەکان بە کەمترین ماوە دابین بکەن و دیسان هێرش بکەنەوە. چالاکییەکە نائاسایی بوو و لە تێگەیشتەی ئەکادیمییانە تێپەڕی و، دواتر کە ئاشنایی لەنێوان خۆم و پیاوەکانی لەشکر پەیدا بوو، بۆم دەرکەوت کە توانایەکی تەواویان هەیە بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەرکێکی زیادە.

(٦) م م م: ئیتالی و ئەڵمانەکان هەرێمی بەرەقەیان کردبوو بەدوو بەش سیرانایکا کە تا غەزالە دەژمێردرێت ئینجا مەرمەریکا بەلای سنووری میسردا.



ڕەخنە هەبوون. بۆنموونە جەنەراڵ پاوڵۆس گوتی ئەو هێرشە وای لە بەریتانیا کردووە هێزی خۆی لە یۆنان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەفریقیا و ئەوە لەگەڵ پلانی فەرماندەیی گشتیی نەدەگونجا(٧).. سەبارەت بەم قسە، من هیچ ئاگام لە پلانەکانی سەرکردایەتی نەبووە و باوەڕ ناکەم ئەو توانایەمان هەبووبێت کە هەموو لەشکرە بەریتانییەکەی یۆنان دەسگیر بکەین چونکە ئەوان لە باشووری خۆرهەڵاتی یۆنان دامەزرابوون و، وەک چۆن لە دەنکێرک کشانەوە، فریا دەکەوتن لە یۆنانیش بکشێنەوە.. پاشان بەڕای من دەبایە ئەسڵەن هەندە خۆمان لە یۆنان نەگەیێنین. ئەو هەموو هێزە ئاسمانییەی کە لە یۆنان بەکار هێنرا دەبایە بۆ گرتنی دوورگەی ماڵتا بەکار بێن. ئەوسا دەریای سپی کۆنترڵ دەکرا ئیتر یۆگۆسلاڤیا و یۆنان لەخۆڕا ملکەچ دەبوون، چونکە بەریتانیا نەیدەتوانی یارمەتییان بدات. دەبایە قورساییمان بخەینە سەر باکووری ئەفریقیا، لەوێڕا بەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەهاتین و سەرچاوەکانی نەفتمان کۆنترۆڵ دەکرد. ئەوجار دەمانتوانی لە باشوورەوە هەڵمەت بۆ رووسیا بکەین لەباتی ئەو هەڵمەتە سەختەی کە لە هاوینی ١٩٤١ کردمان.

بە هەر حاڵ، لەم هێرشەی سیرینایکا ستانداردێکم بۆ هێرش و چالاکییەکانی دواتر دانا. ستاندارد مەرج نییە کە تەنیا بەگوێرەی تاقیکردنەوەی پێشینان بێت، بەڵکو پیاو دەتوانێ تاقیکردنەوەکانی خەڵکی پێش خۆی بکاتە ئاڤریج (معدل)ی هەرە کەم و لەوەڕا هەنگاوی درێژتر بۆ خۆی بهاوێت.

بەریتانییەکان لە بەرگریدا هەڵەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەوان وا تێگەیشتن کە هێزێکی یەکجار گەورە بۆیان هاتۆتە مەیدان، بۆیە لە ئەجدابییە خۆیان تووشی بەرەنگاری نەکرد. سەبارەت بە شەڕەکەی موخەیلەش، ئەو شەڕە بۆ ئەوان جۆرە بەدبەختییەک بوو. باوەڕیان نەدەکرد کە بەڕێگای بن گانیادا بۆیان بچین یان ئەوها زوو بگەینە موخەیلە. هەمان شتیش لە دەرنە رووی دا.. باوەڕم وایە کە سەرکەوتنی ئێمە دەدرێتەوە پاڵ خێرایی. ئەمە بوو دوژمنی شێواند چونکە پاش ساڵێک لەو

(٧) ل.هـ: بۆچوونەکەی پاولۆس راست نەبوو چونکە کشانەوەی بەریتانیا لە بەڵکان بەهۆی داگیرکردنی یۆگۆسلاڤیاوە بوو لەلایەن ئەڵمانەکانەوە. بەڵێ ١٢٠٠٠ پیاو و زۆربەی چەکەکان بەجێ مان، بەڵام سێ چارەکی لەشکرەکە بە خێرایی رزگار کرا.

بەروارە بەریتانییەکان بە هێزێکی بچووکەوە خۆیان تووشی شەڕێکی گەورە کرد. وایانزانی وەکو جاری پێشوو فێڵیان لێ دەکەین.

## هێرش بۆ توبرق

لە ٤/٩ دەبایە خۆمان ڕێک بخەینەوە و یەدەگ دابین کەین و هێزە دواکەوتووەکان ڕاپەڕێنین. ڕیپۆرت هاتن کە دوژمن وا لە توبرق دادەمەزرێن و ١٠ کەشتی وا لە بەندەرەکەی توبرق یەدەگ دادەگرن.. لوفتواف، بەداخەوە، هێزێکی ئەوتۆی ساز نەکردبوو. لای نیوەڕۆ کە فەرماندەی بریسکیا هات پێم ڕاگەیاند کە نیازم هەیە پێشڕەوی بۆ توبرق بکەم، سەرەتا پەلاماری لای خۆرئاوای توبرق دەدەین، تیپی ٥ی سووکیش بۆیان دەسووڕێتەوە لای خۆرهەڵات.. ئامادە نەبووم کە بچووکترین دەرفەت بدرێتە دوژمن تا دادەمەزرێنەوە، یەکسەر سواری فڕۆکێک بووم تا خۆم بگەیێنمە تیپی پێنجەم لە موخەیلە بەڵام ڕەشەبایەکی گیبلی هەڵی کرد، ناچار بووم بگەڕێمەوە بۆ دەرنە تا ڕەشەبایەکەی شکاند و لە کاتژمێر١٦,٣٠ ئینجا بە سەیارە گەیشتمە موخەیلە. تیپی پێنجەم وایان دەزانی دەتوانن چەند ڕۆژێک پاڵدەنەوە. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوە لە پلانەکانی مندا جێی نەبوو. فەرمانم دا کە هەر ئەو شەوە بە تەمیمی دا بگەنە ناوچەی غەزالە تاکو ڕۆژی دووەم هێرش بکەنە سەر توبرق. واش هەر لە ٤/١٠ سەر لەبەیانی لە ٣٠ میل پێش توبرق تووشی تروپەکانی خۆمان بووم، هێشتا هیچیان نەکردبوو.

فەرمانم بە جەنەراڵ فۆن پریتزویز دا کە ڕاستەوخۆ پەلاماری توبرق بدات و بەتالیۆنەکەی شوێنهەڵگر بە ئەکرامە دا بڕۆن بۆ ئەدیم. هەندێکی تر ڕۆیشتم بەتالیۆنی دۆشکەکان سەرەڕمب بوون لەگەڵ بەریتانییەکان تووشی شەڕ ببوون و هەندەی نەبرد تۆپبارانێکی قورس لە توبرقەوە هات، ناچار بوون بوەستن. ئینجا ڕەشەبایەک هەڵی کرد مەودای دیتنی نەهێشت.. هەواڵێک هات کەوا جەنەراڵ فۆن پریتزویز لە ٢٥ میل پێش توبرق ڕاستەوخۆ تۆپێکی دژەتانکی بەرکەوتووە و دەستبەجێ کوژراوە.

تیپەکەی برێسکیا جێی تیپی پێنجەمی گرتەوە و فەرمان دران کە بە ڕێگای



ڤیابالبیادا پاڵەپەستۆ بخەنە سەر توبرق. هەروەها تیپەکەی ئاریەتی لە بیرتەنگدەر ساز بوو تاکو پێشڕەوی بکەن بۆ ئەدیم.

ڕۆژی دواترم لە بەرەکاندا بەسەر برد. فەرماندە دەبێ چاودێری هەموو وردەکارییەک بکات، فەرماندەی باش بەگوێرەی زیرەکایەتی نییە، بەڵکو فەرماندە ئەو کەسەیە کە ئاگای لە مەیدانەکانی بەرەنگاری دەبێت بەتایبەتیش لەکاتی تەنگانەدا کە کەس نازانێ چ لە ئارادایە. بۆ نموونە ریپۆرتێک دێت، ئەگەر فەرماندەکە ڕاستەوخۆ لە خودی نامەبەرەکە وەری نەگرێت ئەوسا بە باشی تێی ناگا.

ڕێگایەکی نوێ لە باشووری ئەکرامە دروست کرابوو، بە مامۆسەکەم پێدا ڕۆیشتین تا ٥،٢ میل لە ئەدیم نزیک بووینەوە. ئۆردوگایەکی بەریتانییەکان لەسەر بەرزاییەکە مابۆوە، تۆپبارانیش وردە وردە لەسەر تیپی پێنجەم، کە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکەدا بوون، قورس دەکرا و هەندەی نەبرد ئێمەشی گرتەوە. کۆلۆنێل کۆنت شڤیرنم ڕاسپارد کە لە خۆرهەڵاتی توبرق دامەزرێت و ڕێگا بە بەریتانییەکان نەدا دژەهێرش بکەن. ئینجا خێرا گەڕامەوە بۆ ئەکرامە. ماوەیەک لەسەری مامۆسەکە چاوم گێڕا تا



نیسانی ١٩٤١ لە ڤیابالبیا ڕۆمل و فۆن دیم لەسەر مامۆسەکە

بەدرەنگەوە ستافی تیپی ٩٠ و ٢٠ تانک لە فەوجی ٥ی پانزەر پەیدا بوون و یەکسەر بەرەو توبرق بەڕێم کردن.

هێزەکانمان بەرە بەرە دەهاتن و پاش نیوەڕۆ ریپۆرت لە بەتالیۆنی شوێنهەڵگر هات کەوا ئەدیمیان گرتووە.. رۆژی ٤/١١ توبرق بەتەواوی گەمارۆ درا و فرۆکەکانی شتۆکا دەستیان پێکرد توبرق بکوتن. ئینجا لە پاش نیوەڕۆی ٤/١٢ ئەگەرچی زانیاریمان دەربارەی سەنگەرەکانی توبرق نەبوو، بەڵام یەکەم هێرشی زەمینی لەلایەن تیپەکەی برێسکیاوە بۆ خۆرهەڵاتی توبرق دەستی پێکرد.

تیپی ٩٠ کۆمەڵێک نارەزامەندییان بە من راگەیاند سەبارەت بەو ئەرکە گرانەی کە بەوان سپێردرابوو، بەڵام لەسەر فەرمانەکانی پێشوو سوور بووم چونکە رۆژەکە تۆزاوی بوو واتە مەترسیی ئەوەیان لەسەر نەبوو کە بدیترێن. بەم پێیە، کاتژمێر ٣٠،١٦ هێرشیان کرد و خۆم بە مامۆسەکەم لەدوایان دەرۆیشتم. تۆپباران هەبوو بەڵام زیانی نەدەگەیاند.. لەلایەکی دیکەوە فەوجەکەی پانزەر پێشڕەوییان کرد تا گەیشتنە خەندەکێکی دژەتانک و هیچی تر پێیان نەکرا برۆن.. لەوێدا هێڵەکانی بەرگریی بەدەر کەوتن، ئینجا تێگەیشتین چەندە پەیت و ئاڵۆزن. سەنگەرەکان بە هەموو لایەکدا درێژ کرابوونەوە، بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا و بۆ باکوور و باشوور. لە ئەسڵیشدا ئیتاڵییەکان دروستیان کردبوون.

لەدوای نشوست هێنانی ئەم هێرشە بڕیارم دا کە لە رۆژانی ئایندەدا هێرشێکی تر بکەین چونکە نەدەبایە دەرفەتی هەناسەدانەوەیان بدرێتێ. رۆژی ٤/١٣ ویستم هێرشێک بە تیپە سووکەکە بکەم کە ئەگەر بتوانن تا دووریانەکەی دوای خەندەکەکە برۆن و بە پشتیاندا بسوورێنەوە، ئەمەش هاوکات بێت لەگەڵ هێرشێکی درۆ کە هێزەکەی برێسکیا دوژمنی پێ سەرقاڵ بکات و تا بکرێ تەپوتۆز دروست بکەن. بەڵام تیپی پانزەر لە دوێنێوە باوەڕیان هەژابوو، هەروەها ئەفسەرانی تیپەکە هەموو قورسایی خۆیان نەدەخستە سەر یەک خاڵ هەتا کونبەدەری دەکەن. باوەڕم وابوو کە هێزەکەی بەر دەستمان بەشی چالاکییەکی هەمەجۆری دەکرد. تەنیا ئەوەمان پێویست بوو کە هەندێک راست بین و هەندێک دەست پێشخەر بین و بەس.

تیپەکەی ئاریەتی دەبایە پشتیوانی لە پانزەرەکان بکات بەڵام هێشتا سۆراغی



نەبوو. گەڕام تا لە دووری ٢٢ میل دۆزیمنەوە و فەرمانم بە جەنراڵ بالداساری دا کە بیانباتە ناوچەکانی باکووری ئەدیم.

لەژێر فەرماندەیی بلیمەتانەی کۆلۆنێل پۆنات، بەتالیۆنی دۆشکەکان ئێوارێ دەستی بە هێرشێک کرد بۆ بەزاندنی خەندەکەکەی دژەتانک. تۆپخانەی بەتالیۆنی ١٨ پشتیوانییەکی باشی کردن. تۆپی بەریتانیش بەتوندی دەیکوتان، بەڵام زیانمان هەندە نەبوو. ئێوارێ لام مسۆگەر ببوو کەوا هێزەکەی پۆنات کەلێنێکیان لە خەندەکەکە کردۆتەوە و.. لەلایەکی دیکەوە ریپۆرت هاتن کەوا سەللووم و کاپوزۆ لەبن دەستی بەریتانییەکان دەرهێنراون.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤١/٤/١٤

رەنگە ئەمرۆ کۆتایی بە شەڕەکەی توبرق بێت. بەریتانییەکان کەللەڕەقن و تۆپخانەیەکی کاریگەریان هەیە، بەڵام دەبێ سنوورێکیان بۆ دابنرێت... کوڕەکان بەرانبەر دوژمن و بەرانبەر سروشتیش جەنگاون و هەردووکیان بەزاندوون.

بڕیار درا هێرشی تیپی ٥ی سووک بخرێتە کاتژمێر ٣ی رۆژی ١٤ , ٤ فەوجی تۆپخانەی گراتی Grati و بەتالیۆنەکەی تۆپی ٨٨ فەرمان دران کە باشترین پشتیوانی بۆ دابین بکەن. هێرشەکە لەکاتی خۆیدا دەستی پێکرد و پۆنات ریپۆرتی باشی دەنارد. کە رۆژ هەڵات خۆم گەیاندە خاڵێک ١٠٠ یارد لە تەلبەندەکەیان دوور بوو، هەموو شتێک بە جوانی دەڕۆیشت بەڵام لە پڕ تۆپباران کراین. ئێریەڵی رادیۆکە شکا، دیاریش نەبوو باڵەکانمان تا چ رادەیەک پارێزراون. هەستام گەڕامەوە لای هێزەکەی ئاریەتی و فەرمانم دان کە پێشڕەوی بکەن.

کاتژمێر ٩ گەڕامەوە بارەگای خۆم، ریپۆرتی تیپی ٩٠ لەوێ دانرابوو رایدەگەیاند کەوا هێرشەکەیان چەقیوە. هەندەی پێ نەچوو جەنەراڵ شترایخ و کۆلۆنێل ئۆلبریخ هاتن، ئۆلبریخ گوتی هێزەکانی خۆی تا دوو میل لە توبرق نزیک بوونەتەوە بەڵام تۆپباران کراون و باوەڕی وابوو بەشێکی گەورەی پیادەکانی فەوتاون. من بەم هەواڵە هار بووم کە بیستم تانکەکان کشاونەوە و پیادەکانیان بەجێ هێشتووە، گوتم دەبێ هەر ئێستا بچن پیادەکان رزگار بکەن. ئومێدم هەبوو کە ئەگەر لەگەڵ ئەم هێرشەدا



بارەگای ڕۆمل لە نزیك توبرق

هێزەکەی ئاریەتی بگەنە لامان ڕەنگە بتوانین پێکەوە کەلێنێک بکەینەوە. یەکسەر چوومەوە لایان دەبینم هێشتا جووڵەیان نەکردووە. ئیتر بە پەلە دەرم پەڕاندن.

نیوەڕۆ گەڕامەوە لای تیپی ٩٠ی سووک، ئەوانیش بەهۆی تۆپبارانەکە یەک بست نەچووبوونە پێش. ناچار بووم واز لە هێرشەکەی توبرق بهێنم. ئومێدیشم ئەوەبوو کە بتوانم پێوەندی بە پۆنات بکەم تاکو بەتالیۆنەکەی بە ساغی بگەڕێنەوە. دیسان گەڕامەوە لای تیپی ئاریەتی و تا کاتژمێر ١٧ لەگەڵیان بووم کە لە ڕاسەلمەداور دامەزران. لە باشووری خۆرئاوای قەسرەلگەلاخەدا تۆپباران دەستی پێکرد. بەرەڵلایی لەنێو تیپەکە تەشەنەی کرد و هەرکەس بەلایەکدا هەڵات. جەنەراڵ بالداساری لەگەڵ من بوو، کە ئەمەی بیست ڕەنجێکی زۆر گەورەی دا تا پیاوەکانی کۆکردەوە.

شەوی ١٤-١٥ بەتالیۆنەکەی پۆنات سۆراغیان نەما. توومەز بەشێکی گەورەیان ڕامالدرابوون و پۆنات کوژرابوو. ساڵێک دواتر کە توبرقمان گرت ئەو تانکانەم دیتەوە. تانکەکان گەیشتبوونە سەر بەرزترین گرد کە بەسەر توبرقدا دەیڕوانی.

*ل. هـ: ڕۆمل لێرەدا بە سەهوو چووە چونکە پاش جەنگ پەیامنێرێکی بەریتانی لە*



*توبرق بە منی ڕاگەیاند کە ئۆسترالییەکان ئەو تانکە سووتاوانەیان بۆ مەشقی سەربازی لەسەر گردەکە دانابوو.*

ئەزیزم *لوو*: ١٦/٤/١٩٤١

شەڕەکەی توبرق هەندێک سارد بۆتەوە. دوژمن خۆیان توند کردووە و باوەڕ ناکەم بەم زووانە بگیرێت، دەبێ هێرشەکە بوەستێنم.

ئێستا پلانەکەم وا دانا کە ڕاسەلمەداور بە هێزە ئیتاڵییەکان بگرم، هەندێک ئەڵمانیشیان لەگەڵ بێت. لە ٤/١٦ بەتالیۆنە زرێپۆشەکەی تیپی ئاریەتی (٦ تانکی ناوەنجی و ١٢ی سووک بوون) بەگژ گردەکانی ژمارە ١٨٧ درا. ئیتاڵییەکان لەباتی مانۆڕ و باڵچەرخی ڕاستەوخۆ بۆی چوون و هەر هەندە تۆپبارانی بەریتانی دەستی پێکرد یەکسەر پەرت بوون. چەندی ویستم فەرماندەکەیان ڕازی بکەم سوودی نەبوو. هەروەها لوتانەنت برێند سەرپەرشتی پیادە ئیتاڵییەکانی دەکرد بەڵام لەپڕ هەرکەس بەلایەکدا دەرپەڕی. گوتیان تانکی بەریتانی هاتوون. کە چووینە پێش، دیتمان وا ڤێکلێکی بەریتانییەکان کۆمەڵێک ئیتاڵییان دەستبەسەر کردبوو و بەپێش خۆیان دابوون. تەقەمان لێ کردن تاکو دەرفەت بدەینە ئیتاڵییەکان کە هەڵێن، کەچی بەلای بەریتانییەکاندا هەڵاتن.. ناچار بووم بەتەنیا لەگەڵ سێ چەکی دژەتانک بچمە پێش تا پیادەکانم ڕزگار بکەم. لە ڕێگادا چەندین ڤێکڵی نەفەربەرمان شکاند. بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەتالیۆنەکەی دژەتانکی ئیتاڵی، کە چەکێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەدەست بەریتانییەکانەوە گیران و مێجەر شرایپلەر، فەرماندەی بەتالیۆنەکە، بەحاڵ خۆی ڕزگار کرد.

بەریتانی لە ڕاسەلمەداور هەڕەشەیان لە ڕێی ئەکرامە دەکرد و دەبوو خاوێن بکرێتەوە. لەمیانی ١٠٠ تانکی ئاریەتی، بەحاڵ ١٠ تانکی بەکەڵکیان مابوو. نازانم مۆسۆلینی چ لەشکرێکی هەیە!. لە ٤/١٧ هێرشم پێ کردن و هەر لە سەرەتاوە لێک و پێک بۆوە، چۆن؟.. ڕێنماییم کردن کە بە کەندەکاندا بڕۆن تا لە دوژمن نزیک دەبنەوە. کەچی فەرماندە ئیتاڵییەکە ڕاستەوخۆ ڕۆیشت و پیادەکانیش بەدوای کەوتن. ئینجا کاتژمێر ١٣ لەهەمان لاوە ڤێکڵ پەیدابوون لوولەی دۆشکەکانیان لەلای مە کردبوو. ئێمەش یەکسەر تۆپبارانمان کردن و دوو ڤێکڵمان ئەنگاوت کەچی

دەرچوو ئیتاڵی بوون بەم جۆرە دەکشانەوە.. گەیشتمە باوەڕێک کە بەم حاڵە هیچمان بەرانبەر بەریتانییەکان پێ ناکرێت.

لە ٤/١٩ چووم بۆ بەردییە، دەبینم کەس هیچی نەکردووە. چەک و شمەکێکی زۆری ئیتاڵییەکانیش لە ساڵی پارەوە لەو دەشتە فڕێ درابوون کەس بایەخی پێ نەدەدان. فەرمانم بە تاقمێک ئەڵمان دا کە بەردییە کۆنترۆڵ بکەن، هەر ئەو شەوەش بەریتانییەکان هێزێکیان ناردەوە بەردییە چەک و شمەکەکان وێران بکەن تا سوودیان لێ نەبینین، هێزەکە ٥٦ پیاو بوون یەکیان پایەی مێجەری هەبوو، هەموویان دەسگیر کران. هەروەها لەو ڕۆژەدا میداڵێکی ئازایەتیم پێشکەش بە لوتانەنت کۆلۆنێل فۆن ڤێلخمار کرد، میداڵی (خاچی سوارە) بوو.

لە گەڕانەوەدا (١٠ میل لە خۆرئاوای بەردییە) فڕۆکێک پەلاماری داین. ڤێکڵەکەم ٢٥ گوللەی بەر کەوت، شوفێر و یاوەرێکم کوژران و شوفێری مامۆسەکەش بریندار بوو. پازم دایە سەر کوشنی شۆفێر و بەخۆم هاژووشتم. لە نزیک توبرق بەلای باشووردا شکاندمەوە و بەو تاریکە شەوە کە ئەستێرەش دیار نەبوون، ناچار بووم تا بەیانی بوەستم.

ئیتاڵییەکان نەخشەکانی شاری توبرقیان بۆ من نارد. توومەز خەندەک و سەنگگارییەکی زۆر ئاڵۆزی تێدایە. هێڵەکان لە دوو کەوان پێک هاتبوون، بۆکسی کۆنکریتییان هەبوو لەژێر زەوی شاردرابوونەوە، هێڵی دەرەوە بازنەیەک کەندیان لەدەوردا بوو، کەندەکان تەختە داریان لەسەردا بوو و بە خۆڵ و بەرد شاردرابوونەوە کەوا لە نزیکەوەش نەدەدیتران. هەر بۆکسێکیش بە بازنەیەکی ٩٠ یاردی خەندەک لەدەوریدا هەبوو. قوڵتی پیادەکان بە خەندەک و تونێل لەگەڵ یەکتر پەیوەست بوون و لە هەموویدا شوێنی بەستنی دۆشکە و هاوەن و تۆپ ساز کرابوون. بۆنموونە خەندەکی دژەتۆپەکان ٨ پێ قووڵ بوون، تەختە داریان لەسەر بوو کە دەکرا لابدرێت و یەکسەر تۆپەکە بەرز بکرێتەوە و بهاوێت و دیسان بیشارنەوە.. هێڵی دەرەوە هەمان شێوەی هەبوو تەنیا خەندەکی دژەتانکەکانیان نەبوو. تێکڕای هێڵ و خاڵەکان بە ئاسن و تەلبەندی دژە پیادە تەنرابوون.

بەگوێرەی باری تازە بڕیارم دا هەموو هێزە مۆبایلەکانم لە توبرق بکشێنمەوە و



بەگوێرەی پێویست هێزی ستاتیک (نەبزێو) دامەزرێنم بۆیەش داوام لە کۆماندۆ سوپێرمۆ (فەرماندەی گشتیی ئیتاڵییەکان) کرد دوو تیپی ستاتیک بنێرن.

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/٤/٢١

بارەکە هێمن بۆتەوە و پاش سێ هەفتە هێرش تازە ماوەم دەبێ چاوێک بە ڕووداوەکاندا بخشێنمەوە. ماوەیەکی سەیر و پڕ لە پەلەپەل بوو. ئومێد دەکەین بەم زووانە لەدەوری توبرق بکشێینەوە.. ئێستا لەبەر پەلامارەکانی فڕۆکە بەریتانییەکان لە کەندەڵانێک دامەزراوین، لەوبەریشدا فرۆیلیش خەریکی خۆ خڕکردنەوەیە. هێزەکانی هەردووک لا یەکسانن، بەڵام ئەوان یارمەتییان دەگاتێ.

زۆری پێ نەچوو زەبرێکی ترمان خوارد. لە ٤/٢٢ دوژمن لەسەر گردی ژمارە ٢٠١ بەتالیۆنێکیان ڕامالّی و بەرەو ئەکرامە هاتنە پێش. بەشێکی تیپی ١٥ی پانزەر تازە هاتبوون، دەنگم دان کە خێرا لە کۆنتۆنییێرا ٣١ کیلۆمەتر لە خۆرئاوای توبرق دامەزرێن. ئینجا هەواڵ هات کە شەش تانکی بەریتانی بەنێو بەتالیۆنەکەی فابریس کەوتوون، دژە تانکەکانیان تێک شکاندووە و بەشی گەورەی ستافی بەتالیۆنەکە دەستبەسەر کراون. تاقمە تانکی شەشەمی ئیتاڵی کە دەبایە پارێزگاری لەم بەتالیۆنە بکات، بەفەرمانی فابریس دوورکەوتبوونەوە بۆ لایەک. تا ئێمە فریایان کەوتین لە مۆتۆر و ڤێکڵی سووتاو بەولاوە هیچمان نەدیتەوە.

لەم بەینەدا دەستمان بە مەشق و ڕاهێنان کرد چونکە بۆمان دەرکەوت کە لە شەڕی خەندەک و بەرگریدا پیادەی بەریتانی و ئۆستراڵی لە پیادەکانی ئێمە زۆر باشترن. وازیشم لەو قسە هێنا کە دەبایە تیپی پانزەر پەلاماری توبرق بدات.

نامەی مێجەر شرایپلەر بۆ لووسی خێزانی ڕۆمل لە ١٩٤١/٤/٢٢

ئەزیزم فراور ڕۆمل

دەزانم سەیرت پێ دێ کە نامەی من بۆ تۆ دێت، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە تەنیا بۆ ئەوەیە دڵئارامت بکەمەوە دەربارەی حاڵی مێردەکەت... لەم بیابانەدا مەراقی هەر یەک لە ئێمە ئەوەبوو کە نەک هەر

بگەینە توبرق بەڵکو ئەولاتریش... هێزە ئەڵمانییەکان کەمن و ئیتاڵییەکانیش لە یەکەم تەقەوە هەڵدێن... ئێمە لە ترسی فڕۆکە شەڕکەرەکانی دوژمن لە ناوچەیەکی گرد و تەلان دامەزراوین... ژیانی فەرەنسا خۆشتر بوو، بەڵام ئێرەش زۆر بەد نییە. کۆگایە بەریتانییەکان دەگرین بەمەش خواردنی باشمان دەست دەکەوێت... ئومێد دەکەم لە قاهیرە رێوشوێنی باشتر پەیدا بکەین.. ژمارەی دوایی لە (داس رایخ) باسی مێردەکەتی کردووە،،،، مێردەکەت پێی تووڕە بوو و گوتی ئەمە قسەیەکی پووچە. هەموو ئەڵمانیا سەرکەوتنەکانی مێردەکەتی بیستووە و نەدەبایە بەم جۆرە باس بکرێت...

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/٤/٢٣

دوێنێ بارەکە سەخت بوو بەڵام توانیمان وەک خۆی لێ بکەینەوە. ئیتاڵی هەستیارییەکی سەیریان هەیە بەرانبەر تانکەکانی دوژمن و هەر کە تووشیان دەبن، بەهەمان شێوەی ١٩١٧، یەکسەر چەکیان فڕێ دەدەن... دوێنێ گاریبۆڵدی و رواتا و وەزیرێکی ئیتاڵی، تێروزی، میداڵی ئازایەتییان بەمن بەخشی... لەم کاتە تەنگەدا خۆیان خەریکی شتی پووچ دەکەن.

١٩٤١/٤/٢٥بەرەی توبرق گەرمە... ماوەیەکی تر شەڕی یۆنان دەوەستێت و رەنگە ئەوسا یارمەتیمان بدەن... دەبێ خۆمان بۆ جەنگی میسر و کەناڵ ئامادە بکەین.

کاتژمێر ١٨،٣٠ ی رۆژی ٤/٣٠ فڕۆکەکانی شتۆکا دەستیان بە بۆمباردمانی راسەلمەداور کرد. سەراوژێر پەلاماریان دەدا، تۆپخانەش کوتایان و هێرشەکەمان بۆ هێڵی بەرگریی یەکەم سەرکەوتوو بوو. بە دوو کەلێندا دوو میل چووینە ژوور. دوژمن تا دوا هەناسە کۆڵیان نەدەدا. کاتژمێر ٢١ بەتالیۆنی ڤۆیگستبێرگەر لە دواوە پەلاماری گردەکەیان دا و گرتیان. تۆپبارانێکی چڕ هەبوو بەڵام زۆربەی تۆپەکان ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکران کە ئێمە بەفێڵ هێرشمان بۆ دەکرد. هەندێک سەنگەر تا بەیانی خۆیان راگرت. بەداخەوە، لەباتی ئەوەی کە بەرەو پێشتر بچن، خۆیان



خەریکی ئەو سەنگەرانە کردبوو. هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە تۆ واز لە ئامانجی سەرەکی بێنی بۆ شتی لابەلا.

تیپی ئاریەتی بۆ پشتیوانی کردن لە گرووپەکەی کیرشهایم رەوان کران. بەیانی زوو لە رێدا تووشی ئاریەتی بووم، چەکەکانیان بەتاڵ کردبوو و دانیشتبوون. بەم حاڵە زۆر قەڵس بووم و مێجەر ئەپلم بۆ لای ئیتاڵییەکان بەرێ کرد کە خێرا بگەڕێنەوە سەر ئەرکی خۆیان.. پاش ماوەیەک پەنجا ئەسیرێکی دوژمنیان هێنا بە تەنیشتماندا رۆیشتن. پیاوی چوارشانەی ئۆستراڵی بوون. ئەوانە سەرتوێژی هێزی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا پێک دێنن هەر وەکو کە لەم شەڕانەی دواییشدا ئەم راستییەیان سەلماند.

دوژمن بەرگرییەکی کەللەڕەقانەی دەکرد و لە زۆر شوێندا شەڕی خوێناوی دەقەوما. لە ٥/٢ بۆم دەرکەوت کە ئەو هێزەمان نییە بەردەوامی بە هێرش بدەم. ناچار بووم بەم دەسکەوتانەی ئێستا رازی بم، جا ئێستا مەگەر دابنیشین وردە شەڕی ئێرە و ئەوێ بگێڕین و بەس.

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/٥/٦

... چەند رۆژێکە رەشەبای گیبلی دەستی بەستووینەوە. تازە خۆشی دەکاتەوە... ئاو لە توبرق کەمە، دەڵێن بەریتانییەکان رۆژانە نیو لیتریان بەر دەکەوێت. ئومێد دەکەم بە هێرشی بۆمباردەرەکان ئەم بەشەشیان نەمێنێت. گەرما رۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات...

# شەڕی مۆبایل- شەڕی سەنگەر

لەو هێرشانەدا ١٢٠٠ کوژراو و بریندار و ونبوومان هەبوو. ئەمە دیاری دەخات کە لەهەر کاتێکدا لە شەڕی مۆبایل بکەوینە شەڕی سەنگەر ژمارەی زیانەکان بەرز دەبنەوە. لە شەڕی مۆبایلدا بایەخی گەورە بە چەک و پێداویستییەکانی سەربازی دەدرێت، پیاو لەوێدا بەبێ تانک و ڤێکڵ نرخێکی ئەوتۆی نابێت. کەچی لە شەڕی سەنگەردا هەر پیاوێک بە تفەنگ و نارنجۆکەوە نرخ و تینی خۆی هەیە (بەمەرجێک ئەگەر چەکی دژەتانک لە مەترسی زرێپۆشەکانی دوژمنی دوور بخەنەوە دەنا هیچ). واتە لە شەڕی سەنگەردا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە مرۆڤەکانی دوژمن وێران بکرێن، کەچی لە شەڕی مۆبایلدا تانک و زرێپۆش دەبنە نیشانەی سەرەکی.

زیانەکانم لەم شەڕانەدا دەدرێنەوە پاڵ کەم شارەزایی. لە هەموو شەڕێکدا فێڵ و پلانێک هەیە بایی ئەوەی زیانت کەم بکاتەوە و دەبێ پیاوەکان فێری ئەو فێڵانە بکرێن. هەندێک هێرش هەیە دەبێ بەبێ ترس و لێکدانەوە بکرێت، ئەو بێ باکییە زیانت کەم دەکاتەوە. هەندێک جاریش پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە ڕەفتار بکەین. هەڵە لەوەدایە ئەگەر لەکاتی پەلەکردندا دوودڵی بنوێنین، یاخود لەکاتی شێنەییدا پەلە بکەین و زیانی ناپێویستمان لێ بکەوێتەوە. لە جەنگی پیادە و سەنگەردا پیاو دەبێ لەیەک کاتدا ئەوپەڕی وریایی و ئەوپەڕی چاونەترسی لە دڵی خۆیدا کۆبکاتەوە بەڵام هەر یەک لەم دوو ڕەوشتە لەکاتی ڕاستی خۆیدا پێڕەو بکات.

هێڵەکانی بەرگریمان لە ڕاسەلەداور تەنک بوون. زەوییەکەش ڕەق بوو، خەندەک هەڵ نەدەکەندران. دەبایە زۆربەی کات لە شوێنی خۆیان بەبێ جووڵە دابنیشن. دزانتەری بڵاو بۆوە و حاڵەکەمان خۆش نەبوو.. هەندێک تانکی ساختەمان لە دەشتەکە بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی تۆپخانەی دوژمن بشێوێنین. پیاوەکان شارەزا نەبوون، لەبای ئەوەی کە بەبەردەوامی جێگۆڕکێ بەم دیکۆرانە بکەن، ئەوان وەکو خۆیان دادەنان. منیش زوو بەزوو سەردانم دەکردن و ئەوەندەی کە پێم دەکرا فێری تاکتیکەکانی شەڕی سەنگەرم دەکردن.

ئیتاڵییەکان پیادەیەکی زۆریان هەبوو بەڵام بەبێ تۆپ و دژە تانک و چەکی باش، جا زۆر جار هێڵەکانیان دەشکا و دوژمن پێیدا دەهاتن. بەشێکی زۆر لە



ئەفسەرەکانیان خەیاڵی بوون وایاندەزانی جەنگ پیاسەیەکی ڕۆمانسییە خێرا دەکرێت و بە خۆشی کۆتایی دێت. ئەم جۆرە پیاوانە زوو زوو تووشی بەخەبەر هێنانەوەیەکی تاڵ دەبوونەوە بە دەستی دوژمن.

عەیبی سەرەکیمان ئەوەبوو کە هێزی لوفتواف لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی فەیلەقی ئەفریقیدا نەبوو. فرۆکەکانیان بۆ ئامانجە ستراتیجییەکانی خۆیان بەکار دەهێنا و ئاگایان لە تاکتیکی ڕۆژانەی شەڕەکانی مە نەبوو. دەبایە فرۆکەکانی لوفتواف بخرێنە بەر فەرمانی فەیلەقی ئەفریقی تاکو بەشدارییەکی ڕاوستەوخۆ بکەن. ئامانجە ستراتیجییەکانیش با هەر لەژێر فەرمانی لوفتواف بایە.

## مەیدانەکە

مان و نەمانی هێڵەکانمان پابەندی ئەوە بوو کە سەللوم لەدەستماندا بێت. لەشکری ئەڵمانی–ئیتاڵی چەند ئەرکێکی لەئەستۆدا بوو، بەم جۆرەی خوارێ:

١– بەشێک بۆ ئابڵووقەی توبرق تەرخان بکرێن.

٢– بەشی دووەم دەبایە بەرەی سەللووم بپارێزن.

هێزەکانی پیادە، کەوا ژمارەیان زۆر بوو، تەنیا بۆ چەند ئەرکێک بەکار دەهاتن وەکو ڕاگرتنی هێڵەکانی توبرق و، پاراستنی سەنگەرەکان لە هێڵی سەللووم–سیدی عومەر و، پاراستنی بەردییە.. بەم پێیە، هەر هێرشێکی بەریتانی لەخۆرهەڵاتەوە کرابا تەنیا بە هێزە مۆبایلەکان بەرپەرچ دەدرانەوە و دەبایە هێزە مۆبایلەکان بە هیچ شتێک نەبەسترێنەوە و لەهەمان کاتیشدا دەبایە لە مەودایەک بوەستن دوور لە ئاگری دوژمن، ئینجا لە یەکەم نیشانەی هێرشدا یەکسەر ببزوون و پشتیوانی لە پیادەکان بکەن. لە ناوەڕاستی مایسدا. هەموو هەستمان دەکرد بەریتانییەکان هێرشێکیان بەدەستەوەیە. بیرم دەکردەوە ئەگەر هێرش کرابایە سەرمان چۆن پیادەکان بکشێنینەوە؟ گرفتەکەمان لەم خاڵەدا بوو.

لە بەرەبەیانی٥/١٥ هێرشی بەریتانییەکان بۆ سەللووم دەست پێکرا. لە دەربەندی حەلفایەدا ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی سەنگەرەکانمان هاتنە پێش، زرێپۆشەکانیان لە ناوچەی هەباتە Habata و کاپوزۆ بەدەست پیادە و هێزە مۆبایلەکەی هارف زیانی

گەورەیان کرد و کشانەوە بۆ باکوور.

*ل.هـ: وێڤڵ ئەم هێرشەی کرد بەنیازی ئەوەی کە سەرنجی رۆمل بۆ ئەو ناوچە رابکێشێت و پێش ئەوەی تیپی ١٥ی پانزەر بگاتە جێ، ناچار بن لە خۆرهەڵاتی توبرق بکشێنەوە. جەنەراڵ گۆت* Gott *سەرپەرشتی هێرشەکەی کرد بە لیوای زرێپۆشی هەفتەم (٥٥ تانک) و لیوای پاسەوانیی ,٢٢تانک.*

رۆمل: هەواڵگری ئاسمانی وای دیار خست کە بەریتانییەکان بەرەو سیدی عەزیز دەچن تاکو بە پشت هێزەکەی هارفدا بسووڕێنەوە. بەتالیۆنێک پانزەر و هەندێک چەکی ٨٨ بە فەرماندەیی کۆلۆنێڵ کرامەر بۆ پیشتیوانی هارف بەڕێ کران و بڕیار وابوو شەوی ١٥–١٦ لە سیدی عەزیز پێک بگەنەوە. هارفیش لەم راستییە گەیشت و بۆ لای کرامەر بەڕێ کەوت بەڵام لەو شەوە لێک دابڕان.. کرامەر چووە سیدی عومەر، کەچی بەریتانەییەکان لەخۆڕا کشانەوە.

*ل.هـ: لێرەدا دیار دەبێ چۆن هەر لایەک بەجۆرێکی جودا رووداوەکان شیتەڵ دەکاتەوە. لەراستیدا لیوای هەفتەمی بەریتانی چوونە سیدی عەزیز. هەواڵی بیست کە بەریتانییەکان کاپوزۆیان داگیر کردووە و رۆمل هێرشی بۆ کردۆتەوە و لەبن دەستی بەریتانییەکانی دەرهێناوەتەوە، سەیرە کە رۆمل باسی ئەم هێرشەی خۆی ناکات. گۆت، فەرماندەی لیواکە، وا تێ گەیشت کە ئەڵمانەکان هێزی گەورەیان هەیە بۆیە کشایەوە.. ل.هـ: لەم بەینەدا چێرچڵ تۆبزی لە حوکمەتی بەریتانی کرد کە ١٨٠ تانکی ماتیلداسی و ١٠٠ تانکی سووک بە دەریادا بنێرن بۆ لیبیا. لە هەمان کاتیشدا تیپی ١٥ی پانزەر گەیشتە جێ، ئیتر هەردوو لە لیبیا بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە.*

رۆمل: سەللووم و دەربەندی حەلفایە لە خاڵە هەرە گرینگەکان بوون، چونکە تەنیا لەم دوو ناوچەدا هاتوچۆ دەکرا و ناوچەکانی دیکە لە دەریاوە تا هەباتە بریتی بوون لە زورگی سەخت بەرزاییەکەی بە ڕێژەی ٦٠٠ پێ بوو پڕ لە گرد و تەلان کە زرێپۆش نەیدەبڕی و تا سنووری میسرِ درێژ دەبۆوە.. بەریتانییەکان خۆیان لە حەلفایە دامەزراند و خۆیان بەهێز دەکرد. منیش فەرمانم بە هارف دا کە بیگرێتەوە.. هێزەکەی هارف لە ئێوارەی ٥/٢٦ بۆ حەلفایە چوون و لە بەیانیی ٢٧ی هەیف شەڕ



کرا و دوژمن بە شەپرێوی چۆڵی کرد، چەک و شمەکێکی زۆریشیان لەدوادا بەجێ ما. دەسکەوتێکی زۆر و زیانێکی کەممان هەبوو.


*ل.هـ: گرتنەوەی حەلفایە گرفتێکی زۆر گەورەی دروست کرد بۆ بەریتانییەکان.*

رۆمل: لە رۆژانی داهاتوودا زۆر بە گورجی سەنگەرەکانی بەردییە – سەللوم– حەلفایە توند کران. هەروەها لە بەردییە ناوچەیەکم دۆزییەوە پڕ بوو لە چەک و ئاسنەواڵەی ئیتاڵی کە گرازیانی بەجێی هێشتبوون. فەرمانم دا دەستی بەسەردا بگرن و هەرهەموو بۆ پتەو کردنی هێڵی سیدی عومەر– حەلفایە– سەللووم بەکار بهێنرێن. چەکەکان لە دوو وۆرکشۆپی ئەڵمانی چاک کرانەوە کەچی گاریبۆلدی هەواڵی نارد کە ئەمانە چەکی ئیتاڵین و دەبێ بدرێنەوە دەست خۆیان. چەند لەمێژ بوو لەبەر چاویان فڕێ درابوون کەچی کە سێرڤس کران ئەوسا بەبیریان هاتەوە. بەڵام من کۆڵم لێ نەدا.. لە شەڕی حەلفایەدا وەستاکانمان دەستکارییەکی باشیان لە تۆپەکانی ٨٨ ملم کرد. وایان لێ هات بەحاڵ لەسەر ئاستی زەوی دیار بن، قەڵغانەکانیش پتەو کران.

*ل.هـ: لێهاتوویی ئەڵمانەکان تەنیا لەوەدا نەبوو کە چەکی خۆیان بە باشی بەکار دەهێنا، بەڵکو بەگوێرەی پێویست دەستکاریی هەموو چەکێکیان دەکرد. هەروەها رۆمل یەکەم کەس بوو لە فەرماندەکانی پانزەر بیردۆزی (شمێر و قەڵغان) پێڕەو بکات.*

رۆمل: یەک گرفتمان هەبوو لە گەیاندنی کەلوپەلدا ئەوە بوو کە ڤیابالبیا بەدەست بەریتانییەکانەوە بوو و لەوێدا دەبایە بە باشووردا بسووڕێینەوە. رێیەکەش شڕ ببوو، سەیارەی بچووک پێیدا نەدەڕۆیشت. زۆر جار داوای دروستکردنی ڕێیەکی تایبەتم کرد لە ئیتاڵییەکان بەڵام بایەخیان پێ نەدا.

لە ئەنجامی شکستە ئابڕووبەرەکەی گرازیانی، هەندێک لە هۆزە عەرەبەکان کەوتبوونە جموجۆڵ. هەروەها سەربازە ئیتاڵییەکان ناوبەناو بە بێباکی خۆیان لە ژنە عەرەبەکان دەدا، ئەمەش لەنێو عەرەبدا مەسەلەیەکی زۆر ناسکە. داوام لە ئیتاڵییەکان کرد چارەیەک بۆ ئەو ئاڵۆزییە بکەن و بەگوێرەی پێویست رێز لە عەرەبەکان بگرن چونکە نەمدەویست لە کاتی تەنگانەدا لە روومان هەڵگەڕێنەوە.




پیاوانی تیپەکەی ترێنتۆ Trento چەندین جار دەستدرێژییان کردبووە سەر عەرەبەکانی ناوچەکە و لە ئەنجامدا عەرەبەکان هەندێک ئیتاڵییان کوشتبوو و بەزەبری چەک دەریان کردبوون. جا لە حاڵەتی ئەوهادا هەمیشە چەند کەسێک قیت دەبنەوە و داوای سەرکوتکردنی هەڵگەڕاوەکان دەکەن گوایە شتێکی پێویستە و هەر دەبێ بکرێت. لەراستیدا هیچ پێویست بەوە ناکات، مەگەر خودی تاوانبارەکە دەسگیر بکرێت دەنا پێویستە چاوپۆشی لێ بکرێت و ببرێتەوە.

بە بەمەبەستی سازکردنی زەمینە بۆ داگیرکردنی میسر، جەنەراڵ گاوس و کۆمەڵێک ئەفسەری فەرماندەیی گشتی هاتن. فەرمانێکی راستەوخۆ بە گاوس نەدرابوو کە خۆی لەژێر فەرماندەیی من دابنێت. بەڵام ئەو لەخۆڕا پەسندی کرد. دواتر کە شارەزاییی پەیدا کرد گەیشتە راستییەک کەوا ئیتاڵییەکان حەز ناکەن رێژەی هێزە ئەڵمانییەکان لە ئیتاڵییەکان بەرزتر بێت، تاکو ئەڵمان بالادەست نەبن.

هەرە خۆشەویست لوو: ١٩٤١/٥/٢٦

دوێنێ براوشتیش منی دایە بەر مووشەکبارانی رەخنە، نازانم بۆچی ئەوها لێم پڕ بووە. دیارە رایان لە ریپۆرتەکانم نەبووە چونکە لەگەڵ بەرنامەیان نەدەگونجان. ناچارین دەمی خۆمان قەپات بکەین و تەنیا کورتە قسەیەکی ئەوها بکەین کە بە هەوەسی وان بێت. باش بوو دوێنێ شەو بوتڵێک بیرەی باڤاریمان دەست کەوت دڵی خۆمان پێ دایەوە.

١٩٤١/٦/٢ دوێنێ پلەی گەرما گەیشتە ١٠٧ ی فەهرەنهایت. تانکەکان لەبەر هەتاو دەگەنە ١٦٠ پلە.. دەمەوێ کێشەکانم لەگەڵ فەرماندەیی سوپا ساغ بکەمەوە، یان دەبێ باوەڕێکی تەواوم پێ بکەن، یان ئەوەتا بگەنە بڕیارێکی کۆتایی. ئەوانە پاڵیان داوەتەوە و ئاگایان لە حاڵی مە نییە.



## چاپتەر VII

### هێرشە بەریتانییەکەی هاوینی ١٩٤١

*ل.هـ: ئەو شکستەی پێشوو بۆ جەماوەری بەریتانیا ئاشکرا نەکرا، وایان دیار خست گوایە تاقیکردنەوەیەک بووە، بەڵام لەراستیدا هێرشەکە بۆ ئەوەبوو کە لە راگەیاندندا بە مانشێتی گەورە بنووسن (رۆمل بەزی) یاخود بنووسن (سەرکەوتنێکی مەزن لە بیاباندا) تەنانەت ناوێکی گەورەیان بۆ دانابوو (تەبەری مەیدان).*


*ئەم جارە، تا کاتی هێرشەکە نزیکتر دەبۆوە وێڤڵ گومانی زیاد دەبوو، نەک لەبەر هاتنی تیپەکانی پانزەری نوێ، بەڵکو ئالۆزیی تەکنیکیی هەبوو. لە ١٩٤١/٥/٢٨ ریپۆرتێکی نووسیوە دەڵێ "تانەکەکانمان زۆر هێواش دەڕۆن و بۆ جەنگی بیابان کەڵکیان نییە. لە شەڕەکانی رابردوودا دژەتانکەکانی دوژمن زیانی گەورەیان لێ دان. هەروەها نەفەربەرەکان بەرانبەر تانکە سووکەکانی دوژمن بێ کەڵک دەبن".*

*هێرشەکە بە فەرماندەیی جەنەراڵ بێرفۆرد پیرس بوو و هێزەکانیش بریتی بوون لە تیپی ٧ی زرێپۆش و تیپی ٤ی هیندیی و لیوای ٢٢گارد. ژمارەی تانکەکانیش بەگشتی لەنێوان ١٧٠ تا ٢٥٠ دەبوون. رۆمل دەڵێ تیپەکەی پانزەر بە ٨٠ تانک بەرەنگاریان بۆتەوە و لەلایەن تیپی ٥ی سووکەوە یارمەتی دراون.*

*لە ریپۆرتی ئەڵمانیی دیکەدا باس کراوە گوایە ١٥٠ تانکیان هەبووە و کەوا تەنیا ٥٩ تانکی III و VI بوون و هیچ تانکی ئیتاڵی بەشدار نەبوونە.*

رۆمل: لە بەرەبەیانی ٦/١٥ هێرشەکەیان بۆ سەللووم دەست پێکرد، بە دەشتەکەی سەر دەریا و بە بانە بەرزەکەی باشووردا هاتنە پێش. ریپۆرتە سەرەتاییەکان باش بوون بەڵام دوژمن خێرا دەهاتن و لە کاتژمێر ٩ شەڕە تانک لە کاپوزۆ ئایسا. تیپەکەی پانزەر رێنمایی کرابوون کە دژەهێرشی خۆیان تا درەنگ نەکەن. تیپە سووکەکەش کاتژمێر ١١ بەرەو سەللووم چوو.

دوژمن قورسایی خستە نێوان سیدی عومەر و کاپوزۆ، دەیانویست تیپەکەی پانزەر



هێرشی بەریتانی لە حوزەیرانی ١٩٤١

وێران بکەن. بۆیەش، فەرمان بە هێزەکەی بەردییە درا لەسەر رێگاکە بڵاو ببنەوە. بەداخەوە بای ئەوەندە پیاویان لەبەر دەستدا نەبوو. لەم کاتەدا بەریتانییەکان چەندین هێرشی قورسیان بۆ دەربەندی حەلفایە کرد. مێجەر باخ زۆر بە مەردانە بەرپەرچی دەدانەوە، دوژمن زیانیان زۆر بوو و دەستیان پێکرد بێزاری دەرببڕن. پاش نیوڕۆ و ئێوارەی رۆژی یەکەم پەلاماری کاپوزۆ و بەردییەیان دا و پاش ماوەیەک کاپوزۆیان راماڵی. شەڕە تانکێکی سەخت بەرپا بوو لەنێوان فەوجی هەشتەمی تیپی پانزەر (٨٠ تانک بوون) بەرانبەر ٣٠٠ لە تانکەکانی دوژمن(١).

تیپی ١٥ی پانزەر و بەتالیۆنێکی تیپە سووکەکە پێکەوە بوون، فەرمانیان پێ درا ئاگایان لە بەردییە بێت و دژەهێرشی خۆیان بۆ دوژمن بکەن.. بەشی گەورەی تیپە

(١) ل هـ: لە راستیدا بەشی گەورەی هێزە بەریتانییەکە لەوێ بوون و تەنیا چەند میلێک لە کاپوزۆ تێ پەڕین.. هەروەها وەک دیارە رۆمل و بەریتانییەکان هەردووک ژمارەی تانکی لایەکەی دیکەیان بە گەورەتر مەزەندە دەکەن.



سووکەکە فەرمانی پێ درا کە بەیانی ٦/١٦ لە سیدی عەزیزەوە هێرش بکەنە سەر سیدی سولەیمان، ئینجا بە دەربەندی حەلفایەدا بسووڕێنەوە پشت هێڵەکانی هاتوچۆی دوژمن. تیپەکەی پانزەریش دەبایە هەمان رۆژ بەملا و ئەولای کاپوزۆدا ئاوا بێت بۆ ئەوەی هێزە گەورەکەی دوژمن پەک بخەن. پلانەکەم وابوو کە هێزەکانم پاڵەپەستۆ بخەنە سەر یەک خاڵ.

لە ٦/١٦ کاتژمێر ٥ ی بەیانی تیپی ١٥ی پانزەر هێرشی بۆ کاپوزۆ کرد. شەڕە تانکێکی یەکجار دڕیان گێڕا واش هەر سەرکەوتنێکی وا نەبوو. هەندەی نەبرد بەریتانییەکان موسا عیدیان گرت و کاتژمێر ١٠,٣٠ تیپی پانزەر ریپۆرتیان نارد کە ناچارن بکشێنەوە. دوژمن لە کاپوزۆ نەهەژا و لە نێوان ٨٠ تانکی تیپەکەی پانزەر تەنیا ٣٠ دانە بە ساغی گەڕانەوە، ئەوانی دیکە هەندێکیان سووتان و هەندێکیان چاوەڕێی چاککردنەوە بوون(٢). لە هەمان کاتدا تیپە سووکەکە لەرێی سیدی سولەیمان بەرەنگاری تیپی ٧ی زرێپۆش بۆوە و تێدا سەرکەوت و تا نزیک سیدی سولەیمان پێشڕەویی کرد.

ئەم سەرکەوتنە خاڵی وەرچەرخان بوو لە شەڕەکەدا. بڕیارم دا ئێستا من پێشدەستی بکەم. دەستبەجێ، فەرمانم بە تیپی ١٥ی پانزەر دا رەگەڵ تیپە سووکەکە بکەون لە سیدی سولەیمان. کاتی بڕاندنەوە بوو. زۆر جار جێگۆڕکەی چاوەڕوان نەکراو چارەنووسی شەڕەکە دیار دەخات.

کاتژمێر ٦ بەیانی ٦/١٧ هەردووک تیپ (١٥ی پانزەر و تیپە سووکەکە) سیدی سولەیمانیان راماڵی. تانکەکانی دوژمن لەو دەشتە بەسووتاوی پەرت و بڵاو کرابوون. هێرشەکە بەریتانییەکانی تاساند. فەرماندەی تیپی ٧ی بەریتانی برووسکەیەکی بۆ جێگری فەرماندەی لەشکر نارد، داوای لێ دەکرد فریای بکەوێت. لام مسۆگەر بوو کە ئەم پەلامارە وا لە فەرماندە بەریتانییەکان دەکات هیچ بڕیارێکیان پێ نەدرێت. بۆیەش، دەبایە پێشڕەوییەکەی خۆمان تا حەلفایە رانەگرین.. کاتژمێر ٩ فەرمانم بە هەردووک تیپ دا کە رێگەی حەلفایە ببڕن.

(٢) ل.هـ: هێزە بەریتانییەکە لە کاپوزۆ ٩٠ تانکی ماتیلداسیان هەبوو کە رۆمل لە شەڕەکەی ئاراس (مایس ١٩٤٠) بەرەنگاریان بۆوە.

بەریتانییەکان پترۆلیشیان کەم ببوو، جا دەمویست بەیەکجاری وێرانیان بکەم.

دوژمن لە کاپوزۆ برووسکەیان دەنارد کەوا یەدەگ و پترۆڵیان لێ بڕاوە. هەندەی نەبرد دەستیان پێکرد کۆگا و تانکە چەقیوەکان بسووتێنن و بە پەلە کشانەوە. ئەو دەشتە پڕ بوو لە تانک و ڤێکڵی سووتاو.. کاتژمێر ١٦ دوو تیپەکە گەیشتنە حەلفایە و یەکسەر بەرەو باکوور سووڕانەوە. ئەم چالاکییە بۆ ئەوەبوو کە دوژمن لەنێوان حەلفایە و کاپووزۆ رابگوشن و نەهێڵین کەسیان دەرباز بێت، بەڵام بەداخەوە پانزەرەکان بە بەرەیەکی باریکدا رۆیشتن. دەبایە رووبەری هێڵی پێشڕەوی پان بکەنەوە و دوژمن بەپێش خۆیان رادەن. ئیتر دوژمن بە بۆشاییەکەی نێوان سیدی عومەر و حەلفایەدا کشانەوە و هەڵاتن.

*ل.هـ: رۆمل لێرەدا بەهەڵە چووە چونکە هێزە گەورەکەی بەریتانییەکان زووتر بە باشووری دەربەندی حەلفایەدا دەرباز ببوون.*

شەڕی سێ رۆژەی سەللووم کۆتایی هات. دەکرا زیانێکی زۆر گەورەتر بە دوژمن بگەیێنین، بەڵام هەر چۆنێک بێت زیانیان ٢٢٠ تانک بوو لەگەڵ سەربازێکی گەلێک زۆر. ئێمەش تەنیا ٢٥ تانکمان سووتا، ئەوانی دیکە چاک کرانەوە.

*ل.هـ: ژمارەی ئەو تانکانەی کە بەراستی تێکشکان تەنیا ٨٧ تانک بوون (٥٨ تانکی قورس و ٢٩ سووک) هەروەها ٥٠٠ کوژراو و ئەسیر هەبوون.. بەڵام ٥٧٠ ئەسیریان گرت و رایانگەیاند کەوا ١٠٠ تانکی دوژمنیان ئەنگاوتووە. وا دەیارە کە هەر لایەنێک، بەتایبەتی لە شەڕی مۆبایڵدا، ژمارەی زیانەکانی دوژمن بە گەورەتر دەزانێت.*

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/٦/١٨

شەڕی سێ رۆژەی سەللووم بە سەرکەوتنێکی تەواوی خۆمان کۆتایی هات. گەشتێک بەنێو پیاوەکانمدا دەکەم تا سپاس و پیرۆزباییان لێ بکەم. با دڵت خۆش بکەم بای ئێستا.

١٩٤١/٦/٢٣ سێ رۆژە بەسەر مەیدانەکەدا دەگەڕێم. لەشکر لە رادەدە بەدەر گەشاوەتەوە. بەریتانییەکان بەو ٤٠٠ تانکەیان دەیانتوانی ورد و خاشمان بکەن. بەڵام بە چیرەدرێژی و بە گرووپاندن Groupingی باش



شەڕەکەمان بڕاندەوە. دەبا بێنە پێش، ئەمجارە زەبرێکی توندتریشیان بەر دەکەوێت.

## شەڕەکەی سەللووم

### چاوخشاندنەوەیەک

پلانەکەی وێڤڵ لەم شەڕەدا پلانێکی زۆر باش بوو، وێڤڵ لەچاو فەرماندە بەریتانییەکانی دیکە پلانی ئازایانە دادەنێت و هۆشێکی هاوسەنگی هەیە، قورسایی هێزەکانی دەخاتە سەر یەک خاڵ و هەندە لە دوژمنی خۆی ناترسێت. نەیدەویست هێزەکانی پەرت بکەین. بەڵام دەستی بەوە بەستراوەوە کە تانکەکانی قورس و تەپ بوون. ئێمەش سوودمان لەم خاڵە وەرگرت.

*ل.هـ: ئەم نرخاندنە کە رۆمل دەربارەی وێڤڵ نووسیویەتی مایەی رێزلێنانە چونکە چێرچڵ یەکسەر وێڤڵی لادا و جەنەراڵ ئۆکنلیک لەباتی دانرا. شیتەڵکردنەوەی رۆمل بۆ خاڵی لاوازی هێزە بەریتانییەکان لەگەڵ یاداشتنامەکەی وێڤڵ رێک دەکەوێت کەوا لە ١٩٤١/٥/٢٨ بۆ حوکمەتی بەریتانیا بەرزی کردەوە و تێیدا باسی لاوازییەکانی لەشکرەکەی خۆی کرد.*

رۆمل: پلانەکەی دوژمن زۆر ئاسان بوو. ویستیان بە باشووری حەلفایەدا بسووڕێنەوە تاکو لە دوو لا پەلامارمان بدەن. ئینجا پێشڕەوی بۆ هێڵی سەللووم–حەلفایە بکەن. لە کۆتاییشدا بەرەو توبرق بڕۆن ئابڵووقەکەمان بشکێنن.

لەو هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە تانکەکانی مارک II و ماتیلداس بەکار هێنران. ئەوانە زرێی ئەستووریان هەیە بەڵام تۆپەکانیان بچووکن و مەودایان کورتە و لە جووڵەشدا تەپن. گوللە تۆپی (زرێبڕ) یان بۆ دانابوون بەتەنیا، ئیتر کارێکی ئەوتۆیان لە پیادە نەکرد. ماتیلداس تەنیا بۆ ئەوە باشن کە بەپێش هێزی پیادە بکەون و کەلێنێک بەنێو سەنگەری پیادەی دوژمندا بکەنەوە و بەس. دواتر لە شەڕی زستانەکەی ١٩٤١–١٩٤٢ مارک VIیان هێنا کە بەراستی خێرا دەڕۆیشتن ٤٠ میل/ کاتژمێر بەڵام ئەوانیش تۆپی بێ کەڵکیان لەسەر بوو. ئەگەر تۆپی باشیان بۆ

داناپان رەنگبوو چارەنووسی جەنگەکە سەراوژێر بکەن.

*ل.ه: ئەم تانکەی کە رۆمل باسی دەکات پێیان دەگوتن تانکی کرووسەیدەر*Crusader*. رۆمل رای لێ بوو کەچی بەریتانییەکان نرخیان نەزانی و هەوڵیان نەدا تۆپێکی باشتری بۆ دابنێن.. تۆپەکەی دوو پاوندی بوو لە ١٠٠٠ یاردەوە دەیتوانی زرێی ٤٤ ملیمی ببڕێت. واتە هەندێک لە تۆپەکانی پانزەرە ئەڵمانییەکان بەهێزتر بوون. بەڵام ئەوەبوو کە مەکینەکانیان زوو دەشکان و شوفێرەکان لێیان بێزار دەبوون.*

رۆمل: دەربەندی حەلفایە شادەماری شەڕەکە بوو، بەشی گەورەی شەڕەکە بەبەر کاپتن باخ و پیاوەکانی کەوت. هەروەها بەتالیۆنی تۆپخانەی مێجەر پاردی کارێکی باشیان ئەنجام دا. بەمەش ئیتاڵییەکان بۆخۆیان سەلماند کە ئەگەر ئەفسەری باشیان بەسەرەوە بێت شەڕی مەردانە دەکەن.

ناوبانگی شەڕەکە لە ئاستە بەرزەکاندا دەنگی دایەوە و جەنەراڵ رواتا هاتەوە ئەفریقیا رایگەیاند کە کۆماندۆ سوپێرمۆ پشتیوانییەکی گەورەی بۆ بەرەی ئەفریقیا ساز کردووە و رێ دەدەن ژمارەی تیپە ئەڵمانەکان ببێتە چوار تیپ. هەروەها لەشکری ئیتاڵیش دەکرێتە سێ تیپی زرێپۆش و - سێ تیپی مۆبایل. بەڵام بەداخەوە، دواتر ئەم گەرموگوڕییەیان زوو سارد بۆوە و ئەو هێزانەی کە باس کران ئەگەر لە پایزی ١٩٤١ گەیشتبانە ئەفریقیا، باوەڕم وایە دەمانتوانی لە بەهاری ئایندەدا هەموو میسر بپێچینەوە و دوورتر بڕۆین بەرەو عیراق تاکو دەستی رووسەکان لە بەسرا ببڕین[٣]. ئەوە دەبوو بە زەبرێکی گەورە دژی پلانە ستراتیجییەکانی رووسیا و بەریتانیا.

(٣) م م م: لێرەدا لیدل هارت ناڵێ ئایا مەبەستی رۆمل چییە کە دەڵێ (دەستی رووس لە بەسرا)؟ بەڵام دیارە رۆمل ئەم قسەی لە دەوروبەری خۆی بیستووە و مەبەستی نەفتی عیراق و ئێران بووە بەگشتی وێڕای خاڵێک کە روسیا لە سەردەمی قەیسەرەکانەوە بەندەرێکی هەبێت لەسەر یەکێک لە (دەریا گەرمەکان) چونکە دەریاکانی خودی رووسیا یان ئەوەتا زستانان دەبنە شەختە یان دەریای رەش هەیە کە زارکەکەی لەدەست تورکیا دایە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٨ کە سۆڤیەت ئەفغانستانیانی داگیر کرد هەموو کۆمێنتەرە سیاسییەکان گوتیان (ئەمە خەونە کۆنەکەی قەیسەرە رووسەکانە بۆ ئەوەی بە دەریا گەرمەکان بگەن- الوصول الی المیاه الدافئة).



١٩٤١/٧/٣ خۆشەویستم لوو:

... گەرمایەکی سەیرە... پیاو تا بەیانی لە ئارەقەی خۆیدا دەگەوزێت... هەواڵی سەرکەوتنەکانی مە لە رووسیا باشن.

١٩٤١/٧/٥ لەم دوو هەفتەی ئایندەدا رەنگە سەردانێکی بارەگای فوورەر بکەم. کە دەچم، باشتر ئەوەی بەرەی رووسیا هەندێک هێمن بوویێتەوە دەنا بایەخ بەمن نادرێت.. ئێستا شەڕی راستەقینەم دژی پێشکەکانی ئێرەیە، هۆدەکەم تاریک دەکەم بەڵام سوودی نییە.

١٩٤١/٨/٢٩ گەرمایەکی ناخۆشە... دەڵێن نیازیان هەیە ئێران داگیر بکەن. هاتوچۆ بە سیبیریادا ئاسان نەماوە بەتایبەتیش لەبەر هەڵوێستی ژاپۆن ئیتر ناچارن بە کەنداوی فارسدا پێوەندی بکەن... ئەمشەو پێشکە نییە! تۆبڵێی (دواترین مۆهیکان) م کوشتبێت؟[٤]

(٤) م م م: دواترین مۆهیکان (Last of the Mohicans) ناوی رۆمانێکی ئەمەریکییە لەم دواییانەدا لە هۆلی وود کرا بە فیلم و پاداشتی ئۆسکاری بردەوە. باسی هۆزێک لە هیندی سوورەکان دەکات لە شەڕی خۆبەخۆیی هیندییەکان و لە شەڕی نێوان ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا زۆربەیان دەکوژرێن.

## چاپتەر VIII

## هەڵمەتەکەی زستانی ١٩٤١ – ١٩٤٢

بە قەڵەمی جەنەراڵ فریتز بایەرلاین:

بەداخەوە نووسینەکانی رۆمل دەربارەی ئەو بەشەی جەنگی ئەفریقیا نەماون. تۆمارکردنی بەسەرهاتەکان بەبێ نووسینەکانی خودی رۆمل شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەیە کە خۆم لە جەرگەی رووداوەکاندا ژیاوم. کە بەریتانییەکان هێرشی پایزییان کرد من تازە لە قوڕاوی جەنگی رووسیا رزگار ببووم و گەیشتبوومە ئەو بیابانەی ئەفریقیا. پێشتر لەسایەی هونەرمەندی جەنگ، جەنراڵ گودەریان، شارەزاییەکی باشم لە شەڕی مۆبایڵ پەیدا کردبوو.. ئیتر ئەم پەخشانەی بەر دەستتان بەشێکیان یادگارییەکانی خۆمن و بەشێکیش لەم چەند پەڕ و نووسراوانە هەڵێنجراون کە پێم گەیشتن.

هێرشە بێ چەشنەکەی بەهاری ١٩٤١ و گرتنەوەی سیرینایکا لە جیهاندا دەنگی دایەوە. ناوچەکانی بەردەستمان لە بەردییەوە تا سەللووم بە کۆمەڵێک هێڵی بەرگری پتەو کران. بەڵام توبرق نەگیرایەوە، دەشیا بکرێ بە بنکەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی کەلوپول چونکە نزیکترین بەندەر، بەنغازی ٣٠٠ میل دوور بوو.. بەریتانییەکان نرخی توبرقیان دەزانی و بەهەموو جۆرێک دەستیان لێ گیرکرد. ئێمە ناچار بووین بەشە هێزێکی گرینگ لە توبرق بەرانبەر دوژمن ببەستینەوە. ئیتر دوژمن لە دوو قۆڵەوە مەترسیی دەخستە سەر لەشکر، میسرِ و توبرق.. هەروەها هێڵەکانی هاتوچۆی ئێمە لەژێر مەترسی هێزەکانی توبرق بوون.

رۆمل لەو مەترسییانە ئاگادار بوو بەڵام باوەڕی نەدەکرد کە بەریتانیا ئامادەبێ هێزی خۆی لە ئەفریقیا کۆبکاتەوە تا مەترسی هێزە ئەڵمانییەکانی قەفقاس لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت. واش هەر بەگوێرەی ئەو وەرچەرخانەی کە لەبەرەی



رووسیا قەوما، دەبایە بزانێ کە بەریتانییەکان لە پایزدا هێرشێک ساز دەکەن.

لەم بەینەدا گەمارۆی توبرق پتەو کرا، کەلوپەلی کە لە ئیتاڵیاوە دەهاتن زیاد کران بەڵام هەرگیز نەدەگەیشتنە ئاستی ئەو هەموو بەڵێنانەی کە دەیاندان. ئەنجامەکە ئەوەبوو کە لە کۆتایی ئەیلولدا تەنیا سێیەکی تروپە پێویستەکان و هەفت یەکی کەلوپەل گەیشتنە جێ. ئەمە قەیرانێکی تاڵ بوو کە تووشی بووین لەکاتێکدا کە ئێمە پێشبڕکەمان لەگەڵ بەریتانییەکان هەبوو بۆ دابینکردنی هێز و یەدەگ. ناچار بووین هێرشەکەمان دوا بخەین تا تشرینی دووەم. تەنانەت ئەوساش هێرشەکەمان هەر بە نیوەچڵی بەڕێوە چوو.

سەرباری کەموکوڕییەکان رۆمل داوای لە فەرماندەیی سوپا دەکرد رێگای بدەن هێرش بکات چونکە بەریتانییەکان تا دەهات هێزێکی گەورەتریان کۆ دەکردەوە. بەڵام فەرماندەیی داواکارییەکانیان رەت دەکردەوە تا بەدرەنگەوە رێگەیان دا کە لە ناوەندی تشرینی دووەمدا هێرشەکە بکرێت.. لەشکری ئەفریقیی بەردەستی رۆمل بریتی بوو لە ٢٦٠ تانکی ئەڵمانی و ١٥٤ تانکی ئیتاڵی. لەنێو ئەڵمانییەکاندا ١٥ پانزەری I و ٤٠ پانزەری II و ١٥٠ پانزەری III و ٥٥ پانزەری VI بوون.

رۆمل پلانەکەی داڕشت کە هێرشەکە بە تیپەکانی ٩٠ی سووک و تیپی ١٥ی پانزەر و دوو تیپ لە پیادەی ئیتاڵی ئەنجام بدرێت. ئابڵووقەی توبرق بە تیپەکانی بریسکیا و ترینتۆ سپێردران. بەڵام فەیلەقی گەمبارای ئیتاڵی (تیپی زرێپۆشی ئاریەتی و تیپی مەکینەداری تریەستی) لەگەڵ تیپی ٢١ی پانزەر هەموویان لە باشووری خۆرهەڵاتی توبرق دانران لە ناوچەیەکی نێوان بیر حەکیم و قەسرەلئەرید و غۆتەلحەریقەدا تا ئەگەر بەریتانییەکان لە سەللوومەوە یاخود لە توبرقەوە بێنە پێش ئەم هێزە مۆبایلانە یەکسەر بەرەنگاریان ببنەوە. لە ١١/١٦ لەوێ دامەزران.

شایانی گوتنە کە لەو ماوەدا بەسەرهاتێک رووی دا. شەوی ١٧–١٨ کۆماندۆی بەریتانی هێرشێکی زۆر ئازایان کردە سەر خاڵی بێدا لیتۆریا کە ٢٠٠ میل لەنێو خاکی ئێمە بوو. وایانزانی رۆمل لەوێیە.. رۆمل ئەو شوێنەی کردبوو بە بارەگای خۆی بەڵام لەوێ گیر نەدەبوو. کە پاسەوانە ئەڵمانەکە دەنگی دابوون بەئەڵمانی وەرامیان دابۆوە و ئەگەرچی پاسوۆردیان نەدا، بەڵام پاسەوانەکە تەقەی نەکرد وای

زانی هەندێک سەربازی ئەڵمانن رێگایان بزر کردووە. یەکیان لەپڕ دەمانچەی دەرکێشابوو و پاسەوانەکەی کوشتبوو و چووبوونە نێو خانووەکان. نارنجۆکیان هەڵدایە نێو هۆدەیەک، لەوێدا دوو ئەفسەری ئەڵمان کوژران. ویستیان بگەنە نهۆمی دووەم بەڵام لەو کاتەدا درانە بەر دەستڕێژ. ئەفسەرێکیان کوژرا و ئەڵمانێکی تر بریندار بوو و دواتر مرد، بەڵام کۆماندۆکان کشانەوە و نەگیران.



بارەگاکەی رۆمل کە کۆماندۆی بەریتانی پەلاماریان دا




## هێرشە بەریتانییەکە

لە هەیڤی ئەیلوولەوە ریپۆرتەکانی هەواڵگری و گرتنی هەندێک ئەسیر مسۆگەریان کرد کە تیپێکی نیوزیلاندی و تیپێکی باشووری ئەفریقیا لە دەلتای نیلەوە بەرەو مەرسا مەترووح ناردراون، بەڵام لەمە بەولاوە هەرچەندی دەمانکرد نیشانەیەکی ئەوتۆمان نەدەکەوتە دەست کەوا بۆنموونە کۆگای خۆراک و یەدەک لە بیابان بڵاو کرابنەوە یاخود هەستێک بە جموجۆڵەکانی دوژمن بکەین. بەریتانی بەوپەڕی نهێنییەوە کاریان دەکرد. گەشتی فڕۆکەکانیش هیچیان رانەدەگەیاند. تەنانەت رۆژێک پێش هێرشەکە فڕۆک بە باشووری هێڵەکانی دوژمندا فڕیبوون و ئەگەرچی هێز و کۆگای لێ بوو واش هەر هیچیان نەدیت. دواتر زانیمان کە لەشکری هەشتەمی بەریتانی پلانێکی گەورەیان دەگێڕا بۆ راماڵینی تروپەکانمان و لابردنی ئابلۆوقەی توبرق ئینجا بەرەو بەنیغازی و تەرابلوس بچن.

ل.هـ: هێرشەکە لە ١١/١٨ دەست پێکرا. بەهەمووی هەفت تیپی بەریتانی، بەهێزەکانی نێو توبرقەوە، بەشدار بوون، بەرانبەر سێ تیپی ئەڵمانی و هەفت تیپی ئیتاڵی. ئەم ژمارانە راستییەکان بەباشی دیار ناخەن. هێزەکان بەژمارەی فڕۆک و لیوای زرێپۆش دەپێورێن کەوا بەریتانییەکان پێنجیان هەبوو کەچی رۆمل دووی ئەڵمانی و یەک لیوای ئیتاڵیی هەبوو. ئەگەر بەگوێرەی ژمارەی تانکەکان بێت، ئێمە ٧٢٤ تانکمان هەبوو، ٢٠٠ تریش لەژێر خزمەتدا بوون و رۆژانە ٥٠یان بۆ شەڕ بەڕێ دەکران، کەچی رۆمل بەهەمووی ٤١٤ تانکی هەبوو ١٥٤یان ئیتاڵی بوون. سەبارەت بە هێزی ئاسمانییش باڵادەستیی ئینگلیز زۆر گەورەتر. ١١٠٠ فڕۆکی بەرانبەر ١٢٠ی ئەڵمانی و ٢٠٠ی ئیتاڵی.. هەروەها بەریتانی لەپڕ هێرشەکیان کرد، ئەمەش هەر باڵادەستییە.

رۆمل لە ئیتاڵیا بوو فەرماندەیی رازی دەکرد کە لێی بگەڕێن دەست پێشخەری بکات. ئینجا رۆژی لەدایکبوونی خۆی (١٥-١١) لەگەڵ لووسی بەسەر برد و هەر کە گەڕایەوە بۆ ئەفریقیا، هێرشەکە یەکسەر دەستی پێکرد.

پاش نیوەڕۆی ١٨ی مانگ تیپی پانزەر هەستی بە جموجۆڵێکی دوژمن کرد.




تروپەکانمان لە بیرەلگۆبی و سیدی عومەر یەکسەر پاشەوپاش پاڵ نران. خۆی لە رۆژی پێشتردا ئەسیرێکی بەریتانیمان گرتبوو کە بەوردی باسی ژمارە و پلانەکانی ئەو هێزە گەورانەی کرد، بەڵام کەس باوەڕی پێ نەکرد تا هێرشەکە کرا، ئەوسا بەبیرمان هاتەوە. رۆمل وازی لە هێرشی توبرق هێنا و فەرمانی دا پەلاماری هێزە هاتووەکان بدەین لە قەبر ساڵح.

ئێستاش زۆرکەس نازانێ ئایا ئەم بڕیارەی رۆمل بەجێ بوو یان نا؟ چونکە رەنگبوو لەو ماوەدا توبرق بگرین و ئەوسا مەترسییەکی گەورەمان لەکۆڵ دەبۆوە.. لە ١٩ی مانگ بەریتانی بە سێ قۆڵ پێشڕەوییان بەرەو توبرق کرد. قۆڵی دەستەچەپ بە بیرەلگۆبیدا هات و پاش شەڕێکی قورس تیپەکەی ئاریێتیان دەرپەڕاند. قۆڵی دەستەڕاست هیچیان پێ نەکرا چونکە بەشێک لە تیپی ٢١ی پانزەر پێشیانی گرت و



تا قەبر ساڵح کشانەوە. بەڵام قۆڵی ناوەڕاست کەلێنیان لە هێڵەکانی مە کردەوە تا فرۆکخانەی سیدی رزق (١٠ میل بۆ توبرق).

١١/٢٠ لەشکری ئەفریقی قورسایی خۆی خستە سەر باڵی راستی دوژمن و کۆمەڵێک تانکی سووتاندن. قەبەر ساڵح و سیدی عومەر شوێنی باش بوون بۆ پەلاماردانی پاشەری دوژمن. ئەوان ناچار کران هێزەکان لەیەکتر جودا بکەن. رۆملیش ئەو راستییەی رەچاو دەکرد کە هێزەکانی مە کەمترن بۆیە قورسایی هەموو هێزە مۆبایڵەکانی دەخستە سەر یەک بەشی دوژمن و یەک بە یەک دەیبەزاندن. بەم جۆرە، بەشی گەورەی زرێپۆشەکانی دوژمن وێران کران ناوی رۆمل و ئەفسەرەکانی لە بەڕێوەبردنی شەڕی مۆبایڵدا درەوشایەوە.

بایەرلاین: شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ دوژمن لە توبرقەوە بە ٥٠ تانکی قورس دەرچوون و هێڵەکانی ئابلۆوقەیان شکاند. تۆپخانەی تیپی بۆلۆنیایان راماڵی و ئەگەرچی شوێنەکەمان گرتەوە بەڵام هێڵی ئابلۆوقەکە تەنک ببوو.. تیپەکانی پانزەر لە کاپوزۆ پەلاماری پشتی لەشکری دوژمنیان دا و بە شەڕێکی سەخت بانە بەرزەکەیان خاوێن کردەوە.

لە ١١/٢٢رۆمل فەرمانی بە تیپەکان دا مانۆڕێکی گرینگ بگێڕن. تیپی ١٥ی پانزەر بەبێ ئاگاداری دوژمن بەرەو خۆرهەڵات چوو و پەلاماری باڵی دوژمنی دا. تیپی ٢١یش دوژمنی لە فرۆکخانەی سیدی رزق دەرپەڕاند بەرەو باشوور. شەو تیپی ١٥ی پانزەر پشتی لە هێزەکانی دوژمن گرت کە لە بیر سیاف–سیووف بوون و تا بارەگای لیوای ٤ی زرێپۆشی بەریتانی پاڵیان نان، فەرماندەی لیواکە گیرا.

هێرشی تر لە توبرقەوە نەکرا. لە بەشی خۆرهەڵاتدا دوژمن باڵچەرخییەکیان بۆ بەرەی سەللووم کرد. هێڵەکانی مە خۆیان راگرت، تەنیا ئەوە بوو کە کاپوزۆ کەوتە دەست نیوزیلاندییەکان.

# شەڕەکەی ڕۆژی تۆتنزۆن تاگ(١)

لە ١١/٢٣ فەرمان بە تێکڕای هێزە مۆبایلەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵی درا کە بەشە گەورەکەی لەشکری دوژمن وێران بکەن.

یەکەم جار بوو ڕۆمل نەتوانێ ڕاستەوخۆ فەرمانەکان رابگەیێنێت، ئیتر زۆری پێ چوو تا بە شیفرەی رادیۆ بڵاو کرایەوە و تا شیتەڵ کرا. جەنەراڵ کرووڤێل شارەزای رەوشتی رۆمل بوو، ئیتر جارێ فەرمانەکە شیتەڵ نەکرابۆوە ئەو کەوتە گەڕ. بارەگای تیپەکەی لە قەسر ئەرید دانا و کاتژمێر ٣٠,٥ تانکەکانی نارد بۆ جەرگەی شەڕ، کەچی پاش نیو کاتژمێر نیوزیلاندییەکان بە سیدی عەزیزدا بەسەر بارەگای تیپەکەیان دادا و پاش شەڕێکی دڕ تێکڕای بارەگا و ستافی فەرماندەیی دەسگیر کران. بەحاڵ خۆم و جەنەراڵ کرووڤێل رزگار بووین.

لە بەیانی١١/٢٣ هێزەکانمان بەم جۆرە دامەزرابوون: تیپی ١٥ پاش سەرکەوتن لە شەڕی بیر سەیاف – سیووف خۆیان ڕێک خستبۆوە. تیپی ٢١ لە سیدی رزق دامەزرابوو. تیپە ئیتاڵییەکان لەدەوری بیرەلگۆبی بڵاو کرابوونەوە.. لە بەرانبەردا بەشی گەورەی زرێپۆشەکانی دوژمن لە دەوری سیدی موفتاح و بیرەلحەیاد بە چەند بەشێک بڵاو ببوونەوە.

جەنەراڵ کرووڤێل هێزەکەی بردە لای تیپەکەی ئاریەتی لە بیرەلگۆبێ. کاتژمێر٧,٣٠ تیپی ١٥ی پانزەر گەیشتە سیدی موفتاح و دەستبەجێ پەلاماری دوژمنیان دا، شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا. جەنەراڵ کرووڤێل بە بەرەیەکی بەرینتر بە پشت لە حەگفەتەلحیاد سووڕایەوە و پاش نیوڕۆ بەشەڕ گەیشتە قووڵایی خاکی دوژمن. هێزەکەی ئاریەتی بە ١٢٠ تانک رەگەڵی کەوتن، کرووڤێل کردنی بە سەرەرمب و دوژمنی بەرەو باکوور پاڵ نا بۆ بەر دەستی تیپی ٢١ی پانزەر کە لە سیدی رزق ساز ببوون.

لە سەرەتادا هێرشەکە بەباشی دەرۆیشت بەڵام تیپەکەی باشوور–ئەفریقیا لە ماوەیەکی کورتدا تۆپخانەی خۆیان لەنێوان موفتاح و حیاد دامەزراند و دەستیان بە

(١) ل. هـ: ساڵڕۆژی ئەڵمانەکان بۆ قوربانییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم.



تۆپبارانێکی خەست کرد. مەیدانەکە وەکو دیوارێک ئاگری لێ هات و، رێگای پێشڕەویمان نەما. بەڵام هەر چۆنێک بێت، توانیمان چەند کەلێنێک بکەینەوە و تانکەکانمان پێدا رۆیشتن تا بەرەنگاری دوژمن بوونەوە.

شەڕە تانکێکی یەکجار قورس بەرپا کرا. لەو شەڕەدا تانک لە تانکی دەدا، تانک لە دژەتانکی دەدا. ڕاستەوخۆ و بە تەنیشتاوتەنیشت و بە پشتاوپشتی سەنگەرەکان، دوژمن لەهەموو لایەکەوە پەلاماری دەدان و ئەوانیش پەلاماری هەموو لایەکیان دەدا. شەڕ و پێکدادان بەهەموو شێوەیەک دەکرا، فێڵ و تاکتیکێک لە بیردۆزەکانی شەڕی مۆبایڵ نەما ئەگەر لەوێ پێڕەو نەکرێت. لە کۆتاییشدا دوژمن گەمارۆ دران، هێزەکەی توبرقیش پێیان نەکرا بەهانایانەوە بێن، ئیتر تاکە ئومێدیان ئەوەبوو هێڵەکانمان بشکێنن و دەرپەڕن.

شایانی گوتنە کە جارێک لەم شەڕەدا جەنەراڵ کرووڤێل و ستافی لەشکری ئەفریقی لەنێو ماموسێکی بەریتانیدا بوون لەپڕ کەوتنە نێو دوژمن. ماموسەکە بەریتانی بوو و نیشانە ئەڵمانییەکە (خاچە خوار) بە قوڕ و تۆز داپۆشترابوو، ئیتر بەریتانییەکان سەریان شێوا. دەستەی تانکێکی بەریتانی مارک VIدابەزین سۆراغێکی ئەو ماموسە بکەن. شوفێرە بەریتانییەکە لە قەپاغی ماموسەکەی دا و جەنەراڵ کرووڤێل قەپاغەکەی هەڵدایەوە. هەردووک چاویان لە چاوی یەکتر قایم کرد، باوەڕیان نەدەکرد چۆن ئەوها کەتوونەتە بەرانبەر یەکتر. لەم کاتەدا شوێنەکە تۆپباران کرا و کەس نەیدەزانی تۆپ لەکوێوە دێن. ئەفسەرە ئەڵمانەکان خۆیان لەسەر تەختەکانی نێو ماموسەکە درێژ کرد چونکە گومانیان نەمابوو کە دەکوژرێن. واش هەر ماموسەکە یەک تۆپی بەر نەکەوت.. توومەز ستافی دژەفڕۆکێکی ئەڵمانیی ٢٠ ملم لەدوورەوە چاویان لەو رووداوە بووە و یەکسەر دستڕێژیان لە تانکە بەریتانییەکان کردووە. بەریتانییەکان بەغار خۆیان هەڵدایەوە بۆ نێو تانکەکەیان و بەرەو باشوور دەرپەڕین. بەم جۆرە ستافی فەرماندەیی لەشکری ئەفریقی خۆبەخت لە بارێکی زۆر سەیر و خەتەرناک رزگار بوون.

دەشتەکەی باشووری سیدی زرق ببوو بە یەک پارچە دووکەڵ و تۆز. هەندێک تانکی بەریتانی سوودیان لەمە وەرگرت و خۆیان لە مەیدانەکە دزییەوە، بەڵام بەشی

گەورەیان مابوون. ئێوارێ دەشتەکە پڕ ببوو لە تانک و زرێپۆشی سووتاو، شەڕەکەش تا شەودرەنگ بەردەوام بوو.. هێشتا دیار نەببوو ئایا زیانی خۆمان چەندە و ئایا چۆن بڵاو ببووینەوە. بەڵام ئەنجامی گشتی ئەوەبوو مەترسی ئازادکردنی توبڕق نەما و بەشی گەورەی هێزەکەی دوژمن وێران کرا.

*ل. هـ: جەنەراڵ نۆری* Norie *فەرماندەی فەیلەقی* XXX *بڕیاری دا بکشێتەوە بۆ قەبر ساڵح پاش ئەوەی کە ٦٦٪ ی تانکەکانی وێران کران، تەنیا ١٥٠ تانک بە شرکراوی دەرباز بوون.*

ئەزیزم لوو: ١٩٤١/١١/٢٣

وابزانم شەڕەکە بەسەر چووە. زۆر باشم و خوڵقم خۆشە و پڕم لە باوەڕ. ٢٠٠ تانکی دوژمن ئەنگاوتران و ئێمەش خۆمان ڕاگرت.

## بەرەو میسر

جۆری بەڕێوەبردنی ئەم شەڕە لەلایەن جەنراڵ کرووفێلەوە شتێکی مامۆستایانە بوو. بەیانی ١١/٢٤خۆم بۆ رۆمل ریپۆرت کرد. رۆمل ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی نەبوو. کە بە شکستە سەختەکەی دوژمنی زانی، باوەڕی بە پلانەکەی خۆی پتەوتر بوو گوتی "بەشی هەرە گەورەی دوژمن بە مەبەستی ئازادکردنی توبرق هاتبوون. ئێستاش کە وێران کران دەبێ دەرفەت نەدەینە نیوزیلاندی و هیندییەکان لە بنکەی خۆیان دامەزرێنەوە. هەروەها دەبێ هەباتە و مادەلین بگرین تاکو ڕێگای کاروانەکانیان ببڕین. خێرایی گرینگترین شتە. نابێ بهێڵین لە تاسان و لە شکستیان بەهۆش بێنەوە. هەر ئێستا تێکڕای هێزەکان پاڵ دەن بەرەو سیدی عومەر".

ئەم بڕیارە یەکێک بوو لە بڕیارە هەرە زەقەکانی رۆمل. مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێت و رەخنەیەکی زۆریان ئاراستە کرد، بەڵام کەسیان لە باری جەنگی بیابان شارەزا نەبوون بەبەڵگەی کەوا دوژمنەکانی رۆمل ئافەریمیان لێ کرد.. خۆی دەبایە بە هێزە پەرتەکانی دوژمندا بگەڕێین تاکو پشتمان خاوێن بکەینەوە، بەڵام ئەم ئەرکە ماوەیەکی زۆری دەبرد و رۆمل بەباشتری زانی کە بەبێ ئاوڕدانەوە و هەتا زووە



شادەماریان ببەستێت، واتە هێڵی هاتوچۆی یەدەگ و خۆراک.

لە نیوەڕۆی ١١/٢٤ لەشکری ئەفریقی و تیپەکەی ئاریەتی ڕێپێوانێکی شێتانەیان کرد بەرەو قووڵایی خۆرهەڵات بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک لەو بەشە دوژمنانەی کە لەسەر باڵەکانی ڕێگا راسابوون. ئێوارێ گەیشتنە سیدی عومەر. رۆمل فەرماندەیی تیپی ٢١ی پانزەری وەرگرت و بەپێش هەمووان کەوت. لەوێ ڕاستەوخۆ تیپە هیندییەکەی قەدبڕ کرد و پێدا رەت بوو تا سیدی سولەیمان، مەبەستی ئەوەبوو دەربەندی حەلفایە بگرێت. تیپی ١٥ی پانزەر بۆ سیدی عومەر چوون. هێزێکی تێکەڵە بەرەو مادەلینە چوو بۆ ئەوەی دەست بەسەر کۆگا بەریتانییەکاندا بگرن. هێزێکی تر ناردران بۆ خەباتە تاکو کامپەکانی پاشەری دوژمن وێران بکەن.. دواتر نووسەر و شیتەڵکاری سەربازی زۆر باسی ئەم چالاکییە سەیرەیان کرد و هەر کەس بەجۆرێکی نرخاند.

رۆمل لە ئێوارەی ١١/٢٤ لە بیر شەفەرزەن ڕێنمایی بە هێزەکان دا. تیپی ٢١ی پانزەر تا دەربەندی حەلفایە چوون. ئەوجار بەتەنیا و بە یەک ڤێکڵ گەڕایەوە بۆ سیدی عومەر، لە ڕێدا ڤێکڵەکەی چەقی. بەیانی خۆوبەخت جەنەراڵ کرووڤێل و ستافەکەی بەوێدا تێپەڕین، رۆمل و جەنەراڵ گاوس لەسەرمان دەلەرزین. رۆمل بە گاڵتە پێی گوتبوون "ئەرێ بێ زەحمەت سوارمان ناکەن؟". ئیتر ڤێکڵە مامۆسەکەی کرووڤێل هەموو ستافی فەرماندەی لەشکری تێدا بوو.

بەرەو سنوور رۆیشتن، لەوێدا خەندەک و تەلبەندێکی زۆر هەبوون، ڕێگاکانیش پڕبوون لە تانک و ڤێکڵی دوژمن. هیندی و بەریتانی دەهاتن و دەچوون نەیاندەزانی کە ١٠ ئەفسەری هەرە گەورەی دوژمن وا لەنێو ئەو مامۆسەی سەر ڕێگاکە دان. شەوێکی ترسناکیان بەسەر برد.. لە رۆژانی ئایندەدا رۆمل بەنێو هێزە بەریتانییەکاندا گەڕا، جارێک چووە نێو خەستەخانەی نیوزیلاندی، تەنانەت هەندێک قسەشی لەگەڵ کردن و بەڵێنی دا کە بەم زووانە پێداویستی و دەرمانیان بۆ بنێرێت، ئینجا یەکسەر خۆی دزیبۆوە. ئەوجا بە مەیدانێکی فڕۆکەی بەریتانیدا رۆیشتبوون. چەند جارێکیش تەققەیان لێ کرا بەڵام نەگیران.

لەو بەینەدا تیپی ٢١ی پانزەر برووسکەیان بۆ هات بە شیفرە بەڵام شیفرەکیان



بەباشی شیتەڵ نەکردەوە و، هەستان لە دەربەندی حەلفایە کشانەوە بەرەو کاپوزۆ. لە ڕێگاشدا تووشی نیوزیلاندییەکان بوون شەڕێکی سەخت و زیانبەخشیان بەئەستۆدا هات، هەروەها سیدی عومەر نەگیرا، ئیتر بالادەستیی لەشکری ئەفریقیا وردە وردە سەراوژێر بۆوە. دواتر زانیمان کە جەنەراڵ ئۆکنلیک لە قاهیرەوە هاتووە ڕێگای بە کەنینگهام، فەرماندەی لەشکری هەشتەم، نەدابوو بکشێتەوە.

ل.هـ: ئەم بڕیارە سەیرەی ڕۆمل خەریک بوو لەشکری هەشتەمی بەریتانی بنەبڕ بکات، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو سام و ترسەی کە خستیە نێو دڵی فەرماندە بەریتانییەکان. جەنەراڵ کەنینگهام بەهۆی شکستەکەی ڕۆژی ١١/٢٣ نیازی وابوو بکشێتەوە. بەڵام هاتنی جەنەراڵ ئۆکنلیک لە قاهیرەوە ڕێگای ئەم هەڵە کوشندەی لێ بڕی.

ئەم پێشڕەوییە سەیرەی ڕۆمل ترس و شەپڕێویی خستە نێو بەریتانییەکان بەتایبەتی جەنەراڵ کەنینگهام کە زۆر شێوابوو. جەنەراڵ ئۆکنلیک هەستی بەم



ڕاستییە کرد و یەکسەر کەنینگهامی لادا و جەنەراڵ ڕیتچی Retchie کردە سەرلەشکر.. دەست تێوەردانی ئۆکنلیک بارەکەی سەراوژێر کرد لە شکست بۆ سەرکەوتن. بڕیارەکە وەکو قومارێک بوو لە قومارەکەی ڕۆمل ترسناکتر کە چۆن ڕۆمڵ هەمیشە پاڵەپەستۆ دەکات، ئەوانیش بەهەمان شێوە دەبێ پاڵەپەستۆ و پێشڕەوی بگرنە بەر. گومانیش کشانەوەی تیپی ٢١ی پانزەر و بەرگرییە چیڕەکەی نیوزیلاندی و هیندییەکان ڕۆڵی بالایان هەبوو. هەروەها بەختیش ڕۆڵێکی هەبوو. بۆنموونە لەشکری ئەفریقی بەدوا کۆگا بەریتانییەکاندا دەگەڕا کە ١٥ میل لە باشووری قەبر ساڵح دروست کرابوون و هەر یەک لەوانە ٦ میل دووجا پێوانەیان هەبوو. ئەڵمانەکان بە نزیکیاندا تێپەڕین کەچی هیچیان نەدۆزییەوە. ئەمە تەنیا بەهۆی بەختەوە نەبوو بەڵکو سیستەمی خۆشاردنەوەی بەریتانییەکان کاریگەر بوو، هەروەها فڕۆکەکانیش وازیان لە ئەڵمانەکان نەدەهێنا.

## گەڕانەوە بۆ توبڕق

بایەرلاین: لە ١١/٢٤کە ڕۆمل بڕیاری پێشڕەوی بە جەنەراڵ ویستفال ڕاگەیاند، ناوبراو ویستبووی نارەزامەندی دەرببڕێت. بەڵام ڕۆمل یەکسەر جەنەراڵ گاوسی ڕاکێشابوو بۆ نێو ڤێکڵێک و یەکسەر بەرەو سیدی عومەر ڕۆیشتبوو تەنانەت لەسەر ڤێکڵی ڕادیۆش نەوەستا. ئیتر ستافی لەشکر لە ڕۆمل دابڕان، جا کە بەریتانییەکان بە فەرمانی ئۆکنلیک لە نزیک سیدی ڕزق دووبارە کۆبوونەوە، وێستفال زۆر خەریک بوو پێوەندی بە ڕۆمل بکات. دوو جار فڕۆکی بەدوادا نارد کەچی هیچیان نەگەڕانەوە. لەکۆتاییدا وێستفال فەرمانی دا تیپی ٢١ی پانزەر بکێشێتەوە بۆ بەرەی سیدی ڕزق.

کە ڕۆمل بەم فەرمانەی زانی وا تێگەیشت فێڵێکی دوژمنە. ڤۆس Voss شایەد حاڵی ڕۆمل بوو لەوێدا. دەگێڕێتەوە دەڵێ " ڕۆمل لە ڕەفتاری وێستفال یەکجار تووڕە بوو. کە هاتەوە، لە سەیارەکەی دابەزی، بەبێ قسە و درووود یەکسەر چووە نێو ڤێکلەکەی فەرماندەیی بەرانبەر خەریتەی شەڕەکە وەستا. گاوس لە تەنیشتی بوو ئێمەش بەترسەوە دەمانویست گاوس تێی بگەیێنێت کە بڕیارەکەی وێسفال چۆن

دراوە. بەڵام باش بوو کە رۆمل پێویستی بە تێگەیاندن نەما، لەناکاو ئاوڕی دایەوە گوتی وا دەچێ بخەوێت. ئیتر کەس نەوێرا خۆی لێ بدات، بەیانیش زۆر هێمن ببۆوە وەک هیچ رووی نەدابێت وابوو"

تیپی ٧ی زرێپۆش و تیپەکەی باشوور–ئەفریقیا شەکەت کرابوون، بەڵام تیپەکانی نیوزیلاندی و هیندی و لیواکەی گارد و تێکڕای هێزەکەی نێو توبرق هێشتا ساغ و کاریگەر بوون. رۆمل ناچار کرا واز لە کۆگاکانی هەباتە و مادەلین بێنێت (٢٥ میل لە باشووری بوگبوگ). ئەمجارە هەموو قورسایی خۆی خستە سەر نیوزیلاندییەکان. لە ١١٢٥ هێزەکانی ئێمە لە باشووری توبرق کەوتنە بەر تەڵەی دوو هێرش، یەکیان لە توبرقەوە و یەکیان لە باشووری خۆرهەڵاتەوە. هێزەکانی ئێمە کە لەژێر فەرماندەیی بۆیتچەر Boettcher دانرابوون زۆر بە سەختی خۆیان راگرت، یەک بە یەک هێرشەکانیان دەشکاند. لە کۆتاییدا تاکە قەدبڕینێکی کە بەریتانییەکان ئەنجامیان دا بە دژەهێرشێکی ئیتاڵییەکان بەرپەرچ درایەوە. ئینجا بەگوێرەی ئەم نالەبارییە، رۆمل تێکڕای هێزەکانی لە بەرە جوداکان کشاندەوە و لە بەرانبەر توبرق دایمەزراندن.


ئەزیزم لوو: ١٩٤١/١١/٢٧

شەڕی بیابان لە ١٩ی مانگەوە کەوتۆتە دوو بەرەی سەرەکی، توبرق و سەللووم... چوار رۆژم لە دژەهێرشیکی بیابانیدا بەسەر برد کە لەوێدا شتێکی لێ نییە پیاو خۆی پێ بشوات... ئەمڕۆ بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی مارەیی من و تۆیە... پێویست ناکا بگوترێ لەگەڵ یەکتر چەندە باش بووین. دەمەوێ سپاست بکەم بۆ ئەو هەموو ئەوین و رووخۆشییەی کە بە منت بەخشیوە...

لە ١١/٢٨ تیپی ١٥ی پانزەر گەڕایەوە بۆ کاپوزۆ و تیپی ٢١ پانزەر بە لێواری دەریادا گەڕایەوە هەمان مەیدانی سیدی رزق. رۆمل دیسان بزر بوو و برووسکەیەک هات بە فەرماندەی لەشکری راگەیاند کە بێن بۆ گەمبووت. جەنەراڵ کرووفێل بەو شەوە تاریکە گەڕا و زۆر بە وریایی لە لۆرییەکی شکستەی بەریتانی نزیک بوونەوە، رۆمل و سەردەستەی ستافەکەی پێکەوە بوون. شڕ و چڵکن ببوون، تراشیان








قۆناغی دووەم لە هێرشە بەریتانییەکەی (کروسەید)

نەکردبوو و هەندێک پووشیان لەباتی نوێن راخستبوو، هەندێک ئاو و چەند قوتوێکیش خۆراک لەنێو لۆرییەکە دانرابوون. هەندێک سەربازیش لەلای سەیارە شکاوەکەی رادیۆ وەستابوون. دەستبەجێ، رۆمل هات و کۆمەڵێک فەرمانی دەرکرد.

فەرمانەکانی ئەوەبوون کە نیوزیلاندییەکان گەمارۆ بدرێن و لەگەڵ هێزەکەی دەوری توبرق یەکتر بگرنەوە و دیسان قورسایی بخرێتەوە سەر توبرق.. لەلایەکی دیکەوە نیوزیلاندی فەرماندەی تیپی ١٥ یان گرت.. رۆژی ١١/٣٠ زلە هێزێکی دوژمن بۆ هێڵەکانی باشوورمان هاتنە پێش، بەڵام هێرشەکەیان ئەنجام نەدا. تیپی ١٥ی پانزەریش چەندە خەریک بوون نە بەلحامدیان گرتەوە و نە هێڵی پێوەندییان لەگەڵ تیپی ٩٠ی سووک دامەزراند کە دەبایە کەلێنێک لە هێڵەکانی توبرق بکەنەوە.. بارەکە ئەوها مایەوە تا رۆژی دووەم ئەوسا هەموو پەلاماری نیوزیلاندییەکانیان دا و بەشێکی گەورەی ئەو تیپەیان وێران کرد و دیسان گەمارۆی

توبرِق توند کرایەوە. برووسکەکانی دوژمن دیاریان دەخست زیانێکی گەورەیان بەر کەوتووە.

هێزەکانمان پێویستییان بە پشوویەک دەکرد بەڵام ڕۆمل دەرفەتی نەدەدا. بەرەی سەلووم لەژێر گوشاری هیندییەکان بوو و، بەردییە مەترسییەکی گەورەی لەسەر بوو. ڕۆمل هەستا هێزێکی پشتیوانیی بەڕێ کرد بۆ ئەوان و بەشە گەورەکانی لە باشووری خۆرهەڵاتی توبرِق هێشتەوە وەکو جاری پێشوو چاودێری هەموو بەرەکان بکەن.

دوژمن لە نێوان کاپوزۆ و سیدی موفتاحدا کۆبوونەوە و دیوارێک زرێپۆشیان لە پێشەوە ریز کرد. بارەکە ڕۆن ببۆوە کەوا هێرشێکی گەورەیان بەدەستەوەیە، واش هەر ریپۆرت بۆ فەرماندەیی گشتی نێردرا گوایە سەرکەوتنمان مسۆگەر کردووە. دواتر تێگەیشتین لەشکری هەشتەم فەرماندەیەکی تازەی بۆ دانراوە، جەنەراڵ ریتچی لە جێی جەنەراڵ کەنینگهام دانرابوو.

لە ١٢/٤ دیمەنی مەیدانەکە گۆڕا. دوژمن هێزێکی نوێی لە گۆبی پێک هێنا بۆ شکاندنی ئابڵووقەی توبرِق. ئەو توانایەمان نەمابوو، هێزەکانی لای خۆرهەڵاتی توبرِق وازیان لە گەمارۆدانەکە هێنا و شەوی ٤–٥ لەشکری ئەفریقی ئەولای چۆڵ کرد. دواتر هێزەکەی نێو توبرِق هێرشیان کرد و زوورگەکانی دوودە–بەلحامدیان گرت لە خۆرهەڵاتی توبرِق.

ئەڵمانەکان لە نیوڕۆی ١٢/٥ بەتەنیا هێرشەکەیان بۆ گۆبی کرد کە لیوایەک پیادەی بەریتانی، تازە هاتبوون، و لیوایەک لە تیپی ٧ی زرێپۆشی لێ بوو، پێشڕەوییان کرد تا نزیک ١٠ میل لە باکووری بیرەلگۆبی. لە هەمان کاتدا نوێنەرێک لەلای مۆسۆلینییەوە هات رایگەیاند کە تا کانوونی دووەم هیچ پشتیوانییەک ناگاتە جێ. ئەم هەواڵە کاری لە ورەی لەشکرەکە کرد. ئیتر هێرشەکەی گۆبی سەری نەگرت.

*ل.هـ: لەم کاتەدا ئۆکنلیک توانی دوو لیوای پیادە و دوو فەوج لە نەفەربەری زرێپۆش بگەیەنێ بۆ بیرەلگۆبی. هەروەها تیپی ١ی زرێپۆش تازە گەیشتبووە میسر، کورتە مەشقێکیان دەکرد تاکو بەزووترین کات بەشداری شەڕەکە بن.*



جموجۆڵەکانی دوژمن لە توبرِق هەڕەشەی لە دوامان دەکرد. تاکە ئومێدێکمان ئەوەبوو کە هێزەکەی گۆبی ببەزێنین دەنا دەبایە هەموو هەرێمی سیرینایکا چۆڵ بکەین.. لە ١٢/٦ ئیتاڵییەکان ریپۆرتیان نارد کە ماندوون و کەڵکی شەڕیان نەماوە ئیتر لەشکری ئەفریقی دیسان بەتەنیا هێرشی کرد بۆ گۆبی. دوژمن لەپێشمان کشایەوە بەڵام بۆمان ڕۆن بۆوە کە نە دەتوانین زیانێکی گەورەیان پێ بگەیێنین و دەتوانین بەدەوریاندا بسووڕێینەوە. لەراستیدا، بە رەچاوکردنی ژمارەی هێزەکان، مەترسی هەبوو کە ئەوان بەدەوری باڵەکانماندا بسووڕێنەوە. واش هەر لە ١٢/٧ هێرشەکە دووبارە و سێبارە کرایەوە و زیانێکی زۆرمان لێ کەوت.. ڕۆمل بڕیاری دا هەرێمی سیرینایکا چۆڵ بکات تا غەزالە. بڕیارێکی تاڵ و خەمناک بوو دەبایە بیکەن چونکە سەرباری ئەو سەرکەوتنانە، مانەوەمان لەوێدا زۆر بە گرانی لەسەرمان دەکەوت و رەنگبوو هەموو لیبیا لەدەست بدەین.

*ل. هـ: کرووڤێل یەکسەر زانیبووی کە بەبێ ئیتاڵییەکان هیچیان پێ ناکرێت. یەک لەدوا یەک ئەم برووسکەی دەنارد "گەمبارا چی لێ هات؟" هەندەی دووبارە کردەوە تا لەنێو ئەفسەرەکاندا بوو بە پەند. لە هەر تەنگانەیەکدا بەگاڵتە دەیانگوتەوە " گەمبارا چی لێ هات؟"*

*نامەیەکی گوینتەر، یاوەری ڕۆمل، بۆ لووسی لە ١٩٤١/١٢/٩*

ئەزیزم فراور ڕۆمل:... جەنەراڵ سەرقاڵە، ماوەی نەبوو بۆت بنووسێ... دوو هەفتە دەبێ خانوەکەی خۆماندا نەماوین... ئەمڕۆش دووبارە لەبەر فڕۆکەکانی دوژمن لە دۆڵێک دابەزیوین. ئێرە شوێنێکی هێمنە، تۆپی دوژمن نایگرێتەوە...

# کشانەوە لە سیرینایکا

شەوی ٧–٨ ی کانوونی یەکەم هەندێک هێز لە حەلفایە و بەردییە دانران و ئەوانی دیکە بە شێوازێکی ڕێک دەستیان بە کشانەوە کرد. مەترسیی هەبوو کە دوژمن لە بیرەلگۆبییەوە بینە پێش، جا دەبایێ تیپی ١٥ی پانزەر دیوارێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی دیکە دروست بکات. دوژمن دەیانتوانی بە باڵەکاندا بسووڕێنەوە کەچی لە چەند پەلامارێک بەولاوە هیچیان نەکرد. ئیتر لە ١٢/١٢ لەشکری ئەڵمانی و ئیتاڵی بە ساغی و بەبێ زیانێکی ئەوتۆ گەیشتنەوە غەزالە.

هەر وەکو ڕۆمل نووسیویەتی، دیارە فەرماندە ئیتاڵییەکان قەڵس ببوون، ڕۆمل دەڵێ " لە ١٢/١٢ باستیکۆ هات بۆ بارەگای لەشکر لە خۆرهەڵاتی غەزالە. ڕای لە ئەنجامی شەڕەکان نەبوو و بایەخێکی گەورەی بە ناوچەی ئەجدابییە دەدا. داوای کرد دەستبەجێ تیپێکی ئیتاڵی بۆ ئەجدابییە بنێرین و قسەکان بوونە دەمەقاڵێیەکی تیژ. گوتم ئەگەر تیپێکی ئیتاڵی لە من بستێنێتەوە ئامادەم هەر ئێستا هێزە ئەڵمانییەکان بەتەنیا بکشێنمەوە و ئیتاڵییەکان بەجێ بهێڵم و... تەنیا بەم قسانە نەرم بوو"

لە ١٢/١٣ پیادەی دوژمن ١٢ میل هێڵەکانی تیپی ٢٠ی ئیتاڵیان بڕی. هاوکات، زرێپۆشەکانی دوژمن (تیپی ٤ی زرێپۆش) بەگژ لەشکری ئەفریقیدا چووبوو کە باڵی نێو بیابانیان دەپاراست. هێرشی یەکەم بەرپەرچ درایەوە بەڵام هێزیان زۆر بوو و لە هێرشی دووەمدا کەلێنیان کردەوە. مەترسی پەیدابوو کە دووریانەکەی موخەیلە بگرن. ڕۆمل ریپۆرتی بۆ فەرماندەیی گشتی نارد، گوتی "پاش چوار هەفتە لە شەڕی بەردەوام، وێڕای ئازایەتیی سەربازەکان، بەڵام نەبوونی یەدەگ لاوازیی ئێمەی گەیاندۆتە ڕاددەی بێ کەڵکی. چارەمان نییە دەبی ١٢/١٦ لە موخەیلە و دەرنە بکشێینەوە".. فەرماندەیی گشتیی ئیتاڵییەکان بەم هەواڵە تاسان. لە ١٢/١٦ مارشاڵ کاڤالێرۆ گەیشتە بارەگای لەشکر.

ڕۆمل لە ڕۆژانەی خۆیدا ئەمەی نووسیوە:

"کاتژمێر ١٥،١٥ لەگەڵ مارشاڵ کاڤالێرۆ وتووێژمان کرد گوتم چارەم نییە



دەبێ ئەمشەو لە عێنەلغەزالە پاشەکشە بکەم. کاڤالێرۆ لاری نەبوو.. کاتژمێر ١٦ فیلد مارشاڵ کێسەلرینگ و جەنابی باستیکۆ و جەنەراڵ گەمبارا هاتن. بەدەنگێکی پڕ لە هەست و واتا داوای کرد کە نەکشێینەوە. دیاربوو لەدەستدانی سیرینایکا دەبوو بە مایەی شەرمەزاری بۆ مۆسۆلینی. کێسەلرینگ پشتی گرت و گوتی ئامادە نییە فڕۆکخانەکەی دەرنە لەدەستی بچێت. پێم داگرت و گوتم تازە لە کار ترازاوە. لەشکری ئەفریقی مەگەر بەنێو دوژمندا ڕێگای خۆی بکاتەوە بۆ ئێرە دەنا هەر هەموو تیپە پانزەرەکان بەیەکجاری وێران دەکرێن. دەزانم دەبێتە مایەی تەنگانە و شەرمەزاری، بەڵام نەمانی لەشکر واتە نەمانی هەموو شتێک.. شاندەکە بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە"

ئێوارەی ١٢/١٦ بەفەرماندەیی جەنەراڵ کرووڤێل تێکڕای بەشە مۆبایلەکانی لەشکرەکە (ئیتاڵی و ئەڵمانییەکان) بە باشووری بیابانی سیرینایکادا کشانەوە بۆ ئەلعەبیر. پیادە ئیتاڵییەکانیش بە لێواری دەریادا کشانەوە.



ئەزیزم لوو: ١٩٤١/١٢/٢٠

وا دەکشێینەوە... کرسمس بەیەکجاری تێکچوو.. هەفتەکانی رابردوو هەر بە پاڵتۆکەمەوە دەنوستم، بەڵام ئێستا خۆم شوشتووە و جلم گۆڕیوە و نوێنێکی باشم هەیە. ئەمڕۆ یەکەم جارە کە لە تشرینی یەکەمەوە شمەکێکمان بۆ بنێرن. ئەفسەرەکانیش، بێ لە بریندار و کوژراوەکان، ئەوانی دیکە هەموو نەخۆش کەوتوون

لە ١٢/٢٥ لەشکر گەیشتەوە ئەجدابییە. دوژمن هیچ سوودی لەو هەموو دەرفەتە وەرنەگرت. لە ئەجدابییەدا هێڵە سەنگەرێکی کاتی بۆ پیادەکان پێک هێنران. هێزە مۆبایلـەکانیش لەدوایان دامەزران.. یەک "سەرکەوتن!" مابوو کە تۆمار بکرێت، ئەمەش ئەوەبوو کە رۆژی ١٢/١٩ دوو تاقم پانزەر و یەک باتری تۆپخانە و هەندێک جبەخانەمان بۆ هات. ئەمە یەکەم پشتیوانی بوو لە هەیفی ئەیلوولەوە پێمان بگات. ئەوانی دیکە لە دەریادا نوقم کرابوون. ئێستاش سەیرم پێ دێت بۆچی دوژمن راڕەوی ئەجدابییەی لە ئێمە نەگرت و بۆچی لەو بیابانەدا وێرانی نەکردین؟

*ل.هـ: تا ئەڵمان و ئیتاڵییەکان دەکشانەوە هێڵی هاتوچۆی بەریتانییەکان درێژتر دەبۆوە. لە کۆتاییدا تەنیا لیوای ٢٢ی زرێپۆش دوژمنی راو دەنا، ئەویش بەهۆی پترۆڵ بڕان دوو جار وەستا. رۆمل لە مەسەلەی یەدەگ و پشتیوانیدا سیستەمێکی چالاکی پێڕەو دەکرد. تەنانەت ئۆکنلیک ستایشی دەکرد کەوا رۆمل سیستەمێکی (لاستیکی) پێڕەو دەکرد بۆ گەیاندنی کەلوپەل. کاروانەکان بەگوێرەی پێشکەوتن و پاشکەوتنی هێزەکان کورت و درێژ دەبوونەوە.*

ئەجدابییە شتێکی ئەوتۆی نەبوو بەرگریکردنی تێدا ئاسان بکات و هێرشەکانی دوژمن مەگەر هەر بە دژەهێرش بەرپەرچ درابانەوە. دوژمنیش بە خێرایی گەیشتە بەرانبەرمان ئیتر هەردووک ئەگەر لەئارادا بوون، ئەگەری هێرشی راستەوخۆ و ئەگەری باڵچەرخی و (قولاب هاویشتن) بەبیاباندا. لە ١٢/٢٧ دوژمن هاتنە پێش، لیوای ٢٢ی زرێپۆش بە حەسەیاتدا سووڕایەوە بۆ ئەجدابییە. لە شەڕێکی سێ رۆژیدا دوژمن پترۆڵیان لێ بڕا و گەمارۆ دران. تەنیا ٣٠ تانکیان دەرباز بوون دەنا ئەوانی دیکە هەمووو وێران کران (*ل.هـ: ٦٥ تانکیان لەدەست دا*) و هێزەکانی



پێشەوەش بەتوندی بەرپەرچ درانەوە. رۆمل ئەم شکستەی دوژمنی وەبەر هێنا و لەنێوان ١٢ تاکو ١٩٤١/١٢/٢١کشانەوەیەکی بێ ترسی ئەنجام دا تا هێڵی مەرسالبرێگە.

ئەو هێزانەی کە لە حەلفایە و بەردییە بەجێ هێشترابوون تا ئەم ماوەیە بە پاڵەوانانە خۆیان راگرتبوو. ئێستا ٤٥٠ میل لێیان دوور کەوتبوونەوە. لە ١٢/٣٠ دوژمن بە زەوی و دەریا و ئاسماندا سەنگەرەکانی بەردییەیان کوتا. فەرماندەکە، پاش ئەوەی پرسی بە فەرماندەیی لەشکر کرد، داوای گفتوگۆی لە دوژمن کرد و لە ١٩٤٢/١/٢ چەکیان دانا.. هێزەکەی دەربەندی حەلفایە بە مەردانە تا ١/١٧ خۆیان راگرت. هێزەکانی ئیتاڵی و ئەڵمان بە فەرماندەیی جەنەراڵی ئیتاڵی، دی گۆرگیس، نزیکەی دوو مانگ بوو لەوێ دابڕابوون و کۆڵیان نەدەدا.

*ل.هـ: تا ئەو کاتە زیانەکانی رۆمل و بەریتانییەکان وەکو یەک بوون (هەر یەک نزیکەی ١٨,٠٠٠ پیاو زیانیان هەبوو) بەڵام لە بەردییە و حەلفایە و سەللوومدا ٤٠٠٠ ئەڵمان و١٠,٠٠٠ ئیتاڵی گیران. ئیتر زیانی لەشکرەکەی رۆمل زۆر بەرزتر بۆوە.. لە ژمارەی تانکدا، پێشێ بەریتانییەکان زیانێکی گەورەتریان لێ کەوت. بەڵام دواتر کە رۆمل کشایەوە، بەریتانییەکان بەشێکی زۆری تانکە شکاوەکانیان چاک کردەوە. ئەنجامی کۆتایی ئەوەبوو کە بەریتانییەکان ٢٧٨ تانکیان لەدەست دا بەرانبەر ٣٠٠ تانکی ئەڵمانی و ئیتاڵی.*

هەرە خۆشەویستم لوو: ١٩٤١/١٢/٣٠

دوێنێ... هەوڵەکەیان بۆ گەمارۆدانی ئێمە لە دەم دەریادا، سەری نەگرت... کێسەلرینگ و گامبارا دێن بۆ ئێرە. ئەوان رادەبوێرن و ئاگایان لێرە نییە چ روو دەدات...

١٩٤١/١٢/٣١ ئەمڕۆ کە دواترین رۆژی ئەمساڵە، هەموو هەست و هۆشم لەلای ئێوەیە... ترووپەکانی من توانایەکی لە رادە بەدەریان تێدایە. لەم چەند رۆژەدا ١١١ تانک و ٢٣ زرێپۆشی دوژمنیان شکاند. بەڵام بە چ سەختییەک ئەم سەرکەوتنەیان تۆمار کرد، لێی مەپرسە. هەر باشە کە

سالّی ١٩٤١ بەم جۆرە کۆتایی پێ بێت چونکە ئومێد بۆ ١٩٤٢ دەدات.

١٩٤٢/١/٥ سەرباری هەموو شتێک، هەست دەکەم بەختم دەکرێتەوە. دوێنێ گاوس فوورەری دیتووە. حەزم دەکرد دوو هەفتە لەگەڵ ژنەکەی لە رۆما بمێنێت چونکە لە هەموو بەسەرهاتەکاندا لەگەڵم بوو. بریکارەکەم، وێستفال، تووشی کەرووی پێست ببوو... کێسلرینگ لێرە بوو، تازە بە تازە شمەکمان بۆ دەنێرن. باشە ئێستا خۆیان بە دوورگەی ماڵتا خەریک کردووە

١٩٤٢/١/١٤ شەڕێکمان لەپێشە. سەرکەتنی ژاپۆنییەکان شتێکی سەیر بوو. بەریتانییەکان بەم زووانە لە تێکڕای باشووری ئاسیا دەردەکرێن، ئەوسا دین بۆ ئەفریقیا بەدوای سەرکەوتنێکدا دەگەڕێن.

١٩٤٢/١/٢٠ئەمڕۆ رەنگە بەریتانییەکان دەست بەهێرشەکەیان بکەن بەڵام بۆیان ئامادەم. جا بزانە بۆچی دڵم خۆشە. شەڕە تاڵەکانی رابردوو بەسەر چوون...

## دژە هێرش

لە ١٩٤٢/١/٥ کاروانێک پاپۆڕ ٥٥ تانک و ٢٢ سەیارەی زرێپۆش و کۆمەڵێک تۆپی دژەتانک و شمەکی دیکەیان بەساغی گەیاندە تەرابلوس. بۆ رۆمل ئەمە وەک ئەوەبوو لەشەڕێکدا سەرکەوتبێت و، پێشەکی پلانی گرتنەوەی سیرینایکای لە مێشکی خۆی دانابوو.. لە میانی١٢٠تانکی لەشکری ئەفریقی ١١١ تانکی لە پێشەوە هەبوو ٢٨یش لە دواوە دانرابوون، هەروەها ئیتاڵییەکان ٨٩ تانکی خۆیان هەبوو.

بەگوێرەی پلانەکە، تیپە پانزەرەکان بە بیابانی وادیلفارغ دا باڵچەرخییەکی دوور و درێژیان کردەوە پشت هێزەکانی دوژمن، هێزە ئیتاڵییەکان و تاقمی مەیدانی ئەڵمانی بەرەوڕوو بۆ دوژمن چوون. بەڵام پێشڕەوییەکە بە چاکی بەڕێوە نەچوو و دوژمن فریا نەکەوت هێزەکانی بکشێنێتەوە. رۆمل لە رۆژانەی خۆیدا لە ١٩٤٢/١/٢١ ئەم تۆمار کردووە.

"پلانی هێرشەکەم بەکەس رانەگەیاند، نە ئەڵمان و نە ئیتاڵییەکان چونکە



ئیتالی زاریان راناوەستێت و هەر زانیارییەکی کە پێیان دەگات یەکسەر بە رادیۆ دەینێرن بۆ رۆما. لەئەنجامدا بەریتانی دەیزانن. تەنیا هەندێک لە ستافی خۆم ئاگادار کران. سەیرم پێ نەهات کە جەنابی باستیکۆ توورە بێت. پاش چەند رۆژێک کە گەیشتینە مەرسالبرێگە، کاڤالێرۆی ناردە لام"

لە ١/٢٢ ئەجدابییەمان گرت. ئینجا تیپەکانی پانزەر پێشڕەوییان کرد و بەرەوڕووی تیپی ١ی زرێپۆش بوونەوە، ١١٧ تانک و زرێپۆشیان وێران کرد لەگەڵ ٣٣ تۆپ و جۆرەها ڤێکڵ و هەزاران ئەسیریان گرت. بەڵام گەمارۆکە بەتەواوەتی توند نەکرابوو و بەشێکی گەورەیان بەرەو باکوور دەرباز بوون. ئەوجار لە پێشڕەوییدا بەرەو مسووس ٩٨ پارچەی تر لە تانک و زرێپۆش وێڕای ٣٨ تۆپی تر وێران کران و کۆگای بەریتانی بەساغی دەسگیرکران.

*ل.هـ: تیپی یەکەمی بەریتانی لە کۆی ١٥٠ تانک، ٧٠یان لە شەڕەکەی یەکەمدا وێران کران و نیوەشیان لە کشانەوەدا بەرەو مسووس بەجێ مان. هەروەها ٣٠ تۆپی مەیدان و ٣٠ دژەتانک و ٢٥ دژەفرۆکیان لەدەست دا.*

لە١/٢٣ جەنەراڵ کاڤالێرۆ لە بارەگای لەشکر پەیدابوو و رۆملی دایە بەر رەخنە کە چۆن بەبێ پرس هێرشی ئەوها دەکات. رۆژانەکانی رۆمل دیاری دەخەن کە دەمەقاڵێیەکی تیژ لە نێوانیاندا کراوە. کاڤالێرۆ گوتوویەتی با وا بنوێنێت گوایە پەلامارێک بچووک بووە و بکشێوە. بەڵام رۆمل گوتوویەتی تا پێی دەکرێ هێرشەکە قووڵتر دەبات. کاڤالێرۆ تۆڵەی خۆی بەوە کردۆتەوە کە هێزە ئیتاڵییەکانی لێ ستاندۆتەوە. رۆمل گوێی نەداوەتێ و بە هێزە ئەڵمانییەکان بەردەوامی بە هێرشەکە داوە تا توانیویەتی سیرینایکا بگرێتەوە.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/١/٢٥

چوار رۆژە بەبێ پسانەوە سەرکەوتن تۆمار دەکەین، هێشتا یەک زەبرم ماوە بیوەشێنم. سەرکەوتنەکەمان لە ماڵێش (ئەڵمانیا) دەنگی داوەتەوە. کاڤالێرۆ هات ویستی دەستم بادات. رێنمایی لە دووچییەوە هێنابوو گوایە دەبێ بکشێمەوە کەچی نامەکەی دووچی وای رانەدەگەیاند، هەر نەبێ ئازادی بڕیاری بۆ من هێشتبۆوە.

١٩٤٢/١/٢٧وا مەیدانەکە خاوێن دەکەینەوە، تۆپ و چەک و تانک و خۆراک و جبەخانە بۆ سوودی خۆمان کۆدەکەینەوە... پێوەندیمان باشتر بووە لەگەڵ ئیتاڵییەکان. هەموو نەخۆش کەوتبوون و لەشەڕەکە بەشدار نەبوون. خەتای خۆیانە، ئەگەر بەشدار بووبان قازانجیان دەکرد.

ڕۆمل لە ١/٢٨ لەپڕ هێرشی بۆ بەنیغازی کرد و لە ٢٩ ی مانگ کەوتە دەستمان. دەسکەوتێکی یەکجار زۆرمان هەبوو بۆ تێرکردن و بەهێزکردنی لەشکر بەکار هێنران. پاش ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتانە ڕۆمل گەڕایەوە سەر پلانەکانی خۆی کە هێرشی دوورهاوێژ پێڕەو بکات. دوو تاقمە هێزی شەڕکەری ساز کرد، ئەگەرچی هیچیان هەندە گەورە نەبوون بەڵام تا ٢٦ ئەو هەرێمە گەورەی سیرینایکایان داگیر کردەوە.. ئەگەر لە سەرەتاوە مسووس و ئەجدابییە گیرابان، بەشی گەورەی لەشکری بەریتانی دەگیرا بەڵام توانییان خۆ دەرباز بکەن و گەڕانەوە توبرق و غەزالە و بیر حەکیم و، یەکسەر دەستیان بە دروستکردنی هێڵی بەرگری کرد لەسەر ئاستێکی فراوان. لەشکری ئەفریقیش بەشی خۆرئاوای سیرینایکای کۆنترۆڵ کرد و بەرانبەر هێڵەکانی دوژمن دامەزرا.

١٩٤٢/٢/٤خۆشەویستم لوو: سیرینایکا گیرایەوە. دوژمن ڕاو دەکەین، هێرشەکەمان وەک برووسک بڵاو بۆوە. ئومێد دەکەم ١٠ ڕۆژێکی تر بگەمەوە ماڵێ. پشوودانەوەیەکی باشم پێویستە.



# شەڕەکانی زستان

## چاو خشاندنەوەیەک

هەڵمەتە بەریتانییەکەی پایز چەند ئامانجێکی هەبوو، ڕاماڵینی لەشکری ئەفریقی و خاوێن کردنەوەی لیبیا. واتە ئامانجە سەربازییەکانیان لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز بوو. لەشکرەکەیان بە شێوازێکی زۆر پوخت و زیرەکانە ساز کرد بەوپەڕی نهێنی و بێ دەنگی، بەختیشیان لە کەش و هەواکەدا هەبوو، ئیتر هێرشەکانیان لەناکاو ئەنجام دا. بەڵام لە خۆسازکردندا چەندە زیرەک و وریا بوون، لە جێبەجێ کردنی هێرشەکەدا هەندە گورج نەبوون، کۆگایان لە مەیدانەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دەستی هێرشەکەیان دوور بڕوات و مانۆڕ بکەن، بەڵام دەبایە قورسایی بخەنە سەر سیدی رزق ئەوجار بیر لە شتی دیکە بکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە بەرەی سەللووم پێویستی بەو هەموو هێزە نەبوو بۆی تەرخان بکەن، بەڵکو دەبایە هێزێکی بچووک بەرانبەری ڕابگرن هەر بۆ گەمارۆدان و چاودێری. ئەوان دوو هەیڤی ڕەبەق دوو تیپیان لەوێ ڕاگرت کەچی هێزی پەلاماردەری وان لە ڕاستیدا یەک تیپی سەرەکی بوو کە زۆربەی چالاکییەکانی ئەنجام دا. ئەنجامی ئەو پەرت کردنەی هێزەکان ئەوەبوو کە بەشەکانی لەشکری هەشتەمی بەریتانی هەر یەک بە جودا وێران دەکران یەک لەدوا یەک.

هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندنی فەرمان و ڕێنمایی بەریتانییەکان زۆر ئاڵۆز بوو. ڕۆتین و وردەکارییەکی ئاڵۆز و دووردرێژیان پێڕەو دەکرد کەوا بۆنموونە ئەفسەرێکی گەنج سەری لێ دەشێوا. کەچی لەڕاستیدا پێشدەستی کردن و خێرایی بڕیاردان خاڵی هەرە گرینگن بۆ بردنەوەی شەڕێک. لەلای خۆمان ئەم ئاڵۆزییانە نەبوو. ئەفسەر لەخۆڕا ڕێبەدێیی دەکرد و بەگوێرەی پێویست چارەسازی دەدۆزییەوە. مەرج ئەوەبوو کە وریا و چاوکراوە بێت، کە لەبەرانبەر دوژمندا بجووڵێتەوە و بەرهەمی هەبێت و دەستی بکاتەوە. شەرم و دوودڵی لەگەڵ کاری سەربازی ناگونجێن، هەروەها داب و نەریت و خاترانە یان پشت بە بەخت بەستن

یاخود پاڵدانەوە و خەمساردی یان شاگەشکە بوون بە سەرکەوتنێکی پێشوو. ئەمانە جێیان نابێتەوە.

پێوەری راستەقینە بۆ سەربازی باش لەشەڕی بیاباندا بریتین لە لەشساغی و هێزی دەست و بازوو، توانای جووڵە و کارکردن، گورج بوون و هەناسەدرێژی، زیرەکایەتی و بوێری و چاوقایمی.. سەبارەت بە ئەفسەر و فەرماندە، وێڕای هەموو خاڵەکانی پێشوو، ئەفسەر دەبێ درِ بێت و خۆی بۆ بەرژەوەندی پیاوەکانی تەرخان بکات. تێگەیشتن و هەڵهێنانێکی زگماکی و کاردانەوەیەکی دەستبەجێی هەبێت بۆ نیازە نهێنییەکانی دوژمن. ئەم رەوشتانەی پێشوو بەتایبەتی لە جەنەراڵ رۆملم بەدی کرد کەوا لە کەم کەسدا تێکەڵە رەوشتی ئەوها کۆببوونەوە.

سەربازی بەریتانی لە بیاباندا شەڕی باشی کرد. وابزانم لەهێرشدا وەکو سەربازی ئەڵمان گورج و بەتین نەبوون بەڵام ئەفسەرەکانیان خۆبەختکەرن و مەردایەتی باشیان هەبوو. رۆمل زۆر جار ستایشێکی بەرزی بۆ دوژمنەکانی خۆی دەردەبڕی. جارێک کۆمەڵە ئەسیرێکی بەریتانیی دیت، گوتی "مایەی دڵخۆشییەوە ئەگەر لە شەڕێکدا رابەرایەتی ئەم جۆرە پیاوانە بکەم"

لە بیاباندا کەند و تەگەرەیەکی وای لێ نییە پێشی تانکەکان بگرێت. بەم پێیەش پێوەری سەرکەوتن بە گوێرەی ژمارەی تانکەکانی خۆت و ژمارەی ئەو تانکانە بوو کە تۆ وێرانت دەکردن. بەڵام مەسەلە تەنیا ژمارەی تانک نەبوو بەڵکو بەگوێرەی توانای تانکەکانی بوو لە مانۆڕ و مەودا و لە توانای وێرانکاریدا. مەرج ئەوەبوو دوژمنت بهێنی بۆ مەیدانێکی ئاواڵە و بیدەیە بەر ئاگربارانێکی بەتین هەتا وێران دەکرێت. تانکەکان ماتیلداس بۆ ماوەیەکی زۆر ساممان لێ دەکردن. زرێیەکی زۆر ئەستووریان هەبوو و نەدەشکا. بەڵام مەودای تۆپەکان کورت و بێ تین بوون و، لە جووڵەدا تەپ بوون. پانزەرەکانی II و III ماوەیەکی درێژ لەسایەی توانای مانۆڕکردن و تینی چەکەکانیانەوە بەسەر تانکە بەریتانییەکاندا باڵادەست بوون. ئەم باڵادەستییە تا زستانی ١٩٤٢ بەردەوام بوو و چاکەی سەرکەوتنەکانمان دەدرێتەوە پاڵ ئەم باڵادەستییە. بەڵام دواتر بەریتانییەکان تانکی لیز Lees و گرانتس Grants یان هێنا و لە کۆتاییدا تانکی شێرمان Sherman هاتن بارەکەیان گۆڕی.



سەبارەت بە شەڕە تۆپ، هەمان بنەماکانی شەڕە تانک دەیگرێتەوە چونکە هەردووک چەکی مەودا دوورن. بەریتانی تۆپی هەرە باشیان هەبوو. شتێکی ناخۆش بوو کە بە گوللەی ٢٥ پاوندی لە دوورەوە تۆپباران دەکراین بەبێ ئەوەی هیچمان پێ بکرێت. بەڵام ئەڵمان چەکێکیان هەبوو (دژەفڕۆکەکانی ٨٨ ملیم) کە بۆ هەردووک بەکار دەهاتن، دژی تانک و دژی فڕۆکیش. چەکێک بوو بەکەڵکی زۆر شت دەهات و هیچ چەکێک نەگەیشتەوە ئەو ئاستە. تەنانەت ئەسیرە بەریتانییەکان باسیان کرد کەوا ترسی گەورەی تانکەکانیان لەم تۆپە بوو.

لە بیاباندا ئەگەر دوو لەشکر هەمان ژمارە تانک و سەرباز و فڕۆکیان هەبێت، مەودای چەکی تانکەکان و توانای مانۆڕکردنی ئەو تانکە باڵادەستی و سەرکەوتن دابین دەکەن. لە قۆناغی دووەمدا ژمارە و مەودای تۆپەکان دێت. ئینجا لەکۆتاییدا مەودا و تینی دژەتانکەکان دێت.. هەر لەشکرێک کە لە یەکێک لەم سێ خاڵەی پێشوو کورتی هێنا، دەبێ فەرماندەی لەشکرەکە بەجۆرێک پڕی بکاتەوە. تەنیا دوو شت هەن کە پڕ ناکرێنەوە، نەبوونی یەدەگ و پترۆڵ و، نەبوونی چەتری ئاسمانی.

١٩٤٢/٣/٢١ خۆشەویستم لوو:

دوێنێ جەژنی لەدایکبوونی کرووڤێل بوو... بەم زووانە دەچێ و کۆرسێک تیمارسازی وەردەگرێت... بریکارەکەی پیاوێکی سارد و سڕە. سیرینایکا سەوز بووە تەنانەت ناوچە بیابانییەکانیش سەوز بوونە.

١٩٤٢/٣/٢٦ پەیداکردنی یەدەگ تووشی ژانە سەرم دەکات، لەمە بەولاوە گرفتێکمان نییە. گەمبارا براوەتەوە بۆ ئیتاڵیا، واتە سەرشۆڕ کراوە...

١٩٤٢/٣/٣١شوێنە تازەکەمان یەک پارچە گوڵزارە. فیلمێکی رەنگاورەنگم گرتووە بەم زووانە دەینێرمەوە. بەریتانییەکان لەم خانووەی ئێستامدا بوون، لەسەر دیواریان نووسیوە "تکایە ماڵەکە بە خاوێنی رابگرن تا دەگەڕێینەوە "

١٩٤٢/٤/٢٧ کیسلرینگ لێرە بوو. هەواڵەکانی خۆش نین. دەڵێن باستیکۆ دێت میداڵێکی ئیتاڵیی ترم پێشکەش دەکات. لەباتی ئەو میدالانە با هێزم بۆ بنێرن.

# بەشی سێیەم

## جەنگی ئەفریقیا

### ساڵی دووەم

# چاپتەر IX

## توبرق و غەزالە

رۆمل: لە پاش دژەهێرشەکەی زستان، گرفتی سەرەکیمان کەوتە چۆنێتیی دابینکردنی جبەخانە. تاوانەکە لە ئەستۆی ئیتاڵییەکانە کە مشووری هاتوچۆی دەریایان نەخوارد.

بەپێچەوانەی ئیتاڵییەکان، نێڤیی و هـ.آ، ش لە نیوەی یەکەمی ١٩٤٢ لەوپەڕی چالاکیدا بوون. فەرماندەیی گشتیی سوپا هەرگیز نرخی راستەقینەی بەرەی ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی نزیکیان نەزانی کە چەندە خزمەتی ئامانجە ستراتیجییەکان دەکات و چەند لە بەرەی رووسیا گرینگترە. سامانێکی بێ پایان لە ماددەی خام هەیە. لەباتی ئەو قەیرانەی پترۆڵ، چەند تیپێکی تر و جبەخانەی باشیان بۆ من دابین کردبایە لێرە، ئەوسا ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستم دەگرت کە پڕە لە نەفت، بای ئەوە دەبوو کە بەریتانییەکان بەیەکجاری ببەزێنین.

بەڵام داواکارییەکانمان هەرگیز پەسند نەدەکران، بیانگە ئەوەبوو کەوا بەرهەمی کارگەکان بەشی بەرەی رووسیا ناکات. لە سەرەتای ١٩٤١ەوە بارەگای فوورەر بەرەی ئەفریقی بە شەڕێکی دۆڕاو دەزانی و دیارە تا ئێستا لەسەر هەمان باوەڕ دان. دەیانگوت هەر هێزێک بۆ ئەفریقیا بنێردرێ بەفیڕۆ دەچێت. ئەگەر کەسێکی بە تین و خاوەن کەسایەتییان ناردبایە بۆ ئیتاڵیا تاکو کار لە سیاسەتمەدارەکانی رۆما بکات، ئیشەکە لەخۆڕا باش دەبوو. بەڵێ هەندێک گرژی پەیدا دەبوو بەڵام هەمووی چارە دەکرا.

ئێمە بە سێ تیپ، لە راستیدا تیپی تەواویش نەبوون، توانیمان هەموو لەشکری هەشتەمی بەریتانی بۆ ماوەی ١٨ هەیڤ سەرقاڵ بکەین و جاربەجار زەبری قورسمان لێ دەوەشاند. لەکۆتاییدا هێزەکەمان لە عەلەمێن پووکایەوە. کەچی دواتر ناچار بووین ٧٠ تیپی بەرانبەر بەریتانی و ئەمەریکییەکان لە بەرەی فەرەنسا و



ئیتاڵیا ببەستینەوە. خۆ ئەگەر لە ١٩٤٢ شەش تیپی مۆبایلی ئەڵمانی بۆ ئەفریقیا تەرخان دەکران، ئەوسا تێکڕای لەشکری بەریتانیمان دەهاڕی و تا ماوەیەکی درێژ هەڕەشەی بەرەی باشوورمان لەکۆڵ خۆ دەکردەوە. نازانم بۆچی دواتر لە شەڕی توونس هەندە بەئاسانی هێزمان بۆ دەهات، بەڵام پاش چێ؟

لە ئازاری ١٩٤٢ دەبایە ٦٠,٠٠٠ تۆن جبەخانە و شمەکمان بۆ بنێرن کەچی بەهەمووی١٨,٠٠٠ تۆن بوون. سپاس بۆ فیلد مارشاڵ کێسلرینگ، لە بەشی دووەمی بەهاردا هێزی ئاسمانی میحوەر (ئەڵمانیا و ئیتاڵیا) باڵادەستیی خۆیان بەسەر دەریای سپیدا سەپاند و دوورگەی ماڵتەیان کوتا و جبەخانەیەکی باشیان لە دەریا پەڕاندەوە بۆ بەنیغازی و دەرنە.. واش هەر بەریتانییەکان هەموو قورسایی خۆیان خستە سەر بەرەی ئەفریقیا. سالانە یەک – دوو کاروان پاپۆڕی زل لە بەریتانیا و ئەمەریکاوە دەهاتن بۆ بەندەرەکانی میسر، هەندێکیان ١٢,٠٠٠ میل دەریایان دەبڕی. گومان نییە کە ئەرکێکی زۆر گرانیان خستبووە سەر شانی حوکمەتی بەریتانیا واش هەر تێکڕای پێداویستییەکانی لەشکری هەشتەمیان دابین دەکرد. هەروەها پاپۆڕە بازرگانییەکانی بەریتانیا هەر لە خزمەت لەشکرەکەیاندا بوو. ئینجا لە هەمووی گرینگتر، سەرچاوەکانی نەفتی خۆرهەڵات لە بەردەستی بەریتانییەکاندا بوو.

لوفتواف بەدەگمەن بیریان لە بەندەرە سەرەکییەکانی بەریتانیا دەکردەوە. بەریتانیا چەند رێیەکیان هەبوو جبەخانە بگەیێنێتە بەرەکانی شەڕ. یەک لەوانە بەندەری سوێس بوو کە لەوێوە بە شەمەندەفەر تا نزیک توبرق دەهاتن. هەروەها پاپۆڕەکانیان هاتوچۆی خودی توبرقیان دەکرد. بێ لەمانە، رێگایەکی زەمینیی زۆریان هەبوو بۆ میسر.. بەریتانی پیاوی دووربین و چالاکیان هەبوو زۆر بەگورجی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد و لە چەند خاڵێکدا باڵادەست بوون.

١– بەرەی ئەفریقیا مەیدانی سەرەکی بوو بۆ حوکمەتی بەریتانیا کە بە شەڕی مان و نەمانی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان دەزانی.

٢– نێڤی و هێزی ئاسمانیی هەرە باشیان بۆ تەرخان کرد، کەچی ئیتاڵییەکان لەم مەیدانەدا جێی باوەڕ نەبوون.

٣- تێکڕای لەشکری هەشتەم مۆبایڵ کرابوو.

*ل.هـ: لەراستیدا بەشە پیادەکانی بەریتانی مۆبایڵ نەبوون. ئەوانە لە شەڕدا دەبایە کاروانە لۆرییان بۆ دابین بکرێت.*

گومان نەبوو کە بەریتانییەکان خۆیان بۆ وێرانکردنی ئێمە تەرخان کردبوو. باڵی باشووری لەشکرەکەمان هەمیشە لەژێر مەترسیی باڵچەرخیدا بوو[1]. هێڵەکانی هاتوچۆمان هەمیشە بە فڕۆک پەلامار دەدران و کە هەندێک جار ئێمە ناچار دەبووین بکشێینەوە، ئەوە ئەرکێکی زۆر گران بوو چونکە بەشی زۆری ئیتاڵییەکان مۆبایڵ نەبوون.. سەنگەر لە بیابانی تەخت و بەریندا بەرانبەر هێزی مۆبایڵ کەڵکێکی ئەوتۆیان نەبوو. بۆیەش، لەم جەنگەدا هێزی مۆبایڵ مەرجی سەرەکی بوون.

هێڵەکانی بەرگری بەریتانییەکان لە هەرێمی مەرمەریکا بەم جۆرە بڵاو کردبوونەوە. مینستان لە غەزالەوە بەرەو قووڵایی باشوور دەچوون و تیپەکانی ٥٠ی بەریتانی و ١ی باشوور – ئەفریقی دەیانپاراست. مینستانەکان وەکو پشدێنێک بە باشووردا دەسووڕانەوە بۆ بیر حەکیم، لیوای ١ی فەرەنسییە ئازادەکان لەوێ بوون. سەنگەر بەدرێژایی هێڵەکە بڵاو کرابوونەوە ژمارەیان دەگەیشتە٥٠٠,٠٠٠ چەکدار. هەروەها لیوا ٢٠١ بەریتانی لە دووڕیانەکەی باشووری غەزالەدا بەرگریی توندیان دامەزراندبوو[2]. لە ئەدیم تیپە هیندییەکە سندووقێک بەرگریی پێک هێنابوو. دەنا سەبارەت بە توبرق، بەریتانییەکان لە ١٩٤١ ەوە بەبێ راوەستان سەنگەرەکانیان پتەو کرد. تیپی ٢ی باشوور – ئەفریقیا لەوێدا یارمەتییەکی باشیان بۆ هاتبوو. هەروەها تۆپخانە و چەک و ڤێکڵ بۆ پیادەکان بەسەر هەموو لەشکرەکەدا بڵاو کرابۆوە. سەرباری هەموویان و، بەگوێرەی ئەو ١٥٠,٠٠٠ مینەی کە دواتر لە یەک ناوچە هەڵگیرانەوە، بە مەزندەی ١,٠٠٠,٠٠٠ مین بڵاو کرابوونەوە و زرێپۆشە بەریتانییەکانیش لەپشتی هەموو هێڵەکانی بەرگری ساز کرابوون. تیپی زرێپۆشە گەورەکانی یەکەم و هەفتەم سەرباری لیواکانی تر.

---

(١) ل هـ: ئۆکنلیک نووسیبووی کە ئەڵمان رێگەی مانۆڕی ئەوهایان بە بەریتانییەکان نەدەدا.

(٢) ل هـ: ئەم قسەیەی رۆمل راست نییە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤١ کە گەمارۆی توبرق لادرا زۆربەی سەنگەرەکان خرانە دەوری شارەکان، تەنانەت فریا نەکەوتن تەواویان بکەن.



## تەرازووی هێزەکان

لە سەرەتای ئەم خولەی شەڕەکەدا، تێکڕای لەشکری ئەڵمانی- ئیتاڵی بریتی بوو لە دوو تیپی پانزەر و یەک تیپ تانکی ئیتاڵی و دوو تیپی مەکینەدار، یەکی ئەڵمانی و یەکی ئیتاڵی. هەروەها چوار تیپی پیادەی ئیتاڵی و یەک لیوای پیادەی ئەڵمانی، کە هیچیان مەکینەدار نەبوون. ئینجا کە هێرشەکەمان کرد کۆماندۆ سوپێرمۆ یەک تیپی زرێپۆشی ئیتاڵی تریان نارد، تیپەکەی لیتۆریۆ. واتە هێزەکانمان زۆر کەم بوون بۆ نموونە تیپی ٩٠ی پانزەر لە هەر تاقمێکیدا تەنیا ٥٠ پیاوی مابوو. ئیتاڵییەکانیش هەر ئەوها و لەمەش شڕتر.

کەچی بەریتانییەکان سەرباری هێزەکانی پێشتر، لە سەنتەری شەڕەکەدا چوار تیپی پیادە (هەموو مەکینەدار) و چەندین تاقمی زرێپۆشی زیادەیان بۆ هات. لە ژمارەی تانکدا ئێمە ٣٢٠ تانکی ئەڵمانی و ٢٤٠ تانکی ئیتاڵی بووین بەرانبەر ٩٠٠ تانکی بەریتانی. واتە بەریتانییەکان ٩ بە ٦ باڵادەست بوون و تانکە ئیتاڵییەکان بەتەنیا هیچیان پێ نەدەکرا. هەروەها لە تۆپخانەدا ئەوان ٨ بە ٥ باڵادەست بوون.

*ل.هـ: باڵادەستی بەریتانییەکان بەم رادە نەبوو کە رۆمل باسی دەکات. هەندێک تیپ بۆ شەڕ ساز نەکرابوون ئیتر کە تیپێک کورتی دەهێنا لەهێزی وان پڕ دەکرانەوە و. هەندێک لە لیوا زرێپۆشەکان تازە هاتبوونە مەیدان.*

*لە هێزی ئاسمانیدا دەتوانم بڵێم فڕۆکەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵی لە سەرەتای شەڕەکەدا بەربەرەکانێیان لەگەڵ هێزی شاهانەی ئاسمانی کرد بەڵام دواتر بارەکە گۆڕا.*

## یاساکانی جەنگ لە بیاباندا

بیردۆزی شەڕە تانک ئەگەر لە یەک شوێندا بە پوختی پێڕەو بکرێت، ئەوا لە تەختایی بیاباندا پێڕەو دەکرێ. بیابانی ئەفریقیا تاکە شوێنێک بوو کە شەڕەتانکی رووتی لێ دا بکرێت بەبێ دەست تێوەردانی هێزی دیکە. ئەگەرچی هەندێک جار لە سەنگەرەکان دەچەقین، بەڵام بە راددەی سەرەکی شەڕەکان مۆبایڵ بوون. ئەم شێوازە جەنگییەش بۆ لەشکرەکانی وڵاتە خۆرئاواییەکان شتێکی زۆر تازە بوو، هێشتا سیستەمی شەڕی سەنگەر و پیادەیان پێڕەو دەکرد.

هێزی پیادە بەرانبەر زرێپۆش پەکی دەکەوێت و لە جووڵەدا بارگرانییەکی گەورە دروست دەکەن.

گەورەترین مەترسی لەسەر هێزی زرێپۆش ئەوەیە ئەگەر گەمارۆ بدرێت یان ئەگەر سێ لای لێ بگیرێت. سەرلەشکر نابێ هێزی خۆی بۆ شوێنی ئەوها ببات چونکە دوژمن لێی بەخۆ دەکەون و دەستی دەبەسترێتەوە و، ئەگەر لێی قەوما، تاکە چارەیەک ئەوەیە کە خۆ بەلایەک دادات و بەهەر نرخێک بێ خۆ لە بازنەی دوژمن دەر بکات.

هەر بەم هۆیەش، گەمارۆدانی هێزێکی زرێپۆش یارییەکی ترسناکە چونکە ئەوسا ئەوان شەڕی مان و نەمان دەکەن. جا گەمارۆدان دەبێ لە حاڵەتی پترۆڵ بڕاندا بکرێت یان ئەگەر پێشتر بە تۆپباران شل و کوت کرابن، ئینجا مەگەر وێرانکارییەکی یەکجاری دژبە زرێپۆشەکان بێتە کردن.. مەرج ئەوەیە کە تۆ چەند شتێک مسۆگەر بکەی:

١– کە بتوانی زرێپۆشەکان دوژمن لەت بکەی و هەموو زرێپۆشەکانی خۆت بەگژ بەشێکیاندا ببەی تا هەر جارە یەکەکیان بەجودا وێران دەکرێن.

٢– رێگا نەدەی هێڵی هاتوچۆی پترۆل و جبەخانەت لێ بگرن دەنا پەکت دەکەوێ.

٣– تانک و زرێپۆش سەرەڕمبی راستەقینەی هەموو هێزێکی مۆبایڵن. ئەوانی دیکە تەواوکەری زرێپۆشەکانن و بەس.

٤– ریپۆرتی هەواڵگری دەبێ بەزووترین کات راگەیێندرێت و فەرماندە دەبێ



کاردانەوەی هەنووکەیی بۆ بکات.

٥– دەبێ هێزەکان خێرا بجووڵێنەوە بەمەرجێک کە لە یەکتر دانەبڕێن. یەکپارچەیی هێزەکان مەرجێکی گرینگە و ئەگەر هەر بەشێک دیار نەبێ یان دوا بکەوێت، ئەمە نیشانەیەکی خراپە و دەبێ دەستبەجێ هۆیەکەی بزانرێت.

٦– پڕدان (مفاجئە) و پەلاماری نهێنی، ئەمانە ئەگەرەکانی سەرکەوتنی هەر هێرشێک دووهەندە لێ دەکەن. هەروەها فێڵ کردن و شێواندنی فەرماندەکانی دوژمن، ئەم تاکتیکانە لەشەڕدا زۆر گرینگن.

٧– کاتێک کە دوژمن شێواوە و سەرکوت کراوە، خێرایی جووڵە و دەستوەشاندن دیسان دەبێتەوە خاڵی هەرە گرینگ و پێویست بۆ ئەنجامدانی وێرانکاری دوژمن نابێ کەمترین دەرفەتی هەبێت  خۆ رێک بخاتەوە. لە راونانیشدا دەبێ سیتەمی برووسکە پێڕەو بکرێت. واتە چەند راستییەکی تر لە جەنگی بیاباندا بەگشتی پێویست بە باسکردن دەکەن وەکە ئەم خاڵانە:

– تا دەتوانن تۆپخانە بەچەشنی تانک بەکار بێنن. واتە بە زووترین کات بار بکرێن و لە شوێنی نوێ دامەزرێنەوە.

– تین و مەودای گوللە تۆپەکان و دەستڕاستی لە ئەنگاوتندا.

– پیادە تەنیا بۆ خاوێن کردنەوە و داگیرکردن شوێنە تازەکان بەکار بهێنرێن لەهەمان کاتیشدا ئەگەر هاتو دوژمن پێشڕەوی کردەوە دەبێ توانای کشانەوەیەکی خێرایان هەبێت. هەروەها ئەگەر دوژمن لە کشانەوەدا بن، پێویستە توانامان هەبێ پیادەکانمان بە خێرایی پێش بخەین.

هەندێک جار سەرەڕۆیی لەشەڕدا پێویستە بەڵام بەمەرجێک ئەگەر رێگای گەڕانەوەت دانابێت یان هەرنەبێ ئەگەر هێرشەکە سەری نەگرت، ئەوسا ئەوەندە هێزەت بۆ بمێنێ بای دەربازبوون و بەردەوامی. لە شەڕدا هیچ شتێک مسۆگەر نییە، هەموو بەسەرهاتێکیش چاکە و خراپەی خۆی تێدایە. جا لە شەڕەکانی هاوینی ١٩٤٢ من و ستافەکەم ئەم راستییانەی پێشوومان رەچاو کردبوو.

دەستپێکی هێرشە کە بۆ پیادە ئیتاڵییەکان دانرابوو کە دەبایە لە بەرەی غەزالەدا

هێــرش بۆ تیــپی ٥٠ی بەریتــانی و تیــپی ١ی باشــوور–ئەفــریقی بکەن. پلان بۆ تۆپبارانێکی چڕ دانرابوو و کۆمەڵێک لۆری شەو و رۆژ تەپ و تۆزیان دروست دەکرد تاکو دوژمن بە جموجۆڵی زرێپۆشی تێ بگات. ئومێدم ئەوەبوو کە زرێپۆشەکانی دوژمن بێن بۆ باکوور و سەنتەری بەرەی غەزالە. پلانەکەش ئەوەبوو کە هێزە مۆبایلەکانی خۆمان بەشێوەی قولابێک بە بیر حەکیمدا بسووڕێنینەوە پشت غەزالە.

دەبایە هێزە مۆبایلەکان بەپشت پیادەکانی غەزالەدا رەت بن تا شەو دادێت ئەوسا یەکسەر بەرەو باشوور بچن. سەرە ڕمبەکەم بریتی بوو لە فەیلەقی ئەفریقی (تیپەکانی ١٥ و ٢١ی پانزەر) فەیلەقی xx ئیتاڵی (تیپەکانی تریەستی و ئاریەتی) لەگەڵ تیپی ٩٠ی سووک بە سێ فەوجی زیادەوە بەهێز کرابوو.

سەرەڕمبەکە دەبایە کاتژمێر٠٠,٢٢ بە بیر حەکیمدا بسووڕێنەوە بۆ ئەکرامە و بۆ سەر دەریا تاکوو تیپەکانی غەزالە و هێزە زرێپۆشەکانی دیکە وێران بکەن. ئەرکی تیپە سووکەکە و فەوجەکانی پاڵیان ئەوەبوو کە لە نێوان ئەدیم و بەلحامد دامەزرێن تاکو رێگا بە هێزەکەی توبرق نەدەن بکشێتەوە و نەهێڵن یارمەتی لە ئەکرامەوە بە دوژمن بگات. بۆ ئەوەی دوژمن راددەی لاوازی تیپە سووکەکە نەزانێت، کۆمەڵێک لۆری سازکران پەروانەی گەورەیان تێ خرابوو هەورێک تەپوتۆزیان لە زەوی هەڵدەستان. دوژمن وای دەزانی کەوا هێزێکی یەکجار گەورەیان لەگەڵە.. ئامانجی سەرەکیم لە هێرشەکەدا ئەوەبوو کە بەزووترین کات توبرق بگرم.

رێنماییەکانی مۆسۆلینی تەنیا ئەوەندە رێگای دەدام کە لە سنووری میسرِی رەت نەبم. هەروەها بڕیار وابوو کە پێش هەموو شتێک هێزەکانی پەڕەشووتی ئەڵمانی–ئیتاڵی دوورگەی ماڵتا داگیر بکەن[٣]. داواشم ئەوەبوو کە رێ بدەن خۆم سەرپەرشتی ئەو هەڵمەتە بکەم بەڵام لە بەهاری ئەو ساڵەدا سوپای ئەڵمانی پێشنیازەکەمی رەت کردەوە. ئیتر هێرشەکەی بیابان خرایە ١٩٤٢/٥/٢٦

(٣) ل هـ: مۆسۆلینی و هیتلەر لە مایسی ١٩٤٢ کۆنفرانسێکیان لە بێرختشگادن بەست و بڕیار درا مانگی تەمموز دوورگەی ماڵتا بگرن. بەڵام دواتر هیتلەر بەهۆی خەمساردیی ئیتاڵییەکانەوە وازی لە پرۆژەکە هێنا.



## پەلەی دەست وەشاندن[٤]

### لە ٥/٢٦ تا ١٩٤٢/٧/١٥

لەم سێ هەفتەدا شەڕێکی قورس بەرپابوو، یەکتر ماندوو کردن و هەناسەدرێژی پێڕەو دەکرا. لە سەرەتادا بەباشی بۆمان نەهات، بەڵام لەنێوان ئاڵوگۆڕی شەڕەکاندا بە پەلاماری بچووک و هەندێک جار بەهۆی بەرگریکردن، سەرباری هەموو ئازایەتیی دوژمن توانیمان وردە وردە وێرانیان بکەین.

سەرکەوتنی لەشکرەکەم بەسەر لەشکرێکی گەورەتردا لە جیهاندا دەنگی دایەوە و، رەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی لوتانەت–جەنەراڵ ریتچی کرا. رەخنەکەش بەجێ بوو چونکە بەزینی بەریتانییەکان بەهۆی بڕیارە نابەجێکانی بوو.. پاش شەڕەکە رۆژنامەیەکی بەریتانی کەوتە دەستم، شیتەڵکارێکی سەربازی بەناوی لیدل هارت شکستەکە خستبووە پاڵ کەموکوڕی پلانەکانی جەنەراڵە بەریتانییەکان کەوا هێشتا رێبازەکانی جەنگی پیادە پێڕەو دەکەن، قسەکەشی راستە.


دژایەتی کردنی هەموو جۆرێک نەوژەنی بۆتە بەشێک لە کەسایەتی ئەفسەرەکان، هەر ئەم رەوشتە بوو کە لەکاتی خۆیدا وای بۆ ناپۆلیۆن ڕەخساند سوپای پرووسی ببەزێنێت و، هەمان شت لەنێو زۆربەی فەرماندەکانی ئەڵمان و بەریتانیدا بەدی دەکرا کە مێشکیان ئاڵوودەی بیردۆزە کۆنەکانی جەنگ دەکرد. عەقیدەیەکی کۆنی سەربازی بەسەریاندا سەپابوو و کەس لەو کیفە نەدەهاتە دەر. تاکە گۆڕانکارییەکی کە بەهۆی پەیداکردنی تانک و زرێپۆشەوە رووی دا ئەوەبوو هەمان مامەڵەتی هێزی سوارەیان بۆ هێزە مۆبایلە نوێکان دەکرد، واتە چۆن جاران هێزی سوارەیان دەنارد تاکو بەشە هێزەکانی پیادە لەت بکەن، بە هەمان شێوە مامڵەتیان لەگەڵ تیپە زرێپۆشەکان دەکرد. بەڵام جەنگی هاوچەرخ داوا لە فەرماندە دەکات کە سەرتاسەری بیردۆزەکانی بگۆڕێت تەنانەت لە جەرگەی شەڕێکدا ئەگەر هەستی کرد بۆی نایەت، دەبێ ئامادە بێ پلانەکانی سەراوژێر بکاتەوە. وابزانم دوژمنەکەم، جەنەراڵ ریتچی،

(٤) م م م: ئەم خولەی جەنگ دواتر بە هەڵمەتەکەی بیرحەکیم ناوی دەرکرد، لە شاکارە هەرە گرینگەکانی رۆمل بووە، هەروەها لیوایە فەڕەنسیەکەش بەرگرییەکی ئەفسانەییان کرد.

یەکێک بوو لەم جۆرە کەسانەی کە هێشتا رێبازی کۆنی پێڕەو دەکرد.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٥/٢٦

تا ئەم نامەت دەگاتێ، هەواڵمان لە رادیۆدا دەبیسییەوە. ئەمڕۆ دەست بە هێرشێکی زۆر گرینگ دەکەین، ئەرکێکی سەختە بەڵام گومان نییە کە لەشکرەکەم تێدا سەرکەوتوو دەبێت چونکە هەر نەبێ دەزانن واتای شەڕ چییە. پێویست ناکا پێت بڵێم چ ئەرک و داواکارییەکی گران دەخەمە سەر شانی خۆم و هەر یەک لە ئەفسەر و پیاوەکانم.




قۆناغی یەکەم لە هێرشی رۆمل – مایسی ١٩٤٢



کاتژمێر ١٤,٠٠ ی رۆژی ٥/٢٦ سەنگەرەکانی غەزالە بە خەستی تۆپباران کران و پیادە ئیتاڵییەکان بەفەرماندەیی جەنەراڵ کرووڤڵ هێرشیان بۆ کرد و. لەپێناو سەرشێواندندا، فەوجێک پانزەر و فەوجێک تانکی ئیتاڵی لە هێرشەکە بەشدار بوون، بەڵام سەرەڕمبی هێرشەکە لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا لە خاڵێکی دیکە کۆکرانەوە.

کاتژمێر ٢٣,٠٠ فەرمانم دا دەست بە چالاکییەکەی (ڤینیسیا) بکرێت و یەکسەر ١٠,٠٠٠ ڤێکڵی ئەو هێزە مۆبایلە کەوتنە جووڵە. من و ستافەکەم لەژێر رۆناکایی مانگە شەو بە هەسپایی بەدوایان کەوتین. ناو بەناو شەوقێک لە ئاسۆی دوور دەدیترا، رەنگبوو فرۆکەکان بووبن گوللەی شەوقدار بەردەنەوە بۆ دۆزینەوەی بیر حەکیم. من پێی سەغڵەت ببووم و تا رۆژ داهاتەوە هەر دەمگوت دەبێ دوژمن خەریکی چی بێت ئێستا؟.

پێش هەڵاتنی رۆژ لە باشووری خۆرهەڵاتی بیرحەکیمدا پشوویەکی ١٠ خولەکیمان دایەوە. ئینجا هێزەکە سووڕایەوە و بەگژ پاشەری لەشکری دوژمندا چوو. هەندێک ئاڵۆزیمان دیت بەهۆی مینستان و تەلبەندەکان بەڵام لە ماوەی دوو کاتژمێر پاش رۆژهەڵات تێکڕای سەرەڕمبەکە دەرباز بوو. ریپۆرتی تیپی ٩٠ی سووک هات کەوا گەیشتوونەتە ئەدیم و ژمارەک لە کۆگاکان دوژمنیان گرتووە.

نیوەڕۆ بەریتانییەکان هاتنە دەست شەش میل لە باشووری خۆرهەڵاتی بیر حەکیمدا فەیلەقی ئەفریقی بەرەورووی شەڕە تانکێکی خوێناوی بۆوە دژبە تیپی ٤ی زرێپۆش و لیوای هیندیی III. چەند جار رامسپاردبوون کە پانزەرەکان بەبێ پشتیوانیی تۆپخانە شەڕ نەکەن، بەداخەوە تۆپخانە جارێ نەهاتبوون. هەروەها لەم شەڕەدا دوژمنێکی تازە چاوەڕوانی مە بوو، یەکەم جار بوو بەگژ تانکەکانی گرانتس Grantsدا بچینەوە. شەڕێکی یەکجار سەخت بوو، تانکی ئەڵمانی و بەریتانی یەک لەدوا یەک ئاگریان دەگرت و وێران دەبوون. زۆر بە سەختی و بە زیانێکی گەورەوە توانیمان تا تەریقەلعەبد پاڵیان بدەین، کەچی هەندەی نەبرد بەریتانییەکان دیسان گەڕانەوە بۆ مەیدانی شەڕەکە.

نیوەڕۆ لەگەڵ ستافەکەم بۆ ئەدیم دەچووین بۆ لای تیپە سووکەکە. لە رێدا تانکی بەریتانی پەلاماریان داین و ناچار بووین بکشێینەوە. پێوەندیی نێوان فەیلەقی

ئەفریقی و تیپە سووکەکە پچڕا. لە گەڕانەوەشدا بۆ لای فەیلەقەکە تووشی باترییەک تۆپخانەی بەریتانی بووین. ستافەکەم ئەگەرچی هێزێکی شەڕکەری ئەوتۆی لەگەڵدا نەبوو بەڵام بەبێ سێ و دوو پەلامارمان دان و دەستگیرمان کردن. بەریتانییەکان هێرِ ببوون نەیاندەزانی لە کوێوە بۆیان پەیدا بووین.

پاش نیوەڕۆ شەڕە تانکێکی قورس لە باشووری تەریق کاپووزۆ، پێنج میل لە خۆرهەڵاتی بیر حەکیم، ئایسا. تیپی یەکەمی بەریتانی بە پشتیوانی تۆپخانە کاروانەکانی فەیلەقی ئەفریقییان دەکوتا. دووکەڵ لە کاروانی لۆرییەکان هەڵدەستا و فەیلەقەکەمان لە جێی خۆی چەقی. دیسان زیانێکی گەورەمان کرد و هەندێک لە تاقمەکان بەبیاباندا بەلای خۆرهەڵاتی باشوور پەرت بوون دوور لە تۆپی بەریتانی. بەڵام فەیلەقەکە بەرگری کرد و بە هەنگاوی قورس ڕێگای خۆی بەرەو باکوور بڕی. لە دەشتەکەی کە پڕبوو لە گیای حوشتر ئالووک، ٨ میل لە باشووری ئەکرامە، فەیلەقەکەمان تا نیوەشەو بە هەسپایی پێشڕەوییەکی کرد. بەداخەوە زۆربەی پیادە و لۆرییەکان بەجێ مان. بەو نیوەشەوە لەگەڵ فەیلەقەکەم دوو میل لە خۆرهەڵاتی بیرحەکیم بووین، پێوەندیم لەگەڵ ستافەکەم پچڕابوو. ویستفال، جێگرەکەم، چەندین لۆری رادیۆی لەو دەشتانە بڵاو کردبۆوە کە ئێمە بدۆزنەوە بەڵام بەبێ سوود.

ئەگەر چاوێک بە شەڕەکانی ئەو ڕۆژەدا بخشێنینەوە دەبینین کە ئێمە نەمانتوانی هێڵەکانی بەرگری دوژمن لە غەزالە رابماڵین و نەمانتوانی بگەینە دەریا، واتە نەمانتوانی تیپی ٥٠ و تیپە باشوور–ئەفریقییەکەی لە تێکڕای لەشکری دوژمن جودا بکەینەوە. تاوانەکەش لە ئەستۆی خۆماندا بوو کە پێشبینییەکی باشمان بۆ توانای تیپە زرێپۆشەکانی دوژمن نەکرد. هەروەها بەشداربوونی تانکە ئەمەریکییە تازەکان بارەکەی شێواند ئیتر کەلێنی گەورە لەنێوان هێڵەکانی مە پەیدا بوون و ئێستا وا بەشی گەورەی هێزە شەڕکەرەکەمان بە زیانێکی گەورەوە بەرانبەر هێزێکی لەخۆی گەورەتر بە دابڕاوی وەستابوو.

*ل.ه: هەرکەس بە دەردی خۆی گرفتارە. رۆمل نەیاندەزانی پێشڕەوییەکەی وی چ سەرشێوان و بەرەڵڵاییەکی خستبووە نێو ریزی بەریتانییەکان. دەبایە بزانێ کە بەریتانییەکان بۆیە دژەهێرشی بۆ ناکەن چونکە زیانێکی گەورەیان کردبوو. رۆمل*



*وەکو سەربازێکی هێرشبەر بەچاوی سووکایەتی دەیڕوانییە هێڵەکانی بەرگری و دەیویست خێرا راماڵدرێن. بەڵام کە یەکسەر ئامانجەکەی نەهاتە دی تووشی جۆرە سستییەک بوو. واش هەر لە رۆژەکانی داهاتوودا سیستەمی (تەڵە) ی پێرەو کرد، بەمەش ڕێگای بۆ هێرشێکی بەهێزتر و زیانبەخشتر و، بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر، خۆش کرد.*

رۆمل: دەمزانی کە لە لای بیر حەرمات زەبری باشمان لە دوژمن داوە، لیوای ٣ی هیندی هیچی تر شەڕیان پێ نەکرایەوە و تیپی ٧ی بەریتانی ماوەیەکی زۆر درێژیان ویست تا گەڕانەوە بۆ مەیدان. بەڵام نایشارمەوە کە من لەو شەوەدا یەکجار نیگەران بووم چونکە بەهەمووی شەو و رۆژێک بەسەر هێرشەکەدا تێپەڕیبوو کەچی ئێمە ٣٣٪ تانکەکانمان سووتابوون. هەروەها جەنەراڵ کلیمان و تیپە سووکەکە بە دابڕاوی لە تەنگانەدا بوون. هێزە بەریتانییەکان بە کەلێنەکانی نێوان ریزەکانی ئێمەدا بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆیان دەکرد و یەکە یەکەی کاروانە پەرتبووەکانی پترۆڵ و جبەخانەی ئێمەیان راو دەکرد، ئەوانە شادەماری ژیانی هەموو لەشکرێکن.

سەرباری هەموو ئاڵۆزی و زیانەکان کۆڵم نەدا و ئومێدم هەر هەبوو، چونکە ریتچی هێزەکانی خۆی پەرت کردبوون، واتە بەو هێزەی خۆمان دەکرا هەر جارەو بەشێکیان وێران بکەین، منیش هەر ئەوەم دەویست.. ئێستاش تێ ناگەم بەریتانییەکان بۆچی تیپی هەفتەمیان بەتەنیا خستە ئەو شەڕەی بیر حەرمات لەباتی ئەوەی کە لەگەڵ هێزەکانی دیکە لە تەریق کاپووزۆ Tarigh Kapuzo پێکەوە بەگژماندا بێن؟ ئەوان ئەو هەموو هێزە مۆبایلەی بەر دەستیان وەبەر نەدەهێنا.

پلانی رۆژی دووەم وابوو کە تیپە سووکە کە لە شەڕی ئەدیم بکێشتەوە تاکو رەگەڵ فەیلەقەکە بکەون، ئەوسا هەموو قورسایی خۆم رووەو دەریا دەخستە سەر بەرەی باکوور. بەرەبەیانی ٥/٢٨ بە دووربین چاوم دەگێڕا، لە لای خۆرهەڵاتمان هێزێکی بەریتانی بەرەو باکوور دەچوون و هەندەی نەبرد دەستیان بە تۆپباران کرد و زوو خۆمان دزییەوە. خۆم گەیاندە فەیلەقە ئیتاڵییەکە و فەرمانم دا کە خێرا بە فەیلەقی ئەفریقی رابگەنەوە لە باکوور. تیپە سووکەکە نەیتوانی بگاتەوە لای مە چونکە بەرەوڕووی ١٠٠ تانکی بەریتانی ببوونەوە و فڕۆکەی دوژمن بۆمباردمانی دەکردن،

کۆمەڵێک بەشی لێ جودا ببۆوە و ناچار کرابوون لە دووری شەش میل لە بیر حەرمات بوەستن.

خۆشبەختانە فەیلەقەکە توانی لەم بەیانییەدا هێڵێکی بەرگری پێک بێنێت لە باکووری خۆرهەڵاتی بیرەلحورماتدا، بەڵام دوژمن هێزی خۆی کۆ کردبۆوە و پەلاماری دەدان. هەواڵێک لە ویستفالەوە هات گوتی تیپە ئیتاڵییەکانی ناردۆتە غەزالە تاکو ڕێگا لە تیپەکانی بەریتانی و باشوور–ئەفریقی بگرن. ئینجا لە بەری نێورۆ هەواڵ هات کە ئیتاڵییەکان لە عەلوەتەلتەمر بەرەنگاریان بوونەتەوە و خۆشبەختانە پاڵیان ناون.

نیورۆ نیگەران بووم و بڕیارم دا کە لەگەڵ گاوس هەرچۆنێک بێت خۆمان بگەیێنینە فەیلەقەکە. هەواڵێکیشمان بیست کەوا بەشێک لە تیپی ١٥ی پانزەر جبەخانەی بڕاوە. دەمێک گەڕام تا کاروانێک لۆری و چەند دژەتانکێکم کۆکردەوە و بردمن بۆ سەر گردێک کە یەک میل لە باکووری بیر حەرمات بوو. لەوێڕا دیمەنی فەیلەقەکەمان دیار بوو و نیگارێکی نموونەیی شەڕی بیابانمان دیت. دووکەڵی ڕەش لێرە و لەوێ بە ئەستوون هەڵدەستان، دیمەنێک بوو جوانی و پەرۆشی لەخۆیدا کۆ دەکردەوە.. لۆرییەکانم لەوێ بەجێ هێشت بەنیازی ئەوەی کە بەیانی زوو بگەڕێمەوە لایان. کە گەڕامەوە بارەگای خۆم دوو جار لە ڕێگادا پەلامار دراین. جارێک کاروانێکی بەریتانی بوو و جاری دووەم کاروانێکی ئیتاڵی بوون وایانزانی دوژمنین.

کە تاریک داهات بەسەر شوێن تایەری لۆرییە ئیتاڵییەکاندا ڕۆیشتین تاکو لە مینستانەکە ئاوا بووین و گەیشتینەوە بارەگای خۆم لە باشووری خۆرئاوای بیر حەرمات. گوتیان تانکی بەریتانی پێش ماوەیەک پەلاماری بارەگای منیان داوە. کایل، سەردەستەی یاوەرەکانم، گوتی هەندێکیانی ئەنگاوتووە بەڵام ئەوانی دیکە دەستیان وەشاندووە و کۆمەڵێک لۆری پترۆل و کەلوپەلی وێران کردووە، پاش شەڕ و پێکدادان ئینجا دەریانپەڕاندبوون و بارەگاکەیان کۆنترۆڵ کردبۆوە.

ئەو شەوە کاروانێکم ڕێک خست تاکو بەیانی فریای فەیلەقەکە بکەوین. خۆشبەختانە، لەهەمان ئێوارەدا تیپە سووکەکە خۆی لە بەریتانییەکان ڕزگار کرد و تیپەکەی ئاریەتیش توانییان کەلێنەکەی نێوان فەیلەق و تیپە سووکەکە پڕ بکەنەوە.



ئێستا هێڵی هاتوچۆی کاروانەکان ئاسوودە کران. ئیتر بەیانی ٥/٢٩ یەدەگ و پترۆڵ بە ئاسانی هات. ئێستا دەستیان بۆوە و پاش نێوڕۆ بارەگام لە نزیک فەیلەق دامەزراند.

پێوەندیم لەگەڵ بەشەکانی لەشکر پەیداکردەوە و زانیارییەکی تەواوم وەرگرت. ئێمە هەردووک لای تەریقەلعەبدمان کۆنترۆڵ کردبوو و هێڵێکیش بەرگریمان دامەزراندبوو لە قووڵایی خاکی دوژمندا. بەڵام زیانێکی زۆرمان کردبوو و هێڵی هاتوچۆمان لە بیرحەکیم بڕابوو، پیادە ئیتاڵییەکانیش لە غەزالە پێش نەکەوتبوون و جەنەراڵ کرووڤێل بە فڕۆکەی خۆیەوە ون ببوو. دواتر بیستمانەوە کە بەریتانییەکان گرتبوویان. ئەمەش تاکە زیانی مە نەبوو لەنێو جەنەراڵەکاندا، شەوی ڕابردوو جەنەراڵ فایرشت، فەرماندەی تیپی ١٥ی پانزەر، بریندار کرابوو و لە مەیدانەکە کشێندرابۆوە دوا. سەرباری ئەمانەش، بەریتانییەکان ئێستا لیواکانی ٢ و٤ و٢٢ی زرێپۆش و لیوای ٢٠١ی پاسەوانییان وێک هێنابوو بۆ یەک هێز دەستیان پێکردبوو دژەهێرشی خۆیان بکەن.

بەم حاڵە نەدەکرا بەردەوامی بە هێرشی خۆمان بدەین. بڕیارم دا کە دەبێ پێش هەموو شتێک ڕێگای هاتوچۆ بکەینەوە. تیپە سووکەکە و هەندێک هێزم بەگژ مینستانەکاندا برد تا ڕێگایەکی قەدبڕ بۆ خۆرئاوا بکەنەوە. هێزەکانی دیکە بەرانبەر دژەهێرشی بەریتانییەکان وەستان، نیازیشم هەبوو ئەگەر پیادە ئیتاڵییەکان بەرەی غەزالە ببەزێنن یەکسەر بیرحەکیم بگرم. باوەڕم وابوو تیپە زرێپۆشەکەی غەزالە ناوێرن بەرەی خۆیان چۆڵ بکەن، ئومێدیشم دەکرد بەریتانییەکان لەسەر ڕێبازی خۆیان بەردەوام بن.

بەیانیی ڕۆژی٥/٣٠ هێزەکان کەوتنە جێ بەجێکردنی پلانەکە. بەریتانییەکان لە ناوچەی عەوالب دامەزرابوون. لەهەمان کات بەشێک لە فەیلەقی xی ئیتاڵی مینستانەکەیان بڕیبوو، واتە ڕێگایەکی قەدبڕمان پەیدا کرد.. پاش نیوڕۆ بەنێو میندا پەڕیمەوە لای خۆرئاوا تا فیلد مارشاڵ کێسلرینگ و فەرماندە ئیتاڵیەکەی x و مێجەر فۆن بێلاو، یاوەرەکەی فوورەر، ببینم. ڕیپۆرتم دا و پاش نیوڕۆ گەڕامەوە.

هەر لەم بەیانییەدا هێزە بەریتانییەکەی عەوالب دەستگیر کران. بەریتانییەکان

دوودڵ بوون و کاردانەوەی چالاکانەیان نەدەکرد. ئەو هێزەی عەوالب ٢٨٠ تانکیان هەبوو کەچی کەم بوونە بۆ ١٥٠ تانک و دواتر تیپەکەی ئاریەتی بۆیان چوون و دەریان پەڕاندن. ئیتر لەم بەیانییەدا ٥٧ تانکی بەریتانیمان وێران کرد.. پاش نیوەڕۆ قورسایی هێزەکانم بۆ غۆتەلعەوالی تەرخان کرد کەوا لە ڕۆژی دواتر بیگرین.

لە ٥/٣١ لەشکری ئەڵمانی- ئیتاڵی یارد بەیارد لە دوژمن چوونە پێش. بەریتانی وەک هەمیشە لە بەرگریدا تا دوا هەناسە دەجەنگان و تۆپی دژەتانکی ٥٧ ملیمیان بەکار هێنا (گوللەکانیان شەش پاوندن) بەڵام پێشڕەوییەکەمان نەوەستا و کەلێنێکی باشمان لە هێڵەکانی بەرگریی بەریتانیدا کردەوە.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٥/٣١

زۆر باشم. قۆناغی سەختی شەڕەکە بەسەر چوو و تا ئێستا باشمان هێناوە. بەداخەوە کرووڤێل کەوتە بەر دەستی دوژمن. دەڵێم بەڵکو فریای بکەوم ئازادی بکەم.

ڕۆژی دواتر هێڵەکانی بەرگری نەرم کران. فڕۆکەکانی شتۆکا کوتایان ئینجا پیادەکان چوونە پێشتر. من و وێستفال لەگەڵیان بووین بەڵام وێستفال بریندار کرابوو و دەبایە بنێردرێتەوە بۆ ئەورووپا. بەداخەوە لەشکری پانزەر فەرماندەیەکی چالاک و هەمیشە ئامادەی لەدەست چوو. پێشڕەویی نەوەستا و سەنگەرکارییە ئاڵۆزەکانی دوژمن یەک لەدوا یەک گیران. ٣٠٠٠ ئەسیر و ١٠١ تانک و ڤێکل و ١٢٤ تۆپی جۆراوجۆر گیران.

هەواڵمان بیست کەوا تیپی ٤ی بەریتانی بڕیاریان داوە نان و ئاو بە ئەسیرەکانی ئێمە نەدەن تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن. ئەم هەواڵە لەنێوماندا هەوایەکی گرژی دروست کرد چونکە شەڕی ئەڵمان و ئینگلیز هەندە ئاسان نەبوو تاکو مەسەلەکە ئەوهاشی بێتە سەر. باش بوو کە فەرماندە بەریتانییەکانیش هەمان هەڵوێستی ئێمەیان هەبوو و داواکارییەکانی ئێمەیان پەسند کرد.. هەروەها لەم شەڕانەدا چەند جارێک بارەگاکەمان تۆپباران کرا و گاوس بریندار بوو و ناردمانەوە تیمار بکرێت. واتە لە یەک ڕۆژدا دوو ئەفسەری هەرە گرینگی لەشکرەکەم پەک خران. بڕیارم دا کۆلۆنێل بایەرلاین، سەردەستەی ستافی فەیلەقی ئەفریقی، بە جێگری خۆم دابنێم.



پاش گرتنی غۆتەلعەوالب نۆرەی بیرحەکیم هات کە دەبایە ڕۆژی دواتر گەمارۆ بدرێت و بیگرن. چونکە بەریتانی و فەرەنسییەکانی وێ زوو بەزوو پەلاماری کاروانەکانی مەیان دەدا و دەبایە سنوورێک بۆ ئەو ژانەسەرە دابنرێت.

## سەرکەوتن لە بیرحەکیم

شەوی ١- ٢ی حوزەیران تیپی ٩٠ی سووک و تیپی تریەستی بەزیانێکی کەم لە مینستانی خۆرهەڵاتی بیرحەکیم دەرباز بوون و ناوچەکەیان لە بەشەکانی دیکەی دوژمن دابڕاند. داوامان کرد چەک بن بەڵام ڕەتیان کردەوە، ئیتر نیوەڕۆ هێرش بۆ هیزە فەرەنسییەکەی بیرحەکیم کرا، تریەستی لە باکووری خۆرهەڵات و تیپە سووکەکە لە باشووری خۆرهەڵاتەوە. پاش تۆپبارانێکی سەرەتایی هێرش کرا، کەچی شەڕێک دەستی پێکرد بێ ئەندازە دڕ. کەس نەیدەزانی ئەو شەڕە ١٠ ڕۆژی ڕەبەق دەخایێنێت. جار بەجار دەچووم تاکو بەخۆم سەرپەرشتیی هێرشەکان بکەم بەڵام من بەدرێژایی جەنگی بیابان بەرگریی ئەوها چیڕم نەدیتووە. فەڕەنسییەکان بە خەندەک و کونە تۆپ و بە سەنگەری دۆشکە، کە هەرهەمووشیان مینڕێژ کرابوون، بەمانە شەڕێکی سەیریان کرد. بەرگرییەکی نا ئاسایی هەبوو. هەر یەک لە سەنگەرەکانی بەرگری تەقەمەنییەکی زۆری لێ خەسار دەکرا تا بێ دەنگ دەکرا.

پاککردنەوەی مینستانەکان لەژێر ئاگری دوژمندا زۆر سەخت بوو. مین هەڵگرەکانی مە زیانێکی زۆریان لێ کەوت، ناچار بوون ئامێر و شێوازی نائاسایی پەیدا بکەن. تۆپخانە دیوارە دووکەڵی دروست دەکرد تا نەدیترێن، زۆر جاریش مینهەڵگر بێزار دەبوون هەڵدەستان بەغار بەنێو مینستانەکانی دوژمن دەکەوتن.. لە ٦/٢ تا ٦/١١ کە دوا سەنگەری فەرەنسییەکان گیرا، لوفتواف ١٣٠٠پەلاماری ئاسمانی لە بیر حەکیم ئەجام دا واش هەر سیستەمی ئەو هێڵە سەنگەرانەی بیر حەکیم خۆیان ڕاگرت.

لە میانی ئەو ١٠ ڕۆژەی شەڕەکەی بیر حەکیمدا مەیدانەکانی دیکە جووڵەیەکی ئەوتۆیان نەبوو تەنیا لە ٦/٢ نەبێ بەریتانییەکان پەلامارێکی تیپەکەی ئاریەتیان دا. ئەوانیش خۆیان ڕاگرت تا ئەو کاتە کە تیپی ٢١ی پانزەر دژەهێرشی بۆ کردن، ئیتر

بەگشتی بەرەنگارییەکی سەرەکی رووی نەدا. بەڵام بەریتانییەکان تاقمە چەکداریان لە بیابانەکە بڵاو کردبۆوە بەبەردەوامی زەبریان لە کاروانەکان دەوەشاند. لەنێو ئەو تاقمانەدا تاقمە مۆبایڵەکەی ئۆگۆست ناوبانگیان پەیدا کرد، ناچار دەبووین پاسەوانییەکی باش بۆ کاروانەکان دابنێین.. هەروەها فەیلەقی ئەفریقی سوودی لەم ١٠ رۆژە وەرگرت بۆ چاککردنەوەی تانکە شکاوەکان. لەنێوان ٣٢٠ تانک تەنیا ١٥٠ بە ساغی مابوون تا وردە وردە ژمارەیان بەرز بۆوە. ماتبوونی بەریتانییەکان لە هیچەوە نەبوو، هەستمان دەکرد خەریکی شتێکن[٥]. شەوی ٤–٥ تیپی ١٥ی پانزەر بۆ بیر حەرمات گوێزرایەوە. بەیانی سوودی ئەم جووڵاندنەمان زانی کە کاتژمێر ٦ تا ٧ تیپەکەی ئاریەتی تۆپباران کرا ئینجا بەهاوبەشی لیواکانی زرێپۆشی ٢ و ٢٢ بەریتانی و ٢٤ هیندی و لیوای ٢٠١ی هەموو هێرشیان کرد. بۆ شێواندن هەندێک بەرەی تیپی ٢١ی پانزەریان تۆپباران کرد کە لەو ناوە بوو. ئینجا هەندەی نەبرد هێزی تریش رەگەڵ هێزەکە کەوتن، وەکو لیوای ٤ و فەوجی ٤٢ی شاهانە.

*ل.هـ: رۆمل لە چەند خاڵێک بە سەهوو چووە. هێرشەکە لەلایەن لیوای ١٠ی پیادەی هیندییەکان دەست پێکرا. گردەکانی ئەسلاغیان گرت و رێگەیان بۆ لیوای ٢٢ی زرێپۆش و لیوای ٩ی پیادە کردەوە. بەڵام ئەمانە زوو پەکیان کەوت. ئینجا لیوای ٣٢، کە لە فەوجەکانی ٧ و ٤٢ و ٦٩ پێک هاتبوو، هێرشێکی هاوبەشیان کرد، ئەمەش هەر بەباشی بەرێوە نەچوو. دواتر بەدرەنگە لیواکانی دیکە بەشدار بوون و تۆپخانەش بەشدارییەکی ئەوتۆی نەکرد، ئیتر هێرشەکانیان پچڕ پچڕ و بێ سوود بوو.. ئۆکنلیک باوەڕی وابوو کە بەریتانییەکان تا پێش ئەم دژەهێرشەش دەیانتوانی سەر بکەون.*

---

(٥) ل هـ: ئۆکنلیک نیگەرانییەکی زۆری دەربڕی کە بەم جۆرە دەرفەتیان بە رۆمل دا هێزەکانی رێک بخاتەوە. داواشی کردبوو کە بەزووترین کات رێگای هاتوچۆی ئەڵمانەکان ببڕن بەڵام ریتچی بە بیانگەی کەمی هێزە زرێپۆشەکان نەیکرد و زۆربەی لە ئەکرامە راگرت بۆ پاراستنی هێڵەکانی خۆی. کەچی لەراستیدا ریتچی ٤٠٠ تانکی مابوو رۆملیش تەنیا ١٣٠ تانکی ئەڵمانی و ١٣٥ی ئیتاڵی مابوو.

ریتچی بەباشتری زانی هێرشەکەی ئاراستەی بەشە قورسەکانی دوژمن بکات، دەرچوو کە بڕیارێکی خۆکوژانەیە کەوا لە ٦/٦ دا ژمارەی تانکەکانی بوونەوە ١٧٠ تانک.



رۆمل: ئاریەتی لەبەر هێرشەکە تا ریزی تۆپخانەکان کشانەوە. هەر ئەو تۆپخانەش بوون کە هێرشە بەریتانییەکەیان سارد کردەوە. لەهەمان کاتدا فەوجێک پانزەر لە تیپی ١٥ بە قەرەپەستەیی تا بیرەلتەمر چوون.

تاقمە پانزەرێکی تایبەت، تاقمەکەی ڤۆلز، بۆ کاتی تەنگانە شەش میل لە خۆرهەڵاتی بیرحەکیم دانرابوو، بە فەرمانی من پەلاماری پاشەری هێزەکانی دوژمنیان دا. تیپی ١٥ی پانزەریش باڵی چەپی ئێمەیان دەپاراست. ئیتر وای لێ هات تانکەکانمان لە سێ لاوە دوژمنیان ئاگرباران دەکرد. بەریتانییەکانیش وەک هەمیشە بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە شەڕیان دەکرد بەڵام بە کەمترین کاریگەرێتی بەرانبەر هێزەکانی مە. ئێوارێ ٥٠ تانکی بەریتانی لەو مەیدانە دەسووتان.

کاتژمێر ٦ ی بەیانی تیپی ٢١ دەستیان کرایەوە و لەگەڵ بەشەکانی دیکە بەرەو خۆرهەلات کەوتنە پێشڕەوی و هێرش. ئێستا بەریتانییەکان دەستیات پێکرد شل بن. تاقمەکەی ڤۆلتز لە تەریق ئەنوەر بێگ دوژمنیان بەرەو ئاگری فەیلەقەکە رادەدا، ئەگەرچی بە هێرشێک ناچار کران بکشێنەوە بۆ بیرحەرمات، واش هەر ٤٠٠٠ ئەسیر گیران و سەرتاسەری لیوای ١٠ی هیندی رامالدران.. شکاندنی ئەم دژەهێرشە، هەر وەکو پێشبینیم کرد، ورەی دوژمنی دابەزاند و هیچی تر هێرشی گەورەیان نەکردەوە.

هێشتا شەڕەکەی بیرحەکیم تەواو نەکرابوو. کاتژمێر ١١ی رۆژی ٦/٦ تیپی ٩٠ی سووک دیسان بەگژ تروپەکانی کۆینیگدا چوون، تا ریدۆتا *(قەڵاتێکی بچووکە)* پێشڕەوییان کرد بەڵام ناچار بوون بوەستن و ئێوارێ دیسان کشانەوە بەڵام هێرشێکی لیوای هەفتەمیان شکاند و ئابڵووقەی بیرحەکیمیان توند کرد.

شەوی ٦/٩چەند رێیەکیان بەنێو مینستانەکاندا کردەوە و تاقمە پانزەرەکەی ڤۆلتز رەگەڵ تیپی ٩٠ی سووک کەوت لەژێر تاریکایی شەو لە نزیک سەنگەرەکانی بیرحەکیم دامەزران و، بەیانی دیسان هێرشیان کرد و دیسان شکان. تەنیا چەند کەلێنێکیان لەلای باکوور پێ کرایەوە. رۆژی دواتر هێرشێکی تر ساز کرا و وێڕای ئەو ئاگربارانە قورسە، فەرەنسییەکان هەر دڕ بوون و کۆڵیان نەدەدا.. رۆژی ٦/٩

هێزی دیکەم رەگەڵ دان و ئەم جارە تا کاتژمێر ٨ی ئێوارێ بە زیانێکی زۆرەوە ئینجا توانییان بگەنە خاڵێک کە ٢٢٠ یارد لە قەڵاتەکەی بیرحەکیم دوور بوو. بەڵێ هێزێکی بەریتانی لە باشوورەوە پەلاماری دان، بەڵام ئەوانە زوو شکان، گرفتەکە لەگەڵ فەرەنسییەکانی نێو بیرحەکیم بوو.

کێسلرینگ بەم حاڵە زۆر پەست ببوو چونکە دەستی لوفتواف لە بیرحەکیم بەسترابۆوە و زیانێکی زۆریان دەکرد *(ل.هـ: لە یەک رۆژدا هێزی ئاسمانیی بەریتانی ٤٠ بۆمبەری ئەڵمانییان لەسەر بیرحەکیم کەواند)* داوای کرد هەرچی هێزی زرێپۆشە بەیەک جار بەگژ بیرحەکیمدا ببەین، بەڵام من تانکی خۆم بە مینستان وەرنەکرد. هەرچۆنێک بێت کێسلرینگ هێمن کرایەوە.

نەماندەزانی چ ئالۆزییەکمان لەپێشە. لە ٦/١٠ تاقمێک جەنگاوەری فەیلەق بە فەرماندەیی کۆلۆنێل بادە Baade خۆیان گەیاندە سەنگەرەکانی باکووری بیرحەکیم. بە پشتیوانی تۆپ و فڕۆک بە سەنگەر و کونە تۆپەکاندا هاتن و کەلێنیان ئاواڵە کرد. فەرەنسییەکان وەک هەمیشە بەرگرییەکی بێ نموونەیان دەکرد بەڵام ئەم جارە زیانیان زۆر بوو تا وای لێ هات بیرحەکیمیان پێ رانەدەگیرا.

دەترسایین بەریتانییەکان بە هانایان بێن بەتایبەتی لیوای ٧ی مەکینەدار کەوا بەدرێژایی ماوەکە نیوەشەڕیان لە دەوری بیرحەکیم دەکرد. هەستام تیپی ١٥ی پانزەرم کێشایەوە بۆ لای شەڕەکە تاکو لە رۆژی دووەمدا بەسەریان دادەن.. سەنگەرەکانی بیرحەکیم راماڵدران بەڵام وێڕای هەموو چاودێرییەک، بەشی گەورەی فەرەنسییەکان خۆیان لە بیرحەکیم دزییەوە و بە فەرماندەیی جەنەراڵ کۆینیگ بە تاریکی شەو رووەو خۆرئاوا هەڵاتن خۆیان گەیاندەوە لیوای ٧ی بەریتانی. دواتر زانیمان کە ئابڵوقەکەمان بە یەکجاری توند نەکردبوو.

ئەم رووداوە دەیسەلمێنێ کە بارەکە چەندە سەخت بێت، پیاو هەر دەتوانێ چارەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە بەمەرجێک ئەگەر فەرماندە سوور بێت لەسەر بەرگری کردن.. بەم پێیە، بەیانیی ٦/١١ تیپی ٩٠ بیرحەکیمی گرت لەگەڵ ٥٠٠ سەربازێکی فەرەنسی، کە زۆربەیان بریندار ببوون، دەستبەسەر کران. مەراقم بوو بیرحەکیم




ببینم جا هەر لەو بەیانییەدا پشکنیم تا بزانم ئەم شوێنە بۆچی هەندە چیڕ بوو[٦].

ئێستا دەستی لەشکرەکەمان ئازاد بوو. وێڕای ئەو ئازایەتییەی کە بەریتانییەکان لە عەوالب و فەرەنسییەکانی بیرحەکیم نواندییان، ریتچی وای دەزانی دەمبەستێتەوە. بەڵێ ئێمە زیانمان زۆر بوو بەڵام زیانی وان گەورەتر بوو. هەروەها لەدەستدانی یەکەی سەرلەبەر کارێکی گەورە لەسەر ورەی لەشکر دەکات، فەرماندە نابێ رێگا بە هەڵەی ئەوها بدات. چونکە بەردی بناخەی هەر لەشکرێک لەوە دروست دەبێ کە سەربازێکی ئاسایی تا چەند باوەڕ بە رابەرایەتی فەرماندەکان دەکات. ئەگەر ئەم خاڵەت لەدەست دا ئەوسا سەربازەکان بەقسەت ناکەن چونکە هەست دەکەن فەرماندەکە بایەخ بۆ ژیانیان دانانێت و لە کاتی تەنگانەدا بەجێیان دەهێڵێت.

پاش نیوەڕۆی ١١ی مانگ تێکڕای هێزەکانی بیرحەکیمم بەرەو باکوور رادا. دەمویست سەرکەوتنێکی کۆتایی بەدی بهێنم. ئێوارەێ تیپەکانی ٩٠ی سووک و ١٥ی پانزەر و بەتالیۆنەکانی ٣ و ٣٣ی پیادە لەژێر فەرماندەیی خۆمدا گەیشتینە شوێنێک ٦ تا ١٠ میل لە باشووری خۆرئاوای ئەدیم. بۆ ئەوەی رێگامان لێ بگرێت، ریتچی لیوای ٢ی زرێپۆشی لە ئەکرامە گواستەوە بۆ نزیک بیرلیفە. رۆژی ٦/١١ بە شەڕێکی قورس توانیمان ئەدیم و تەریق کاپووزۆ بگرین. لیوای ٢ی هیندی بەرگرییەکی مەردانەیان لە ئەدیم کرد واش هەر ٤٠٠ ئەسیری هیندی و بەریتانی دەستگیر کران.

لەهەمان رۆژ تیپی ٢١ی پانزەر لە خۆرهەڵات دوژمنی بەرەو لای ئێمە رادا، دوژمن لە نێوان دوو بەشە سەرەکییەکەی پانزەر رادەگوشران. ریتچی لیوای تانکەکانی ٣٢ی لە غەزالەوە نارد بۆ هەمان شوێن.. رۆژی دواتر (٦/١٢) بارەگام لەسەر ریزە گردێک دامەزراند لەخوار ناوچەی ئەدیم، لەوێڕا چاومان لە تیپی ٩٠ی سووک بوو بەرەنگاری هیندییەکان ببوونەوە و فڕۆکەش بەتوندی پەلاماری تیپەکەمانی دەدا. شەڕەکە ئاسان نەبوو. ویستم خۆ بگەیێنمە تیپی ١٥ بەڵام لەڕێدا ئاگرباران کراین و ماوەیەک جووڵەمان نەکرد تا نیوەڕۆ ئینجا گەیشتمە لای تیپەکە و یەکسەر بۆ لای

(٦) بایەرلاین: بیرحەکیم وێڕای هەموو سیستەمی بەرگری ١٢٠٠ سەنگەری تێدا بوو بۆ پیادە کە بۆ چەکی قورس تەرخان کرابوون.




خۆرئاوام بردن. ئێوارێ فرۆکاکانی خۆمان بە هەڵە ئێمەیان بۆمباردمان کرد. توومەز لەبەر فرۆکی بەریتانی رایان دەکرد ناچار بوون بۆمباکانی خۆیان فرێ بدەن، ئیتر بەسەر ئێمەدا کەوتن. خۆشبەختانە من و بایەرلاین و شوفێرەکەمان سەلامەت دەرچووین.

رۆژی ٦/١٣ لەگەڵ پانزەرەکانم بەسەر برد، گردەکانی ئەو ناوچەیان لە دوژمن خاوێن دەکردەوە. تیپە ئیتاڵییەکانیش، تریەستی و ئاریەتی، دوژمنیان بەرەو باکووری تەریق کاپووزۆ رادەدا. لە هەمان ئێوارەش تیپی٢١ی پانزەر، وێرای رەشەبا و خۆڵبارانێکی چڕ، پێشرەوییان بەرەوە خۆرهەڵات دەکرد و قەسابخانەی خۆیان دژی تانکەکانی دوژمن ئەنجام دەدا، ١٢٠ تانکێک یەک لەدوا یەک لەو دەشتە تۆزاوییە سووتان. لەشکری دوژمن لە چەند لایەکەوە ئاگربارانێکی کوشندە دەکران



و یەک بە یەک شڕ دەکران. وزەی ئەوەیان نەما دژەهێرش بکەن. بەڵام بەداخەوە تیپە سووکەکەی ٩٠ لەم شەڕەدا بەشدار نەبوون چونکە لە شوێنی خۆیان چەقیبوون و دوژمن بە توندی دەیکوتان ئەوانیش شەڕی مان و نەمانیان دەکرد تا کاتی پاش نیورۆ ئینجا خۆیان لەو ریزە تانکەی دوژمن رزگار کرد.


لیوای گاردە بەریتانییەکان لە پردەسوار Knightsbridge دەرپەڕێندران پاش ئەوەی کە هەموو چەکەکانی خۆمان پێ تاقی کردنەوە. ئەم حاڵەی بەریتانییەکان نموونەیەکی تر بوو کە چۆن ئازایەتی و کەللەرەقیی خۆیان بەفیرۆ دەدا تەنیا بەهۆی کە شارەزاییان نەبوو جەنگی مۆبایڵ چۆن پێڕەو دەکرێت. زۆربەی تانک و زرێپۆشەکانیان لەوێ و لەکاتی کشانەوەدا وێران کران.

رۆژی دواتر هێزە بەریتانییەکانی غەزالە بەلێواری دەریا و بەرێگای ڤیابالبیادا کشانەوە و کێسلرینگ بەبەردەوامی فرۆکەکانی بەسەر ئەو رێیاندا دەگێڕا. بڕیارم دا کە ئەمڕۆ و سبەی تێکڕای تیپەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵی بەرەو باکوور تا سەر دەریا ببزوێنم بۆ ئەوەی رێگای کشانەوەیان لێ بگرین. شەڕێکی زۆر گەورەمان لەپێش بوو چونکە ریتچی نیازی نەبوو ئەکرامە چۆڵ بکات و ئامادەیە هەموو تانکەکانی بکاتە قوربانی.

*ل.هـ: لە ئێوارەی ١٩٤٢/١٦/١٣ ریتچی لەو ناوچە سەختەی شەڕەکەدا تەنیا ٧٠ تانکی لەدەستدا مابوو. رۆملیش زیانێکی زۆری کردبوو بەڵام دووهەندەی ریتچی تانکی مابوون و دەیتوانی تانکە شکاوەکانیش چاک بکاتەوە.*

رۆمل: ئەم شەڕە کە لەسەرەتادا زۆر بە خراپی بۆمان هات، ئێستا وای لێ هاتبوو بەقازانجی خۆمان ساغ بێتەوە، هەموو چاکەکەش دەدرێتەوە پاڵ ئازایەتیی سەربازەکانی ئەڵمان و ئیتاڵی.. شەوی ١٣-١٤ هێزەکانمان لە خۆرهەڵاتی (تەریق بیرحەکیم) ئامادەبوو کە بەرەو باکوور هێرش بکەن. تیپە سووکەکەش بە گورجی بەرەو خۆرهەڵات چوو تا بە توبرق رابگەن.

لە بەرەبەیانی ٦/١٤ تیپە پانزەرەکانم بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو باکوور هاژووشت، دەبایە پێ راگەین کاروانە کشاوەکانی دوژمن وێران بکەین، کەچی لەپڕ گەیشتینە مینستانێک، ریتچی دروستی کردبوو. لەهەمان کاتیشدا تۆپباران دەستی




پێکرد. دەستبەجێ فەرمانم بە شوێنهەڵگرەکان دا مینەکان لادەن. لە کاتی نیوەڕۆشدا ڕەشەبایەک هات ئیشەکەمانی ئاسان کرد چونکە دوژمن مینەهەڵگرەکانیان نەدەدیت. فەرمانم بە تۆپەکانی ١٧٠ ملم دا ڕێگای ڤیابالبیا بکوتن. هەروەها باشوور–ئەفریقییەکان لەو دەمەدا کۆگاکانی خۆیان دەتەقاندەوە و ناوچەکەیان چۆڵ دەکرد.

بەریتانی لەسەر گردەکانی ژمارە ١٨٧ دامەزرابوون. فەوجی ١١٥ی پیادەم بەگژدا دان و شەڕێکی قورس ئایسا. بەریتانییەکانی وێ تۆپبارانی هەموو لایەکیان دەکرد و ئێمەشی دەگرتەوە. شەڕەکە چەند کاتژمێرێک بەردەوام بوو تا گردەکان گیران.. ئێوارێ هێڵەکانی بەرگری نەرم کران و ٤٥ تانکێکی بەریتانی لەو دەشتە کەوتن. تیپە پانزەرەکان ناوچەی خۆرئاوای ئەکرامەیان راماڵی هیچ شتێک لەنێوان ئێمە و ڕێگای ڤیابالبیا نەمابوو. هەروەها تیپی ١ی زرێپۆش کەڵکی بڕا بوو و بەشەو کێشایانەوە.



ل.ھ: ئەو چەند تانکە کە لەدەست تیپی ١ مابوون درانە دەست تیپی هەفتەمی زرێپۆش کەوا بەهەموویانەوە ٦٠ تانک مابوو.

ڕۆمل: بۆ ئەوەی بەرەو باشوور دەرباز بن، تیپی ٥٠ی بەریتانی خۆیان بۆ نێو فەیلەقی xی ئیتاڵی هەڵکوتا، بەڵێ ٤٠٠ ڤێکڵ و چەند سەد کەسێکیان دەسگیر کران بەڵام بەبارستایی یەک لیوایان دەرباز کرد. فەرماندە بەریتانییەکە تیپەکەی بەش بەش کرد و بەنێو کاروانەکانی جبەخانەکاندا ئاوای کردن، لە ڕێگاشدا تا پێیان کرا دەستیان لە لۆرییەکانی ئێمە وەشاند.

لە وەتی بیرحەکیم و غۆتەلعەوالب گیرابوون بەریتانییەکان دەبایە خۆیان بۆ کشانەوە ساز بکەن یان هەرنەبێ لەنێوان ئەکرامە و غەزالە دامەزرێن، هێشتا ٢٠٠–٣٠٠ ڤیکڵی زرێپۆشیان مابوو لەگەڵ ٢٠٠ تۆپێکی باش دەیانتوانی سوودیان لێ ببینن چونکە پیادە ئیتاڵییەکانی غەزالە لەو بیابانەدا هەرگیز بەدوایان نەدەکەوتن، ئیتر نازانم لەچی دەترسان؟

تیپی ١٥ی پانزەر لە ٦/١٥ هێڵی ڤیابالبیای قەدبڕ کرد و لەباتی ئەوەی ڕێگاکە بگرن، وەکو کە گوتبووم، ڕاستەوخۆ تا سەر دەریا گیر نەبوون. شەش تانکیان لەسەر ڕێیەکە دانابوو، ئیتر بەریتانی و باشوور–ئەفریقییەکان بەئاسانی ئەم چەند تانکانەیان راماڵی و توانییان چەند تاقمێکی تر بۆ لای میسر ئاوا بکەن. هەمووش بە شێتانە رایان دەکرد. بەڵام هەندەی نەبرد تیپی پانزەر گەڕایەوە سەر ڕێگاکە و بەیەکجاری بڕییان، تیپە ئیتاڵییەکان و لیوا ئەڵمانییەکەی غەزالەش هاتن.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٦/١٥

شەڕەکەمان بردەوە و دوژمن تێکشکان. ئێستا وا خەریکین بەشە جوداکان بدۆزینەوە تاکو وێرانیان بکەین. گومان نییە کە زیانێکی زۆرمان دا. گاوس و وێستفال هەردووک بریندار بوون، گاوس دوو– سێ هەفتەی تر دەگەڕێتەوە، دەنا وێستفال مانگێکی پێ دەوێت...

تیپی ٢١ی پانزەر و تیپە سووکەکە و شوێنهەڵگرەکانم لە بەیانییەوە بۆ ئەدیم بەڕێ کرد. ئەدیم سندووقێکی چوارگۆشە بوو خاڵێکی بەرگریی بەهێزیشیان لە باتروونا

دانابوو. پاش برینی مینستانەکان هێرشەکە پەرەی ستاند و شەڕێکی گەرم لەگەڵ هیندییەکانی ئەدیم هەڵگیرسا. ئێوارێ باتروونا راماڵدرا و ٨٠٠ پیاو دەستبەسەر کران و سەرباری بۆمباردمانی دوژمن، هێزەکەمان بەشەو گەیشتنە سیدی رزق. تیپە سووکەکە وێڕای هەموو هێرشەکان ئەدیمیان پێ نەگیرا.

دیاربوو بەریتانییەکان دەکشانەوە سنووری میسری و هێزەکانیان لە توبرق و ئەدیم بۆ دواخستنی مە هێشتبۆوە تاکو پێڕابگەن هێڵی بەرگری پێک بێنن.

گومانم پەیدا کرد کە هێڵەکانی بەرگریی توبرق هەر دەبێ کەموکوڕییەکیان هەبێت چونکە بەشێک لە تیپی ٢ی باشوور– ئەفریقی لە ئەکرامە وەستان بەرگرییان دەکرد، دیارە وەستانەکەیان بەبەلاش نییە و دەیانەوێ کەلێنێکی خۆیان داپۆشن.. بۆیە بڕیارم دا کە بەگەرماوگەرمی و تا زووە پەلاماری توبرق بدەم. خێرایی هەموو شتێک بوو بۆ مە.

## شەڕی دووەمی توبرق

ئێستا شەڕەکەی غەزالە کۆتایی هاتبوو٦٠,٠٠٠ بەریتانی تر دەستگیر کرابوون و نیشانەکانی شکستی بەریتانیا بەدرێژایی رێگا دیاربوون. چەک و ڤێکڵ لە هەموو شوێنێک فڕێ درابوون. هەندێکیان یەکسەر بەکار هێنرانەوە و هەندێکیان تیمەکانی میکانیک رایاندەکێشان.

توبرق بەهێزترین قەڵاسەنگەر بوو لە هەموو باکووری ئەفریقیادا. ساڵی ١٩٤١ توبرق خەفەتێکی گەورەی بۆ ئێمە دروست کرد. ئێمە شارەزای توبرق ببووین. لە راستیدا زۆر شوێنی توبرق بە خوێنی مە ئاودرابوو.

پلانەکەی ساڵی پار لەبەر هێرشەکەی کەنینگهام سەر نەکەوت، ئەمجارە نیازمان هەبوو یەکسەر پلانەکەی پار جێبەجێ بکەین. پلانەکە بریتی بوو لە هێرشێکی درۆ لەلای باشووری خۆرئاوا بکرێت بۆ ئەوەی هێزەکانی نێو توبرق بەرانبەر ئەو بەشە ببەسترێنەوە. ئینجا بەشە سەرەکییەی لەشکر، وا دیار خەن گوایە بەچەشنی ساڵی پار گەمارۆیان دەدەین. بەڵام بەشەو بسووڕێنەوە بۆ هەمان شوێنی یەکەم (باشووری



خۆرئاوا) و دەستبەجێ بۆمباردمان و تۆپباران دەست پێبکەن.. توبرق گرێی لە دڵی هەموو پیاوەکان دروست کردبوو، هێمای بەرگری بەریتانییەکانی دەنواند و هەر دەبایە کۆتایی پێ بهێنین.

بەیانی ٦/١٦ رێگای بالبیام گرتە بەر بەرەو خۆرهەڵات. تووشی ترووپەکانی خۆمان بووم، فەرمانم دانێ کاروانە لۆری بۆ پیادەکان پەیدا بکەن و بەزووترین کات بگەنە خۆرئاوای توبرق. لەم شەڕانەدا فێرە یەک شت ببووم، پەلە و خێرایی، ئینجا هاوکاری و هەماهەنگی، دەنا خەمساردی و رازیبوون بە بەش و بەخت و دەسکەوتی بچووک، ئەم رەوشتە لە شەڕدا مەرگەسات دەگەیێنێت.. بەڕای من فەرماندەی باش دەبێ چەند مەرجێک پێڕەو بکات:

١– جێبەجێ کردنی هەموو وردەکارییەکان چونکە سەرباز و ئەفسەر لەخۆڕا هەموو شتێک بە وردی بەڕێوە نابەن.

٢– دەبێ واز نەهێنێ تا هێزەکانی لەسەر هەموو تەکنیکێکی نوێ رابێنێت.

٣– دەبێ گرفت و پێداویستیی پیاوەکانی بزانێت.

٤– نابێ خۆ بەجۆرێک بنوێنێت کە لەگەڵ کەسایەتی خۆی نەگونجێ. سەرباز هەست بە کەسایەتی هەموو فەرماندەیەک دەکەن، دەشزانن کام قسەی راستە و کامەی درۆیە.

تیپی ٩٠ لە ٦/١٦ دووبارە هێرشیان بۆ ئەدیم کردەوە کەچی دیسان پێیان نەگیرا. سەنگەرەکان وەکو سەنگەرەکانی بیرحەکیم و هەموو سەنگەرە بەریتانییەکان بوو. ئیتر بەهەمان شێوەی بیرحەکیم، لیوایە هیندییەکان خۆیان بەشەو دزییەوە. ٥٠٠ کەسێکیان لەوێ هێشتەوە تا ئێوارەی٦/١٧ چەک نەبوون.. هەروەها رۆژێک پێشتر فەیلەقی ئەفریقی مەڵبەندە بەهێزەکانی ئەلدوودە و بەلحامدی راماڵیبوو.

تێکڕای فەیلەقی ئەفریقی و تیپی ئاریەتی بەرێ کران بۆ گەمبووت. مەبەست ئەوەبوو بەریتانییەکان هەست نەکەن کە نیازی گرتنی توبرقمان هەیە و لەهەمان کاتیشدا هاتوچۆمان لە باشووری توبرق ئازاد بێت.. ئاریەتی لە سەرەتاوە هەندێک دواکەوتن و لە فەیلەق دابڕان. بەدوایاندا گەڕامەوە و بەنێو شەڕە تۆپێدا کەوتین و

بەحاڵ لێی دەرباز بووین، ئینجا بە رادیۆ پێوەندیمان لەگەڵدا کردن و رێنمایی کران بەرەو بەشە گەورەکەی لەشکر.

کاتژمێر ١٧,٣٠ لەگەڵ ستافەکەم تیپی ٢١ی پانزەرم بەرەو باکوور لادا و پاش هەندێک ئاڵۆزی لەگەڵ مینستانەکانی دوژمن، کاتژمێر ٢٢ گەیشتینە گەمبووت. بەشی گەورەی تیپەکە شەو لە پێش مینستانەکە وەستان ٤,٣٠ بەیانی ٦/١٨ گەیشتینە هێڵەکەی شەمەندەفەر، بەریتانی لەم دواییانە دروستیان کردبوو لە مەرسا مەترووحەوە تا توبرق. فەوجی ٤ی پیادە لەو شەوەدا ٥٠٠ ئەسیرێکیان گرتبوو و تا دەهات زیاد دەبوو. هەروەها لە فڕۆکخانەکەدا ١٥ فڕۆک و ژمارەیەک تانکەری پترۆڵمان گرت کە سوودێکی باشیان هەبوو.. کە گەڕامەوە بۆ بارەگاکەم بە گوللەی ٢٥ پاوندی تۆپباران کراین. کایلم نارد چارەکیان بکات واش هەر بەباشترم زانی بگوازینەوە شوێنێکی ئاسوودەتر.

نیوان توبرق و گەمبووت لەهەمان رۆژ خاوێن کرایەوە هەروەها چەک و یەدەگی خۆمان دۆزییەوە کە ساڵی پێشوو بەجێ مابوون، ئەوانیشمان خستەوە کار. پاش نیوەڕۆی ٦/١٩ لەشکر ساز کرا و تیپە سووکەکەش لەنێوان توبرق و بەردییە دەستی بەسەر کۆگای بەریتانییەکاندا گرت. دوو تیپی زرێپۆشی ئیتاڵی تازەشمان بۆ هات، پاڤیا و لیتۆریۆ، خرانە بەر مەیدانی توبرق.. هەستمان دەکرد چالاکییەکانی ئێمە بۆ شێواندنی دوژمن سەریان گرتووە چونکە هیچ هێزێکی زرێپۆشی دوژمن لەلای توبرق دیار نەبوون ئیتر دوا شەوی پێش هێرشەکە پیاوەکان لەسەر و ئاو ئاگر بوون بۆ توبرق.



# گرتنی توبرق

هێزە بەریتانییەکەی نێو توبرق هەمان هەندی ساڵی پێشوو دەبوون:

* تیپی ٢ی پیادەی باشوور- ئەفریقیا.
* لیوای ١١ی هیندی.
* چەند فەوجێک لە تانکە قورسەکانی پیادە کە سەر بە لیوای ٣٢ بوون.
* بەتالیۆنی ٢ی لیواکەی پاسەوانان.
* کۆمەڵێک فەوجی تۆپخانە.

هەروەها پێنج تیپی تر هەبوون، لەمانە سێیان لەشەڕدا شڕ کرابوون. دووەکەی تر تازە گەیشتبوونە جێ.. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هێزەکەیان وەکو ساڵی پێشوو نەبوو چونکە تازە لە شەڕێک بەزیبوون و ماوەیان نەدرابوو خۆیان بۆ بەرگری ئامادە بکەن.

*ل.ھ: ئەم قسە زۆر راست نییە. تیپەکەی باشوور- ئەفریقیا لە سێ فەوج دووانی مابوو. لیوای ٢١ تەنیا یەک فەوجی هەبوو. لیوای تانکەکانیش تەنیا دوو فەوجی تێدا بوو. لە تۆپخانەشدا تەنیا یەک لیوای دژەفڕۆک هەبوو و بەس.*

رۆمل: دەبێ یەک شت دەربارەی توبرق بزانین کەوا ئەم لا و ئەولای بە زوورگ گیراون. زوورگەکان تا بیابانی باشوور درێژ بوونەتەوە. واتە سەنگەرێکی سروشتیی هەیە وێڕای ئەو هەموو خەندەک و سەنگەرانەی کە ئیتاڵی و دواتر بەریتانی پتەویان کردن.. فەیلەقی ئیتاڵی XXI بۆ هێرشێکی ساختە تەرخان کران. هێرشە راستەقینەکە لە ئەستۆی فەیلەقی ئەفریقی و فەیلەقی XXی ئیتاڵیدا بوو و پێش هێرشەکە تێکڕای هێزی ئاسمانیی ئەڵمانی و ئیتاڵیی لە ئەفریقیا بۆ پەلاماری توبرق ساز کرابوون. چەند بەشێکیش لە مینستانەکان خاوێن کرانەوە.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٦/٢٠

دوێنێ شەو بەهەمووی دوو کاتژمێر نوستووم. ئەمڕۆ رۆژی خۆمە ئومێد دەکەم بەختەکەم بیکات.

کاتژمێر ٥,٣٠ چەند سەد فرۆکێک بە هەموو تواناوە خاڵە نیشانکراوەکانی باشووری خۆرئاوای توبرقیان کوتا. چاوم لێ بوو هێزە هیندییەکان زەبریان لێ دەکەوت و لە زۆر شوێن چەک و جبەخانەی دوژمن دەتەقینەوە.. کە بۆمباردمانەکە وەستا پیادەکانی فەیلەقی ئەفریقی (فەوجەکانی تفەنگچی) و پیادە ئیتاڵییەکان چوونە. سەنگەرەکان یەک بە یەک دەگیران و شەڕی دەستەویەخە رووی دەدا.

کاتژمێر ٨ی بەیانی ئەندازیارەکان پردێکیان لەسەر خەندەکی دژەتانکەکە دروست کرد. ئەو کارەی کە ئەوان ئەنجامیان دا شایستەی پاداشتە چونکە بە قسە دیار ناخرێ بە چ حاڵێک و لەژێر چ ئاگرێکی دوژمندا ئەم کارەیان بەڕێوە برد.. ئێستا رێگامان بوو و زرێپۆشەکان تێ بەردران.

یەکسەر لەگەڵ تیپی ١٥ی پانزەر بە نێو مینستانەکەدا رەت بووین بەرەو لای پردەکە. قەرەباڵغایی دروست دەبوو، هەستام لوتانەت برێندم نارد ترافیکەکە رێک بخات. پاش نیو کاتژمێر لەگەڵ بایەرلاین پەڕینەوە و پێش هەموو شتێک دوو سەنگەری دوژمنم پشکنی.. لەم کاتەدا تیپەکەی پانزەر ببوو بە نیشانەی تانکەکانی دوژمن کە لە دەرەوە و ناوەوەی توبرق ئاگریان دەباراند. شەڕە تانکێکی قورس هەڵگیرسا و تۆپخانەکانی هەردووک لا تێدا بەشدار بوون.. تیپەکانی ئاریەتی و تریەستی لە خەندەکەکە پەڕیبوونەوە بەڵام لەبەرانبەر سەنگەرەکانی دیکەدا چەقیبوون. کاتژمێر ١١ فەرمانم دان کە بەدوا تیپەکانی پانزەر بکەون. فەیلەقی ئەفریقی بە هەسپایی رێگای بڕی و بەرەنگاری ٥٠ تانکێک بوونەوە و شکاندیانن تا لە کاتی نیوڕۆ گەیشتنە دووڕیانەکەی سیدی مەحموود. ئەمەش کلیلی توبرق بوو.

فەیلەقم بەرەو پێش برد و شەڕێکی یەکجار گەرم لەگەڵ قەڵاتەکەی توبرق و چەند سەنگەرێکی سەر (جەبەل Jebel) چەند کەشتییەکە لە بەندەرەکە وەستابوون سەربازیان بار کردبوو و خەریکی هەڵاتن بوون. یەکسەر چەکەکانی ٨٨ ئاراستەیان کران و شەش کەشتی نوقم کران، هەموو پیاوی نێو کەشتییەکانیش هەڵگیرانەوە.

پێشڕەوی بەردەوام بوو و بۆ نێو شارۆچکەکە شۆڕبووینەوە، بەریتانی یەکجار چیڕ



بوون. لوتانەنت شاپنباخی ناردە لای ئەو ٥٠ چەکدارە کە چەک بن. تاکە وەرامێکیان ئەوە بوو کە دەسرێژێکیان بە سەیارەکەوە نا. ئەوجار کۆلۆنێل هوویەر بە شەش دژەتانک لێیان چووە پێش و بە نارنجۆک ماتی کردن.. کەشتییەکی تر نوقم کرا و قەڵاسەنگەری پلاسترینۆ چەکیان دانا، بەڵام قەڵاسەنگەری سۆلارۆ بەشەڕ گیرا. بەندەر و نێو شارەکە لە پاش نیوڕۆوە گیران و کە شەو داهات ٣٢ی توبرق گیرابوو.

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ٦/٢١ گەشتێکم بەنێو توبرقدا کرد. شارۆچکەکە کاول ببوو ئەگەر نەڵێم تەخت ببوو، زۆربەی ئەم وێرانکارییە ئی ئابلووقەکەی ساڵی پار بوو.. ئینجا بەرێگای ڤیابالبیا بەرەو خۆرئاوا چووین، ستافی لیوای ٣٢ی زرێپۆش داوای خۆ وەدەستدانیان کرد، ٣٠ تانکی خاوێنمان لەم لیوایە کەوتە دەست[٧]. ئینجا ٤ میل لە دەرەوەی توبرق جەنەراڵ کلۆپەر، باشوور – ئەفریقی بوو، لەوێدا خۆوەدەستدانی توبرقی راگەیاند بەشێوەیەکی فەرمی، ئەوەشی گوت کە تا پێی کراوە دەستی نەپاراستووە بەڵام توانای بەرگریی نەمابوو. بە ستافەکەم گوت با بەسەیارەیەک بیهێنن بۆ توبرق.١٠,٠٠٠ ئەسیر لەمبەر ئەوبەری رێگاکە وەستابوون. کە گەیشتینە هۆتێل توبرق لەوێ هەندێک قسەمان کرد. دەرچوو کەوا جەنەراڵ کلۆپەر هیچ هێڵێکی پێوەندی لەگەڵ لەشکری بەریتانی نەمابوو تا بتوانێ ئۆپەرێتێکی خۆدەربازکردن ساز بکات و، لەبەر خێرایی رووداوەکان هیچ دەرفەتێکی نەبووبوو.

رێنماییم بە جەنەراڵە باشوور– ئەفریقییەکە دا کە خۆی و ئەفسەرەکانی ببن بە سەرپەرشتیاری ئەسیرەکان و کۆگاکانی کە لەشەڕدا گیران.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٦/٢١

توبرق! بەڕاستی شەڕێکی جوان بوو. زۆر شت لەم ناوچە روو دەدەن، پاش ئەو ماندووبوونەی رۆژانی پێشوو پێویستم بە هەندێک خەو هەیە. بیرت دەکەم.

(٧) ل هـ: لیواکە تانکەکانی خۆیان سووتاندن و بە پێ هەڵاتن، رەنگە ئەم تانکانە ئەوانە بووبن کە لە وێرکشۆپەکان چاک دەکرانەوە.

گرتنی توبرق، کە بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی ئەجام درا، دەرەنجامی کۆتایی بوو شەڕەکەی مەرمەریکا چونکە هەر یەک لەم (ئەفریقییانە) ی لەشکرەکەم سەر لووتکەیەکی جەنگی ئەفریقیای دەنواند.

ڕۆژی دواتر ئەم فەرمانەم دەرکرد بەناوی لەشکرەکەی پانزەر:

سەربازەکان!

شەڕە مەزنەکەی مەرمەریکا بەم داگیرکردنی توبرق تارایەکی خرایە سەر. دەستمان بەسەر ٤٥,٠٠٠ ئەسیر و ١٠٠٠ ڤێکڵی زرێپۆش و ٤٠٠ تۆپی جۆراو جۆردا گرت. ئێوە لە شەڕی چوار هەفتەی رابردوودا، بە ئازایەتی و ڕەقییەکی بێ چەشن زەبری یەک لەدوا یەکتان لە دوژمن وەشاند. دڵە هێرشبەرەکەتان وای لە دوژمن کرد هێزە مەیدانییەکانی خۆی لەدەست بدات. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە هێزە زرێپۆشەکەیان لەدەست چوو. پیرۆزباییەکی تایبەت ئاراستەی ئەفسەران و پیاوان دەکەم بۆ ئەم دەسکەوتە پایەدارە.

سەربازەکانی لەشکری پانزەری ئەفریقی!

ئێستاش بەرەو وێرانکردنێکی یەکجاری. ناسرەوین تا دوا پارچەی لەشکری هەشتەمی بەریتانی تێک نەشکێنین. بۆ ڕۆژانی ئایندە داوا دەکەم یەک هەوڵی تری وەک ئێستا مەزن ئەنجام بدەن تاکو بە ئامانجی کۆتایی بگەین.

ئەروین ڕۆمل.

*ل.هـ: ڕۆژی دووەم لە بارەگای هیتلەرەوە هەواڵ بە ڕۆمل گەیشت کە پایەی (فیڵد- مارشال) ی پێ دراوە. ئەوسا تەمەنی ٤٩ ساڵ بوو. لە ڕۆژانی ئایندەدا ڕۆمل هەندە سەرقاڵ بوو بەبیریدا نەهات نیشانەکانی فیڵد مارشال لەسەر شانی خۆی ببەستێ (دوو باتۆن لەسەر شێوەی X) دواتر لە عەلەمێن فیڵد مارشاڵ کێسلرینگ دیتی و بەبیری هێنایەوە کەوا ئێستا بووەتە فیڵد مارشال و دەبێ نیشانەکان ببەستێت، ڕۆمل نیشانەکانی نەبوو، کێسلرینگ هەستا جووتێک نیشانەی خۆی پێشکەش کرد.*



*دواتر لە هەیڤی ئەیلوولدا هیتلەر بە شێوەیەکی فەرمی باتۆنەکەی پێ بەخشی. ڕۆمل بۆ خێزانەکەی نووسی "لەباتی ئەم باتۆنە، حەزم دەکرد هیتلەر تیپێکی تری ناردبایە بۆ من"*

## چاپتەر X

### راونان بۆ نێو میسرڕ

چوار هەفتە شەڕی قورس دژ بە لەشکرێکی لەخۆت گەورەتر لەشکرەکەمانی شل کردبوو. بەڵام دەستکەوتێکی زۆرمان هەبوو لە چەک و پترۆڵ و خۆراک. کەواتە ئێستا کاتی نوێکردنەوەی هێزی خۆمانە.

رۆما بەڵێنیان دابوو کە لانی کەمی پێداویستییەکان دابین بکەن ئەوەش بەمەرجێک ئەگەر توبرق و مەرسا مەترووح بگرین. جا ئێستا پێویست بوو خۆ بگەیێنەم نێو میسرڕ تاکو بیانگەیان لێ ببرِم. بەڵام هێرشەکەم تەنیا بەم هۆیەوە نەکرد. من لە سەرەتاوە نیازم نەبوو دەرفەت بە دوژمن بدەم خۆ ساز بکەنەوە و هێزەکانی لە وڵاتانی خۆرهەڵات کۆ بکەنەوە. لەشکری هەشتەم تەنیا دوو تیپی پیادەی مابوو، زرێپۆشێکی ئەوتۆشیان نەبوو پیاو ناوی بێنێت. لەهەمووی گرینگتر، یەکەم جار بوو رێژەی هێزی مە لەچاو هێزی وان زۆرتر بێت. دەمویست لەشکری هەشتەم بەزووترین کات رامالّم تاکو بگەینە ئەسکەندەرییە و سوێس.

رەخنە ئاراستەی پلانەکەم کراوە گوایە دەبایە لە سەللووم بوەستم چونکە رێگای هاتوچۆی کەلوپەل زۆر دوور و درێژ بوونەوە کە وای لێ هات سوێس لێمان نزیکتر بێ تا بەنیغازی.. بەڵام لە وەرامی ئەم بۆچوونەدا دەبێ بڵێم:

١- ئەگەر لە سەللووم وەستابام ئەوسا تووشی بارێکی خراپتر دەبووین چونکە زرێپۆش لە عەلەمێن ناتوانن بەباشووردا بسوورِێنەوە کەچی لە سەللووم و مەرمەریکا بەگشتی هەموو هێزێکی مۆبایڵ دەتوانی باڵچەرخیی بەنێو بیاباندا بکات. هەروەها زۆربەی لەشکرەکەم پیادە بوون ئەوانەش لە کشانەوەدا دەبوونە بارگرانی، یان ئەوەتا دەبایە بەجێیان بهێڵین.

٢- دەڵێن بەندەرەکانی توبرق و مەرسا مەترووح لەبەر مەودای هێزی ئاسمانیی





دوژمندا بوون. بەڵام ئەگەر پێشرەویم نەکردبایە، بەریتانییەکان هەمان ناوچەیان دەکردە بنکەی هێزی ئاسمانی و ئەوسا بەنیغازی پەکی دەکەوت. واتە ناچار دەبووین تەنیا تەرابلوس وەکو بەندەر بەکار بێنین، ئەمەش هێڵەکانی هاتوچۆی زەمینی دووهەندە لێ دەکرد(١).


گلەیی راستەقینە لە رۆما دەکرێت، دەبایە بەخۆ بکەون و نیو هەندی پیاوەکانی مە رەنجیان کێشابایە بۆ ئەوەی یەدەگ و یارمەتی لە دەریا بپەرِێننەوە. من کە فەرمانم دا پێشرەوی بۆ نێو میسرڕ بکرێت، لە کۆماندۆ سووپێرمۆ را دەدیترا کە هەندێک بەگەرِ بێن.. پاشان من دوا بەدوای گرتنی توبرِق داوام لە مۆسۆلینی کرد لەشکری ئەفریقی ئازاد بکات کە بچین بۆ نێو میسرڕ، ئەویش پەسندی کرد و من بەم پێیە فەرمانی پێشرەویم داوە.

پێشرەوی بەبێ گرێ بەرِێوە چوو. وێرای ماندوویەتی، ورەی پیاوەکان لەوپەرِدا بوو. ٦/٢٢ بەرەو خۆرهەڵات جووڵان. خۆم ٦/٢٣ لە سنوور پەرِیمەوە پاش تیپی ٩٠ی سووک کەوا ماوەیەک بوو دوژمنی پاڵ دەنا. لەشکری هەشتەمیش لە دوورەوە تۆزی کشانەوەی هەڵدەستاند،

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٦/٢٣

بەرِێوەین، ئومێد دەکەم بەم زووانە زەبری دووەمیان لێ بوەشێنم، مەرج

(١) بایەرلاین: بۆچوونەکەی رۆمل بەشێوەیەکی گشتی راستن. واش هەر دەبێ بزانین ئەگەر تا عەلەمێن نەچووبایە ئەوسا مۆنتگمری ماوەیەکی زۆرتری دەویست تا لەشکری هەشتەمی زیندوو دەکردەوە. هەروەها کە رۆمل مەیدانەکەی خۆی هەندە لە تەرابلوس دوور نەخستبایەوە ئەوسا هێرشی ئەمەریکی- بەریتانی بۆ توونس هەندە زوو نەدەکرا.. جەنەراڵ وێستڤال لە کتێبەکەی (لەشکری ئەڵمانی لە خۆرئاوا) دەڵێ لەشکری ئەڵمانی دەبایە لە سەللووم بوەستن و هێزی خۆیان (بەتایبەتی هێزی ئاسمانی) بۆ داگیرکردنی دوورگەی ماڵتا بەکار بێنن. بەڵام ئەمە رایەکی لاوازە چونکە ١٨ هەیڤ بوو فەرماندەیی گشتی ئەڵمانی و کۆماندۆ سووپێرمۆی ئیتاڵی ماڵتەیان نەدەگرت. کێ دەڵێ ئەوسا بیریان لەمە دەکردەوە؟
لەراستیدا رۆمل زۆربەی ئەگەرەکانی رەچاو کردبوو. بەڵێنیش هەبوون کە گوایە هێزی تازەی بۆ دەنێرن (بەڵام دواتر ناردران بۆ رووسیا) ئیتر وای دانابوو کە بەگوێرەی توانای بەر دەستی خۆی گەورەترین زیان بە دوژمن بگەیێنێت.




ئەوەیە کە گـورج بین. یادگاری هەفتـەکانی پێشـوو وەکو خـەونێکیان لێ هـاتووە. گـاوس هـاتەوە. هێشـتا زۆر مـاندوو دیارە بەڵام خـۆی لە ریزەکانی پشتەوە پێ رانەگیرا.

رۆمل: لە٦/٢٤ لەگەڵ تیپە سووکەکە بەوپەڕی خێرایی پێشڕەویمان کرد. بەداخەوە فەیلەقی پانزەر پترۆلیان لێ بڕا و چەند کاتژمێرێکی زۆر گرینگیان لەدەست چوو. لە وێسـتگەی شـەمـەندەفـەری هەباتە هەندێک تانکەرە پـترۆڵ لـەوێ دەسـووتـان بەڵام کوژاندیانەوە و سوودیان هەبوو تا بەشی گەورەی لەشکر کەوتەوە رێ.

سـبـەینێ گـەیشـتـینە خـاڵێکی ٣٠ مـیل لە خـۆرئاوای مـەرسـا مـەترووح. فـڕۆکـە بەریتـانییەکـان لە رێدا پەلاماریان دەدایـن. بەهـەمـووی ٥٠ تانـکی خـۆمـان لەدەسـتـدا مـابوون، ئـەوانی دیکـە هـەمـو بـەریتـانـی بـوون، جـا لـەشـکرەکـەمـان بە لـەشـکرێکی بەریتـانی دەچوو. هەندێک لە بەریتـانیـیـە هـەڵاتووەکـان بە غـار دەهـاتنە لامـان تا لەگـەڵمـان سـوار بن. کـایل دەسـتبـەسـەری دەکـردن و پشـتی ڤـێکڵـەکـەمـان پڕ بوو لە ئەسیری بەریتانی.

ئیتـاڵییەکان بەدەردی خـۆیانەوە گرفتار بوون. لە ٦/٢٥ تیپی ئاریەتی بریتی بوو لە



١٤ تانک و ٣٠ تۆپ و ٢٠٠٠ پـیاو کـە زۆربەیان پیـادە بوون. تیـپی لیـتـۆریۆش لەبەر نەبوونی پترۆڵ بەجێ ما.

لە ٦/٢٦ فڕۆکی دوژمن کـاروانێک پترۆڵیان سـووتاند. زەبرێکی ناخۆش بوو پێمان کەوت، واش هـەر توانیـمان بگـەینە ١٠ مـیلی خۆرئاوای مـەرسـا مـەترووح. تیپەکانی ١ و ٧ی بەریتـانـی لەبەرمـان کـشـانەوە، هـەندێک شـوێنهـەڵگریان بەجێ هـێشـت بۆ چاودێری. هـەمـوو ئومـێدیان ئەوەبوو کە بتوانن هـەندێک دوامان بـخەن تاکو بارگەی فڕۆکخانە و کۆگاکانیان لە مەرسا مەترووح و ئەلدابە چۆڵ دەکەن.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٦/٢٦

وا راویان دەنێین، دەمـەوێ ئەمـڕۆ پاشـمـاوەکـانیـان پـەلامـار دەم. لەگـەڵ گاوس لە رۆخی دەریا دابەزیوین. مـەلەکردن کـەڵکی نییـە چونکە ئاوەکە گـەرمە. خـواردنی باشـمان هـەیە. ئەمڕۆ کاڤالێرۆ و رینتـەلین دێن. وابزانم دیسـان هاتـوون گـرفـتـمـان بۆ پەیدا بکەن. ئەم دەرۆزەچییـانە ڕەوشـتی خۆیان ناگۆڕین.

رۆمل: لە هـەمـان رۆژ بۆمـان دەرکـەوت کـە ریتچـی بڕیاری داوە هێـڵی بەرگـری لە مـــەرســـا مـــەترووح و بیـــرخـــالدە دابنێت[٢]. بەڵام فـــەیلـەقی ئەفـــریقی خـــێـــرا شـوێنهـەڵگرەکانی راو نـا. تیـپـە سـووکـەکـەش بە باشـووردا چوو ئینجـا تا دەریا سـووڕایەوە و گـەمـارۆی دان.. سـەنگەرەکـانی مـەرسـا مـەترووح هەمـان شـێـوازی توبرقـیـان هـەبوو بـەڵام هـەندە خـزمـەت نەکـرابوون. ٢٠٠,٠٠٠ مـینێک لـەدەوریدا بڵاو کرابوونەوە. تیپی نیوزیلاندی و هیندی و بەریتانی تێدا بوو[٣].

رۆژێک پێـشـتـر جـەنەراڵ بالداسـاری، فـەرمـاندەی فـەیلـەقی xx، بە تۆپی دوژمن کوژرابوو ئیتر لەگەڵ فـەیلەقی ئەفریقی بە فـەرماندەیی جـەنەراڵ نێرینگ بـەگژ تاقـمە

(٢) ل هـ: رۆمل راست دەکات و بڕیارەکە بەو جۆرە بوو بەڵام لە هـەمان رۆژدا ئۆکنلیک فـەرماندەیی لە دەست ریچـی وەرگرتەوە و یەکـەم بڕیاری ئەوە بوو کە واز لە مـەرسـا مـەترووح بێنێت. هـەر وەکو رۆمل دیاری دەخات، دیارە بڕیارەکەی ئۆکنلیک بەجێ بووە.

(٣) ل هـ: ئەم قـسـە راست نیـیـە، نیـوزیلاندییـەکـان ٢٠ مـیل لە باشـووری مـەرسـا مـەترووح دامەزرابوون.

تانکێکی ئەمەریکی ناوەنجیدا چوون، ئەوانە تازە لە ئەمەریکاوە گەیشتبوونە میسرِ. ١٨ تانکیان شکان بەڵام برِانی پترۆڵ دەستی بەستنەوە.

جەنەراڵ فرایبێرگ، فەرماندەی لیوایە نیوزیلاندییەکە، پیرە ئەفسەرێکی شارەزا بوو. قورسایی خۆی خستە لای باشوور تاکو رێگا دەرکات، شەرِێکی درِ هەڵگیرسا و بارەگای منیشی گرتەوە. بەمەش نەوەستان و سەرباری هاتنی هێزی دیکە، بارەگاکەم پرِ بوو لە سەیارەی سووتاو. فەرمانم دا هەندێک بارەگاکە بکشێننەوە لای باشوور. لەو شەوە تاریکەدا شەرِەکە بوو بە تێکهەڵدایەکی سەیر، فرِۆکەی بەریتانی پەلاماری نیوزیلاندییەکانی دا و ئەڵمانیش تەقەیات لە یەکتر کرد.. ئیتر بەری بەیانی چەند سەد ڤێکلێکی نیوزیلاندی بە باشووری خۆرهەڵاتدا دەرباز بوون. لە بیابانی ئەوهادا گەمارۆدان شتێکی ئاسان نییە[٤].. سبەینێ بەیانی (٦/٢٨) سەردانی ناوچەی ئەو کەلێنەم کرد کە پێدا دەرباز بوون. هەندێک لۆری سووتاو و تەرمی نیوزیلاندییەکانی لێ بوو کە فرِۆکی بەریتانی بە هەڵە پەلاماری دابوون.

کاتژمێر ١٧ هەموو تیپەکان هێرشیان کرد بۆ مەرسا مەترووح. وێرِای بەرگرییە چیرِەکە تیپی ٩٠ نەوەستا، ڤێکلە بەریتانییەکان دەیانویست بەهەر لایەکدا دەرپەرِن بەڵام زۆربەیان ئەنگاوتران. هەندێکیان ڤێکلەکانیان بە تەرمی هاورِێکانیانەوە دەسووتاند و بە پێ هەڵدەهاتن. مەرسا مەترووح بوو بە مەیدانێک ئاگر..

بەیانی٦/٢٩ مەرسا مەترووح کۆنترۆڵ کرا. تیپی ٩٠ بە خۆرهەڵاتدا و کایل لەگەڵ فەوجی ٥٨ی شوێنهەڵگر بە باشووردا تا قەڵاسەنگەرەکەیان رامالًی. دەستکەوتەکان لەژمار نەدەهاتن، چەک و شمەک و پێداویستییەکانی تیپێکی سەرلەبەرمان گرت. ٤٠ تانک تێک شکان و ٦,٠٠٠ پیاو دەستبەسەر کران. داخم ئەوەیە کە دەبایە نیوزیلاندییەکانی فرایبێرگیش بگرین، ئەوانە لە پارەوە لە شەرِی ئێمە راهاتبوون و زۆر خۆش دەبوو ئەگەر لەکۆڵ کرابانەوە.

بەشی گەورەی پیادە بەریتانیەکان کێشایەوە بۆ عەلەمێن و بەهەموو تواناوە

(٤) ل هـ: رۆمل ئاگای لە حاڵەکە نەبووە. ئەو لە شوێنێک دامەزرابوو لە نێوان مەرسا مەترووح و بنکەی لیوایە نیوزیلاندییەکان لە مینکا کوێم Minqa Quaim. لیواکە بە شەو کەلێنیان بۆ هێزەکانی نێو مەرسا مەترووح کردەوە. ئەوەی کە دەرباز بوون لیوای ئینگلیس بوون.



خەریک بوون هێڵێکی بەرگریی پتەو دامەزرێنن. عەلەمێن دوا شوێن بوو کە بتوانن بەرگری تێدا بگێرِن، ئەگەر زوو فریا کەوتباین بیگرین ئەوسا تەگەرەیەک لەپێشماندا نەدەما.. نیورِۆ لە رادیۆ بیستم کەوا بەریتانییەکان حنێش چۆڵ دەکەن. تیپی ٩٠ لەنزیک فووکە درانە بەر ئاگری سەیارەی شوێنهەڵگرەکانی دوژمن. پاش ماوەیەک تووشی مینستانێک بوون. ئیتر تا شەو گەیشتنە خاڵێک شەش میل لە خۆرئاوای ئەلدابە. دەنگی گرمەی زۆر گەورە دەهاتن. بەریتانییەکان کۆگاکانی خۆیان دەتەقاندنەوە.

هەندێک جار پێویستە فەرماندە لە ریزی هەرە پێشەوە بێت. بەرزکردنەوەی ورەکان نابێ بەتەنیا لە ئەستۆی ئەفسەری یەکە سەربازییەکەدا بێت. پێویستە سەرباز هەندێک تێکەڵاویی راستەوخۆ لەگەڵ فەرماندەکەیان هەبێت نەک تەنیا ببیسن کەوا لە شوێنێکی پشتەوە پاڵی داوەتەوە فەرمانان دەدات. لەکاتی ترس و تەنگانە و بەرەڵڵاییدا، لەم هەڵوێستانەدا پێویستە رەفتاری هەنووکەیی فەرماندە ببێتە نموونە و ئەوانی دیکە لاسای بکەنەوە.

*ل.هـ: لێرەدا جەنەراڵ بایەرلاین ئەم تێبینییەی تۆمار کرد گوتی: رۆمل کە بەرِێوەبەری ئەکادیمی سەربازی بوو لە ڤینەر نۆیشتاد خوێندکارەکانی فێر دەکرد بایەخ بە کەسایەتی و رەفتاری رۆژانەی خۆیان بدەن. ساڵی ١٩٣٨ ئەم گوتارەی ئارِاستەی خولی دەرچووەکان کرد:*

*"لەکاتی ئیش و لە ماڵیشدا، دەبێ رەفتاری رۆژانەتان ببێتە نموونەیەک بۆ سەربازەکان. هەرگیز لەخۆ نەبوورن و با سەربازەکان ببینن کە ئێوە چەند خۆرِاگر و هەناسەدرێژن. هەروەها رێز و رەوشتی بەرز پێشان بدەن نەک رەقی و زماندرێژی چونکە ئەوانەی دەنگیان بەرز دەکەنەوە دیارە دەیانەوێ لاوازیی خۆیان داپۆشن.*

رۆمل: بەیانی ٦/٣٠ پێشەرەکانی تیپی ١٥ گەیشتە ئەلدابە. ئیتاڵییەکان نیوەی شەو گەیشتنە بەرەکانی عەلەمێن. لە رێدا باترییەک تۆپی ١٥٠ملمی بەریتانی بەساغی گیرا و یەکسەر خرانە کار. لە لای بنکەیەکی تەلەگراف چاوم بە هەندێک لۆری و چەکی خۆمان کەوت ئەوانەی کە لە بەرەی رووسیا گیرابوون و لێرە بەکارمان دەهێنا. دیارە بەریتانی بەسەر شوفێرەکانیان داداوە و رفاندوویانن.

## چاپتەر XI

### دەست پێشخەریمان لە دەست چوو

# پشکنینی عەلەمێن

شەڕ و هێرش و راونانی ئەم پێنج هەفتەی رابردوو لەشکریان یەکجار ماندوو کرد. چالاکییەکانی لەشکر تەنیا بە ورەی بەرزی پیاوەکان ئەنجام دەدران دەنا سەبارەت بە چەک، بۆنموونە ٨٥٪ ی لۆرییەکانی لەشکرەکەمان لۆریی بەریتانی بوون، یەدەگی خۆمان زۆر کەم ببوونەوە، دەستکەوتەکانیش کە تا ئێستا بەوانەوە مابووین، لە براندا بوون.. بەرپرسەکانی میرە دەبایە لە حوزەیراندا ٦٠,٠٠٠ تۆن کەلوپەل بنێرن، کەچی بەوپەڕی منەتەوە و لەم بارە ناسکەدا تەنیا ٣,٠٠٠ تۆن گەیشت. بەرپرسەکانی رۆما هەر جارە بیانگەیەکیان دەدۆزییەوە و ئەگەرچی ژیانی لەشکری خۆیان پابەندی ئەو یەدەگانە بوو، کەچی زۆر بەئاسانی دەیانگوت "ناکرێ، نییە، ناتوانین" هۆیەکان ئەمە بوون:

– مەترسی راستەوخۆ لەسەر ژیانی ئەو بەرپرسانە نەبوو. کەسیش لە دەمەقاڵێدا زمانی ئەو بەرپرسانەی پێ نەدەبەسترایەوە چونکە جۆرەها بیانگە و لیست و ژمارەیان دەهێنا گۆڕێ.

– گەیاندنی یەدەگ بەدەریای سپیدا لە ئەستۆی نێڤیی ئیتاڵیدا بوو، بەشێکی گەورەی ئەفسەرەکانیان و بەشێکی گەلی ئیتاڵیا لایەنگری مۆسیلینی نەبوون. تەنانەت حەزیان نەدەکرد لەشکری ئەفریقیا سەرکەوێت.

– زۆربەی بەرپرسە فاشیستەکان خوێڕوو و خۆپەرست و بێ ئەندازە گەندەڵ بوون، کەڵکی هیچیان نەبوو. ئیتر ئەو چەند کەسەی کە بەدڵ ئیشیان دەکرد لەو گێژاوە گەندەڵەدا ون دەبوو. سەیر نییە کە لەشکرێکی ئەوها تووشی کارەساتێک بێت.

بەپێچەوانەی ئیتاڵییەکان، بەریتانی درێغیان نەدەکرد، کاروباری خۆیان بەوپەڕی



چوستی رێک دەخست و هێزەکانیان بە خێراییەکی سەیر دەگەیاندە مەیدانی عەلەمێن. بەرپرسەکانیان تێگەیشتوو بوون دەیانزانی کە شەڕی داهاتوو لە ئەفریقیا چارەنووسی ساڵانی داهاتوو دیار دەخات، ئیتر لەو تەنگەتاوییە و لەو شکستەدا بەبێ دڵگەرمی و بەبێ هەڵچوون ئەرکی سەر شانی خۆیان بە گورجی ئەنجام دەدا.. رێگای پاپۆڕە بەریتانییەکان دەیان هەندی رێگای نێوان ئیتاڵیا و توونس درێژتر بوو، واش هەر کۆڵیان نەدەدا. کەچی ئیتاڵییەکان ئەوەندە دەریایەی بەر وڵاتی خۆیان کۆنترۆڵ نەکرد. سەیرم بە ئیتاڵییەکان دێت دواتر کە ئێمە شکاین و تینیان بۆ هات ئەوسا دەیان هەندی جاران یەدەگیان بەدەریادا دەپەڕاندەوە، بەڵام پاش چی؟

تاکە ئومێدی مە ئەوەبوو کە بە زووترین کات پاشماوەی لەشکری هەشتەم وێران بکەین دەنا هێزی نوێ لە بەریتانیاو و ئەمەریکاوە بەرێوە بوون. هەر لەو بەینەشدا هەستمان کرد جۆرە چەکی تازەیان لە عەلەمێن دامەزراندووە. فرۆک بەدرێژایی رۆژەکان ئێمەی دەکوتا، واش هەر لە شەڕ و پێکدادانی تەممۆزدا چەند جارێک هێڵەکانی عەلەمێنمان بەزاند و چەند میلێک بەرەو خۆرهەڵات قووڵ بووینەوە. بەڵام هەموو جارێک بەرەورووی هێزی نوێ دەبووینەوە و ناچار دەکراین بکشێینەوە. ئیتر تاکە ئومێدمان بە رامالینی لەشکری هەشتەم لەدەست چوو، وەکو کە ئێستا باسی دەکەم.

فەیلەقی ئەفریقی لە ١٩٤٢/٧/١هێرشی لەسەر عەلەمێن توند کرد. بۆ چاودێری، کاتژمێر٢,٣٠ ستافی خۆم گواستەوە باشووری ئەلدابە. تۆپباران هەبوو و بەری بەیانی دوو تاقمە فرۆکی بۆمبارددەر هاتن هەموو (دیارییەکان) ی خۆیان بەسەر ڤێکڵەکانی ئێمەدا باراند. داوام لە لوفتواف کرد بەگەڕ بێن، هەروەها خۆم گەیاندە بارەگای فەیلەق، داوام کرد تۆپخانەی خۆیان ئاڕاستەی تۆپخانەی دوژمن بکەن. پاش ماوەیەک تۆپبارانەکە بێ دەنگ بوو بەڵام بۆمباردمانی ئاسمانی نەوەستا.

بارەگای لەشکرمان لە رێگای (ئەلارم) دامەزراند (رێگایەکی بیابانییە راستەوخۆ بۆ سەنگەرەکانی عەلەمێن دەچێت). کاتژمێر ٩ تیپی ٢١ی پانزەر لە دێرەلشێن بەگژ تیپی ٨ی هیندیدا چوون، تازە لە عیراقەوە هاتبوون (ئەمانە لیوای ١٨ی پیادەی تیپەکە بوون، تیپەکە هەمووی نەگەیشتبووە جێ). پێشڕەوی بەهۆی بەرگری دوژمن و


مینستانە چڕەکان هێواش بۆوە و تا دەهات شەڕ گەرمتر دەبوو و ناوچەکە تۆپبارانێکی خەستی لەسەر بوو.

لەلایەکی دیکەوە تیپە سووکەکە ریپۆرتیان نارد کە تا پێش قەڵاسەنگەرەکەی عەلەمێن پێشڕەوییان کردووە بەڵام ناتوانن لەوە زیاتر بڕۆن. بەری نیورۆ هەستان بەلای باشووردا خشان (ناوچەیەکە پڕ لە لیمی نەرم) لەوێدا دوو قۆڵی بەرگرییان دامەزراند و بەنێوانیاندا بە هەسپایی بەرەو قەڵاسەنگەرەکەی عەلەمێن چوون. ئەم چالاکیە مەترسییەکی کوشندەی خستە سەر بەریتانییەکان، هەستان هەرچی چەکی لەدەستیاندا بوو بەگژ تیپە سووکەکەیاندا برد تا توانییان پێشڕەوییەکە بوەستێنن. پاش نیورۆ تیپە سووکەکە فریادیان کرد کە تۆپخانە بەزووترین کات پێیان رابگات دەنا پەکیان کەوتووە. دەستبەجێ کایلی یاوەرم بۆ باشوور نارد، منیش بە زرێپۆشێک بەلای شەڕەکەدا چووم بەڵام لەبەر تۆپباران نەمتوانی بیگەمێ.

کاتژمێر ١٦ ریپۆرتی نێرینگ (فەرماندەی فەیلەقی پانزەر) هات هیندییەکانی لە دێرەلشێن راماڵیبوو. ٢٠٠٠ هیندی و ٣٠ تۆپ گیران.. بڕیارم دا هەموو قورسایی خۆمان بدەمە پاڵ باشووری تیپە سووکەکە تاکو کەلێنەکەی بەرەی دوژمن گەورەتر بکەن. خۆم و کایل چووینە لایان بەڵام لە سێ لاوە، خۆرهەڵات و باکوور و باشوور، تۆپباران کراین. ڤێکڵەکانمان پەرت کرد و خۆمان بەزەوی دادا، من و بایەرلاین ناچار بووین دوو کاتژمێر لەسەر زەوی درێژ بین. تاقمە فڕۆکی بۆمباردەرە گەورەکانی دوژمنیش پێڵ بە پێڵ دەهاتن، ناوچەکە ببوو بە ئاگر.

ریپۆرتی لوفواف رایگەیاند کەوا فلیتی بەریتانی ئەسکەندەرییە چۆڵ دەکەن. بەوە گەیشتمە باوەڕێک کە بەریتانییەکان نیازی کشانەوەیان هەیە، ئیتر دەبایە بەزووترین کات رێگایەک بۆ ئەسکەندەرییە بکەینەوە.. مانگەشەو بوو، کاتژمێر٢١,٣٠ فەرمانم بە تیپی ٩٠ی سووک دا دەست بە هێرش بکەنەوە. بەڵام ئەم هێرشەش بەهۆی ئەو ئاگربارانە سەیرەوە وەستێندرا، ١٣٠٠ پیاوی مە لەوێدا چەقیبوون. لە باکووری تیپەکەدا سەنگەری کۆنکریتی دروست کرابوون. ئەگەرچی رۆژی دووەم هێرشەکە نوێ کرایەوە بەڵام هێڵەکانی بەرگری بەریتانی بە هیچ نەدەشکان.






لە ٧/٢ فەیلەقی ئەفریقی بەلای دەریادا هێرشی کرد ٨ میل لە خۆرئاوای عەلەمێن. لەسەرەتادا دوژمن لێواری دەریایان چۆڵ کرد بەرەو باشوور بەڵام بە دژە هێرشێک گەڕانەوە جێی خۆیان. تیپی ٢١ یش لە باشووری عەلەمێن پێشڕەوییان ئەنجام نەدا. ئیتر لەباتی هێرش، فەیلەق کەوتنە حاڵەتی بەرگریکردن بەرانبەر سەدان تانک و دەیان باتریی تۆپخانە.

*ل.هـ: ئەم قسە زۆر راست نییە. تەنیا دوو تاقم تانکی شێرمان بەگژ فەیلەقی ئەفریقیدا چوون. مەسەلەکە ئەوەیە کە لەشکرەکەی رۆمل، هەروەکو ئەسیرە ئەڵمانەکان گوتیان، هەندە ماندوو ببوون شەڕیان پێ نەدەکرا.*

رۆمل: تانک و هێزی نوێ بەبەردەوامی زیادیان دەکرد. جەنەراڵ ئۆکنلیک فەرماندەیی گرتبوو و بەڕاستی لە ریتچی شارەزاتر بوو. یەک بڕیاری چەوتی نەدەدا

و چ شتێک پێویست بایە بەبێ دواکەوتن جێبەجێی دەکرد.. سێ ڕۆژ بوو هێرشێکی بێ کەڵکمان دەکرد و تا دەهات دوژمن بەهێزتر دەبوون و پیاوەکانی ئێمە، کە بە هەمووی ١٢٠٠ تا ١٥٠٠ کەسێکیان مابوو، تا دەهات ماندووتر دەبوون.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٧/٣

هەستم بەرانبەر کات و سات نەماوە. خەبات بۆ گرتنی دواترین تەگەرەی پێش ئەسکەندەرییە زۆر سەخت بووە. چەند ڕۆژێکە لە مەیداندا هەر لەنێو سەیارە و لەنێو قوڵتەکاندا دەژیم. فڕۆکەکانی دوژمن دەردمان دەدەنێ. واش هەر ئومێدم نەبڕاوە.. سپاسێک لەدڵمەوە بۆ نامە خۆشەویستەکانت.

لە دەوری نیوەڕۆی٧/٣ دیسان فەرمان بە فەیلەقی ئەفریقی دا هێرش بکەن و دیسان ڕاگیران. ئاریەتی باڵی باشووری فەیلەقەیان دەپاراست بەڵام نیوزیلاندییەکان هێرشێکی کتوپڕیان بۆ کردن. ئیتاڵییەکان لە شەڕەکانی ڕابردوودا خۆیان سەلماندبوو بەڵام دیارە ئەم جارە زۆر ماندوو ببوون، ئەرکەکان بارێکی زۆر قورس بوون بۆیە ٤٠٠ پیاویان دەستگیر کرا و لەنێوان ٣٠ تۆپدا نیوزیلاندی ٢٨یان گرتن. باڵی فەیلەقەکە ئێستا ڕووت ببوو و سەرەڕمبەکەی تەنیا تیپی ٢١ ی مابوو.. هەستام تیپی ٩٠ی سووکم لە بەرەی خۆیان کێشایەوە بۆ باڵی باشوور و ڕەگەڵ تیپی ٢١ کەوتن بەڵام سوودی نەبوو، دەبایە هێرشەکە بوەستێت.. لە ڕۆژانی دواتر، چاوەڕێ دەکرا بەریتانییەکان دژە هێرشێک بکەن. ئیتر هەرکەس لەجێی خۆی دامەزرا.

هەرە خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/٧/٤

ئیشەکە بە دڵی من ناڕوات. ئەوان بەرگرییەکی زۆر توند دەکەن و ئێمەش ورەمان شل بووە. واش هەر ئومێد دەکەم کەلێنێک بدۆزمەوە. زۆر ماندوو بوومە.

٧/٥: ڕۆژی تەنگانەیە، بەڵام ئومێدم نەبڕاوە. گاوس مێشکی بە گرمەی تۆپ هەژاوە Concussion و بایەرلاین جێی گرتۆتەوە. دروستکردنەوەی هێزەکانمان بەئاسانی بەڕێوە ناچێت بەتایبەتیش کە تەنیا ٦٠ میل ماوە بۆ ئەسکەندەرییە. گوێ مەدەیێ، ئەوەش بەسەر دەچێت.



دەبایە هێزە مۆبایلەکان پشوویەک بدەنەوە و زرێپۆشەکان ساز بکەنەوە. واش دانرابوو کە پیادەی ئیتاڵی بخرێنە جێیان بەڵام زۆربەیان نەگەیشتبوونە عەلەمێن. ئیتر بەریتانییەکان لە ٧/٤ ئەمەیان بە شکست زانی و هێرشیان کرد. کەلێنێکیان لەنێو ڕیزەکانی ئێمە کردەوە بە پانایی ٤٠٠٠ یارد و ٤٠ تانکیان تێ هاویشت و بە پشت هێڵەکانی مە وەر بوون[1]. لە بەدبەختیدا یەک دژەتانک یەدەگی پێ نەمابوو، گەڕان تا لە گرووپەکەی زێخ یەک دژەتانکییان دۆزییەوە یەدەگی هەبوو ئەوەش هەر هەموو گوللەکانی هاویشت. فەرمانم دا پەنا بۆ هەموو فیڵ و تاکتیکێک ببەن. هەیکەلی ساختە بخەنە سەر سەیارە تا وابزانرێ تانکن. دۆشکە و ٨٨ ملیمەکان بە چڕی و بەبێ وەستان لە ڕوویان بتەقێنن تا گوللەتۆپ پەیدا دەبن. باش بوو لە دێرەلشێن ١٥٠٠ گوللەتۆپی ٢٥ پاوندی بەریتانییان دۆزییەوە. هەروەها ئیتالییەکان یەدەگیان پێ بوو. ئیتر توانیمان بای ئەو ڕۆژە خۆ ڕزگار بکەین.

بەریتانییەکان وردە هێرش و هەڕەشەی سەیریان پێشان دەدا. بۆ نموونە شەوی ٧–٨ ی تەمووز ناوچەی تیپی ١٥ی پانزەر تۆپباران کرا. ئەو ٣ میل دووجایە کە مەیدانی تیپەکەی پێک دەهێنا ١٠,٠٠٠ تۆپی بەر کەوت. تانکەکانیان بەدرێژایی ڕۆژ جموجۆڵیان کرد. پیادەکان خۆیان خشاندبوو تا بەر سەنگەرەکانی مە. پیاوەکانی ئێمەش بەدرێژایی ڕۆژ لەنێو (کونە ڕێوی)یەکانی خۆیاندا لەبەر هەتاوە ئاگرینەکە لار ببوونەوە. بە وشەیەک، دەتوانین بڵێین پیادە بەریتانییەکان لە پاڵ سەربازەکانی مە خۆیان مات کردبوو دەیانویست تەقەمەنی دابنێنەوە. بەڵام ئاشکرا بوون و پیادەکانی مە دەریان پەڕاندن.

لەشکری ئێمە هەر بەناو پێیان دەگوترا تیپ و فەیلەق. لە ٧/٨ لەشکر سەرژمێر کرا. تروپە ئەڵمانەکان بریتی بوون لە:

١– فەیلەقی ئەفریقی (تیپەکانی ١٥ و ٢١ی پانزەر) بە هەمووی ٥٠ تانکیان مابوو. هەر تیپێک یەک فەوج پیادەی تێدا بوو (٣٠٠ سەرباز و ١٠ تۆپی دژەتانک) لەگەڵ فەوجێکی تۆپخانە کە هەر یەک لە هەفت باتری پێک دەهات.

(١) ل ھ: لەراستیدا زۆربەیان سەیارەی زرێپۆش بوون نەک تانک، ئۆکنلیک سێ فەوجی ئەوهای ڕەگەڵ لیوای ٧ی زرێپۆشی خست و هێرشی پێ کردن. سەرەڕمبەکەیان گەیشتە ئەلدابە.

٢– تیپی ٩٠ (تیپە سووکەکە) بریتی بوو لە ٤ فەوجی پیادە کە بە هەموویان ١٥٠٠ پیاوێک بوون. لەگەڵ ٣٠ دژەتانک و ٢ باتری تۆپخانە.

٣– بەتالیۆنەکانی شوێنهەڵگر. ٣ بەتالیۆن بوون بەهەمووی ١٥ زرێپۆشیان هەبوو، ٢٠ نەفەربەری زرێپۆش و ٣ باتری تۆپخانە کە لە بەریتانییەکان گیرابوون.

٤– تۆپخانەی لەشکر، بریتی بوو لە ١١ باتریی تۆپی قورس و ٨ باتری تۆپی سووک. ئینجا باترییەکانی دژەفڕۆک بریتی بوون لە ٢٦ تۆپی ٨٨ ملم ٢٥ دۆشکەی ٢٠ ملم.

ترووپە ئیتاڵییەکان بریتی بوون لە:

١– فەیلەقی xx ی مەکینەدار بریتی بوو لە دوو تیپی زرێپۆش و یەک تیپی مەکینەدار. بە هەموو ٥٤ تانک و ١٠ بەتالیۆنی مەکینەدار (بە لۆری و نەفەربەر دەجوولانەوە) بەهەموویان ١٦٠٠ پیاو بوون. هەروەها ٦ باتری تۆپی سووک و ٤٠ تۆپی دژەتانک.

٢– تاقمەکانی فەیلەقی X و فەیلەقی XXI بەهەمووی ١١ بەتالیۆن پیادە بوون (هەر بەتالیۆنێک ٢٠٠ سەربازی هەبوو) تۆپخانەیان بریتی بوو لە ١١ باتری تۆپی قورس و ٣٠ باتری تۆپی سووک. هەروەها چواری باتری تۆپی قورسیش لەدەست تۆپخانەی لەشکری ئیتالیدا بوون.

لە بەرەی عەلەمێن خاڵێکی لاوازم نیشانە کرد، بەرەی نیوزیلاندییەکان بوو. نیازم هێنا کە رۆژی ٧/٩ بیگرین و پێدا ئاوا بین.. شەوی ٨–٩ شوێنهەڵگرەکانی تیپی ٢١ لە لای قارڕەتەلعەبد، بەرەی نیوزیلاندی، کەلێنێکیان کردبۆوە. بەیانی تیپەکانی ٢١ و ٩٠ و تیپی زرێپۆش لیتۆریۆ پێدا چوونە ژوور و بۆ پشت مەیدانەکە سووڕانەوە. نیوزیلاندییەکان بە پشتیوانی تیپی ١٥ی هیندی و تیپی ٧ی زرێپۆش کشانەوە..(٢) پاش نیورۆ لەگەڵ فۆن بسمارک، فەرماندەی تیپی ٢١، کۆبوومەوە. قارڕەتەلعەبدی

(٢) ل هـ: لەراستیدا هیچ هێڵێکی بەرگری لەوێ نەبوو تاکو رۆمل بە واتای سەربازی ناوی لێ بنێت (هێڵ برین و کەلێنکردنەوە). مەسەلەکە ئەوە بوو کە نیوزیلاندییەکان فەرمانیان پێ درا بکشێنەوە تاکو لە بەشەکانی دیکە دانەبڕێن و هێرشبەرەکان بشێوێنن.



سەنگەرکارییەکی توندی لێ بوو، تیپی ٢١ لە نیوزیلاندییەکانی ستاند. بڕیارمان دا کە سبەینێ پەرە بەو پێشڕەوییە بدەین کە رەنگە هێڵی عەلەمێن بکەوێنین.

کاتژمێر ٥ بەیانی ٧/١٠ بەگرمەی تۆپباران هەستاین کە لە باکووری دەدا. هەستم کرد کارەساتێکمان تووش دەبێت و یەکسەر هەواڵ هات کەوا بەریتانییەکان تیپی سەبارتا Sabartha لەسەر رێگای سەردەیایان راماڵیوە. مەترسیی هەرە گەورە لەوەدا بوو بگەنە کۆگاکان و هێڵی هاتوچۆ ببڕن. تیپی ١٥ی پانزەرم بەگژ ئەو هێرشەدا برد و وازمان لە هێرشەکەی قارڕەتەلعەبد هێنا.. تیپەکەی سەبارتا بەیەکجاری وێران ببوون. فەرماندەی باترییەکان تەقەیان نەکردبوو بە بیانگەی ئەوەی کە کەس فەرمانی پێ نەدابوون، زۆربەی پیادەکانیش بە بیاباندا پەرش ببوون. سپاس بۆ کۆلۆنێل مێلەنتاین، فەرماندەی تیپی ١٥، و بەشێک لە تیپی ٩٠، ئەوان دوژمنیان راگرت.. رۆژی دواتر (٧/١١) بەریتانییەکان دووبارە بە تەنیشت دەریادا هاتن. تیپی تریەستی بەرگرییان کرد بەڵام چەند بەتالیۆنێک چەک کران. لای باکووری مەیدانەک بەرەیەکی گرینگ بوو ئێستا کەوتبووە دەست دوژمن.

گەیشتینە باوەڕێک کە ئیتاڵییەکان کەڵکی بەرگرییان نەماوە. ئیتاڵییەکان پیاوی مەردیان تێدا بوو. بۆنموونە ناڤارینێ، فەرماندەی فەیلەقی XXI من رێزی ئەو پیاوە دەگرم. بەڵام لە چاپتەری داهاتوودا باسی ئیتاڵییەکان دەکەم.

## مەیدانەکە دەبێتە شەڕە سەنگەر
## (شەڕی ستاتیک)

هێرشە گەورەکانی هەردووک لا سست بوونەوە و گەیشتینە راستییەک کە پێشڕەوییە خێرایەکەی مەرمەریکا کۆتایی هات و شێوازی شەڕەکان بوون بە شەڕی سەنگەر.. شەڕی راستەقینەش لێرەدا پابەندی تۆپخانەیە کە بەریتانییەکان بە راستی مامۆستای تۆپخانە بوون. بەرەی عەلەمێن لە دەریاوە دەستی پێ دەکرد بەرەو باشوور قووڵ دەبۆوە تا نشێوی قەتتارە (دەشتێکی تەخت و نزمە پڕ لە لیم و زەلکاو، ڤێکڵ و زرێپۆش پێیدا ناڕۆن). ئەو هێڵە درێژە چەندین جار دەستاودەستی کرد، وای لێ هات هەردووک لا شارەزاییەکی تەواو لە مەیدانی عەلەمێن پەیدا بکەن هەموو لە تاکتیک و فێڵەکانی یەکتر راهاتن.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٧/١٢

بارە ترسناكەكەی دوێنێ بەسەر چوو بەڵام هێشتا هەواكە پڕە لە كارەبا.
ئومێد دەكەم سبەینێ شتێك بە شتێك بكەمەم.

بۆ ئەوەی زیانەكانی سەبارتا تێبێنمەوە و لەم بارە وشكە دەرباز بم، بڕیارم دا ٧/١٣ هێرشێك بە تیپی ١٥ی پانزەر بكەم بەڵام هێرشەكە هەر لە سەرەتاوە پەكی كەوت، تەنانەت نەگەیشتنە بەر هێڵی تیپە ئۆستراڵییەكە. هۆیەكەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆپخانەی دوژمن. هەروەها قۆڵتیان بۆ تانكەكانیان هەڵكەندبوو، بەرگرییان دەكرد و دواتر دەردەپەڕین بۆ هێرش و راونان.. خەفەتم زۆر بوو، نازانم ئەو رەشەبایە چ بوو هەڵی كرد نەیدەهێشت یەك خاڵی بەریتانییەكان ببینین.

ل.هـ: لەم تێبینییەی رۆمل ناگەم. هێرشەكە بە هیچ شێوە سەری نەدەگرت، و رەشەباكە كاری لە هەردووك لا كردووە. ئیتر چێ؟

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٧/١٤


هێرشەكەی دوێنێ سەری نەگرت و لە پەشێمانی بەولاوە هیچم پێ نەبرا.
بەڵام هەردەبێ زەبرێك بوەشێنم.. یەكەم جارە پانتۆڵی شۆرت لە پێ بكەم،
گەرماكە لەوەدا نییە. هەڵمەتەكەی خۆرهەڵات هەواڵی باشی هەیە. پیاو لە
جێی خۆیەوە ورەی بەرز دەبێت(٣).

لە ٧/١٤ سەرلەنوێ تیپی ٢١ی پانزەرم خستەوە هێرش. دەبایە شوێنەكانی سەردەریا بگرنەوە. پێشەكی تۆپباران و بۆمباردمانێكی قورس كرا بەڵام پیادەكانمان نەچوونە پێش، بەریتانییەكانیش ئێمەیان بەتوندی تۆپباران دەكرد. هێرشەكە سست بۆوە. ئێوارێ سوودمان لە هەتاو وەرگرت كە لە چاوی دوژمنی دەدا، لە باشوورەوە بەرەو باكوور تا رێڵەكە پێشڕەوی كرا و لەوە زیاتر نەچووینە پێش.. لە سەردەمی ئابڵووقەكەی توبرقەوە ئۆستراڵی و ئێمە یەكترمان باش ناسیبوو. شەڕەكە تا شەو خایاندی و نیاز وابوو سبەی دووبارەی بكەینەوە، بەڵام تووشی شكستێك بووین كە لەخەیاڵماندا نەبوو.

---

(٣) ل هـ: ئەڵمان هەڵمەتیان بۆ ستالینگراد و قەفقاس كردبوو.





شەوی ١٤-١٥ بەریتانی هێرشیان كردە لای زوورگەكانی روێسات، بەرەكانی فەیلەقی x ی ئیتاڵییان بڕی. ئینجا بەرەی تیپەكەی برێسكیاش كونبەدەر كرا و گەیشتنە تیپە ئەڵمانەكان، تەنیا بە شەڕی دەستەویەخە راگیران. سبەینێ توانییان زوورگەكانی روێسات بگرن و سووڕانەوە پشت تیپەكانی بریسكیا و پاڤیا، زۆربەی ئەم دوو تیپە دەسگیر كران.. نەك هەر ئەوەندە بەڵكو بەریتانییەكان لە لایەكی دیكەوە هێڵەكانی مەیان لە دێرەلشێن بڕی و تۆپخانەكانی دژەفڕۆكیان راماڵی چونكە ئەفسەرەكان تەقەیان لەو ئیتاڵییە ئەسیرانەی بەر دەستی بەریتانییەكان نەدەكرد.

تیپی ٢١م بانگ كردەوە و رەگەڵ فەیلەقی ئەفریقیم دان بۆ خۆرهەڵاتی دێرەلشێن. پاش نیوەڕۆ دژەهێرشی فەیلەقی ئەفریقی بەگژ بەرگرییەكی چیڕی بەریتانییەكاندا چوو. بست بە بست كەلێنكە پڕكرایەوە و ١٢٠٠ بەریتانی دەسگیركران.

لە ٧/١٦ ئۆستراڵییەكان هێرشێكی بچووكیان كرد. پاشماوەی تیپەكەی سابارتا گیران. هەندێكیان بە ئەسیر بردن و هەندێكیان بەردان.. ئێمەش تۆپخانە و

٨٨ەکانمان بەگەڕ هێنا تا هەموو شوێنەکە گیرایەوە، کۆمەڵێک مردوو بەجێ مان.

کێسلرینگ و کاڤالێرۆ هاتن. شەڕەکان تاوتوێ کران و دیسان کاڤالێرۆ بیانگەی هێنایەوە و گرفتەکانی ئێمەی بە شتی بچووک لەقەڵەم دا. گفتوگۆکە گەرم بوو و داوای وەرامێکی کۆنکریتی (یەک لا)م کرد. کاڤالێرۆ بەڵێنی دا کە هێڵی شەمەندەفەر چاک بکرێنەوە و پشتیوانێکی سەربازیی زۆرتر بگەیێنێتە مەیدان.

ئەزیزم لوو: ٧/١٧

گلۆرەم بەرەو لێژی دەڕوا. بەریتانییەکان جەنگی پیادە پێڕەو دەکەن، یەک بە یەک بە تیپە ئیتاڵییەکاندا دێن، هێزە ئەڵمانییەکانیش بەتەنیا هیچیان پێ ناکرێت. یەک تۆزمان ماوە کە هەموومان تەخت بین.

١٩٤٢/٧/١٨ دوێنێ سەختترین رۆژ بوو لەچاو هەموو رۆژەکانی دیکە. ئەم حاڵە نابێ ئەوها بمێنێ. بە پێوەری سەربازی، دەتوانم بڵێم کە لە ژیانمدا ئەوها نەبوومە. دەڵێن یارمەتی بەرێوەیە، بەڵام ئایا دەژین تا یارمەتییەکە دەگاتە جێ؟. خۆت دەزانی چەند گەشبینم کەچی ئێستا هەموو شتێک لەبەر چاوم رەش بووە. گوێ مەدەیێ، ئەمەش هەر دەڕوا.

شەوی ٧/٢١ شەپۆڵێک پیادەی بەریتانی بەسەر تیپی ١٥ یان دادا. هێرشەکە بەرپەرچ درایەوە و ٥٠٠ کەسیان لێ گیرا.. بەیانیی ٧/٢٢ بە ١٠٠ تانک هێرشیان کردە سەر ناوەندی بەرەی شەڕ و تا دێرەلشێن پێشکەوتن. هێرشەکە بەرپەرچ درایەوە و تانکێکی زۆری دوژمن بەجێ مان. ئێوارێ هێرشێکی توندتر کرا و دیسان هێرشەکە بەرپەرچ درایەوە و ئەمجارە ١٤٠٠ پیاویان دەستبەسەر کران و ١٤٠ تانکی دوژمن وێران کران. زیانی ئێمەش٣ بەتالیۆنی پیادە بوون.

*ل.ه: ئەم ژمارەی کە رۆمل نووسیویەتی لە ژمارە راستەقینەکە نزیکە.*

رۆمل: لەدوای شەڕەکانی ٧/٢٢ هێزی پشتیوان زۆر بە هەسپایی دەگەیشتنە جێ. هێزەکان بەزۆری پیادە بوون و بۆ شەڕی ترۆپیکەڵ (وڵاتی گەرم) ساز نەکرابوون بەڵام هەر باش بوو. بەشێک تیپی پیادەی ١٦٤ لە کریتەوە هێنران بەڵام بەبێ چەک و ڤگێکڵ. بەشێک لە تیپی پەڕەشووتی ئیتاڵیش، بەگوێرەی دیمەنیان پێ دەچوو تیپێکی باش بن.



شەوی ٧/٢٦ ئۆستراڵییەکان پەلاماری هێڵی (عەلەمێن-ئەبوودوێس)یان دا. تاقمە شەڕکەرەکەی برایێل فەوجەکانی کایل بە دژەهێرش بەرپەرچیان دانەوە و زیانێکی گەورەیان بە ئۆسترالییەکان گەیاند.. تیپی ٥٠ی پیادەی بەریتانی بەتالیۆنێکی ئیتاڵییان راماڵی و دواتر بەرپەرچ درانەوە. زیانی بەریتانییەکان ٣٢ تانک و ١٠٠٠ پیاو بوو. هێڵەکانی بەرگری بۆ بەریتانییەکانیان سەلماند کە سوود لەو دژەهێرشانە نابینن.

*ل.ه: ئەم هێرشە تەنیا یەک لیوای تیپەکە کردی و دەبایە تیپی ١ی زرێپۆش بەدوایاندا بچن، بەڵام فەرماندەی تیپەکە نەجووڵابوو بەبیانگەی کەوا ئەندازیارە ئۆستراڵییەکان کەلێنێکی بەرینیان لە مینستانەکەدا نەکردۆتەوە.*

زیانی بەریتانییەکان لە عەلەمێندا زۆر بوو بەڵام ئەمانە بۆ ئۆکنلیک هیچیان نەدەگەیاند چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو لە عەلەمێن تێ نەپەڕین، بەداخەوەش مەبەستی خۆی بەدی هێنا.

*ل.ه: ئەم شایەدییەی رۆمل بەرانبەر بە ئۆکنلیک پاکانەیەکی تەواو لە ئۆکنلیک دەکات.. لەشکری ئۆکنلیک لە شەڕەکانی تەمووزدا ١٣٠٠ کوژراو و بریندارى هەبوو، بەڵام لەهەمان کات ٧,٠٠٠ ئەسیریان گرت کە ١,٠٠٠ یان ئەڵمان بوون.*

## چاوخشاندنەوە

ئەوها، هەڵمەتە مەزنەکەی هاوین کۆتایی هات، لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی مەزن بوو، بەڵام پاش گرتنی توبرِق هێزی بێ پایانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لێمان هەستانەوە.

ئەوەی بە پیاوەکانی ئێمە ئەنجام درا لە رادەدەی ئاسایی مرۆڤیان تێ پەڕاند.. لە بەرانبەردا بەریتانی هێزە شکاوەکانی خۆیان دەکێشایەوە دواوە و نوێیان دەکردنەوە و زیادیان دەکردن و، دیسان بەگژماندا دەهاتنەوە.

ماندووبوونی ئیتاڵییەکان لە عەلەمێن زۆرجار وای دەکرد بەرەی شەڕ برمێت، بەڵام دەتوانم بڵێم کە بەشی گەورەی ئەو ئیتاڵییانە شەڕێکی ئەوهایان کردووە سەدان ساڵە یەک هێزی ئیتاڵی ئەوها شەڕی نەکردووە و رێزی خۆیان بەشایستەییەوە سەپاند.. لاوازیی ئیتاڵییەکان رەگی قووڵی هەبوو. سیستەمیان شل بوو و هەندە ئاگایان لە جەنگ و سوپا نەبوو. چەکی ئیتالیش بێ کەڵک بوون، هەروەها شمەک و خۆراکێکی خراپیان پێ دەدرا.. ئەفسەری ئیتاڵی تێکەڵ بە سەربازەکانی خۆیان نەدەبوون. ئیتر سەربازی ئیتاڵی خۆی بە کەم دەزانی و لە کاتی تەنگانەدا وزەیەکی نەدەما. دواتر هەندێک لە فەرماندە ئیتاڵییەکان هەوڵێکی جیددییان دا بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی پێشکەوتنێک بەرپا بکەن، بەڵام ئومێد نەبوو کە بە ماوەیەکی ئەوها کورت سەر بگرێت. (٤)

لە عەلەمێندا مەراقی سەرەکیم ئەوەبوو کە شەڕی مۆبایڵ نەبێتە شەڕە سەنگەر چونکە ئەفسەر و سەربازی بەریتانی بۆ ئەو جۆرە شەڕانە ساز کرابوون. خاڵی باش لە سەربازی بەریتانیدا، بۆنموونە کە ئەوها توند و یەککگرتوون، هەر ئەم رەوشتانە وایان لێ دەکات هەندێک کەم جووڵە بن و کاردانەوەی هەنووکەییان لەو باشانە نەبێت.

(٤) م م م: لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا هەندێک تێبینی دەربارەی ئیتاڵییەکان بۆ خوێنەرانی کورد دەخەمە ڕوو، هەروەها حەز دەکەم سەرنج بدەنە ڕاستییەکی کە، لەوەتی رۆمل گەیشتۆتە عەلەمێن تەنیا شەڕی بەرگری سوودی هەبووە تەنیا لایەنی هێرشبەر (بەریتانی و ئەڵمانی) زیانیان دەکرد.



ئێمە زیانی گەورەمان بە لەشکری بەریتانی گەیاند. لەنێوان ٥/٢٦ تا ٧/٢٠ ٦٠,٠٠٠ ئینگلیز و ئۆستراڵی و هیندی و باشوور-ئەفریقی و فەڕەنسی و نیوزیلاندی دەستبەسەر کران. ٢,٠٠٠ تانک و ڤێکڵی زرێپۆش و سەرتاسەری چەک و شمەکی لەشکری هەشتەم هەموو بەو دەشتە وەر کران.. بەڵام زیانیشمان کەم نەبوو. تەنیا لەنێو ئەڵمانەکاندا ٢٣٠٠ کوژراو و٧٥٠٠ بریندار و٢٧٠٠ ئەسیر هەبوون. لەنێو ئیتاڵییەکاندا ١٠٠٠ کوژراو و ١٠,٠٠٠ بریندار و ٥٠٠٠ ئەسیر هەبوون.

لەشکری ئەفریقی لە کۆتایی ئابی ١٩٤٢

| | فەیلەقی ئەفریقی | تۆپخانەی لەشکر | تیپی ١٦٤ی پیادە | تیپی ٩٠ی سووک |
|---|---|---|---|---|
| پیاو | ٢٥٠٠ | ٣٣٠٠ | ١١٥٠٠ | ١٢٥٠٠ |
| تانک | ٣٧١ | --- | --- | --- |
| دژەتانک | ٢٤٦ | --- | ٤٥ | ٢٢٠ |
| تۆپ | ٧٢ | ٥٦ | ٣٦ | ٢٤ |
| ڤێکڵ | ٥٠٠٠ | ١٠٠٠ | ٣٠٠ | ٢٤٠٠ |
| عەرەبانەی جەنگی | ٦٠٠ | --- | --- | --- |

## چاپتەر XII

### پێشبڕکێ دژی کات

بەرەی ئەنگلۆ–ئەمەریکی لە گرتنی توبرقەوە بەخۆ کەوتبوون بۆ بنەبڕکردنی مەترسیی لەشکرەکەمان لەسەر میسر و کەناڵی سوێس. ڕێگەی دەریا لە ئینگلتەرا و ئەمەریکاوە تا بە باشووری ئەفریقیادا دەسووڕایەوە و دەگەیشتە میسر یەک–دوو مانگی دەبرد. سەرباری ئینگلتەرا و ئەمەریکا، ترووپی سەربازی و یەدەگ و خۆراک لە هیندستان و عیراق و سووریا بۆ لەشکری هەشتەم کۆ دەکرانەوە. پێشبینی دەکرا کە تا کۆتایی ئاب ٩٠٠ تانک و ٥٥٠ تۆپ و ٨٥٠ دژەتانک لە بەرەی عەلەمێن ئامادە بکەن.. بەگوێرەی لێکدانەوەمان هێزە نوێکان لە ناوەندی ئەیلوول دەگەیشتنە میسر.

*ل. هـ: ئەم پێشبینییەی ڕۆمل زۆر لە ڕاستی نزیک بوو.*

بێجگە لە هۆیەکانی پێشوو، هێرشەکەمان تا درەنگتر کرابایە بەریتانی مینستانێکی زۆرتریان لە باشووردا دەچاند. واتە ڕێگای سووڕانەوە بە بیاباندا سەختتر دەبوو.

هـ ئا ش هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر هێڵەکانی هاتوچۆی زەمینی و دەریایی مە. کەشتییەک نەبوو لە بەردییە و توبرق بە ساغی دەرچێت. بۆ نموونە، فڕۆکە بەریتانییەکان لە یەک ڕۆژدا سێ کەشتی جەنگییان لە بەندەری بەردییە نوقم کرد.. ئیتاڵییەکان کەشتی جەنگییان لەگەڵ کەشتییەکانی بارهەڵگر نەدەنارد بۆ توبرق. یەدەگی لەشکر لە بەنیغازی داگیران و بە کاروانە لۆری تا عەلەمێن دەهێنران. بەشی گەورەی کاروانەکان لەو بیابانە درێژەدا بە پەلاماری فڕۆک دەفەوتان، لوفتوافی ئێمەش هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا کە لە ئاسمانی بەرەی عەلەمێن بجەنگن. ئیتر بە هەمووی ٨٠٪ پارمەتییەکان بە ئێمە دەگەیشت. هەروەها ئیتاڵییەکان گواستنەوەی کەلوپەلی خۆیان ڕەپێش دەخست. لە ئەنجامدا تێکڕای



ڤێکڵەکانی هێزە ئیتاڵییەکان بە ڤێکڵی تازە گۆڕانەوە کەچی یەک ڤێکڵی ئەڵمانی تا هەیڤی ئاب نەگەیشتە جێ.

١٧٠٠٠کەس لە لەشکرەکەمدا هەر لە یەکەم ڕۆژی هەڵمەتەکەی ئەفریقیاوە ماڵی خۆیان نەدیتبوو و تەنیا هەستی جەنگاوەرانەیان وای دەکرد بەردەوامبن، دەنا دەبایە بگەڕێنەوە بۆ ئەورووپا. لەشکرەکە لە ٨٢,٠٠٠ ئەڵمان و ٤٢,٠٠٠ ئیتاڵی پێک هاتبوو کەچی ئیتاڵییەکان دوو هەندی ئەڵمانەکان کەلوپولیان بۆ دەهات. ئەگەر بە تۆن بیژمێرین، لە هەیڤی ئابدا ئیتاڵییەکان ٢٥٠٠٠ تۆن شمەکیان بۆ هات. فەیلەقی ئەفریقی٢٨٠٠ تۆن و لوفتواف ٨٥٠٠ تۆنیان بۆ هات. جا لەمە زیاتر چ بگوترێ؟ ئەڵمان لە شەڕدا نەبەز بوون کەچی لە مەیدانی دەمەقاڵێدا کەس بە ئیتاڵییەکان نەدەوێرا. بۆ نموونە کاڤالێرۆ ناو بەناو سەری دەدا و هەر جارێک کۆمەڵێک بەڵێنی دەدا بەڵام کە پاش ماوەیەک دەهاتەوە، پێ دەکەنی و دەیگوت "ئاخر جاری پێشوو بەڵێنەکانم زۆر بوون بۆیە نەدەکرا هەموویان بەجێ بێنم"

٣٥٪ ڤێکڵەکان لە وێرکشۆپەکان کەوتبوون چاوەڕێی پارچەی سپێریان دەکرد. بە هەزاران لۆریی بار و ڤێکڵی جۆراوجۆر لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بۆ بارکردن ساز کرابوون بەڵام کەس نەبوو لە دەریا بیانپەڕێنێتەوە. کەچی تیپە نوێکانی پیادە ئامێری هاتوچۆیان لەبەردەستدا نەبوو، ناچار بووین هەندێک لۆرییەکانی بار بۆ سەربازەکان تەرخان بکەین.

پێوەندی حوکمەتی ئەڵمانیا لەگەڵ ئیتاڵییەکان لە سەرەتاوە نەخرایە سەر شێوازێکی ڕەوان. بەشی زۆری بریتی بوو لە لاواندنەوە و خاترانە هەروەها جەنەراڵ راینتەلین، نوێنەری ئەڵمانیا لە ڕۆما، پایەیەکی سەربازیی بەرزی نەبوو بتوانێ کار لە پیاوانی دەوڵەت و سوپای ئیتاڵی بکات.. بەڕای من، دەبایە کاروباری گەیاندن بدرێتە دەست یەک دەسگای هاوبەش کە دەسەڵاتێکی تەواوی پێ بدرێت و دەبایە مارشاڵ کێسلرینگ سەرپەرشتیاری بێت چوکە کێسلرینگ پیاوێکی وێڕای هەموو شارەزایی تەکنیکی و سەربازی، پیاوێکی دیپلۆماسی و قسەزان بوو. من بە شێوەیەکی فەرمی ئەم داواکارییەم خستە بەر فەرماندەیی سوپا بەڵام کاریان پێ نەکرد.

دەرەنجامی ئەم هەموو کەموکوڕیانەی پێشوو ئەوە بوو کە هێزی لەشکری ئەفریقی

لەنێوان ٨/١ تا ٨/٢٠ کەمی هێنا و گەیشتە ١٦٠٠٠پیاو و ٢١٠ تانک و ١٧٥ نەفەربەر و زرێپۆش. خواردنیش بەشی نەدەکردین.

نامەی لوتانەنت ئەلفرێد ئینگمار برێند بۆ لووسی، خێزانی رۆمل.

ئەزیزم فراور رۆمل ١٩٤٢/٨/٢٦

نامەکەم بۆ ئەوەیە کە لە حاڵی تەندروستیی مارشاڵ ئاگادار بی. مێردەکەت وا ١٩ مانگە لێرەیە، واتە لە هەموو ئەفسەرەکانی تەمەن ٤٠ ساڵ بەرەو سەر پتر ماوەتەوە. دکتۆر سەیریان پێ دێ چۆن خۆی راگرتووە. ئەرکی عەلەمێنی لە ئەستۆدا گرتبوو. وەرزەکەش وەرزێکی ناخۆشە.

لە ماوەی رابردوودا ماندوویەتی لێ دەر کەوت و هەموو ئەفسەرەکان پەرۆشیان بوو. ئەگەر خۆی چارە نەکات، رەنگە نەخۆشییەکە زیانێکی ئەندامیی پێ بگەیێنێ.. فوورەر ئاگادار کراوەتەوە و رازی بووە کە چارەسازییەکی باش لە ئەڵمانیا وەربگرێت.

دکتۆری سەرپەرشتیار پرۆفیسۆر هۆرشتەر ڤووزبێرگ، باشترین دکتۆری مەعیدە و ریخەڵۆکە لە ئەڵمانیا، بەوردی ئاگای لێیە. ئێمەش بە هەموو شێوەیەک خەریک ببووین ژیانی رۆژانەی بۆ ئاسان بکەین. ناندینێک و ئاشپەزێکی زۆر باشمان بۆ داناوە. رۆژانە بە فڕۆک میوەی تازەی بۆ دێنین، هێلکە و کۆتر و ماسی بۆ دەگرین. بەڵام ئەم چاودێرییە (دایکانە)ی ئێمە لەگەڵ جەنابی مارشاڵ بە ئاسانی بەڕێوە ناچێت، چونکە ناهێڵێ یەک تۆز بەشە خواردنی بۆ زیاد بکرێت لەچاو خەڵکەکەی دی[٤].

خانم، داوا دەکەم بە هەڵە لەمن نەگەی. ریپۆرتێک بۆ بارەگای فوورەر چووە و دەزانم دواتر قسەڵۆک بڵاو دەبێتەوە. بۆیە، بە باشم زانی کە زانیارییەکی باشت پێ رابگەیێنم پێش ئەوەی قسەی لابەلا ببیسی... مسۆگەرە کە فوورەر ئەرکێکی دیکە بە مارشاڵی دەسپێرێ کە هەمان

(٤) م م م: وا بزانم فەرماندە و سیاسەتمەدارە کوردەکانیش هەمان رەوشتیان هەیە؟!!!



گرینگیی هەبێت. یەک لەبارە خۆمانەوە، هەر هەموو ئەفسەر و سەربازەکان، بۆ خزمەتی مارشاڵ درێغی ناکەین و ئامادەین ژیانی خۆمان لەپێناویدا بەخت بکەین.... [٥]

## پلان بۆ قەدبڕینێکی تر

لە کۆتایی ئابی ١٩٤٢ لەشکری بەریتانی لە عەلەمێن بەم جۆرە بوو: بەشی باکوور، تیپەکانی ٥ی هیندی و ٥٠ی بەریتانی و ٩ی ئۆستراڵی و تیپی ١ی باشوور–ئەفریقی لێ بوو. هەموویان لەژێر فەرماندەیی فەیلەقی XXX بوون.. بەشی باشوور لەژێر فەرماندەیی فەیلەقی XIII دا لە تیپی ٧ی زرێپۆش و تیپی ٢ی نیوزیلاندی و یەکەکانی شوێنهەڵگر پێک دەهات. هەروەها دواتر زانیمان کە تیپەکانی ١ و ١٠ی زرێپۆش لە پشت بەشەکانی سەنتەر و باشووری عەلەمێن دامەزرابوون[٦].

شوێنهەڵگرەکان رایاندەگەیاند کە باشووری عەلەمێن زۆر بە خەستی نەپارێزرابوو و مینستانێکی ئەوتۆی لێ نەبوو. پلانەکە وا دانرا کە بەشێک لە فەیلەقی ئەفریقی بەپێش هێڵەکانی دوژمندا بەرەو باکوور بڕوات تا سەر دەیا کە کۆگاکانی دوژمنی لێ بوو. دوژمن هێزەکانی بەرانبەر باکووری مەیدانەکە رادەگرت، ئەوساش سەرەڕمبی هێرشەکە بەرەو باشووری عەلەمێن بەبیاباندا دەسووڕانەوە. مەرج ئەوە بوو کە شەڕەکە سست نەبێتەوە بۆ شەڕە سەنگەری.

(٥) بایەرلاین: هۆرشتەر دکتۆر و برادەری رۆمل بوو، گاوس پێی راگەیاند کەوا رۆمل چەند جارێک بووراوەتەوە بەڵام واز لە ئیشەکان ناهێنێت. برووسکەیەکی هاوبەش لەنێوان گاوس و دکتۆر هۆرشتەرەوە بۆ فەرماندەیی گشتیی سوپا بەڕێ کرا کەوا رۆمل قورحەیەکی تیژی گرتووە و کەڵکی نەماوە بۆ ئەرکەکانی فەرماندەیی.. رۆمل باوەڕی وابوو کە ئەرکەکانی بەرەی ئەفریقیا تەنیا بە جەنەراڵ گودەریان دەسپێرێت. وەرامی فەرماندەیی سوپا بەم شێوە هاتەوە "گودەریان قەبووڵ ناکەین، Gudrian unacceptable" بۆیەش رۆمل وازی نەهێنا.. پێش شەڕەکەی عەلەمێن، دکتۆر برووسکێکی بۆ فوورەر و فەرماندەیی سوپا نارد کە رۆمل دەبێ دەستبەجێ بۆ چارەسازی بکێشرێتەوە.

(٦) ل هـ: زانیارییەکانی رۆمل هەندێک کەموکوڕیان هەیە. زۆربەی تیپەکانی ناوبراو تەنیا یەک–دوو لیوایان گەیشتبوونە بەرەی عەلەمێن، بەشەکانی دیکە لەسەرەتای ئەیلوول گەیشتن.

بەڵێنم لە کاڤالێرۆ وەرگرت کە لەم چەند رۆژەدا تانکی نوێمان پێ دەگات. هەروەها کێسلرینگ بەڵێنی دا کە بەخۆی سەرپەرشتی گەیاندنی ٥٠٠ تۆن پترۆڵ بکات(٧). دەبایە سوود لە مانگەشەوی ئەم کاتە وەربگرین، ئەوە دوا دەرفەتمان بوو، ئیتر فەرمانم دا شەوی ٣٠–٣١ ئاب هێرشەکە ئەنجام بدرێت.

*ل. هـ: جەنەراڵ بایەرلاین لە زاری دکتۆر هۆرشتەر دەگێرێتەوە کە شەوی هێرشەکە رۆمل تا بەیانی لەنێو زرێپۆشەکەی مایەوە، بەیانی بە نەخۆشی هاتە دەر روخساری زۆر تێک چووبوو، گوتی "پرۆفیسۆر، هێرشەکەی ئەمرۆ سەختترین بڕیار بووە تا ئێستا بیدەم. یان ئەوەتا هێرشەکەمان لە رووسیا دەگاتە گرۆزنی و هێرشی ئێرە دەگاتە کەناڵی سوێس، یان ئەوەتا..." بەدەست ئاماژەیەکی کرد بەواتای بەزینێکی یەکجاری.*

(٧) ل هـ: ٢٦٠٠ تۆنی ئەم بەشە پترۆڵە لە دەریا نوقم کرا و بەشەکەی دوەم تا پاش هێرشەکە هەر لە ئیتاڵیا مایەوە.



## چاپتەر XIII

### یان ئێستا یان هیچ


### شەڕەکەی عەلەم حەلفا

پیادە و هێزە مۆبایلەکانی لەشکری پانزەر شەوی ٣٠–٣١ ئاب روویان کردە بەرەی باشووری عەلەمێن.

کە لە مینستانی خۆمان رەت بوون یەکسەر تووشی مینستانی بەریتانی بوون و تۆپباران بە قورسی دەکرا. ژمارەی مینەکان بە ١٥٠٠٠٠مین مەزەندە کران، لە هەندێک شوێن سێ مین لەبن یەکتر نێژرابوون و لە دەوریاندا تەڵەی پیاوکوژیان دانابۆوە.. بە زیانێکی گەورەوە توانییان چەند کەلێنێک بکەنەوە. هەندەی نەبرد فڕۆکە بۆمبارد ەرەکان پەیدا بوون. پەڕەشووتی ئاگردار یان هەڵدا ناوچەکەی کردە رۆژ، ئینجا بۆمبی E .H هەرە قورسیان باراند.

بەیانی گەیشتبوونە جەبەل کەلەخ واتە ئەوپەڕی ٨–١٠ میل لە مینستانەکانی خۆماندا تێپەڕیبوون. هەواڵ هات کە فۆن بسمارک، فەرماندەی تیپی ٢١، بە تەقینەوەی مینێک کوژراوە و جەنەراڵ نێرینگ، فەرماندەی فەیلەقی ئەفریقی، بریندار کراوە.. فەیلەق ئێستا لەژێر فەرماندەیی لێهاتووی کۆلۆنێل بایەرلاین بوو، هەندەی نەبرد هێڵی مینستانەکانی بڕی. پێوەندیم بە بایەرلاین کرد و بارەکەمان تاوتوێ کرد، بڕیارمان دا فەیلەق نەکشێتەوە بەڵکو لە گردەکانی ژمارە ١٣٢ دامەزرێن و فەیلەقی ئیتاڵی عەلەم حەلفا و عەلەم بوێتی بگرن.

زوورگەکان بە دوژمن تەنرابوون. تیپی ٤٤ی پیادە تازە لە ئینگلتەراوە هاتبوون و لە عەلەم حەلفا دامەزرابوون، زوورگەکان کلیلی بەرەی باشووری عەلەمێن بوون. داوامان لە فیلد مارشاڵ کێسلرینگ کرد قورسایی هێزە ئاسمانییەکەی خۆی بخاتە سەر وێ.




فـەیلەقی پانزەر پتـرۆڵ و یەدەگیـان پـڕکـردەوە و بەڕێ کـەوتن تا گـەیشـتـە لیم و زەلکاوەکانی باشوور، ڕەشەبایەکیشی هەڵکرد پێشڕەوییەکەی قورس کردن. کاتژمێر ١٦ ناچار بوون واز لە گـردەکـەی ١٣٢ بێـنن.. لەو دەمــەدا فـەیلـەقی XXی ئیـتـاڵی گـەیشـتنـە عـەلەم حـەلفا و بەتالیۆنـەکانی پیادە باڵەکانیان دەپاراستن بەڵام فڕۆکی دوژمن تۆپبـارانێکی قـورسـیـان دەست پێکرد، ڤـێکڵـێکی زۆری بەتالیـۆنـەکـانی شوێنـهەڵگر وێران بوون، زیانی گیانیش زۆر بوو. بێ لەوانە، فڕۆکی بـەریتانی زەبری لە کاروانەکانی پترۆڵ و یەدەگ دا. کەڵکی جموجۆڵی بەرفراوانمان لێ بڕا.

لە ٩/١ پێش نیـوڕۆ کـە بۆلای فـەیلەقی دەچووین لەرێدا بۆمـبـاردمـان دەکـراین.



جارێکیـان بەحاڵ فریا کەوتم خۆ هەڵدەمە نێو کەندێک کە ڕێژنە بۆمبەکان تەقینەوە، ساچمـەیەکی ٨ ئینچی کە لە گەرمـان سوور دەچۆوە کەوتە تەنیشتم. کە هەستامەوە کۆمەڵێک ڤێکڵ لەو بیابانە دەسووتان.. هیچ شتێک دەستی ئێمەی نەبەستبۆوە تاقمە بۆمـبـەرەکـانی بەریتـانی نەبێت. بە لانی کـەم ١٢ جـار فـڕۆکی گـەورە بە پۆل بۆمباردمـانیان کردین.. ڕۆژی ٩/٢ بەهەمـان شێوەمان بەسـەر برد، کە شـەو داهات بڕیارم دا هێرشەکە رابگرم.

دوژمن دژەهێرشی گەورەی نەدەکر. بەمە توانیمان سۆراغێکی فەرماندە بەریتانییە نوێکەی بکەین. جـەنەراڵ مۆنتگمری پێ دەچوو پیـاوێکی زۆر وریا بێت، هەنگاوێکی نەدەنا مەگەر پاش لێکدانەوەیەکی دوور و درێژ.

*ل.هـ: مـۆنتـگمـری بیـری لە دژەهێـرش و راونای لەشکری ڕۆمل کـردەوە بەڵام بەباشتری زانی کە بوەستێ تا هێرشێکی یەکجاری دەکات.*

سبـەینێ مـارشـاڵ کێسلرینگم دیت، باسی ئەو رایەخە بۆمب، (Bomb-Carpet)ی پۆلە فڕۆکـەکانی بەریتانیم بۆ کرد کە چ زیانێکیان بە لەشکر گەیاند. کێسلرینگ بەڵێنی دا چارەیەک بدۆزێتەوە.. شەوی ٢-٣ ئەیلوول بێ لە هیچ بەشێک، پۆلە فڕۆکی بەریتانی فەیلەقی ئەفریقییان کوتا. پەڕەشووتی تۆپەڵە مەگنیسیۆمەکان بە هەسپایی دەهاتنە خوارێ، مەیدانێکی سەرلەبەریان دەکردە رۆژ، ئینجا فڕۆکی بۆمباردەرەکان دەهاتن.

گەڕاینەوە هێڵەکانی خۆمان. ئەو وردە هێرشانەی نیوزیلاندییەکان هەموو بەرپەرچ درانەوە و زیانیشیـان لێ کـەوت و ٢٠٠ یان گیران، لەوانە کلفتۆن فـەرماندەی لیوای ٦، بەیانـی بریگادێرەکـەم بانگ کرد بـۆ هەندێک قسـە. باوەڕێکی تەواوی هەبوو کـە ئەوان لـە جـەنگدا سـەر دەکـەون و لەهەمـان کـات شــەرمی دەکـرد کـەوا بـەدەست ئیتاڵییەکانەوە ئەسیر بووە، گوتی هـەندەی نەمابوو رازییان بکات کە لەگەڵی هەڵێن، تەنانەت دەرزیی تفەنگەکانیشیـان دەرهێنا، بەڵام لەپڕ دوو سـەربازی ئەڵمـان پەیدا بوون و ئیشەکە تێک چوو. داوای کرد کە ببێتە ئەسیری ئەڵمان نەک ئیتاڵییەکان.

منیش باسی هەندێک لە پێشـێلییـەکانی نیوزیلاندییـەکـانم کـرد، تیـپـەکـەی وی ژمارەیەکی زۆر ئەسیریان بە چەقۆ لـەت و پەت کردبوو. کلیفتۆن مەسەلەکەی دایەوە

پاڵ هەبوونی ڕێژەیەکی گەورە لە پیاوانی ماوری (خەڵکی ئەسڵی نیوزیلاند– م م م) لە لیواکەیدا. ئەم پیاوە کۆنە جەنگاوەرێکی ئازا بوو. لە ١٩٤٠ لە فەرەنسا و لە شەڕەکانی کریت و، ئینجا لە شەڕەکانی ئەفریقیا لە ١٩٤١ هەمیشە دژی ئێمە جەنگابوو تا ئێستا. حەزی دەکرد ئەسیری ئەڵمان بێت نەک ئیتاڵی و داوای کرد نەیدەمە دەست ئیتاڵییەکان، بەڵام نەمتوانی هیچی بۆ بکەم.

ئەو ئێوارەی کە بڕیار بوو ئیتاڵییەکان بیبەن، داوای کرد بچێتە ئاودەستخانە و بە پەنجەرەدا هەڵات. ئینجا پاش چەند ڕۆژێک لە بیابانێکی چۆڵدا دۆزرایەوە. کە هێنایانەوە، زۆر شڕ ببوو. پێم گوت کە ئەم کردارە چاونەترسانەی وی شتێکی سەرنجڕاکیش بوو. بەڵام یەکسەر بەڕێم کرد بۆ ئیتاڵیا. دواتر بیستمەوە کە لە ئیتاڵیا هەڵاتووە و بە بەرگی ئەفسەرێک خۆی گەیاندۆتە سویسرا[1].. شایانی گوتنە کە زۆر لە ئەسیرە بەریتانییەکان دیاریان خست کە زانیارییان هەبوو دەربارەی هێرشەکەمان تەنانەت هەندێکیان تاکیدیان دەکرد کە ئەفسەری ئیتاڵی زانیارییەکی تەواویان بە دوژمن داوە.

لە ٩/٦ گەڕاینەوە شوێنەکانی خۆمان و ئومێدم لە گرتنی سوێس بە یەکجاری ڕۆیشت. ئێستا کە بەرەوڕووی توانای دەسگا پیشەسازییەکانی بەریتانیا و، لەمەش گرینگتر و مەزنتر، ئەمەریکا بووینەتەوە و گلۆرمان بەرەو لێژی دەڕوات.

تێکڕای زیانەکانی ئیتاڵی و ئەڵمان، کە زۆربەی بەهۆی ه ئا ش بوو، بریتی بوو لە ٥٧٠ کوژراو ١٨٠٠ بریندار، ٥٧٠ ئەسیر (بەهەمووی٣٠٠٠ زیان). هەروەها ٥٠ تانک، ١٥ تۆپ، ٣٥ تۆپی دژەتانک، ٤٠٠ لۆری.. زیانی دوژمن بریتی بوو لە ١٥٠ تانک و زرێپۆش، ١٠ تۆپ، ٢٠ تۆپی دژەتانک.

*ل. ه: بەگوێرەی تۆماری سوپا، زیانی بەریتانییەکان بریتی بوو لە* ١٦٤٠ *کوژراو و*

(١) ل ه: دکتۆر هۆرشتەر لەم دیدارانەدا ئامادە بووە، گوتی ڕۆمل هەندێک بۆچوونی سەربازیی بۆ کلیفتۆن باس کرد. جا کە هەڵات ڕۆمل فەرمانی دا کە بەتایبەتی ئەم ئەسیرە بدۆزنەوە.. هەروەها کلیفتۆن نۆ جار هەوڵی هەڵاتنی داوە. ئەم جارەی ڕۆمل باسی کردووە جاری پێنجەمی بوو و لە نزیک کۆمۆ گیرا. دواتر ٤ جاری تر خەریکی هەڵاتن بووە، جاری هەشتەم بریندار کراوە. بەڵام کۆڵی نەداوە و لە جاری نۆیەمدا دەرباز بووە.



*بریندار، ٦٧ تانک، ١٨ دژەتانک بێجگە لە تۆپی مەیدان. هەروەها زیانەکانی ئەڵمان و ئیتاڵییان بە دە هەندەی ژمارەکانی ڕۆمل لە قەڵەم دا.*

دواتر ناویان لەم خولە شەڕە نا (غاردانە شەش ڕۆژییەکە).. باوەڕمان وایە کە ه ئا ش لەم شەش ڕۆژەدا ١٣٠٠ تۆن تەقەمەنی بەسەر لەشکرەکەمان فڕێ دا.

بۆمان دەرکەوت کە هێزی ئاسمانی لایەنی سێیەمی جەنگەکەیە. ئەو لایەنەی کە ئاسمان کۆنترۆڵ هەواڵگری ڕیپۆرتی ڕاست و مسۆگەر دابین دەکات و دەستی دەکرێتەوە کەچی جووڵەی دوژمن دەبەسترێتەوە. یاسایەک هەیە دەڵێ کە تۆ سست بووی کەواتە دوژمن لە چاو تۆ چالاکترە. جا ئەگەر بەگوێرەی سستی و چالاکی بپێورێت، هێزی ئاسمانی لە هەموو شتێک چالاکترە.

# چاپتەر XIV

## عەلەمێن – شەڕێکی بێ ئومێد

ئێستا قۆناغێکی نوێی جەنگە کە دەستی پێکرد کێشایەوە سەر هەرەسێکی یەکجاری.

لە ٩/٦ تا ١٩٤٢/١٠/٢٣ ڕۆژی عەلەمێن، پێشبڕکەی ڕاستەقینە کەوتە سەر بواری دابینکردنی هێز و یەدەگ. خەفەتی مە لە دۆڕاندنی شەڕی شەش ڕۆژە چووە پاڵ خەفەتی بەڵێنەکانی کاڤالێرۆ کەوا لە ٩/٨ ئەوجار پشتیوانی ئیتاڵی گەیشت. ئێمە ژمارەیەکمان دانابوو کە ئیتاڵییەکان لانی هەرە کەمی پێداویستییەکان بۆ لەشکر دابین بکەن کە بە حاڵ بەشی دەکردین، کەچی بەدرێژایی ساڵی ١٩٤٢ تەنیا ١٢٠٠٠ تۆن هات، واتە ٤٠٪ی ئەم ڕێژەیە.. بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە بەریتانییەکان تەگەرەی گەورەیان بۆ هاتوچۆی ئیتاڵییەکان دروست دەکرد. پاپۆڕ و بەندەرەکان هەمیشە پەلامار دەدران و لە نێوان شوبات و تەمووز ١٠ پاپۆڕی ئیتاڵی نوقم کران. دواتر لە تشرینی یەکەمدا ١,٣٠٠,٠٠٠ تۆن شمەک و یەدەگی ئیتاڵی لەسەر شۆستەی بەندەرەکان وێران کران.

پسپۆڕێکی ئەڵمانی لەکاتی خۆیدا بە ئیتاڵییەکانیان گوتبوو کە ئومێدیان لە ئەفریقیا زۆر کەمە. بەڵام مەبەستی فەرماندە ئیتاڵییەکان لەوەدا بوو بەردەوامی بە کورسی و قازانجی خۆیان بدەن. مەسەلەکە وەکو کێشەی نێوان بازرگانێک و پسپۆڕێکی ئابووری بوو. هەڵوێستی فەرماندە ئیتاڵییەکان وەکو بازرگانەکە بوو کە هەموو توانای بۆ قازانجی خۆی وەبەر دێنێت کەچی پسپۆڕ سەیری قازانجی هەموو بازاڕەکە دەکات.. لەمە ترسناکتر ئەوە بوو کە فەرماندە ئیتاڵییەکان هەستیان بە ڕووداوەکان نەدەکرد و فاکترێک نەبوو لە دەروونیاندا کە هانیان بدات بەرەو جووڵە و بەرەو ڕاپەڕاندنی چارەسازی. بۆنموونە:



١– هەرگیز کەشتییان بڵاو نەکردەوە تاکو چاودێری لێواری دەریاکانیان و بەندەرەکان بکەن. هەروەها بیریان نەکردەوە یەک کەشتی جەنگی لەگەڵ پاپۆڕەکانی بار بنێرن. داخۆ ترساون کە تاکسییەکانی نێو ڕۆما بێ بەنزین بن؟

٢– وێڕای پێشنیازەکانم، هەرگیز بیریان لە داگیرکردنی ماڵتا نەکردەوە کە لەراستیدا، خوێنی هەزاران ئەڵمان و ئیتاڵی لە ستۆی ئەو دوورگە بچووکەدا بوو.

٣– ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان نەکردەوە شۆستەیەکی نوێ بۆ بەندەرێکی خۆیان دروست بکەن، یاخۆ شۆستە کۆنەکان هەندێک گەورە بکەن. ئەوەی هەبوو شۆستەی بەندەرەکەی تەرابلوس و بەنیغازی بوون ئەوانەش ئەوپەڕی توانای داگرتنیان ڕۆژێ ٦٠٠ تۆن بوو، واتە پاپۆڕەکان لەنێو دەریا سەرەیان دەگرت تا نۆرەیان دەهات. لەم بەینەشدا فڕۆکەی بەریتانی دەگەیشتنە سەریان.

پاش شەڕەکە ڕیپۆرتێکم بۆ بارەگای فوورەر نارد گوتم: لەشکری ئەفریقی بەرانبەر هێزە هەرە باشەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا وەستاوە و پێویست لێشاوێک یەدەگ دەکات. ئەگەرنا، لە هێرشی ئایندەدا کۆتایی پێ دێت.

بەریتانییەکان لە ١١ی ئەیلوول پێنج تیپی پیادە و یەک تیپی زرێپۆشیان زیاد کرد. دوو تیپی پیادەی تریش لە دەلتای نیل بە پشتیوان دانرابوون. مەترسییەکە لەوەدا نەبوو و بەراوردی لەنێوان ئێمە و ئەوان نەدەکرا.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/٩/٩

ڕەنگ و ڕووم زۆر باشە بەڵام دکتۆر واز ناهێنێت و دەڵێ دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئەڵمانیا. واش هەر نیازم نییە بڕۆم تا شتوومە Stumme لە جێی خۆم دادەمەزرێنم... دەزانم چێرچڵ گوتوویەتی واز لە میسر دێنێت بەڵام هەست دەکەم هێرشێکی گەورەیان بەدەستەوەیە... گاوس بەرگەی گەرماکە ناکرێت و دەبێ بۆ شەش مانگ لێرە دوور بکەوێتەوە، وێستفال جەرگی نەخۆش بووە و کۆلۆنێل مێلەنتاین دزانتەری گرتووە. هەروەها فەرماندەی تیپێک ئەویش دوێنێ بریندار بوو. ئیتر لەم ١٠ ڕۆژەدا هەموو سەرتیپەکان گۆڕان...

لە ٩/٢٤ بەریتانییەکان بەدەریادا هێرشیان کردە سەر توبرق.. باترییەکانی دژە ئاسمانیی نێو توبرق زەبری توندیان لێ وەشاندن. ئەسیر و کوژراویان زۆر بوو. سێ پاپۆڕی وێرانکەر [دیسترۆیەر] و سێ کەشتی جەنگی [باتڵ شپ] نوقم کران. ڕۆژی دووەم هێزی ئاسمانی لێیان بەخۆ کەوتن، وێرانکەرێک و چەندین کەشتیی تریان نوقم کرد. ئەمە قورسترین هێرشی بەریتانی بوو بکرێتە سەر هێڵەکانی دواوەی لەشکر، چەند هێزێک ئەنجامیان دابوو بەفەرماندەیی کۆلۆنێل ستێرلینگ.

ئەفسەری بەریتانی لە ناوچەکانی کوفرە و قەتتارە کار دەکەن زۆر جار دەستیان گەیاندۆتە سیرینایکا. ویستیان عەرەبەکان بوروژێنن بەڵام سەری نەگرت.. کە لایەنێک تێوە گلا و دەستی بە شەڕی پارتیزانی کرد، باشتر ئەوەیە وازی لێ بهێنرێت، نەک بچین دەست لە بێ تاوانێک بوەشێنین چونکە دەبن بە شەهید و ناوچەیەکی سەرلەبەر لێت دەوروژێن و دەبێتە جۆرێک تۆڵەکاری. فەرماندە ئیتاڵییەکان ئەم بۆچوونەیان پەسند کردبوو، ئیتر چاویان لەو پەلامارانەی عەرەبەکان دەپۆشت.

لە ٩/١٩ جەنەراڵ شتوومە هات جێی من بگرێتەوە. لە ئێوارەکەدا خۆی و من کاڤالێرۆ و کۆلۆنێل ئۆتۆ، فەرماندەی بارەگای لەشکر، کۆنفراسێکمان بەست. ئۆتۆ کۆمەڵێک گازاندەی بە کاڤالێرۆ ڕاگەیاند. کاڤالێرۆش وەک هەمیشە هەندێک بەڵێنی دا.

لە ٩/٢١ لەگەڵ گاوس و بایەرلاین پیاسەیەکمان کرد بۆ واحەی سیوە. عەرەبەکان پێشوازییەکی گەرمیان کردین و ئێمەش هەندێک دیاریمان پێشکەش بە شێخەکانیان کرد و کۆمەڵێک وێنەمان لەگەڵ ئەو پیاوانە گرت، ڕۆبی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوانیان لەبەردا بوو. ئەوانیش دیارییەکیان پێشکەش بە من کرد، زەرفێک بوو پڕ لە هەموو پوولەکانی پۆستەی کە لە واحەی سیوە بەکار هێنرابوون.

لە ٩/٢٣ چووم بۆ دەرنە تاوتوێکی چڕم لەگەڵ کاڤالێرۆ کرد. گەیشتینە ڕێککەوتنێک کە دەستبەجێ ٣٠٠٠ پیاو بنێرن ڕێگاکانی شەمەندەفەر چاک بکەنەوە. هەروەها دەبایە هێرشێک بکەن بۆ کوفرە تاکو سنوورێک بۆ ئەو پەلامارانە دانێن کە دەکرانە سەر کاروانەکان. کەچی دواتر هیچیان نەکرد.





لە ٩/٢٤ هەمان مەسەلەم لەگەڵ مۆسۆلینی باس کرد. لەمستم نا کە یان ئەوەتا کەلوپول و هێزی پشتیوان بگاتە عەلەمێن یان ئەوەتا واز لە هەموو ئەفریقیا بێنن. واش هەر پێ نەدەچوو قسەکان وەربگرێت.. دوو ساڵ لەسەر یەک ئەم قسانەم بە مۆسۆلینی گوت، تەنیا لە بەهاری ١٩٤٢ هەندێک کاردانەوەی هەبوو دەنا هیچ.. هەرچۆنێک بێت، دڵم بەوە خۆش بوو کە بیستم نیازیان هەیە هەندێک پاپۆڕی فەرەنسی بخەنە کار، هەروەها بەڕێوەبەرێکی یەکجار زانا، گۆلایتەر کۆفمان، بە سەرپەرشتیاری چالاکییەکانی گەیاندنی کەلوپەل دانرابوو.

پاش چەند ڕۆژێک ریپۆرتم کرد بۆ بارەگای فوورەر، دیاربوو کە سەرکەوتنەکان دەنگدانەوەیەکی باشیان هەبووە. لەگەڵ فوورەر تیشکم خستە سەر باڵادەستییەکی یەکجار گەورەی بەریتانییەکان، گوتیشم تاکە چارە ئەوەیە کە هێزێکی ئاسمانیی گەورە بۆ ئەفریقیا تەرخان بکرێت. باسی دیدارەکەی مۆسۆلینی و گرفتەکانی هاتوچۆم کرد بەوردی. گرفتەکانی بەشە خۆراکی هێزە ئەڵمانییەکان کە زۆر لە ئیتاڵییەکان کەمترە.. لەم کۆنفرانسەدا هەستم کرد بارەگای فوورەر بێ ئەندازە گەشبینن بەتایبەتی رایخمارشاڵ گۆرینگ، حەزی دەکرد گرفتەکانی ئێمە بە بچووک دیار بخرێن. بۆنموونە کە من گوتم بۆمباردەرەکانی بەریتانی تانکیان بە تۆپی ٤٤ ملیم شکاندووە، رایخمارشاڵ بە قسەکەم گەرم بوو و گوتی "شتی وا نییە، تەنیا ئەمەریکی دەتوانن (زرێبڕ) ی ئەوها دروست بکەن" باش بوو پارچەیەک لەو گوللەتۆپانەی بەریتانیمان هێنابوو کە تانکێکی ئێمەی وێران کردبوو و زۆربەی تاقمەکە تێدا کوژرابوون، پێشانمان دا.

فوورەر بەڵێنی دا کە لە هەفتەکانی ئایندە یارمەتی بە لەشکری ئەفریقی بگات و کە سیبێلفایەرن ( Siebelfaehren کەشتیی فلات) بەکار بێنن. جۆرە کەشتییەکە هەندە پەلە کەوا تۆرپید بە بنیدا تێ دەپەڕێت و تۆپی ٨٨یان لەسەرە دژبە هێرشی ئاسمانی. تاکە عەیبێکیان ئەوەبوو کە لە دەریای بەریندا بەرگەی شەپۆلی بەرزیان نەدەگرت، بەڵام دەریای سپی شەپۆلی هەندە بەرزی نییە.. ئەوسا وا تێگەیشتم گۆڕانکارییەک دەبێت بەڵام دواتر بۆ دەرکەوت کە ئەو هەموو بەڵێنانە بەهۆی هەندێک ریپۆرتی ناڕاستەوە دەدەن کە وا تێگەیشتبوون ژمارەی ئەم جۆرە کەشتییانە و تانکی تایگەر بەم زووانە زیاد دەکەن.

له ڕۆژانی داهاتوودا بەرەوڕووی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوومەوە. کۆمەڵێک پرۆپاگەندە و قسەی درۆ دەربارەی خۆم و لەشکرەکەم بڵاو ببوونەوە جا دەیانویست بیکەنە ڕاستی. منیش نەمدەزانی چۆن ڕاددەی ناسکی بەرەکەیان تێ بگەیێنم بەڵام بۆ ئەوەی بەریتانییەکان بە خاڵەکانی لاوازیمان نەزانن، وێنەیەکی مەیلەو گەشبینم دیار خست، هەرنەبێ هێرشەکەیان بۆ ماوەیەک دوا بخەن.(١)

پاش ئەمانە چوومە هەوارگەی سەمەرینگ Semering هەوارگەیەکی پزیشکییە لە نزیک ڤیەننا، بۆ ئەوەی مێشکم بحەسێتەوە و چارەیەک بۆ جەرگ و گوشاری خوێنم بکرێت. بەڵام نەمتوانی مێشکم بحەسێنمەوە تەنانەت خەمم لە شەڕی دەریایی غەواسەکانمان دەخوارد. ئەمەریکا سەرچاوەیەکی یەکجار مەزنە بۆ کەلوپەلی سەربازی و ئەگەر لە شەڕی ئەتڵەسی سەرکەوتبایین ئەوسا ئەمەریکا بەلاوە دەنرا، بەڵام پاش چەند مانگێک شەڕەکە، بە بۆمبی ژێردەریایی و بە بەکار هێنانی هەلیکۆپتەری چاودێری، بەلای ئەواندا ساغ بۆوە. ئەمەش ئەو قسەی بەدرۆ خستەوە کە گوایە هەلیکۆپتەر لە دەریادا بەکەڵک نایەن.

## پلانی بەرگری

بەرەی عەلەمێن لە دەریاوە تا نشێوەکەی قەتتارە تاکە مەیدانێک بوو لە باکووری ئەفریقیا کە لای باشووری گیرابێت دەنا لە هەموو ناوچەکانی دیکەدا، لە ئەکاریت نەبێت، باڵچەرخی بە پشت دوژمندا دەکرا.. هەروەها عەلەمێن خاڵێکی تر بەلای لایەنی بەرگریکاردا بوو، خاکەکەی نەرم بوو دەکرا خەندەک هەڵکەندرێت.

لە سەرەتادا ئێمە باڵادەست بووین و بەریتانییەکان کەڵکی دەشتی ئاواڵەیان نەبوو، بەڵام عەقڵ و سیستەمیان بەگشتی کۆنەپەرست بوو، جا بۆ شەڕی سەنگەر یەکاو یەک بوون.. شەڕەکەی ئەمجارە وەکو جارانی پێشوو نەبوو و نەدەکرا قورسایی خۆمان بخەینە سەر شەڕی مۆبایل. واتە ئێستا وێڕای تەکنیک و چەکی نوێ بەڵام هەر هەمان شێوازەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوو. بەریتانییەکان دەبایە

(١) م م م: لە ڕاستیدا ڕۆمل شارەزایییەکی زۆر باشی هەبوو لە مەسەلەی ڕاگەیاندن و تەنانەت کە وێنەگرەکانی تەلەفیزیۆن و سینەما دەهاتن سووکە خۆنواندنێکی بۆیان دەنواند.



هێڵێکی بەرگریمان ببەزێنن و پێدا بێنە ژوور. بۆ ئەم جۆرە کارانەش نیوزیلاندییەکان باشترین کەس بوون. ئیتر ئەرکی ئێمە بریتی بوو لە:

١- پاراستنی هێڵی بەرگری بە هەر نرخێک.

٢- دژەهێرش بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان.

مەیدانەکان بە مین تەنرابوون. ئینجا سەنگەری پیادەکان دەهاتن، ئەوجا تانک و زرێپۆشەکان دامەزرابوون تاکو تۆپیان بگاتە مینستانەکان و ئەگەر بەشێک لە پیادەکان تەنگاو کرابان فریایان دەکەوتن.. بەتالیۆنی پیادەی ئەڵمانی خرابوونە تەنیشت پیادە ئیتاڵییەکان و لە پێشیاندا نزیکەی نیو ملیۆن مین نێژران بەڵام زۆربەیان مینی بەریتانی دژە تانک بوون واتە پیادە بەسەریاندا دەڕۆیشتن بەبێ مەترسی. سەگی چاودێری بۆ بۆنکردن و پێشهەستی لە سەنگەرەکانی پێشەوە دانرابوون، واش هەر ئەو هەموو خۆ ئامادەکردنە بەرانبەر هێزە زلەکانی بەریتانیا سوودیان نەبوو نەک لەبەر هەڵەیەک یان درێغییەکی ئێمە، بەڵکو ئەوەیە کە ڕێگای سەرکەوتنمان بەهیچ جۆرێک نەبوو.

# ڕەشەبای عەلەمێن هەڵی کرد


ل.ھ: پێش ئەوەی کە نووسینەکانی ڕۆمل ببینین، پێویستە بزانین پلانە بەریتانییەکە چۆن بووە.. لە مەیدانی باشووردا، فەیلەقی XIIIی هۆرۆک بە تیپەکانی ٤٤ و ٥٠ی پیادە و تیپی ٧ی زرێپۆش هێرشی چەواشەیان دەکرد تاکو تیپی ٢١ی پانزەر بشێوێنن. بەڵام مۆنتگمری قورسایی هێرشەکەی خستبووە سەر باکووری بەرەی عەلەمێن. پاش تۆپبارانی خەست، دەبایە پیادەکان ڕێگا بۆ تیپە زرێپۆشەکان بکەنەوە، هێرشە سەرەکییەکە بە فەیلەقی XXXی لیز ئەنجام دەدرا کە لە چوار تیپی زرێپۆشە پێک هاتبوو، تیپی ٩ی ئۆستراڵی، ٥١ی هایلاند، ٢ی نیوزیلاندی و ١ی باشوور- ئەفریقیا.. تیپی ٤ی هیندی بۆ شێواندنی دوژمن دانرابوون، پاش ئەوەی دوو کەلێن بەنێو مینستانەکاندا دەکرانەوە تیپەکانی ١ و ١٠ی فەیلەقی Xی لومسدێن بەنێو دەکەوتن تا قووڵایی خاکی دوژمن بۆ ئەوەی دژەهێرشی دوژمن بوەستێنن.

لەشکری هەشتەم ئەگەرچی تەنیا سێ تیپی زرێپۆشی تێدا بوو بەڵام سێ لیوای زرێپۆش و دوو تیپی سووکی تری هەبوو واتە دەشێ هێزی مۆبایلی لەشکرەکە بە شەش تیپی زرێپۆش لەقەڵەم بدرێت. لە بەرانبەردا ئەڵمان و ئیتاڵی یەکی دوو تیپی زریپۆشیان هەبوو.

ڕۆمل: شەڕەکەی عەلەمێن کە لە ١٩٤٢/١٠/٢٣دەستی پێ کرد ڕاڕەوی جەنگی ئەفریقیای گۆڕی و وابزانم کاری لەسەر ڕاڕەوی تیکڕای جەنگەکە کرد. پیاوە مەردەکانی لەشکرەکەمان بە جۆرێک تێوەگلان کە هیچ ئومێدێک لە ئارادا نەبوو.

٢٠٠ تانکی ئەڵمانی و ٣٠٠ ئیتاڵی بەرەوڕووی ١٠٠٠ تانکی بەریتانی بوونەوە، واتە بە چەندێتی و بە چۆنێتیش هەر باڵادەست بوون. ڕەنگە ژمارەی تۆپەکانی مە زۆرتر بووبن بەڵام زۆربەیان یان ئەوەتا ئیتاڵی بوون یان ئەوەتا دەستکەوتی بەریتانی بوون، واتە جبەخانەیان کەم بوو بەگوێرەی دەستکەوتەکان. لە هەمووی گرینگتر، ئاسمان بەبێ گرفتێک لەدەست بەریتانییەکاندا بوو و لە دەریای سپیدا یەدەگیان لە ئێمە بڕیبوو.






عەلەمێن لەنێوان ئەیلوول و تشرینی ١٩٤٢

ڕۆژی ٩/٢٣ وەکو هەر ڕۆژێک بەئاسایی بەسەر چوو تا کاتژمێر٣٠,٢١ کە تۆپ بەسەر هەموو مەیدانەکاندا باری. جەنگی ئەفریقیا تۆپبارانی ئەوهای بەخۆوە نەدیتبوو و بەدرێژایی شەڕەکەی عەلەمێن بەردەوام بوو. سەرباری هێزەکانی بەرەی باکوور، مۆنتگمری ٣ فەوج تۆپخانەی قورسی ساز کردبوو لە ١٠٥ ملیم کەمتر نەبوون. بەهەمووی ٥٤٠ تۆپ دەبوون[٢] لە نێوان گردەکانی ٣٥ و دێرەلشێن بڵاو کرابوونەوە. فڕۆکەکانی هـ ئا ش لە تۆپبارانی سەرەتاییدا بەشدار بوون و دواتر کاری گەورەتریان ئەنجام دا و زۆر بە وردی سەنگەرەکانی ئێمەیان ئەنگاوت.

پێوەندی لەگەڵ سەنگەرەکانی پێشەوە زوو پچڕا، پیاوەکان تا دوا فیشەک شەڕیان کرد، ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوانی دیکە دەستبەسەر کران. تۆپبارانەکە گەیشتە ئاستی تۆپبارانە قورسەکان کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دەکران.. بە تەوژمی تۆپبارانەکە بەشێک لە فەوجی ٦٢ی پیادەی ئیتاڵی سەنگەریان چۆڵ کرد. کاتژمێر ١٠ کەلێنێکی ٦ میلی لە هێڵەکانی بەرگری کرایەوە و بەنێو کەوتن. هەروەها دوو بەتالیۆن لە تیپی ١٦٤ی پیادە ڕاماڵدران. واش هەر پێشڕەوییەکە بە زەبری تۆپخانە و بەرگری چیڕی پیادەکان وەستێندرا.

*ل.هـ: هێرشەکە بەدڵی فەرماندە بەریتانییەکان پێش نەکەوت. هۆیەکە بە ڕاددەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ مینستانەکان. ڕۆژ هەڵاتبوو کەچی قۆڵی یەکەم هێشتا کەلێنێکی باشیان نەکردبۆوە، ئینجا کە کردیانەوە یەکسەر ئاشکرا بوون و دوژمن ڕایگرتن. دەنا زرێپۆشەکانی قۆڵی دووەم تا شەوی دووەم هەر لە مینستانەکان مابوون، ئەوجار پیادەکان بە هێرشی شەوەکی پێشڕەوییان پێ کرا. پاش ئەمانە لیواکەی ٤ی زرێپۆش بە ٧٠٠ تانکەوە کەلێنە شەش میلییەکەیان گرت و بۆ دژەهێرشی ئەڵمانی ساز بوون کەوا مۆنتگمری ئومێدی دەکرد نەکرێت.*

ڕۆمل: شتوومە لەبەر کەمیی جبەخانە نەیهێشت تۆپباران دەست پێ بکەن (بەڕای من ئەمە هەڵەیەک بوو چونکە دواتر بەریتانی گەیشتنە نێو سەنگەرەکانی خۆمان).. هەواڵیش لە بەرەکانی پێشەر نەبوون، شتوومە ناچار بوو سۆراغێکیان بکات..

(٢) ل هـ: لە ڕاستیدا، قۆناغی یەکەمی تۆپبارانەکە ١٢٠٠ تۆپ بەشدار بوو. هەروەها ئەوەی ڕۆمل ناوی لێ ناوە تۆپی قورس، بەریتانییەکان بە تۆپی ناوەنجییان دانابوو.



وێستفال بە شتوومەی گوتبوو زرێپۆشێک و سەیارەیەکی ڕادیۆ لەگەڵ خۆی ببات بەڵام نەیکرد و تەنیا کۆلۆنێل بووختینگ و یەک سەیارەی برد (دواتر زانییان کە کوژراوە. م م م).. بەیانیی٩/٢٤ تۆپباران لە مەیدانی باشوور دەستی پێکرد، پیادە و ١٦٠ تانک سەنگەرەکانی هەرە دووریان ڕاماڵی و لەسەر هێڵەکانی بەرگری ڕاگیران.

*ل.هـ: لەم بەشەدا تیپی ٧ی زرێپۆش لە شەوی یەکەمەوە خەریکی پێشڕەوی بوون، مینستانی یەکەمیان بڕی بەڵام لە هێڵی دووەمی مینەکان چەقین. شەوی دووەم توانیان کەلێنێک بکەنەوە و بڕۆن بەڵام دیسان بەرپەرچ درانەوە. زیانیان زۆر بوو ئیتر مۆنتگمری هێرشەکەی ئەو تیپەی ڕاگرت.*

ڕۆمل: سەبارەت بەخۆم، پاش نیوەڕۆی ٩/٢٤ فیلد مارشاڵ کایتڵ بە تەلەفۆن ڕایگەیاند کەوا هێرش کراوە و کە جەنەراڵ شتوومە دیار نییە و پرسی ئایا دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەفریقیا؟. یەکسەر ڕازی بووم. دواتر خودی هیتلەر تەلەفۆنی کرد و گوتی شتوومە یان کوژراوە یان گیراوە و گوتی پێش ئەوەی بڕۆی تەلەفۆنێک بکە تاکو ئەگەر بزانم پێویست ناکا، با کۆرسەکەت نەوەستێنین.. ٧ی بەیانی گەڕامەوە بۆ ڤینەر نۆیشتاد. نیوەی شەو فوورەر بە تەلەفۆن داوای کرد بچمەوە. ئیتر بەیانی فڕیمەوە بۆ ئەفریقیا.

کاتژمێر١١ی ٩/٢٥ گەیشتمە ڕۆما، جەنەراڵ فۆن ڕاینتەلنم دیت ڕووداوەکانی گێڕایەوە کەوا گردی ٣١ گیراوە، کۆمەڵێک بەتالیۆن لە تیپی ١٦٤ و بەتالیۆنی ئیتاڵی ڕاماڵدراون، شتوومە هێشتا دیار نییە، پترۆڵ لەبەر کەمتەرخەمی ئیتاڵییەکان و پەلاماری بەریتانییەکان نەهاتووە. هەواڵی نەبوونی پترۆڵ بەڵایەک بوو چونکە وای دەگەیاند کە هەر تانکێک دەتوانێ ٣٠٠ کیلۆمەتری ڕاستەڕێ ببڕێت ئەمەش لە مەیدانی شەڕدا هیچی نەدەکرد. بە هیچ نا بە مەسەلەی نەبوونی پترۆڵ تووڕە بووم.

*ل.هـ: تووڕەبوونی ڕۆمل دەبایە ڕوو لە بریکارەکەی ڕاینتەلنم بکات نەک لە ڕاینتەلنم چونکە ئەو لەم ماوەدا لە کاری خۆی دوور کەوتبۆوە.*

نیوەڕۆ تەرمی جەنەراڵ شتوومە دۆزرایەوە. دیارە لە نزیک گردی ژمارە ٢١ دراوەتە بەر دژە تانک و دۆشکەی بەریتانی. عەریف ڤولف، شوفێرەکە، سەیارەکەی بە توندی سووڕاندۆتەوە و دەرپەڕیوە. شتوومە خۆی بە دەرگای سەیارەکە هەڵواسیوە. دیارە

دڵی وەستاوە و کەوتووە. شوفێرەکە تا دەمێک نەیزانیبوو. هەموو دەیانزانی کە شتوومە گوشاری خوێنی هەبووە و بەرگەی گەرمای نەدەگرت.

جەنەراڵ فۆن تۆما و کۆلۆنێل ویستفال ریپۆرتێکی تەواویان ڕاگەیاند. گوتیان هەندێک لە بەشەکانی تیپی ١٥ی پانزەر لە ٢٤ و ٢٥ ی مانگ چەند پەلامارێکی دوژمنیان داوە بەڵام زیانی خۆیان زۆر بووە.. دوودڵیی دوژمن شتێکی سەیر بوو، بیرم کردەوە کە ڕەنگە بتوانین هەندێک بکشێینەوە ئەوجار تێکڕا دژە هێرشێک بکەین. هەرنەبێ فرۆکەکانیان لەو تێکەڵاوییەدا دەستیان نابێتەوە.. هەرچۆنێک بێ، ئێستا دەرکەوت کە هێرشەکە بۆ مەیدانی باکوور دەکرێ. تیپی ٢١ دەبایە بگاتە باکوور، پترۆڵیان بای ئەوە بوو ئەگەر هاتبان ئەوسا نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە هێڵەکانی خۆیان بەڵام هەر دەبوو بجووڵێنەوە. لەم کاتەشدا بەشی گەورەی تۆپخانەمان گوێزرایەوە بۆ باکوور.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١٠/٢٦ دوێنێ کاتژمێر ١٨,٣٠ گەیشتمەوە. بارەکە تەنگە...

لە ١٠/٢٦ کاتژمێر ٢٢ تۆپبارانێکی یەکجار قورس کراین. تیپەکانی ٢١ و ئاریەتی بەم تۆپبارانە چەقین.. بەری بەیانی ١٠/٢٧ تیپی ٩٠ی سووک و تیپی تریەستی لە باشووری سیدی عەبدولرەحمان دامەزران. هەر لەم بەیانییەش فەرمانم دا هەموو قورسایی لەشکر بخرێتە بەرەی باکوور.

بەری بەیانی ١٠/٢٧ تیپی ٩٠ی سووک و تیپی تریەستی لە باشووری سیدی عەبدولرەحمان دامەزران. هەر لەم بەیانییەش فەرمانم دا کە لەشکر هەموو قورسایی و رووی هەموو چەکەکان بخاتە بەرەی باکوور.. پیادەی بەریتانی لەژێر پەردەیەک دووکەڵ و بە پشتیوانی ئەو تۆپبارانە ڕێگایان خاوێن دەکردەوە بۆ تانکەکان.. تانکەکانی سەرەڕمب شێرمانی ئەمەریکی بوون لە مەودای ٢٠٠٠–٢٧٠٠ یارد دەوەستان کە لەو مەودایەدا دژەتانک و دژەفڕۆکەکانی ئێمە کاریان لە زرێکانیان نەدەکرد. ئینجا تۆپبارانێکی خەستیان دەکردین، یەکی ٣٠ تۆپی دەهاویشت، کە تۆپیان لێ دەبڕا یەکسەر لۆری دەهاتن پڕیان دەکردەوە.



## یارد بە یارد

بەرەبەیانی ١٠/٢٧ بەریتانی هێرشیان بۆ باشووری خۆرئاوا کردەوە بۆ گردی ٢١ کاتژمێر ١٠ چوومە لای هێڵەکەی تەلەگراف. لە ١٠ خولەکدا دوو پۆلە فڕۆک کە هەر یەک لە ١٨ فڕۆک پێک هاتبوو بارەکەیان بەسەر هێڵەکانی بەرگری ئێمەدا باراند. خۆمان بۆ دژە هێرش ساز دەکرد. تیپە سووکەکە بۆ گردی ٢٨ ساز کرا و تیپەکانی ١٥ و ٢١ و لیتۆریۆ و بەشێکی ئاریەتی هەموو بەرانبەر سەرەڕمبی هێرشەکەی دوژمن ساز کران. پاش دواکەوتن و ئاڵۆزییەکی زۆر کاتژمێر ١٥,٠٠ فڕۆکەکانی مە پەیدا بوون و سەراوژێر شۆڕ بوونەوە و ئاگریان بەسەر دوژمندا باراند. هەر هەموو چەکەکان دژی سەرەڕمبەکەی هێرشی دوژمن هاتنە دەست، ئینجا تانکەکان چوونە پێش بەڵام تۆپبارانی دژەتانکی دوژمن زۆر خەست بوو. دیارە دژەتانکەکانیان لە خەندەکی تایبەت شاردبۆوە بۆیە زیانمان زۆر بوو پێشڕەوییەکەمان ڕاوەستا و پاش هەندێک ناچار بووین بکشێینەوە. هەروەها هێرشەکی تیپی ٩٠ی سووکیش لە لای باشوور وەستا.. کەلێنەکان زۆر بوون و دەبایە تانکەکانی بۆ بڵاو بکەینەوە. لوفتواف بە هەموو ٧٠ تۆن پترۆڵیان گەیاندە جێ و ئێمەش بە هەموو لایەکمان ڕاگەیاندبوو کە زۆر نەجووڵێنەوە.

ئێوارێ برووسکەی دووەمی SOS (فریاکەوتن) بۆ ڕۆما و بۆ بارەگای فوورەر بەڕێ کران بەڵام کەس ئومێدی نەبوو سوودی هەبێت. دیار و ئاشکرا بوو کە بەریتانییەکان وردە وردە لەشکرەکەمان وێران دەکەن و مۆنتگمری هێشتا نیوەی هێزەکانی بەکار هێنابوو.

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٢/١٠/٢٨

کەس نازانێ ئایا دەرفەتی نووسینم دەبێتەوە یان نا؟... مان و نەمانی من لەدەست خودایە وا خەڵکێکی زۆر لەناو چوون، بەڵام دەروونم ئارامە چونکە بە هیچ شێوە خۆم لە مەرگ نەدزیوەتەوە.. لەم سێ هەفتەی کە لە ماڵێ بووم، بۆم دەرکەوت کە ئێوە گرینگترین شتی ژیانی منن. دوا هەست و بیرم هەر بۆ ئێوە دەبێت.

لە ١٠/٢٨ بڕیارم دا هێزەکانی باشوور بکێشمەوە بۆ مەیدانی باکوور. واتە

هەموو سەنگەرەکانمان لەدەست دا وێڕای چەکێکی زۆر. لەم بەیانییە هێزەکانی پانزەر لە مەیدانی باکووردا سێ هێرشی بەریتانییان شکاند بەڵام بەنرخێکی زۆر گەورە.. لە ئیتاڵیا بەخۆ کەوتبوون چەند کەشتییەک پترۆڵیان بەڕێ کرد بەڵام زۆربەی لە بەنیغازی دانران.

نیوڕۆ ژمارەیەکی گەورەی تانکەکانی دوژمن لە مەیدانی باکوور دیتران. خۆیان بۆ هێرشی سەرەکی ساز دەکرد. بەرگری پیادەکانمان زۆر لاواز بوو دەبایە هەموو تیپەکانی زرێپۆش بەرانبەر ئەو تانکانە ئامادە بکەین. بە هەمووانم راگەیاند کە ئەمجارە شەڕی مان و نەمانە و دەبێ هەموو توانایان ئێستا بەگەڕ بخەن.. کاتژمێر ٢١ تۆپبارانێکی سەیر گردی ٢١ و باکووری ئەو بەشەی داگرت، بەتالیۆنی دووەم و فەوجی ١٢٥ی لێ بوو.

*ل.هـ: ئەمە سەرەتای هێرشە سەرەکییەکە بوو بەو مەبەستە کرا کە هەموو هێزەکانی لێوارەکە راماڵن تا ئەلدابە و فووکە.. هێرشەکە بە تیپی ٩ی ئۆستراڵی و بەشێک لە لیوای ٢٣ی زرێپۆش ئەنجام درا بەڵام زیانێکی زۆریان بەر کەوت و ئامانجەکەیان جێبەجێ نەکرد.*

ڕۆمل: هێرشەکە پاش یەک کاتژمێر تۆپباران ئینجا دەست پێکرا و هەر هەموو چەکەکان لەدژیاندا بەگەڕ هێنران. خەفەتی گەورەی بەریتانییەکان لە مینستانی I بوو. پیادەی بەریتانی لەنێوان مینستانی I و H کەڵێنێکیان کردەوە و هاتنە پێش. شەڕێکی قورس بۆ ماوەی شەش کاتژمێر ئایسا، لە کۆتاییدا دوژمن توانییان فەوجی II\125 و بەتالیۆنی XI بێرساگلیەری گەمارۆ بدەن.. بارەگای لەشکرم بەرەو خۆرئاوا کشاندەوە بەڵام خۆمان لە شوێنە کۆنەکە ماینەوە بەو شەوە چاودێری شەڕەکەمان دەکرد. بۆمبەرەکانی دوژمن بەبێ پسانەوە یەک لەدوا یەک دەهاتن و ئاگری مەرگیان دەباراند. پەڕەشووتە ئاگردارەکانیش مەیدانەکەیان کردبوو بە ڕۆژی ڕۆناک.

تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، تێکە و لێکەم دەکرد و دەمگوت دەبێ چ بکەم. گەیشتمە باوەڕێک کە دەبی بکشێمەوە بەڵام بڕیارێکی ئەوها وای دەگەیاند کە پیادەکان بەجێ بهێشترێن بۆ بەر چەنگی دوژمن. هەروەها ئەگەر سەنگەرەکانمان



چۆڵ کردبایە ئەوسا مەگەر بەبێ ئاوڕدانەوە هەڵاتبایین چونکە پترۆڵ نەبوو شەڕی مۆبایلی پێ بکەین. بڕیارم دا دوا هەوڵێک بدەم بەشکەم خۆوبەخت دوژمن بکشێنەوە.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١٠/٢٩

هێشتا حاڵەکە پەرێشانە. ئومێدم نەماوە خۆمان رابگرین. شەو تا بەیانی لەبەر ئەم ئەرکە گرانەی سەر شانم چاوم بە زەقی دەمێنن، بە رۆژیش بەهۆی ماندوویی وەک مردوو وام.

بەیانی ١٠/٢٩ هێرشی بەریتانی بۆ فەوجی ١٢٥ بەردەوام بوو، تیپی ٩٠ی سووک بەهاوارییانەوە چوون، تۆپبارانەکە زیانێکی گەورەی لێ دان و پێیان نەکرا زۆر بچنە پێش بەڵام هەرنەبێ بەشی گەورەی فەوجەکە دەرباز بوون. ئەوانی دیکە کەسیان رزگار نەبوو، ئەوەی کوژرا و ئەوەی بریندار بوو و ئەوەی دیکە گیران.. سەیرە کە هێرشە گەورەکەی دوژمن دوا خرا، هێمنییەکەی ئەو رۆژە هێمنیی پێش گەردەلوول بوو.



*ل.هـ: کە ڕۆمل تیپی ٩٠ی کشاندەوە بۆ باکوور و کە ئەلیگزاندەر و مۆنتگمری بڕیاریان دا پلانەکە بگۆڕن و گرووپاندنێکی نوێ پێڕەو بکەن. هێرشە گەورەکە کەوتە ١١/١.*

کاتژمێر ٧ کۆلۆنێل بایەرلاین لە ئەورووپا هاتەوە و پاش دیدارێکی کورت گەڕایەوە سەر لەشکری پانزەر، پیاوی ئەوها لەوێدا پێویست بوو.. کاتژمێر ١١,٣٠ هەواڵێکی تاڵم بیست کەوا لویزیانا (تانکەری نەفت) بە تۆرپیدێکی فڕۆکە لە دەریای سپیدا نوقم کراوە. پاش ماوەیەکی کورت جەنەراڵ بارباسەتتی هاتە بارەگاکەم ئیتر رقی خۆم بە وی هەڵڕشت. تووڕەبوونم بەراددەی سەرەکی لەبەر ئەوە بوو کە ئیتاڵییەکان لەترسی تۆرپیدی فڕۆک شمەکیان لە بەنیغازی دادەگرت واش هەر ئەو پاپۆڕە گەورەیان لەدەست چوو. دیارە تازە بەتازە خەڵکی ڕۆما تێ دەگەن کە سەرتاپای لەشکر خەریکە وێران دەکرێت. تازە بەتازە فەرمانیان داوە کە فڕۆکی سەربازی و بازرگانی و پاپۆڕ و هەر هەموو توانایان بەگەڕ بهێنن بۆ ئەم مەبەستە. خۆزیا لەکاتی گرتنی توبرق ئەوها بەخۆ کەوتبان

لە ١٠/٢٩ بەریتانییەکان خۆیان ڕێک خستەوە. لەگەڵ ویستفال مەسەلەی کشانەوەمان تاوتوێ دەکرد لەناکاو هەواڵێکمان بیست گوایە بەریتانی بە نشێوەکەی قەتتارەدا سووڕاونەتەوە بۆ باشووری مەرسا مەترووح. ئێمە لەترسان تۆقین چونکە هیچ بەرگرییەکمان نەبوو بەرانبەر هێرشێکی ئەوها. دەستبەجێ هەندێک بەشە هێزمان لە باشووری مەرسا مەترووح ساز کرد کەچی دەرچوو هیچ رووی نەداوە و هەواڵەکە هەڵبەستراوێکی کۆماندۆ سووپێرمۆ ی ئیتاڵییەکان بوو!

سبەینێ ٦٠٠ تۆن پترۆڵ بە کەشتییەکی ئیتالی هات و پێی گەشاینەوە. تۆپباران و بۆمباردمان هەر هەبوو بەڵام جموجۆڵێکی ئەوتۆ نەبوو.. لەشکر بەرگەی هێرشێکی تری نەدەگرت. دەبایە پیادەکان بە تاریکی شەو بکێشینەوە دواوە. فەرمان بە تیپی ٢١ی پانزەر درا کە شەوی ١٠/٣٠ مەیدانەکانی خۆیان لەپێش مینستانەکانی K و L بۆ تیپی تریەستی چۆڵ بکەن. چالاکییەکە بە شەو دەکرا کەچی لەپڕ فەوجی ١٢٥ تۆپباران کران و پاش یەک کاتژمێر ئۆستراڵییەکان بەسەر فەوجەکەیان دادا. لە هەمان کات زرێپۆشی بەریتانی بۆ گردی ٢٨ پێشڕەوییان کرد و بەتالیۆنێکی



فەیلەقی XXIی ئیتاڵییان راماڵی و لەنێوان کوژراو و ئەسیردا کەسیان دەرنەچوو.. بۆ بەیانی ٣٠ تانکی بەریتانی هێرشیان کردە سەر فەوجی ٦٣١ی گرینادییر لەسەر دەریا.

دەستبەجێ خۆم گەیاندە سیدی عەبدولرەحمان، بارەگام لە مزگەوتەکەی دامەزراند و کاتژمێر ١٠ فەرمانم بە کۆلۆنێل فۆن تۆما دا بچێ تیپی ٢١ و تیپە سووکەکە بۆ رزگارکردنی فەوجی ١٢٥ی ساز بکات چونکە دوژمن گەیشتبووە لایان. دژەهێرشەکە کرا و توانییان خۆ بگەیێننە فەوجەکە و بە ڕێڵی شەمەندەفەرەکەدا کشانەوە.. دواتر سەردانێکی شوێنەکەم کرد لە دەری وێستگەکەدا نزیکەی ٤٠ تانکی دوژمن وێران کرابوون و ئالایەکی خاچی سووری نێو دەوڵەتی لەوێ هەڵدرابوو.

دوژمن هێشتا ٨٠٠ تانکی مابوو ئێمەش ٩٠ تانکی ئەڵمانی و ١٤٠ی ئیتاڵیمان مابوون. یەدەگ کەم بوو، فەرمانم دا کە تۆپباران بە نیشانە و تەنیا بۆ مەبەستی راستەوخۆ بکرێت.. کەچی فەرماندەکانی ڕۆما لە خەیاڵێکی دیکەدا بوون بەبەڵگەی ئەم برووسکەی کاڤالێرۆ کە چۆنەتی تێگەیشتنیان دیار بخات.

بۆ فیلد مارشاڵ ڕۆمل ١٩٤٢/١١/١٥

دووچی دەستووری بە من داوە کە لەباتی خۆی پیرۆزباییت لێ بکەم بۆ ئەو دژەهێرشەی کە بە فەرماندەیی تۆ بەڕێوە چوو. هەروەها دووچی گومانی نییە کە لە ژێر فەرماندەیی تۆدا هێرشەکە بەرەو پێشتر دەچێت.

ئووگۆ کاڤالێرۆ

دواتر بۆم دەرکەوت کە بارەگای فوورەریش تا راددەیەک لە هەمان خەیاڵدا دەژیان. پیاو سنووری توانای خۆی دەزانێت بەڵام کە ناوبانگێکت پەیدا کرد خەڵکەکە وا دەزانن شتێک نییە نەتوانی بیکەی.

## یا سەرکەوتن یا مردن

هێرشی سەرەکی بەریتانییەکان شەوی ١١/١ دەستی پێکرد. سێ کاتژمێر لەسەر یەک ئێمەیان بە هەزاران تۆپ کوتا. پۆلە بۆمبەر بەبێ پسانەوە دەهاتن و رێژنە بۆمبیان دەباراند، ئینجا تانکەکان پێڵ بە پێڵ بەنێو کەوتن. فەوجی ٢٠٠ی پیادە لەسەر گردی ٢٨ راماڵدران. ئەم پێشڕەوییە بە تیپی ٩٠ی سووک راوەستا پاش ئەوەی هەموو بەشەکانی کاتی تەنگانەیان خستە گەڕ.

*ل. هـ: پێشڕەویی فەیلەقی XXX بە کەلێنێکی تەسکدا ٤٠٠٠ یارد قەدبڕیان کرد. دوو لیوای پیادە و لیوای ٢٣ی زرێپۆش مینستانەکەیان خاوێن کردەوە و گردەکەیان رامالّی. ئینجا تا شەو مابوو لیوای ٩ی زرێپۆش ٢٠٠٠ یاردی تر پێش کەوت بۆ ئەوەی لە پەردەی تۆپبارانی رۆمل تێپەڕن، یەکسەر لیوا زرێپۆشەکانی ١ و ٧ و ١٠ بەدوای ئەم لیوایەدا هاتن. نووسینەکانی ئەلیگزاندەر وای دیار دەخەن کە مۆنتگمری بەتوندی تاکیدی کردبوو ئەگەر پێشڕەویی ئەم فەیلەقە سەری نەگرتبایە دەبوو فەیلەقی X رەگەڵیان کەوتبان بۆ زیادکردنی گوشار، بەڵام دواتر بۆیان ساغ بۆوە کە فەرمانی ئەوها لەسەر زەمینەی جێبەجێ ناکرێت.*

رۆمل: پاش هەندێک کۆمەڵانی هێزە بەریتانییەکان بەنێو کەوتن تا بەرەی تیپی ١٥ی پانزەر لە باشووری گردەکە، دواتر نووسینەکەمان کەوتە دەست دەیسەلماند کە ژمارەیان ٤٠٠–٥٠٠ تانک بوو. سەرباری مەردایەتی پیاوەکانمان فەوجێکی تریەستی و بەتالیۆنێکی ئەڵمانیان رامالّی و گەیشتنە هێڵەکەی تەلەگراف.

ریپۆرتەکانی هەواڵگری رایاندەگەیاند ٤٠٠ تانکی تر لە باشووری ئەو هێڵە وەستابوون. هەروەها ئەم هێزەی کە پێشڕەوی کرد تاقمە تانکی خۆیان بە پشت هێڵەکانی مەدا بڵاو کردەوە کاروانە لۆری و هێزی بچووکیان راو دەکرد.

بەیانی ١١/٢ دژەهێرشی فەیلەقی ئەفریقی سەری گرت بەڵام بە نرخێکی زۆر گەورە. هیچی تر بایەخ بە کەمی جبەخانە نەدرا بەڵکو ئەوەی هەبوو لە دوژمنمان دەگرت، تۆپباران و دۆشکەبارانێکی سەیر بوو. هێزە پێشکەوتووەکە بەرپەرچ درایەوە و کەلێنە ٤٠٠٠ یاردییەکەش پڕ کرایەوە.. بەرەڵڵایی تەشەنەی کرد، هەموو



پێوەندییەکان پچڕان و کەس نەیدەزانی وێنەیەک لە شێوەی رووداوەکان پێک بێنێت.

تیپەکانی ٢١ و ١٥ی پانزەر هەندێک بەشیان هەبوو بۆ کاتی تەنگانە، ئەمجارە هەر هەموویان بەگژ دوژمنەوە نران. تانکەکانی مە بەرابەری تانکەکایان نەبوون واش هەر شەڕە تانک بەوپەڕی دڕندەیی لە هەموو لایەک دەکرا. پۆلە فڕۆکی دوژمن بە تاقمی ١٨ تا ٢٠ فڕۆک بەبێ وەستان رایەخە بۆمبیان هەڵدەڕشت. چەکی سەرەکیمان لەم شەڕەدا تۆپەکانی ٨٨ بوون، گەڕاین تا هەرچی لەبەردەستاندا هەبوو لەم تۆپانە هەموویان بەگژ هێزی زەمینی و ئاسمانیی دوژمنەوە نران، ئینجا هەنگاو بەهەنگاو لێ دەدران و کەم دەبوونەوە. پارچەیەک چەکی مۆبایلّی لەشکر نەما ئەگەر لەم شەڕەدا بەشدار نەبێت. لە راستیدا ئێمە خۆمان رادەگوشی، تەنانەت بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی و میرەش لێیان هاتنە دەست، واش هەر لەکۆتاییدا سەیرمان کرد تەنیا ٣٣٪ هێزی پێش شەڕەکەمان ماوە. بەدرێژایی کاتیش هاموشۆی گردێکم دەکرد کە لەوێڕا چاودێری شەڕەکە بکەم.

بەریتانییەکان یەک بە یەک تانکەکانی لیتۆریۆ و تریەسەتییان راو دەکرد. دژەتانک ئیتاڵییەکانی ٤٧ ملیمی تینیان لە تینی ٥٥ ملیمەکانی ئێمە باشتر نەبوو و هەردووکیان بەرانبەر زرێکانی دوژمن بێ کەڵک بوون.. هەندێک نیشانەی ورەبەردان لەنێو ئیتاڵییەکاندا بەدەرکەوتن، سەربازەکانی لیتۆریۆ و تریەستی ئەوانەی ئەفسەریان بەسەرەوە لە غەفڵەتی هەڵاتن.

پاش نیوەڕۆ هێزەکانمان تەنک ببوونەوە، ناچار بووین هەموو تیپەکەی ئاریەتی بکێشینەوە لای هێڵەکەی تەلەگرام. واتە تێکڕای بەرەی باشوور چۆڵ دەکرا. توانیم بڕیارەکە بۆ بایەرلاین بەڕێ بکەم ئەویش هەموو تۆپخانەی بەرەی باشووری لەگەڵ خۆ هێنا. هەروەها فەوجەکەی ١٢٥ لەو ئاگربارانە دەرباز کران و لەلای هێڵی تەلەگرافەکە بڵاو کرانەوە.

ئێوارێ ریپۆرتی جبەخانەی لەشکر رایگەیاند کە یەدەگ نەماوە، توومەز ئەو رۆژە ٤٥٠ تۆن تەقەمەنیمان بەکار هێنابوو و تەنیا ١٩٠ تۆنمان بۆ هاتبوو بە سێ کەشتی ئیتاڵی گەیێندرابوونە بەندەری توبرق.

بەرتانی باڵادەستییەکی تەواویان بەسەر دەریا و ئاسمان سەپاندبوو لەبەری


ڕۆمل و بایەرلاین لە شەڕی عەلەمێن



شەڕەوە تا توبرق و ئەولای توبرقیش. هەر لەم ڕۆژانەی دوایی چەند کەشتییەک نوقم کرابوون، هەروەها پەلاماری بەندەرەکەی توبرقیان دەدا. ئیتر لە رووی پترۆڵ و جبەخانەوە پەرێشان بووین، بەهەمووی ٣٥ تانکمان مابوو کەچی بەریتانی تازە بە تازە خەریکی هێرشی دووەمیان دەبوون.

*ل.هـ: وێنەکە لەلای بەریتانییەکاندا هەندە گەش نەبوو وەکو کە ڕۆمل تێی دەگەیشت. تیپی ٩ی زرێپۆش ٨٧ تانکیان وێران کرابوو واتە ٧٥٪ ی هێزیان. تیپەکانی زرێپۆشی ٨ و ٢ بەدوا تیپی ٩دا چوون بەڵام چرە ئاگری تانک و دژەتانکی ئەڵمانی- ئیتاڵی رایگرتن و تا ١١/٣ هیچیان پێ نەکرا. ڕۆمل سوودی لەم کاتە وەرگرت بۆ رزگار کردنی لەشکرەکەی.*

ڕۆمل: کاتی ئەوە هاتبوو کە بکشێینەوە بۆ فووکە. هەندێک لە بەشە دامەزراوەکانی پاشەر لە ئێستاوە چووبوونە وێ. شەوێ فەوجی ١٢٥ ناردران بۆ باشووری سیدی عەبدولرەحمان، تێکرای فەیلەقەکان و تیپە سووکەکە رێنمایی کران کە بە هەسپایی بکشێنەوە تاکو پیادەکان فریا بکەون بە پێ بکشێنەوە. کە دەماندیت بەریتانییەکان هەندە وریا و کەم جووڵەن، بەراستی زیاد لە پێویست وریا بوون، ئومێدم هەبوو بەشی گەورەی پیادەکان رزگار بکەم.. لەو شەڕە ١٠ ڕۆژیەدا هێزەکانی مە یەکجار ماندوو ببوون، ئیتر توانای بەرگریی هیچ هێرشێکیان نەمابوو، دەشمانزانی کە سبەینێ هێرشی دووەم دەکرێت. هەروەها نەدەبایە هەموو بەرەکان پێکەوە چۆڵ بکەین. دەبایە هەندێک بەش بەرانبەر دوژمن بوەستن تاکو بەشەکانی دیکە دەرباز دەبن. ریپۆرتیشم بۆ فوورەر بەڕێ کرد دەربارەی ئەم بڕیارە.

چۆڵکردنی سەنگەرەکان لە باشوور و سەنتەری بەرەی عەلەمێن بەبێ هەستی دوژمن بەڕێوە چوو. ڤێکڵ و چەکی قورس نەمابوون تاکو کەسێک هەست بە شتێک بکات. کشانەوەکە بە هێواشی کرا و بەیانی هەموویان گەڕانەوە.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١١/٣

... ئێمە وا لە ژێر قورسایی دوژمندا دەهاڕدرێین. شەوانە تا بەیانی چاوان زەق دەکەم و مێشکی خۆم تێک دەدەم تاکو بچووکترین فێڵ ببینمەوە بۆ ئەوەی ئەم لەشکرە هەژارە رزگار بکەم... مردووەکان بەختیان هەیە چونکە

لەکۆڵیان بۆتەوە. بە سپاس و بە ستایشەوە بیرم هەمیشە لە لای تۆیە. خۆ رەنگە هەمووی بەسەر چێت و دووبارە یەکتر ببینینەوە.

رۆژی ١١/٣ رۆژی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، نەک هەر ئومێدی بردنەوەی جەنگەکەمان لەدەست دا، بەڵکو لەو رۆژەوە بەدوا بڕیاری سەربەخۆ لە دەست لەشکری پانزەردا نەما، وای لێ هات لایەنی سیاسی خۆ لە بڕیارەکانی لەشکر بقورتێنن.. لە بەیانی ئەو رۆژەوە هەستێکم بۆ هات کەوا سەرباری هەموو مەینەتییەک و سەرباری هەموو ریپۆرتەکان، فەرماندەیی باڵا ئاگایان لە ئێمە نییە. بڕیارم دا لوتانەنت بریند بۆ دیداری فوورەر بنێرم. ئەرکەکەی ئەوە بوو بە فوورەر رابگەیێنێت کەوا جەنگی ئەفریقیا هەڵبەت لەدەست چووە. نیازم هەیە هەڵوەستەی کورت بگرم تاکو هەر جارە دوژمن ناچار بکەم تۆپخانەی قورسی خۆی بگوێزێتەوە، بەڵام خۆم تووشی شەڕی گەورە ناکەم. دەکشێمەوە تا ئەگەر بکرێ هێزەکانم نوێ بکەمەوە. دەنا دەبێ بەشی گەورەی لەشکری ئەفریقی بگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا و تەنیا بەشێکی لێرە بن بۆ داپۆشتنی کشانەوەکە.

کاتژمێر ٩ی بەیانی بە رێی سەر دەریا بەرەو دوورترین لای خۆرهەڵات رۆیشتم. سەیرم بەوە هات کە فڕۆکی دوژمن پەیدا نەبوون. فۆن تۆما و بایەرلاین کاتژمێر ١٠ ریپۆرتیان نارد کە بەریتانییەکان نیمچە بازنەیان لە دەوری فەیلەقی ئەفریقی داناوە و تەنیا ٣٠ تانکیان ماوە. بەریتانی وردە پەلاماریان دەکرد و بەس، منیش بە دەرفەتم زانی، فەرمانم بە ئیتاڵییەکان دا بکشێنەوە. رێگا پڕ ببوو لە کاروانە لۆری و پیادە. بەڵام هەندەی نەبرد بەریتانییەکان بەمەیان زانی و ٢٠٠ بۆمبەریان ناردە سەر رێگاکە، دیسان بە پۆل هاتن و بۆمباکانیان هەڵڕشت. فەیلەقی ئەفریقی ١١ پەلاماری ئاسمانی بەر کەوت.

نیورۆ لەژێر بۆمبارانی بەریتانی گەڕامەوە بارەگای خۆم. کاتژمێر ١٣,٣٠ فەرمانێک لە بارەگای فوورەرەوە هات. خێرا خوێندمەوە، ئەمەی تێدا نووسرابوو:

بۆ فیلد مارشاڵ رۆمل

ئەم بارەی کە تێدای هیچ هەڵوێستێک هەڵناگرێ تەنیا ئەوەیە کە دەبێ تێکڕای چەک و پیاوەکانت بخەیتە مەیدانی شەڕ. هەموو پێداویستییەکان



بۆ تۆ دەنێرین. دوژمنت ئەگەرچی باڵادەستە بەڵام بەم زووانە ورەی دەڕمێت. ئەوە یەکەم جار نییە لە مێژوودا کە ویستی توند بەسەر هێزی لەخۆ گەورەتردا زاڵ بێت. سەبارەت بە لەشکرەکەشت، تاکە رێگایەکی کە پێشانیان بدرێت یەک رێگایە، یان سەرکەوتن یان مردن.

ئەدۆلف هیتلەر

فەرمانەکە داوای کارێکی نەبوودەی لەمن دەکرد. ئێمە هەموو تاساین، یەکەم جار بوو بەدرێژایی جەنگی ئەفریقیا کە نەزانم چ بکەم. ئەو کاتەی کە رێنماییەکانی فەرماندیی هەرە بەرزمان بۆ لەشکر بڵاو کردەوە کە دەبێ بوەستن سەرمان کاس ببوو. من هەمیشە داوای پابەندییەکی تەواوم لە ئەفسەرەکانم دەکرد ئیتر دەبایە منیش هەمان هەڵوێست بنوێنم. لەم کاتە بەرەو سەر وامان لێ هات فەرمانی راستەوخۆ لە فوورەر و دووچی وەربگرین. ئیتر تووشی تاسەیەکی توند بووین(٣).

کشانەوە راگیرا ریپۆرتیشمان بۆ فوورەر نارد کەوا مانەوەمان دەکێشێتەوە سەر فەوتانی لەشکری پانزەر و هەموو بەرەی ئەفریقیا.

فەرمانەکە تینێکی گەورەی کردە سەر لەشکر. بە فەرمانی فوورەر ئامادەبوو ژیانیان تا دوا کەس بەخت بکەن. هەستێکی تاڵ بەسەرماندا زاڵ بوو کاتێکی کە چاومان بە ورەی بەرزی ئەو پیاوانە کەوت لە گەورەیانەوە تا بچووکترین سەرباز دەیانزانی کە هیچیان لەگەڵ چارەنووسی شەڕەکە پێ ناکرێت.

بەریتانییەکان بەدرێژایی رۆژ سەنگەرە چۆڵەکانی باشووریان تۆپباران کردبوو تا پاش نیورۆ کە ئاگادار بوونەوە و بە پاشەری فەیلەق x ی ئیتاڵی راگەیشتن، بەڵام هەموو پەلامارەکان بەرپەرچ درانەوە.. تیپی بۆلۆنیا دەکشانەوە، ئەفسەرەکان رەنجێکی زۆریان دا تا توانییان رێیان پێ بگۆڕن.. کاتژمێر ١٧ بریند بۆ بارەگای فوورەر بەرێ کرا کەچی تا کاتژمێر ٢١ ئەوجا گەیشتبووە مەرسا مەترووح. هەواڵی ناردەوە کەوا قەرەباڵغاییەکی سەیری تووش بووە. فڕۆکی بەریتانی پەلاماری

(٣) مانفرێد رۆمل: ساڵی ١٩٤٤ لە دوارۆژەکانی ژیانیدا باوکم بەشێکی زۆری نووسینەکانی خۆی دەربارەی شەڕی عەلەمێن سووتاند.

جادەکە دەدەن، لۆرییەکی زۆر سووتاون، سەرباز لۆرییان بەجێ دەهێشت و رایان دەکرد.

شەوی ١١/٣ یش بەبێ شەڕی گەورە بەسەر چوو. هەموو ئومێدم ئەوەبوو دوژمن دەرفەتێک بدەن تا دەرباز بین کەچی دەرفەتەکە وا بەفیڕۆ دەدرا.. بەیانی ١١/٤ فەیلەقی ئەفریقی و تیپی ٩٠ نیمچە بازنەیەکیان بە دەوری تەل ئەلمەمبەسرەدا دروست کرد بۆ باشووری رێڵەکە درێژ ببۆوە تا بە فەیلەقە ئیتاڵییەکان دەگەیشتەوە. هەشتی بەیانی هێرشی بەریتانی دەست پێکرایەوە. فەیلەقی ئەفریقی تەنیا ٢٠ تانکی مابوو توانییان ٢٠٠ تانکی دوژمن رابگرن. شەڕەکە تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو.

*ل. هـ: ئەلیگزەندەر نووسیویەتی بەریتانییەکان پەکیان بە زیانەکان نەدەکەوت چونکە مەبەستی سەرەکی لەوەدا بوو لەبەر دەستیان دەرباز نەبن.*

کێسلرینگ هات. دەمزانی کە هێزی لوفتواف ئەم وێنە چەوتەیان بۆ بارەگای فوورەر رازاندۆتەوە، ئیتر هەندێک بە تووڕەی قسەمان کرد. گوتی فوورەرە بەهۆی ئەزموونەکانی بەرەی رووسیاوە باوەڕیی وایە کە دەبێ هەموو بەرەکانی جەنگ رابگیرێن. گوتم "تا ئێستا وامدەزانی فوورەر فەرماندەیی بۆ من داناوە بەڵام ئەم فەرمانە شێتانەی دوایی وەک تۆپێک پێمان کەوت. نابێ ئەوەها بەکوێرانە ئەزموونی بەرەی رووسی بەسەر ئەفریقیادا بسەپێنێت، دەبایە بڕیارەکە بۆ من بەجێ بێڵێت"(١).

لە راستیدا بارەگای هیتلەر وایان لێ هاتبوو بایەخیان بە پروپاگەندە دەدا نەک بە زەمینەی راستی. توانایان نەبوو بە خەڵکی ئەڵمانیا بڵێن لە عەلەمەین دۆڕاوین، وایاندەزانی بە فەرمانێکی وەکو (یان سەرکەوتن یان مردن) راستییەکان سەراوژێر دەکەنەوە.

هەواڵم لە بایەرلاینەوە بیست کەوا فەیلەقی ئەفریقی هێرشە بەریتانییەکانی راگرتووە و تا ئێستا تۆپخانەی دوژمن نەهاتۆتە مەیدانەکە، رامسپارد کە بەگوێرەی توانا شەڕ بکات دەنا ئەگەر تینی بۆ هات با بکشێتەوە.. ئەمجارە هەواڵی وێستفال

(٤) مانفرێد رۆمل: لە راستیدا کێسلرینگ ئامۆژگاریی باوکمی کردبوو کە دەبێ بە جۆرێک بە پشت فەرمانەکەی هیتلەردا بسوورێتەوە.



هات کەوا دوژمن هێڵی ئیتاڵییان بەزاندووە، شەڕێکی قورس لە ئارادایە و وا بەرەو خۆرئاوا دێن.

دواتر بایەرلاین هات و رایگەیاند کەوا بارەگای فەیلەقەکە لە تەل ئەلمەمبەسەر کەوتۆتە ژێر هێرشێکی قورس. ئەو بە پێ خۆی رزگا کردووە، بەڵام جەنەراڵ فۆن تۆما وەک بڵێی دەیەوێ خۆ بەکوشت بدات، واز لە بارەگاکە ناهێنێت.

تۆز و دووکەڵێکی گەورەی ئەو شەڕە لە دوورەوە دیار بوو. بەتالیۆنەکەی مێجەر فۆن لووک چوون کەلێنی نێوان فەیلەقی ئەڵمانی و ئیتاڵی پڕ بکەنەوە، دواتر باسی کرد چۆن ئیتاڵییەکان، کە بەشی گەورەی هێزی مۆبایلی لەشکریان لەدەستدا مابوو، شەڕێکی زۆر مەردانەیان کرد بەرانبەر هێزی لە خۆیان زۆر گەورەتر و هەمان شت بۆ فەیلەقی ئەفریقی بەڵام چەک و جبەخانەیان نەما.. کەواتە، ئێستا ئەوەی لێی دەترساین قەوما، هێڵەکانی پێشەر شکان و تانکەکانی دوژمن بەنێو کەوتن بەرەو پاشەری هێڵەکان.

پاش تاوتوێ لەگەڵ بایەرلاین بڕیارمان دا کە کاتی هیچ نەماوە تەنیا ئەوەیە کە فەرمانی کشانەوە بدەین. بایەرلاین دیسان بە فەرماندەی فەیلەق دانرا چونکە جەنەراڵ تۆما بە مردوو دانرا، دواتر لە رادیۆ بیستمان کە بەریتانییەکان گرتبوویان. ئیتر کاتژمێر ١٥,٣٠ فەرمانی کشانەوە راگەیێندرا.

سەیری لەوە دایە کە سبەینێ بەیانێ-پاش ئەوەی کە هەموو شتێک بەسەر چووبوو- برووسکێک لە فوورەر و کۆماندۆ سوپێرمۆ هات رەزامەندییان (فەرموو بوو) کە لەشکر بکشێتەوە بۆ فووکە!!!

# چاپتەر XV

## عەلەمێن – چاو خشاندنەوەیەک

وا لە شەڕی چارەنووسسازی جەنگی ئەفریقیا دۆڕاین. بەشی گەورەی پیادە و هێزی مۆبایلی خۆمان لەسەر دانا ئینجا فەرماندەیی ئەڵمانی و ئیتاڵی وازیان لە هەموو کەموکورییەکان هێنا و شکستەکەیان خستە پاڵ لەشکر و سەرلەشکرەکە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەو تۆمەتانەیان هەڵدەبەست کەسانێک بوون کە بەدەگمەن بەرەی شەڕیان دیتبوو، بەدەردی دەڵێن "دوور لە مەیدان، چ زۆرە پاڵەوان"[1].

قسە کراوە گوایە چەکمان فڕێ داوە و گوایە من پیاوێکی بێ ورەم و لە تەنگانەدا ڕەشبین دەبم و جێی باوەڕ نیم. کێهەی کە جاران بە سەرکەوتنەکانی ئێمە قەڵس دەبوو و دەنگی نەدەهات، ئێستا زمانی درێژ دەکرد. قوربانیی ڕاستەقینە لەشکرەکەم بوو کە ئەوها کەوتە دەستی دوژمن، کەچی پیاوانی سەر کورسی پاڵیان دابۆوە باسی پلانی نوێیان دەکرد بۆ داگیرکردنی کازابلانکا.. پیاو هەبوون ئەسڵەن نەدەوێران چاو بە نەخشەیەکی شەڕدا بخشێنن کەچی ئیشیان ئەوەبوو تاوان بۆ خەڵکی ئیشکەر هەڵبەستن بۆ سوودی خۆیان.. من تاکە شتێکی لێی پەشێمانم ئەوەیە کە دەبایە پێش ٢٤ کاتژمێر فەرمانەکەی (یان سەرکەوتن یا مردن) فەرامۆش بکەم. ئەوسا ئەو هەموو پیادەمان لەدەست نەدەچوو و هەرنەبێ هێزێکی شەڕکەرمان لەدەستدا دەما.

بۆ ئەوەی گومانێک لەلای مێژوونووسەکان دەربارەی شەڕەکەی عەلەمێن نەهێڵم ئەم گەنجینە دادەڕێژم:

لە هەر شەڕێکدا، تەنانەت پێش ئەوەی تەققەیەک بکرێت، تۆ بزانە پترۆڵ و خۆراک

(١) م م م: ئەم پەندە بە ئەڵمانی ئەوها نووسراوە: Weit vom Schuss gibt alte Krieger
بە ئینگلیزیش ئەوها نووسراوە: Far from the battle makes old soldiers



و جبەخانەت چۆنە بەرانبەر بەوەی کە دوژمن هەیتی، ئەوسا ئەنجامی هەر شەڕێک یەکسەر دیار دەخرێت. بەکورتی، پرسیاری سەرکەوتن و شکست دەبێ پێش هەموو کەسێک لە پیاوانی میرە بکرێت.

خاڵی دووەم. وابزانم لە ئایندەدا پێش ئەوەی شەڕی زەمینی بکرێ، پێشتر شەڕێکی ئاسمانی بەڕێوە دەچێت چارەنووسی شەڕە زەمینییەکە دیار دەخات. بەسیەتی کەوا دابین کردنی پترۆڵ و خۆراک دەکەوێتە دەست ئەو لایەنەی کە ئاسمانی کۆنترۆڵ کردووە.

لە حاڵەتی ئێمەدا هیچ کام لە خاڵەکانی پێشوو دابین نەکرابوون بەڵکو هەردووک مەرج بۆ بەریتانییەکان دابین کرابوو.. تاکتیکی بەریتانییەکان بەم جۆرە بوو:

١- تاکتیکی شەڕە تانک، بەریتانی تانکی لیز و شێرمان و گرانتسیان هەبوو هەروەها تانکی چێرچڵیش دیتران[2]. بەگشتی کرابوونە دوو بەش. تانکی سووک و تانکی قورس. لە سەرەتادا تانکە سووکەکان دەهاتن بۆ مانۆر و بۆ دەستنیشان کردنی تانک و دژەتانکی ئێمە. ئینجا تانکە قورسەکان لە مەودای ٢٧٠٠ یارد دەوەستان دوور لە مەودای ئێمە و ئەوجار سەنگەری دژەتانکەکانی ئێمەیان مات دەکرد.

٢- تاکتیکی تۆپخانە، تۆپخانە لە شەڕی عەلەمێندا خۆپێشاندانێکی بێ چەشنی هەبوو. سیمای هەرە گرینگیشی ئەوە بوو کە تۆپخانە دەجووڵێندران. تۆپخانەی ئێمە بەڕاددەی سەرەکی لە تۆپی ئیتاڵی پێک دەهات کە لە ٦٠٠٠ یارد پتر نەدەڕۆیشتن کەچی تۆپی بەریتانی دوورتر و قورستر بوون. هەروەها یەدەگ تۆپخانەکەیان نەدەبڕا.

٣- تاکتیکی پیادە، کە تۆپ و فڕۆک بەشەکانی پێشەری ئێمەیان نەرم دەکرد، ئەوسا ڕۆڵی پیادە دەستی پێ دەکرد. لەژێر پەردەیەک دووکەڵی چڕ، کەلێنی پان و بەرینیان لە مینستانەکانی ئێمەدا دەکردەوە. تانکەکان پێشڕەوییان دەکرد و پیادە بەدوایاندا دەهاتن. واتە بیردۆزی (درێڵ) پێڕەو دەکرا.

(٢) ل ه: چوار تانک لە جۆری چێرچڵ لە شەڕەکەی عەلەمێن بەکار هێنانران.

تانکەکـان وەکـو تۆپخـانەیەکی مـۆبـایڵ بەکـار دەهـاتن بۆ کـوتان و مـاتکردنی سەنگەرەکان ئینجا پیادە پێ وەردەبوون. هەماهەنگییەکی پوختیان هەبوو. هەروەها بایەخیـان بەوە نەدەدا تا چەند پێش کـەوتوون بەڵکو هەر سـەنگەرێک کـەوتبـایە دەستیان یەکسەر خۆیان لێ دادەمەزراند و دەستبەجێ چەک و پێداویستیی خۆیان تێ دەهاویشت.. پیادەی بەریتانی بەتایبەتی لە هێرشی شەوەکیدا زۆر شارەزا بوون.

*ل. هـ: پاش جەنگی جیهانیی یەکەم رەوتێک پەیدابوو لایەنگری هێرشی شەوەکی بوون. لە ١٩٣٢ سوپای بەریتانی کۆمیتەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ ئەوەی لە هێرشی شەوەکیی بکۆڵنەوە. بەڵام زۆربەی فەرماندە بەرزەکانی رەتیان دەکردەوە تەنیا چەند کەسێک نەبێت لەوانە سێر فریدریک پایڵ باوەڕی بەم رێبازە هەبوو. ناوبراو لە جەنگی جیهانی یەکەمدا فەرماندەی لیوایەکی پیادە بوو لە میسرِ و، ئەوسا مۆنتگمری فەرماندەی بەتالیۆنێکی لیواکە بوو، مۆنتگمری لە وێ فێر ببوو هێرشی شەوەکی بە پیادەکان بکات.*



## چاپتەر XVI

### کشانەوە مەزنەکە

شەوی ١٩٤٢/١١/٤ لەشکر بە رێگەی بیابانییەکەدا کشایەوە تا فووکو چونکە رێی سەر دەریا بە فرِۆکی بەریتانی دەشێلرا. کشانەوەکە بریتی بوو لە پێشبڕکەیەک لەنێوان ئێمە و زرێپۆشە بەریتانییەکان، هەردووک بۆ یەک شوێن راماندەکرد.

*ل.هـ: پاش بەزاندنی هێڵەکانی بەرگری فەرمان بە تیپەکانی زرێپۆشی ١ و ١٠ درا کە راستەوخۆ بەرەو باکووری خۆرئاوا باهاژوون تا دابە و جەلال، خۆرئاوای دابە. تیپی ٧ی زرێپۆش و تیپی نیوزیلاندی بە بیاباندا بۆ گرتنی فووکە کەوتنە رێ.*

*ئێوارەی ١١/٤ بە پاشەری (لەشکرە شرِکراوەکەی رۆمل) گەیشتنەوە کەوا بەهۆی دەست تێوەردانی هیتلەر دواکەوتبوون. هێزە مۆبایڵەکانیان دەرباز کرد و لە راستیدا ناتوانین بە ئاسانی تێ بگەین چۆن پێیان کرا خۆ لە هێزی ئاسمانی و زەمینی بەریتانی بدزنەوە. مۆنتگمری دایەوە پاڵ باران، دەڵێ "ئەو بارانەی کە رۆژانی ٦ و٧ ی مانگ باری، تەنیا ئەوە بوو لەشکری رۆملیان رزگار کرد لە وێرانکردنێکی سەرتاسەری"*

*خۆی بارانەکە لە ئێوارەی ١١/٦ باری، کەچی قۆناغی ترسناک لە ئێوارەی ١١/٤ بوو. بەڵام لە راستیدا رۆمل ناوبانگێکی تەلەسماویی هەبوو کەوا زەبری کتوپڕ دەوەشێنێت و لەناکاو ئیشەکان سەراوژێر دەکاتەوە. ئەم ناوبانگە سام و وریایی بەسەر هێزە بەریتانییەکاندا سەپاندبوو. هەروەها سەرنەکەوتنی بەریتانییەکان لە دابڕینی لەشکرە شکستخواردووەکەی رۆمل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشووودانەوەی کە شەوی ٤-٥ی تشرین کردیان. لەباتی ئەوەی کە بەزووترین کات خۆ بگەیێننە فووکە و ئەولای فووکە، شەوەکە لە رێگەدا وەستان گوایە تاکو بەرەڵلایی و نارێکی روو نەدات.. دواتر لە قۆناغی دووەمی راونانەکە، نەک هەر قورِ و باران دوای خستن*

*بەڵکو پترۆڵیشیان لێ برا.*

رۆمل: فووکو ٦٠ میل دوور بوو، ڤێکڵیش زۆر کەم بوون، مەگەر بە زرێپۆش پیاوەکانیان گواستبایەوە دەنا بەشە ئیتاڵییەکانی باشوور زۆربەیان بە پێ رێگایان بڕی.

کە شەو داهات بارەگاکەم بۆ باشووری خۆرئاوای ئەلدابە گواستەوە، ئینجا بە باشووری رێڵەکەدا تا فووکە کشامەوە. تاریک بوو رێگا پڕبوو لە کەند و چاڵ، تایەرەکان تا ئەکسڵ لە لیمدا دەچەقین. هاتەوە یادم کە ئێمە لە پاش گرتنی توبرِق بیرمان لە ئەسکەندەرییە دەکردەوە کەچی ئێستا!!. ئەو شەوە هەر خەیاڵی تاڵ بە مێشکماندا دەهاتن.

بەیانی١١/١٥ لە تەلبەندەکەی فرۆکخانەی فووکە وەستاین. رێی سەردەریا لە لای دەستە ڕاستمان بوو شەوقی تەقینەوەی بۆمباردمانی لێ نەدەبڕا. پاش حەسانەوەیەک، بۆ سەر گردێک چووین دوو میل بەلای خۆرهەڵات لەوێدا بارەگامان دامەزراند.. فەرمانەکەی هیتلەر و مۆسۆلینی هات. تازە بەتازە نووسیبوویان دەبێ هێزەکان، بەتایبەتی پیادەکان، بە ساغی دەرباز بکەم. سەیری یەکترمان کرد و لە خەفەتان سەرمان بادەدا چونکە ئەگەر لەسەر ئەم فەرمانە راوەستابایەن، کەسمان نەدەما.

ئێستا خۆوبەخت دەبێ چاوەڕێ بین ئایا بەریتانییەکان چ دەکەن؟ ئەگەر نەهاتبانە پێش رادەوەستام تا بزانم چەند لە پیادەکان رزگار دەکرێن و. ئەگەر بە تیژی هاتبانە پێش ئەوسا ناچار دەبووم تەنیا خەریکی رزگارکردنی هێزە مۆبایلەکان بم بۆ سەللووم چونکە کار لەوەدا نەدەما بیر لە پیادەکان بکەمەوە. داخیشم ئەوەیە کە دواتر هەندێک خەڵکی بێ عەقڵ لەخۆڕا گوتبوویان گوایە من ئیتاڵییەکانم لە عەلەمێن پشتگوێ خستووە.

شەوی ١١/١٥ فەیلەقی x و لیوای ١ی پەڕەشووت بە خۆڕاکێشان چووبوونە ئەلدابە.. لەهەمان کات بەشی گەورەی هێزە مۆبایلەکانی فەیلەقی ئەفریقی و تیپی ٩٠ی سووک و هێزە مەکینەدارەکانی ئیتاڵی گەیشتنە دەوروبەری فووکە.. حاڵی رێگاکەی سەردەریا بەدتر بوو، راکە راکە و قەرەباڵغایی لۆری و سەربازی تووڕە و



تەنگاو بەرەڵڵایی دروست کردبوو، فڕۆکیش بۆمباردمانی خۆیان دەکرد.. لە لای فووکە، ٢٠٠ تانک و ٢٠٠ زرێپۆشی بەریتانی بەدوا پاشەری فەیلەقی ئەفریقی کەوتبوون و نیوڕۆ شەڕێکی قورس لە نزیک فووکە هەڵگیرسا. رەشەبایەک هەڵی کرد پلەی بینایی گەیشتە سفر. ئینجا بەریتانییەکان بە باشووردا خەریکی باڵچەرخی بوون.. دوو پۆلە فڕۆک بۆمباردمانیان کردین. من و وێستفال خۆمان لەسەر زەوی درێژ کرد تا (رایەخە بۆمبەکان) تەقینەوە، زیانێکی ئەوتۆیان نەگەیاند. دواتر تانکی شێرمان بەدەر کەوتن، دار و بەردیان دایە بەر تۆپ، هیچ هێزێکیش لەنێوان ئێمە و تانکەکان نەوەستابوون. فەیلەق لەت ببوو، تیپی ٢١ بەلایەک و تیپی ١٥ بەلایەکی دیکەدا چووبوون. بە دڵێکی گرانەوە فەرمانم دا کە هەر ئێستا بکشێنەوە بۆ مەرسا مەترووح.

کە کشانەوە دیسان دەستی پێکرد ئێمەش بارەگامان بزواند و دیسان تووشی رێپێوانێکی شەوەکی بووینەوە. هەندێک رۆناکایی گوندە عەرەبەکان دەدیتران بەبێ راوەستان بەتەنیشتیاندا ئاوا دەبووین و هەر رۆیشتین تا گەیشتینە دۆڵێکی بچووک لەوێ ماینەوە تا بەیانی.

ئێستا هیچ زانیارییەکمان نەبوو ئایا کێ ماوە و کێ نەماوە. حاڵی پیادە ئیتاڵییەکان لەکار ترازابوون. سەبارەت بە فەیلەقی XXIی ئیتاڵی، لە زووێکەوە داوای لۆریمان کردبوو بۆیان، لۆرییەکانیش هیچیان پەیدا نەبوون. ئیتر شەڕێکی نابەرابەریان لەگەڵ بەریتانییەکان کرد، بەشێکیان وێران کران و ئەوانی دیکە دەستبەسەر کران.. فەیلەقی Xی ئیتاڵی لە باشووری خۆرهەڵاتی فووکە بوون بەبێ ئاو، بەبێ یەدەگ، ئەگەر قسەی راستتان دەوێ، بەبێ هیچ ئومێدێک. تەنیا بەشێک لە ڤێکڵەکانیان دەرباز بوون. دەنا فەیلەقی XX لە رۆژی یەکەمەوە هەموویان راماڵدران.

ئەم هێزانەی مانەوە بریتی بوون لە تیپە سووکەکە، دوو تیپەکەی فەیلەقی ئەفریقی کە زۆر زۆر بچووک ببوونەوە، فەوجی پانزەری گرینادێر و هەندێک یەکەی شەڕکەری ئەڵمانی پێکەوە لەگەڵ تیپی ١٦٤ی سووک، هێزی دژەفڕۆک، هێزی دژە تانک، تۆپخانە هتد لەو هەموو لەشکرەی عەلەمێن تەنیا وردە هێزی بچووکیان مابوو.

بەرەبەیانی ١١/٦ چاومان گێڕا توومەز سەربازێکی بەریتانی، لە قولە ڕەشەکان بوو، خۆی خشاندبووە نزیک ڤێکڵەکەی من. هەندەی نەبرد چەند لۆرییەک لێرە و لەوێ ئاگریان تێ بەربوو. ڤێکڵەکانمان سووڕانەوە و بە سەختی خۆمان لە تەپکەکە رزگار کرد و بەنێو مینستانەکەی باشووری مەرسا مەترووح دەرباز بووین. ڕۆیشتین تا ناوچەیەک ١٠٠٠ یارد لە خۆرهەڵاتی مەرسا مەترووح.

حاڵی هێزەکان لە کشانەوەدا باس ناکرێت کە چەند سەخت بوو. پەککەوتنی لۆری و بایەخ نەدان بە مینەکان و قەرەباڵغایی و بەرەڵڵایی. وردە وردە کشانەوەیان سست ببۆوە و ژمارەیان کەم دەبۆوە.

تیپی ٢١ی پانزەر بەو چەند تانکەی لەشکرەکەوە لە نزیک قوسابە سەرەڕمبێکیان پێک هێنا بۆ راگرتنی دوژمن. تاقمە شەڕکەرەکەی کاپتن ڤۆس خۆیان لە فووکە دانووساند بۆ دواخستنی بەریتانییەکان بەڵام دوژمن بەدەوریاندا بۆ تیپی ٢١ سووڕابوونەوە. پیاوەکان خۆیان توند کرد و بە شەڕی مان و نەمان توانییان هێرشە بەریتانییەکە رابگرن. لە هەمان کاتدا تاقمەکەی ڤۆس پەلاماری پاشەری بەریتانییەکانیان دا. هێزە بەریتانییەکان یەک لە دوا یەک دەهاتن و پەلاماریان دەدان، ئەو چەند تانکەشیان یەک لە دوا یەک لە جێی خۆیان تێک شکاند. تانکەکانیان بەجێ هێشت و بە ڤێکڵی دیکە کشانەوە بەڵام هەندەی نەبرد پترۆڵیان بڕا، ئیتر دیسان دامەزران و شەڕیان کردەوە.. کە شەو داهات توانیمان تانکەری پترۆلیان بۆ بنێرین ئەوجار توانییان بۆ لای بەشەکانی دیکە دەرباز بن.

جەنەراڵ گاندین پەیدابوو، مارشاڵ کاڤالێرۆ ناردبووی کە بزانێ چ باسە. منیش زۆر بە خۆشییەوە (زانیارییەکان)م پێ راگەیاند، بەوردی یەک بە یەک تێم گەیاند کە فەرمانەکانی فوورەر و دووچی ئەم ئەنجامەیان داوەتەوە. گوتم ئەگەر بەریتانییەکان ئارەزوو بکەن تا تەرابلوس گیر نابن و هیچ هێزێک نییە پێشیان پێ بگرێت.

جەنەراڵ گاندین بە لەرز و تاسانەوە رۆیشت. دیارە کۆماندۆ سوپێرمۆ، وێڕای ئەو هەموو ریپۆرت و کۆنفراسانەی مانگەکانی رابردوو هێشتا ئاگایان لە هیچ نەبووە.

لەو رۆژەدا ١١/٦ توانیمان جۆرە هێزێکی بەرگری پێک بێنین هەموو پەلامارەکانی دوژمنی بەرپەرچ دایەوە. وێڕای ئەو تەنگەتاوی و مەترسییە هەموو سەربازەکانی



ئەڵمان و ئیتاڵی لەوپەڕی هێمنی و رەندیدا بوون، نمایشی سەربازیی خۆیان تێک نەدا و هەرگیز سەرپێچییان لە ئەفسەرەکان نەکرد. هەر یەک شەڕەکەی بە شەڕی خۆی دەزانی و زۆر بە خەفەتەوە دەستیان لەو هەموو وڵاتە بەردا کە لە هاوینی رابردوو گرتبوویان.. کەچی سەبارەت بە دوژمن، سەرباری ئەم لاوازییەی ئێمە هێشتا هەر زۆر بە وریایی دەجووڵانەوە.

بارانێکی گەورە باری لافاوی هەستاند، جووڵەی هێزەکان دوو هەندە هێواش بوو. بەڵام لەهەمان کاتدا جووڵەی دوژمنیشی قورس کرد. واتە باری هەردووک لا گران بوو.

*ل.ه: تینی بارانەکە لەسەر بەریتانییەکان گەورەتر بوو لەچاو ئەوەی کە رۆمل تێ دەگەیشت. لافاوەکەی شەوی ٦-٧ دەشتەکەی تێک دا. جووڵەی تانکەکان زۆر هێواش بۆوە و لیواکانی کە بە لۆری دەجووڵانەوە و هەموو تانکەرەکانی پترۆڵ و لۆرییەکانی یەدەگ پەکیان کەوت. هەمان شت بوو کە لە ١٩٤١ لەشکرە ئەڵمانەکانی لە رووسیا جام کرد ئێستا تووشی لەشکری بەریتانی ببوو.*

*بەڵام باران تاکە هۆی دواکەوتن نەبوو، تیپی ١ی زرێپۆش لە خۆرئاوای مەرسا مەترووح دوو جار پترۆڵیان بڕابوو، بەتایبەتیش جاری دووەم لە شەوی بارانەکە یەک هەنگاویان مابوو رێگا بە رۆمل ببڕن. جەنەراڵ بریجز، فەرماندەی سەرتیپەکە، بەم وەستانە زۆر تووڕە بوو چونکە پێشەکی داوای کردبوو کە بەلانی کەم یەک تیپی زرێپۆش بۆ هەنگاوێکی درێژ تەرخان بکرێت، بەڵام دوودڵی بەسەر فەرماندە بەرزەکاندا زاڵ ببوو و بەشی گەورەی لۆرییەکانیان بۆ گەیاندنی جبەخانە تەرخان کرد.*

*ئەنجامی ئەم سستییە ئەوە بوو کە باڵچەرخییەکە تەنیا بە یەک فەوجی سەیارەی زرێپۆش و بەشێک لە تیپی ٤ی زرێپۆشە سووکەکان کرا. ئەمانەش ئەو هێزەیان نەبوو لەشکرە کشاوەکەی رۆمل رابگرن.. تیپی ٧ی زرێپۆش کە لە فووکە تووشی شەڕ ببوو دواتر فەرمانی پێ درا کە بە رێی سەر دەریادا راستەوخۆ بگەنە مەرسا مەترووح. بەڵام پاشەری لەشکرەکەی رۆمل کشانەوەیەکی خێراتریان کرد بەرەو خۆرئاوا و وازیان لە پاراستنی لەشکر نەهێنا.*

رۆمل: بەگوێرەی باری تازە، ئومێدێکم پەیدا بوو کە هێزەکانم لە مەرسا مەترووح دامەزرێنم بۆ ئەوەی هەندێک دوژمن دوا بخەین بەشکەم هەندێک سەنگەرکاری لە سەللووم بۆ ئێمە ساز بکرێت. بەیانیی (١١/٧) لەگەڵ ستیفانیز، فەرماندەی فەیلەقی x و رووگێری، سەردەستەی ستافی فەیلەقەکە، پلانەکەمان تاوتوێ کرد. تازە هیچیان پێ نەدەکرا بۆ بەجێماوەکان و بە هەمووی ١٠ تانک و یەک بەتالیۆنیان مابوو. فەرمانم دان کە خێرا پێشمان بکەون بۆ بوگبوگ و کاپووزۆ، پیاوەکانی سەر رێ کۆبکەنەوە و یەکە هێزی شەڕکەر پێک بێنن.

بەریتانییەکان هەندە بە بارانەکە دوا نەکەوتوون و رەنگبوو بگەنە سەرمان. لەگەڵ بایەرلاین تاوتوێیەکمان کرد، گوتمان نابێ خۆ تووشی شەڕێک بکەین وەکو شەڕەکەی دوێنێ کە تیپی ٢١ی پانزەر لە ٣٠ تانک تەنیا چواریان ما و تێکڕای تۆپەکانیان بەجێ هێشت.. فەرمانم دا هێڵێکی درێژ دروست بکەن و دەرفەت نەدەن هیچ دوژمنێک پێشڕەوی بکات بەڵام ئەگەر پاڵەپەستۆیان لەسەر کرا با رانەوەستن و یەکسەر بکشێنەوە.

کاتژمێر ١٠ جەنەراڵ رامکە Ramcke بە ٦٠٠ کۆماندۆی پەڕەشووتەوە پەیدا بوو. لە فووکە دابڕا و ئومێدمان نەما بیبینینەوە بەڵام تەپکەیان بۆ لۆری بەریتانی دانابۆوە خۆیان کردبوو بە هێزێکی مۆبایل. بەینمان لەگەڵ لیواکەی رامکە هەرگیز خۆش نەبوو چونکە هەمیشە گازاندەمان لە لوفتواف دەگرت و ئەم لیوایەش هەمیشە داواکاریی تایبەتییان دەکرد. ئەمجارەش دیسان گلەییان کرد کە بۆچی لۆریمان نەدابوونێ.. پەلاماری ئاسمانی بەدرێژایی رۆژەکە نەوەستا و زیانی گەورەیان گەیاند. تیپە سووکەکە بەدرێژایی رۆژ قوونەشەڕی دەکرد و بەریتانییەکانی دوا دەخست. بەریتانی پەکیان بە قوڕ و بارانەکە نەدەکەوت. هەستاین لەگەڵ لێواری دەریا رۆیشتین تا سیدی بەڕڕانی. ریپۆرت هات کەوا کاروانی لەشکر، کە ٣٠–٤٠ میل درێژ ببۆوە، لە دەربەندی حەلفایە و سەللووم چەقیون. فەرمانم دا ئەفسەر بڵاو بکرێنەوە بۆ بزواندن و بەڕێکردنی لەشکر. کشانەوە بە شەو و رۆژ بەردەوام بێت هەروەها تۆپەکانی ٨٨ لەسەر رێگاکان بڵاو بکەنەوە. لوفتواف هەواڵیان نارد کەوا چالاکیی خۆیان خستۆتە سەر ئاسمانی دەربەندەکان. ئومێدێک پەیدا بوو کە بتوانین



سەرەڕمبە بەریتانییەکە بوەستێنین. لە هەمان کات زانیاری هات کە تیپێکی زرێپۆشی دوژمن بە باشووردا وەکو چەنگاڵێک بۆمان سووڕاوەتەوە. فەرمانم دا کە تیپی ٩٠ پاشەرەگری هەموو لەشکرەکە بێ تا دەگەنە سیدی بەڕڕانی. شەوی ١١/٧ چەنگاڵە بەریتانییەکە بەرەو رێگای باکوور هاتن تاکو رێگا بە لەشکر ببڕن بەڵام هیچیان دەست نەکەوت چەند ڤێکلێکی سووتاو نەبێت.. ئێستا دوو گرفت مابوون. یەکەم، پترۆڵ. دووەم، دەربازکردنی لەشکر لە دەربەندی حەلفایە کە هێشتا ٢٥ میل لە کاروانی درێژی لەشکرەکە ئاوا نەبووبوون.

لە ١١/٨ بیستم کەوا ١٠٣ کەشتیی هاوپەیمانەکان بۆ ئەفریقیا هاتوون. وێستفال هەواڵەکەی تاکید کرد کەوا لەشکرێکی ئەنگلۆ ئەمەریکی لە جەزائر دابەزیون. ئەم هەواڵە نیشانەیەک بوو کەوا هەڵمەتەکەی ئێمە لە ئەفریقیا بەم زووانە کۆتایی دێت.

هەر چۆنێک بێت، نیوڕۆ فەرماندەی بارەگا و جەنەراڵ بوولاڤیۆس، فەرماندە نوێکەی ئەندازیاران، لەگەڵ لوتانەنت برێند و مێجەر ئۆتۆ کۆبوونەوەیەکم بەست. کشانەوەی لەشکری رەنگبوو دوو رۆژی تر بخایەنێت چونکە قەرەباڵغییەکەی رێگەی نەدەدا خۆراک بە پاشەری لەشکر بگەیێنن. بڕیارم دا فەیلەقی xx و بەتالیۆنێکی فەیلەقی ئەفریقی بە هەباتەدا بنێرم رێگاکە بکەنەوە و یارمەتی تیپی ٩٠ بدەن.. لەم بەینەشدا هەندێک بەریتانی لە باڵی باشوور پەیدا بوون، بەشێک لە تاقمەکەی ڤۆس و لە بەتالیۆنی ٣ی شوێنهەڵگر ناردران بۆ راگرتنی هەر پێشڕەوییەکی بەریتانی لەو لایە. بەریتانییەکان بەدرێژایی رۆژ بەدوا پاشەری لەشکرەوە بوو بەڵام هێرشێکی ئەوتۆیان نەکرد.

کۆمەڵێک تیمی کۆنترۆڵ بازگەیان دانا و جووڵەی لەشکر رێک خرا، ئێستا بەبێ گرێ دەهاتن. لە حاڵەتی ئەوهادا کەس ئومێد نەکا کاروانی پترۆڵ و خۆراک بە رێکی بگەنە جێ. دەبێ وازیان لێ بێنن خۆیان و بارەکان بپارێزن و، ئەگەر شەڕ پێویست بوو شەڕی خۆیان دەکەن تا بارەکە هێمن دەبێتەوە خۆیان دەگەڕێنەوە سەر ئەرک و کاری خۆیان.

فەرمان لە مۆسۆلینییەوە هات کە لە رێی سەللووم بوەستین. ئەمەش نەدەکرا چونکە هێزی شەڕکەرمان لەدەستدا نەبوو ئیتر فەرمانەکەمان پشتگوێ کرد. دەبایە

بیر لە چۆڵکردنی لیبیا بکەنەوە کەچی تازە بەتازە تروپی نوێیان دەنارد.

بەیانی ١١/٩ لەشکر لە دەربەندی حەلفایە ئاوا بوو، باوەڕمان نەدەکرد هەندە زوو بپەڕێتەوە. ١٠٠٠ ڤێکلێکی شکاو لە خۆرهەڵاتی دەربەندەکە بەجێ هێشتران بەڵام ئیشە سەرەکییەکە بەدی هات، هەندێک پەلاماری ئاسمانی بەریتانیش هەر هەبوو. بە بایەرلاینم راگەیاند کە فەیلەقی ئەفریقی ئێستا دەتوانن رێگاکەی سەر دەریاش بەکار بێنن. هەروەها بەهۆی ئەم پێشکەوتن و ئارامییە بڕیارم دا لە ناوچەی سیدی بەڕڕانی بکشێینەوە. ئێستا پیادەکانی لەشکر بریتی بوون لە ٢٠٠٠ ئیتاڵی، ٢٠٠٠ ئەڵمان، ١٥ دژە تانک و ٤٠ تۆپی مەیدانی ئەڵمانی لەگەڵ هەندێک تۆپ و دژەتانکی ئیتاڵی بۆ پاراستنی بەرەی سەللووم تەرخان کران.. هێزی مۆبایڵ بریتی بوو لە ٣٠٠٠ ئەڵمان و ٥٠٠ ئیتاڵی بە ١١ تانکی ئەڵمانی و ١٠ تانکی ئیتاڵییەوە، وێڕای ٢٠ دژەتانک و ٢٥ تۆپی مەیدان و ٢٤ دژەفڕۆک کە هەموو ئەڵمانی بوون.

باوەڕمان نەدەکرد تیپی "لاوانی فاشیست" بەم زووانە بگەنە جێ، رێنماییم بۆ بەڕێ کردن کە لە مەرسالبرێگە دامەزرێن تا دەیانگەینێ. تازە ئومێد نەمابوو هەرێمی مەرمەریکا رابگرین. ئەگەرچی شتێکی زۆر تاڵە کە واز لەو هەموو هەرێمە بێنی کە بەو رەنجە گەورەیەش وەدەستت هێناوە، بەڵام ئەگەر کورتە غیرەتی وات لێ بکا راستییەکانی باری سەربازی رەچاو نەکەی، ئازایەتی دەبێتە بێ عەقڵی.


## چۆڵکردنی سیرینایکا

لەم بەینەدا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لەشکرێکیان لە توونس دابەزاندبوو بەرانبەر لەشکری ئەنگلۆ-ئەمەریکی. عەقڵم ئەوەی نەدەبڕی و باوەڕم وابوو کە دەبێ خۆمان لە زوورگەکانی سیرینە Cirene قایم بکەین تاکو وردە وردە بە کەشتی و بە غەواسە و بە فڕۆک ئەفریقیا بەیەکجاری چۆڵ بکەین.

شەوی ١١/١٠ کاپووزۆ بە توندی بۆمباردمان کرا و زیانێکی زۆر کەوتەوە.. بەیانی رۆژی دووەم هێرشێکی توندی بەریتانیی بەدرێژیی رێی سەر دەیا کرا. نیوڕۆ فەرمان بە تیپی ٩٠ درا کە بە سەللوومدا بکشێنەوە. پاش نیوڕۆ کشانەوەکەیان ئەنجام دا و رێ و بانەکانی پاش خۆیان تەقاندەوە.. کۆگا و هێزەکان بەرەو سیرینایکا رادەدران،








کەڵکی ئەوە نەبوو هیچ وەستانێک و بەرەنگارییەک لە رێگای غەزالە پێڕەو بکەین.

سەبارەت بە توونس، داوام لە کاڤالێرۆ و کێسلرینگ کرد بێنە لام تاوتوێیەکی ئەو بەرە جەنگە بکەین و ئەگەر لەشکرێکی دیکە بۆ توونس بنێرن کەواتە با هەندێک تروپ بۆ ئێمەش بنێرن بەشکەم بتوانین لە مەرسالبرێگە هێڵێکی بەرگری دانێین. پاشان کارێکی ئەوها تێڕوانینێکی باشی دەویست، جووڵەی تاکتیکی پێویست بە پەلە و خێرایی دەکات. کەچی پلانی ستراتیجی پێویست بە هێمنی و تاوتوێیەکی پوخت دەکات.

هیچیان گوێیان نەدامێ، بۆیە بڕیارم دا برێند بۆ بارەگای فوورەر بنێرم. پاش چەند رۆژێک هاتەوە گوتی کەس بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەداوە، فوورەر رایسپاردووە بەمن بڵێت واز لە مەسەلەی توونس بێنم و خەریکی بەرەی خۆم بم. ئەمە یەکێک بوو لە هەڵوێستە ساکارەکانی فەرماندەیی گشتی. ئێمە لە شەڕ و تاکتیکدا هیچ درێغییەکمان نەبوو بەڵام لە پلانی ستراتیجیدا بێ کەڵک بووین ئیتر شەڕ و تاکتیکەکانیش سوودیان نەدەبوو.

دواتر برێندد قسەی تری گێڕایەوە گوتی (کاکی گەورە) بەهیچ شێوە رووی خۆش نەبووە. بەڵێ گوتبووی کە باوەڕێکی تەواوی بە من هەیە بەڵام دیار بوو دەمارەکانی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. گوتبووی با هەموو پێداویستیی لە بوارێکی لەشکرمان بنووسین چونکە هەر هەموویان جێ بەجێ دەکرێن. گوتبووی بە هەموو شێوەیەک

مەرسالبرێگە بپارێزین تا بکرێتە بنکەیەک بۆ هێرشەکانی داهاتوو.. منیش داوای چەک و یەدەگ و شمەکێکی یەکجار زۆرم کرد کە تا ماوە بەسەر نەچووە بگەیێندرێن بۆ تەرابلووس چونکە بەم زووانە وای لێ دێ فڕۆکی بەریتانی دەستیان بگاتە تەرابلوسیش. لە سەللووم پترۆڵمان پڕکردەوە بای ٦٠ تا ١٠٠میل دەبوو بەڵام ئەمە دوا بەشی پترۆڵمان بوو لە هەموو سیریناییکادا. لۆرییەکانیش بەزۆری بریندار و نەخۆشەکانیان سوار کردبوو.

تێپەڕاندنی لەشکر بەنێو مینستانەکانی توبرقدا کارێکی گران بوو چونکە پۆلە فڕۆکی دوژمن دەیکوتا و ئێستا تیپێکی زرێپۆشیان (تیپی٧ی زرێپۆش- ل، هـ) ناردبووە سیدی عومەر پێشمان لێ بگرێت. دەبایە زوو بگەینە توبرق.

بەداخەوە لە ١١/١١ بەتالیۆنێکی ئیتاڵی و سێ باتری تۆپخانەی ئەڵمانی لە حەلفایە کەوتنە دەست دوژمن[١]. لەشکر هێشتا لەنێوان بەردییە و توبرق بوون پاشەری لەشکریش لە نێوان سەللوم و بەردییەدا بوون کە دوژمن لە فڕۆکخانەی گەمبووت پەیدا بوو. زۆر نیگەران بووم بەڵام خۆشبەختانە دوژمن رووی لە باکوور نەنا و فڕۆکەکانیش هەندە چالاک نەبوون، ئیتر ئەو چۆرە پترۆڵەی کە لە فڕۆکخانەکە مابوو نیوڕۆ پێی گەیشتینە رێگای توبرق-ئەدیم. ئەوجار دوژمن خۆیان هەڵکوتایە سەر رێگاکە بەڵام کەسی لێ نەمابوو.

نیازمان وابوو کە تا بکرێ لە توبرق بوەستین تاکو چارەیەک بۆ ئەو ١٠,٠٠٠ تۆن شمەکەی وێ دەدۆزینەوە. ئێمە داوامان کردبوو کە لە پترۆڵ بەولاوە هیچ شتێکمان بۆ نەیەت کەچی ١١٠٠ چەکداریان بۆ من نارد، ئەوانە لە بارگرانی بەولاوە هیچیان پی نەدەکرا. برووسکە یەک لەدوا یەک دەهاتن کە خۆمان لە توبرق دوا بخەین بەڵام هیچ گوێمان نەدەدا.

(١) بایەرلاین: شەوی ١١/١١ بەتالیۆنە ئیتاڵییەکەی کە چاودێری دەربەندی حەلفایەیان دەکرد گیران. بەریتانی لیوایەکی زرێپۆشیان بە دەربەندەکاندا ئاوا کرد، بەیانی گەیشتنە بانە زوورگەکانی پاش دەربەندەکە. جەنەراڵ شیۆنک بە رێکەوت چاوی بەو تەپ تۆزە کەوت و زانی کەوا دوژمن پێشڕەوی دەکەن تەنیا بەوە راگەیشت کە تیپی ٩٠ ئاگادار بکاتەوە و بەحاڵ توانییان خۆ بکێشنەوە.



قەربالغایی لە (زارکی بوتڵەکی غەزالە) رووی دابوو، سەدان ڤێکلّ پەکیان کەوتبوو یان مەکینەیان سووتابوو بەڵام ئەو ترس و بەرەڵڵاییەی جاران لەنێو لەشکردا نەمابوو. سەربازەکان هێمن بوونەوە و پابەندی رێنماییەکان دەبوون، هەرنەبێ ترسی مەرگ لەسەریان لاکەوت. گرفتی سەرەکیمان تەنیا لە دابینکردنی پترۆڵ بوو، لوفتواف ئێستا لە توونس دامەزرابوون و رۆژانە لە ٢٠٠ تۆن زیاتریان پێ نەدەهێنرا.

توبرق ئێستا نرخێکی واتایی هەبوو دەنا لە رووی سەربازییەوە نرخی نەبوو و نەدەکرا رایبگرین مەگەر بە زیانێکی زۆر گەورە. نیازیشمان نەبوو هەڵەکانی دوژمن دووبارە بکەینەوە. ئیتر ١١/١٢ کە دوژمن بەسەر توبرقیان دادا، تیپی ٩٠ دوا بەشی لەشکربوو پێش هاتنی دوژمن چۆڵی کردبوو. جۆرەها تەپکە و مینیان دانا و فێڵێک نەما ئەگەر بەکار نەهێنرێت. جەنەراڵ بوولاڤیۆس، فەرماندەی ئەندازیارەکان، شتی سەیری دروست دەکرد بۆ دواخستنی دوژمن.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١١/١٣

شەڕ لە ئەفریقیای فەرەنسیدا کۆتایی هات. ئەوە بارەکەی ئێمە گران دەکات. ئێرەش هەندەی نەماوە بەدەستی دوژمن وێران بکرێت. بەڵام کەس ناتوانێ گلەیی لە لەشکرەکە بکات چونکە شەڕێکی مەردانەی کرد.

*ل. هـ: هاوپەیمانەکان جەزائیریان گرت و لە ١١/١٢ کۆماندۆی بەریتانی بە پەڕەشووت لە بەندەری بۆن دابەزین کە ٥٠ میل لە سنووری توونس دوور بوو*

نیوڕۆی ١١/١٣ یەکەم بەشی لەشکر گەیشتە مەرسالبرێگە. کە بەریتانییەکان گەیشتنە رێگای غەزالە ئێمە کەوتینە مەترسی گەمارۆدان. ئەزموونمان لە سیریناکا زۆر بوو و ئەم هەرێمە هێرش و کشانەوەیەکی زۆری بەخۆوە دیتبوو. دەمانزانی کە دەبێ هێزێک لە موخەیلە دامەزرێنن.

کاڤالێرۆ هاتبۆوە لیبیا، سەرباری ئەو داواکارییانەی من ئەوەندە پەرۆشەی نەبوو سەردانێک بکات. تەنیا نامەیەکی بە فۆن پۆڵدا نارد لە زاری دووچییەوە رایدەگەیاند کە خۆمان لە سیرینایکا رابگرین تا یەک هەفتە. کاڤالێرۆ لە چینی پێگەیشتوو و

لێوەشاوە بوو بەڵام خاوەن ویست نەبوو و پیاوی نووسینگە بوو. ئەرکی میرەش تایبەتمەندییانەیەکی زۆرتری دەویست، راپەڕاندن و ماندوو بوون و هەناسەدرێژی و خۆتەرخانکردن بۆ ئیشوکار، ئەمانەی پێ دەویست. زۆربەی ئەفسەرە ئەکادیمییەکان لەخۆبایی دەبن و بەچاوی سووکایەتی سەیری سەربازەکان دەکەن وەک بڵێی کێشەکانی ئەم جیهانە لە سایەی سەری سەرباز و ئەفسەرەکانی بن دەستیاندایە کەچی سەیرێکی خۆیان ناکەن چییان کردووە. بە کورسیی خۆیان دەنازن و هەموو هەڵەکان بە مل "سەربازە خراپەکانی لەشکر" دادەدەن. کاتی ئەوە هاتووە پاکسازییەک لەنێو ئەو عەقڵییەتانە ئەنجام بدرێت هەم لە ئیتاڵیا و هەم ئەڵمانیاش.

لە ١١/١٥ تانکەرە نەفتەکانی دەریا لە رێگەی بەنیغازی گێڕدرانەوە، یەکیان لە بەندەرەکە هێشتا ١٠٠ تۆن پترۆڵی تێدا مابوو کێشرایەوە بۆ نێو دەریا. هەروەها لوفتواف نیوەی بەشی خۆی (رۆژێ ٢٥٠ تۆن) نەدەگەیاندە جێ. ئیتر تا نیوەڕۆ جووڵەمان نەکرد و دواتر لە نیوە رێ پترۆڵ بڕا تەنیا تیپی ٩٠ هەندێکیان پێ مابوو. بە فۆن پۆڵم گوت کە ئەمە حاڵ نیە و دەبێ چارەیەکی بنەرەتی دابنرێت. لە بەدبەختیشدا هەندێک پیاوی "خوێنگەرم" لەخۆڕا جبەخانەکانی تەقەمەنییان سووتاندبوو. واتە یەدەگیشمان لەبڕاندا بوو. فڕۆکی دوژمنیش بەتایبەتی لەو رۆژەدا زۆر چالاک بوون و کۆمەڵێک لۆرییان سووتاند.

شەوی ١١/١٥ دیسان باران باری و بەریتانییەکانی دوا خست. تاقمە جەنگاوەرەکان بۆتەیان دادەنایەوە بۆ دوژمن، ئیتر دیسان لادێیە جوانەکانی سیرینایکا و کێڵگەکانی دەرە لێرە و لەوێ ببوونە مەیدانی شەڕ.. ئیتاڵییەکان لە هەرێمەکانی بەرەقە و تەرابلوس کۆلۆنیی باشیان ئاوەدان کردبۆوە. خەڵکەکەی پێش ئەوان، عەرەبەکان، وڵاتەکەیان بە کاولی هێشتبۆوە چونکە نە ئەو پارە و نە ئەو تەکنیکەیان هەبوو بۆ پڕۆژەی وەرزێری. کۆمەڵێک ئاوەدانی دروست کرابوون بەتایبەتی لە ناوچەی براسە Brace و دەوروبەری بادە – لیتۆریۆ. ئەو خاکەی کە وەرزێرە ئیتاڵییەکان یارد بە یارد بیابانیان گۆڕیبوو بۆ کێڵگەی زەنوێر، ئێستا تیپی ٩٠ کردبووی بە پاشەری لەشکر.

زانیارییەکی باشم هەبوو دەربارەی ئەم هەرێمە. ئەم پووشەڵانە پێشتر کۆچەری



عەرەبی تێدا بوو مەڕ و مانگایان بەخێو دەکرد لەگەڵ هەندێک کیڵگەی جۆ لێرە و لەوێ. سیستەمی ئاودێری لە سەردەمی رۆمانییەوە دروست کرابوون بەڵام ئێستا بە خۆڵ و لیم کوێر ببوونەوە. عەرەب لە چاندنی گەنم شارەزا نەبوون. یەکەم جێنشینی ئیتاڵی کە هاتن ئاوەدانی بکەنەوە شۆڕشگێڕە سنووسییەکان لە ١٩٢٩ بەگژیاندا چوون. ماوەیەکی برد تا حوکمەتی ئیتاڵی لە عەرەبەکان بەخۆ کەوت ئەوجار جێنشینە ئیتاڵییەکان توانییان بڕژێنە نێو وڵاتەکە. گومان نییە کە مۆسۆلینی لەمەدا ستایش دەکرێ کە ئەوها ئاوەدانی بڵاو کردەوە و سیستەمی ئاودێری و سەرچاوەیەکی وەرزێریی گەورەی لە سیرینایکا و تەرابلوس دامەزراندن. لە جەنگدا کە لەوێ کشابوونەوە عەرەبەکان وێرانکاری و تالانێکی زۆریان لە ئاوەدانییە تازەکاندا کردبوو و تەنگیان بە جێنشینەکان هەڵچنیبوو. وابزانم ئیتر خەونی کۆنی ئیتاڵییەکان نایەتە دی کە لیبیا وەکو سەردەمی رۆمانی ببێتە "سەبەتە گەنمی رۆما".

ئێستاش بەم دەمودەستە بەرپرسانی میرەی ئیتاڵی هار ببوون خەریک بوون هەموو شتێکیان کاول دەکرد پێش ئەوەی بە یەکجاری چۆڵی بکەن. جبەخانەکان، تانکییەکانی ئاو، هەرچی بەکەڵکی لەشکر دەهات پێ وەر ببوون بیانتەقێننەوە. بەحاڵ فریای هێڵەکانی ئاو و کارەبای بەنیغازی کەوتین دەنا ئەویشیان وێران دەکرد، واش هەر پترۆڵمان دەست نەکەوت ئیتر لەشکری ئەفریقی لەو گۆڕە مایەوە.. رۆژی دواتر هێزێکی بەریتانیی گەورە لەدوای تیپی ٩٠ بەدەر کەوتن لە نزیک مسووس. ریپۆرت هات کە بەریتانییەکان خۆشبەختانە بەهۆی بارانەکە چەقیون.

*ل.هـ: ئەم هێزە بەریتانییە تەنیا دوو فەوجی سەیارەی زرێپۆش بوون. لە رۆژانەکەی ئەلیگزاندەردا ئەمە نووسراوە:*

"دوژمن لە جەبەل Gebel دەکشانەوە، دەرفەتێکی باش بوو بۆ فەیلەقی x کە هێزێک بگەیێنینە ئەجدابییە رێیان لێ ببڕێت. بەڵام جەنەراڵ مۆنتگمری وەک هەمیشە بەباشی نەزانی پەلە بکرێت، تەنیا هێزێکی سەیارەی زرێپۆشیان بەدوادا ناردن. ئینجا کە بەهۆی نەبوونی پترۆڵ جووڵەیان وەستا، فەرمان بە فەیلەقی x درا هێزەکەی پێشەوەیان گەورەتر بکەن چونکە بەگوێرەی باری وێ باڵچەرخی ئاسان نەبوو.

بەیانی ١١/١٨هەواڵ هات کەوا ١٠ کەشتیی بارهەڵگر و هەندێک کەشتی جەنگیی بەریتانی بەرەو دەرەنە دێن.. بەرەڵاییەکی سەیری لە بەنیغازی بەرپا بوو. بەرپرسە ئیتاڵییەکان هیچیان لە سەر هیچ نەهێشت. هەموو دەزگاکانی بەندەرەکەیان کاول کرد، کۆگاکان وێران کران، و هەموو کەشتییەکانی بەندەرەکە نوقم کران. خەڵکەکەش باریان دەکرد، ئەوە پێنجەمین جار بوو لەم جەنگەدا شارە بەدبەختەکەی بەنیغازی دەستاودەست بکات.

پێشەری لەشکر زۆر بە سەختی خۆیان گەیاندە نزیک زەیتوونە تاکو لەوێ بۆ بەرگری دامەزرێن. سەدان ڤێکڵ دوو بەدوو یەکتریان رادەکێشا و لەشکر بەهەر جۆرێک بێت خۆی دەبزواند، هەروەها کاروانەکانی باڵچەرخی و پێشڕەوی دوژمن جار لەدوای جار بە ئاگری بەتالیۆنی ٣٣ی شوێنهەڵگر بەربەرچ درانەوە.. ڕۆژی ١١/ ١٩ سەرلەبەیانی تیپی ٩٠ی سووک بەنیغازیی چۆڵ کرد و لەکۆتایی ڕۆژەکەدا لە ئەجدابییە دامەزران. ئیتر تەوەاو، سیرینایکامان بەجێ هێشت.

تێبینی جەنەڕاڵ بایەرلاین: تێکڕای زینەکانی لەشکر لە عەلەمێنەوە تا برێگە، لەنێو ئەڵمانەکان ١١٠٠ کوژراو، ٣٩٠٠ بریندار، ٧٩٠٠ ئەسیر.. سەبارەت بە ئیتاڵییەکان ژمارەیەکی مسۆگەر نییە بەڵام لەدەوری ١٢٠٠ کوژراو، ١٦٠٠ بریندار، ٢٠,٠٠٠ ئەسیر. ژمارەکان لە سەرچاوەی ئەڵمانی وەرگیراون.

یەک دڵۆپە پترۆڵ لە ئەجدابییە نەما، سەدان تۆن لە تەرابلوس و بوێرات هەبوو بەڵام هەرە نزیکەکەیان ٢٥٠ میل دوور بوو. هەر لەم ڕۆژەشدا تانکەرێکی ئیتاڵی بە ٤٠٠٠ تۆن پترۆڵەوە لە موزەرات نوقم کرابوو. دەبایە بەو بەشە کەمە خۆمان بەڕێوە بەرین کە ڕۆژانە فرۆکەکانی لوفتواف دەیانهێنان.

ناوچەی مەرسالبرێگە بۆ بەرگری باش بوو، لایەک دەریا و لایەک زەلکاوی لێ بوو جووڵەی ڤێکڵ و زرێپۆش بەوێدا ئاسان نەبوو.. دیارە دیسان تووشی شەڕە سەنگەر دەبووینەوە. ئەوان پاش ئەو هەموو رێپێوانە ناچار بوون گرووپاندنێکی نوێ پێک بێنن. ئێمەش دەبایە دوایان بخەین.. تیپەکانی لاوانی فاشیست و پیستۆیا و بەشێک لە تیپی سپیزیا لە مەرسالبرێگە لەژێر فەرماندەیی مارشاڵ باستیکۆ دامەزرابوون و بەشێک لە تیپی زرێپۆشی سەتاورۆ لەدوایان بڵاو کرابوونەوە. هەروەها پاشماوەی



پاراترووپەکانی ١٦٤ و فەیلەقی XI تێکەڵیان بوون.. هەر کە گەیشتە وێ ئاماژەم کرد کە هەندە خەریکی سەنگەرکاری نەبن چونکە دوژمن دەتوانن بە پشتیاندا بسوورێنەوە. گوتیشم با هەمان کارەساتی شەڕەکەی عەلەمێن بەسەر پیادەکاندا نەیەت.

بۆ ڕۆنکردنەوەی ئەم مەبەستە جەنەراڵ دی ستێفانیزم بۆ لای دووچی نارد. ستێفانیز قسەزان و لێوەشاوە بوو، لە کەموکوڕییەکانی ئیتاڵییەکانیشی دەزانی. مەبەستیش ئەوەبوو کە تێیان بگەیەنێت ڕەنجی خۆیان لە برێگە بەفیڕۆ نەدەن.. ئینجا چوومە لای جەنەراڵ ناڤارینۆ فەرماندەی فەیلەقی XXI کە ئەم تیپانەی تێدا بوو، تێگەیشتنێکی تەواوی دیار خست کە مەترسیی هەیە فەیلەقەکەی وێران بکرێت. بەڵێنم پێ دا کە هەوڵ بدەم دواتر پیادەکانی بەجێ نەمێنن.

## چاپتەر XVII

### تاوتوێ لەگەڵ هیتلەر

لە هەفتەکانی ئایندەدا بەریتانییەکان نیو هەندی بەرپرسەکانی خۆمان ئالۆزییان بۆ لەشکری مە دروست نەکرد. بەهەمووی ٢٠٪ هێزەکەی عەلەمێن مابوو، ئێستاش نە کۆگایەکمان هەبوو و نە شتێک لە تەرابلوسەوە بۆمان دەهات. تانکەرەکانی دەریا ببوونە نێچیرێکی ئاسان بۆ تۆرپیدی فرۆکە بەریتانییەکان.

باوەڕم وایە بەرپرسەکانی لوفتواف و بەرپرسە ئیتاڵییەکان ریپۆرتی تێکدەریان بۆ فەرماندەیی گشتی هەردووک لا دەنارد. دیارە رابەرەکانیش حەزیان لەو جۆرە ریپۆرتانە دەکرد.. برووسکەیەک لە فوورەرەوە گەیشت تاکیدی لەسەر رێنماییەکانی مۆسۆلینی دەکردەوە کە دەبێ مەرسالبرێگە رابگرین. بەڵێنێکی زۆری تێدابوو دەربارەی تانک و تۆپ و یەدەگ.. هەروەها نووسیبووی کە دەبێ بەگوێرەی رێنماییەکانی مارشاڵ باستیکۆ رەفتار بکەین، وەک نووسیبووی "ئەمە هەروا بۆ پێداویستییە فەرمییەکانە"

*ل.هـ: لە سەرەتای هەڵمەتەکەدا رۆمل سەر بە مارشاڵ باستیکۆ بوو. بەڵام لە شەڕەکەی عەلەمێندا دەسەڵاتی پێ درا کە پێوەندییەکی راستەوخۆی هەبێت لەگەڵ کۆماندۆ سوپێرمۆ و بارەگای فوورەر.*

بڕیارم دا تا پێم بکرێ ریپۆرت و زانیاری بۆ ئەو بەرپرسانە بنێرم. ئەگەر هەر لە ئەفریقیا مابایەنەوە باشتر ئەوەبوو بکشێینەوە بۆ توونس، هێڵێکی بەرگری لە قابیس دروست بکەین. لە ناوچەی زوورگ و شاخاویدا زیانەکانمان زۆر کەمتر دەبوون. مۆنتگمری پیاوێکی خۆپارێز و زێدە وریا بوو هەرگیز خۆی لە ئێمە نەدەدا. دەمانتوانی سوود لەم خاڵە وەربگرین و بە ساغی بگەینە توونس. پاشان رێگای بەریتانییەکان لە پۆرسەعیدەوە تا خۆرئاوای لیبیا زۆر درێژ دەبوو و، لەشکری



هەشتەم هەندە توانای نەدەما. مەترسی گەورە ئەوسا لە هێزەکانی ئەمەریکی و بەریتانی دەبوو کە دەبایە پێشدەستی بکەین لە پەلاماردان و پاڵدانیان بەرەو جەزائر. بە هەمە حاڵ، هەر کام لە لەشکرەکانی دوژمن ئەرکێکی گەلێک گەورەیان تووش دەبوو تاکو دەیانتوانی زەبرێکمان لێ بوەشێنن. دەنا وەک گوتم، چارەنووسی ئەفریقیا لە کاتی شەڕەکەی ئەتڵەسییەوە دیار خرابوو، چونکە لەو ساوە ئیتر دەسگا زلەکانی پیشەسازیی ئەمەریکا رێگایان بۆوە سەرباز و کەلوپەلی سەربازی بگەیێننە هەموو جێیەک. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەمەریکامان داگیر کردبایە و تەنیا ناوچەکانی پیشەسازییان مابایە، دیسان دەستیان دەبۆوە و جەنگەکەیان دەبردەوە.

لە ١١/٢٢ کۆبوونەوەم لەگەڵ باستیکۆ کرد. گوتم ئێمە دەتوانین چوار رۆژ زووتر برێگە بەجێ بێڵین، لەم حاڵەتەدا لەشکرەکەمان بۆ دەمێنێت. دەشتوانین چوار رۆژی تر خۆمان رابگرین بەڵام ئەوسا برێگە و لەشکرەکەش دەفەوتێن.. ناڤارینۆ لەوێ ئامادە و ئەویش زۆر هەوڵی دا پێی بسەلمێنێت. لە راستیدا ئەو هەستی دەکرد کە قسەکە راستە، واش هەر رەتی کردەوە. تەنیا ئەوەی گوت کە بۆچوونەکانمان لەگەڵ فەرماندەکانی بالاتر باس دەکات.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١١/٢١

چەند رۆژێکە شەڕ نییە. بارانێکی سەیر دەبارێت و لەوە باشتر رێک ناکەوێ، بۆخۆم سەیرانێکم کرد. ئەمرۆ هۆدەیەک و مێزێکم دەست کەوت، کێ شتی وای هەیە لێرە. هەندێک نامەی رەشبینانەم بۆ تۆ نووسیبوو. ببوورە، لێیان پەشێمانم، بەڵام مەگەر موعجیزەک بێتە پێش دەنا چۆنی رادەبینم هەر بەوە دەکات.

لە ١١/٢٤کێسلرینگ و کاڤالێرۆ، پاش ئەو هەموو رووداوە ئینجا، سەردانی ئەفریقیایان کرد. من و ئەوان و باستیکۆ کۆبووینەوە.. بۆ ئەوەی ئەم خەندە نابەجێیەی روخساریان نەهێڵم، پێشەکی باسی کشانەوەکەی عەلەمێنم بۆ کردن کەوا شکستەکە لەبەر نەبوونی یەدەگ و پترۆڵ بوو و بەس. خاڵ بە خاڵ باسم کرد تاگەیشتمە پێشنیازی کۆتایی بۆ شەڕی داهاتوو لە توونس، هەردووک یەکسەر خۆیان توند کرد. کێسلرینگ پەرۆشی ئەوەی بوو ئەگەر توونس بکرێتە بنکەی لەشکر

ئەوسا لوفتواف ئەو کەڵکەی نامێنێ. دەنا کاڤالێرۆ هەر خەریکی هەڵبەستنی قسە و خەیاڵ بوو. گوتم وا ٨٠٠ تانکی بەریتانی بەڕێوەن. ئەگەر دەیانەوێ ڕایان بگرم با بە ماوەی یەک هەفتە ئەم لیستە دابین بکەن:

٥٠ تۆپی دژەتانکی ٧٠ ملیمی٥٠ پانزەری IV لوولە درێژ ٦٧ تۆپی مەیدان، ١٠ تا ١٥٠ ملیم.. ڤێکڵ و ئامێرێکی تەواو بۆ گەیاندن و گواستنەوەی ئەم چەکانەی پێشوو، ٤٠٠٠ تۆن پترۆل و ٤٠٠٠ تۆن جبەخانە لەگەڵ چەترێک پشتیوانی ئاسمانی. کەسیان دەنگی نەکرد. گوتم ئەدی بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەگەر هاتو بەریتانییەکان بە زەلکاوەکاندا سووڕانەوە ئەوسا چ دەکەین؟. دیسان کەس قسەی پێ نەبوو ئەسڵەن کەسیان نەیدەویست تێ بگات، لە دڵی خۆیاندا هەموو شتێکیان لە ئەستۆی هەموو شتێک نابوو تەنیا خۆیان نەبێت. کەسیشیان ئامادە نەبوو پلانەکەی من پەسند بکات.

*ل.هـ: ئەم رایە تیژانەی رۆمل بەرانبەر کێسلرینگ بەهۆی باری نا هەمواری ئەو کاتە بوو. دواتر کە چۆوە ئەورووپا و لە نزیکەوە شارەزایی پەیدا کرد، هەروەکو لە چاپەری کۆتاییدا نووسراوە، رای گۆڕا و رێزێکی زۆری لە کێسلرینگ نا.*

لە ١١/٢٦ ئەنجامی کۆبوونەوەکەی پێشوو دەرکەوت. مۆسۆلینی نەک هەر قسەی نەگۆڕی بەڵکو داوای کرد "ئەگەر بکرێ ئێمە هێرش بۆ دوژمن بکەین" گوایە پشتیوانێکی ئاسمانیی گەورەمان بۆ دابین دەکرێت. هەروەها دەسەڵاتی لە من کێشابۆوە کەوا بڕیاری کشاندنەوەی لەشکر تەنیا لە دەست باستیکۆدا بێت.. دەمارم بەیەکجاری گیرا و بڕیارم دا فوورەر ببینم.

نیوڕۆی ١١/٢٨ لەگەڵ برێند گەیشتینە بارەگای فوورەر لە راشتنبورگ. یەکەم تاوتوێ کاتژمێر ١٦ لەگەڵ کایتل یوودل و شموند ئەنجام درا. هەردووکیان وریا و دوورەپەرێز بوون. کاتژمێر ١٧ فەرمان درام بۆ لای فوورەر. کەشی هۆدەکەی فوورەر بەو هەموو فەرماندە بەرزەوە لەچاو شوێنەکەی پێشوو گرژتریش بوو.. لەسەرەتادا باسی وردەکاری و گرفتەکانی شەڕەکەی عەلەمێن و کشانەوەکەم بۆ کرد. فوورەر گوێی رادەگرت و تێبینییەکانی وەردەگرت، بەشێوەیەکی گشتی شێوازی شەڕ و کشانەوەکەی بە شتێکی (بێ هەڵە) و (تاکانە و دەگمەن) نرخاند.



تا ئێرە باش بوو بەڵام بەداخەوە یەکسەر چوومە نێو بابەتە ناسکەکان و گوتم "بەگوێرەی تاقیکردنەوەی خۆمان، ئێمە لە ئەفریقیا گەیشتووینەتە راستییەک کە گواستنەوە و گەیاندنی کەلوپەل بۆ ئەفریقیا هەرگیز بەگوێرەی پێویست نەبووە و لێی رانادیترێ کە باشتر ببێت، بۆیە دەبێ پلانی ستراتیجییەتمان چۆڵکردنی ئەفریقیا پەسند بکات بۆ قۆناغەکانی داهاتوو. نابێ خۆشێواندن لەئارادا بێت، با تەنیا بیر لەم شتانە بکەینەوە کە دەشێ سەر بگرن. لەشکر ئەگەر لە باکووری ئەفریقیا بمێنێ وێران دەکرێت"

بە هەموو عەقڵم وام دەزانی تاوتوێیەکی هۆشیارانە و زانستییانە دەکرێت و نیازم هەبوو بەڵگە و وردەکارییەکی زۆرتر بخەمە روو، بەڵام هیچ دەرفەتێکم نەدرا. هەر کە ناوی (ستراتیجییەت) هێنرا وەک بڵێی بەرمیلێک باروت تەقییەوە، فوورەر روخساری گۆڕا و یەک ڕێژنە رەنخنە و گازاندەی نابەجێی گوت بەرانبەر بە ئێمە. زۆربەی فەرماندەکانی بارەگای فوورەر لەوێ بوون، زۆربەشیان لە ژیانیاندا گوێیان لە یەک تەقەقەی دوژمن نەبووبوو کەچی وایان دیار دەخست گوایە قسەکانی فوورەر زۆر راستن. لە قسەکانمدا ئەوەم گوتبوو کەوا لەمیانی ١٥,٠٠٠ جەنگاوەری لەشکری ئەفریقیا تەنیا ٥٠٠٠ کەس چەکی پێ بوو. ئەم قسە لەوێدا هەڵچوونێکی سەیری وروژاند گوایە ئێمە چەکمان فڕێ داوە. من بە توندی نارەزاییم دەربڕی و گوتم ئەوان ناتوانن لە ئەورووپاوە قورسایی و سەختی شەڕی ئەفریقیا مەزەندە بکەن. چەکەکانی مە بەدەست دوژمنەوە شڕ کراون و دەربازکردنی هێزە مۆبایلەکانی ئەڵمانی لەو دۆزەخە، بە رەچاوکردنی ئەوەش کە پترۆڵمان نەبوو، ئەمە موعجیزەیەک بووە.. هەروەها ئەمەشم تۆمار کرد کە ئەگەر ئەمەریکییەکان جێ پێیەک لەسەر خاکی ئەفریقیا بکەنەوە، هەموو هێزەکانی ئێمە تووشی هەمان چارەنووس دەبن.

ئەوان ئامادەی دانوستان نەبوون. هیتلەر گوتی لە زستانی رابردوودا لەشکرەکانی بەرەی رووسیا هەمان جۆرە بیانگەیان باس دەکرد، بەڵام کە من پێم لەسەر داگرت، بەرەی رووسیا رزگار بوو.

گەیشتمە باوەڕێکی زۆر ئاسان و رۆن کەوا ئەدۆلف هیتلەر حەز لە بیستنی قسەی راست ناکات، مەیلی دەروونی خۆی بەسەر راستییەکاندا زاڵ دەکات، دەنا

ریپۆرتەکانی هەواڵگری ڕاستیی حاڵەکەیان پێشان دابوو. گوتی مانەوەی جێ پێیەکی ئێمە لەسەر خاکی ئەفریقیا بایەخێکی سیاسیی هەیە، بۆیە بە هەر نرخێک بێت دەبێ مەرسالبرێگە لەدەستمان نەچێت. گوتی هەوڵ دەدا هەموو پێداویستییەک دابین بکات بۆ لەشکر. رایخمارشاڵ (گۆرینگ) لەگەڵ من دەنێرێ بۆ ئیتاڵیا تاکو ئەوپەڕی گوشار بخاتە سەر ئیتاڵییەکان، گوتی "چونکە ئێمە تەنگانەی ئەوهامان زۆر دیتووە"

گۆرینگیش هەر خەریکی ئارەزووە سەیرەکانی خۆی بوو و ئەوەندەی مەبەستی ناوبانگی خۆی و هێزی لوفتواف بوو بایەخی بە وردەکارییەکانی دیکە نەدەدا. دەیویست لوفتواف دەستێکی باڵاتر لە ئەفریقیا بسەپێنێت، تیپێک پانزەری پاسەوانانی تایبەت (Praetorian Guards)(١) بەناوی خۆی کرابوو (تیپی هێرمان گۆرینگ) لە ئێستاوە بۆ توونس بەڕێ دەکران. دواتریش دەرکەوت کە زانیارییەکانی دەربارەی ئەفریقیا چەند چەوت و سەر بە بەڵا بوون.

بەدرێژایی ئەو ماوە، گۆرینگ تیژترین دوژمنی من بوو. وابزانم دەیویست تەجمید بکرێم تاکو مەیدانی ئەفریقیا بۆ خۆی چۆڵ بێت. هەموو تێبینییەکانی من کە ورەی بەرزی لەشکری دەنرخاند، گۆرینگ بە جۆرێک ڕەشبینیی لەقەڵەم دەدا. قسەیەکی بڵاو کردبۆوە گوایە من بەگوێرەی هەوەس ڕەفتار دەکەم و تەنیا لە شێنەیی فەرماندەییم پێ هەڵدەسووڕێت دەنا لە کاتی تەنگانەدا بەهۆی "دەردە ئەفریقیا" خەمناک دەبم و زوو دەڕووخێم. گوتبوویان ئەفریقیا پێویست بە فەرماندەیەک دەکات کە "باوەڕی بە سەرکەوتن هەبێت" و چونکە من "نەخۆشم و کەڵکم نەماوە" دەبێ لە کار لادرێم.. بە بۆچوونەکانی گۆرینگ هەندە قەڵس ببووم دەترسام خۆم پێ ڕانەگیرێت و یەکسەر بکرێمەوە و ئەوسا هەموو دەرفەتەکە بە فیڕۆ دەچوو. هەستام لوتانەت بریندم هەڵبژارد، پیاوێکی بەزمانە و توانای هەیە قسەی خۆی بە خەڵکی

(١) بایەرلاین: ئەم قسە پەللارێکە لەلایەن ڕۆملەوە دژبە بەو جۆرە هێزە تایبەتییانەی کە لێرە و لەوێ پێک دەهێنران. ساڵی ١٩٤٣ ڕۆمل زۆر تاکیدی لەسەر هیتلەر کردەوە کە سوپای ئەڵمانی بکرێتەوە یەک و سنوورێک بۆ لیوای تایبەت و هێزی SS و تیپی پانزەری سەر بە لوفتواف و ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دابنێت.



بسەلمێنێت. پێم گوت کە پلانەکەی قابیس (پلانی کشانەوە بۆ توونس و دامەزراندنی هێڵی بەرگری لە قابیس) وەکو وانەگوتنەوەیەک بۆ گۆرینگ بڵێتەوە.

برێند شێوازێکی زمانلووسانەی بەکار هێنا پڕ لە پێوەنان و قسەی رازاوە، لە ڕاستیدا نەک هەر پێی سەلماند بەڵکو وای لە گۆرینگ کرد ببێتە لایەنگرێکی خوێنگەرم بۆ پلانەکەمان. بە زۆری باسی ئەوەی بۆ کرد کە چ پرۆپاگەندەیەکی جیهانیی لێ دەکەوێتەوە ئەو کاتەی کە هێزی بەریتانیا و ئەمەریکا دەردەپەڕێنین بۆ جەزائیر.

گۆرینگ پلانەکەی پەسند کرد، کەچی کە گەیشتینە ڕۆما مارشاڵ کێسلرینگ ساردی کردەوە. باسی گرفتەکانی لوفتوافی بۆ کرد کە ڕەنگە لە توونس بەرەوڕوویان ببێتەوە. من دووبارەم کردەوە کە ئێمە ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان پلان هەڵبژێرین. بەڵام گۆرینگ بایەخی بە لایەنی ئاسمانی دا کەوا لوفتواف لە سێکوچکەی ماڵتا–تەرابلوس–جەزائیر توانای چالاکیی کەم دەبێتەوە. خەریک بووم هاوار بکەم کە ئەم قسانە سوودیان نیە و لوفتواف لە هیچ هەرێمێک بەرانبەر هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانەکان باڵادەست نابێت، بەڵام هەستم کرد کەڵکی نەماوە ئیتر بێ دەنگ بووم.

لە ڕۆما کە لەگەڵ مۆسۆلینی کۆبووینەوە، گۆرینگ زۆر بە ئاسایی بە مۆسۆلینی گوت گوایە من هێزە ئیتاڵییەکانم لە عەلەمێن بەجێ هێشتووە!. فریا نەکەوتم پاکانە لەم تۆمەتە زلە بکەم کە مۆسۆلینی یەکسەر گوتی "مارشاڵ ڕۆمل، چۆن وایە؟ کشانەوەی تۆ لە عەلەمێن شاکارێکی جەنگەکە بوو".

فەرماندە ئیتاڵییەکان زۆر لە فەرماندە ئەڵمانییەکان باشتر بوون، ڕاسپاردەیان بۆ مۆسۆلینی ئەوەبوو کە پشتگیری لە پلانەکەی (قابیس) بکرێت. واش هەر نەگەیشتینە بڕیارێک. یەک لەبارە خۆمەوە لەشکرم ڕاسپاردبوو کە ئەگەر بەریتانییەکان هێرش بکەن، بە فەرمانی فوورەر، دەبێ لە برێگە بمێنن تا دوا هەناسە. جا ئیتاڵییەکان تێی گەیشتبوون کە فەرمانی ئەوها دەکێشێتەوە سەر ڕیشەکێشانی لەشکر. بۆیە، پێشەکی خەریک ببوون ڕەزامەندی لە مۆسۆلینی وەربگرن کە هەرنەبێ ڕێگای نێوان برێگا و بوێرات خۆش بکرێ تاکو لە کاتی

پێویستدا پیادەکان بکشێنینەوە. هەروەها رەزامەندی کرابوو کە لە کاتی تەنگانەدا هێزە مۆبایلەکانیش بکشێنەوە.. هەر باشە.

بایانی ١/٢٢ لە کۆماندۆ سوپێرمۆدا کۆنفرانسێک بەسترا دەربارەی گواستنەوە و گەیاندنی کەلوپەل. من ئەمەم گوت کە کەس باسی پێداویستییەکانی لەشکری ئێمە ناکات، هەموویان باسی یەدەگ و پێداویستییەکانی لەشکری پانزەری پێنجەم دەکەن (لەشکرە نوێکەی کە گەیشتە توونس). هەموو مێشکیان لەلای بەرە نوێکەی توونس بوو.. کە لە کۆنفرانسەکە دەرچووین گۆرینگ هەندێک قسەکەی گۆڕی و گوتی هەرنەبێ بوێرات بەر نەدەم، ئینجا گوتی ئەگەر دەتوانی تۆ هێرشیان بۆ بکە.

لە کۆتایی کۆنفراسەکەدا هەر یەک پێشنیازێکی دەکرد و هەر جارە قسەیەک دەکرا. عەقڵم هیچیانی نەدەگرت. ئەگەر چەند هەیڤێک لەمەوبەر ئەوها گورج بان ئێستا ئەوهامان لێ نەدەهات بەڵام زۆربەی خەڵک، تا ئاو نەگاتە سەر ئەژنۆ بەهۆش نایەنەوە.

مۆدێلێکی نوێ لە تۆپەکانی ٨٨ بۆ توونس بەرێ کران لەکاتێکدا کە فوورەر بەڵێنی بۆ ئێمە دابوو. خەمم لەوە دەخوارد کە کێسلرینگ بەهیچ شێوە هەڵوێستی هاو سەنگەرانەی نەبوو و تەنیا بایەخی بە خۆی دەدا. بەڵام دواتر فەرمانی دا کەشتییەکانی ئەو بارە تۆپانە روو لە تەرابلووس بکەن.

هەڵسوکەوتی گۆرینگ زۆر سەیر بوو. ئێمە بۆمان نەبوو بەهیچ شێوە رەخنە لە ئیتاڵییەکان بگرین کەچی بۆخۆی لە رووی کاڤالێرۆ کرایەوە و رەخنەی لە زۆربەی سیاسەت و رەفتاری ئیتاڵییەکان گرت. واش نەبێ سیاسەتیان چاک بکاتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندە بوو ئیتاڵییەکانی لە ئێمە تیژ کرد و بەس. هەستێکمان کردبوو کە دۆڕاندنی جەنگ لە ئەفریقیا رەنگە کار لە دەسەڵاتی مۆسۆلینی بکات لەنێو ئیتاڵیا. بەم حاڵەش گۆرینگ بە چەپ و راست بەنێو کەوتبوو رەخنەی لە هەموو شتێک دەگرت.

کە گەڕامەوە بۆ ئەفریقیا، هەستی کۆتاییم ئەوە بوو کە کەس پشتیوانمان نییە دەست و بازووی خۆمان نەبێت. دەبێ خۆمان و لەشکرەکەمان لە دەست بڕیارە شێتانەکانی ئەو سیاسەتمەدارانە رزگار بکەین.



## چاپتەر XVIII

### گەڕانەوە بۆ توونس

ستافی لەشکر تووشی تاسەیەکی تەواو ببوون کە زانییان فەرمانەدەیی گشتی بەم جۆرە باسیان دەکەن. لەم بەینەدا بەریتانییەکان هەمیشە لەشکرکێشییان کردبوو و جموجۆڵیان زیادی دەکرد.

لە ١/٢٥ەوە هەستمان کرد هێرشی بەریتانییەکان نزیک بۆتەوە، ئیتر لە ١/٢٦ دەستمان بە کشاندنەوەی پیادە ئیتاڵییەکان کرد. بەوەش پترۆڵەکەی هەبوو هەموو بڕا و جووڵەمان نەما. یەک لەدوا یەک بانگەوازی فەریادمان دەنارد بۆ ئەوروپا SOS دیسان SOS.

ئەزیزەکەم مانفرێد: ١٩٤٢/١٢/٨

جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز بێت... باوەڕ ناکەم بەم زووانە بتبینم. ئەوان باڵادەستن و ئەگەر وا بڕوات رەنگە خراپ بشکێین... مانفرێد گیان تۆ دەبی بە ١٤ ساڵ، سەردەمێکی زۆر سەخت لەپێشمان هەیە، بەگوێی دایکت بکە کە هەمیشە چاکەی تۆی دەوێت.. ئەم هەواڵانەم بەدڵ نییە کەوا لاوانی هیتلەر هەندە باری ئێوە گران دەکەن.


### بە بیابانی سورتدا

ئەو رۆژە بۆ دواجار بە بیابانی تەخت و یەکڕەنگدا رۆیشتین، بەریتانیش هەر خەریکی سەنگەرەکان بوون بە توندی تۆپبارانیان کرد، فڕۆکەکانیش دەربەندی موگتایان دەکوتا.

پێش نیوڕۆ ٨٠ تانکی بەریتانی لە پاشەری تیپەکەی ئاریەتی نزیکببوونەوە لە باشووری خۆرئاوای عگیلە. ئیتاڵییەکان شەڕێکی مەردانەیان کرد و دواتر تیپی ٩٠

بەشدار بوو پاش ١٠ کاتژمێر شەڕ ٢٢ تانک و ٢ سەیارەی زرێپۆشی بەریتانیان شکاند.. بەڵام بەریتانییەکان لەهەمان ڕۆژ دوو کەشتی بچووکیان نوقم کرد کە ٣,٥٠٠ تۆن پترۆلیان لەسەر بوو.

هەواڵ هات کەوا ٢٠٠٠ سەیارەی دوژمن بە بیاباندا سووڕاونەتەوە بۆ مەدروونە. ئەمە یەکێک بوو لە هەڵەکانی دوژمن چونکە ئەگەر پترۆڵمان هەبایە هەر ئەو کاتە هەمووومان دەگرتن. ئیتر شەوەکە ئەوها بە نائارامی بەسەر چوو. بەیانی تیپی ٢١ گەیشتنە موگتا بەڵام پاش نیوڕۆ ریپۆرت هات کەوا دوژمن گەیشتوونەتە ٢٠ میل دوای موگتا و کەوا بەتالیۆنی ٣ ڕێیان لێ گیراوە و گەڕاونەتەوە موگتا. ئێمە گەیشتبووینە خاڵێک ٣٠ میل پێش نۆفیلیا. یەکەم جاریش بوو فڕۆک پەلامارمان بدات.. دواتر تیپی ١٥ی پانزەر فریای تیپی ٢١ کەوتن و لە شەڕەکەیان کێشانەوە دوا بۆ ڕێگای ئەکرۆ فەلینی. هەموو تیپەکان دەنگ دران کە پەرژینێک لەگەڵ یەکتر دروست بکەن بۆ کشانەوەیەکی ڕێک. ئەرکێکی هاوبەشی زۆر پێ دەویست ڕۆژی






محەمەد مەسعود محەمەد (١٨)

١١/١٦ تا تیپەکان بە پشتیوانیی یەکتر و یەک بە یەک دەکشانەوە.

١١/١٧ دوژمن لە خۆرئاوای نۆفیلیا پەیدا بوون و شەڕ هەڵگیرسا، تیپەکانی پانزەر بەرەو باکوور پاڵ نران تا نیوڕۆ کە بەشە پترۆلی ڕۆژانەمان پێ گەیشت ئەوسا توانیان دەست بوەشێنن. فەیلەقی ئەفریقی و بەتالیۆنی ٣٣ی شوێنهەڵگر ٢٠ تانکیان بە دوژمن بەجێ هێشت.. کاتژمێر ١٢ لەگەڵ باستیکۆ لە بوێرات کۆبووینەوە. داوام کرد پشتگیری لە داواکارییەکانی من بکات بۆ ئەوەی کۆماندۆ سوپێرمۆ واز لە بوێرات بێنن و واز بێنن تا خومس و تەرهوونە بڕۆین. کۆماندۆ سوپێرمۆ فێر ببوون رادەوەستان تا هاوارمان لێ هەڵدەستا و ڕۆما تێدەگەیشت کە مەسەلەکە مان و نەمانە ئەوجار دەیانهێشت بجووڵێینەوە. ئەمجارە باستیکۆ خۆی باسی کرد کە بۆچوونەکەم ڕاستە و ئێستا کار گەیشتۆتە چۆڵکردنی هەموو هەرێمی تەرابلوس. بەڵام ئەوەیە کە نەبوونی پترۆل هەندێک شتمان بەسەردا دەسەپێنێت.. سەیرە، ئەگەر کشابانەوە بۆ توونس، ئەمڕۆ تووشی ئەم تەنگەتاوییە نەدەهاتن. ڕۆژانە تانکەر لە دەریادا نوقم دەکران و هەواڵەکانی بەرەی توونسیش باش نەبوون.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٢/١٢/١٨

> شەڕ گەرمە و لە هەموو شتێکمان کەمە. کە بۆت نەهات ئیتر دەبێ بە چارەنووسی خۆت و لەشکرت ڕازی بی.. دوێنێ باستیکۆش زۆر دڵتوند بوو. هەواڵەکانی بەرەی خۆرئاوا و نێو دەریاکان باش نین.

ویستفال تا ئێستا سەرپەرشتیی بوێراتی دەکرد. خەندەک و سەنگەرێکی زۆر دروست کرابوون وێڕای ٨٠,٠٠ مین بەڵام زۆربەیان مینی پیاوکوژ بوون.. لەم بەینەدا ئێزگەی بەریتانی باسی ئەوەیان دەکرد کە هەندەی نەماوە گەمارۆی نۆفیلیا تەواو بکەن گوایە لەشکری پانزەر لەوێدا چەقیوە. کەچی لەراستیدا یەک پلاتوون لەوێ مابوون و لە کۆتاییدا ئەوانیش خۆیان دزییەوە.. دواتر وەرامی داواکارییەکەی باستیکۆ هاتەوە. مۆسۆلینی نووسیبووی "ئەوپەڕی بەرگری، دووبارە، ئەوپەڕی بەرگری لە بوێرات بکەن" یەکسەر جەنەراڵ مانچینێللیم بانگ کرد کە بچێتەوە لای باستیکۆ قسەی لەگەڵدا بکات، کە چووبوو، ئەمجارە باستیکۆش بەجۆرێک خۆی لە قسەکان دزیبۆوە. لەراستیدا ئەو لە تەنگانەدا بوو نەیدەزانی چ بکات؟

ترسی گەورەم لەوە بوو ئەگەر فەرماندە بەریتانییەکە هێزەکانی لە باشوورەوە هێنابا بۆ بوێرات، لەراستیدا رەنگبوو بەبێ تەققە بیگرن.

*ل.ه: مۆنتگمری بەهۆی هەندێک ئاڵۆزی لە میرەدا بەباشی نەزانیبوو پێشرەوی بکات. راوەستابوو تا کۆگا ساز دەبن و شمەک پێک دەهێنرێن بۆ قۆناغی دووەمی پێشرەوی، ئەمجارە هەموو هەرێمی تەرابلوس بگرتەوە. خۆم لەوێ بووم و پەرۆشی ئەوەم بوو کە دەبێ فەیلەقێک لە عگیلە جێی فەیلەقی XXX بگرێتەوە پێش ئەوەی کە دیسان پێشرەوی بکەن. فەیلەقی X هاتن بەڵام تا ١٤/١/١٩٤٣ دواکەوتن.*

ریپۆرتەکان دیاریان دەخست کە بەریتانییەکان لە بیاباندا خەریکی گواستنەوەی بارگەیەکی زۆر گەورە بوون لە هەموو جۆرێک کەلوپەل. کاروانەکانی لۆری لە توبرقەوە تا بەنیغازی ئینجا بەرەو خۆرئاوا درێژیان کێشابۆوە.. لە هەمان کاتدا پاترۆڵە بەریتانییەکان (گرووپی گەڕۆک، مەفرەزە) بە ڤێکڵ لە بیابان دەسووڕانەوە و زەبری گەورەیان لە کاروانەکانی ئێمە دەوەشاند.. دیسان داوام کرد خەمێکی لێ بخۆن بەڵام وا پێ دەچوو کە فەرماندەکانی رۆما زراویان لەم مەسەلانە چووبێت، کەس نەدەوێرا بڕیارێکی سەربەخۆ بدات. منیش بە هیچ شێوە ئامادە نەبووم کە خۆم و لەشکرەکەم بکەم بەکۆچی قوربان بۆ کەموکورییەکانی وان.

بەیانی١٢/٢٤ پیاسەیەکمان کرد دوو زرێپۆشی ئیتاڵیشمان لەگەڵدا بوو. هەتاوێکی خۆش بوو، لە وادی زەمزەم و ئەلفاشیە گەڕاین. هەندەی نەبرد شوێنی ڤێکڵی بەریتانیمان دۆزییەوە لە گرووپی ستێرلینگ بوون (لەراستیدا گرووپی گەڕۆک بوون ل ه) بۆ سووتاندنی کاروانەکانی مە هاتبوون،، چاوم بە ڤێکڵێکی ئیتالی کەوت، هەندێک لە پیاوانی بارەگای خۆمانیش لەگەڵیان بوون شەوێ پاترۆڵێک کۆماندۆی بەریتانییان گرتبوو بە کاغەز و خەریتەوە.. لە گەڕانەوەدا بەختمان هەبوو بۆ خوانەی شەوی کرسمس تووشی رەوە ئاسکێک بووین. خۆم و ئاربموشتەر (تەرجومانی رۆمل بوو) لە سەر سەیارەکەوە وێڕای کە چەندە بەغارن، یەکی ئاسکێکمان ئەنگاوت.

کە هاتمەوە بیستم بەریتانی لە سورت هێرشیان کردۆتە سەر فەیلەقی پانزەر. ئەوان خەریکی خوانەی کرسمس بوون بەڵام وازیان لە هەموو شتێک هێنا و



کشانەوە.. جەنەراڵ بایەرلاین بۆ خوانەی کرسمس هاتە لامان. دوو پاوند قاوەی لە بەریتانییەکان گرتبوو. ئیتر پیاوەکانم بانگ کرد و کاتژمێر ٢٠ بە گۆشت ئاسک و قاوە خوانەی کرسمس بەڕێ کرا.. بەیانیش (١٢,٢٥) دوژمن وەک هەمیشە هێرشەکەی راگرت. تیپی ٩٠ پارێزگاری لە پاشەری لەشکر دەکرد، هەموو بە ئاسوودەیی کشانەوە. تا ١٢/٢٩ هەموو لە هێڵەکانی بوێرات ئاودیو بوون.

## پشوویەک لە بوێرات

دەتگوت لێبووردنی گشتی لەئارادایە، بەریتانییەکان ماوەیەکی باشیان بە ئێمە دا تاکو لە بوێرات بحەسێینەوە. ئێمەش هەر خەریکی ئەوە بووین رەزامەندی وەربگرین کە بکشێینەوە بۆ تەرهوونە. گوتیان چۆڵکردنی تەرابلوس یەک هەیڤ دەخایێنێت. وەرامم دایەوە کە ئەم بڕیارە لەدەست مۆنتگمرییە ئایا چەند دەرفەتمان دەدات.

مارشاڵ باستیکۆ هەستا داوای کرد کە من لەخۆڕا فەرمانی کشاندنەوەی پیادە ئیتاڵییەکان بدەم، ئەمە چارەیەکی کاتی بوو، بەڵام دوور نەبوو فەرمانێکی ترم بۆ بێن لە مۆسۆلینییەوە و دیسان ئاڵۆز کرابایەوە.

ئەم جۆرە ئاڵۆزییە ئەگەر لەنێو هەر لەشکرێک روو بدات ئیتر مسۆگەرە کە دەبەزێت. فەرماندەکان تەنیا لەوە ئازا دەبن قسەی ئێرە ببەن بۆ ئەوێ و ئۆباڵەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، پیاوی ئیشکەریش بە پەککەوتوویی هەڵدەدرێنە لایەک. مارشاڵ باستیکۆ پیاوێکی رەند و رەوشت بەرز بوو هەروەها لە جەنگ و سەربازیی دەگەیشت، بەڵام پیاوی ئەوها لە کۆماندۆ سوپێرمۆ دەستی نەدەڕۆیشت و ناچار بوو فەرمانەکان جێبەجێ بکات.. شەوی سەری ساڵ پێکەوە دانیشتین، هەوایەکە گرژ بوو و تا پێمان کرا خۆمان لە بابەتی سەربازی نەدا تاکو ئێوارەکە بە خۆشی بەسەر چێت.

پاش چەند رۆژێک باستیکۆ فەرمانی بۆ من نارد کە بۆمان هەیە بکشێینەوە بەڵام گرێیەکی تێ خرابوو. دەیگوت دەبێ شەش هەفتە خۆمان لە تەرابلوس رابگرین. چارەهای جار بوو دەمگوت پێی ناوێ ئەو تەگەرانە بخەنە سەر رێمان و ئەگەر ئیشەکە دەکەین با بەباشی بیکەین. ئایا کەس هەیە لە شەڕدا ماوەیەک دەستنیشان بکات بۆ مانەوەی لە جێیەکدا؟

من لەو بەینەدا لەگەڵ بایەرلاین خەریک بووم شارەزایی دەربارەی توونس پەیدا بکەم چونکە دەمزانی شەڕی راستەقینە لەوێ دەقەومێت.. هەروەها سەردانێکمان کرد بۆ شوێنەواری لیپتیس ماگنای رۆمانەکان. پرۆفیسۆرێکی ئیتاڵی رێنمایی گەشتەکەی کرد و بەئەڵمانییەکی زۆر باش قسەی دەکرد، زانیارییەکی مێژوویی باشی بۆ باس کردین. بەڵام لە راستیدا خەیاڵمان هەر لەلای مۆنتگمری بوو، هەندەش خەواڵوو و ماندوو بووین کە لووتانەنت هارتدیگن لەنێو دوو پەیکەری رۆمانیدا خەوی لێ کەوت، بایەرلاینیش بەم حاڵە وێنەیەکی بۆ گرت.

ئەزیم لوو: ١٩٤٣/٢/٧

کێسلرینگ و کاڤالێرۆ لیرە بوون. ئێستا وای لێ هاتووە تەنانەت بەڵێنیش نادەن وەکو جاران.

١٩٤٣/١/١٣ ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی بایرلاینە. فەیلەقی ئەفریقی رێزێکی تایبەتییان بۆ ئەم پیاوە داناوە و ستایشی دەکەن.

هەواڵمان بۆ هات کە دوژمن لە ١/١٥ هێرش دەکات. ٤٠٠–٥٠٠ تانکمان ژماردبوو.. ئێستا هێزەکانی هەردووک لەشکر بەم پێیە مەزەندە دەکرێن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەریتانی: | ٦٥٠ تانک[١] – | ٣٦٠ تۆپ– | ٥٥٠ دژەتانک– | ٢٠٠ زرێپۆش |
| ئەڵمانی: | ٣٦ تانک– | ٧٢ تۆپ– | ١١١ دژەتانک– | ١٧ زرێپۆش |
| ئیتاڵی: | ٥٧ تانک– | ٩٨ تۆپ– | ٦٦ دژەتانک– | ١٦ زرێپۆش |

شەوی ١/١٤ دوژمن تۆپخانەی پێش خست و لە بەرەبەیانی ١/١٥ تیپی ٧ و تیپی نیوزیلاندی بە باشووردا بە ١٠٠ تانک هاتنە پێش. لە سەرەتادا خۆیان بە فۆرتینۆ دادا و راستەوخۆ پێدا چوون بۆ تیپی ١٥ پانزەر لەوێ راگیران. ئینجا تۆپخانەیان هێنا بۆ مەیدان و هێرشیان کرد بەڵام دیسان شکان، ٣٣ تانکیان لە مەیدانەکە بەجێ هێشت. ئێمە دوو تانکمان سووتا.. دیاربوو نیازی راوەستانیان نەبوو، ئێمەش نە نیازی شەڕمان هەبوو نە پترۆڵ. شەوێ فەرمانم دا هەر هەموو تروپەکان بکشێنەوە.

(١) ل ھ: لە راستیدا ٤٥٠ تانک بوون.



## چۆڵکردنی تەرابلوس

رۆژی دواتر بەریتانی بەدوامان دەکەوتن و زۆری پێ نەچوو تیپی ٥١ی هایلاند بە ١٠٠ تانکەوە خۆیان بە تیپی ١٥ی پانزەر دادا. زۆر بێ باکانە یەکسەر بەنێو کەوتن و پاش شەڕێکی قورس ٢٠ تانکیان وێران بوو. تیپی پانزەریش لە حاڵێکی باشدا نەبوو بەڵام تیپی ٩٠ی سووک بۆیان گەڕانەوە و دەریانپەڕاندن.. ئێستا دەرکەوت کە بەریتانی قورسایی خۆیان بەکار دێنن.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/١/١٧

وا رۆژی دووەمی شەڕە. لە باڵی باشوورمان... ئەوەی لەدەستمان بێت بۆ نیشتمان دەیکەین.

لە ١/١٧ تیپی ٧ی زرێپۆش بە لێشاو هێزەکانی پێشخست، ویستیان ناوقەدی کاروانی لەشکرەکە لێک دابڕن. تیپی ٩٠ بەقوونە شەڕ بەرپەرچی دانەوە. مەیدانی جموجۆڵەکان یەکجار بەرین بوو و نەدەکرا هەمووی بپارێزرێت. فەرمانم دا کە بەزووترین کات لەشکر بکشێتەوە بۆ تەرهوونە، لۆرییەکانیش خێرا پیادەکان بگەیێننە تەرابلوس و بەدوامادا بگەڕێنەوە بۆ هێڵی تەرهوونە–تەرابلوس. هەروەها بە فەرماندەی گشتی ئیتاڵییەکانم راگەیاند کە نابێ لە تەرهوونە گیر بین. وەرامیان ئەوەبوو کە ناوچەی تەرهوونە باڵەکانی گیراون و دەشێ ماوەیەک خۆمان لەوێ رابگرین.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/١/١٩

شەڕێکی قورس و بەردەوامە... بریند هاتەوە، کێسلرینگ بردبووی بۆ لای فوورەر... بەڵێنی باشی وەدەست هێناوە... دەڵێ هێشتا فوورەر باوەڕێکی تەواوی بەمن هەیە.. هەڵمەتێکی گەورەمان لەپێشە بۆ کاری گشتی، هەموو ئەڵمانێک دەگرێتەوە. رەنگە مانفرێدیش بگرێتەوە... مەسەلەکە بۆ گەلی ئەڵمان مەسەلەی مان و نەمانە. ئەم قسانەت پێ دەڵێم تاکو لێ رابێی. هەر ئێمەش نین. ئەوەتا رووسەکان دوا هەناسەی هەموو بەشەکانی گەلی خۆیان وەبەر دێنن. وابزانم ئەم سەرکەوتنەی دوایی ئەوان دەدرێتەوە پاڵ ئەم رەوشتە.

له ١/١٩ دوژمن به ٢٠٠ تانک هێرشی کرده سەر تەرهوونە و بە زەبری تۆپخانەی مە راگیران.. بارەگام لەسەر گردێک لە باکووری خۆرئاوای تەرهوونە دانابوو. لە باشوورەوە هەورێک تەپوتۆزی دوژمن لە رێگای تەرهوونە – قەسەر گاریان دیترا. توومەز دوژمن بە یەک تیپ پەلاماری تیپی ١٥ی داوە. ئەمە هەڕەشەیەکی جیددی دروست دەکرد، هەستام هەموو تۆپخانەی لەشکرم بۆ تەرخان کرد و دەبایە دەستبەجێ خۆمان رێک بخەینەوە.. تیپی ١٦٤ و بەشێک لە لیوای پەرەشووت و بەتالیۆنی شوێنهەڵگر وەک پەرژینێک لەگەڵ رێگاکەی خۆرئاوا تەرهوونە– گاریان بڵاو کرانەوە.. ئەوجار دوژمن تۆپخانەی خۆیان هێنا، وەکو جاران بە نارێکی نەدەجووڵانەوە بەڵکو دەیانزانی چ دەکەن.

شەڕ لەلای خومس سارد بۆوە ئیتر تروپەکان بەگوێرەی پلانەکە بەرەو خۆرئاوا کشانەوە. دواتر لە مەبەستی دوژمن گەیشتین، ئەوان پەلاماری خومسیان دا بۆ ئەوەی سەرقاڵی وێ بین، لەهەمان کات هەزاران ڤێکڵ و زرێپۆشیان بۆ قەسر گاریان نارد تا رێگاکانی خۆرئاوا بگرن. ئەو رێگا درێژەی تەرهوونە–گاریان بە ئێمە کۆنترۆڵ نەدەکرا، تا ئێوارێ گەیشتینە خاڵێک ٣٠ میل لە گاریانەوە دوور بوو. بڕیارم دا واز لە تەرهوونە بێنم و پەلەیەکی زۆرم لە لەشکر کرد بەتایبەتیش کە هێشتا هەندێک پیادەی ئیتاڵی لە خومس مابوون. ئیتر شەوی ١٩–٢٠ ئەم پلانەم ئەنجام دا:

١– پیادە ئیتاڵییەکانی خومس بە چاودێری تیپی ٩٠ کشانەوە.

٢– تیپی ١٦٤ لە زوورگەکانی خۆرئاوای تەرهوونە دامەزران.

٣– تیپی ١٥ و تاقمەکەی لووک بەرانبەر عەزیزیە وەستان چاودێری باڵەکەی باشووری دوژمنیان دەکرد.

٤– تیپەکەی فاشیست بەرەو خۆرئاوا چوون بۆ ئەوەی رێگا بە دوژمن نەدەن چەنگاڵەکەی باشووریان زیاتر بڕوات.

بەیانی زوو گرمەی زۆر گەورە لە لای تەرابلوسەوە دەهات، ئیتاڵییەکان شۆستەی بەندەرەکە و کۆگاکانی تەرابلوسیان دەتەقاندەوە.



ئەزیزیم لوو: ١٩٤٢/١/٢٠

دوێنێ چاک دەرباز بووین. ئێستا دوژمن دەیەوێ بەباشووردا هەنگاوی زۆر درێژ بۆ خۆرئاوا بنێ تاکو رێی گەڕانەوەمان لێ بگرێت.. هێشتا لە پاولۆس باشترم. ئەو بەرەوڕووی دوژمنێکی نامرۆڤانەتر بۆتەوە.

*ل.هـ: پاولۆس گوێزرابۆوە بۆ ستالینگراد، لەو بەینەشدا رووس گەمارۆیان دا.*

سبەینێ رێنمایی مۆسۆلینیی هات دەیگوت هێرشە بەریتانییەکە هەندە قورس نەبووە بای ئەوەی کە یەکسەر ئەوها کشاینەوە ئەمە پەلەکردنێکی نابەجێ بووە و... هتد. وەرامی خۆم بۆ کۆماندۆ سوپێرمۆ ناردەوە، نیورۆش بەئامادەبوونی کێسلرینگ و باستیکۆ تەلەفۆنم لەگەڵ کاڤالێرۆ کرد و، قسەکان بوونە دەمەقاڵێیەکی تیژ. داوام کرد کە بەشێوەیەکی فەرمی پێم بڵێن ئایا بەگژ بەریتانییەکاندا بچمەوە و لەشکر بفەوتێنم یان بە یەکجاری بکشێمەوە بۆ توونس؟ "راگرتنی تەرابلوس بۆ چەند رۆژێک باشترە یان مانەوی لەشکر؟".. هەر لەم قسانەدا بووین هەواڵ هات کەوا لەنێوان ١٤ تانکەری دەریایی ١٠ دانە بە تۆرپیدی بەریتانی نوقم کراون.

سبەینێ ١/٢١ لە بەیانییەوە بەریتانییەکان بە هەموو لایەکدا هێرشیان کرد ئەو زوورگانەی کە ئیتاڵییەکان بە (نەپەڕ) و سەخت ناویان دەبردن، تروپە بەریتانییەکان بەئاسایی بەسەریاندا پەڕینەوە و ئەگەر فریاین نەکەوتباین، خەریک بوو تیپی ١٦٤ دابڕن.. فەرمانم دا پیادەکان تا ناوچەی زاویە بکشێنەوە.. سەیر ئەوەیە کە کاڤالێرۆ قسەی هەندە پێ نەما چونکە ئەمڕۆ بۆمان دەرکەوت ئەگەر لە رۆژی ١/١٩ بڕیاری کشانەوەم نەدابایە ئێستا یەک سەرباز بە ساغی دەرنەدەچوو.

لە ١/٢٢ کشانەوە نەوەستا و لەهەمان رۆژ ٦٠٠٠ ڤێکڵی بەریتانی تەرهوونەیان راماڵیبوو.. لە ١٢٣ هێرشێکی قورس کرایە سەر تەرابلوس بەڵام هەموو هێزەکان بەرپەرچ درانەوە ٣٠,٠٠٠ پیادەی ئیتاڵی دەبایە بۆ رێگای ماریس ببردرێن.. پاش ئەوەی تەرابلوسیان گرت بەریتانییەکان پشوویەکیان دایەوە. ئێمەش دەرفەتێکمان قۆزتەوە کە خۆ رێک بخەینەوە. هەروەها پیاسەیەکم کرد بۆ شوێنەواری شارە رۆمانییە کۆنەکەی سەبارتە Sabratha.

*ل.هـ: لەشکری هەشتەم سێ مانگ بوو رۆملی راو دەنا. هەروەها تەرابلوس ١٤٠٠*

*میل لە عەلەمێن دوورە.*

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/١/٢٥

... هەندە نیگەرانم کە بە حاڵ ئیشم پێ دەکرێ... کەچی کێسلرینگ زۆر گەشبینە... ئێستا کێسلرینگ بووەتە فەرماندەی من.

تێبینی *جەنەراڵ بایەرلاین: کە رۆمل لە فەرمانی مۆسۆلینی و هیتلەر دەرچوو و لە تەرهوونە–خومس کشایەوە، فەرماندەیی لەشکر درایە دەست کێسلرینگ و رۆمل بەم بڕیارە زۆر خەمبار ببوو.*

لە ١/٢٦ بارەگامان گوێستەوە بۆ بن قردان (لەوبەری سنووری توونس) لە ڕێگادا ڕێڵی شەمەندەفەرەکەمان دیت کە هێشتا تەواو نەکرابوو. سەیرە کە ئیتاڵییەکان تا ئێستا ڕێڵیان دروست نەکردووە بەدرێژایی لێواری لیبیا. گواستنەوەی کەلوپەلی جەنگی بەبێ پاپۆڕ و ڕێڵ ناکرێ چونکە لۆری پترۆڵێکی زۆر دەخۆن.. نیوڕۆ برووسکەیەک لە کۆماندۆ سوپێرمۆ هات دەیگوت (بەهۆی تەندروستیی من) کە لەشکر گەیشتە هێڵی ماریس دەبێ دەست لە فەرماندەیی لەشکر بکێشمەوە و، بۆم هەبوو خۆم ڕۆژەکە دەستنیشان بکەم.. بڕیاریان دابوو لەشکرێکی ئیتاڵی پێک بێنن بە فەرماندەیی جەنەراڵ مێسسی، فەرماندەی ئەو فەیلەقە ئیتاڵییەی بەرەی رووسیا بوو.. منیش هیچی تر ئامادە نەبووم ببمە کۆچی قوربانی بۆ هەندێک خەڵکی ناشارەزا، داوام کرد جەنەراڵ مێسسی بەزووترین کات بنێرن تاکو فەرماندەی پێ بسپێرم.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/١/٢٨

فەرماندەیی لەشکر بە یەکی ئیتاڵی دەسپێرن، نووسیویانە دەڵێن "بەهۆی نالەباریی تەندروستیم"... بەڵام مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ لووتبەرزی وخۆ بەدەرخستن. پەرۆشی خۆم نییە، پەرۆشی ئەو پیاوانەمە... ژانە سەرێکی گرانم هەیە و، نیگەران و ڤینچکەتەنگ بوومە. پرۆفیسۆر هۆریشتەر چاودێریم دەکات... بەڵام کە ئەو هەواڵانەی بەرەی رووسیا دێن، پیاو مەراقیتی بچێتە وێ.



لە ١/٢٦ کاتژمێر ١٥ سەردانێکی هێڵەکەی بەرەی ماریسم کرد (٨٠ میل لە نێو سنووری توونس) لە دەریاوە دەستی پێ دەکرد تا زوورگەکانی مەتماتە. چەند ریزە خانووی ئەنتیکی[٢] فەرەنسیی تەنیا دژی تۆپباران بەکار دەهاتن دەنا کەڵکی شەڕی مۆبایلیان نەبوو.. زورگەکانی باشوور تانکیان رادەگرت، کەچی ناوەندی هێڵەکە کەڵکی نەبوو. دۆڵێکی لێژبوو بەڵام شوفێری باش دەیتوانی تانکی پێدا بەسەر بخات. هەروەها گرفتێکی تر هەبوو، بەرزاییەک لە خوار هێڵەکەی بەرگری هەبوو بەسەر مەیدانەکە دەیڕوانی و نەدەبایە بۆ دوژمن بەجێهێشترێ. ئیتر ئەمەش یەک تیپی سەرلەبەری پێویست بوو.


هەڵبژاردنی ئەم هێڵە دەیسەلماند کە کۆماندۆ سوپێرمۆ هێشتا بەباشی لە تاکتیکی جەنگ رانەهاتوون. فەرەنسییەکانی لە ١٩٣٨ دروستیان کردبوو. جەنەراڵ کۆش و جەنەراڵ کاتروو زوورگەکانی باشووریان تاقی کردبۆوە و گەیشتبوونە باوەڕێک کە ڕێگای هاتوچۆی تانک و زرێپۆش نادات. بەڵام ئیتاڵییەکان بیریان نەکردەوە کە هێڵەکە خۆی بەرانبەر لەشکری مۆنتگمری راناگرێت کە لەچاو لەشکرە فەرەنسییەکانی ئەوسا توانایەکی زۆر گەورەتریان هەیە.. بڕیارم دا لە هێڵی ئەکاریت[٣] دامەزرێین کە لە دەریاوە دەڕوا تا شۆتەلجەرید (٤٠ میل بەرینە). ئەمەیان کەس ناتوانێ بەدەوریدا بسووڕێتەوە، بەڵام پێشنیازەکەیان رەت کردەوە و دەرەنجام ئەوەبوو بەریتانی دواتر باڵچەرخییەکی نموونەییان پێڕەو کرد و هێڵەکەی ماریس بە ئاسانی گیرا.

لە ١/٣١ مارشاڵ باستیکۆ دەستی لە فەرماندەیی هەڵگرت و چۆوە ئیتاڵیا. ئێمە ئەگەرچی هەندێک لێک خشابووین بەڵام پێوەندیمان بەشێوەیەکی گشتی باش بوو. بەسیەتی کە سەرباری ئەو ڕێنامایییانەی کۆماندۆ سوپێرمۆ، ئێمە لەشکرەکەمان پاراست.

---

(٢) م م م: (ئەنتیک–Antique ) واتە شتی کۆن و فۆلکلۆری. مەبەستی رۆمل ئەوەیە کە سەنگەرە فەرەنسییەکان وەکو کۆنە خانوو بوون کەڵکی شەڕە تۆپ و بەرگرییان نەبوو.

(٣) ل.هـ: رۆمل مەبەستی هەمان ناوچەیە، جارێک بە قابیس و جارێک بە ئەکاریت ناوی دەبات، بریتییە لە زوورگێک ١٥ میل درێژە.




لە ٢/١ بەريتانی هاتنە پێش و لوفتواف هیچی پێ نەدەکرا. لە هەمان کات جەنەراڵ مێسسی گەیشتە جێ، ئەویش وەکو زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بەرەی رووسیا دەهاتنەوە سووکایەتی بە شەڕی بەریتانییەکان دەکرد.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٢/٢

... تازە دەزانم کە ئیتاڵییەکان دەمێکە بڕیاریان داوە فەرماندەکانی لەشکر بگۆڕن، لەلایان ئاساییە تاوان بە ئەستۆی خەڵکی دابدەن.

لەم بەینەدا باترییەکی ٨٨ی خۆمان بۆتەیان بۆ پاترۆڵێکی بەریتانی دانابۆوە و فەرماندەی فەوجی یەکەم، کۆلۆنێل دێڤد ستێرلینگ ئەسیر کرا. ئینجا هەڵاتبوو بۆ نێو عەرەبەکان، دیارە بەڵێنی پارەیەکی ئەوهای نەگوتبوو چونکە عەرەبەکان، کە بازرگانی باشن، داوای ١١ پاوند چایان لە ئێمە کرد تاکو بیدەنەوە دەستمان. ئێمەش سەودایەکەمان بەباش زانی.. بەم جۆرە، بەریتانییەکان ئەفسەرێکیان



لەدەست چوو کە هیچ کام لە وەلاشەکانی خۆی هەندە زیانی بە ئێمە نەگەیاندبوو بە درێژایی ئەو ساڵانە.

لە ٢/١٥ تیپی ١٥ی پانزەر کشایەوە بۆ هێڵی مارتا. ئەوەش کۆتایی بە کشانەوە مەزنەکەی لەشکری ئەفریقی هێنا. کشانەوەکە لەخۆیدا موعجیزەیەک بوو و لە راستیدا لە شەڕی عەلەمێنەوە تا ئێستا ورەی لەشکر نەڕووخابوو و هەستیان نەدەکرد کە بەزیون بەڵکو ئەوەیە بەباشی بۆیان نەهات.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٢/٨

بڕیارمدا دەست لە فەرماندەیی لەشکر بەرنەدەم تا خۆیان فەرمانێکم پێ دەدەن. وابزانم تۆ لە من دەگەی بۆچی وا دەکەم. بڕیارم داوە بەقسەی دکتۆریش نەکەم و با جێگرەکەم چاوەڕێ بکا تا نۆرەی خۆی دێت.

## چاپتەر XIX


### نێوان دوو ئاگر

لە توونس دەمانتوانی سوود لە ڕێ و بانی نێو وڵاتەکە وەربگرین تا ئەگەر بکرێ خێرا گورزێک لە لەشکری ئەنگلۆ-ئەمەریکی بوەشێنین، ئینجا بەزووترین کات بگەڕێینەوە تا بەگژ مۆنتگمەریدا بچینەوە. چونکە مۆنتگمەری بەم زووانە بەبێ تۆپخانە و فڕۆک هێرشی نەدەکرد.. تیپی ٢١ی پانزەر هەندێک نوێ کرابۆوە و لەگەڵ لەشکری پێنجەم دانرابوو. ئەم تیپە بەرەو دۆڵی فاید بەڕێ کرا بۆ ئەوەی دۆڵەکە بکرێتە بنکەیەک بۆ پەلاماردانی سیدی بووزێد و سبێتیلە، ئیتر لە ٢١ هێرشیان بۆ دۆڵەکە کردبوو و ١٠٠٠ ئەسیریشیان گرتبوو.

ئەمەریکی قەفسەیان گرتبوو و پێشڕەوییان دەکرد بۆ قابیس. ئەم چالاکییە مەترسی لەتبوونی خستبووە سەر هێزەکانی ئێمە و دەبایە لەوێ دوور بخرێنەوە.. بۆیەش، تیپی ٢١ی پانزەر فەرمان درا کە لە سیدی بووزێد و سبێتیلە پەلاماریان بدات و، دەبایە بەشێکی دیکەی لەشکر ئەمریکییەکانی دیکە لە قەفسە دەرپەڕێنێت.

ڕۆژی ٢/١٤ تیپی ٢١ی پانزەر لە سیدی بووزێدەوە بە بەرەیەکی پاندا بۆ بنکەکانی تیپی ٢ی زرێپۆشی ئەمەریکی پێشڕەویی کرد. بە پەلاماری ڕاستەوخۆ پێشەری تیپە ئەمەریکییەکە بەند کرا، ئینجا باڵێک بەلای باکوور قووڵ بوونەوە و باڵێکیش لە بووزێدەوە پەلاماری پاشەری تیپەکەیان دا. شەڕە تانکێکی خوێناوی بەرپا بوو و دوژمن کەوتە تەنگانە. لەوێدا جەنگاوەرەکانی ئێمە کە سەدان شەڕی بیابانیان دیتبوو بەرەورووی دوژمنێک بوونەوە کە زۆربەیان ناشارەزا بوون. تانکەکانی لیز و شێرمان و گرانتس لە مەیدانی شەڕەکە ئاگریان گرت و بەشی هەرە گەورەی ئەو تیپە وێران کرا. زیانی ئەمەریکییەکان ١٥٠ تانک و ١٦٠٠ ئەسیر بوو بەرانبەر زیانێکی زۆر کەم بۆ تیپی ٢١ی پانزەر.






*ل.هـ: ئەم شەڕە پێی دەڵێن شەڕەکەی قەسرێن. تیپەکە تیپی زرێپۆشی یەکەم بوو نەک دووەم. وایان پێشبینی دەکرد کە ئەڵمان پەلاماری فوندوق دەدەن کە ٤٠ میل لەوێ دوورە کەچی ئەڵمان لەپڕ بەسەریان دادان. جەنەراڵ برادلی لە ڕۆژانەی خۆی نووسیویەتی "پێشبینییەکە تووشی مردەنی کردین).*

زۆر تاکیدم لەسەر فەرماندەیی لەشکر جەنەراڵ زایگلەر کرد کە دەرفەت نەدەن و تا سبێتیلە ڕاویان بنێن. بەداخەوە تا شەوی ٢/١٦ ئینجا دەستیان بە ڕاونان نەکردەوە و بەیانی ٢/١٧ کە لە سبێتیلە نزیک بوونەوە ئەمەریکی بەرگرییەکی باشیان کرد.

شایانی گوتنە کە بەشەکەی دیکەی ئەمەریکییەکان کە بەم شکستەیان زانی

یەکسەر لە قەفسە کشانەوە. بەڵام ئەمەریکییەکان پێش ئەوەی بکشێنەوە، بەبێ وریاکردنەوەی خەڵکی قەفسە، هەستابوون جبەخانەی خۆیان تەقاندبۆوە و، کۆمەڵێک خانوو بەسەر خەڵکەکەدا تەپیبوون. من کە لە بەیانی ٢/١٦ چووم بۆ قەفسە، عەرەبەکان قەڵاسەنگەر و خانووی ئەمەریکییان تاڵان دەکرد، ٣٠ کەسیان لەژێر خانووە کەلاوەکاندا کوژرابوون و ٨٠ کەسی تر تر هێشتا دیار نەبوون. عەرەبەکان بە هەرای شادییەوە پێشوازییان لە ئێمە کرد. هێلکە و مریشکیان بەدیاری پێشکەش بە سەربازەکانی ئێمە دەکرد چونکە زۆر رقیان لە ئەمەریکییەکان ببۆوە.

لەهەمان کات ستافی لەشکرەکەم چوون توونێلی رێڵەکە بتەقێننەوە، برێکی باش پترۆڵیان دەست کەوت هەروەها لە کۆگایەکدا ٢٠٠,٠٠٠ تۆن فۆسفاتیان دۆزیەوە. ئەگەر گەیشتبایە ئەورووپا سوودێکی زۆر باشی دەبوو.

زووتر لە ١/١٧ جەنەراڵ لینشتاین فەرماندەی تیپی ١٦٤ بۆ فەریانە ناردرابوون. پاش بەرگرییەکی چیڕ ئەمەریکییەکانی دەرپەڕاند و بارەگای تیپەکەشی لەوێ دامەزراند. ١٢ زرێپۆشیان گرت هەموو تۆپی ٧٥ ملیمیان لەسەر بوو بەڵام بەداخەوە کەلوپول و کۆگاکانیان تەقاندبۆوە، تەنانەت هەواڵمان بۆ هات کە ئەمەریکی لە زۆر جێ کۆگاکانی خۆیان سووتاندووە بۆ نموونە لە تەبیسە.. پێشڕەوی بەردەوام بوو بۆ فڕۆکخانەی سبێتیلە، دوژمن لەوێ ٣٠ فڕۆکی خۆیان سووتاند. ناشارەزایی و پەلەپەلی ئەمەریکییەکان شتێکی زۆر ئاشکرابوو، نەیاندەزانی چ دەکەن.. من دەمویست تەبیسە بگرم تاکو فڕۆکخانە و کۆگا گەورەکانی پترۆل و شمەکیان بگرم و بسووڕێمەوە بۆ پاشەری هێزەکانیان.

لە هەموو قۆناغەکانی جەنگی ئەفریقیا بەگژ هێزی لەخۆ گەورەتردا چوومەتەوە بەڵام هەرگیز قومارێکی دۆڕاوم نەکردووە چونکە هەمیشە بای گەڕانەوەم هێشتۆتەوە. ئەمجارە ئیشەکە جودا بوو، دەبایە قومارێکی گەورەتر بکەم. پلانەکەمان مەترسی ئەوەی لەسەر بوو کە لە کاتی دوورکەوتنەوەدا لەشکری ئەنگلۆ–ئەمەریکی پەلاماری بنکەکانی پاشەرمان بدەن. بەڵام زۆربەی فەرماندەکانیان ئەو دەمارەیان نەبوو بیر لەم شتانە بکەنەوە. فەرماندەی نوێ توانای دۆزینەوە و پێشدەستییان نییە و تەنیا بەگوێرەی نێو کتێب و بە لاساکردنەوەی پێشینان رەفتار



دەکەن.. باوەڕم وابوو ئەگەر هێرشێکمان کردبایە بۆ تەبیسە لەشکری ئەنگلۆ–ئەمەریکی دەکشایەوە بۆ جەزائیر. مەرجی سەرەکی ئەوەبوو کە زۆربەی هێزەکانی خۆمان بەجۆرێک کۆبکەینەوە و تێریان بکەین بای رێپێوان و سووڕانەوەیەکی زۆر درێژ ئەنجام بکەین پشت تەبیسە.

داوام لە جەنەراڵ فۆن ئارنیم، فەرماندەی لەشکری پێنجەم، کرد تیپی ١٠ی پانزەر بنێرێ بۆ پشتیوانیی. بەڵام ئەو حەزی دەکرد تیپەکە لەبەر دەستی خۆی بمینێ، وابزانم تەنیا بۆ خۆپێشاندانی بوو، ئیتر پلانەکەی بەتوندی رەت کردەوە.. بەڵام وازم نەهێنا، هەستام کێسلرینگم رازی کرد و پلانەکەم بۆ کۆماندۆ سووپێرمۆ نارد. بایەرلاینیش توانی جەنەراڵ سایدمان، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی توونس، رازی بکات. مەرج ئەوەبوو کە زوو بکرێت.

شەوی ٢/١٩ کاتژمێر ١/٣٠ کۆماندۆ سوپێرمۆ پلانەکەیان پەسند کرد بەڵام دەسکارییەکی سەرتاسەرییان تێدا کردبوو. هێرشەکەیان بۆ تەبیسە دانەنابوو بەڵکو لە تاڵە Thalaبۆ ئەلکاف[1]. بەڕاستی نەفام بوون، لەکاتی سەرکەوتندا هەموو داواکارییەکیان پەسند دەکرد کەچی کە بارەکە دەلەنگا یەکسەر دوودڵ دەبوون و ئەو جەرگەیان نەدەما بڕیارێکی تێروپڕ بدەن جا ئیشی خەڵکی دیکەشیان تێک دەدا.

فەیلەقی ئەفریقی بڵاو کرایەوە و فەوجی ٣٣ راستەوخۆ بە دەربەندەکەی قەسرێندا بەرەو تاڵە بەڕێ کرا. لەوێدا تووشی بەرگرییەکی زۆر گەورە بوون (تیپی ٣٤ی ئەمەریکی). چیاکان ٥٠٠٠ پێ بەرز بوون و ئەمەریکییەکان لەهەردووک لای دۆڵەکە دامەزرابوون، تۆپخانەیەکی زۆر قورسیشیان هەبوو. بەداخەوە مۆتۆن سووکایەتی بە ئەمەریکییەکان کرد و ئاوڕی لە هێزەکانی سەر چیاکان نەدایەوە بەڵکو هەموو هێزەکەی بەنێو دۆڵەکەدا برد. دەبایە پێشێ تۆپخانەکانی سەر چیاکان بگرێت.

---

(١) ل هـ: ئەمە وای دەگەیاند کە راستەوخۆ بەگژ دوژمندا بچنەوە، واتە بە پێچەوانەی مەبەستی رۆمل بوو کە دەیویست کۆگاکانی پشتەوە بگرێت.. چرچڵ و ئەلیگزاندەر هەردووک لە یاداشتەکانی خۆیاندا نووسیویانە کە دەیانزانی رۆمل بۆ تاڵە دەچێت بۆیە هێزێکی گەورەیان بۆ دانا. بەڵام لە راستیدا ئەگەر پلانی رۆمل جێبەجێ کرابایە ئەوسا بەرەی جەنگی توونس دەگۆڕا.

پاش نیوەڕۆی ٢/١٩ کە سەردانی مەیدانی شەڕەکەم کرد چەک و ڤێکلی ئەمەریکییەکان بەدرێژایی رێ کەوتبوون، شوفێرەکانیش لەنێویاندا مردبوون و، ئەسیر بە پۆل کۆ دەکرانەوە.. گرووپێکی شەڕکەرم لەگەڵ جەنەراڵ بوولۆڤیۆس نارد کە بەلایەکی دۆڵەکەدا بسووڕێنەوە و خۆم چوومە لای تیپی ٢١ی پانزەر کە دەبایە پێشڕەوی بکەن بۆ سبیبە، دیتم وا تازە بەخۆ دەکەون. ئەم خاوە خاوەم بەدڵ نەبوو و، دواتر کە پێشڕەوییان کرد بەهۆی لافاوی سەر رێگاکان و بەهۆی مینستانەکان و سەنگەرەکانی دوژمن چەقین (لیوای ١ی گارد لەوێ دامەزرابوون). هێشتا تیپی ١٠ی پانزەر مابوو بڕیارێکی کۆتاییم نەدابوو بۆ کوێیان بنێرم.. تیپی ٢١ هەمان هەڵەیان کردبوو کەوا راستەوخۆ بە رێگای سەرەکی نێو دۆڵەکەدا چووبوون و چەندی ویستیان نەیانتوانی پێشکەون. بارانەکە لەوەدا نەبوو بەڵام چەندە ئێمەی دوا دەخست، رێگەی بە فڕۆکەکانی دوژمنیش نەدەدا پەلامارمان بدەن.

ئەوجار ئەوەی لێی دەترسا قەوما، دوژمن بەخۆ کەوتن و پیشتیوانیان گەیشتە جێ و فریا کەوتن تۆپخانەیان دامەزرێن.. بیرم کردەوە کە دوژمن لە بەشی قەسرێن لاوازترن بۆیە بڕیارم دا تیپی ١٠ی پانزەر بەگژ وێدا ببەم. سبەینێ ٢/٢٠ کاتژمێر ٧ چووم بۆ بارەگای فەیلەقی ئەفریقی لە قەسرێن. بەداخەوە فۆن برۆیش تەنیا بەشێکی تیپەکەی هێنابوو چونکە فۆن ئارنیم نیوەکەی دیکەی لەلای خۆی هێشتبۆوە. بەم حاڵە زۆر تووڕە بووم، بەتالیۆنێکی مۆتۆرسیکلەکان لەوێ بوون دەستبەجێ بەڕێم کردن بۆ بەرەی شەڕەکە. فەرمانیشم بە هەموو ئەفسەر و فەرماندەکان دا کە بچن بۆ ریزەکانی پێشەوە سەرپەرشتی جموجۆڵەکان بکەن چونکە هێزی ئەمەریکییەکان تا دەهات گەورەتر دەبوو، تۆپ و هاوەن لە هەموو لایەکەوە بەسەر فەوجەکەی مۆتۆندا دەباری و هەر کاتژمێرێک نرخی خۆی هەبوو.

هێرشی دووەمی دۆڵەکە لە نیوەڕۆ دەست پێ کرایەوە. ئەمجارە شەڕی دەستەویەخە کرا کە یەکجار خوێناوی بوو. یەکەم جاریش بوو چەکی گرهاوێژ بەکار بێنین، بەڕاستی تینێکی گەورەیان هەبوو لەسەر سەنگەرەکانی دوژمن.

کاتژمێر ١٧ دۆڵەکە گیرا. ئەمەریکییەکان بەرگرییەکی زۆر باشیان کرد و زیانەکانی مۆتۆن کەم نەبوون. ئێوارێش زانیاریمان بۆ هات کەوا تاقمێک زرێپۆشی



دوژمن لەوبەری دۆڵەکە دامەزراون، دیارە بۆ پشتیوانی هێزەکەی یەکەم هاتبوون. دەستبەجێ هێزێکی مۆبایڵ لە فەوجی ٨ی پانزەر پێک هێنرا و بەسەر رووبارەکەی خەتتابدا پردێکیان دروست کرد. هێرشەکە زۆر لە نزیکەوە ئەنجام درا و هیچ مەودایەکی تێدا نەهێشترایەوە بۆ تۆپخانە و شەڕی دوور. هێزە ئەمەریکییەکە وێران کرا و سەربازەکانیان بە پێ بەسەر گردەکاندا رایانکرد و چەک و زرێپۆشەکانیان بەجێ هێشت. ٣٠ تۆپی ٧٥ ملیم دەستگیر کران کە لەپشتی زرێپۆشەکان خرابوون. کەلوپەل و ئامێرە جەنگییەکانی ئەمەریکییەکانم دیت بەڕاستی شتی زۆر پێشکەوتوو بوون و بە پوختی دروست کرابوون. هەموو ڤێکلێک و چەکێک سپێری خۆی بۆ دانرابوو. دیاربوو کارگە ئەمەریکییەکان سوودیان لە شارەزایی بەریتانییەکان وەرگرتووە.

شەوی ٢/٢٠ هێزەکانی مە لە قەسرێنەوە بەرەو دوو قوڵ پێشڕەوییان کرد، تەبیسە و تالە. بەڵام دوژمن کشابوونەوە. بەیانی ٢/٢١ پیاسەیەکم بە دۆڵەکەی قەسرێندا کرد. ئەسیری ئەمەریکی بە زرێپۆشەکانی نەفەربەری خۆیان دەهێنراوە دوا. هەندێکیان ویستبوویان بکشێنەوە کەوتبوونە نێو مینستانی خۆیان و تەقیبوونەوە. هەروەها تانک و زرێپۆشێکی زۆر، کە هەندێکیان هێشتا بەکەڵک دەهاتن، بەو دۆڵە وەرکرابوون.

تێیان گەیشتم کە ئێستا تەنیا بەرگری دەکەن و بەس، بەم پێیە یەکسەر بڕیارم دا پاشەریان بگرم.. نیوەڕۆ فەرمانم بەم جۆرە دا، تیپی ١٠ی پانزەر رێڵ و دووڕیانەکەی قەلعەت جەردە بگرن، فەیلەقی ئەفریقی بۆ تەبیسە تەرخان کران کە دوژمن لە بانی ئەلحەمرە دەرکەن، تیپی ٢١ دەبایە تەنیا هێڵەکانی خۆی رابگرێت و بەس، ئینجا دەبایە لەشکری ٥ی پانزەر هێرشی راستەوخۆ بکات تاکو دوژمن لە شوێنی خۆیان رەق بکەن.

کاتژمێر ١٣ تیپی ١٠ی پانزەر بەرەو تالە پێشڕەوییان کرد. من و بایەرلاین و دکتۆر هۆریشتەر بەدوایان کەوتین لە رێدا چەند تاقمێک دژەتانکیان رامالیبوو، بەڵام لەبەر تۆپبارانەکە هەندێک خاو ببوونەوە، هەندێکیان چووبوونە نێو گوندی عەرەبەکان، ئاژەڵ و پەلەوەری گوندەکەش بەوناوە وەر ببوو. ناچار بووین پەنایەک بۆ

خۆمان بدۆزینەوە تاماوەیەک ئینجا ٥٠٠ یاردێک چووینە پێش، ١٧ تانکی دوژمن لە جۆری مارک VIسووتابوون. هەندێکی تەرمی بەریتانی کەوتبوون، عەرەبەکانیش کەلوپەلی دوژمنیان تالان دەکرد.

تۆپخانەی مە دامەزرا و تۆپخانەی وانیش دەیکوتاین، شەڕ شەڕی تۆپخانەکان بوو. فەرمانم بە لیوای گرینادێر دا تانکەکانی سەر لۆرییەکان بگەیێننە مەیدانەکە.. کاتژمێر ١٩ بەنێو تالە کەوتین و بەریتانییەکان کۆمەڵێک تۆپ و چەکیان لێ گیرا بەڵام بەشەکانی تری تیپی ٦ی بەریتانی و ترووپی تری هاوپەیمانەکان فریایان کەوتن، ناچاربووین بکشێینەوە.. پێش شەڕەکە داوامان لە فۆن ئارنیم دەکرد تانکەکانی تایگەر(٢) بەکار بێنین بەڵام دەیگوت لەژێر چاککردنەوە دان.

لە ٢/٢١ پاش هەندێک پێشڕەوی وردە وردە هێزێکی زۆرتری دوژمن بەشدار دەبوون و تۆپبارانێکی قورستر دەکرایە سەر فەیلەقی ئەفریقی. سێیەم جاریش بوو هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە کە هێرش بەنێو دۆڵەکاندا بکەن بەبێ ئەوەی هێزی تەریب بەسەر هەورازەکاندا بڕۆن. ئەمەریکییەکانیش فێری تاکتیک ببوون. راوەستان تا لەشکر گەیشتنە نێو دۆڵەکە ئەوجار تۆپبارانیان دەست پێکرد. کۆمەڵێک تانک لێدران و کە هەندێک کشاینەوە، پیاوەکانی بوولۆڤیۆس سەیریان پێ هات کە پیادەی ئەمەریکی ئەوها هێرش بکەن و کشانەوەیەکی کاتی بگۆڕن بۆ پێشڕەوی و ئینجا بۆ خاوێنکردنەوەیەکی تەواوی دۆڵەکە و بە زیانێکی زۆریشەوە.. گەیشتمە باوەڕێک کە هێزی دوژمن لەوەدا نەماوە کە ئێمە پەلاماریان بدەین.

کاتژمێر ١٣ کێسلرینگم دیت، وێستفال و سایدمانیش ئامادەبوون. بڕیارمان دا کە هێرشەکەی ئەلکاف رابگرین چونکە کەڵکی نەمابوو. ئیتر فەیلەق و تیپەکەی ١٠ بەشەو گەڕانەوە باکووری خۆرئاوای دۆڵی قەسرێن، تیپی ٢١یش دەبایە هەر لە سبیبە بمینێت و بەرەی پێش خۆی مینڕێژ بکات.

کێسلرینگ لە منی پرسی ئایا حەز دەکەم سەرلەنوێ بکرێمەوە سەرلەشکر. دیارە هیچی تر بە (پیاوێکی ئێسکگران) نەماوم وەکو کە لەم دوایانە ناوم دەبرا و

(٢) ل هـ: ئەم تانکە ئەڵمانییانە لە هەموو تانکەکانی هاوپەیمانەکان بەهێزتر بوون. وەزنیان ٥٦ تۆن بوو، تۆپی ٨٨ یان لەسەر بوو و زرێکانی پێشیان ١٠٢ ملیم بوو.



سەرباری (شکست پەرستیی) من ئێستا بوومەتەوە پیاوێکی پێویست. بەڵام دەمزانی کە هیتلەر جەنەراڵ فۆن ئارنیم بۆ لەشکرەکە داناوە، پێشنیازەکەم پەسند نەکرد. سەرلەشکر لەبەر دەست تێوەردانی کۆماندۆ سوپێرمۆ و لوفتواف ئیشی پێ نەدەکرا. کێسلرینگ لە شەڕی زەمینی نەدەزانی و کە سەرکەوتنەکانی ئێمەی دیت بەسەر ئەمەریکییەکاندا ویستی بیداتە پاڵ نەفامیی ئەمەریکییەکان. بەڵێ ئەمەریکی نەدەخرانە ریزی شینە جەنگەوەرەکانی لەشکری هەشتەمی بەریتانی، بەڵام گرەوی خۆیان بەوە بردبۆوە کەوا چەک و ئامێرێکی زۆر باشیان هەبوو و فەرماندەکان وشک و کەللەڕەق نەبوون. لە راستیدا سەیارە زرێپۆشەکانیان هەندە زۆر و هەندە چالاک بوون کە لەوساوە خەمی ئەوەمان دەخوارد لە شەڕی مۆبایلی داهاتوودا دەبێ چ بکەین؟ چونکە لە پاش یەکەمین زەبری کە پێیان کەوت لە شکست هەستانەوە و خۆیان رێک خستەوە.

ئێستا دەبایە خۆمان بۆ بەرگری ساز بکەین لە دۆڵی قەسرێندا. باران راوەستا و هێزی ئاسمانی ئەمەریکی زەبرێکی دەوەشاند لەجۆری ئەوانە نەبوو کە لە عەلەمێن چێشتمان. بۆ نموونە تەنیا لە قەسرێن لە چارەکە کاتژمێریکدا ١٠٤ فڕۆک ژمێردران، لە گەڕانەوەشمدا کاتژمێر ١٧ فڕۆک پەیدابوون و تا تاریکایی شەو نەمانتوانی ببزووین.

ئیتر شەڕی قەسرێن – سبێتیلە ئەوها کۆتایی هات. لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی گەورەمان بەسەر ئەمەریکییە "سەوزەکان" دا تۆمارکرد و دەبایە دەرفەتیان نەدەین. بەڵام پلانی کۆماندۆ سوپێرمۆ و دواکەوتنەکانی لەشکری ٥ی پانزەر بەهۆی هەندێک گێژە فەرماندەی ئەڵمان هەمووی بە فیڕۆ دا.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٢/٢٣

... باشمان هێنابوو تا ئێستا. بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ناوچە داگیرکراوەکان بۆ خۆمان بهێڵینەوە.

## دیسان بوومەوە بە سەرلەشکر

ئێوارەی ٢/٢٤ فەرمانێک لە کۆماندۆ سوپێرمۆوە هات گوتی بەهۆی ئەوەی کە لەشکر پێویست بە یەک رابەر دەکات بڕیار درا فەرماندەیی لەشکرەکانی توونس بە من بدرێت. هەواڵەکەم بە چەند هەستێکی جوداوە وەرگرت. لە لایەکەوە دڵم خۆش بوو کە دووبارە دەستم دەکرێتەوە. بەڵام لەلایەکی دیکەدا حەزم نەدەکرد هیچی تر ببمە پینەچی بۆ بارەگای فوورەر و لوفتواف و کۆماندۆ سوپێرمۆ.

لە هەمان رۆژ کۆنفرانسێکم لەگەڵ ستافی فەرماندەیی گێڕا. فۆن ئارنیم پێشنیازی کرد مەجدەلباب (٤٠ میل خۆرئاوای توونس) پەلامار بدەین. پەسندم کرد بەمەرجێک کە لەوە دوورتر نەڕۆن و یەکسەر بگەڕێنەوە بنکەکانمان. دواتر وێستفال داواکارییەکی کێسلرینگی بە من گەیاند دەیویست هێڵەکەی قەسرێن بۆ چەند رۆژێک رابگرین و هاوکاری لەگەڵ لەشکری پێنجەم بکەین بۆ گرتنی بێجا. ئەمەیانم رەت کردەوە چونکە پێشنیازی ئەوها دەبایە لەکاتی هێرشەکەی تالە بکات. ئێستا تیپی ١٠ی پانزەر لە قەسرێن دەکشایەوە و کارێکی ئەوها مەگەر بە زیانێکی زۆر گەورەوە ئینجا سەری دەگرت.

ئەو پیاوانەی کۆماندۆ سوپێرمۆ هەستکردنێکی مەیدانییان نییە و ئەگەرەکان لێک نادەنەوە. ئەو خەڵکەی رۆما لە هێرشی تالەدا ئەوەندە بیریان نەکردەوە کە لەشکری پێنجەم دەبێ یارمەتی ئێمە بدات، لەخۆیان رادیت بەتەنیا هێرش بۆ بێجا بکەن و لە ئەنجامدا هیچ کام لە هێرشەکان سەرکەوتوو نەبوون.

هێرشەکەی لەشکری پێنجەم لە ٢/٢٦ دەستی پێکرد. لە سەرەتادا پێشڕەوییەکی باشیان کرد بەڵام بەرە بەرە هێزەکانی دوژمن لەسەریان کۆبوونەوە و لەشکر وەستا. زیانی دوژمن هەندی ئەو زیانە گەورە نەبوو کە بە لەشکری پێنجەم گەیشت. رقم بەوە هەستا کە ئەو تانکانەی تایگەریان فەوتاند. کاتی خۆی بە ئێمەیان نەدا لە هێرشی خۆمان بەکاریان بێنین کەچی چووبوون هەموویان بەخراپی بەکار هێنابوو، جا لەنێوان ١٩ تانکی تایگەر کە لە توونس هەبوون ١٥ دانە لەوێ بەدەستی بەریتانییەکان وێران کران.



ئەم تانکانە بۆ مەیدانی بەرین و مەودای دوور بەکار دێن، کەچی ئەوان بەگژ دۆڵێکی پڕ لە قوڕ و زەلکاویاندا بردبوون، ئیتر هیچیان توانای مانۆڕیان نەمابوو تەنانەت زۆربەیان لە قوڕدا چەقیبوون.. رێنماییم کردن کە بگەڕێنەوە بەڵام وازیان لە هێرشەکە نەهێنا تا چەند رۆژێک پاش ئەوەی کە من گەڕابوومەوە بۆ ئەورووپا هەر خەریکی ئەو هێرشە بوون کەوا وزەی لەشکرەکەی هەڵمژی.

نامەی کاپتن ئەلفرێد ئینگمار برێند بۆ لووسی ژنی رۆمل

ئەزیزم فراور رۆمل: ١٩٤٣/٢/٢٦

لە سەرەتای ئەم هەیڤەوە حاڵی لەش و مێشکی مێردەکەت گەیشتۆتە رادەیەک کە پرۆفیسۆر هۆریشتەر داوای کردووە دەستبەجێ بخرێتە ژێر چاودێرییەکی پزیشکانە بۆ ماوەی ٨ هەفتە و دوا کاتی دەستپێکردنی کۆرسەکە، هەر وەکو بە بارەگای فوورەر راگەیێندرا و پەسندیان کرد، دەبایە لە١/٢٠ هوە دەست پێ بکات.

ئەوەی کە حاڵەکەی ناخۆش کردبوو، ئیتاڵییەکان فەرماندەیەکیان نارد کە لە جێی وی دابنرێت کەچی لەم بارەوە هیچ فەرمانێکی لە ئەڵمانیاوە بۆ نەهات و هەر چاوەڕێی ریپۆرتی دکتۆریان دەکرد. ئەویش هەرگیز خۆی بە نەخۆش لەقەڵەم نادات... ئەو کە هەستی کرد حەسوودی لێ دەکەن خۆی کێشایەوە دوا و فەرماندەیی بۆ خەڵکی دیکە بەجێ هێشت، بەڵام کە دیتی سوود لە سەرکەوتنی لەشکرەکە وەرناگرن، هەستا پێشنیازێکی چاوقایمانەی کرد کە رابەرایەتی لەشکر بە خۆی بسپێرنەوە و، پێشنیازەکەی پەسند کرا. ئەو شەوە دڵی گەشایەوە و داوای بوتڵێک شامپانیای کرد و گوتی هەست دەکەم وەکو جاران بوومەتەوە ئەو ئەسپە کە لە مەیدانی شەڕدا هێرش دەبات. لە رۆژەکانی دواتر هەندە باش بوو وەک بڵێی ببۆوە رۆملەکەی جاران تەنانەت پرۆفیسۆر هۆریشتەر هێشتی چارەسازییەکە بۆ هەفتەیەک دوا بخرێت.

حەز ناکەم جەنابی مارشاڵ بیزانێتەوە بەڵام لە راستیدا من ریپۆرتم بۆ

فەرماندەیی سوپا نارد و بەم پێیە فەرمانی فوورەر و دووچی پێکەوە هاتن کە بکرێتەوە بە فەرماندەی "لەشکری رۆمل"... من ئەم شتەم کرد تاکو هەست بکا کە رابەرەکان هێشتا باوەڕێکی تەواویان پێیە چونکە هەستی دەکرد ئەوان متمانەی پێ ناکەن.. ئێستا، گەڕانەوەی مارشاڵ بۆ ئەفریقیا لەسەر جۆری شەڕی ئێرە دەوەستێ، ئەگەر هێرش و پێشڕەوی بوو ئەوسا لێرەی دادەنێینەوە چونکە فوورەر گوتوویەتی «رۆمڵ لە هەموو جەنەراڵەکانم باشترە بۆ هێرش» بەڵام ئەگەر شەڕەکە بوو بە شەڕی بەرگری، ئیتر گومانم نییە کە بەرەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە هێرشی تێدا بێت.

ئەو رۆژە دیمەنێکی سەیر رووی دا کە بەنێو تیپێکی نوێدا هات رۆملیان نەناسی، بەنێویاندا هات تا ریزی هەرە پێشەوە گیر نەبوو و، لە کاتی هێرشەکەدا لەگەڵ تانکەکانی سەرەڕمبی هێرشەکە سوار بوو و پێشڕەویی کرد و، کە تۆپباران دەکراین لەگەڵ وان لەو قوڕاوەدا پەناگیر دەبوو. ئەم رەفتارە ئاساییانەی وی گەشایی و باوەڕێکی سەیری لە دڵی پیاوەکاندا ورووژاند. هیچ فەرماندەیەک رەسیدی ئەوها گەورەی دروست نەکردووە لە باوەڕ و متمانەی پیاوەکانی خۆی.

رەنگە لە کۆتایی ئەم هەیڤەدا بگەڕێتەوە، دوو ئەفسەر و شەش فەرمانبەر لەگەڵی دێن بۆ نووسینەوەی ریپۆرتی شەڕەکە.. ئومێد دەکەم ئێستا لە بناوانی رووداوەکان گەیشتبی.

لەگەڵ هیوام،

هایل هیتلەر

دڵسۆزتان برێند

١٩٤٣/٢/٢٧

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٣/٣

شموند نامەیەکی ناسکی بۆ من نووسیوە دەڵێ فوورەر پەرۆشی منیتی، بەڵام جارێ ناتوانم ئێرە بەجێ بێڵم. من پێم ئاساییە ئەگەر ئەرکێکی دیکە بگرم. گوایە بڕیار لەدەست خۆم دایە کەچی کۆماندۆ سوپێرمۆ خۆ



لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێن، ئەوە دەمارم تێک دەدات و دەترسم لەناکاو هەرەس بێنم. بەهارە لێرە، دار شکۆفەیان داوە و هەتاوێکی خۆش هەیە. ئەم جیهانە دەشێ بکرێتە شوێنێکی خۆش بۆ هەموو کەسێک. ئەفریقیاش وڵاتێکی گەورەیە زۆری بەبەرەوە هەیە کە ببووژێندرێتەوە.


لەو بەینەدا لە بەرەی باشوور مۆنتگمری بەمەبەستی سووککردنەوەی قورسایی لەسەر لەشکری ئەمەریکی پەلاماری تیپی ١٥ی پانزەری دابوو. شەڕێکی دڕندانە بەدرێژایی رۆژەکە کرا و بە دژەهێرشێکی گران و بە ٢٠ تانکەری کە لە عەلەمێنەوە بۆیان مابوو توانییان بەریتانییەکان بوەستێنن. واش هەر تیپەکە ناچار بوو بەشەو بکشێتەوە بۆ ماریس. لەم کاتەشدا تیپەکانی دیکە دەستیان لە بەرەی باکوور گیرابوو ئیتر ئەمە رێگەی بە مۆنتگمری دا کە پێشڕەویی بکات.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە، لە ٢/٢٣ فەرمان درا هێرش بکرێ بۆ مەدەنین. ئەوە ئەرکێکی گران بوو نەدەبایە خۆیان لەو راستییە بشێوێنن کە نشوستیی هێرشەکە کۆتایی لەشکرەکانی ئەفریقیای نزیک دەخستەوە.

*ل.هـ: مۆنتگمری ماوەی هەبوو هێزێکی زل لە مەدەنین دامەزرێنێت. لە ٢/٢٦ تیپەکانی ٧ و ٥١ لە مەدەنین جێگیر کران و، لە ٣/٤ هێڵەکانی بەرگریی خۆی ساز کرد. ئینجا پێش ٣٦ کە رۆمل هێرشەکەی کرد توانی تیپە نیوزیلاندییەکە و لیوای ٢٠١ و دوو لیوای زرێپۆشی تر بێنێت. وێڕای ٤٠٠ تانکی کە هەیبوو، مۆنتگمری ٥٠٠ پۆپی دژەتانکی لە بەرەکە دامەزراندبوو.*

*جەنەراڵ گوینگاند، سەردەستەی ستافی لەشکری هەشتەم، لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی "مۆنتگمری دەیزانی کە شەڕەکە تەنیا بۆ بارسووککردنی لەشکری ئەمەریکی بوو واش هەر هێزێکی یەکجار گەورەی ساز کرد و رۆمل دەرفەتی سەرکەوتنی لێ برِا ئینجا توانیمان بە ئازادی هەناسەیەک هەڵکێشین.*

دەرفەتی سەرکەوتن نەک تەنیا لەبەر شارەزایی لەشکری هەشتەم کەم بوو بەڵکو مەیدانی شەڕەکەش کەڵکی مانۆڕ و جووڵەی نەبوو. هەروەها پترۆڵێکی یەکجار زۆری دەخواست. هەموو ئومێدمان ئەوەبوو کە بەریتانییەکان فریا نەکەوتبن هێڵی بەرگری خۆیان لە مەدەنین پتەو بکەن.




مشتومڕێکی زۆر کرا دەربارەی چۆنێتی هێرشەکە و پێشنیازێکی جەنەراڵ مێسسی پەسند کرا کە تیپێکی ئیتالی لەسەر ڕێگا سەرەکییەکە بڵاو بکرێنەوە و تیپێکی تر لە پشت جەبەل تەباقە دامەزرێن و تەنیا یەک تیپ لە چیاکە ئاوابێت. پلانەکە کەموکوڕیی هەبوو بەڵام هەرنەبێ لە پلانەکانی دیکە باشتر بوو.. پێشنیاز کرا کە هێرشەکە دوو هەفتە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی کە ئاسمانەکە دەبێتە مانگەشەو، بەڵام دوو هەفتەی تر وای دەگەیاند کە بەریتانییەکان لە ئێستا باشتر ساز بن ئیتر پێشنیازەکەم ڕەت کردەوە.. چەند ڕۆژێک لەبەر گرفتی لابەلا دواکەوتین تا بڕیار لەسەر ٣٦ درا. من ٣٥ بارەگام لەسەر گردی ٧١٥ لە تووجان دامەزراند (کۆتایی هێڵەکەی بەرگری ماریس ٢٠ میل لە دەریاوە دوور) چاو تا ئەولای مەدەنین دەڕۆیشت.

لەگەڵ چرکەی شەشی بەیانی تۆپبارانی مە دەست پێکرا. تەم دەشتەکەی داپۆشتبوو و تۆپە ئاگردارەکان لەژێر تەمی ئەستوور دەدرەوشانەوە. تیپی ١٠ی پانزەر بەبێ گرێ لە حەللووف تێپەڕی. بەڵام بەرگری بەریتانییەکان زۆر بەتوندی



دەست پێکرا. مینستان و دژەتانکێکی یەکجار زۆریان بڵاو کردبۆوە. هێرشەکان یەک لەدوا یەک پەکیان دەکەوت. کاتژمێر ١٧ فەرمانم دا شەڕ بوەستێن و لە شوێنە گیراوەکان دامەزرێن. توومەز بەریتانییەکان فریا کەوتبوون کە بەم ماوە کورتە دامەزرێن. زیانەکانیشمان زۆر گەورە بوون، ٤٠ تانک وێران کران.

خەمی گەورەتر ئەوەبوو کە ئێستا تووشی قۆناغی کۆتایی هاتین و پێشڕەویی لەشکری هەشتەم بە هیچ ناوەستێت و، مانەوەی لەشکر لە ئەفریقیا خۆکوشتن بوو.

## کۆتایی لە ئەفریقیا

لە کۆتایی شوباتدا داوام لە جەنەراڵ فۆن ئارنیم و جەنەراڵ مێسسی کرد سەرو ریپۆرتێکی گشتی بنووسن، لەو دوو ریپۆرتانە شتێکم هەڵێنجا بریتی بوو لەمەی خوارێ:

دوو لەشکرەکەی ئەفریقیا بەرگری لە هێڵێکی ٤٠٠ میلی دەکەن. دوو سەنتەری قورساییان هەیە یەکیان لە خۆرئاوای توونس و یەکیان لە ماریس. لەم ٤٠٠ میلە ٣٥٠ میل کەڵکی بەرگرییان نییە. بەرەی لەشکری پێنجەم شاخاوییە بەڵام لەوێشدا پیادەی دوژمن دەتوانن پێشڕەوی بکەن. بۆشاییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان هەردووک لەشکر و، دوژمن دەتوانن بە ناوچەی شۆتەلجەرید بێنە پێش چونکە لە وەرزی داهاتوودا زەوی وشک دەبێتەوە، ئەوسا هێزە مۆبایلەکان بە ئاسایی پێدا دێن.

تێکڕای هێزی بەریتانی و ئەمەریکی و فەرەنسی مەزەندە دەکرێن بە: ١٦٠٠ تانک، ١١٠٠ دژەتانک، ٨٥٠ تۆپ، ٢١٠,٠٠٠ سەرباز. ئەمانەش هەموو پێکڕا هێرش دەکەن و ئێمە بە هیچ شێوە بەرگەی ئەو هێزانە ناگرین.

پێشنیاز ئەوەیە کە دەبێ هێڵی بەرگری لە ٤٠٠ میل کورت بکرێتەوە بۆ ١٠٠ کیلۆمەتر. دەبێ لەشکری پێنجەم هێڵی بەرگریی خۆی وێک بێنێتەوە لە جەبەل مەنسوورِ تا ئینفیداڤال Enfidavalle ئەمە دوژمن لە مەجدەلباب و ئەبوو ئەرادە دوور دەخاتەوە و بەوبەری چیاکاندا پاڵ دەدات بۆ خۆرئاوا.. لەبەرانبەردا دەبێ دەست لە هەرێمێکی گەورە و چەند فرۆکخانەکیش هەڵبگرین و لەهەمان کات دوو قۆڵەکەی

دوژمن ئەوسا پێک دەگەنەوە. بەڵام ڕاگرتنی بەرەیەکی ئەوها بەهەموو جۆرێک ئاسانتر و درێژخایەنتر دەبێت لەچاو بەرە درێژەکەی کە ئەمڕۆ هەیە.

ئینجا هەندێک وردەکاریی پێداویستییەکانی پترۆڵ و کەلوپەلم تۆمار کرد کە میرەی سوپا دەبایە هەموو هەیڤێک ١٤٠,٠٠٠ تۆن کەلوپەل دابین بکەن.. ڕیپۆرتەکە بەم قسە کۆتایی هات: لەبەر تیشکی ئەزموونەکانی خۆمان وا ڕادەبینین کە هێرشەکەیان لەگەڵ پڕبوونی مانگ (بەدر) ی داهاتوو دەست پێ دەکات.

بەدرەنگەوە و پاش پەلەکردن و پرسینەوەیەکی زۆر ئینجا درایەوە، کێسلرینگ گوتی فوورەر لەگەڵ بۆچوونەکانم ڕێک نییە، باوەڕی وایە دەبێ هێزەکان بەگوێرەی ژمارەی فەوجەکان مەزەندە بکەین نەک بەگوێرەی ژمارەی تانک و ئامێر، بەم پێیە ئێمە هەندە لاوازنین وەکو کە لە ڕیپۆرتەکە پێشان دراوە.. فەرماندەیی سوپا مەسەلەکانی بەوە دەپێوا کە ئێستا کەلوپەلێک و هێزێکی زۆرتر دەنێرن لەچاو جاران ئیتر دەبێ ئێستا شەڕێکی باشتر بەڕێوە ببەین.

من کە لە ٣/٧ ئەفریقیام بەجێ هێشت لەم خەیاڵانەدا بووم. جەنەراڵ زایگلەر و کۆلۆنێل بایەرلاین لەلای جەنەراڵ مێسسی مانەوە، بایەرلاین بە سەردەستەی ستافی لەشکری ئەڵمانی دامەزرا و دەمزانی کە درێغی لە هیچ ناکات. ترسی گەورەمان ئەوەبوو کە ڕەنگە بەرەی ئیتاڵییەکان هەرەس بێنێت.

جەنەراڵ فۆن ئارنیم وەکو بریکاری من بە سەرلەشکر دانرا و خۆی لەگەڵ جەنەراڵ فۆن ڤایرشت بۆ ڕۆما بانگ کران بۆ تاوتوێ. منیش کە گەڕامەوە نیازم هەبوو بەهەموو توانایەک لە بارەگای فوورەر دەسکەوتی باش بۆ لەشکرەکان دابین بکەم. وام دەزانی پاش ماوەیەک دەگەڕێمەوە بۆ توونس بەڵام لە ڕۆما سەردانی کۆماندۆ سوپێرمۆم کرد، کە لەگەڵ جەنەراڵ ئەمبرۆزیۆ قسەمان کرد یەکسەر تێگەیشتم نیازیان نییە بهێڵن بگەڕێمەوە.

لەگەڵ ئەمبرۆزیۆ و وێستفال دیدارێکی ٢٥ خولەکیمان لەگەڵ مۆسۆلینی کرد. یەک لەبارە خۆمەوە ئەوەی لە ڕیپۆرتەکاندا باس نەکرابوو هەمووم باس کرد و بەوپەڕی ڕاستگۆیی قسەی خۆم کرد. بەڵام وا پێ دەچوو ئەویش لەو کەسانە بووبێت کە بەدەگمەن ئاگایان لە پانتاییەکان هەبووبێت، هەموو پەرۆشی بۆ ئەوەبوون ئەگەر لە



توونس ببەزین ڕای گشتی ئیتاڵیا چۆن دەبێت. پرسێکی بەمن کرد ئایا تیپێکی تر بۆ توونس بنێرێت؟ من ئامۆژگاریم کرد لەباتی ئەمە با چەکی تیپێک بۆ پیاوەکانی توونس بنێرێ بەئومێدی ئەوەی کە شەڕێکی باشتریان پێ بکرێت دژی بەریتانیا.

بەشێوەیەکی گشتی، شێوازی مۆسۆلینی لە دەربڕیندا نەرم و برادەرانە بەڵام لە کۆتایی دیدارەکەدا هەستم بە وشکی کرد. دواتر بیستمەوە کە مۆسۆلینی دایناوو مێداڵێکی زێڕین بەمن ببەخشێت بەڵام هەڵوێستی "بەزیو" ی من بەدڵی نەبووە. واش هەر سپاس و پێزانینی دەربڕی.

لە ڕاستیدا من هەمیشە ڕێزم لە دووچی دەنا. خۆی وەکو هەر ئیتاڵییەک ئاکتەرێکی باش بوو. ئەگەرچی خانەدان و پایەدار بوو بەڵام چەندی دەویست خۆ بە ڕۆمانی بنوێنێ[٣]، پێی نەدەکرا. خۆی بۆ مەیلەکانی دڵی خۆی و بۆ خەیاڵ و ئارەزووی پەمەیی شل کردبوو. گومان نییە کە چاکەی لەسەر ئیتاڵیا هەیە. ڕێپێوانە مەزنەکەی پۆنتاین و داگیرکردنی حەبەشە بەبێ وی نەدەکرا. بەڵام بەداخەوە یاوەرەکانی نە ئەو بیروباوەڕە نموونەییەیان هەبوو و نە هەندە لەگەڵ یەکتر ڕێک بوون و نە هەندە گورج و گۆڵ بوون. ئێستا خەونەکانی دوورەدەست ببوون و بە چاوی خۆی دەیدیت چۆن لەژێر بارەکەدا نوقم دەبێت. وابزانم دەبایە چەند قسەیەکی هەرچۆنەکیی بەدڵی خۆی بۆ بکەم و ئیشەکە ببڕێتەوە، بەڵام من داخداری ئەو هەموو گەشبینییە ناڕاستەی وان بووم.

ڕایخمارشاڵ لە ڕۆما بوو، سۆراغێکم کرد کە ئایا دەتوانم ببینم. وەرامی دایەوە کە دەیەوێ بە شەمەندەفەرە تایبەتییەکەی خۆی پێکەوە بچین بۆ بارەگای فوورەر. دیاربوو گۆرینگ نەیدەویست بەتەنیا فوورەر ببینم.. داوای لێبووردەم کرد. دەمویست ڕیپۆرتی خۆم بە ئارەزووی خۆم بنووسمەوە بەبێ بۆچوونە گەشبینەکانی گۆرینگ.

لە پاش نیوڕۆی ٣/١٠ گەیشتمە بارەگای فوورەر، لە ناوچەیەکی نێو ڕووسیا بوو. بانگ کرام بۆ چای خواردنەوەیەک لەگەڵ فوورەر، ئیتر دەرفەتم بوو کە بەتەنیا

(٣) م م م: مەبەستی ڕۆمل لێرەدا دیار نییە ئایا دەیەوێ بڵێ مۆسۆلینی دەیویست لاسای ئیمپراتۆرە ڕۆمییەکان بکاتەوە؟ یان ئایا دەڵێ مۆسۆلینی خەڵکی "پایتەخت" نەبووە و دەیویست وەک پیاوێکی شارستانی خۆ بنوێنێت؟.

لەگەڵی بم. دیاربوو کارەساتەکەی ستالینگراد کارێکی گەورەی لێ کردووە. گوتی زۆربەی پیاوان لە کاتی شکستدا سەیری لایەنە تاریکەکانی ڕووداوەکان دەکەن، بەڵام ڕەوتی ئەوها ڕەنگە کارەساتی گەورەترمان بێنێتە پێش. بۆچوونەکانی منی ڕەت دەکردەوە و هەمووی دەدایەوە پاڵ ڕەشبینی، زۆر تاکیدم کردەوە کە باشتر ئەوەیە لەشکری ئەفریقی بکێشرێنەوە بۆ ئیتاڵیا لەوێدا چەک و ئامێرەکانی نوێ بکرێنەوە تاکو باڵی باشووری ئەورووپا بپارێزن. من ئەگەرچی ئەو ڕەوشتەم نییە بەڵێنی گەورە بدەم، بەڵام ئەم جارە ئامادەبوونی خۆم دەربڕی کە ئەگەر لەشکرەکەم بۆ بێتەوە ئەورووپا گەرەنتی دەدەم کە هەموو هەڵمەتێکی هاوپەیمانەکان بۆ باشووری ئەورووپا ببەزێنم.. قسەکانم سوودیان نەبوو. گوتی با پشوویەک وەربگرم و خۆم بۆ هەڵمەتی کازابلانکا(٤) (پایتەختی مەغریب. م م م ) ئامادە بکەم. ئاگادار نەبوو کە بەرەی توونس ڕەنگە بەم زووانە هەرەس بێنێت. کە داواشم کرد بەهێڵێ چەند هەفتەیەکی تر فەرماندەیی لەشکری توونس بگێڕم، ڕەتی کردەوە، بەڵام ئەوەی باش بوو کە هێشتی پیادەکان بکشێنینەوە بۆ قابیس و هێڵی بەرگری لەوێ دروست بکرێت.

ڕۆژی دووەم گۆرینگ لە بارەگای فوورەر پەیدابوو و کۆمەڵێک قسەی ڕازاندەوە. دواتر فوورەر میداڵێکی بە من بەخشی، لکی زێڕین و شمشێرێک. بەڵام لەمە بەولا هیچ گۆڕانکارییەک نەبوو، لەشکرەکەم پێ ڕزگار نەکرا.

مەسەلەکانیش هەندەیان پێ نەچوو. ئەو ڕۆژە هیتلەر هێشتی کە هێڵی بەرگری بکشێتەوە بۆ قابیس، کەچی هەر زوو پلانەکانیان تێک دا. دیارە کێسەلرینگ پاش من خۆی گەیاندبووە لای هیتلەر و پلانەکەی پێ گۆڕیبوو کە هێڵی بەرگری وەکو جاران لە ماریس دامەزرێنن. بە فۆن ئارنیمی گوتبوو کە دەبایە من هێڵەکانی بەرگریی لە قابیسەوە تا ماریس ڕاکێشم. دیارە ئێستاش نەیدەزانی کە بەرەی ئەوها پان و بەرین بەو هێزە بچووکانە ڕاناگیرێت.

بارەگای هیتلەر ڕێنماییان بڵاو کردەوە کە گەڕانەوەی من بۆ ئەورووپا بەهیچ شێوە

(٤) ل هـ: ئەمە بەڵگەیەکی گرینگە دەیسەلمێنێ کە هیتلەر خەون و خەیاڵی نابەجێی هەبووە.



ئاشکرا نەکرێت. ناوبانگی من هێشتا سوودێکی بۆ مەیدانەکە هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ناپۆلیۆنیش لەوێ بایە هەر کەڵکی نەدەبوو.

ئیتر وەکو کە پێشبینی دەکرا، مۆنتگمری فەیلەقی Xی نارد بەپشت چیای مەتماتەدا سووڕانەوە و بەسەر پاشەری هێڵەکەی بەرگریی ماریسیان دادا و، هاوکات، ئەمەریکییەکان بە تیپێکی زرێپۆش لە قەفسەوە هاتبوونە پێش. ئەفسەرەکانی مە ئاڵوگۆڕێکی زۆریان تووش ببوو و بە زیرەکایەتیی خۆیان کۆمەڵێک هەنگاوی ڕاستیان نا. دڵم بەوە خۆش بوو کە بایەرلاین لە فەرماندەییدا بوو لەگەڵ جەنەراڵ مێسسی.. تۆپخانەی ئیتاڵی، کە ئەڵمانیشیان لەگەڵدایە، لە ئەکاریت بەجێ مان. پیاوەکانی ئێمە توانییان لەشکرەکە بگەڕێننەوە بۆ وادی ئەکاریت(٥)، بەڵام مۆنتگمری دەرفەتی نەدابوو و یەکسەر کەلێنیان بەنێو هێڵەکانی بەرگریدا کردبۆوە، ئیتر شەڕە سەنگەر کەڵکی نەما و پیادە ئیتاڵییەکان هەرەسیان هێنا.

لە بەرەی باکوور تیپی ١٠ی پانزەر بە زیانێکی زۆر توانییان هێرشێکی ئەمەریکی ڕابگرن. هەستان لەگەڵ فەیلەقی یەکەمی ئیتاڵی کشانەوە بۆ هێڵی ئنفیداڤیل، ئایزنهاوەر(٦) بەهەموو هێزێکەوە نەیتوانیبوو بەرەی نێوان ئیتاڵی و ئەڵمانەکان لەت بکات و زیانێکی گەورەی بەرکەوتبوو.. ئێستا تەنیا هێڵەکەی ئنفیداڤیل مابۆوە. هەموو دەیانزانی کە کۆتایی لەشکر نزیک بۆتەوە، تاکە لایەنێکی کە بێ ئاگا بووبێت فەرماندە بەرزەکان بوون.

من لە خەستەخانەوە داوای کشانەوەی لەشکرم کرد بۆ ئەورووپا، بەبێ سوود. ئینجا داوام کرد فەرماندە گرینگەکانی وەک گاوس و بایەرلاین و بوولافیۆس دەرباز بکرێن. دواتر فۆن ئارنیم، بە فێڵی کۆنفرانسێک، جەنەراڵ گاوسی ڕزگار کرد.

(٥) م م م: ڕۆمل و ئەورووپاییی بەگشتی هەندە بایەخ بە تەرجەمەی وشەکان نادەن. وشەی وەکو وادی، سەهارا (سەحرا، بیابان) هەروەها قەسر جەبەل، هتد چۆنیان بیستووە ئەوهای دەڵێنەوە. لیدڵ هارت ئاماژەیەکی کرد کە ناوچەی ئەکاریت هەمان ناوچەی قابیس دەگرێتەوە.

(٦) جەنەڕاڵ ئایزنهاور لە شوبات کرابوو بە فەرماندەی مەیدانی بۆ لەشکرەکانی هەموو باکووری ئەفریقیا بەڵام لەژێر فەرمانی جەنەڕاڵ ئەلیگزاندەردا بوو وەکو چاودێرێکی گشتی بۆ جموجۆڵە سەربازییەکان.

بەیەرلاین نەخۆش کەوت و ئەویش گەڕایەوە بەڵام بوولاڤیۆس دەستبەسەر کرا.

شەڕی کۆتایی لە ٤/٦ لە مەجدەلباب رووی دا، ئەمەریکییەکان[٧] بۆ قەسابخانەی کۆتایی پێشڕەوییان کرد. بە ڕێژنە بارانێکی بێ چەشنی تۆپخانە و بۆمباردمانی فڕۆک کەلێنێکیان کردەوە و پاش ئەوەی تیپی ١٥ی پانزەریان ریشەکێش کرد کەلێنەکە بوو بە قەدبڕینێکی تەواو. نە چەک هەبوو نە جبەخانە و یەدەگ، ئیتر لەشەکر دەست بەسەر کرا.

هەواڵەکە ورە ڕووخان و پەژارەییەکی گشتی بەسەر بارەگای فوورەردا سەپاند کە بە دەگمەن رووی دابوو، باوەڕیان نەدەکرد. ئەمە دەیسەلمێنێت کە چۆن هەندێک کەس بارەگاکەیان خستبووە ژێر پڕوپاگەندەی خۆیان تەنیا بۆ ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان. نرخەکەش بریتی بوو لە خوێنی ئەو جەنگاوەرانە. گۆرینگ هەر خەریکی تیپەکانی خۆی بوو دەیویست ناوبانگ پەیدا بکەن، وای دەزانی سەرکەوتن لە بەرەی ئەفریقیا مسۆگەرە. لە راستیدا هیچ شارەزاییەکی سەربازیی نەبوو.

کەس لاری لەوە ناکات کەوا گۆرینگ پیاوێکی بێ ئەندازە زیرەک و رێکخەر و کاریگەرە بەڵام لەخۆباییی و باوەڕێکی زێدە گەورەی بە پلان و بۆچوونەکانی خۆی هەیە. ئەگەر تینی کەسایەتی بکەینە پێوەر، گۆرینگ دەستی باڵایی لە کارەساتی ستالینگرادیش هەیە. بیستوومە هیتلەر رێی بە سەرلەشکری شەشەم دابوو لە ستالینگراد بکشێتەوە بەڵام گۆرینگ خۆی هەڵقورتاندووە گوتوویەتی: "جەنابی فوورەر ناکا ورەت رووخابێت! گوێ مەدەیێ، ئێمە بە ئاسماندا یەدەگ و شمەکیان بۆ دەبەین"

(٧) ل هـ: رەنگە رۆمل هەڵەیەکی کردبێت چونکە هەموو جارێک دەیگوت (ئەنگلۆ–ئەمەریکی)..
هێرشی کۆتایی لەلایەنی فەیلەقی XI بەریتانییەوە ئەنجام درا بە فەرماندەیی جەنەراڵ هۆرۆک. تیپەکانی پیادەی ٤ی هیندی و ٤ی بەریتانی رێیان بۆ تیپە زرێپۆشەکانی ٦ و ٧ ئاواڵەکرد کە بەرەو قووڵایی توونس پێشڕەوی بکەن. باڵچەرخییەکی زۆر گەورەش لەلایەن فەیلەقی دووەمی ئەمەریکییەوە ئەنجام درا. فەیلەقەکە لەژێر فەرماندەیی جەنەراڵ برادلی بوو لەم تیپانە پێک دەهات، تیپی ١ و ٩ و ٣٤ی پیادە و تیپی زرێپۆشی یەکەم. ئەو هێرشە بەباکووردا کرا و لە ٤٧ گەیشتە بیزەرتە، واتە لە هەمان کاتی کە لەشکری بەریتانی چووبووە نێو توونس.



خەمێکی زۆر گەورە بوو کە بیرم لە پیاوەکانم دەکردەوە کەوا لە ئۆردوگاکانی ئەنگلۆ–ئەمەریکی دەستبەسەر کراون. خەمی گەورەتر ئەوەبوو کە دەمدیت وا گلۆرمان بەرەو لێژی دەڕوات بەبێ ئەوەی رابەر و فەرماندە بەرزەکان ئاگایان لێ بێت. ئەو کاتەی هاوپەیمانەکان لەسەر خاکی ئیتاڵیا دابەزین مۆسۆلینی کۆتایی هات و خەونی نوێکردنەوەی ئیمپرتۆریەتی رۆمانی بە با چوو.

# بەشی چوارەم

## جەنگی ئیتاڵیا

## چاپتەر xx


### ئیتاڵیا ١٩٤٣

نووسینی مانفرێد رۆمل: لە ناوەندی ئازار بوو ساڵی ١٩٤٣ (واتە هێشتا شەڕەکەی توونس کۆتایی نەهاتبوو) برووسکەیەک لە بارەگای فوورەرەوە هات پێمانی راگەیاند کە باوکم دەگەڕێتەوە. لە دەرەوەی فرۆکخانەی ڤینەر نۆیشتاد وەستام، پاش دەمێک فرۆکێکی دوو پەروانە بە رەنگی زەرد و بۆر (بۆمبەری هاینکل) هەڵنیشت. دەرگاکە کرایەوە و باوکم بە پێژە ئەلەمنیۆمەکە بەکاوەخۆ دابەزی.

کە تۆقەمان کرد گوتی "فوورەر ناهێڵێ بچمەوە. فۆن ئارنیم بووەتە سەرلەشکر" پاش چەند رۆژێک لەگەڵ دایکم چوون بۆ هەوارگەی پزیشکی. من لە ڤینەر نۆیشتاد دەمخوێند و تەنیا لە کۆتایی هەفتەکاندا بە شەمەندەفەر سەردانم دەکردن.. چواردە ساڵان بووم، قسە و رووداوەکان بە باشی نایەنەوە بیرم، بەڵام هەستم بە هەندێک شت کرد کە تا ئێستا بە زیندوویی لە مێشکم چەسپاون.. هەرگیز لە یادم ناچێ کە بەمنی گوت "من شەرمەزار کراوم، باوەڕیش ناکەم بەم زووانە ئەرکێکی ئەوتۆم پێ بسپێرن" بەینی لەگەڵ بارەگای فوورەر زۆر خراپ بوو. لە رۆژنامە و رادیۆ بەولاوە هەواڵی بۆ نەدەهات. ئیتر هەر خەریکی نووسین بوو.

لە کاتی هێرشەکەی ماریس و ئەکاریت حاڵی نەمابوو. لەنێو نووسینگەکەیدا هەر دەهات و دەچوو، دەیزانی چ کارەساتێک بەرێوەیە و قسەی بە هەر هەموو فەرماندە بەرزەکان دەگوت تەنانەت زمانی لە هیتلەریش نەدەپاراست، من لەو کاتەدا لە رێکخراوی (لاوانی هیتلەر) بووم، جا ئەو قسانەم بە ئاسایی وەرنەدەگرت.. چەند رۆژێک پێش ئەوەی لەشکرەکە دەستبەسەر بکرێ لە بارەگای هیتلەرەوە تەلەفۆن بۆ باوکم کرا گوتیان دەبێ خۆی بۆ هیتلەر ریپۆرت بکات. لەو رۆژەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی باوکم دەستی پێکرد کە تێکەڵاویی و شارەزاییەکی باشی لەگەڵ بەرپرسەکانی سیاسی و سەربازی پەیدا بکات و لە کۆتاییدا کێشایەوە سەر






جودابوونەوەیەکی یەکجاری لەگەڵ نازییەکان.

لە ١٩٤٣/٤/١٠ تا ئەورۆژەی کە ئەرکی چاودێری پێ سپێردرا بۆ دیوارەکەی لێواری ئەتڵەسی، بەداخەوە هیچ تۆمارێکی بەجێ نەهێشتووە تەنیا نامەکانی خۆی نەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک ریپۆرتی تایبەت بەو هەموو کۆبوونەوانە. ئەم گەنجینەی کە ئێستا پێشکەشی دەکەم بریتییە لە تێکبەستنەوەیەکی هەموو سەرچاوەکان، لەوانە یادگارییەکانی خۆم و دایکم وێڕای دەستنووسەکانی خۆی لە ماوەی نێوان ٤/٩ تا ١٩٤٣/١٢/٦.

لە نیسانی ١٩٤٣ بارەکە گەیشتە رادەیەکی زۆر ترسناک. لەشکری شەشەم لە ستالینگراد بە ٣٢٠,٠٠٠سەربازەوە لەدەست درا، ٢٣٠,٠٠٠ کەسیان هەر لەوێ کوژران و ٩٠,٠٠٠یش دەستبەسەر کران. کارەساتێکی هەمەجۆریش چاوەڕێی ١٣٠,٠٠٠ لە ترووپەکانی توونسی دەکرد.. ئەمەبوو حاڵەکە کە لە نیورۆی ٤/١٠ باوکم لە فرۆکخانەی تێمپلهۆف دابەزی و یەکسەر بردیان بۆ لای هیتلەر. باوکم گێڕایەوە کە هیتلەر بێ باوەڕ و بێ هێز ببوو، بە باوکمی گوتبوو "دەبایە بەقسەت بکەم، بەڵام تازە چی، وابزانم توونس هەندەی نەماوە"

پاش چەند رۆژێک رادیۆکان سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانیان راگەیاند لە توونس. لەو کاتەدا باوکم خەفەتێکی زۆر گەورەی خوارد، بەڵام دواتر کە سەدان هەزار ئەڵمان دەبوونە قوربانی بۆ سیاسەتی هیتلەر باوکم دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کەوا پیاوەکانی لەشکرەکەی هەرنەبێ نەمردوون و هەرنەبێ لەبەر دەستی بەریتانی و ئەمەریکییەکان بوون نەک رووس.

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٤/١٥

ئێواری داوەتی زایتزلەر بووم... لە هەموو بۆچوونەکاندا رێک بووین.. دەڵێن کە فۆن ئارنیم گیراوە بەریتانییەکان رەفتارێکی باشیان لەگەڵدا کردووە. هیوادارم هەمان شت لەگەڵ بوولۆڤیۆس و شایدرەر و کۆلبێک و هەموو ئەو کورە ئازایانە کرابێت.

١٩٤٣/٤/١٨ ئەمڕۆ گاوس دەبینم. نازانی چەند پێی دەگەشێمەوە، هیچی تر بەرگەی تەنیایی ناگرم. دەڵێن کۆمەڵێک ئەفسەری خۆمان دێنەوە و هەموو پێکەوە دەبین... لەم بەینەدا تەنیایی و هەواڵە تاڵەکانی توونس شوێندەستیان لەسەر تەندروستیم دانا. بەڵام دەی، ئەویش دەڕوات.

١٩٤٣/٤/٢٤ دوێنێ لەگەڵ گاوس گەیشتنە ئێرە(١). لەمەودوا دەستبەکار دەبینەوە. باوەڕێکی تەواوم هەیە کە بارەکەمان پێ هەڵدەستێ.

کە باوکم دەڵێ "بارەکەمان پێ هەڵدەستێ" مەبەستی ئەوە نییە کە لە جەنگ سەردەکەون بەڵکو بیریان لەوە دەکردەوە چۆن بگەنە ئاشتییەکی سەربەرزانە.

باوکم وتووێژی لەگەڵ هیتلەر کردبوو ئەوجار لە راستیی بۆچوونەکانی "رابەری جەنگەکە" گەیشت دەربارەی پاشەڕۆژی گەلی ئەڵمان. لە ١٩٤٣ دوو وتووێژی سەرەکی لەگەڵ هیتلەر کرد کە لەبیر نەدەچوو، بۆ دایکم و منی گێڕانەوە.

یەکەمیان لەو کاتە رووی دا کە مۆسۆلینی لە ئیتاڵیا هەرەسی دەهێنا. باوکم بە دەرفەتی زانی کە راستیی تێگەیشتنی خۆی پێ بڵێ دەربارەی ئامانجی کۆتایی جەنگ، باسی ئەوەی بۆ هیتلەر کرد کە پێوەندییە نهێنییەکانی سوپا بۆ هاوپەیمانەکان ئاشکرا دەبن و لە هەموو هەیڤێکدا ٣٠ غەواسە نوقم دەکرێن، بەرەکانی جەنگی رووسیا و ئیتاڵیا باش نەبوون... هتد، ئینجا گوتی "ئەم حاڵە نابێ ئەوها بڕوات. گومانم نییە کە ئەڵمانیا بەرهەمی جەنگی زیاد دەکات و بەسەر زۆر تەگەرەدا زاڵ دەبێت بەڵام ئایا ئەوسا دەتوانین لەگەڵ ئەو هەموو وڵاتانە ئاشت

(١) ل هـ: ناوی شوێنەکە لەبەر نهێنییەکانی هەواڵگری باس ناکات بەڵام باوەڕ وایە کە لە بارەگای هیتلەر بووە لە رایشتنبورگ لە پرووسیای خۆرهەڵات.



ببینەوە؟".. هیتلەر چاوی نزم کردبوو گوێی رادەگرت لەناکاو چاوی بڵند کردەوە و گوتی "بەڵێ دەزانم، تازە خۆرئاواییەکان لەگەڵم ئاشت نابنەوە و ئەوانەی ئامادەی ئاشتین دەسەڵاتیان نییە. خۆ من مەبەستی سەرەکیم لەشەڕدا وڵاتانی خۆرئاوا نەبوو بەڵام تازە کە وای لێ هات، ئیتر تا کۆتایی لەگەڵی دەڕۆین"

دایکم دەڵێ لەو رۆژەوە باوکم هەستی کرد هیتلەر دەیزانی کە جەنگەکەی دۆڕاوە بەڵام چەندە رەخنەی لێ دەگیرا هەندەی تر دەستی بە کورسییەکەیەوە دەگرت. هەزاران ئەڵمان دەکوژران و پۆلە فڕۆکی دوژمنان دەستیان پێکردبوو زەبر لە خودی ئەڵمانیا بوەشێنن کەچی ئەو رۆژ بەڕۆژ کیفی ڕک و دەردی دەروونی لە خۆی وەردەپێچا. لایەنە دڕندەکانی نێو دەروونی دەهاتنەوە دەرێ کەوا لە سالانی سەرکەوتندا بەباشی دیار نەکەوتبوون بەڵام بەهۆی شکستەکان بە ماوەیەکی کورت هەڵکولان.

جاری دووەم ئێوارەیەک بوو لە کۆتایی تەمووزی ١٩٤٣ کە دیسان هیتلەر قسەیەکی ترسناکی دەربڕی، گوتبووی "ئەگەر گەلی ئەڵمان لەم جەنگە سەرنەکەون کەواتە با بڕزن ( Rot بۆگەن بن) کە پیاوە باشەکان لەنێو چوون و کە جەنگیان دۆڕاند، دەبا شەڕی ماڵ بە ماڵ بکەن و با هیچی لەسەر هیچی نەمێنێت. گەلی مەزن ناچارە دەبێ بە پاڵەوانەتیی کۆتایی بێت، رێی دیکەی نییە".. باوکم لەمەڕ ئەم قسەی هیتلەردا گوتبووی "جار هەیە هەست دەکەم لەسەرە خۆی نەماوە". باوکم لەسەر شێواز و رەوشتی سەربازی ئەورووپی فێری پاندییەکی تەواو ببوو بۆ فەرمان و رێساکانی سوپا. هەڵوێستە چەسپاوەکەی لەم نامەیەدا دیار دەبێت.

ئەزیزەکەم مانفرێد: ١٩٤٣/١٢/٢٥

...لە هەفتەکانی ئایندەدا تۆ دەبی بە سەربازێکی یەدەگی لوفتواف... پێویستە فێری پابەندبوونێکی تەواو ببی و بەگوێرەی فەرمان رەفتار بکەی زۆر جار فەرمانێکت پێ دەدەن کە لەسەر دڵت گرانە یان بە شتێکی چەوتی دەزانی. بەڵام دەبێ جێبەجێی بکەی بەبێ پرسینەوە. سەردەستە ئەو کاتەی کە نییە هەموو شتێک بۆ بەردەستەکان رۆن بکاتەوە.

کەچی باوکم بەرە بەرە هاتە سەر باوەڕێک کە پابەندی سنوورێکی هەیە. فەرمانەکان لە کەسێکی وەکو هیتلەر دەردەچوون کە دەیویست هەموو گەلی ئەڵمان لەگەڵ خۆی بەرەو کارەسات ببات. لەلایەکی دیکەوە ٨٠ ملیۆن ئەڵمان لە هیچەوە خۆیان تووشی جەنگێکی شێتانە نەکردبوو بۆ ئەوەی ماڵی خۆیان کاول بکەن و بمرن. بەڵکو جەنگەکە لەپێناو ماڵ و ژیانی خۆیاندا بوو. جا لە هەیڤەکانی کۆتایی ١٩٤٣ باوکم هەستی کرد کە کاتی بڕیار لێی نزیک دەبێتەوە.

زۆر جار ئەم پرسیارە لەمن کراوە ئایا کەی باوکم گەیشتە بڕیارێک بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا بۆ رزگارکردنی ئەڵمانیا. من لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ ئەم قسەنەم لێ بیست وەکو باسی دەکەم.

ئەوسا پروپاگەندە لەنێو گەنجی ئەڵماندا دەکرا کە بچن بۆ هێزەکانی SS نەک بۆ سوپای ئەڵمانی. دروشمی رەنگاوڕەنگ لە هەموو کۆڵانێک هەڵدەواسران، هەروەها SS لەچاو سوپا، چەک و ئامێر و پۆشاکێکی باشتریان هەبوو. منیش پرسێکم بە باوکم کرد کە بچمە ریزی SS. باوکم گوتی "ئەمە جێی پرسیار نییە. دەچی بۆ ئەو سوپایەی کە من ٣٠ ساڵە خزمەتی دەکەم" باوکم لە قساندا هەمیشە رێگەی پرسیار و دەربڕینی دەدا، ئیتر دەستم پێکرد قسەی خۆم بسەلمێنم، بەڵام ئەو جارە هیچ رێی قسەکردنی نەدا و یەکسەر بڕاندییەوە. گوتی "دەزانم SS چۆنن و بای چەندن".

باوکم زانیاریی هەبوو کە SS کوشتنی بەکۆمەڵیان ئەنجام داوە. پرسیم "مەبەستت لە هیملەرە؟" گوتی "ئا، بەڵام قسەکە لە زارت دەرنەچێت" باوەڕی وابوو هیملەر رێی ئاشتبوونەوەی ئەڵمان و گەلانی دیکە بەیەکجاری دەبڕێت.. باوەڕی نەدەکرد کە هیتلەر لە پرۆژەکانی بەکۆمەڵکوژیی ئاگادارە تا سەرەتا ١٩٤٤ کە گومانی نەما. رەنگبوو ئەگەر ئەمەی نەزانیبایە پشتی کودەتایەکی ئەوهای نەدەگرت بۆ بڕاندنەوەی جەنگ، چونکە پێشتر رای لە هیتلەر هەبوو کەچی لەوساوە دەستی پێکرد تاوانەکانی هیتلەر رەچاو بکات.

هەرچۆنێک بێت، پێش ئەو قۆناغە، لە ١٩٤٣ هەندێک پێشهاتی گرینگ لە ئیتاڵیا روویان دا. لە ١٩٤٣/٤/٩هاوپەیمانەکان لە دوورگەی سقلیە دابەزین. ٣٠٠,٠٠٠ چەکداری ئیتاڵیی لێ بوو کەچی بەرگرییان نەکرد و ئەرکەکە کەوتە سەر شانی دوو



تیپی ئەڵمانی و دواتر دوو تیپی تر هاتن بوونە چوار تیپ.. لەم بەینەدا کێشەی دەسەڵات لەنێوان سوپا لوفتواف رووی دا. نامەکانی باوکم ئەمانە دیار دەخەن.

١٩٤٣/٧/١٥ لە کۆنفرانس بووم لەگەڵ فوورەر. جەنەراڵ هووبە Hube کرا بە سەرلەشکر.

١٩٤٣/٧/١٦ گۆرینگ دەیەوێ جەنەراڵ شتایل لەباتی جەنەراڵ هووبە دابنێ. جەراڵ هووبەم رازی کرد کە بایەرلاین جێی بگرێتەوە، فوورەریش پەسندی کرد.

١٩٤٣/٧/١٨ بیستوومە هیتلەر ئامۆژگاری کراوە فەرماندەیی بەرەی ئیتاڵیا بە من نەسپێرێ. باوەڕم وایە ئەمە دەستی لوفتوافی تێدایە.

خۆی پێش ماوەیەک (پێش هەڵمەتی هاوپەیمانان بۆ سقلّیە) تەرمی سەربازێکی بەریتانی[٢] لە دەریا دۆزرابۆوە نەخشە و پلانی پێ بوو گوایە هاوپەیمانەکان لە یۆنان دادەبەزن. ئەوسا هیتلەر بڕیاری دابوو کە باوکم سەرپەرشتیی هەموو لەشکرەکانی ئەڵمان و ئیتاڵی بکات لە بەرەی خۆرهەڵاتی باشوور. کەچی کە گەیشتە وێ پاش ٢٤ کاتژمێر داوا کرایەوە بۆ لای هیتلەر چونکە کودەتایەک لە ئیتاڵیا رووی دابوو، مۆسۆلینیش دەستبەسەر ببوو.

١٩٤٣/٧/٢٥ کاتژمێر ١١ گەیشتمە سالۆنیکا، هەوایەکی زۆر خۆشی هەیە. کاتژمێر ١٧ کۆنفراسم لەگەڵ جەنراڵ لۆیێر کرد. دەڵێ یەدەگمان کەمە. کاتژمێر ٢١,٣٠ هەواڵ هات کە دووچی گیراوە. دەبێ بگەڕێمەوە بۆ بارەگای فوورەر.

وەک لێرەدا دیارە کودەتایەکەی ئیتاڵیا لەپڕ رووی دا. باوکم فەرمان درا کە لە چیاکانی ئەلپ دامەزرێت. سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمی بیر هاتەوە.

١٩٤٣/٧/٢٦ نیوڕۆ گەیشتمەوە راشتنبورگ یەکسەر بۆ لای فوورەر. هەموو رابەرەکانی سوپا و حیزب لەوێ بوون، ئەدمیراڵ دۆینیتز، وەزیری

(٢) ل. ه: ئەمە فێڵێکی بەریتانی بوو تاکو ئەڵمانەکان بشێوێنن. ناردنی رۆمل بۆ یۆنان بەڵگەیە کە هیتلەر هەڵخەڵەتاوە تەنانەت کە هاوپەیمانەکان لە سقلّیە دابەزین هیتلەر وای دەزانی ئەوە فێڵە و هێرشە سەرەکییەکە بۆ یۆنان دەکرێت.

دەرەوە فـۆن راینتـرۆپ، رایخـفـوورەر SS هیـملەر، دۆكـتـۆر گـۆبلز هتـد... كلووگ ریپـۆرتی بەرەی خـۆرهەلاتـی دەدا، قـەدبرینەكـەی ئۆرێل هێـشـتـا خاوێن نەكراوەتەوە. لەلایەكی دیكەوە ئەمـەریكییەكان خۆرئاوای سقلیەیان گرتووە.. نازانین چۆن مۆسـۆلینی رما، ئێستا مـارشـال بادۆگلیۆ بەناوی پاشـاوە حوكم دەكـات. ئیـتـالیا لە جـەنگ دەكشـێنەوە و هەرچۆنێك بێت رەنگە بەریتانییەكان لە باكووری ئیتالیا (جـەنەوا) دابەزن... دەسگاكـانی فـاشـیـسـتـەكـان پەلامـار دراون بەلام هـیـچ شـتـێك دژی هێـزەكـانی مـە نەكراوە... ئێواری گۆدەریانم دیت.

١٩٤٣/٧/٢٨... كۆنگرەی فـاشیست رابەرایەتی مۆسـۆلینی رەت كردۆتەوە. ١٨ دەنگ دژی وەسـتـان، ٨ دەنگ لەگـەلی بـوون و ٢ دەنگیش بـێ لایەن وەسـتـان. دەلێن لە ئیـتـالیـا (راوە فـاشـیـست) لەسـایەی بادۆگلیـۆدا بەرێوە دەچێت.

رۆژی دوای ئەمـە كۆنفرانسێك لەسـەر سنووری ئیـتـالی لەنێوان باوكم و هۆفـەر و جـەنەرال فۆیەرشـتـاین بەسـترا. جـەنەرال فـۆیەرشـتـاین پیـاوێكی چوارشـانەی سـمێل رەشـە و شـاخوانێكی یـەكەم پلەیە. گفتوگۆكان ئەوە دیار دەخـەن كە باوكم و سـوپای ئەلمـانی بەگشـتی هێشـتا نەیاندەزانی چ روو دەدات. لەوە دەترسـان كە ئیتالییەكان لەگـەل بەریتـانیـا رێك بكەون. باوكـیـشـم نەیدەویست لەخـۆڕا سنووری ئیـتـالی ببەزێنێت.

لە رۆژەكانی ئایندەدا باوكم، پاش گوشار و گفتوگۆ، لەشكری بردە نێو ئیتالیا و دەروازەكـانی سنـوور كـۆنتـرۆل كـران. گرژییـەك پەیدابوو بەلام دواتر وای لێ هات سـەربازی ئیتـالی و ئەلمـان پێكەوە تۆپانێـیان دەكرد و بـارەكە خـامۆش بۆوە. ئیـتر پرسیاری سەرەكی ئەوەبوو "ئیتالییەكان پشتی كام لا دەگرن؟"

ئەزیزم لوو: ١٩٤٣/٨/٦

وا لەشكرەكەم بە ئیتالیادا دەڕوات... باوەڕ ناكەم مۆسـۆلینی بگەڕێتەوە. حیزبەكەی زۆر گەندەل بوو... وا باشـترە بۆ ئێمە كە ئەورووپا یەك"گەورە پیاو" ی هەبێت.



٨/٨ تاقمێك شوێنهەلگری SS نێردران بۆ لاسپیزیا بەلام خەلكەكە رێیان لێ بەستن. نایانەوێ ئەلمان دەست بەسەر بەندەرەكاندا بگرن.

٨/٩ ئیـتـالییـەكان جـێی باوەڕ نین هەرجـارە قسـەیەك و هەلوێسـتـێكی جـودایان هەیە.. برێند نامـەی بۆ من نـاردووە دەلێ خـەریكە هامبـۆرگ و بەرلین چۆل دەكـات. بۆمبـاردمـانەكـەی هامبـۆرگ زۆر قـورس بووە. ئەمـە نابێ شلمان بكات.

٨/١١ نیورۆ لەگـەل هیـتلەر كۆبوومـەوە. گـۆرینگ، دۆینیـتز، شـتـوودێنت، هیـملەر هەمـوو لەوێ بوون.. رووس لە خـۆرهەلاتی خـاركـۆڤ پێشڕەوییـان كـردووە. شـەرێكی قـورسـیش لە نزیك لینینگراد دەكرێت.. سـەبارەت بە ئیـتـالیـا من و هیـتلەر قـسـەمـان یەكـە كە دەیانـەوێ خـۆیان لە جـەنگەكـە بدزنەوە. لە كۆنگرەی چێرچل- رووزڤلت بەشدار بوونە (كۆنگرەی كویبك لە كـەنەدا) و بەلێنی باشـیـان وەرگـرتووە. فـوورەر نیـازی هـەیە پشـتـی فاشیستەكانی ئیتالیا بگرێت... رەخنەیەكی توندی لـە كێسلرینگ گرت كە ئەوهـا باوەڕ بـە حـوكـمـەتە نوێكەی ئیـتـالیـا دەكـات.. لە مـیـانی كـۆنفـرانسـەكـەشـدا هیـتلەر خـەریكی نەخـشـە و وێنەكـانی ئـاسـمـانی ڤێنتۆتینی بوو.(١)

بۆ سـاغكردنـەوەی هەلوێسـتـەكان، ٨/١٥ لە بـوولۆنیـا [باكـووری ئیـتـالیا] باوكم و یوودێل لەگەل جەنەرال رواتا، سەردەستەی سـتافی سوپای ئیتالی، كۆبوونەوە. باوكم وریا كـرابۆوە كـە رەنگە ئیـتـالییـەكان ژەهری بۆ تێكەن یان بیـرفێنن. بـاوكم هەندێك كـۆمـاندۆی لەگـەل خـۆ برد بـالاخـانەكـەیان كـۆنتـرۆل كـرد.. بەگـوێرەی ریپـۆرتی كۆبوونەوەكە دیارە دەمـەقالی لەنێوان یوودێل و رواتا رووی داوە لەسـەر كشاندنەوەی هێزەكانی ئیتـالی لە فەرەنسا. رواتا دەیگوت ئەمە بۆ ئەوە بووە كە بەرگری لە ئیتالیا

(٣) ل هـ: مۆسـۆلینی لە ١٩٤٣/٧/٢٥ دەستبەسـەر كرا و هیـتلەر دەیویست بیرفێنێ. چەند رۆژێك لە ڤێنتۆتینی مایەوە لە نزیك ناپۆلی و دواتر لە باكووری ساردینیا بەند كرا و ئەمجارە لە چیای ئـەبرووزی دانـرا. دواتر لـە ١٩٤٣/٩/٨ هیـــتلـەر هێـــزێكی بچـــووكی بۆ نارد بـە دوو فـــرۆك مۆسـۆلینییان رفاند و یەكسەر بۆ لای هیتلەریان بردەوە.

بکەین چونکە لەنێوان ٦٢ تیپی ئیتاڵی تەنیا ٢٤یان لەنێو خاکی وڵاتەکە ماون و تەنیا ١١ دانە کەڵکی جموجۆڵیان هەیە.. ئینجا لێیان پرسی بۆچی هێزی ئیتاڵی بەرەو باکوور دەجووڵێن؟. گوتی ئەمە یەک تیپ بوو لە رووسیا گەڕایەوە بۆ بنکەکانی خۆی لە چیاکانی ئەلپ.

رواتا ئەوەی دەربڕی کە کۆماندۆ سوپێرمۆ ئەم تۆمەت و پرۆپاگاندە قەبووڵ ناکات. پاراستنی خاکی ئیتاڵیا دەبێ لە دەست خەڵکی ئیتاڵدا بێت و، با ئەڵمان تەنیا ئاسمانەکەیان بۆ بپارێزن. کە یوودێل ویستی باسی شۆڕشەکەی ئیتاڵیا بکات رواتا یەکسەر قسەی پێ بڕی و گوتی "هیچ شۆڕشێک رووی نەداوە، باسی شۆڕش مەکەن. گۆڕانکارییەکی حوکمەت ئەنجام دراوە و بەس".

خۆی لە ٨/١٥ ئیتاڵییەکان یەکەم هەنگاویان نا بەرەو ئاگربەست و ئاشتی. چێرچڵ و رووزڤێڵت برووسکەیان بۆ ستالین نارد کەوا جەنەراڵ کاستیلانۆ سەردانی باڵوێزی بەریتانی کردووە لە ڤاتیکان و بۆی نووسیوە کە ئیتاڵیا ئامادەیە چەک دابنێت.

باوکم دەیدیت کە پلانەکانی هیتلەری بۆ پاشەڕۆژی ئەڵمانیا رۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەگۆڕان. کەچی لە سەرەتادا کە باوکم وا دەدیت کە حیزبی نازی روو لە چارەسازییەکی سەرتاسەری دەکات بۆ کێشەکانی ئەورووپا. بۆنموونە کە فەرەنسایان بەزاند، لە بۆچوونی کۆمیتەی ئاگربەستدا دیار بوو کە لە رێککەوتنەکەدا تۆماریان کرد، ئەمەیان تۆمار کرد "فەرەنسا پاش بەرگرییەکی مەردانە بەبێ مەرج چەک دادەنێت بەڵام ئەڵمانیا بەهیچ شێوە سووکایەتی بەم هەڵوێستەی فەرەنسا ناکات" هەروەها باوکم چەند جارێک پێشنیازی کرد کە فەرەنسا بکەن بە هاوپەیمانی ئەڵمانیا و، کۆلۆنییەکانی ئەفریقیی سەر بەفەرەنسا دەسکاری نەکرێن. فەرەنسا لە ١٩٤١–١٩٤٢ ئامادەبوو بۆ هاوپەیمانێتییەکی ئەوها، هەروەها هیتلەر نرخی ئەو جۆرە هاوپەیمانەتییەی دەزانی و پێی باش بوو، بەڵام لەبەر ئیسپانیا و ئیتاڵیا، کە هەردووک چاویان بڕیبووە کۆلۆنییەکانی فەرەنسی لە ئەفریقیا، هیتلەر پێشنیازەکەی رەت کردەوە.

پێش مردنی باوکم بەماوەیەکی کورت، پیاسەیەکمان کرد لەوێدا بیر و



بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی پاشەڕۆژ بۆ من باس کرد. ئەگەر بتوانم دەقی قسەکانیم بڵێمەوە بکەمەوە، وابزانم گوتی: گرفتی گەلانی ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ناپۆلیۆن کە نەیتوانی بەردەوامی بە یەکبوونیان بدات، ئەو یەکبوونەی کە لەسایەی هەڵمەتە سەربازییەکانیدا هاتە دی. ئەگەر سەرکەوتبایە ئێستا گەلانی ئەورووپا کۆمەڵێک جەنگیان لەکۆڵ دەبۆوە وەکو جەنگەکانی ١٨٦٦، ١٨٧١، ١٩١٤ بەدبەختیی ئەڵمانیاش لەوەدابوو کە لەو جەنگانەدا نەمانتوانی یەکیەتییەکی ئەورووپایی دابین بکەین. ئەوسا دەبایە تێکڕای جیهان مامڵەت لەگەڵ ٣٠٠ ملیۆن ئەورووپایی بکەن لەباتی ٨٠ ملیۆن ئەڵمان. هەروەها بەرژەوەندی ئەڵمانیا نەدەبوو بە رێگری بەرژەوەندی گەلانی دیکە. باوکم گوتی ساڵی ١٩٤٣ ئەم قسانەی بە هیتلەر گوتوون بەڵام هیتلەر وەرامێکی پێچەوانەی داوەتەوە. واش بزانم وەرامەکەی لە رۆژانەی خۆیدا تۆمار کردووە:

١٩٤٣/٩/٤ نیازی هەیە کە بەم زووانە من بۆ لای پاشای ئیتاڵیا بنێرێت... پێشنیازەکانی من دەربارەی شێوازی بەرگری لە ئیتاڵیا پەسند کرد و گوتی شێوازەکانی یوودێل لەگەڵ جەنگی هاوچەرخ ناگونجێن.. فوورەر باوەڕی بە یەکیەتیی ئەورووپایی نییە، دەڵێ هێشتا کاتی نەهاتووە... جەنگ لە خۆرهەڵاتدا زۆر خراپە. رووس بەرەیەکی گەورەیان راماڵیوە. نابێ پەلاماری بەریتانییەکان بدەین لە کالابریا، باشتر ئەوەیە چۆڵی بکەین.

لەو هەفتەدا بەریتانی کالابرایەوە تا رووباری سانگرۆ هاتنە پێش و لە ٩٤ لەشکری لە لێوارەکانی سالێرنۆ دابەزین. رۆژانەکانی باوکم دەربارەی ئەو سەردەمە لە هات و باتی پاش جەنگ ون بوون بەڵام هەموو زانیمان کە ئیتاڵیا لەدەست چووە. کتێبەکەی جەنەراڵ وێستفال باشتر باسی ئەو بەینە دەکات کە دەڵێ لە ٩/٨ لە کۆنفرانسێک بوو لەگەڵ جەنەراڵ رواتا لە بارەگادا لە مۆنتێ رۆنتۆندۆ دەڵێ:

لەنێو کۆنفرانسەکەدا برووسکەیەکی ئەڵمانی لە رۆماوە بۆمان هات رایگەیاند کەوا مەرجەکانی تەسلیمبوونی ئیتاڵیا لە رادیۆ بڵاو کراونەوە. بەڵام رواتا گوتی ئەمە فێڵی هاوپەیمانەکانە.. لە گەڕانەوەدا خەڵکی رۆما زەماوەندێکی شێتانەیان دەگێڕا، بەمە زانیمان کە ئیتاڵیا لەدەستمان دەرچووە. سبەینێش رواتا نامەیەکی نارد،

بەشەرەف سوێندی دەخوارد کە لە کاتی کۆبوونەوەکەدا ئاگای لە هیچ نەبووە.

ئینجا نامەی باوکم لەم بارەوە هەستی دیار دەخات:

١٩٤٣/٩/٩دیارە خیانەتی ئیتاڵییەکان بووەتە راستی و چۆنیان تێدەگەیشتین ئەوها دەرچوون. ئیشەکان لێرە بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆن.

٩/١٠ حەزمان نەدەکرد ئەوهای لێ بێت. لەشکری ئیتاڵی لە باشوور شانبەشانی هاوپەیمانەکان دەجەنگن و لە باکوور چەک کراون و ئێستا چوونەتە نێو بەندیخانەکانی ئێمە. بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە کە سوپایەک بەم ئەنجامە بگات.

هەندەی نەبرد باوکم تووشی ریخەڵۆکەکوێرە بوو. دواتر کە ڤێرماخ لەشکرە ئیتاڵییەکانی چەک کرد، هیتلەر ویستی باوکم بکاتە سەرلەشکری هێزەکانی ئیتاڵیا و کێسەلرینگ بنێرێت بۆ نەرویج. پرس و ڕای لەگەڵ باوکم کردبوو کە ئایا هەڵمەتێک بۆ باشووری ئیتاڵیا بکەن یان چۆن؟ باوکم بە باشی نەزانیبوو، گوتبووی هاوپەیمانەکان لە ناوەندی ئیتاڵیا لەشکرەکانی مە دەخافڵێنن ئینجا هێزی مارینز (پیادەی دەریایی) لە چۆمی پۆ (باکووری ئیتاڵیا) دادەبەزێنن.. پێشنیازی باوکم ئەوە بوو کە واز لە ناوەند و باشووری ئیتاڵیا بێنن، هێڵی بەرگری لە ریزە چیای ئاپەنینی دامەزرێنن لە باشووری رووباری پۆ. ئەوسا ناچار نابن لێوارێکی ئیتاڵیی دوور و درێژ بپارێزن. کەچی کێسلرینگ دەیویست تا ناوەندی ئیتاڵیا کۆنترۆڵ بکەن هەر وەکو کتێبەکەی وێستفال باسی دەکا دەڵێ: رۆمل ئەگەرچی دانی بەوە نا کە هێڵەکانی باشووری رۆما بە هێزێکی کەمتر دەپارێزرێن، بەڵام مەترسیی دەکرێ کە دوژمن بە باکووردا بێت و لەشکر داببڕێن... هیتلەر بۆ ماوەیەکی درێژ دوودڵ بوو تا ناوەندی تشرینی دووەم کە بڕیاری دا رۆمل بکاتە فەرماندەی گشتی لە ئیتاڵیا. کەچی هێشتا بڕیارەکە بەشێوەیەکی فەرمی دەرنەچووبوو بە تەلەفۆن قسەی گۆڕی و لە ١٩٤٣/١١/٢١فەرماندەیی لەشکرەکانی ئیتاڵیای بە کێسەلرینگ سپارد.

دواترین نامەی باوکم لە ئیتاڵیاوە باسی ئەم ئاڵوگۆڕەی تێدایە.

١٩٤٣/١١/٢٦ ئەزیزم لوو:

توومەز بڕیارەکە ئەسڵەن مۆر نەکرابوو. زانیاریم لەم بارەوە زۆرە بەڵام



گوێ نادەمێ. ئێستا، کێسلرینگ لێرە دەمێنێت و من هەر ئیشێکی دیکەم بۆ هەڵکەوێ بەبێ ئاوڕدانەوە ملی لێ دەنێم... بەرەی خۆرهەڵات زۆر خراپە، دێنپەری گەورەمان لەدەست چووە و رەنگە ناچار بین واز لە کریمیا (نیمچە دوورگەی قیرەم) بێنین.. مارشاڵ گرازیانی سەرێکی لە من دا. پیاوێکی بەرچاوە، بە ئیتاڵییەکانی دیکە ناچێت بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە. لەراستیدا ئێستا تەنانەت پۆلیسی ئیتاڵیش هیچ دەسەڵاتێکیان نەماوە، پێویستە یارمەتییان بدەین.. هەروەها باڵوێزی ژاپۆن هاتە سەردانم. دیارە ئەو خەڵکانە رێزێکی تایبەت لە من دەگرن.

لە پیاسەیەکدا بۆ دەریای ئەدریاتیک، دوێنێ سەرێکم لە دەوڵەتە بچووکەکەی سان مارینۆ دا، دەوڵەتێکی بێ لایەنە... کە خەریکی گەڕانەوە بووم وەزیرێکیان بە پیرمەوە هات لەلایەن میرەکەوە ناردرابوو. ئیتر گەڕاینەوە نێو قەڵاتەکە. دەیانویست رایخی ئەڵمانی رێز لە بێ لایەنی دەوڵەتە بچووکەکەیان بگرێت.. با بزانین چۆن دەبێت. سان مارینۆ ١٦٠٠ ساڵ دەبێ تێکەڵ بە هیچ جەنگێک نەبووە. ناپۆلیۆن ویستبووی گەورەتری بکات، بەندەرێک و هەندێک چەکیان بداتێ، بەڵام میرەکەیان رەتی کردبۆوە. حەز دەکەن ئەوها وەکو خۆیان بچووک بن. هەروەها هیچ بێگانەیەک ناتوانێ شناسنامەی سان مارینۆ وەربگرێت.

لە ١٩٤٣/١١/٢١باوکم سواری فڕۆکێک بوو ئیتاڵیای بە یەکجاری بەجێ هێشت دووبارە بەرەو لێواری ئەتڵەسی لە نۆرماندی، ئەو هەرێمەی کە باوکم لە ١٩٤٠ ناوبانگی تێدا دەرکرد سەرکەوتنە مەزنەکانی باوکمی بەخۆوە دیت، هەمان هەرێم شکستی کۆتایی باوکمی بەخۆوە دیت.

# بەشی پێنجەم

نۆرماندی

# چاپتەر XXI

## هەڵمەتی نۆرماندی

به قەڵەمی جەنەراڵ فیتز بایەرلاین

یەکەم دیدارم لەگەڵ فیلد مارشاڵ رۆمل پاش جەنگی ئەفریقیا له تەمووزی ١٩٤٣ بوو له بارەگاکەی فوورەر له پرووسیای خۆرهەڵات.. پێشتر هەر یەک به جودا بەشداریمان له کۆنفراسەکانی فوورەر کردبوو.. تازه هێرشەکەمان بۆ بیلگۆرۆد–کۆریسک نشوستی هێنابوو (دوا هێرشێکی ئەڵمانی بوو له بەرەی رووسیا) که تانکه نوێکانی مه له بەردەم دیوارێک تۆپی دژەتانکی رووسیدا وێران کران.

پاش کۆنفرانسەکه پێکەوه له نووسینگەکەی رۆمل دانیشتین. رۆمل خۆی لەگەڵ پێشهاتەکان گونجاندبوو و بۆچوونی تازەی دەدۆزییەوه. جا بەهۆی که من تاکه شایەدێکی ئەو سەردەمەی ژیانی رۆملم، دەتوانم ئەم دەقانەی قسەکانی تۆمار بکەم گوتی:


"بایەرلاین، گومان نییه که ئیتر پێشدەستی[1] لەدەست ئێمەدا نەما. دەبێ سەرتاسەری رێبازمان بگۆڕین و ئەوپەڕی سوود له جەنگی بەرگری وەربگرین. له زەمینیدا تۆپەکانی دژەتانک باشترین بەرگری دابین دەکەن بەرانبەر شاڵاوی تانک. له ئاسماندا دەبێ لەبیره خۆمان ببەینەوه که فڕۆکی بۆمبەر دروست بکەین چونکه تازه ئومێد نەما که ئێمه دوژمن بۆمباردمان بکەین، بەڵکو فڕۆکی شەرکەر و بەس بۆ ئەوەی بۆمبەرەکانی دوژمن بکەوێنن. ئێستا هەنده رەشبین نیم وەکو که له ئەفریقیا بووم واش هەر ئومێدم به سەرکەوتن زۆر کەم بۆتەوه"

پرسیم ئایا لەمەو پاش چ جۆرێکی بەرگری پێڕەو بکەین؟. گوتی "لەبەرەی

(١) م م م : Initiative المبادأة،







خۆرهەڵاتدا دەبێ بەزووترین کات بکشێینەوه تا نێو وڵاتی خۆمان. له خۆرئاواشدا دەبێ رێ نەدەین هاوپەیمانەکان پێ لەسەر خاکی ئەورووپا دانێن. ئەگەر دابەزینی هاوپەیمانەکان له یەکەم دەستەوه بەزێندرا ئەوسا ئیشمان باش دەبێت.. بەرهەمی چەک بەش دەکات، فوورەر بەمنی گوت که له رەنگه له له ١٩٤٤ دا بتوانین هەموو هەیڤێک ٧٠٠٠ فڕۆک و ٢٠٠٠ تانک دروست بکەین.. ئێمه ئەگەر بتوانین دوو ساڵ ئەمەریکا و بەریتانیا ڕابگرین، لەم دوو ساڵەدا ورده ورده خوێن له رووس دەڕوێنین و قورسایی له بەرەی خۆرهەڵات پەیدا دەکەینەوه. ئەوسا ناچار دەبن که به ئاشتییەکی گونجاو رازی بن"

رۆمل دەستی پێکرد باسی تاکتیکی بەرگریی بکات. وەک بەبیرم بێتەوه گوتی:

"لەبیرته بایەرلاین که دیواری دژەتانکه بەریتانییەکانمان پەلامار دەدا چ چەکێک و چ جۆره سەربازێکی شارەزای پێ دەویست؟. ئێستا هەڵسەنگاندنی باشم بۆ بەرەی رووسیا کردووه. رووس وشک و کەللەڕەقن، هەرگیز شێوازێکی نەوژەن دروست ناکەن وەکو که سەربازی بەریتانی بۆی چوون و پێڕەویان کرد. هێرشی رووس بریتییه له قەرەپەستە کردنی چەک و پیاو. ئەگەر هەر تیپێک ٥٠ دژەتانکی ٧٥ ملیمی بدرێتێ ئینجا ١٠٠ ئەوجار ٢٠٠، لەگەڵ مینستانی باش، رووس

بەرپەرچ دەدرێنەوە. دژەتانکەکان پێویست ناکا زۆر ئاڵۆز بن، تەنیا ئەوەیە کە قەڵغانی تانکە رووسییەکان ببڕن و بکرێ پیادە بەکاریان بێنن ئیتر ئەوەندەیان بەسە.


ئێمە لە ژمارەی تانک هەرگیز بە دوژمن راناگەینەوە بەڵام دەتوانین ١٠ تۆپی دژەتانک بەرانبەر هەر تانکێکیان دروست بکەین. گریمان هێرشێکیان کرد ئێمەش هێڵێکی بەرگریی شەش میلیمان دامەزراندبوو. ئەگەر رۆژێ ٣ میل ببڕن ئێمە دەتوانین رۆژێ شەش میلی تر دیواری دژە تانک دروست بکەین. زیانی وان لە تانک دەبێت کەچی زیانی ئێمە لە تۆپ. پیادەمان لە سەنگەردا دەبن کەچی پیادەی وان لە دەشت. لە کشانەوەدا دەتوانین وڵاغی رووسەکان بەکار بێنین خۆیان ئێستا ئەوها دەکەن و دەبێ سوود لە شێوازەکانیان وەربگرین.. ئەمە مسۆگەرە بەڵام مەترسیی گەورە لە خۆرئاواوە دێت. بەس ئەگەر بتوانین ئەمەریکی و بەریتانی پاڵدەینەوە بۆ نێو دەریا ئەوسا بەساڵ هەنگاوێک نا نێینەوە..."

رۆمل باوەڕی بەوە نەمابوو کە ئێمە بە شەڕی مۆبایڵ سەر دەکەوین چونکە کارگە ئەڵمانییەکان لە چاو دوژمن توانا یان نەبوو ئەو هەموو تانک و ڤێکڵە دابین بکەن. رۆمل پاش ئەوەی گەشتێکی لەسەر لێواری ئەتڵەسی ئەنجام دا ئەم راستییانەی لە ریپۆرتێک دارِشت لە ١٩٤٣/١٢/٣١ پێشکەشی کرد بە هیتلەر.. سەیرە کە ئاماژە و پێشبینییەکانی رۆمل لە ریپۆرتەکەدا دواتر زۆربەیان هاتنە دی. دەڵێ:

"دوژمن قورسایی هێرشیان دەخەنە سەر ناوچەی لەشکری پێنجەم (لێواری کالێ) چونکە زۆربەی هێرشی ئاسمانی و مووشەکەکانی ئێمە بۆ لەندەن لەوێڕا دەهاوێشترێن. هەروەها مەبەستیان دەبێت کە بەندەرێک بۆ خۆیان دابین بکەن.. کاتی هێرشەکە دیار نییە بەڵام رەنگە پێشدەستی بکەن کە نەهێڵن ئێمە هەڵمەتی خۆمان دژی لەندەن دەست پێ بکەین.. لەسەرەتادا تۆپباران و بۆمباردمانی زۆر قورس دەکەن ئینجا بە تاریکی یان لە کاتی تەم و مژ یان لەسایەی دیوارێک دووکەڵ دادەبەزن.

هێزە قورسەکان دەبێ لە دوای هێڵەکانی سەر دەریا بڵاو بکەینەوە تاکو





فریای دژە هێرشێک بکەوین. ئەگەر هێزە مۆبایلەکان دووربن لە دەریا، لەکاتی دژەهێرش دەکەونە بەر پەلاماری هەمیشەیی فڕۆکەکانی دوژمن و بە زیانێکی گەورەوە ئینجا دەگەنە مەیدانی شەڕ.. ئێستا ژمارەی دژەتانک و دژەفڕۆک و دۆشکە (چەکی دەستڕێژ هاوێژ بەگشتی) کە لەسەر لێواری دەریا بڵاو کراونەوە زۆر لە راددەی پێویست کەمترن. ئێمە نابێ دەرفەت بدەین پێ لەسەر زەوی دابنێن.

بۆ ئێستا پێویستە دوو تیپی زرێپۆش لەنێوان رووباری سۆم و ناوچەی بۆلۆنیا ئامادە بکرێن. (بۆلۆنیا ناوچەیەکی فەرەنسییە لە باکوری فەرەنسا م. م. م.) هەر کاتێک زانیمان لەکوێ دادەبەزن، دەبێ یەکسەر دژەهێرش بکەن چونکە شەڕەکە بەشێوازی وردە هێز و تاقمی گەڕۆک سەر ناگرێت بەڵکو دەبێ پارچە لەشکری گەورە بەهەموو قورساییەکەوە بەشدار بن و. دەبێ لوفتواف فڕۆکی شەڕکەر بۆ ئاسمانی بەرەکە دابین بکەن.

وەک دەبینین، ئەو رێبازانەی کە باسیان دەکات لێزانینێکی تەواوی رۆمل دیار دەخەن لەچۆنەتی دۆزینەوەی تەکنیکی نوێ و شێوازی جودا بۆ هەر جۆرە شەڕێک. رۆمل خۆی بە رێبازی ئۆرتۆدۆکس (لاساکەرەوە، نەگۆڕ– م م) نەدەبەستەوە.. هەروەها بەهۆی کەمی تۆپخانەی دژەتانک ریپۆرتێکی تێروتەسەلی نووسی بۆ بارەگای فوورەر دەربارەی گرینگی مینڕێژ کردنی هێڵەکانی بەرگری، لەوێدا باسی ئەزموونەکانی ئێمەی کرد لە شەڕەکانی

بیاباندا. ئەمەی خوارێ بەشێکی ریپۆرتەکە دیار دەخەن.

مینستانەکان: رۆمل داوای ٢٠٠ ملیۆن مینی جۆراوجۆری کرد کە بەدرێژایی لێواری ئەتڵەسی و بە قووڵی ٨٠٠٠ یارد بڵاو بکرێنەوە. بەڵام رۆمل ئەو ماوەی نەبوو هێڵەکان بەگوێرەی بۆچوونی خۆی پتەو بکات. ئەگەر هیتلەر لە هاوینی ١٩٤٣وە رۆملی لەسەر لێواری ئەتڵەسی دانابایە دوور نەبوو هەڵمەتە مەزنەکەی هاوپەیمانەکان شکست بێنێت. ئیتر تا نیسانی ١٩٤٤ تەنیا ٤١٩٣١٦٧ مین نێژران و زۆربەی بە گوشاری رۆمل ئەنجام دران.


تێگەیشتە و پێشبینی رۆمل بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵمەتی هاوپەیمانەکان ئەوە بوو کە مینستان و شانەی بەرگری بەدرێژایی دەریا بڵاو بکرێنەوە. دوژمن لەو مینستانانەدا دەچەقی نەدەگەیشتە تیپە مۆبایڵەکان. ئەوساش سەنگەر و شانەکانی بەرگری بەهاوکاری تیپە مۆبایڵەکان بۆ دوژمن دەبوون بە (زۆنی مەرگ) چونکە دەبایە بەگژ جۆرەها مەترسی و تەگەرەدا بچنەوە تا دەگەیشتنە سنووری تیپە مۆبایڵەکان و دەشتی ئاواڵە.

دیوارە کۆنکریتییەکان: سەبارەت بەوە، رۆمل ئەمەی تۆمار کردووە "لە کانوونی دووەمی ١٩٤٤ کارێکی گەورەمان دەست پێکرد بەدرێژایی لێواری دەریا و تا بەهار تەگەرە کۆنکریتییەکان لە شوێنە سەرەکییەکاندا نزیک تەواوبوون کەوتنەوە" تەگەرەکان بوونە گرفتێکی گەورە بۆ هەڵمەتەکەی دوژمن و لە دوا کاتدا ناچار بوون زۆربەی پلانەکانیان بگۆڕن. رۆژانەی لەشکری هەفتەمی بەشی B ئەم راستییە دیار دەخات کە نووسیویانە "تا ١٣ نیسانی ١٩٤٤، ژمارەی تەگەرەی کۆنکریتی لەسەر لێواری دەریا گەیشتە٥١٧٠٠٠ کە ٣١,٠٠٠ لەمانە مینرێژ کرابوون"

تەگەرە دژی پەڕەشووت: رۆمل لێرەشدا بۆچوونی خۆی رۆن کردۆتەوە دەڵێ:

"دوژمن بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی لەسەر خاکی ئەورووپا بکاتەوە رەنگە پەنا بۆ هەموو رێیەک ببات. ئەوانە تروپی هەوابار (Airborne)، محمولة






جواً) ی زۆر گەورە و بەتوانایان هەیە دەتوانن تا رادەی یەک تیپی سەرلەبەر بە پەڕەشووت لە هەر کات و شوێنێک دابەزێنن.. ئێمە تا لێواری دەریا لەدەست خۆماندا بێت هەوابارەکان تینێکی ئەوتۆیان نابێت. مەرج ئەوەیە ناوچە دەشتاییەکان دەستنیشان بکەین و بەجۆرێک تێکیان بدەین کە کەڵکی نیشتنی فڕۆکیان تێدا نەمێنێت. لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە

تروپپەکانی سەر زەمین بە زووترین کات لێیان بێنە دەست"

بەداخەوە نووسینەکانی رۆمل سەبارەت بەم ماوەیە نەماون. نامە تایبەتییەکانی خۆی بۆ ژن و کورەکەی تاکە شتێکی ئەو سەردەمەن، لەمانە دەتوانین هەندێک نموونە دیار بخەین:

خۆشەویستم لوو: ١٩٤٣/١٢/١٥

دوێنێ گەیشتمە جێ (فۆنتانلۆ)...

١٩٤٣/١٢/٢٥... کە مانفرێد لە ١٦ دەروا بۆ خۆی خۆشە بەلام بۆ تۆ دەبێتە خەمێکی تر. کرسمس لە هەردووکتان پیرۆز بێت...

١٩٤٤/١/٢٦دیسان کێشە لەگەڵ بیرۆکراتەکان پەیدا بۆوە و خەڵکێکی کەللەرەق هاتنەوە پێشم کە لەخۆڕا دژایەتی هەمـوو جۆرێک نەوژەنی دەکەن. تا یەکێک لەکۆڵ دەکەمەوە یەکی تر قیت دەبێتەوە.

١٩٤٤/١/٢٩... لە سێ رۆژی رابردوودا ٨٦٠ تانکی رووسیـمان وێران کردووە، جا دەبێ بچن بۆ خۆیان تانکی تر پەیدا بکەن.

ئەزیزم مانفرێد: ١٩٤٤/١/٣٠

... کوڕی (تاقانە) کە بۆ یەکەم جار ماڵ بەجێ دەهێڵێ هەندێک ناخۆشیی تێدایە بەتایبەتی بۆ دایک... کە گەڕایەوە ریپۆرتێکی تەواو بۆ من و دایکت ساز بکە... باوکت.

٣/٢١... ستالین داواکاریی زۆر گەورە لە هاوپەیمانەکان دەکات وەکو، دابینکردنی فلیتێکی گەورە، سێ بەندەر بە کەلوپولەوە لە تۆرینۆ و لە فەڵەستین و لە باکووری ئەفریقیا، فلیتێکیش لە نەفتی عەرەبستان. داواشی کردووە رۆژێک دیار بکەن بۆ هەڵمەتی ئەورووپا.

١٩٤٤/٤/٢٧... ئەمرۆ گودەریان دێت. هەندێک ئاڵۆزی لەگەڵ فۆن شڤیپنبورگ رووی دا و ناچار بووم خۆمی لێ توند بکەم. کێشەکە بە فەرمانی سەرەوە بە لای بۆچوونی مندا کۆتایی هات.

جەنەراڵ فۆن شڤیپنبورگ بەرپرسی مەشقدانی تیپە پانزەرەکانی نێو فەرەنسا بوو



ویستی تێکڕای پانزەرەکان بخرێنە ژێر فەرماندەیی خۆی لە دەوروبەری پاریس دامەزرێن. بیانگەکەی ئەوەبوو کە هاوپەیمانەکان تروپی هەوابار بە پەرەشووت لە لادێکانی پاریس دادەبەزێنن. هەروەها سەبارەت بە هێرشی دەریا-زەمینی، باوەڕی وابوو کە دەرفەتیان بدەین دابەزن ئینجا بە دژەهێرش وێرانیان بکەن.

کەس لەگەڵ پێشنیازەکەی یەکەمی فۆن شڤیپنبورگ نەبوو. بەڵام سەبارەت بە پێشنیازی دووەم، ژمارەیەکە زۆر لە فەرماندە بەرزەکان پیشتیان گرت چونکە زۆربەیان لە شەڕی رووسیا راهاتبوون، ئەوان نازانن فڕۆکی ئەنگلۆ-ئەمەریکی لە شەڕدا چ کارێک دەکەن. خۆی بە شێوەیەکی گشتی ئەو کۆنە جەنگاوەرانەی بەرەی رووسیا بەچاوی نزمەوە سەیری هێزەکانی ئەنگلۆ ئەمەریکییان دەکرد(٢).

رۆمل گرینگیی ناوچەی پاریسی دەزانی و خۆی داوای ٦ -٧ تیپی پانزەر و ٥-٦ تیپی مەکینەداری کرد بۆ دەوروبووری پاریس. خاڵی براوەی رۆمل لە شەڕەکانی ئەفریقیا ئەوەبوو کە پابەندی رێبازە کۆنەکانی جەنگ نەدەبوو. کەسیش هەندی رۆمل شارەزای شەڕی مۆبایل نەبوو بەتایبەتیش فۆن شڤیپنبورگ.. من لە لارۆش گوایۆن (بارەگای رۆمل لەوێ بوو) لەم بارەوە گفتوگۆم لەگەڵ رۆمل کرد. لە باخچەکەدا پیاسەمان کرد و دەربارەی ئەو دوو بۆچوونە جودایەی فەرماندەکانی بەرەی خۆرهەلات و ئەفریقیا رۆمل ئەم قسانەی کرد کە بە خێرایی باسیان دەکەم.

"برادەرانی بەرەی رووسیا وا دەزانن ئێرەش وەکو بەرەی رووسیا دەبێتە

(٢) ل.هـ: دواتر کە تیپە زرێپۆشەکانی گایر فۆن شڤیپنبورگ بە هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانەکان یەک لەدوا یەک وێران کران. لە تەمووزی ١٩٤٤ لەسەر کار لادرا، ئینجا ئەم نامەی بۆ رۆمل نووسێ:

(ئەزیزم فیلد مارشاڵ. لەم کاتەدا کە دەستم لە فەرماندەیی لەشکر دەکێشمەوە، حەز دەکەم دوا وتەیەک تۆمار بکەم. شەڕەکانی دوایی گەورەترین کاریان لە دەروونم کردووە و من هەرگیز بەرەوڕووی هێزی ئەوها نەبوومەتەوە.. سپاست دەکەم بۆ ئەو باوەڕەی کە لە شەڕدا بە منت سپارد، رەوشتی سەربازپەروەرانەی تۆ نموونەی هەرە بەرزە.. ئێستا کەوا ژیانی من لە بواری سەربازیدا بەرەو کۆتایی چوو، رێگەم پێ بدەی ئەی جەنابی فیلد مارشاڵ پێت بڵێم. من دڵسۆزی جەنابتانم..

گایر فۆن شڤیپنبورگ ١٩٤٤/٧/٦)

پاڵەپەستۆی هێزی گەورە. لێرە بەرەورووی دوژمنێک دەبینەوە کە زانیارییەکی هەواڵگریی زۆرباش لە خەڵکی ناوچەکە وەردەگرێت و توانا تەکنیکییەکانی خۆی بەم پێیە بەکار دێنێت. ئەوان چەک و پیاوی خۆیان بەفیڕۆ نادەن، پلانێک دەگێڕن کە بەوردی لێی قووڵ بوونەتەوە. هێرش و خۆهەڵکوتان ئەو کارە ناکەن، لێرە زانیاری و هەواڵگری ڕۆڵ دەگێڕن ئەمەش یارییەکە وەکو لە ئەفریقیا دیتمان چۆن هەواڵگرییەکی زیرەکیان هەبوو"

من بەرەی خۆرهەڵاتم دیتبوو ئیتر نەمتوانی هیچ بڵێم چونکە قسەکانی ڕاست بوون. ڕۆمل بەردەوام بوو:

"باوەڕ ناکەی چ عەقڵێکیان هەیە. ئێمە لە سەرەتای جەنگدا توانای شەڕی مۆبایلمان هەبوو و خۆم پێش هەموو کەسێک پێڕەوم کرد، ئەوان لەکاتی خۆیدا لە دژی وەستان. کەچی ئەمڕۆ ئەو باڵادەستییەمان نەماوە و دەبێ شەڕە سەنگەر پێڕەو بکەین، بەڵام ئەوان تازە بە تازە خۆیان بۆ شەڕی مۆبایل شێت کردووە.. گومان نییە کە ئەگەر دوژمن پێیان لەسەر خاکی ئەورووپا چەقاند ئەوسا تانک و دژەتانکێکی بێ ژمار دادەمەزرێنن و ڕێگامان دەدەن کە هەمان هەڵەی توونس دووبارە بکەینەوە کاتی شەڕەکەی مەدەنین کە تانکەکانی خۆمان بەگژ دیوارێک چەکی دژەتانکدا برد و زۆربەیان وێران کران. ئێستا ئەگەر بتەوێ هێڵی دژەتانک ببڕی دەبێ زۆر لەسەرەخۆ و بە تۆپبارانێکی باش نەرمیان بکەی ئەوجار. بەڵام، سپاس بۆ هێزی ئاسمانی دوژمن، هەرگیز ئەو دەرفەتەمان نابێت. ئێستا شەڕەتانکی (لێدە و قەدبڕی بکە و بەنێوکەوە) سەردەمی بەسەر چووە. تەنانەت لە بەرەکانی خۆرهەڵاتیش ئەو ڕێبازە سەر ناگرێت، نازانم ئایا هەستیان بەخۆ کردووە یان نا؟"

ڕۆمل زۆر خەریک بوو قسەی خۆی بسەلمێنێت. کە هیتلەر پێشنیازەکانی ڕۆملی پەسند کرد بۆ دروستکردنی هێڵی بەرگری، لەبەر ئەوە نەبوو کە باوەڕی بە بۆچوونەکانی ڕۆمل کردووە بەڵکو خۆی هەمیشە باوەڕی بە سەنگەرکاری و بەرگری



هەبووە. دەنا لەنێوان قسەی ڕۆمل و قسەی فۆن شڤیپنبورگ تا درەنگ بەدوودڵی مایەوە. زۆربەی فەرماندەکانی دیکە لایەنگری فۆن شڤیپنبورگ بوون چونکە باوەڕیان نەدەکرد هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانەکان هەندە بەتوانا بێت.. لە ١٩٤٤/٣/٢٠ هیتلەر بەیاننامەیەکی بەسەر هەرسێک هێزەکانی زەمینی و ئاسمانی و دەریاییدا بڵاو کردەوە بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی بەرەی خۆرئاوا باس کرد لەمیانی قسەکانیدا ئەمانەی گوت:

بەیاننامەی بارەگای فوورەر

"... گومان نییە کە دابەزینێکی ئەنگلۆ ئەمەریکی روو دەدات بەڵام کەی و چۆن؟ ئێمە زانیاریمان نییە... فەرماندە ناوچەییەکان دەسەڵاتێکی تەواویان دەبێت ناوچە و شارەکانی بەر دەستیان وەک قەڵات لێ بکەن و پیاوەکانیان مەشق بدەن... دابەزینیان لەسەر خاکی ئەورووپا نابێ بەهیچ شێوە لە چەند کاژمێرێک، ئەوپەڕی چەند ڕۆژێک، زیاتر دەرفەتی پێ بدرێت... زەبرەکە ورەیان دەهەژێنێت... رووزڤێلت لە هەڵبژاردنی ئایندەدا دەرناچێت و رەنگە خۆی لە بەندیخانەیەکی ئەمەریکا بدۆزێتەوە. هەمان شت لە بەریتانیا روو دەدات، جەنگ ماندوویان دەکات و چێرچڵ بەهۆی تەمەن و نەخۆشییەوە ناتوانێ بەردەوام بێت..."

وەک دەبینین ئەم کورتە نموونانە دیاری دەخەن کە جۆرێک بێ ئاگایی و بێ دەسەڵاتی بەسەر بارەگای هیتلەردا سەپابوو. لە راستیدا هیتلەر لەنێوان دوو ڕێبازی بەرگریدا سەری لێ شێوابوو. یەکیان ڕێبازی ڕۆمل، ئەوەی دیکە مارشاڵ ڕوندشتێد و جەنەراڵ گایر فۆن شڤیپنبورگ بانگەشەیان بۆ دەکرد.

*ل. هـ: لە ١٩٤٤/٣/٢١ ڕۆمل توانی بە هیتلەر بسەلمێنێت کە هێزە مۆبایلەکان لە نزیک لێواری دەریا دابنرێن. کەچی پاش ٢٤ کاتژمێر هیتلەر قسەی گۆڕی. ڕۆمل لەم بارەوە گوتبووی "کێ ئاخیر کەس بچێتە لای، هیتلەر قسەی وی پەسند دەکات"*

ڕۆمل خەمی لەوە دەخوارد گوتی "بەپێچەوانەی بڕیارە کۆتاییەکانی کۆنفرانسەکەی ٣/٢١ هێزە مۆبایلەکانیان لەژێر دەستی من دانەنا. هەر تیپە لە

ناوچەیەک بڵاو کراونەوە. فۆن شـڤیپنبـورگ باوەڕی وایە دوژمن لە نزیک پاریس بە پەڕەشـووت دادەبەزن. خۆ ئەگـەر بە پەڕەشووت دابەزن لەپشت هێڵـەکانی بـەرگری دادەبەزن نەک لە نزیک پاریس. پاشان هێرشی هەوابار بە کەمترین ئەرک و کەمترین زیان بەرپەرچ دەدرێتـەوە، پێویست بەو هەمـوو تیپـە زرێپۆشـانـە ناکات. من بە رەقی وەرامی فۆن شڤیپنبورگم داوەتەوە، ئەگەر لە شەڕدا شارەزایی هەبایە هەمان قسەی منی دەکرد.. پاشەڕۆژی گەلی ئەڵمان پابەندی یەکەم هێرشی هاوپەیمانەکان بووە. ئەگەر لەشکرەکانی مە فریا نەکەون لەسەر دەریا بەرپەرچیان بدەنەوە ئیتر تەواو"

دیسـان رۆمل بۆی نەچووە سـەر. لە هەیڤی مـایسـدا داوای کـرد بای یەک لـەشکر چەکی دژەفـڕۆک لە هـەرێمی نۆرمـاندی بڵاو بکرێنـەوە و داوای کـرد تیـپـی ١٢ی پانزەری SS لە نیمچە دوورگەی کارەنتان دامەزرێن و تیپی پانزەری لێر لە ئارڤانشێ دامـەزرێن. هەروەها داوای لـە نێڤی کرد مینی دەریایی لـە دامـەن رووباری سێن بڵاو بکەنەوە (نێڤی خـەریک ببوون لێواری بیسکایان مینڕێژ دەکرد ل. هـ) بەڵام هیچ لەم داواکارییانە پەسند نەکران.


مارشاڵ روندشتێد لە بارەگای رۆمل – نۆرماندی – بەهاری 1944




## هەڵمەتە مەزنەکەی نۆرماندی(٣)

لە شـەوی ١٩٤٤/٦/٥ مـانگ لـەبەر هـەوری ئەسـتـوور دیار نـەبوو. سـەرباز لە سەنگەرەکانی سەر دەریا کاتێکی ئاساییان بەسەر برد.

بۆمبـاردمـان شـتـێکی ئـاسـایی بوو بەڵام لەو شـەوەدا جودا بوو. کـە تاریک داهات گـرمـەی تەقـینـەوەکـان بەرە بەرە زیاد بوون تـا لە هـەمـوو لێوارەکـە دەنگیـان دایەوە. زەوییـەکانی پاش سـەنگەرەکانی بە خەستی بۆمبـاردمـان کران ئینجا کاتژمێر ١ی شەو پەڕەشووت دابەزین و سەدان گلیدەر (کۆللارە– فڕۆکی بێ پەروانە) بەرەو رووی لێوارەکە هاتن. تەلبەندەکانی کە رۆمل چەقاندبوونی دژی پەڕەشووت کاریان نەکرد، چونکە نە بە وایەر تێک بەسـترابوون و نـە مـینڕێژ کـرابوون. زیانێکی گـەورەیان بە گلیدەرەکان گەیاند بەڵام پیاوەکان بە ساغی نیشتن.

ئەفسـەرە ئەڵمانەکان خێرا گەیشتنە سەر خاڵەکانی خۆیان و هەواڵ لە هەموو لایەکەوە دەنێردرا . شـەڕێکی یەکجار خوێناوی ئایسا چونکە پەڕەشووتەکان یەکسەر بۆ پشتی دەریا هێڵەکانی سەردەریا هێرشیان کرد تاکو لێوارەکان خاوێن بکەنەوە.




(٣) م م م: ناوی ئەم هەڵمەتە بە هەڵمەتی رۆژی D رۆیشتوە (D Day).

راداری ئەڵمانی لە دامەنی رووباری سین چەند رۆژێک پێشتر بە پەلاماری فرۆک پەکیان خرابوو، هەروەها فرۆکە ئەڵمانییەکان لەبەر هەور و با چاودێریی کەناڵی ئینگلیزییان نەکردبوو، ئیتر کەس نەیدەزانی یەک (ئەرمادا) لە هێزی هاوپەیمانەکان لە دامەنی رووباری سین نزیک بوونەتەوە تا کاتژمێر ٣٠،٥ کە گڵپەی تۆپە قورسەکانی پاپۆڕەکانی دەستیان بە تۆپباران کرد. ٦ پاپۆڕی جەنگی Warshipو ٢٣ پاپۆڕی نەفەربەر Cruiser و ١٠٤ وێرانکەر Destroyer لێوارەکەی کوتا، فرۆکی بۆمباردەرەیش لە ئاسماندا وەستانیان نەبوو، پۆل بە پۆل رێژنە تۆپیان وەکو رایخ دەباراند.

لەژێر پەردەی ئەم تۆپبارانەدا، تروپەکانی ئەمەریکی و بەریتانی بە نەفەربەری ئاوی دابەزین و دەستیان پێکرد هێڵەکانی بەرگری راماڵن. سەربازە ئەڵمانەکان تا دوا هەناسە شەڕیان کرد. یان کوژران و یان ئەوەتا فیشەکیان بڕا، تەنانەت لە چەند خاڵێکدا هاوپەیمانەکانیان راگرت.. پیادەی ئەنگلۆ ئەمەریکی پێشکەوتن تا لەگەڵ پەڕەشووتەکان لێکیان دایەوە و بە سەنگەر و شانەکانی بەرگریدا هاتن. ئەوجار تانک و زرێپۆشی دەریا–زەوی گەیشتنە جێ، ئیتر ئەوسا هێرشێکی زەمینیی ئاسایی پێڕەو کرا.

لە سەرەتادا، لە چەند تانکێکی بچووک و چەند تۆپێکی دژەتانک نەبێت هیچ بەرگرییەک نەمابوو. تروپە تایبەتییەکانی کە بۆ دژەهێرش تەرخان کردبوون، ئەگەرچی زوو بەگەڕ هاتن بەڵام کاروانە درێژەکانیان لە رێدا بۆمباردمان دەکران. فەرماندەی ئەو هێزانە وەک بڵێی شەڕیان لەگەڵ شالاوێک دەکرد کەس نەیدەزانی کەی ئاو دەیبات. جا کە پاش نیوەڕۆ داهات، هەموو کەس تێگەیشت کەوا دابەزینی هاوپەیمانەکان لەسەر خاکی ئەورووپا سەرکەوتوو بووە.

تیپی ٢١ی پانزەر بە فەرماندەیی جەنەراڵ فۆیشتینگەر ١٥٠ تانک و ٦٠ دژەتانک و ٣٠٠ ڤێکڵی زرێپۆشیان هەبوو، تاکە تیپێکی زرێپۆش بوو لە ناوچەی کاین Caen، ئەوان لە بەیانییەوە بەرەنگاری پەڕەشووتەکان بوون لە خۆرهەڵاتی رووباری ئۆرن کەچی فەرمان لە لەشکری هەفتەمەوە هات کە رووی هێرشەکە بگوێزنەوە بۆ خۆرئاوای ئۆرن. فۆیشتینگەر دەمێک خەریک بوو تا رازی کردن کە هێرشی خۆی



بکات. کاتێکی زۆر گرینگیان بەفیڕۆ دا و دواتر تەنیا ٣٠٪ تیپەکە دژەهێرشی پێ کرا. دژەهێرشەکە تا دەریا چوو. ئینجا فەرماندە بەریتانییەکەی ئەو ناوە پەڕەشووتی دیکەی لە پشت تانکەکان دابەزاند و ناچاری کردن بکشێنەوە.

لە ئێوارەی ٦/٦بەریتانی سەرە پردێکیان ساز کردبوو بە پانایی ٢٠ میل و بە قووڵی ٦ میل. لە باڵی چەپیشدا دوو سەرەپردی ئەمەریکی پێک هێنرابوون. ئەڵمان لە حاڵێکی باش نەبوون، دوژمنیان گەمارۆ دا و چاوەڕێیان دەکرد هێزە مۆبایلەکان بگەنە جێ. بەڵام کەس نەهات و جبەخانەش لە بڕان بوو، هەستێکی نائومێدی باڵی بەسەریاندا کشاند، دەیانپرسی، کوان، چییان لێ هات؟

رۆمل دوو رۆژ زووتر پشووی وەرگرتبوو بۆ سەردانێکی ماڵێ. جەنەراڵ شپیدل، سەردەستەی ستافی رۆمل، داوای کردەوە. مارشاڵ فۆن روندشتێد تیپە پانزەرەکانی لێر و SS ی دەنگ دا (ئەگەر بە قسەی رۆملیان کردبایە ئێستا بە شەڕەکە راگەیشتبوون) بەڵام فەرماندەیی سوپا گومانیان هەبوو کە ئەوە هێرشێکی درۆیە و هێرشە راستەکە بەم زووانە لە شوێنێکی دیکە روو دەدات. کاتی هەرە گرینگەکە بەسەرچوو و تائێوارەی ٦/٦ ئینجا چەند بەشێکیان نارد. دواتر لە ٦/١٠ رۆمل دەربارەی رۆژی D ئەمەی نووسی:

١– مەبەستی دوژمن ئاشکرا بوو کە دەیانەوێ بنکەیەکی گەورە دابین بکەن بۆ هێرشی دووەم و سێیەم کە رەنگە بۆ لای پاریس بچێت.

٢– هەوڵی ئەوەیان دەدا نیمچە دوورگەی کۆتێنتان دابڕن تاکو بەزووترین کات شێربورگ ببێتە بنکە و بەندەری سەرەکی بۆ دابەزینی هێزە قورسەکان.

بەرگریی پیاوەکانی مە یەکجار چیڕ بوو. دوژمن ناچار بوو هێزێکی زۆر گەورەتر بەکار بێنێت و پێشکەوتنی هەڵمەتەکە زۆر هێواشتر رۆیی... کۆنترۆڵکردنی ئاسمانەکە نەیهێشت فەیلەقی ١ی SS و فەیلەقی تۆپەکانی دژەفڕک و لیوای ٧ی زرێپۆش بگەنە مەیدان. لەنێوان ئۆرن و ڤیر دامەزران تەنیا بەرگرییان دەکرد... پیادەکانی مە خەریک بوون شوێنی هێزە مۆبایلەکان بگرنەوە تاکو ئەوان هەندێک بکشێنەوە دوا و خۆیان بۆ جموجۆڵی دیکە ئامادە بکەن.

بەڵام جـووڵەمـان زۆر قـورس و سـەخت ببـوو، لە ٦/٩ جـادە سـەرەکـیـیـەکـان و ڕێگاکانی لادێ بەهۆی بۆمباردمان جووڵەیان لێ برا. فڕۆکی دوژمن تەنانەت ترووپی بچووک و سەنگەری تۆپیان ڕاو دەکرد، تانکێک جووڵابایەوە یەکسەر پەلامار دەدرا. تێکڕای بارەگاکان و بنکەکانی فەرماندەیی یەکە سەربازییەکان زۆربەی کات پەناگیر بوون (فڕۆکی هاوپەیمانەکان ڕۆژێ ٢٧٠٠٠ پەلاماری ئاسمانییان ئەنجام دەدا).. خەریک بووین قورسایی هێزەکان لە شێربورگ بگوازینەوە بۆ کارەنتان–مۆنتبورگ، ئەگەر هیچ دژەهێرشێک کرابایە تەنیا پاش ئەم جموجۆڵە و تەنیا لەوێ دەکرا.

بایەرلاین: هیتلەر ڕێگەی بە ڕۆمل نەدا هێرش بۆ سەرەپردی ئەمەریکییەکان بکات لە کارەنتان و لەباتی ئەمە ڕێنمایی دا کە دژەهێرش بۆ سەرەپردی بەریتانییەکان بکرێت لە ناوچەی کاین. لەراستیدا سەرەپردە ئەمەریکییەکە مەترسییەکی گەورەتری هەبوو چونکە هێزەکانی ئەڵمانی لە نیمچەدوورگەی کۆنتێنتان بەتەنیا دەمانەوە.. دژەهێرشەکەش هیچی لێ نەکەوتەوە، تەوژمی هاتنی ترووپە بەریتانییەکان زۆر خێراتربوو لەچاو جووڵە و کۆکردنەوەی هێزە ئەڵمانییەکان لە ناوچەی کاین.

لە کتێبەکەی (بەرگریمان لە نۆرماندی) جەنەراڵ شپیدل دەڵێ فەرماندەیی گشتیی سوپا ڕێگەی بە سەرلەشکری خۆرئاوا و سەرلەشکری B نەدا هیچ هێرش و جووڵەیەک بکەن، مافی ئەوەیان نەما یەک تیپ لە جێی خۆیان ببزوێن. تەنانەت فەرمانیان دان کە بارەگاکانیان بەرەو خۆرئاوا بگوێزنەوە گوایە هەڵمەتێکی دیکە لە بەریتانیاوە دەکرێت بۆ شێربورگ.

لەمیانی هەڵمەتە مەزنەکەی هاوپەیمانەکاندا دوو کۆنفرانس لەنێوان هیتلەر و فۆن روندشتێد و ڕۆمل کرا. یەکەمیان لە ٦/١٧ لە نزیک سواسۆن بوو. لەسەرەتادا ڕۆمل سەرگوزەشتێکی تێروتەسەلی گێڕایەوە ئینجا لەگەڵ فۆن روندشتێد داوایان لە هیتلەر کرد سەرێک لە مەیدانی شەڕ بدات چونکە لەم بەینەدا چێرچڵ سەردانی لەشکری بەریتانی کردبوو، قسەکە لەنێو لەشکری ئەڵمانی بڵاو ببۆوە، یەکەکان پڕ و بێزار ببوون کە بۆچی هیتلەر ئاگای لە لەشکرەکانی خۆی نییە.

ڕۆمل لە کۆتایی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر پلانی دژەهێرشێک کە خۆی



ئامادەی کردبوو[٤]. فەرماندەی لەشکری B پێشنیازی هێرشی گەورەی ڕەت کردەوە و داوای کرد تیپەکانی پیادە لە چۆمی ئۆرن دامەزرێن و، تیپە پانزەرەکان لە خۆرئاوای کاین بوەستن.

ڕۆژی دووەم هیتلەر بەنیازی سەردان بوو کە فڕۆکێکی V1 بە چاوقایمی پەلامارێکی سەراوژێری بۆ کاروانەکە کرد. هیتلەر دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و لەشکرەکانی بۆ چارەنووسی خۆیان بەجێ هێشت. هیچ لە پێشنیازەکەی ڕۆمل شین نەبۆوە و دەبایە لەشکر لەژێر دروشمی (بەرگری بەرگری تا...) بەمە سەرکەوێت.

لەکۆتاییدا، ڕۆژی ٦/٢٩ ڕۆمل و فۆن روندشتێد بۆ تاوتوێ سەریان لە هیتلەر دا لە بێرشتیسگادن Berchtesgaden. ئەمجارە دەقی گفتوگۆکان لە تۆماری تایبەتدا نوسران، تۆماری کۆنفرانسەکە ئەم ڕاستیانە دیار دەخات. تۆمارەکە دەڵێ.

"... پاش هەڵسەنگاندنی بارەکە و باڵادەستی دوژمن بەسەر ئاسمانی مەیدانەکاندا کە و... فوورەر ئەم ڕێنماییانەی دا:

پێش هەموو شتێک دەبێ پێشڕەوی کردنی دوژمن ڕاوەستێن.

١– لوفتواف مووشەک و فڕۆکە تازەکانی جەت (نفاسە) بەکار دێنێت دژی سەرەپردەکانی دوژمن.

٢– مێنرێژکردنی دەریا.

٣– تەرخانکردنی بۆمبەری تایبەت بۆ نوقمکردنی پاپۆڕەکانی دوژمن.

٤– بڵاوکردنەوەی تۆپی دژەفڕۆک لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆ.

٥– فڕۆکی هەرە تازە بۆ بەرەی خۆرئاوا تەرخان بکرێن. هەر جارە قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئاسمانی بەشێک لە بەرەکانی جەنگ و تاکو هاتوچۆ پێویستەکانی لەشکرەکانی ئەو بەشە جێبەجێ دەکرێن. هەر ڕۆژێکی هەفتە بۆ بەشێکی تەرخان بکرێت.

٦– بڵاوکردنەوەی غەواسە و بەلەمی تۆرپید هاوێژ، ئەگەرچی بەگوێرەی ڕیپۆرتی ئەدمیراڵ بەهەمووی ژمارەیەکی زۆر کەمیان ماوە.

(٤) ل هـ: ڕۆمل بە ژن و کوڕەکەی گوتبوو کە ئومێدی سەرکەوتنی دژەهێرشەکە لە ٢٥٪ تێ نەدەپەڕی بەڵام بە هەموو شێوەیەک لەوە باشتر بوو کە ئەوها دانیشن تا بە چەند هەفتەیەک تێکڕای لەشکری B وێران کرا.

ئینجا فۆن رودشتێد و رۆمل بۆچوونی خۆیان دەربڕی. یەک لە پرسیارەکانی رۆمل بۆ هیتلەر ئەوە بوو کە چۆن هێشتا باوەڕ دەکا جەنگەکە ببەنەوە؟[٥] دەرەنجام چاوەڕوان دەکرا کە هەردووک فیلد مارشاڵ لە پایەی سەربازی لا بدرێن، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە رۆمل مایەوە و تەنیا فۆن رودشتێد لادرا.. فیلد مارشاڵ فۆن کلووگ لەجێی فۆن رودشتێد دانرا. کلووگ لە بارەگای فوورەرەوە لە رۆمل تیژ کرا. هیتلەر و یوودێل و کایتل وایان تێگەیاند کە رۆمل پیاوێکی رەشبین و ناپەسند و بێ ورەیە.. هەروەها، وەکو هەموو فەرماندەکانی دیکە کە لەبەرەی رووسی دەهاتنەوە زۆر باوەڕی بەخۆی بوو و سووکایەتی بە فەرماندەکانی بەرەی خۆرئاوا دەکرد. کە یەکەم جار گەیشتە بارەگای لەشکر رەخنە و هێرشێکی زۆری کردە سەر رۆمل. ئەم نامەکەی رۆمل و وەرامەکەی رودشتێد مەسەلەکە دیار دەخات:

بارەگای لەشکر –

بۆ: سەرلەشکری خۆرئاوا، جەنابی جەنەراڵ فیلد مارشاڵ

هاوپێچی نامە، یاداشتنامەی تایبەت بە بەرەی نۆرماندی.

ئەو سەرزەنشتە کە تۆ ئاراستەی منت کرد بە ئامادەبوونی یاوەر و سەردەستەی ستاف گەیشتە رادەیەکی کە بڵێی "ئێستا منیش دەبێ خۆم رابێنم کە فەرمانەکان جێبەجێ بکەم" ئەم قسە بە قووڵی برینداری کردووم. داوا دەکەم بۆم رۆن بکەیتەوە کە تۆمەتەکانت لە چی هەڵێنجراون

رۆمل

جەنەراڵ فیلد مارشاڵ

هاوپێچ:

یاداشتنامەی لەشکرەکانی B

لەدەستدانی لێواری دەریا لە نۆرماندی و نیمچە دوورگەی شێربورگ و قەڵاسەنگەری شێربورگ لەم خاڵانەی خوارێ دیار کراون:

(٥) م م م: وا بزانم هیچ هەڵوێستێک لەمە راستتر و نیشتیمانی تر نییە کە رۆمل لە رووی هیتلەردا نواندوویەتی.





١– زۆربەی سەربازەکان لە قەڵاسەنگەرەکانی نۆرماندی تەمەنیان لەدەوری ٧٠ ساڵی و ١٥ ساڵی بوون. چەک و یەدەگ و خۆراکیان باش نەبوو. سەنگەرەکان پاشماوەی جەنگە کۆنەکان بوون...

٢– پێش هەڵمەتەکە جارەهای جار داواکاری... ئاراستەی فەرماندەیی سوپا کراوە... هەموو رەت کرانەوە. لە هەموویان گرینگتر داواکاری بۆ گواستنەوەی تیپی ١٢ی SS بۆ دامەنی رووباری سین...

٣– پێشنیازەکەم بۆ جێگیرکردنی تیپی لێر لە نۆرماندی... رەت کرایەوە چونکە ترسێک هەبوو دوژمن هێزی هەوابار لە نزیک پاریس دابەزێنێت.

٤– لە مایسی رابردوو داوا کرا چەکی دژەفڕۆک لەسەر لێوارەکان بڵاو بکرێنەوە و... رەت کرایەوە.

٥– پێشنیازم کرد کە لیوای ٧ی نێبلڤێر لە باشووری کارەنتان دامەزرێن... کەچی تەنانەت لیواکە نەخرایە بەر دەستی من تا ئەو رۆژەی کە هەڵمەتی دوژمن دەستی پێ کرد.

٦– پێشنیازم بۆ مینڕێژ کردنی دامەنی رووباری سین... رەت کرایەوە.

٧– بەشی میرە نیازی هەبوو بەشە خۆراکی لەشکر کەم بکاتەوە. ئەم هەوڵە بە رەنجی جەنەراڵ مارکس، ستافی لەشکری، وەستێندرا.

٨– رێویان و رێڵەکانی نورماندی بەهۆی،،،، یەک خرابوون.

٩– پاش دابەزینی دوژمن لە کارەنتان، لەشکری B هەوڵی دا... بەڵام فەرماندەیی سوپا رێنمایی دا کە روو بکەینە دامەنی خۆرهەڵاتی رووبارەکەی ئۆرن.

١٠– تیپی ١٢ی پانزەری SS ی (لاوانی هیتلەر) تا کاتژمێر ٩/٣٠ ی رۆژی ٦/٧ گەیشتە مەیدانی کاین چونکە ٧٥ میل دوور بوون... تیپی ٢ی پانزەر لە سۆمەوە (١٦٠ میل دوور) بەرێ کەوتن و لە ٦/١٣ گەیشتە مەیدانی شەڕ. ئینجا هەفت رۆژی تری برد تا بەشداری شەڕ بوون.. تیپی ٦ی پەرەشووت شەش رۆژیان ویست تا لە ناوچەی بریتانی (سانت لۆ ١٣٥ میل دوور) هاتن... تیپی ٧٧ بە شەش رۆژ گەیشتنە نیمچە دوورگەی کۆنتێنتان...

١١– فڕۆکی دوژمن... مەیدانەکانیان کۆنترۆڵ کردووە تا قووڵایی ٦٠ میل.

١٢– هێزی دەریایی لە میانی ٤٠ غەواسە تەنیا شەش دانە گەیشتنە دامەنی رووباری سین.

١٣– بەشی میرەی لەشکر،،،، میکانیزمێکی وا نەبوو پێداویستییەکانی دابین بکات.

١٤– زنجیرەی فەرماندەیی (Chain of Comand) رێک نەبوو چونکە ستافی فەرماندەیی لەشکری دەسەڵاتی لەسەر هێزە مۆبایلەکان نەبوو...

من بۆچوونی خۆم دەربڕیوە کە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی مۆنتگمری و ئایزنهاوەر دەبێ هەموو قورسایی لەشکریان بۆ ساز بکرێت بە هەرسێک چەکەوە (دەریایی و ئاسمانی و زەمینی) کە پێکەوە کار بکەن.

رۆمل

جەنەراڵ فیلد مارشاڵ

فۆن کلووگ بەبێ گەڕان و کۆڵینەوە، هەندەی نەبرد کە دانی بە رەوایی بۆچوونەکانی رۆمل نا و ریپۆرتی بۆ بارەگای فوورەر بەرێ کرد کە تێدا هاتبوو " جووڵەی هێزەکانمان بەهۆی باڵادەستیی دوژمن لە ئاسمان وای لێ هاتووە نە کاتی دیار بکرێت و نە بتوانین شوێنیان بۆ دیار بکەین. توانای جووڵاندنی هێزێک بە بارستایی یەک تیپ ئێستا مەگەر بە شەو یان لەکاتی هەور و رەشەبادا بکرێت..."

رۆمل هەموو نووسینەکانی خۆی دەربارەی رووداوەکەی ٧/٢٠ سووتاند نەبادا ببێتە بەڵگەیەک لەسەر خۆی و هەڤاڵەکانی. بەڵام یەک–دوو خاڵ هەن پێویست بە رۆنکردنەوە دەکەن.

پێشتر ئەمەی نووسیبوو "ناچاربوون بە ئەنجامدانی کارێکی پێویست دژبە ویستی هیتلەر" بەڵام وەکو بۆ ژن و کوڕەکەی باس کردبوو، رۆمل باوەڕی وابوو کە کودەتا دژی هیتلەر نابێ پێش دابەزینی هاوپەیمانەکان ئەنجام بدرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

١– ئەنجامدانی کودەتا پێش هاتنی هاوپەیمانەکانی ئەنگلۆ ئەمەریکی هەرەسی بە بەری خۆرهەڵات دەهێنا ئەوسا رووس بەبێ تەگەرە دەرژانە ناوەندی ئەورووپا .

٢– تا بەهاری ١٩٤٤ باری دەروونی رێگەی بە کودەتا نەدەدا چونکە لەشکرە ئەڵمانەکانی نێو فەرەنسا هێشتا باوەڕیان وابوو کە دەتوانن هەڵمەتی ئەنگلۆ ئەمەریکی بەرپەرچ بدەنەوە ئینجا بەگژ رووسەکاندا بچنەوە و رایان بگرن.

٣– ئەگەر هاتباو هەڵمەتەکەی ئەنگلۆ ئەمەریکی بەڕاستی بەرپەرچ درابایەوە ئەوسا مەرجی باشتر بۆ سەپاندنی ئاشتییەکی سەربەرزانە بەدەست ئەڵمانیا دەکەوت چونکە هاوپەیمانەکانیش بەباشیان نەدەزانی دەستی رووس بگاتە ناوەندی ئەورووپا .

رۆمل باوەڕی وابوو کە هاوپەیمانەکان ئامادەن جۆرە ئەڵمانیایەکی نوێ بکەن بە هاوپەیمانی خۆیان دژی بۆلشەفیزمی رووس. پشت ئەستوور بە جەنەراڵ شپیدل و ستافی لەشکرەکەی کە دڵسۆزی بوون، رۆمل پێش هەڵمەتەکەی هاوپەیمانان زنجیرەیەک پێوەندی لەگەڵ فەرماندە بەرزەکانی سوپا ساز کردبوو بۆ ئەنجامدانی بزاڤێک.

پاش هەوڵەکەی ٧/٢٠ بۆ کوشتنی هیتلەر، رۆمل دەیگوت "شتاوفنبێرگ ئیشەکەی تێک دا چونکە خودی سەربازەکانی مەیدان کۆتاییان بە هیتلەر دەهێنا" بەڵام دەبێ ئەوەش رەچاو بکەین کە قسەکەی رۆمل لە داخی نشوستهێنانی هەوڵەکە بووە کە دەیدیت وا هیتلەر فەرماندەکانی سوپا و سیاسەتمەدارە بەشداربووەکان لە قەنارە دەدات. لەراستیدا رۆمل ئاگاداری ئەو پلانە نەبوو و ئەگەر ئاگاداریش بایە ئەم جۆرە کودەتایەی پەسند نەدەکرد چونکە بۆچوونێکی جودای هەبوو. پێش مەرگی بە ماوەیەکی کورت بە مانفرێدی گوتبوو:

"هەوڵی کوشتنی هیتلەر کارێکی بێ عەقڵی بووە. ئێمە ترسی گەورەمان لە رەفتاری هیتلەر نەبوو بەڵکو لەو سام و تەلەسمە بوو کە بەسەر گەلی ئەڵمانیدا سەپێندرابوو. کودەتایەکە نەدەبوو لە خودی بەرلین ئەنجام بدرێت بەڵکو دەبایە لە خۆرئاوا دەست پێ بکات. بەرگری لەپێش لەشکرەکانی ئەنگلۆ ئەمەریکی دەوەستا و ئەوسا بەبێ تەگەرە بەنێو ئەڵمانیادا دەهاتن و رووسیان رادەگرت دوور لە ئەڵمانیا و، سەبارەت بە هیتلەر، ئەوسا تووشی بارێک دەبوو کە دەسەڵاتی بەسەردا نەدەشکا"

وا بزانم رۆمل و جەنەراڵ شپیدل ئەو کاتە دەستپێشخەرییان بۆ گفتوگۆ کرد



رۆمل و فۆن شپیدل، نۆرماندی ، فەڕەنسا ١٩٤٤

لەگەڵ هاوپەیمانەکان گەیشتنە باوەڕێک کەوا بەرەی خۆرئاوا لە چەند هەفتەیەکدا هەرەس دێنێت. تەنانەت فۆن کلوگ و کۆمەڵێک فەرماندەی دیکە خۆیان بۆ پلانێک ئامادە کردبوو بەڵام بەخت دەستی خۆی تێوەردا و لە ١٩٤٤/٧/١٧ رۆمل بە پەلاماری فڕۆکێک لە نزیک لیڤارۆت Livarot بە سەختی بریندار کرا.

پێش ئەو رووداوە رۆمل ئەم ریپۆرتەی بۆ هیتلەر ناردووە کە دوا ریپۆرتیەتی، تاکو هەڵوێستی خۆی رۆن بکاتەوە و کەس نەڵێ خیانەتی کردووە:

فەرماندەی لەشکرەکانی بارەگای لەشکری B ١٩٤٤/١٧/١٥

بەرەی خۆرئاوا بەرەو هەڵدێر دەچێت و ئێستا گەیشتۆتە قۆناغێکی ترسناک.

بەهۆی خەستیی ئاگری دوژمن و... و بەکار هێنانی... زیانی ئێمە هەندە بەرز بۆتەوە کەوا تیپەکانمان توانای دەستوەشاندنیان بەرەو نەمان




دەچێت. زیانی رۆژانە لەنێوان٢,٥٠٠ تا ٣٠٠٠ کەسە. تا ئێستا ٩٧,٠٠٠ زیانی هەبووە لەمانە ٢٣٦٠یان ئەفسەر بوون... تەنیا ٦٠٠٠ کەس هاتوون جێیان پڕ بکەنەوە... زیانی چەک و ماڵی زۆر گەورەیە... ٢٢٥ تانکمان شکاوە و تەنیا ١٧ دانە هاتوونەوە جێیان.. تیپە نوێکان لە رووی چەک و مەشق و... زۆر لاوازن. بۆمباردمانی دوژمن ئازاترین لەشکر لە بەرانبەریدا لەت و پەت دەبێت.. رێگاوبان و رێلەکان بەپانایی ٩٠ میل هەموو وێران کراون. ناچار... بووین دەست بە یەدەگ و خۆراکەوە بگرین... ئێستا دوژمن فڕۆکخانەی ناوچە داگیرکراوەکان بەکار دێنێت ئیتر لە بەر تیشکی راستییەکانی پێشوو دەبێ بگەینە بڕیارێکی خێرا. من وەکو فەرماندەی لەشکرەکانی B بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە دەبێ زۆر بەڕۆنی ئەم راستییە بخەمە روو.

رۆمل

پێشبینییەکەی رۆمل سەبارەت بە هەرەس هێنانی لەشکری هەفتەم زۆر راست بوو چونکە زۆری نەبرد کە مۆنتگمری هێرشێکی جووتە کەمەندی بۆ کاین کرد. خۆم فەرماندەی تیپی پانزەری لێر بووم لە نزیک سانت لۆ. دواتر لە ٨/١٨ ریپۆرتم بۆ فەرماندەیی لەشکر نارد دەربارەی شەڕەکە، رۆمل ریپۆرتەکەمی لەگەڵ دەفتەرەکانی خۆی دانابوو، حەز دەکەم کورتە باسێکی بکەم.

تیپەکەم نیوەی هێزی راستەقینەی خۆی مابوو،. لە ٧/٢٣ ئەمەریکییەکان سانت لۆیان گرت. ئێمە لە خۆرئاوایان بە بەرەیەکی ٦٠٠٠ یاردی بڵاو ببووینەوە. ئەو ٦٠ تانکە کە هەبوو بەهەمان شێوەی تۆپەکانی دژەتانکەکانی خۆمان هەموو بۆ بەرگری دانران، پیادەکانیش لە سەنگەر و خەندەک دامەزران.. رۆژی دووەم بە ٤٠٠ فڕۆک بۆمباردمان کراین.

ئەو رۆژە خۆمان راگرت، زیانمان کەم بوو تەنانەت بەتالیۆنی دژەفڕۆک ١٠ بۆمبەریان کەواند. بەڵام لە ٧/٢٥ لە ٩ی بەیانی تا نیوڕۆ مەیدانی تیپەکەیان کوتا. دواتر لە سەرچاوە ئەمەریکییەکانم زانی کە ئەو چالاکییە گەورەترین هێرشی ئاسمانی بوو کە لە مێژووی جەنگدا بۆ ئامانجێکی تاکتیکی کرابێت. ١٦٠٠




بۆمبـەری گەورە (قـەڵای باڵدار) بەشـدار ببـوون. پۆل لەدوای پۆل فڕۆکـەکـان بەبێ وەسـتـان دەهاتنەوە. مـەیدانەکە وەکـو رووی مـانگی لێ هات ئەوها کون کون ببـوو. هەندێک لە پیاوەکان شێت بوون بەو دەشـتە ئاواڵەدا رایانکرد تا بە ساچمە و پارچە تۆپ لەت کران.



بەم هێرشەی ئاڤارانش، هـەر وەکو رۆمل پێشـبینی کردبوو، لەشکرەکەی جەنەراڵ پاتۆن گـەیشـتـنە دەشـتـێکی ئاواڵە و بەلای خـۆرئاوادا پێـچـیـان کـردەوە و هـێـزە ئەڵمـانەکان لە نیمـچە دوورگـەی کۆتێنتـان ریشـەکیش کران ئەوجار گەڕانەوە و بە قـووڵایی فـەرەنسـا وەربوون. شـایانی گـوتنە کـە بەڕای رۆمل و زۆربەی فـەرمـاندە بەرزەکان، سەرکەوتنی ئەمەریکییەکان بە راددەی سەرەکی بەهۆی هێزی ئاسمانی بوو.

ئەرک و باری سـەر شـانی رۆمل و فـەرماندەکانی دیکەی بەرەی خۆرئاوا زۆر گران بوو چونکە  چارەنووسی جەنگ لێرە دیار کرا و لێرە رێگە بۆ لەشکرە سۆڤییێتییەکان خـۆش کـرا کـە بەرلین رامـاڵن و لێـرە چارەنووسی هـەمـوو شـار و شـارۆچکـەیەکی ئەڵمانی دانرا کە زۆربەیان کاول بکرێن.

نووسـینەکانی رۆمل دەربارەی ئەو قۆناغە تەنیا چەند نامـەیەک لەدەست لووسی و مانفرێد ماون. وەکو ئەم نموونانە:

١٩٤٤/٦/١٠ دوێنـێ لە مـــەیدان بووم و ســبــەینێش هەر ســـەردانیــان دەکەمەوە. لەشکر شەڕێکی بە ملدا هاتووە لە دەسەلاتی خۆی گەورەتر.

٦/١٣... بالادەستیی دوژمن بەسەر ئاسمانی مەیدانەکاندا جووڵەی بڕیون. فڕۆکی مە ٥٠٠ پەلامـاریان ئەنجـام داوە کـەچی دوژمن ٢٧٠٠٠پەلامـاری ئاسـمـانی بەسـەر مـەیدانەکـان گێـڕاوە. دوێنێ ریپـۆرتم بۆ فـوورەر نارد، هـەروەهـا رۆندشتید هەمان شتی کرد. کاتی ئەوە هـاتووە سیاسەت رۆڵێک بگێڕێت... هەمیشە لەیادمدای...

٦/١٥... ئەگەر حاڵەکەمان باشتر نەکەین پێشبینیی دەکەم بەڵایەکی گەورە تووشـــمـــان بێت... لەبیــرتـە ســاڵی ١٩٤٢ چیم گــوت(٦)، وابزانم تووشی بڕیارێکی زۆر گران دەبین.

٦/١٨... دوێنێ فوورەر لێرەبوو. ریپـۆرتێکی تێروتەسـەلم پێـشکەش کرد.

---

(٦) ل هـ: لە ١٩٤٢ پاش عـەلەمێن کـە لەگەڵ هـیتلەر و گـۆری گۆرینگ کـۆبۆوە، رۆمل بە لووسـی گوتبوو لە رۆما کە ئیتر جەنگە دۆڕاوە و دەبێ بیر لە ئاشتی بکەنەوە.

ئەگەر فەرماندەیی سوپا تا ئێستا قسەیەکی وایان بڵاو کردبێتەوە گوایە لەشکرەکان شەڕیان پێ دەکرێ، وا ئێستا هیچ گومانیان نەهێشت کە ئەم قسە راست نییە... ئەگەر خەڵکەکە گوێیان لەمن گرتبایە لە یەکەم ئێوارەوە بە سێ تیپ هەڵمەتەکەم بەرپەرچ دەدایەوە بۆ نێو دەریا... هەندێک دڵمان بە پەلاماری درێژمەوداکان[7] خۆشە... ژمارەی جەنەراڵ لە سەرەتای هەڵمەتەکەوە کوژران لەمانە جەنەراڵ فالای Falley شەوی یەکەم کوژرا... باوەڕناکەم قەدبڕینێکی خێرایان پێ بکرێت بەرەو پاریس بەم زووانە. چەکمان بۆ دێت و فوورەر لەگەڵمان رووخۆش بوو.

حاڵەتی چەک و یەدەگمان زۆر خراپە... ئەگەر شەڕێکی گەورە روو بدات، هیچمان پێ ناکرێ...

٦/٢٤ ... ئێستا شەڕی راستەقینەی خۆرهەلات دەستی پێ کرد. ئومێدم وایە کە بەختیان لە ئێمە باشتر بێت[8]... باوەڕ ناکەم شێربورگ هەندە خۆ رابگرێت وێڕای هەموو ئازایەتیی پیاوەکانمان... دەچم سەردانی مەیدان دەکەم وەکو هەموو رۆژ.

٧/٢٤ ئێستا لە خەستەخانەم، خزمەتێکی باشم دەکەن... ژانەسەرێکی توندم هەیە تەنیا بەشەو بۆم دێت بەڵام بەرۆژ باشم. چاوی چەپم هەندە ئەستوور بووە ناکرێتەوە بەڵام دکتۆر دەڵێ چاک دەبێتەوە.. دەبێ سپاسی خودا بکەین کە هەوڵی کوشتنی فوورەر سەری نەگرت. پێش رووداوەکە بیر و رای خۆم دەربارەی حاڵەتی گشتی بۆ فوورەر ناردبوو... خەمم لە دانیال خوارد، شوفێرێکی زۆر باش و سەربازێکی زۆر دڵسۆز بوو...

پاش دوو هەفتە رۆمل خۆی گواستەوە بۆ ئەڵمانیا تا نەکەوێتە دەست هاوپەیمانەکان نەیدەزانی لەوێدا تووشی چارەنووسی خۆی دەبێت چونکە باوەڕ وایە

(٧) ل. هـ: مەبەستی رۆمل لە مووشەکە گەورەکانی V1 کە دەهاویشتران بۆ لەندەن.

(٨) ل. هـ: لە ٦/٢٣ رووس دەستیان بە هێرشی هاوینی , ١٩٤٤کرد پلانی فەرماندە ئەڵمانەکان وابوو کە پێش هێرشەکە بکشێنەوە بەڵام هیتلەر نەیهێشت ئیتر رووس بە یەک هەفتە ١٥٠ میلیان بڕی تا لیتوانیا و رێگای کۆرسک – پۆڵۆنیا و لە هەیڤی تەمووز گەیشتنە نزیک وارسۆ.



کە هیتلەر لەو ماوەدا بڕیاری کوشتنی دابوو ئەگەرچی لە ٧/٢٤ ئەم برووسکەشی بۆ رۆمل ناردبوو:

هێر فیلد مارشاڵ، ئەوپەڕی ئومێدم قەبووڵ بکە بە چاکبوونەوەیەکی زۆر زوو.

ئەدۆلف هیتلەر

## چاپتەر XXII

### دوارۆژەکانی رۆمل

بەقەڵەمی مانفرێد رۆمل:

رۆژێک لە ناوەراستی ئابی ١٩٤٤ سەرباز بووم لە سەنگەری تۆپێکدا لە دەوروبەری شاری ئولم، فەرماندەی باترییەکە تەلەفۆنی کرد گوتی "باوکت هاتۆتەوە بۆ هێرلینگن، تۆ ئێستا گوێزرایەوە لەگەڵ ستافی وی دانراوی. ئەمرۆ سەیارە دەتباتەوە. سواری سەیارەیەکی ئەفسەرەکانیان کردم بۆ هێرلینگن بەنێو باخچەی ماڵەکەدا رۆیشتن تا بەر دەرگا، نۆکەرێک دەرگای کردەوە. خێرا شمەکم دانا و دەستم شوشت ئینجا چووم بۆ هۆدەی نووسینگەکەکە. باوکم چاوێکی بە باندجێک بەسترابوو، لەسەر کورسییەکی بەدەسک دانیشتبوو. نیوەی چەپی رووی باوکم بە ساچمەی تۆپ تێک چووبوو. هەندێک بە لەرزەوە هەستا سەر پێ و سڵاوی منی وەرگرتەوە. کە ئەحواڵیم پرسی گوتی "تا ئێستا باشم هێناوە. ژانەسەرم هەیە و چاوی چەپم داخراوە و ناجووڵێتەوە بەڵام چاک دەبێتەوە".. کە ئاوڕی لە دایکم دایەوە و دەستی بەقسان کردەوە هەندێک خەمی لەسەر نیشت. ئێستا تا پێم بکرێ قسەکانی دەهێنمەوە یادم کە چی گوت: "هیتلەر هەندە دەستم دەبەستێتەوە کەوا هەر ئەفسەرێکی ئاسایی دەتوانێ ئەرکی هەمەجۆر بەرێوە ببات. خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێت و یەک پێشنیاز پەسند ناکات. لە سەرەتادا ئەنگلۆ ئەمەریکییەکان دوو سەرەپردیان هەبوو، یەکی لاواز لە نیمچەدوورگەی کۆتێنتان و یەکی گەورە لە بایۆکس. ئێمە ویستمان هێرش بۆ لاوازەکە بکەین لە کۆتێنتان. هیتلەر نەیهێشت و، کە دەمانویست جێگای تیپێک بگۆڕین، دیسان نەیدەهێشت و دەیگوت (بەرگری تا دوا هەناسە). دواتر ئەو وردە پەلامارانەی کە دەکران هیچ ئەنجامێکیان نەدەبوو. ئەوجا کە شێربوگ گیرا، لەباتی ناردنی هێز و پشتیوان، ئەوەی کە پێیان کرا ئەوەبوو راوێژکارێکی دادگای سەربازیمان بۆ بنێرن"



سەربازەکان شەڕێکی زۆر باشیان دەکرد تەنانەت پێشبڕکەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد بۆ بەرگری و دەستوەشاندن بەڵام پاش چەند رۆژێک بێ ئومید بوون و زانییان کە هیچیان لەدەست نایەت. یەکێک لە فەرماندەکان لەنێو سەیارەکەی خۆیدا بوو فڕۆکێک پەلاماری دا و بریندار بوو. یاوەرەکەی ویستی رایکێشێتە دەرێ تا فڕۆکی دووەم نەهاتووە، بەڵام فەرماندەکە گوتبووی: واز بێنە، حەز دەکەم لە ئێستاوە کۆتایی بەم حاڵە بێنم. ئیتر لە پەلاماری دووەمدا کوژرا"

باوکم هەستاوە سەر پێ و سووکە لەرزێکی هەبوو. سەیری پەنجەرەی کرد و گوتی: "ئازایەتی لەو قەسابخانەدا هیچ کەڵکێکی نییە. تێکڕای زیانەکانی هاوینی ١٩٤٢ لە ئەفریقیا لە زیانەکانی هەندێک رۆژی ئەم شەڕانەی نۆرماندی کەمتر بوون. ریپۆرتی زیانەکان، ریپۆرتی زیانەکان، بۆ هەر لایەک دەچووم هەر ریپۆرتی زیانەکان دەهاتن تا خەریک بوو تێکچم. رۆژانە بە بارستایی یەک فەوج زیانمان هەبوو".. لەپڕ ئاوڕێکی دایەوە و گوتی "هەمووشی لە هیچەوە دەکرێ، خۆزیا زانیبام کە سوودێکی هەیە. ئێمە هەر گوللەیەک کە دەیتەقێنین زیانەکەی بە سەد هەندە لە خۆمان دەکەوێت. چەندە زووتر بوەستێ هەندە باشترە" سەیری یەکترمان کرد و گوتم "رەنگە جۆرە چەکێکی نوێ دروست بکەین کە بارەکە سەراوژێر بکات" گوتی "قسەی پووچ. کەس چەکی ئەوهای نییە. ئەم قسانە بۆ ئەوە بڵاو دەکەنەوە تاکو سەربازە ئاساییەکان هەندێکی تر خۆ رابگرن. ئێمە کۆتاییمان هات. ئەو کاکانەی سەرێ باش ئەم راستییە دەزانن. ئەوان هەندە گێل نین"

دکتۆرەکان لێی دەپاڕانەوە کە لە جێی دەرنەچێت بەڵام باوکم حەسانەوەی نەبوو. هەموو بەیانیان زوو گوێم لە دەنگی گۆچانەکەی دەبوو لە پێژەکان دەچووە خوار. منیش دەچووم بۆم دەخوێندەوە. بۆ منێکی پازدە ساڵی کە سەربازێکی یەدەگی لوفتواف بووم هێشتا سامێکی گەورەم لە ناوی هیتلەر مابوو. جا کە باوکم رەخنەی لە هیتلەر دەگرت من قسەکانم بەلای رژێمەکەدا دەکرد، ئەوسا بە نەرمی مەسەلەکانی بۆ من شی دەکردەوە. جارێکیان گوتی "ئەو گەلانەی کە تووشی جەنگ بوونە بەدەگمەن سوودیان لێ دیتووە. پرس بە خەڵکەکە ناکرێت. کاتێک جەنگ بەرپا دەبێت دەبێ تۆ خەریک بی باشترین ئەنجامی لێ وەربگری. بەڵام ئەدی ئەگەر

قازانجی نەما؟. ئەوسا باشترین شت ئەوەیە کە یەکسەر بیوەستێنی. جا ئێستا گەیشتووینە هەمان ڕاستی، تەنیا لە بەرەی خۆرهەڵات نەبێت کەلەوێدا ناچارین بەردەوامی بە شەڕەکە بدەین چونکە شەڕی وێ لەپێناو ژیانی خۆماندا دەیکەین. کەواتە دەبێ ڕێگا بدەین هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان ناوەندی ئەورووپا بگرن تاکو رووسەکان لە ئێمە دوور بخەنەوە.

کاتێک کە بیستی لەشکرێکیان لە پۆڵەنداوە گواستۆتەوە بۆ هۆڵەندا باوکم تەقییەوە و هاواری کرد "ئەو گێلانە. لە خۆیان بەولاوە بیر لە کەس ناکەنەوە. چەند مانگێک درێژە بە ژیانی رەشی خۆیان دەدەن بەڵام بەرەی خۆرهەڵات هەرەس دێنێت. ئەوسا رووس بە ناوچە ئەڵمانییەکان وەر دەبن، هەموو دەزانین ئەوە چ دەگەیێنێت"

تا ئەوسا من نەمدەزانی باوکم هەوڵێکی داوە لەگەڵ هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان ئاشت ببینەوە و بەخەیاڵمدا نەدەهات کە پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو ئەفسەرانە هەیە کە لە هەوڵەکەی ٧/٢٠ گلابوون. بۆیە، زۆر سەیرم پێ هات کە بیستم هەندێک سەیارەی گشتاپۆ (پۆلیسی نهێنی نازییەکان) چاودێری ماڵەکەمان دەکەن.. لەو بەینەشدا لەگەڵ باوکم فێر ببووین هەموو رۆژێک پیاسەمان بەنێو دارستانەکەدا دەکرد. رۆژێک گوتی "مانفرێد گوێ بگرە. خەڵکێک لەم نزیکانە هەن رەنگە بیانەوێ هەوڵێک دژی من بە نهێنی ئەنجام بدەن. منیش بەڕاستی ئامادە نیم لەو پیاسە خۆشانە بێ بەش بین. جا لەمەو پاش با دەمانچە ببەستین، تۆ دەمانچە ٨ ملیمەکەی من هەڵگرە. ئەوانە فێر نین لە تەقەی یەکەمەوە بئەنگێون، جا ئەگەر هاتو تەقەیان کرد تۆ یەکسەر تەقە لەلای دەنگەکە بکە ئەوسا خۆ بە زەوی دادەدەن و نیشانەیان تێک دەچێت"

ئەو قسەش هەر کاری منی بە هۆش نەهێنایەوە تا رۆژێک باوکم پرسیارێکی لەمن کرد گوتی "مانفرێد. ئێوەی سەربازە لاوەکان دەڵێن چی ئەگەر بیستتان هیتلەر کۆمەڵێک خەڵک لە سێدارە دەدات چونکە ویستوویانە کۆتایی بە جەنگ بێنن بەبێ رەزامەندیی خۆی" گوتم "نازانم، لە سەنگەرەکەماندا زۆربەیان بێزارن بەڵام هەندێکیان ئومێدیان ماوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرکەوین".

ئەوجا گوتی "تازە هەر دەدۆڕێین. باشە ئەدی ئەگەر من ئاشکرام کرد کە ئامادەم شەڕ بوەستێنم لەدژی خواستی هیتلەر، ئەوسا دەڵێی چی؟". پرسیم "بۆچی ئەم



پرسیارە لە من دەکەی". گوتی "جارێ با واز لەم قسە بێنین. بەڕاستی خراپە ئەگەر چارەنووسی گەلێک بەگوێرەی هەوەسی تاقمێکی بچووک بێت. دەبێ سنوورێک هەبێ دەنا رەنگە شتی زۆر توندوتیژ روو بدەن، کەسیش ئاگادار نابێت".. لەو رۆژەوە بەرەو سەر هەستم کرد کە تووشی بەڵایەک دەبین.

باوکم باوەڕی وابوو کە چەند ساڵێک پاش ئەو جەنگە رووس و هێزە خۆرئاواییەکان تێک بەردەبن. هەروەها، بەپێچەوانەی هەموو برادەرەکانی کە سەریان لێ دەدا، باوەڕی وابوو کە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان سەردەکەون ئەگەر لە پاشەڕۆژێکی دووریش بێت. ئەم گفتوگۆیە مانگێک پاش گەڕانەوەی باوکم رووی دا. ئەوسا ئەگەرچی هێشتا چاوی ئاوسابوو بەڵام وەکو جاران گورج و چالاک ببۆوە. لە نووسینگەکەیدا کتێبێکم بۆ دەخوێندەوە دەربارەی سەرچاوەکانی ماددەی خام، کتێبەکەی بەلاوە نا و کەوتینە قسە دەربارەی پاشەڕۆژ، پاشەڕۆژیش ئەوساکە وا پێ دەچوو کە زۆر رەش بێت. گوتی:

"رووسیا و خۆرئاوا وەکو ئاگر و ئاون. رۆژێک دێت لێکخشان و رەنگە جەنگیش لەنێوانیاندا هەڵگیرسێت. نەک پاش دۆڕانی ئێمە یەکسەر، بەڵکو مەترسییەکە پاش چەند ساڵێک دیار دەکەوێ"

– "وابزانم بەریتانی و ئەمەریکا دەرفەتێکی ئەوتۆیان نییە چونکە هێزی زەمینییان بەرانبەر رووس بەراورد ناکرێت"

– "مەسەلە ئەوە نییە، ئەو هەموو تانک و تیپانەی پانزەر لە نۆرماندی چییان بۆ ئێمە کرد؟. نا کوڕی خۆم، ئەمەریکی لە ئاسماندا باڵادەستن و هەر واش دەمێنن. ئیتر ئەمە حوکمی مەرگە لەسەر هەر لەشکرێکی زەمینی کە بەگژیاندا بچێتەوە، هەر چەند گەورەش بێت"

– دایکم قسەی کرد[1]

(١) م م م: شایانی گوتنە کە بەدرێژایی هەموو نووسین و یاداشتە جوداکاندا یەکەم جار و دواجارە قسەیەکی فراور رۆمل تۆمار بکرێت. بەڕاستی لە من بووەتە مەراق بزانم چ جۆرە ئافرەتێک بووە.

"رەنگە رووس تا ماوەیەک راوەستن تا ئەمەریکا دەکشێتەوە. نەتەوە خۆرئاواییەکان حەز لە ژیانی نەرم و بەرز دەکەن، کارگە و پێشەسازییان روو لە بەرهەمی شارستانی دەکات". باوکم وەرامی دایەوە.

– "واش هەر ئەوان سەر دەکەون. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەورووپا سەر بۆ رەشەبای خاوەری دابێنێت. ئەنگلۆ ئەمەریکی دەریایان لەدەستدا دەمێنێت. واتە بارگەی جەنگیان بۆ هەموو ئاقارێکی جیهان بار دەکەن کە دەریای لێ نزیک بێت" خەریتەیەک لەسەر دیوار بوو ئاماژەی بۆ باکووری ئەفریقیا کرد و گوتی "ئێرە ئەفریقیای فەرەنسییە. رێڵی شەمەندەفەری زۆرە بەڵام لەنێوان قەفقاس و میسرڕدا رێڵێکی ئەوهای لێ نییە بەکەڵکی رووس بێت. لیبیا، لەنێوان میسرڕ و توونس، بەدرێژایی ۲۰۰۰ میلێک رێڵی لێ نییە. رووس ناچار دەبن بارگەیان بەدرێژایی هەزاران میل بە لۆری بگوێزنەوە. لۆری بە ۷ میل یەک گاڵون پترۆل دەسووتێنێت کەواتە هەر لۆرییەک ۲۸۰ گاڵۆنی پێ دەوێت و لەو سەریش دیسان ۲۸۰ گالۆنی تر دەخوات. مەگەر لۆری هەر پترۆڵی خۆیان بار بکەن. لەلایەکی دیکەوە، مەکینەی تانکەکانیان بەرگەی ۲۰۰۰ میل ناگرن. ئەوسا رووس چ مەترسییەکیان دەمینێ؟. لە ئەفریقیاش هەموو هێزێکی بچووک بە چەک و پێداویستییەکی باشەوە دەتوانێ رێ لە رووس بگرێت" باوکم درێژەی پێ دا: "بیستوومانە کە بەریتانیا و ئەمەریکا بەرهەمیان چوار هەندی رووسیایە. گومان نییە کە لەکاتی تەنگانەدا دەتوانن هێزی زۆر گەورە ساز بکەن. پۆلە فڕۆکەکانیان، وەکو ئێستا، یەدەگ و خۆراک لە هێزە زەمینییەکانی رووس دەبڕن، ئیتر لە جێی خۆیان دەچەقن و وێران دەکرێن. کەچی ئەوان پەکیان ناکەوێت و دەگەنە هەموو شوێنێک، تۆبرق، سوێس، بەسرا، بەگوێرەی جەنگەکە. کە نەفتی قەفقاسیش کەوتە بەر مەودای بۆمبەرەکانیان، ئەوسا پاژنەی ئەخیلیی[(۲)] رووسیا رووت دەبێت"

لەو کاتەدا دەسگا خوێناوییەکانی هیتلەر لە وەزارەتی بەرگرییەوە پێدا هاتن تا

(۲) م م م: (پاژنەی ئەخیلی). ئاماژەیە بۆ داستانی تروادە لە یۆنانی کۆندا گوایە یەکێک لە پاڵەوانەکان بەناوی ئەخیلی زۆر بەهێز بوو بەڵام تاکە شوێنێکی ناسک لە لەشیدا پاژنەی پێی بوو، دوژمن تیریان لەو پاژنە گرت و کوشتیان.



لەشکرەکانی خۆرئاوا کە دەستێکی لەگەڵ هەوڵی کوشتنی هیتلەردا هەبووە. جەنەراڵ فۆن شتوولپناگل فریا نەکەوت خۆی بکوژێت و کەوتە دەست گشتاپۆ. چەند هەفتەیەکیش پێشتر، فیلّد مارشاڵ فۆن کلووگ، بزر کرابوو.. ئەفسەرێک هاتە لای باوکم هەواڵی بەرەکانی فەرەنسای بۆ هێنابوو _ ماوەیەکی درێژ پێکەوە دانیشتن. کە رۆیشت، یەکسەر چوومە لای باوکم، خەم روخساری داگرتبوو.

گوتی "تازە دەزانین کلووگ چی بەسەر هات. کلووگ مرد، هیتلەر تەجمیدی کرد و بەدوایدا نارد  بۆ بەرلین. لە رێدا ژەهری خوارد. شوفێرەکە پاش ماوەیەک ئاوڕی لێ دایەوە دیتی وا مردووە". باوکم بەردەوام بوو "کە فۆن کلووگ گەیشتە فەرەنسا، یەکەم قسەی لەگەڵ من ئەوە بوو گوتی (جا ئێستا دەبێ تۆش فێر بی چۆن پابەندی فەرمانەکان ببی) بارەگای هیتلەر لە منیان تیژ کردبوو. لەسەرەتا هەندێک ئاڵۆز بووین بەڵام ئەو لە یەکەم سەردانی بەرەی شەڕەوە یەکسەر راستیی بۆ رۆن بۆوە و گەیشتە باوەڕێک کە دەبی شەڕ بە خۆشی و ناخۆشی رابگیرێت. بەڵام بە هیچ شێوە ئاگای لە مەسەلەی ۷/۲۰ نەبوو"

لەلای باوکم مسۆگەر بوو کە ئەویش تووش دەبێت، بەڵام نەیدەزانی کە بە هەمان شێوازی فۆن کلووگ دەمرێت. لە سەرەتای ئەیلوولدا هەواڵ هات کە جەنەراڵ هانز شپیدل لادراوە. پاش چەند رۆژێک هاتە لای باوکم لە هێلرینگن و گوتی فەرمان دراوە کە لەم رۆژانەدا خۆی بۆ بارەگای فوورەر ریپۆرت بکات. هەردووکیان بڕیاریان دا کە دوا هەوڵێک بدەن ئاگربەستێک لەگەڵ هاوپەیمانەکان بەرپا بکەن لە رێی جەنەراڵ گودەریانەوە کە ئەوسا ببوو بە سەردەستەی ستافی گشتی. بەڵام سەری نەگرت.

(مەسەلەی) باوکم (کێسی رۆمل) گرفتێکی بۆ هیتلەر دروست کرد چونکە ئەگەر قسەیەک بڵاو کرابایەوە کەوا باوکیشم پشتگیری لە هەوڵی ئاشتی کردووە لەگەڵ هاوپەیمانەکان، ئەمە دەبوو بە ئیفلاسێکی سەربازی. هەر ئەوەش بوو کە دەستی هیتلەری گرتبوو

لە ۹/۷ جەنەراڵ شپیدل بەند کرا، ئەمە سەرەتای بەشی کۆتایی چیرۆکە تاڵەکە بوو. هەواڵەکە بە قسەلۆک بڵاو بۆوە و لەو رۆژەوە برادەرەکانی باوکم خۆیان لە باوکم

دوور خستەوە. باوکم بە سووکایەتییەوە دەیگوت "کە کەشتی نوقم دەبێ، جورج پێش هەمووان بەجێی دەهێڵن".. باوکم کۆڵی نەدا و هەموو توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بزانێ شپیدل چی بەسەر هاتووە. لە کۆتاییدا دانیشت و دوا نامەی خۆی بۆ ئەدۆلف هیتلەر نووسی(٣).

فوورەری من ١/١٠/١٩٤٤

بەداخەوە، تەندروستم وەکو پێویست نییە. درزەکانی کەللەی سەرم و هەواڵە تاڵەکانی بەرەی خۆرئاوا و بەندکردنی جەنەراڵ فۆن شپیدل، کەوا بە هەڵکەوت بیستوومەتەوە، بارێکی زۆر گران دەخەنە سەر شانم و لە خۆ رانابینم وزەم تێدا بێت بۆ دادگاییەکی تر.

جەنەراڵ شپیدل لە نیسانی ١٩٤٤ لەجێی جەنەرال گاوس بە سەردەستەی ستاف دانرا. تەزکییە کرابوو و پێشتر خۆتان مێداڵی خاچی سوارەتان پێ بەخشیبوو. لە سەرەتاوە خۆی سەلماند کە ئەفسەرێکی بەتوانایە. دەستی لەسەر ستافی لەشکر توند کرد و بەرچاو فراوانییەکی باشی دیار خست. لە ئەرکی دروستکردنی دیواری ئەتڵەسیدا بۆ من باشترین هاوکار بوو. کە رۆژانە سەردانی بەرەکانم دەکرد، گومان نەبوو کە شپیدل هەموو ئەرکەکانی لەشکر بەڕێوە دەبات.

کە هەڵمەتی دوژمن دەستی پێ کرد، شپیدل هیچ درێغییەکی لە بەرگریدا نەکرد و دڵسۆزییەکی بێ پایانی بۆ من دیارخست. هەروەها فیلد مارشاڵ فۆن کلووگیش زۆر لێی رازی بوو. تێ ناگەم چ شتێک وای کرد کە شپیدل لابدرێت و ئینجا بەند بکرێ.

شەڕی نۆرماندی بەداخەوە بۆمان نەلوا کە دەستبەجێ دوژمن پاڵدەینەوە بەرەو دەریا، هۆیەکانیشم لە ریپۆرتێک تۆمار کرد کە جەنەراڵ شموند بە ئێوەی گەیاند.

(٣) ل ھ: خوێنەر دەبێ ئەوەی لەبیر بێت کە نامەکە لە کاتێکدا نووسراوە کە هیتلەر لە تۆڵەی هەوڵەکەی ٧٢٠ لەوپەڕی درندایەتیدا بووە و رۆمل دەیویست برادەرەکەی خۆی رزگار بکات.





کە کلووگ فەرماندەیی وەرگرت، مشتومڕێک رووی دا لەبەر چاوی ستاف و یاوەرەکانم. من تۆمەتەکانم قەبووڵ نەکرد و بە جودا قسەم لەگەڵ فۆن کلووگ کرد کە هۆی قسەکانی رۆن بکاتەوە. لە رۆژانی دواتردا پاشگەز بۆوە و داوام کرد ریپۆرتی تێروتەسەل بۆ ئێوە بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ، فوورەرم، دیمەنێکی رۆنتر ببینی و بگەیتە بڕیاری راست. هەروەها دواترین ریپۆرتی من یەک رۆژ پێش برینداربوونم نووسرا، کلووگ بەمنی راگەیاند کە بەرێ کراوە.

فوورەرم ئێوە دەزانن چۆن لە هەڵمەتەکانی بەهاری ١٩٤٠ و هەڵمەتی ئەفریقیا ١٩٤١–٤٣ و لە ئیتاڵیا ١٩٤٣ و لە بەرەی خۆرئاوادا ئەوپەڕی توانای خۆم وەبەر هێناوە. تاکە شتێکی لە مێشکمدا بێت ئەوەیە کە بۆ ئەڵمانیا نوێکەی ئێوە بجەنگم.(٤)

ئەروین رۆمل

واش هەر جەنەرال شپیدل بەر نەبوو. خۆی و باوکم لە دادگای شەرەفی سەربازیدا ناویان هاتبوو، بەڵام (کێسەکەی رۆمل) بە فەرمی باس نەکرا.. لە ١٠/٧ برووسکەیەکی فیلد مارشاڵ کایتل هات بۆ هێلرینگن داوای لە باوکم دەکرد بەشداری لە کۆنفرانسێک بکات لە ١٠/١٠ لە بەرلین و کە باوکم برووسکەکەی خوێندەوە گوتی "هەندە گێل نیم.. ئەگەر بچم هەرگیز بە زیندوویی ناگەمە بەرلین". لە زانکۆی توبینگن مەسەلەکەی لەگەڵ دکتۆر ئالبریخت باس کرد، یەکسەر ریپۆرتی بۆ نووسی کە توانای گەشت و گەڕانی نییە. تەنانەت دکتۆر ئالبریخت ئامۆژگاریی کرد کە لە خەستەخانەی بهێڵێتەوە تاکو کەس دەستدرێژی بۆ نەکات. باوکم وەرامی دایەوە کە بیر لە پێشنیازەکە دەکاتەوە. هەرچۆنێکیش بێت نەچوونی باوکم بۆ بەرلین تەنیا چوار رۆژ ژیانی درێژ کردەوە.

ئۆسکار فارنی، خاوەنی خانووەکەمان بوو و کۆنە برادەری باوکم بوو.

(٤) م م م: خوێنەر با سەیری ئەو مەردایەتییەی رۆمل بکات. خۆ ئەگەر یەکی خۆمان بایە یان ئەفسەرێکی سەددام حوسێن بۆ خۆی و برادەرێکی پاڕابایەوە ئەوسا هەزار جار خۆی بە سەدەقەی پێڵاوی سەرۆکەکە دەکرد!!!.

سەردەمێکی زوو جێگر سەرۆکی رایخشتاگ بوو و هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری نازییەکانی دەکرد و لە بەشی دووەمی جەنگەوە وتوێژێکی زۆری هەبووە لەگەڵ فێر و گێسلەر، دوو کۆنە وەزیر، باسیان لە مەسەلەی وا کردبوو وەکو کۆتایی هێنان بە جەنگ و بە رژێمی نازییەکان.. کۆنە وەزیرەکان، فێر و گێسلەر، لە ١٠/١٣ بەند کران. لە هەمان ئێوارەشدا دایکم و باوکم سەریان لە فارنی دا، ئیتر ئەو دانیشتبوو چاوەڕێی دەکرد کە ئێستا نا ئێستا گشتاپۆ بێن بیگرن. فارنی بە باوکمی گوتبوو "بەڵام وابزانم هیتلەر هەرگیز ناوێرێ شتێک لە تۆ بکات. ناوبانگت زۆرە و گرتنی تۆ سەرنجی خەڵکەکە رادەکێشێت" باوکم وەک بڵێی دەیزانی چی بەسەر دێت گوتی "نەخێر سەهووی. هیتلەر دەیەوێ لە کۆڵی ببمەوە، بەردێک لەدەستی نامێنێ ئەگەر نەیهاوێت"

کە دایک و باوکم گەڕابوونەوە ماڵێ، نامەیەک هاتبوو رایدەگەیاند کەوا دوو جەنەراڵ سبەینێ بەیانی سەر لە باوکم دەدەن دەربارەی "ئەرکەکانی داهاتووی باوکم".. من چەند هەفتەیەک بوو چووبوومەوە بۆ سەربازی، فەرماندەی باتریی تۆپخانەکە مۆڵەتی بە من دا کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵ. ئیتر لە ١٠/١٤ کاتژمێر ٧ی بەیانی گەیشتمەوە ماڵێ لە هێرلینگن باوکم نانی بەیانی دەخوارد، یەکسەر کووپێکیان بۆ منیش دانا و پێکەوە نانمان خوارد و ئینجا لەنێو باخچەکە پیاسەمان کرد.

باوکم ئەم قسەی گوت "ئەمڕۆ کاتژمێر ١٢ دوو جەنەراڵ دێن باسی (ئەرکەکانی داهاتووی من) دەکەن. واتە ئەمڕۆ دیار دەبێ، یان دادگاییم دەکەن یان بۆ بەرەی خۆرهەڵاتم دەنێرن" پرسیم "جا ئەرکێکی ئەوها قەبووڵ دەکەی؟" دەستی لە قۆڵم هەڵکێشا و گوتی "کوڕی خۆشەویستم، دوژمنمان لە خۆرهەڵات هەندە ترسناکە، لەبەرانبەریاندا دەبێ هەموو شتێک بەلاوە بنرێت. ئەگەر بتوانن ناوەندی ئەورووپا پێشێل بکەن، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، ئەوسا کۆتایی بە هەموو ئەو شتانە دێن کە نرخێک بە ژیان دەبەخشن"

پێش نیوەڕۆ باوکم جلی گۆڕی. بەرگە کاڵەکەی ئەفریقیای لەبەر کرد چونکە لەهەموانی پێ خۆشتر بوو. ئەو رۆژە بێ لە خۆمان، کاپتن ئالدینگەریش لە ماڵێ بوو.



ئەویش برینێکی سەختی بەرکەوتبوو لە ئەفریقیا.. نیوەڕۆ سەیارەیەکی سەوزی تۆخ هات ژمارەی بەرلینی لەسەر بوو. دوو جەنەراڵ هاتنە ژوور، جەنەراڵ بورگدۆرف پیاوێکی بە هەیکەل و بەرچاو بوو لەگەڵ جەنەراڵ مایزل، پیاوێکی باریکەڵە بوو، داوایان کرد بەتەنیا لەگەڵ باوکم قسە بکەن. من و کاپتن ئالدینگەر چووینە دەرێ. من چوومەوە هۆدەی خۆم کتێبێکم بەدەستەوە گرت، لە دڵی خۆمدا گوتم کەواتە هەر باشە کە بەندی ناکەن.

پاش چەند خولەکێک گوێم لە باوکم بوو بەسەر پێژەکان دەکەوت بۆ هۆدەی دایکم، مەراقم بوو بزانم چ بووە. کە چوومە ژوور، بە روخسارێکی سستەوە لە ناوەڕاستی هۆدەکە وەستابوو. گوتی "وەرە لەگەڵم". چووینە هۆدەکەی خۆم گوتی "تازە بە دایکیشتم گوت، چارەکێک پاش ئێستا من دەمرم" قسەکەی بە ئارامی و لەسەرەخۆ دەکرد و بەردەوام بوو "شتێکی خۆش نییە بەدەست خەڵکی خۆتەوە بکوژرێی بەڵام چواردەوری ماڵەکەمان گیراوە و هیتلەر تۆمەتی خیانەتی داوە پاڵم" ئەوجا بە خەندەیەکەوە گوتی "بە رەچاوکردنی خزمەتەکانی من لە ئەفریقیا" قسەکەی بە سووکایەتییەوە کرد "بۆم هەیە بە ژەهر بمرم. ئەم دوو جەنەراڵە ژەهرەکەیان هێناوە، دەڵێن بە سێ چرکە دەمکوژێت. ئەگەر پەسندی بکەم ئەوسا هیچ شتێک دژی خێزانم، واتە ئێوە، و ستافەکەم ناکەن"

قسەم پێ بڕی "جا باوەڕیان پێ دەکەی؟".. "ئا، باوەڕ دەکەم. چونکە نایانەوێ قسەکە بڵاو ببێتەوە. بەم بۆنەوە، دەبێ بزانی کە داوایان لەمن کردووە بەڵێن لە ئێوە وەربگرم دەنگ نەکەن، دەنا ئەگەر ئێوە یەک قسە بدرکێنن ئەوسا لە بەڵێنەکە پاشگەز دەبنەوە"

دیسان قسەم کردەوە "ئەدی ناتوانین بەرگری لە خۆ بکەین؟" بەڵام قسەکەی بە من بڕی "سوودی نابێت، با یەکێکمان بمرێت، نەک هەموو لە مەیدانێکدا گوللەباران بکرێین. پاشان، کوڕم، چەک و گوللە لە کوێ بێنین؟" یەکترمان لە باوەش گرت و یەکسەر گوتی "تکایە، ئالدینگەرم بۆ بانگ بکە"

ئالدینگەر خەریکی دەمەقاڵێ بوو لەگەڵ پاسەوانی جەنەراڵەکان کە واز لە باوکم بێنن، کە بانگم کرد بە غار هاتە سەرێ. کە زانی چ لە ئارا دایە ئەویش وەکو من

تاسا. ئەم جارە باوکم خێراتر قسەی کرد. دووبارەی کردەوە کە بەرگریکردن کەڵکی نییە، گوتی "هەموو شتێکیان ساز کردووە. جەنازەیەکی فەرمی بۆ من دەگێڕن و داوام کرد کە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی لە ئوولم بەڕێوە بچێت. ئالدینگەر، پاش ١٥ خولەک تەلەفۆنێک لە خەستەخانەی ڤاگنەرشولەوە بۆ ئێرە دەکرێت، دەڵێن گوایە کە دەچووم بۆ کۆنفرانسەکە تووشی جەڵتەی مێشک بوومە".

سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد و گوتی "دەبێ بڕۆم، ئەوان١٠ خولەک مۆڵەتیان دابوو". دووبارە لە باوەشی گرتین و هەموو لەگەڵی چووینە خوارێ. یارمەتیمان دا پاڵتۆیەکەی بەسەر شانی دادا، لە پڕ دەستی بۆ گیرفانەکە برد جزدانەکەی دەرهێنا و گوتی "هێشتا ١٥٠ مارکی تێدا ماوە، نازانم ئایا لەگەڵ خۆمی ببەم؟" ئالدینگەر وەرامی دایەوە "گرینگ نییە جەنابی فیڵد مارشاڵ."

کە بە هەیوانەکەدا ڕۆیشتین دوو سەگەکانی کە لە فەرەنساوە هێنابوونی، هاتن خۆیان لێ دەخشاند و هەڵدەپەڕین، گوتی "مانفرێد دەرگای نووسینگەکەیان لەسەر داخە" خێرا لام دان بۆ هۆدەی نووسینگەکە. بە هێواشی بە ڕاڕەوی باخچەکەدا لەگەڵی ڕۆیشتن نازانم بۆچی دەنگی قرچەقرچی هەنگاوەکان لە گوێمدا زۆر گەورە بوون؟

کە گەیشتینە دەروازەی باخچەکە دوو جەنەراڵەکە دەستی ڕاستیان بەرز کردەوە و جەنەراڵ و بورگدۆرف دروودی سەربازیی گوت "هێر فیڵد مارشاڵ" و خۆیان لە ڕێی لادا تا تێپەڕێت. کۆمەڵێک لادێییش لەدوورەوە سەیریان دەکردین. مایزل ئاوڕی لە من دایەوە پرسی "تۆ لە کام باتری دامەزراوی؟" وەرامم دایەوە "٧٣٦ هێر جەنەراڵ."

سەیارەکە ساز کرا و شوفێرەکە دەرگاکەی بۆ باوکم ڕاگرت، باوکم سوار بوو، سەیری پێش خۆی دەکرد بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک، جەنەراڵەکانیش خێرا سوار بوون و دەرگاکان داخرانەوە و سەیارەکە دەرپەڕی، وردە وردە بە گردەکە هەڵگەڕا و لەنێو پێچ و پەناکانی ڕێگاکە بزر دەبوو و دیار دەکەوتەوە تا لە گردەکە ئاوا بوو.. لەگەڵ ئالدینگەر گەڕاینەوە ماڵێ گوتی "با بچم دایکت ببینم" منیش بەرانبەر تەلەفۆنەکە دانیشتم خەم هەموو شتێکی داگرتبوو.

جگەرەیەکم داگیرساند و خۆم خەریکی کتێبەکە کرد بەڵام چاوم لێی گیر نەدەبوو.





جەنازەی رۆمل لە شاری ئولم ١٨-١٠-١٩٤٤

پاش ٢٠ خولەک تەلەفۆن زرینگا ئالدینگەر وەرامی دایەوە. چۆن دانرابوو ئەوها دەرچوو، هەواڵی مەرگی باوکم بە ئێمە ڕاگەیاندرا.. ئێوارێ چووین بۆ خەستەخانەکەی ئوولم، لە ڕوخساری دکتۆرەکانەوە دیار بوو کە گومانیان لە هۆی مەرگی باوکم دەکرد. یەکیان دەرگای هۆدەیەکی بچووکی کردەوە، باوکم بە بەرگە ئەفریقییەکەی خۆیەوە لەسەر سیسەمێک درێژ کرابوو، ڕوخساری وا بوو وەک بڵێی بێزی لە شتێک دەکرد.

ئێمە تێنەگەیشتین کە ڕۆیشتن چ ڕووی دا. دواتر بیستمانەوە کە سەیارەکە تا ئەولای دارستانەکە ڕۆیشتبوو پیاوانی گشتاپۆ لە بەرلینەوە هاتبوون لەوێ چاوەڕێیان دەکرد، فەرمانیش درابوو کە ئەگەر باوکم بەرگری بکات دەبێ بەسەر ماڵەکە دادەن. لەوێ، مایزل و شوفێرەکە دابەزیبوون، تەنیا باوکم و بورگدۆرف لە سەیارەکە مابوون. پاش ١٠ خولەک کە شوفێرەکە ڕێگەی پێ درا بگەڕێتەوە لای سەیارەکە، دیتبووی باوکم لە جێی خۆی کووڕ ببۆوە، شەفقە و باتۆنەکەشی کەوتبوون. سەیارەی هاژووتبوو زۆر بە خێرایی تا خەستەخانەی ئوولم. جەنەراڵ بورگدۆرف چووبوو بۆ بارەگای ڤێرماخ لە ئوولم. بە تەلەفۆن هەواڵی مەرگی باوکمی بە هیتلەر ڕاگەیاندبوو، ئینجا تەلەفۆنی بۆ ماڵی یەکێک لە ئەفسەرەکانی کردبوو کە ئێوارێ مێوانداریان بکات و لیستی خوانەکەی پێ گوتبوو کە حەزیان لە چییە..

جەنەراڵ بورگدۆرف پیاوێکی دڕندە بوو ٩٩٪ ی ئەفسەرانی تیپەکەی رقیان لێ دەبۆوە، لە نیسانی ١٩٤٥ لە ژێرزەمینی قەڵاسەنگەرەکەی هیتلەر لە بەرلین خۆی کوشت پاش ئەوەی چەند رۆژێک لەسەر یەک خۆی لەگەڵ بۆرمان سەرخۆش کردبوو.

لە هەموو ئەو رووداوانە بەبێزتر ئەو نامانەی سەرەخۆشی بوون کە بەرپرسە گەورەکان بۆ ئێمەیان نارد، هەمووشیان دەیانزانی چ رووی داوە و زۆربەیان دەستیان لە مەرگی باوکم هەبوو یان بە کردەوەی راستەوخۆ یان بەقسە و هاندان. چەند نموونەیەک:

مەیدان: ١٩٤٤/١٠/١٦

پەرۆشێکی راستگۆیانە قەبووڵ بکە سەبارەت بەو زیانە گەورەی کەوا بە مەرگی مێردەکەت لێت کەوت. ناوی فیلْد مارشاڵ رۆمل تا ئەبەد ئالوودەی نەبەردەکانی باکووری ئەفریقیا دەبێت.

ئەدۆلف هیتلەر

بارەگای فوورەر ١٩٤٤/١٠/٢٦–[٥]

راستی مردنی پاڵەوانانەی مێردەکەت، فیلْد مارشاڵ رۆمل، پاش ئەوەی کە بریندار بوو و ماوەیەک ئومێدمان دەکرد بۆ گەلی ئەڵمان بمێنێت، ئەم راستییە کاری لەمن کرد. ئەزیزم فراور رۆمل، لە دڵەوە پەرۆشی خۆم و هێزی لوفتواف بۆ خزمەتت دەنێرم.

بە پەرۆشێکی ماتەمانەوە لە خزمەتت دام

گۆرینگ

رایخمارشاڵی رایخی مەزنی ئەڵمانیا

بەرلین ١٩٤٤/١٠/١٧

ئەزیزم فراور رۆمل: بە بۆنەی مەرگی مێردت، فیلْد مارشال رۆمل، خۆم و خێزانەکەم گەرمترین هاوخەمی بۆ تۆ دەردەبڕین. سوپای ئەڵمان یەکێکی

(٥) مانفرێد رۆمل: ئێستاش تێ ناگەین بۆچی گۆرینگ ١٠ رۆژ پاش هیتلەر نامەی نارد؟



لە فەرماندە هەرە سەرکەوتووەکانی لەدەست چوو کەوا تا ئەبەد ناوی ئالوودەی نەبەردەکانی لەشکری ئەفریقیا دەبێت. تکا دەکەین خاترجەم بی کە هاوپەرۆشی خەمی تۆین.

هایل هیتلەر

وەزیری رایخ

دکتۆر گۆبلز و فراور گۆبلز

لەو کاتەشدا کە ئەوان خەریکی ئەم جۆرە دووڕووییە بوون، رۆژانە هەزاران سەربازی ئەڵمان لە هەموو لایەک دەکوژران.

# بەشی کۆتایی

دەفتەرەکانی رۆمل

## سەر گوزەشتی دەفتەرەکانی رۆمل

بەقەڵەمی: مانفرێد رۆمڵ

کە باوکم مرد ژمارەیەک بەڵگەنامەی بەجێ هێشت کە لە سەردەمی هەڵمەتەکانیدا تۆمار کرابوون، بریتی بوون لە فەرمانی سەربازی و ڕێپۆرتی ڕۆژانە کە بۆ فەرماندەی گشتی نووسرابوون. وێڕای ئەمانە کۆمەڵێک کاغەز و نووسینی بەجێ هێشت کە یادگارییەکانی تێدابوو تێبینی تایبەت بە هێرشەکەی بۆ فەرەنسا ساڵی ١٩٤٠ و جەنگی بیابان.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم باوکم کتێبی نووسی دەربارەی تاکتیکەکانی پیادە ئەمەش لە ئەزموونەکانی خۆی فێری بوو. لەو سەردەمەدا باوکم هەندێک بەڵگەنامەی گرینگی پاراست بەڵام یاداشتەکانی زۆر بە کەڵکی نەهاتن چونکە کەلێنی گەورەیان تێدابوو، ئەمەش بەهۆی شەڕەکان کە دەرفەتیان بۆ تۆمارکردنی هەموو رووداوەکان نەدەهێشت.. گومان نییە کە باوکم نیازی هەبووە کتێبێک بنووسێت دەربارەی جەنگی جیهانی دووەم ئیتر لە ١٩٤٠/٥/١٠ دەستی پێ کرد تێبینی دەربارەی رووداوەکانی شەڕ بنووسێتەوە کە ڕۆژانە بە یەکێک لە سەربازەکانی دەنووسییەوە و کە دەرفەتی دەبوو، پێیاندا دەهاتەوە.

باوکم وێنەگرێکی چالاک بوو. لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم گەشتێکی تایبەتی بۆ ئیتاڵیا کرد، وێنەی تایبەتی ئەو شوێنانەی گرت کە کتێبەکەی خۆی باسی دەکرد لە شەڕەکانی ,١٩١٧ . باوکم خۆی وەکو ئەندازیارێک نواند لەگەڵ دایکم بە مۆتۆرسایکل گەشتەکەی ئەنجام دا . سەبارەت بە کتێبەکەی کە دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانی دەینووسی، مەبەستی هەبوو کە لە وێنەی فۆتۆگرافی بێ بەش نەبێت. ئیتر هەزاران وێنەی گرتووە لە ئەورووپا و لە ئەفریقیادا کە هەندێکیان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگن. ئەو تەنیا لە کاتی پێشڕەویدا وێنەی دەگرت، جارێک بەمنی گوت (وێنەی کشانەوەکانی خۆمم نەدەگرت)



هەروەها ، ئەو ڕەنگە هەموو ڕۆژێک نامەیەکی بۆ دایکم ناردبێت. دایکم هەزار دانەیەکی لەو نامانە پاراست بەڵام تەنیا بەشێکیان لەژێر ئەو نا ئارامییەی سەردەمەکە دەرباز بوون.

دواتر کە مەترسی مەرگ لێی نزیک دەبووەوە، پەرۆشی بۆ ئەوە بوو کە رەفتار و بۆچوونەکانی لە ڕۆژێکدا بە خراپە لە قەڵەم نەدرێن. کە لە ئەفریقیا گەڕایەوە زۆر بە نهێنی خەریکی نووسینەکانی خۆی دەبوو و تەنیا دایکم و یاوەری تایبەتی لە نووسین و رێکخستنیاندا بەشدار دەکرد. ئینجا لە ئابی ١٩٤٤ لە فەرەنسا هاتەوە دەستی پێ کرد دەربارەی هێرشی هاوپەیمانەکان بنووسێت، بەڵام بەشی گەورەی ئەم نووسینانەی سووتاند؛ چونکە بۆی ئاشکرا ببوو کە گومانی لێ دەکەن لە پلانەکەی تەمووزی ١٩٤٤بەشداری کردبێت.

پاش مەرگی باوکم و کە بۆمبەری بەریتانی و ئەمەریکی دەستیان پێ کرد ناوچەکە بۆمباردمان بکەن، ماڵمان مەترسی وێرانکاریی کەوتە سەر، هەندێک دەسنووسمان خستە ژێرزەمینێکی قەڵاتەکە و هەندێک بۆ باشووری ئەڵمانیا نارد و بەشی گەورەیان لەگەڵ خۆمان گوێزتەوە بۆ هێرلینگن، پێنج میل لە ئوولم «Ulm» دوورە لە ڤێرتمبێرگ «Wuerttemberg»

مەرگی باوکم پەرۆشێکی گەورەتری بۆ دایکم پەیدا کرد کە کاغەزەکانی باوکم رزگار بکات نەک هەر بۆ خۆی بەڵکو بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژوو بنووسرێتەوە، ڕاستی دیار بخرێت. هەر لە کاتی تازییەکەشدا ئەفسەرێکی (SS) سۆراغی نووسینەکانی باوکمی کرد، بەڵام ئێمە بە قسەکانی تێ نەکەوتین. دایکم دەستی پێ کرد یەکسەر کە ئەم کاغەزانە لە ماڵێ کۆبکاتەوە. خۆم چوومەوە ڤینەر نۆیشاد بۆ گەڕاندنەوەی دەفتەر و دەستووسەکان. دیاربوو کەبەم زووانە تروپەکانی سۆڤییێت دەگەنە ڤیەننا . هەروەکو پێشبینی کرابوو، شەش مانگ دواتر قەڵاتەکەیان ڕاماڵی ئیتر هەرچی کاول نەکرابوو هەمووی تاڵان کرا .

بە یارمەتی لە لایەن خوشکی باوکمەوە و لە لایەن کاپتن ئالدینگەر، یاوەری باوکم، دایکم دەستی پێ کرد تێکڕای کاغەزەکان بخاتە نێو سندووق و بیانپێچێتەوە.

لەو قۆناغەدا نووسینەکانی باوکم ببوونە دوو بەش لە دوو باخچە لە باشووری

ئەڵمانیا شاردرابوونەوە، تاقمێکیان لە ژێرزەمینێکدا دیواریان بەسەردا دروست کرا و تاقمەکەی دیکە خرانە پشت کۆمەڵە سندووقێک لە ژێرزەمینێکی دیکەدا. بەشێکیش لە نامە و تێبینییەکانی باوکم، برادەرێکی باوکم لە شتووتگارت شاردییەوە لە شوێنێک کە هەندە بە توندی وێران کرابوو کەوا باوەڕ نەدەکرا هیچی تر بۆمباردمان بکرێت. هەروەها یاداشتەکانی نێوان ١٩٤٣– ١٩٤٤ لە خەستەخانەیەک شاردرانەوە و بەشەکانی دیکە ناردران بۆ لای پوورم لە شتووتگارت. لە ماڵێ، دایکم دەسنووسی ئەو کتێبەی هێشتەوە کە تایبەت بوو بە جەنگی ئەفریقیا و وێنەکانی جەنگی فەرەنسا ١٩٤٠ وێڕای نامە تایبەتییەکان. دایکم هەندە لە نازییەکان دەترسا کە ترسی هاوپەیمانەکانی لەبیر نەمابوو کە ڕەنگە ئەوانیش دەستیان بەسەردا بگرن.

لە بەشی دووەمی نیسانی ١٩٤٥ڕۆژانە بۆمباردمان روویان دەدا. بۆمبە قورسەکانی ئەمریکی ڕۆژانە بەسەر ئولمدا دەکەوتن کە هەمیشە لایەکی دەسووتا. پاشماوەکانی لەشکرە ئەڵمانییەکان بە لێشاو دەکشانەوە بەبێ چەک. دروشم لە هەموو شوێنێک هەڵواسران لە سەریان نووسرابوو (ئەوەی بەرگری لە ئولم نەکات بەرازە).

وا بزانم ٢٠ی نیسان بوو دایکم تانکی ئەمریکی بۆ یەکەم جار دیت لە ئولم نزیک دەبوونەوە. شەوی دواتر ئەمەریکییەکان ئاگریان لە هەندێک گوند بەردا. بە هەڵە وایان زانیبوو پارتیزانی ئەڵمانی تێدایە، پەڕاگەندەیەکی زۆر بە لێشاو روویان لەلای ئێمە کرد. ئەوسا دایکم پەرۆشی دەفتەرەکانی باوکمی هاتەوە بیر. کاغەزە گرینگەکانی سازکرد بۆ گواستنەوە و بەشێکی دیکەی خستە نێو سندووقێک بە یارمەتی هاوسێکان لە باخچەکەمان نێژرا.

ئەمەریکییەکان هێرلینگنیان داگیرکرد و پاسەوانیان بڵاوکردەوە و هیچی تر نەدەکرا شتان بشارینەوە. ئەو ئەمەریکییانە کە هاتن دایکم ببینن کاپتن و مارشاڵی لەشکری هەفتەم بوون پرسیاریان کرد ئایا هیچ بەڵگەنامە لە ماڵێ هەن؟ دایکم باوەڕی نەدەکرد دەست بەسەر نامە تایبەتییەکاندا بگرن بۆیە پێیانی راگەیاند کە تەنیا نامەی تایبەتی خۆی پێیە داوای کرد بییان بینێت، کە دایکم بردی بۆ



ژێرزەمینەکە و ئەو هەموو سندوقانەی دیت گوتی (ناچارم ئەم پەڕاوگانە بەرم. دەبێ چاوێکیان پێدا بخشێنین ئینجا لە چەند ڕۆژێکدا بۆت دەهێنمەوە).. ڕۆژی دواتر خەبەرێکیان نارد کە مەسەلەکە هەندێک دوا دەخرێت. ئینجا پاش دوو هەفتە تەرجومانەکەی کاپتن مارشاڵ هاتەوە و ئەمەی راگەیاند " کاپتن زۆر شەرمەزارە کە ناتوانێ بەڵێنی خۆی بەجێ بگەینێت چونکە سوپا بڕیاری دا بنێردرێن بۆ واشینگتۆن"

ڕۆژێک لە ناوەڕاستی نیساندا کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی فەرمان بە دایکم درا کە دەبێ کاتژمێر ٩ ماڵەکە چۆڵ بکات کەوا دەکرێتە بارەگای هێزێکی ئەمریکی. دایکم هێشتا خەریکی تێکنان و پێچانەوەی شمەکەکان بوو کە سەربازە ئەمەریکییەکان پێ وەربوون دەستیان بەپشکنییەوەی چەکمەجە و دۆلابەکان کرد. ژمارەیەک بەڵگەنامە لەو ڕۆژەوە دیار نەمان، ئەمانە بریتی بوون لە دەسنووس و تێبینییەکانی باوکم دەربارەی ئەفریقیا و هەندێک خەریتە، ئەوی بە دایکم دەرچوو بریتی بوو لە سندووقێک کە فیلمەکانی باوکمی تێدا بوو لەگەڵ دەسنووسەکانی هەڵمەتەکەی ئەفریقیا وێڕای مێژووی رەسمی چالاکییەکانی تیپی هەفتەمی پانزەر لە فەرەنسا ١٩٤٠ کەوا بە هەموو سێ نوسخەی هەبوو..ئەمانەش هەر بەشە بە چارەنووسێکی جودا گەیشت.

ئەوانەی کە لە بێستانەکەی باشووری ئەڵمانیا شاردرابوونەوە، هەندێک ئەمەریکی پەیدابوون گوتیان ئێمە تیپی بەرپەرچدانەوەی هەواڵگرین Counter Intelligence Crops ئەمەریکییەکان دەستیان بەسەر سندووقەکاندا گرت. ئەمانە تێبینی و بەڵگەنامەکانی جەنگی جیهانی یەکەمیان تێدابوو کە لە کتێبەکەی (پیادە لە هێرشدا) بەکارهێنرابوون. سندووقێکی دیکە کامیرە و دوازدە پارچەی دیکەی تێدابوو کە باوکم بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنان وێڕای سێ هەزار وێنە کە باوکم بە دەستی خۆی گرتبوونی و زۆر شانازی پێوە دەکردن. یەکیانم لەبیرە کە تێدا پیادەی ئۆسترالی دیار دەخست لە کاتی هێرشدا. هەروەها چەند هەزار وێنەیەکی تێدابوو کە باوکم لە ڕیپۆرت و لە سەربازەکانی کۆ کردبۆوە لە نێوان ١٩٤٠– ١٩٤٤ کە هەندێکیان تێبینییان لەسەردا تۆمار کرابوو.

سندووقی کاغەزەکانی کە لەلای پوورم لە وێرانگەکانی شتووتگارت هەڵگیرابوون هەموو ڕزگار کران. ئەوجار دایکم توانی بژارێک لە نێوان دەفتەر و پەڕاوگەی باوکمدا بکات. ئەو سندووقەی کە لە باخچەکەی هێرلینگن شاردرابۆوە دەرهێنرایەوە و بۆ جێگەیەکی دیکە. هەروەها سندووقەکەی باخچەکەی خۆمان، پاش ئەوەی مەغریبییەکان چۆڵیان کرد، ئەمەش وەرگیرایەوە.

کە دایکم بیستی دەسگاکانی پاکسازی نازییەکان (Denazification) خەریکن باوکم تۆمەتبار بکەن، هەستا سەر لەنوێ شمەکەکانی شاردەوە. بەڵام خۆشبەختانە هیچ لەم هەوڵانە کاریگەر نەبوون.

هاندانی بریگادێر یۆنگ و کاپتن لیدل هارت، وای لە من کرد خەریک بم نووسینەکانی باوکم کۆ بکەمەوە. خۆ دەکرا هەر تەرجەمەیەکیان بکەین و نامەکانی بکرێن بە پەراوێز بۆ یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی بەو جۆرەی کە بریگاردێر یۆنگ دایڕێشت و کە لەو کاتە گەیشتبوونە دەسگاکانی بڵاوکردنەوە.

جەنەراڵ شپیدل، پێی داگرت کە نامە تایبەتییەکان لەلای دایکم بمێنن. هەروەها بریگادێر یۆنگ هەوڵێکی لەگەڵ واشینگتۆن دا کەوا پەڕاوگەکە بگەڕێننەوە. لە کۆتاییدا پاش کۆمەڵێک هەوڵی کاپتن لیدل هارت، نامەکان لە لایەن کۆلۆنێل نۆرۆکی Nawrocky، نوێنەری تیپی ئەمەریکی تایبەت بە مێژوو Historical Devission America درانەوە دەست جەنەڕاڵ شپیدل. بە گەڕاندنەوەی ئەم بەشانە هەستمان کرد کە توانیمانە پەڕاوگەی باوکم بپارێزین. ئەو بەشانەی کە فەوتان هەندێکیان باوکم فەوتاندنی بۆ پاراستنی خۆی، بەشەکەی دیکەش ئەنجامێکی ئاسایی بوو بۆ سەردەمی کۆتایی جەنگەکە.



# تێبینیی بۆ خوێنەری کورد

بە قەڵەمی: محمد مسعود محمد

لە قۆناغی هەرزەکاریدا برادەرەکانم هۆگری پێلێ و حوسێن سەعید و تیپی Bony M بوون کەچی من هۆگری ڕۆمل و هانیبال و گاندی و ئەو تەرزە پیاوانە بووم. برادەرەکانم دەیانگوت "پێلێ ئەوەندە گۆڵەی کردووە" کەچی من دەمگوت "ڕۆمل لە یەک هێرشدا ئەوەندە هەزار ئەسیرەی گرتووە" برادەرەکان بێزار دەبوون دەیانگوت "دیسان باسی ڕۆملی کردەوە" تەنانەت یەکێک لە برادەرەکان، ڕەشتاڵەیەکی خەڵکی باشوور بوو بە گاڵتە پێمان دەگوت (حەمەڕەش) لەسایەی ئەو گاڵتەبازییەدا چووبوو لەسەر دیواری ماڵەکەمان، لە بەغدا، نووسبووی (غاندی هانیبال ڕۆمل...) ئیتر ناوی ڕۆمل لەوێ مایەوە و بە بۆیاغیش ڕەش نەدەبۆوە.. مەبەست ئەوەیە کە من لەمێژە خولیای کەسایەتی ڕۆملم جا کە ئەم کتێبە بە نرخە کەوتە بەر دەستم، بوێرم نەدا کە لە یەکەم دەرفەت بە خوێنەرانی کورد بگات.

باوەڕ ناکەم چینێکی ڕۆشنبیر لە سەرتاسەری جیهان هەبێت ئەگەر ناوی ڕۆملیان نەبیستبێت وەک نموونەیەک بۆ مەردایەتی، نیشتیمانپەروەری، زیرەکایەتی و نەوژەنی و، جا بڵێم چی؟.. دەیان کتێب بە هەموو زمانەکانی جیهان دەربارەی جەنگی ئەفریقیا بەگشتی و ڕۆمل بە تایبەتی بڵاو کراونەوە تەنیا کتێبخانەی کوردی نەبێت.. هەروەها مشتومڕێکی زۆر لەسەر ڕۆمل و شەڕ و تاکتیکەکانی کراوە، جا لەم کتێبەدا لیدل هارت، ناودارترین شیتەڵکاری بەریتانی بووە لە سەدەی بیستەم، وەک بڵێی ویستوویەتی بنج و بناوانی ئەفسانەی ڕۆمل بە خوێنەران بگەیێنێت بۆ ئەوەی کەس لەخۆڕا قسە هەڵ نەبەستێ.

هەموو ناوی ستالینگرادمان بیستبوو، بەڵام گەنجی کورد بەدەگمەن شەڕەکەی عەلەمێنی بیستبوو، عەلەمێن کە یەکێک بوو لە خاڵەکانی وەرچەرخان لە جەنگی

جیهانیی دووەم و لە ڕاڕەوی مێژووشدا. ئەوسا ڕەوتێک لە خاوەری ناوەڕاستدا پەرەی ستاندبوو بەلای ئەڵمانیادا دژبە ئینگلیز. بۆ نموونە جموجۆڵەکانی شا غازیی عێراق و بزاڤی ڕەشید عالی گەیلانی لە ١٩٤١ بەشێک بوو لەم ڕەوتە. تورکیاش هەندەی نەمابوو بڕیارێک بدات کە لە تۆڵەی جەنگی یەکەمدا دژبە رووس و یۆنان ڕەگەڵ ئەڵمانیا بکەوێت. ڕەزا شای ئێرانیش خولیای بانگەشەی ئاریانیزم و ئەڵمان ببوو و مەسەلەکە لە زۆر لاوە دژی بەریتانیا تەشەنەی دەکرد.. بەڵام لە ڕاستیدا عەلەمێن بوو بە ڕاددەی یەکەم، ئینجا ستالینگراد، کە سنووریان بۆ ئەو ڕەوتانە کێشا.

شایانی گوتنە کە هەمان ڕەوت لەنێو کوردیشدا ماوەیەک پەرەی ستاند. کێ لە گەنجەکان ناوی ڕەمزی نافیعی بیستووە کە بە پەڕەشووت لە دەشتی هەولێر دابەزی بەنیازی ئەوەی بزاڤێکی دژبە ئینگلیز لەنێو کورد هەڵگیرسێنێت و. کێ ناوی (ئەڵمان کوردی) بیستووە کە لە شارۆچکەی کۆیە پەیدا ببوو بانگەشەی بۆ ئەڵمان دەکرد. تەنانەت لە باوکم بیستووە باسی ناسیارێکی خۆی دەکرد کە ئەوسا پڕ بەدەم دەیگوت " کە گوللەیەک بۆ سەربازێکی ئەڵمان دەچێت، پڕ بە دڵ حەز دەکەم بە کوڕێکی من بکەوێ نەک بە ئەڵمانەکە". سەیری ئەم نیگبەتییە دەروونییە و ئینتیمایە لاوازەی کورد بکەن!.

تەبەعییەتی دەروونی و شاگەشکەیی بۆ (گڵی دوور) لە نێو کورد و گەلانی ژێردەستەدا ڕەگێکی قووڵی هەیە بەڵام با کەس وا نەزانێ ئەگەر ڕۆمل سەرکەوتبایە ئێستا زێڕ دەباری و گورگ و مەر پێکەوە ئاویان دەخواردەوە و ئەم جۆرە قسانە. بەڵێ گۆڕانکاریی دەبوو بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ڕۆمل لە پێناو ئەڵمانیادا دەکۆشا. وە ئەگەر ڕۆمل گەیشتبایە ئێرە، هەڵبەت تورک و عەرەب دەبوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا. بەسیەتی کە فەڵەستینی (لە ڕقی جوولەکە) و عیراقی (لە ڕقی بەریتانیا) خۆیان گەیاندبووە لای هیتلەر و ئێزگەیەکی عەرەبی لە بەرلین دامەزرابوو و. بەسیەتی کە یوونس بەحری، دامەزرێنەر و بێژەری ئێزگە، بە شانازییەوە قسەیەکی هیتلەری دووبارە دەکردەوە کە ناوی لە عیراق نابوو (پرووسیای عەرەب).. مەبەستم ئەوەیە کە ڕێگە بە خەیاڵاتی نابەجێ نەدرێت و دەبێ گومان نەمێنێ کە





دەسکەوتەکانی هەر نەتەوەیەک بە تێکۆشانی خۆیانەوە دێنە دی نەک لەسایەی لەشکرێکی لابەلادا کە ئەمڕۆ لێرەیە و سبەینێ دەگوێزرێتەوە بۆ دوورگەکانی واق واق!!. با بگەڕێینەوە سەر باسی ڕۆمل.

کتێبی دیکە زۆرن دەربارەی جەنگی ئەفریقیا بەگشتی و ڕۆمل بە تایبەتی. کتێب هەیە تەنیا باسی ژیاننامەی ڕۆمل دەکەن، کتێبی دیکە هەیە تەنیا بۆ شەڕێک لە شەڕەکانی ڕۆمل تەرخان کراون. بۆنموونە داستانەکەی بیرحەکیم یاخود حەشرەکەی عەلەمێن، کتێبێکی نایاب هەیە بەناوی (ڕێوییەکانی بیابان، ثعالب الصحراء) تیشکێکی زۆر دەخاتە سەر نوکتە و ڕووداوە سەیرەکانی جەنگەی ئەفریقیا. ئیتر هەموویان لە دەیان ساڵەوە بۆ هەموو زمانەکان تەرجومە کراون کەچی زۆربەی کورد ڕەنگە تا ئێستا نە ڕۆمل و نە عەلەمێنی بیستووە و ڕۆشنبیرەکان هەر خەریکی ستالینگراد بوونە. تەنانەت لەوێشدا باسی تاکتیک و هونەری جەنگ بۆ گەنجەکان ناکەن بەڵکو خەریکی دەقی دووبارەکراوی عەقیدە دەبن هەمووش بە شێوازی دەرخ و تێپەستان و میشک شوشتنەوە و قەدەغە کردنی هەر ڕوانگە و ئاسۆیەکی جودا.

بەبۆنەی ناوهێنانی (ڕێوییەکانی بیابان) دەبێ بزانین کە بە ڕۆمل گوتراوە (ریویی بیابان) ئەمەش سووکایەتی نەبووە چونکە بە بەریتانییەکان گوتراوە (مشکی بیابان). شایانی گوتنیشە کە ئەو هێزە بەریتانییانەی کە لە ١٩٩١ لە جەنگی کوێت بەشداربوون بەخۆیان دەگوت (مشکەکانی بیابان) چونکە هێشتا شانازی بەوە دەکەن کە لەکاتی خۆیدا بەرەنگاری ڕۆمل بوونەتەوە. تەنانەت ئەم ناوە کاری واتاییان لەسەر سوپای عیراق و خودی سەددام حوسێن کرد. ڕادیۆکانی بەشی عەرەبی لە BBC و VOA زۆر بە گەورەکردنەوە باسی (حرب الصحراء و جرذان الصحراء) و ئەم قسانەیان دووبارە دەکردەوە و، وابزانم سەددام حوسێن پێی شاگەشکە ببوو گوایە خۆی و سوپاکەی گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە بەچەشنی ڕۆمل باس بکرێن تەنانەت پێش هێرشی هاوپەیمانەکان لە تەلەفزیۆندا باسی (حرب الصحراء) و ئەم جۆرە قسانەی کرد.

بەڵام وابزانم سەددام و سوپای عیراقی بەگشتی تا دوارۆژیان لە سنووری شەڕی

ستاتیک (شەڕی خەندەک و هێڵی بەرگری) و شەڕی وەکو ستالینگراد (پاڵەپەستۆی کوێرانە) تێنەپەڕاند. پاشان ڕۆمل لە کاتێکدا بایەخی بە شەڕە تانک داوە کە هێزی ئاسمانی هەندە گەورە نەبووە دەنا لە ١٩٤٣ بەرەو سەر کە وای لێ هات پۆلە فڕۆکی هاوپەیمانەکان دەستیان بگاتە هەموو شوێنێک و تەنگیان بە تیپە زرێپۆشەکان هەڵدەچنی، ئیتر تێگەیشت کە زەمان گۆڕا و کاتی ئەوە هاتووە ئەڵمانیا سەرتاسەری تاکتیکی خۆی بگۆڕێت و لەباتی ئەوەی لە هەیڤێکدا ١٠٠ تانک دروست بکەن دەتوانن ١٠٠٠ تۆپی دژەتانک و دژەفڕۆک دروست بکەن.

بەڕاستی سەیرە! ڕۆمل و گودەریان و وەلاشەکانیان بە چەند هەفتەیەک تێکڕای فەرەنسایان ڕاماڵی کەچی هەندێک فەرماندەی کۆنەپەرست هاواریان لێ هەستابوو کە "نابێ چۆن دەبێ، ڕاوەستن،،،، "بەڵام لە پاش ١٩٤٣ کۆنەپەرستەکان دیسان دژی بۆچوونە نەوژەنەکانی ڕۆمل وەستان و پێیان داگرت، بەڕەوتێکی پێچەوانە، کە دەبێ لەشکرە ئەڵمانییەکان لەسەر تاکتیکی شەڕە تانک بەردەوام بن. بڵێین ئەدی بۆچی لەکاتی خۆیدا هەندە دژایەتیی شەڕی مۆبایڵتان دەکرد؟.. خۆی دواکەوتوویی لەوە دایە کە تۆ یەک هەنگاو لەدواوە بی. جا لەمەڕ ئەم عەقڵییەتەدا پێی ناوێ کورد بیر لە تۆپو تانک و لە عەقڵییەتی سیاسی و سەربازیی خۆمان بکەینەوە کە چەند دواکەوتووین. با تەنیا سەیری مەنهەجەکانی خوێندنی منداڵەکانمان بکەین چۆن قالبیان بەستووە و مێشکی گەنجەکانیش لەگەڵیاندا فێرە دەرخکردن بوونە و، ئەگەر یەک نۆژەن هەبێت دەیان کۆنەپەرست بەگژیدا دەچنەوە.

بەهەر حاڵ، ڕۆمل لە کاتی خۆیدا وەکو ئەفسانەیەکی لێ هاتبوو و تەنیا کە ناوی دەهات ورەی بەریتانییەکان دادەبەزی بە ڕاددەیەک کە فەرماندە بەرزەکانی بەریتانی ڕێنماییيان دا کە بەهیچ شێوە باسی ڕۆمل نەکرێت. گوتیان با بڵێین (دوژمن) یاخود (ئەڵمان)، هەرچی دەیڵێین با بیڵێین تەنیا وشەی "ڕۆمل" بەکارنەیەت. پاڵەوانێتی و موغامەراتی سەیر لەو بیابانانەی لیبیا و میسرِ ڕوویان داوە. فەرماندە و سەرلەشکر ڕێیان بزر دەکرد و دەچوونە نێو دوژمن، هەندێکیان دەگیران و هەندێکیان بە چ حاڵێک ڕزگار دەبوون، یەک لەمانە خودی ڕۆمل.

باوەڕم وایە ئەگەر ڕۆمل بەریتانی بایە یان ئەمەریکی ئێستا وەکو ڕۆبن هوود



دەیان فیلمیان بۆ دەردەهێنا. سەرنج بدەن کە تا ئێستا فیلمە جەنگییەکانی بەریتانی و ئەمەریکی هەندە خۆیان لە ڕۆمل و جەنگی ئەفریقیا نادەن. بۆنموونە جۆرەها فیلمی ئەمەریکی دەرهێنراون بۆ پینەکردنی شکستەکەی ڤێتنام. کەچی بەرانبەر ڕۆمل، ئەگەرچی بەزاندیان بەڵام ناتوانن هەندە شانازی بەو سەرکەوتنە بکەن. بڵێین چی؟ بڵێین کە بە دەیان هەزار تانک و زرێپۆش و فڕۆک و پاپۆڕی هەرە گەورەی بەریتانی و ئەمەریکی نەیانتوانی پەنجا پانزەرەکەی ڕۆمل دەستبەسەر بکەن و ئەگەر یەک تانکی ڕۆملیان وێران کردبێت، دوو هەندە و چوار هەندە و دە هەندە زیانی بەوان گەیاندووە؟

زۆربەی سەرتیپ و سەر لەشکرەکانی هاوپەیمانەکان لێیان ببوو بە مەراق کە کێ دەتوانێ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕۆمل بکات. لەم ساڵانەی دواییدا فیلمێکی هۆلی وود دەرچوو دەربارەی جەنەراڵ پاتۆن، فیلمەکەش بە هەمان ناوە (پاتۆن، Patton) ناوبراو لە جەنەراڵە هەرە چالاکەکانی ئەمەریکا بووە. بە ئاشکرایی باسی دەکات کە پاتۆن مەراقی سەرەکی ئەوەبوو بەرەوڕووی ڕۆمل ببێتەوە. ناوبراو لەپاش شەڕەکەی قەسرێن گەیشتە توونس و دیتی چۆن تیپی ٢١ی پانزەر حەشریان بە لەشکرەکەی کردووە. دواتر کە لەشکری ئەڵمانی و ئیتاڵی لە توونس دەستبەسەر کران، پاتۆن وایزانی ڕۆملی بەزاندووە. بەڵام هەواڵ هات کە ڕۆمل ڕابەرایەتی شەڕەکەی نەکردبوو و ئەسڵەن لە توونس نەمابوو تاکو کەسێک بتوانێ بڵێ "من ڕۆملم بەزاند".. جاری دووەمیش لە نۆرماندی هاوپەیمان دڵەڕاوکەیان بوو کە دیسان بەرەنگاری ڕۆمل دەبنەوە. بەڵام لە بەدبەختی هەموویاندا شانۆگەرییەکە بە هۆی برینداربوونی ڕۆمل و ئینجا بە مەرگی ڕۆمل کۆتایی هات. ئیتر هەر وەکو مەراقێک لە دڵی هەمواندا مایەوە و ناوە بەرزەکەی ڕۆمل بوو بە ئەفسانە.

گەنجینەی واتایی جەنگەکەی ئەفریقیا لەچاو ستالینگراد شتێکی زیندووتر بووە و پتر چووەتە نێو زانستی جەنگ و نێو ئەدەبیاتی جیهانی چونکە جەنگی ڕووسیا ئەگەرچی زۆر گەورەتر و قورستر بوو بەڵام عەقڵ و هەست و تاکتیک و ئەم قسانە لەوێدا شوێنەوارێکی ئەوتۆیان نەبووە بەڵکو یەکێک بووە لە گێژاوە خوێناوییەکانی مێژوو کە ملیۆنەها مرۆڤی قووت دا. لە دەوری ١٥ میلۆن ڕووس و ٥ ملیۆن ئەڵمان

تێدا فەوتان. واتە قەسابخانە و مرۆڤهاڕین بووە و وا نەبێ چاکە و ئاشتی تێدا سەرکەوتبێت، بەڵکو تاکە لایەنی سەرکەوتوو ئەوە بوو کە خوێنڕێژی و چەکپەرستی و ستالینیزم تێدا سەرکەوت و بەردەوام بوو. کەواتە ڕووسیش هەر بە دۆڕاو دەژمێردرێن. ڕاستی ئەوەیە کە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی هەردووک گەلی ڕووس و ئەڵمانی خۆرهەڵات و کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە، خۆشبەختانە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنی کوردی عیراق، لە پاش١٩٩٠ هاتە دی کە لە پاشماوەی ئەو جەنگە خوێناوییە و لە چەنگی ستالینیزم و دیکتاتۆریەتی عەقیدە و لەدەست چەکپەرستی ڕزگار بوون.

ڕەنگە لێرەدا بگوترێ ڕۆملیش چەکپەرست بووە، بەڵام ئەگەر وا بڵێین دەبێ هەموو ئەفسەرێکی ئەم جیهانە بە پیاوکوژ بزانین. پاشان ڕۆمل وەکو پیاوێکی نیشتمانپەروەر لە کاتێکدا شەڕی کردووە کە، بەگوێرەی عەقڵی خۆی، بەرژەوەندی ئەڵمانیای تێدا دیتووە. کەچی کە زانی ئومێدی نەماوە ئەڵمانیا سەرکەوێت یەکسەر بەلای ئاشتیدا شکاندییەوە چونکە جەنگ بۆ خودی جەنگ نییە بەڵکو بۆ ئامانجێکە. ئیتر خۆی و کۆمەڵێک فەرماندەی ڕەسەن و ڕاستبین نیازیان وابوو شەڕی بەرەی فەرەنسا بوەستێنن. ترسی ڕاستەقینەیان لە ستالین بوو کە دەست بەسەر ئەورووپادا بگرێت تەنانەت ڕۆمل بەرەوڕووی هیتلەر ئەم قسانەی کردووە و ژیانی خۆی لەسەر ئەو هەڵوێستە داناوە.

ڕۆمل خۆهەڵکێشانی نەبووە و لێرەدا هەندە باسی سەرکەوتنە مەزنەکانی خۆی ناکا. بۆنموونە چەندە باسی تانکە وێرانکراوەکانی دوژمن دەکات هەندەش باسی ئەوە دەکات کە دوژمن چەند زیرەک بوون توانییان هەندە تانک و هەندە هەزار سەربازەی خۆیان دەرباز بکەن. هەروەها وەکو پسپۆڕێکی سەربازی تیشک دەخاتە سەر هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆی و دوژمن.

ئێمە نرخ و قورسایی ئەو شاکارە سەربازییانە نازانین مەگەر ئەزموونێکی هەمەجۆری خۆمان ڕەنێو بێنینەوە وەکو شەڕی کۆڕێ، ١٩٩١، کە بەهەمووی هەفت تانکی عیراقی بەدەست پێشمەرگەی کوردەوە وێران کران، ئیتر سەددام و لەشکرەکەی بەو هەفت تانکە تاسان و پێشڕەویی سوپای عیراقی بە یەکجاری



وەستا. کەچی لە جەنگی ئەفریقیادا ڕۆمل جارەهای جار ١٠٠ تانک و ٢٠٠ تانک و ٣٠٠ تانکی وێران کردووە و دەیان هەزاران شینە جەنگاوەری گرتووە لە لەشکری گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهانی ئەو سەردەمە، ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، واش هەر زۆر باسیان ناکا. وەک بڵێی داوای لێبووردن دەکات کە "ئاخ دەبایە ڕێ نەدەم تاکە کەسێکیان دەرچێت" برام، تۆ سەیری ئەم ئەخلاقە بکە!!. هەروەها وەک چۆن لیدڵ هارت، کە سەربازێکی بەریتانییە، تیشک دەخاتە سەر سەرکەوتنەکان و لایەنە باشەکانی لەشکری پانزەر، ڕۆمل بەبێ ئەوەی بزانێ کە لە دواڕۆژدا کابرایەکی بەریتانی دێ نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە، باسی لایەنە باشەکانی دوژمنی خۆی کردووە. بۆچی؟، بۆ ئەوەی ئەڵمان لێیان فێر بن.

لەمەڕ ئەم خاڵە ئەخلاقییەدا چارم ناچارە کە نوقورچێک لە عەقڵییەتی (خۆمان) بدەم چونکە ئێمە بە پێچەوانەی ڕۆمل و لیدل هارت هەر خەریک دەبین سووکایەتی بە یەکتر و بەهەموو دەوروبەر بکەین. کتێب و ڕۆژنامە کوردییەکان پڕ دەکەین بە قسەی وەک "تورکیا دوو ڕۆژی ماوە بڕمێت و، ئێران لە ئەمەریکا دەترسێت و عەرەب هەستانەوەیان نەما و... هتد" بەڵام نازانم ئایا لە یەکەم تەقەدا چەند هەزار کورد چەند هەزار کیلۆمەتر هەڵدێن؟.. دیارە نیازمان نییە عەقڵییەتمان بگۆڕین چونکە من لە خزمەکانم بیستووە کە لەشکری بەریتانی گەیشتوونەتە کوردستان (سەرەتای سەدەی بیستەم) کورد سووکایەتییان بە ئینگلیز کردووە گوتوویانە "پف، ئەوانە لینگیان ڕووتە و پاشاکەیان ناوی جورجە (شا جۆرج!) جا توخوا ئەوانە کەی پیاون؟" جا وەرە خۆت مەکوژە. برام، هەر ئەو لینگ ڕووتە (نا پیاوانە) بوون کە بە هەزار حاڵ پێیان کرا سەربازە هیندییەکان و مەغۆلەکانی خۆیان ڕابگرن تا سەری ئەو ٤٨ چەکدارە کوردە نەبڕن کە تەرمەکانیان لە دەربەندی بازیان بەجێ مابوو. لەوێدا تاکە سەربازێکی (لینگ ڕووت) بریندار نەکرا و نەک دەربەندی بازیان بەڵکو تێکڕای مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید بە چەند کاتژمێرێک ڕووخا و ئەگەر ئەو (لینگڕووتانە) نەبان عیراق بە کورد و عەرەبەوە تا ئێستا لەژێر پۆستاڵی تورکدا دەمایەوە. برام ئێمەی کورد لە مەیدانی سەربازیدا (سەربازی نەک چەقۆ وەشاندن و حیزب و میلیشیا و خۆبەخۆیی و واستەکاری پارە قووتدان و پاڕانەوە و

مەنسوولپەرستی! و دەرخکردنی عقیدە و... هتد) ئێمە لە هەرە دواوەین. بەسیەتی بڵێم کە کورد لە دەشتی ئاواڵەدا هەرگیز خۆی ڕانەگرتووە و کامەی بەخۆی دەڵێ عەنتەری ئاخیرزەمان، پێی دەڵێم "با لەشکری ئەمەریکی لە عێراق بکشێتەوە، ئەوسا دەتبینم".

دووڕوویی و (انفصام) سەری دەیان وڵاتی خواردووە و ئێمە دیتمان چۆن ڕۆمل و فەرماندە ڕەسەنەکانی سوپای ئەڵمانی هاواریان دەکرد کە ئەڵمانیا بەرەو کاولبوون دەچێ، کەچی حیزبییەکانی وەکو گۆبلز و گۆرینگ و هیملەر دەهاتن هەندێک قسەیان دەڕازاندەوە بەناوی "حیزب و خەبات و خەمتان نەبێ هەر ئێستا سەردەکەوین و..." ئیتر هەر کەسێک قسەی ڕاستی کردبایە (فت) دەکرا. ڕۆمل لەم کتێبەدا قسەیەکی کردووە دەبێ بە زێڕ تۆمار بکرێت، کە باسی حاڵەتی بڵاوبوونەوەی نیفاق و دووڕوویی دەکات دەڵێ "فەرماندەکان تەنیا لەوە ئازا دەبن قسەی ئێرە ببەن بۆ ئەوێ و ئۆباڵەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە کەچی پیاوی ئیشکەر بە پەککەوتوویی فڕێ دەدرێن".. بە ڕای من ئەمە گرینگترین پێوەرە بۆ مەزەندەکردنی هەر کۆمەڵگەیەک. گەل، حیزب، کۆمەڵگە، شار هۆز... هتد، کە هەندە نەفام بێت ڕێگە بۆ دووڕوویی و قسەی ڕازاوە و خۆهەڵکێشان خۆش بکات ئیتر دەستی لێ بشۆ.

لەم کتێبەدا دوو نموونەمان دیت. ڕۆمل و مرۆڤی سوپایی، گۆرینگ و مرۆڤی حیزبی. ڕۆمل لە بارەگای مۆسۆلینی و هیتلەردا بۆ هەندێک جبەخانە و ئازووقە دەینەڕاند بەڵام کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە. کەچی گۆرینگێکی فشەکەر بە دوو قسەی لووس توانی لەشکرێکی سەرلەبەر بگوێزێتەوە بۆ توونس و ناوی لێ نا "لەشکری گۆرینگ" تەنیا بۆ سینگ دەرپەڕاندنی خۆی. خۆ ئەگەر ئەو تیپە پانزەرانە درابانە دەست ڕۆمل، دوور نەبوو ئەڵمانیا سەرتاپای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگرێت و بە باشووری قەفقاسدا بۆ ڕووسەکان بسوورێتەوە و ڕاڕەوی مێژوو بەرەو لایەکی جودا بڕوات.

کەسانی وەکو گۆرینگ و هیملەر و ئەو داردەستانەی وەکو عەلی حەسەن مەجید کە سەرۆکەکانیان بەرەو خوێنڕێژی و تاکڕەوی هان دەدەن لە خودی دیکتاتۆرەکان تاوانبارترن. بۆنموونە هیتلەر ویستوویەتی ڕێگە بە لەشکری شەشەمی ئەڵمانی بدات



لە ستالینگراد بکشێنەوە، کەچی گۆرینگ بە خەندەیەکی سووکایەتی بەخشەوە، ئینگلیز گوتەنی Cynical، بە هیتلەری گوتووە "ناکا بڵێی دەترسم" سواربوون عەیبێکە، دابەزین دوو عەیب. ئیتر هیتلەر شەرمی کردووە و فەرمانێکی شێتانەی داوە کە لەشکری شەشەم یەک بست لە ستالینگراد نەکشێتەوە تا ئەو کارەساتەی بەسەردا هات.

ڕۆملێکی سوپاپەروەر لەمەڕ کەسانی حیزبی وەکو گۆرینگ و لەمەڕ هەموو جۆرێک لیوای تایبەت و هێزەکانی SS ئەو جۆرە ڕەوتانەی ئەوسا هەڵوێستێکی ڕۆنی هەبوو کە هەمووی بە شتی نارەسەن و نارەوای دەزانین. خۆ ئەگەر ڕۆمل لە ستالینگراد بایە ئەوسا یان ئەوەتا لەوێ گیر نەدەبوو، یان ئەوەتا لەشکری دەکێشاوە بۆ جێگایەکی قایمتر مەرج ئەوەیە کە بەهیچ شێوە ڕێگەی نەدەدا سوپای سوور بەپشتیدا بسوورێنەوە بە بەڵگەی کە ڕۆمل لە ئاگربارانی عەلەمێندا پێش ستالینگراد تووشی هەمان هەڵوێست بوو بەڵام فەرمانی هیتلەری پێشێل کرد و هێزەکانی کشاندەوە. تەنانەت پەشێمانی دیارخست کە دەبایە زووتریش بکشێتەوە. برام، جەنگ زانستێکی زەمینییە نەک سینگ دەرپەڕاندن و قسەی قەبە.

خاڵێک هەیە مەراقمە تیشکی بخەمە سەر. لە میانی ئەم کتێبەدا هەستمان کرد کە ئیتاڵییەکان لەچاو ئینگلیز و ئەڵماندا ترسنۆک و دووڕوو بوونە. جا ڕەنگە زۆربەی خوێنەران مەسەلەکە بدەنەوە پاڵ نەبوونی بیر و باوەڕی سیاسی و ناحەزیی ئیتاڵییەکان بەرانبەر ڕژێمی مۆسۆلینی و ئەم قسانە. بەڵام مەسەلەکە وا نییە و بەدەردی دەڵێن (هەتا گندۆر گندۆر بوو..." مۆسۆلینییان دەپەرست. پاشان ئیتاڵی پێش ئەو جەنگ و پاشی ئەو جەنگە هەمیشە ئەوها بوونە. بۆ نموونە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەوسا دژی ئەڵمانیا بوون و نە مۆسۆلینی لە گۆڕێ بوو نە فاشیزم، واش هەر ڕۆمل ئەفسەرێکی گەنج بوو ئاماژەیان بۆ دەکات کە لەوساکەشدا هەر بێ کەڵک بوونە.. تەنانەت لە سەرەتای جەنگی کوێتدا ئێزگەکان باسی شەش فڕۆکی ئیتاڵییان کرد، دوویان تێک چوون و دووی دیکە وابزانم کەوتن و دوویان هەڵاتن. ئایا مەسەلە چییە؟

هۆیەکە بە ڕای من ئەوەیە کە ئیتاڵی خۆییاتی و ناوچەگەرییەکی تیژیان هەیە.

خەڵکی هەر شارێک نەفرەت لە خەڵکی شارەکانی دیکە دەکەن. ئەو ئەفسەرەی کە فەرمانی هێرشیان پێ دەدات ئەگەر "لە خۆیان" نەبێت ئیتر بە نیمچە بێگانەی دەزانن. باوەڕم وایە کە کورد ئاسا بەیەکتریان دەگوت "کوڕە بۆ کێی دەکەی، واز بێنە هەمووی فشەیە".. ئیتر دەبینین چۆن ڕۆمل و ئەفسەرە ئەڵمانەکان داد و بێ دادیان بوو لەدەست دووڕوویی ئیتاڵییەکان و هەر خودا دەزانێ یەکی وەکو مارشاڵ کاڤالێرۆ، کە ڕۆمل زۆر باسی کرد، چ مافیایەکی لە بەشی میرە ئاخنیبوو؟

ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەردووکیان وەکو کوردستان بریتی بوون لە کۆمەڵێک میرنشینی بەچەشنی میرنشینییە کوردەکانی وەک ئەردەڵان و بابان و سۆران و بۆتان و، هتد. تەنیا لە سەدەی هەژدەمدا بوون بە دەوڵەتی یەکگرتوو. ڕووحیەتی سوپاپەروەر و یەکگرتووی ڕۆمانی ئەگەرچی لەکاتی خۆیدا لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا بەڵام دین ئەم ڕوحییەتەی ڕامالی.. کەچی ئەڵمان لەسایەی دیندا یەکتریان نەگرت بەڵکو لەسایەی بنەماڵەیەکی شاهانە و چینێکی سوپاپەروەردا، بەتایبەتی لە هەرێمی پرووسیا کە دەشێ بگوترێ ڕەسەنترین سیستەمی سەربازی بوون لەم جیهانەدا. بەبۆنەی کە پرووسیا ناوی دێت، ئەم نەخشە دیاری دەخات. کە پرووسیا کوێیە و کە ئەڵمانیا بەگشتی چەند زیانی کرد لە سایەی هیتلەردا.

با باسی یەک نموونە بکەم لە جیاوازی نێوان میلیشیا و سوپای ڕەسەن. جەنگی سەربەخۆیی ئەمەریکا دژی لەشکری بەریتانی کە لە ١٧٨٠کان دەستی پێ کرد. ئەمەریکییەکان چەک و چەکدارێکی زۆریان هەبوو بەڵام هەموو میلیشیا بوون، ئەمڕۆ شەڕیان دەکرد و سبەینێ دەیانگوت "هەڵێ هات". ئەمەریکی بەم حاڵە مانەوە تاکو یەک ئەفسەری ئەڵمان پەیدا بوو کە جۆرج واشنتۆن ئەرکی ڕێکخستنی میلیشیا ئەمەریکییەکانی پێ دا. ئەو ئەفسەرە، بەداخەوە ناوەکەم لە یاد نەماوە، میلیشیا ئەمەریکییەکانی کردە سوپایەکی نیزامی و لەراستیدا هەندی خودی جۆرج واشنگتۆن کاریگەر بوو.

تۆ بزانە یەک ئەفسەری ڕەسەن چ کارێکی کردووە؟. ئیتر وابزانم ئەم نموونە بەسە تا بزانین سوپاپەروەری چییە و ئەو ناوبانگەی کە ئەڵمان هەیانە کە نەتەوەیەکی ڕەند و ئیشکەرن لە راستیدا پڕیشکێکە لە ڕووحیەتی سوپاپەروەرانەی سەربازی کە



خۆیان و هەموو نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان هەیانە. هەمان ڕەوشتیش بوو وای کرد ئەڵمانیایەکی وێرانکراو بە پێنج ساڵ ئاوەدان بکرێتەوە و پێش خودی فەرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیا بکەوێتەوە. تەنانەت پێشکەوتنی ئەمەریکاش هەر لەسایەی سەری واندا بووە.

بەهەر حاڵ، ڕۆمل لە بنەماڵە سەربازییە ناودارەکانی پروسیا نەبوو بەڵکو خوێندکارێکی یەکەم و پەروەردەیەکی نەوژەنی ئەو کولتوورە سەربازییە بووە کە تێدا بوو بە مامۆستای یەکەم لە هونەری جەنگدا. هەروەها ڕۆمل لە سەردەمی تەنۆلۆجیا ڕاگەیشت، ئیتر وای بۆ نووسرا کە ببێتە نەوژەنێکی کەم وێنە.

من لەکاتی خۆیدا، وەکو هەرزەکارێک کە هۆگری پاڵەوانێکی خەیاڵی خۆی دەبێت، تووشی خەمێکی گەورە هاتم بۆ شکست و بۆ مەرگی ڕۆمل. تەنانەت لێتان ناشارمەوە کە ئەو بەشەم تەرجەمە دەکردەوە کە ڕۆمل مالاوایی کرد، فرمێسکێک خۆی ڕانەگرت و هەر بە یادی جاران لە چاوم هاتە خوار.. بەڵام دواتر گەیشتمە ڕاستییەک کە سەرکەوتن شایستەی تاکە مرۆڤێکی خاوەن هەست و هۆشی زیندوو نییە بەڵکو شایستەی گەلی خاوەن هەست و هۆشی زیندووە، واتە (سووپەرمان) دەرفەتی نییە بتوانێ سووپەرپیپڵ (سووپەر خەڵک) ببەزێنێت.

ئێمە دیتمان چۆن لەشکرەکەی ڕۆمل بە گەلەکۆ هەر جارە بەشێکی بچووکی دوژمنیان وێران دەکرد. بەڵام ئەگەر بە سکێلێکی گەورەتر سەیری دیمەنەکە بکەین، دەبینین گەلانی ئینگلیزی بێژ هەر لە ئەمەریکاوە تا نیووزیلاند و ئۆستراڵیا تا خودی بەریتانیا، لەسەر ئاستێکی نەتەوەیی و جیهانی ئەوهایان دەکرد. واتە هەموو هێزی خۆیان لە یەک خاڵ کۆ دەکردەوە و سەدان هەزار قوربانییان دا بەڵام وازیان نەهێنا تا ڕۆملیان بەزاند.

ئەنگلۆ–ئەمەریکییەکان لە خودی ڕۆمل فێرە تاکتیک بوون و تا ئێستا لاسای دەکەنەوە تا وایان لێ هات تاکتیکی باشتریش پێڕەو بکەن. ئەگەر ڕۆمل تانک و زرێپۆشی بەکار هێنابێت وەکو (دەستێکی درێژ). ئەوان نرخی فڕۆکیان زانی، ئیتر هێزی ئەنگلۆ–ئەمەریکی لە دەریا و لە ئاسماندا تا ئەمڕۆ بەشی هەرە گەورەی ئەم جیهانە کۆنترۆڵ دەکەن. ڕۆملیش هەستێکی تەواوی بەم ڕاستییە کردبوو.. جا ئەگەر

هەر سوێند و تەڵاقمان خواردبێت لاسای کەسێک بکەینەوە، با لاسای لیدل هارت و دەیان نووسەری بەریتانی و ئەمەریکی بکەینەوە. ئەوانە لە کاتێکدا بە شان و باڵای ڕۆملیان هەڵگوتووە کە مەرگی دەیان هەزاران بەریتانی و ئەمریکی لەسەر دەستی ڕۆمل و لەشکرەکەی بووە. واش هەر لیدڵ هارت و هەموو ڕۆشنبیرێکی ئەم جیهانە ڕێز لە ڕۆمل دەگرن و لاسای دەکەنەوە. بۆچی؟ نەک بۆ ئەوەی بەقوربانی (ئەڵمانیا!) بن، بەڵکو بۆ ئەوەی لێی فێر بن بۆ سوودی وڵاتی خۆیان.


خوێنەران بزانن کە ئەم کتێبە تەرجەمەیەکی دەقاودەق نییە، من کورتکردنەوە و ڕێکخستنێکی زۆرم تێدا کردووە بەتایبەتی لەو بەشانەدا کە خودی ڕۆمل نووسیونی چونکە ڕۆمل وەک بڵێی بۆ کەسانێک دەنووسی کە لەگەڵیدا بوون. جا دەبینین لیدل هارت تێبینی و ڕۆنکردنەوەکی زۆری تێ ئاخنیوە و نەخشەی داناوە بۆ ئەوەی خوێنەران تێبگەن. منیش بەهەمان شێوە تێبینی و ڕۆنکردنەوەی ترم نووسیوە و هەندێک نەخشەم لەپاڵ نەخشەکانی لیدل هارت داناوە، هەروەها نەخشەکانی لیدل هارتم گەورە و ساف کرد و هەندێک نووسینی کوردیم تێ هاویشت بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد لە پانایی ڕووداوەکان بگەن. هەروا سەبارەت بە شێوازەکە، ڕۆمل بە ڕاددەی یەکەم ئەفسەر بووە ئینجا نووسەر. شێوازی لە نووسیندا پڕە لە وردەکاری و هەندێک دووبارەکردنەوە و، وا بزانم فریا نەکەوتووە پاکنووسێکی کۆتایی بۆ کتێبەکەی خۆی بکات. جا من زۆربەی قسە دووبارەکانم لاداوە، دەنا ئەسڵە ئینگلیزییەکە بریتییە لە ٥٢٠ لاپەڕی ورد کە دەکاتە٦٠٠- ٧٠٠ لاپەڕی کوردی.

ئینجا مەسەلەی وشە و زمان و زاراوە دێت. وابزانم لێرەدا سوودم لە ڕەوشتی خودی ڕۆمل وەرگرتووە کە (چ پێویستە دەبێ یەکسەر بڕیاری لێ بدەین و بیکەین و ببڕێتەوە) گرینگ ئەوەیە لە ناوەڕۆکی پەڕاوگەی ڕۆمل بخرێتە بەر چاوی خوێنەر.

**تێبینی:** بەشێکی کۆتایی هەبوو نزیکەی ٢٠ لاپەڕێک زۆربەیان قسەی دووبارە بوون تەنیا دوو خاڵی بچووکی تێدابوو کە پێویستە باس بکرێن.

١- لیدل هارت ئاماژە دەکات کە ڕۆمل لە چاپتەری کۆتاییدا مەدحی مارشاڵ کیسلرینگ دەکات. مەسەلەکەش هەر ئەوەندەیە کە ڕۆمل دەڵێ لە بەرەی ئیتالیا






ویستفال و کێسلرینگ شەڕێکی باشیان گێڕا دەنا ڕای بەرانبەر هەڵوێستی کیسلرینگ لە جەنگی ئەفریقیا ناگۆڕێت.

٢- پاراگرافێکی تێدایە ڕۆمل لە کاتی شەڕەکەی عەلەم حەلفا (لە تەمووزی ١٩٤٢) نووسیویەتی دیاری دەخات کە ڕۆمل لەوساوە داینابوو ئەگەر لەشکری هەشتەم هەرەس بێنێت یەکسەر کەناڵی سوێس داگیر بکات. جا بیری لەوە کردبۆوە کە ڕاستەوخۆ لە ڕووبارەکان بپەڕێتەوە، بۆیەش فەرمانی دابوو چەند پانتوونێک (پردی سەفەری) ساز بکرێن.

لەمە زیاتر هیچ شتێکی نوێی تێدا نەبوو بۆیە بەباشم نەزانم سەری خوێنەران پێی قاڵ بێت چونکە ڕۆمل و بایەرلاین و مانفرێدی کوڕی ڕۆمل و خودی لیدل هارت پەرۆشێکی گەورەیان هەبووە هەموو زانیارییەک دەربارەی ڕۆمل بەخوێنەران بگات. منیش بەهەمان هەست و پەرۆش و ئەمانەتەوە ئەم ئاواتەم هێنایە دی.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بە چەشنی رۆمل چەند خاڵێکی (حەق و ڕەق) بۆ خوێنەرانی کورد تۆمار بکەم.

١- هیچ کۆمەڵە خەڵکێک ناتوانن بەخۆیان بڵێن [گەل، حکوومەت، میللەت... هتد] تا ئەو ڕۆژەی کە یەک خاڵ بەدی دەکەن. دەبێ لەهجەو لەهجەبازی نەمێنێت ئەوسا بەچەشنی گەلانی ئینگلیزی بێژ کەس ناڵێ خەڵکی شارەکەی دیکە و ناوچە و لەهجەکەی دیکە [لە خۆمان نین]. ڕەنگە مایەی سەرسوڕمانیش بێت ئەگەر بتوانین موعجیزەی کورد ئەوە بێت یەک شێوەزمان پێڕەو بکەین لە ڕێگەی سەربازییەوە.

٢- تا ئێستا سووکایەتیمان بەشار و شارستانەتی دەکرد. کەچی وەک دەبینین گەلانی شارستانی و پێشکەوتوو ١٠٠ هەندی نەتەوە عەشایەرییەکانیان پێ دەکرێت.

٣- کەس نەڵێ مەردایەتی و دەستپاکیی رۆمل و پیاوەکانی بەفیڕۆ چوون. سەد هەزار جەنگاوەری ڕەسەن کە لە توونس دەست بەسەر کران ئەوانە دواتر گەڕانەوە و ئەڵمانیایان ئاوەدانکردەوە و تا ئێستا نەفەسی پیاوی وەک رۆمل ئەو وڵاتە گەشەی ئەڵمانیا بەڕێوە دەبات. من و تۆش کە سەیارە هەرە باشی ئەڵمانی لێ دەخورین ئەمە لە خێری وڵات پەرستی وەک رۆملن نە حیزب پەرستی وەک هیتلەر. سەیری بکەن خۆی کوشتوویەتی کەچی دەسکە گوڵی بۆ ناردووە.

محمد مسعود محمد
هەولێر - بەهاری ٢٠٠٧



**دەسکەگوڵی هیتلەر بۆ جەنازەی رۆمل**



# پێڕست

پێشەکی. بەقەڵەمی لیدڵ هارت ..... 5

**بەشی یەکەم** - فەرەنسا ١٩٤٠ ..... 15
چاپتەر I - سنوور بەزاندن ..... 17
چاپتەر II ..... 37
چاپتەر III - قەدبڕینی سۆم ..... 49
چاپتەر IV - ڕاونان بەرەو شێربورگ ..... 69

**بەشی دووەم** - جەنگی ئەفریقیا ساڵی یەکەم ..... 83
چاپتەر V - شکستەکەی گرازیانی-هۆکار و ئەنجامەکانی ..... 85
چاپتەر VI - خولی یەکەم . هەڵمەتەکەی ئەفریقیا ..... 93
گەشتێک بە بەرەقەدا ..... 100
دەرسە سەرەتاییەکانی خولی یەکەمی شەڕ ..... 109
هێرش بۆ توبرق ..... 111
شەڕی مۆبایڵ- شەڕی سەنگەر ..... 121
مەیدانەکە ..... 122
چاپتەر VII - هێرشە بەریتانییەکەی هاوینی ١٩٤١ ..... 125
شەڕەکەی سەللووم چاوخشاندنەوەیەک ..... 130
چاپتەر VIII - هەڵمەتەکەی زستانی ١٩٤١- ١٩٤٢ ..... 133
هێرشە بەریتانییەکە ..... 136
شەڕەکەی رۆژی تۆتنزۆن تاگ ..... 139
بەرەو میسر ..... 141
گەڕانەوە بۆ توبرق ..... 144
کشانەوە لە سیرینایکا ..... 149
دژە هێرش ..... 153
شەڕەکانی زستان چاو خشاندنەوەیەک ..... 156

**بەشی سێیەم**- جەنگی ئەفریقیا - ساڵی دووەم ..... 159
چاپتەر IX - توبرق و غەزالە ..... 161
تەرازووی هێزەکان ..... 164
یاساکانی جەنگ لە بیاباندا ..... 165

پەلەی دەست وەشاندن ..... 168

سەرکەوتن لە بیرحەکیم ..... 176

شەڕی دووەمی توبرق ..... 185

گرتنی توبرق ..... 188

چاپتەر X – راونان بۆ نێو میسرِ ..... 193

چاپتەر XI – دەست پێشخەریمان لە دەست چوو ..... 199

پشکنینی عەلەمێن ..... 199

مەیدانەکە دەبێتە شەڕە سەنگەر (شەڕی ستاتیک) ..... 160

چاوخشاندنەوە ..... 211

چاپتەر XII – پێشبڕکێ دژی کات ..... 213

پلان بۆ قەدبڕینێکی تر ..... 216

چاپتەر XIII – یان ئێستا یان هیچ ..... 218

شەڕەکەی عەلەم حەلفا ..... 218

چاپتەر XIV – عەلەمێن– شەڕێکی بێ ئومێد ..... 223

پلانی بەرگری ..... 227

رەشەبای عەلەمێن هەڵی کرد ..... 229

یارد بە یارد ..... 224

یا سەرکەوتن یا مردن ..... 239

چاپتەر XV – عەلەمێن– چاو خشاندنەوەیەک ..... 247

چاپتەر XVI – کشانەوە مەزنەکە ..... 250

چۆڵکردنی سیرینایکا ..... 257

چاپتەر XVII – تاوتوێ لەگەڵ هیتلەر ..... 265

چاپتەر XVIII – گەڕانەوە بۆ توونس ..... 272

بە بیابانی سورتدا ..... 272

پشـــوویەک لە بوێرات ..... 276

چۆڵکردنی تەرابلوس ..... 278

چاپتەر XIX – نێوان دوو ئاگر ..... 285

دیسان بوومەوە بە سەرلەشکر ..... 293

کۆتایی لە ئەفریقیا ..... 298

**بەشی چوارەم** – جەنگی ئیتاڵیا ..... 305

چاپتەر xx ئیتاڵیا ١٩٤٣ ..... 307





**بەشی پێنجەم** – نۆرماندی ..... 319

چاپتەر XXI – هەڵمەتی نۆرماندی ..... 321

هەڵمەتە مەزنەکەی نۆرماندی ..... 332

چاپتەر XXII – دوارۆژەکانی رۆمل ..... 347

**بەشی کۆتایی** – دەفتەرەکانی رۆمل ..... 361

سەر گوزەشتی دەفتەرەکانی رۆمل ..... 363

تێبینیی بۆ خوێنەری کورد – بە قەڵەمی: محمد مسعود محمد ..... 368